
بەرز و پیرۆز بێت رۆژی ئالا و پێشمەرگە
٢٦ی سەرماوەز
ئالاو پێشمەرگە
دوو هێمای نەتەوەیی کوردستان
پێشمەرگە
کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

# پێڕست


**بابەت و نووسراوەکانی سەبارەت بە ڕۆژی ئاڵا .................. لاپەڕی ........... ٧**

١- ئاڵا و سروودی نیشتیمانی ........................................................ ماڵپەری حکومەتی هەرێمی کوردستان

٢- ئاڵا چیه؟ پێویستە هەموو کوردێک بیزانێ ........................................................ شۆڕش ئەسەدزادە

٣- هەر بەرز و شەکاوە بێت ئاڵای پیرۆزی کوردستان ........................................................ ڕەزا شوان

٣- ڕۆژی ئاڵای کوردستان ........................................................ ئا: کاوان ئەحمەد حمە ساڵح هەڵەبجەی

٤- ڕۆژی ئاڵای کوردستان ........................................................ بەکر کەریم حەسەن

٥- ئاڵای کوردستان لە نێو پرسیار و گومانەکاندا؟ ........................................................ درەو میدیا

٦- ئاڵای کوردستان چۆن دروستبوو؟ ئاڵا چییە و چۆن سەریهەڵداوە؟ ........................................ ڕێناس نەورۆزی

٧- ئەمڕۆ ڕۆژی ئاڵای کوردستانە ........................................................ هەرمان خالید

٨- مێژووی ئاڵا و ئاڵای کوردستان ........................................................ ماڵپەڕی وشە

٩- پیرۆزبێت ڕۆژی پێشمەرگە و ڕۆژی ئاڵای کوردستان ........................................................ ڕەزا شوان

١٠- ڕۆژی ئاڵا، ڕۆژی شوناس ........................................................ عەبدوڵڵا بەهرامی

١١- ڕۆژی پێشمەرگە، ڕۆژی هەڵکردنی ئاڵای کوردستان ........................................................ عومەر باڵەکی

١٢- چەند دێڕێک لە بارەی "ئاڵا"ی کوردستانەوە ........................................................ سیروان کاوسی

١٣- ئاڵای کوردستان ڕەمزی هەرمانی نەتەوەی کوردە ........................................................ ئاریتما موحەممەدی

١٤- ئاڵای کوردستان و پێشنیارێک ........................................................ چیا کوردستانی

١٥- با ئاڵای کوردستان هەوێنی یەکبوونمان بێت ........................................................ قادر وریا

١٦- ڕۆژی ئاڵای کوردستان و چەند زانیارییەک ........................................................ ویکیپیدیا

١٧- هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە شاری مەهاباد ........................................ ماڵپەڕی وێنەی کۆماری کوردستان
١٨- هەڵکردنی ئاڵای موقەددەسی کوردوستان لە شاری بۆکان ............................. ماڵپەڕی وێنەی کۆماری کوردستان
٢٠- هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە نەغەدە ........................................ ماڵپەڕی وێنەی کۆماری کوردستان
٢١- ئاڵا وەک سمبولی نیشتمانی بۆ گەلان ........................................................ چنوور جەعفەر
٢٢- ئاڵاکەی دەگاتە نەتەوەیەکگرتووەکان؟ ........................................................ سالار مەحمود
٢٣- ئاڵا پێناسەیە بۆ نەتەوەی کورد ........................................................ سەباح شێخانی
٢٤- ئاڵا وەک سونبول ........................................................ ڕێباز عوسمان
٢٥- ئایا ٢٦ی سەرماوەز رۆژی هەڵکردنی ئاڵای کوردستانە؟ ........................................ حامید درودی
٢٦- خوێندنەوەیەک بۆ هۆگریی خەڵکی رۆژهەڵات بە "پێشمەرگە" و "ئاڵای کوردستان" ........................... قادر وریا
٢٧- ئاڵای پڕ بە باڵای شکۆی نیشتمانێک ........................................................ مەنسوور مروەتی
٢٨- پاشخانی ئاڵا و پێشمەرگە لە میراتی کۆماری کوردستاندا ........................................ عومەر باڵەکی
٢٩- ئاڵا و پێشمەرگە، دووانەیەکی لێک دانەبڕاو ........................................................ هەمزە ئاگوشی
٣٠- بۆ ٢٦ی سەرماوەز "هەر ماڵەو ئاڵایەک" ........................................................ ژیوار رەسووڵی
٣١- ئاڵای کوردستان و سرودی ئەی رەقیب ........................................ ئەحمەد حەمەساڵح مەعروف
٣٢- رۆژی ئاڵای کوردستان ........................................................ د.یوسف محەمەد سادق
٣٣- لەرۆژی هەڵکردنی ئاڵای کوردستاندا ........................................................ رەسوڵ بۆسکێنی
٣٤- دیتنی ئاڵا(هونراوە) ........................................................ مامۆستا قانع
٣٥- سرودێک بۆ ئاڵا ........................................................ خاڵە قازی
٣٦- باڵای ئاڵا ........................................................ بێبەش

## بابەت و نووسراوەکانی سەبارەت بە ڕۆژی پێشمەرگە ........... لاپەڕی ............ ١٢٨

١- قافڵەی خەباتکارانی ڕێی ئەوینی نیشتمان ........................................ کەریم فەرخەپوور
٢- دەقی قسەکانی سکرتێری گشتیی حدک لە ڕێورەسمی ٢٦ی سەرماوەز ................................... کوردستان و کورد
٣- خەڵک و پێشمەرگە دووانەیەکی هەمیشەیی .................................................. برایم چووکەڵی
٤- پێشمەرگە پارێزەری هێما پیرۆزەکان ..................................................... جەمیل سەرمەستی
٥- ٢٦ی سەرماوەز لە پێشمەرگە بە تەمەن و بە ساڵاچووەکان و بە گشتی هەموو لایەک پیرۆز بێ ...............
.................................................................................................. حەمەرەسووڵ کەریمی
٦- لە دایکبوونێکی پیرۆز ...................................................................... نەوید کەرەمی
٧- پێشمەرگە و ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان ............................................................ ڕەفیق میری
٨- پیرۆزییەکانی وڵاتەکەم ...................................................................... سۆران شەمسی
٩- ٢٦ی سەرماوەز ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان ........................................................ مەجید حەقی
١٠- ڕۆژی شازدەی سەرماوەز ڕۆژی کەم ئەندامان و بیست و شەشی سەرماوەز ڕۆژی پێشمەرگەیە ........ هیوا گوڵ محەممەدی
١١- ڕۆژی گەشبینی بە داهاتووی خەباتی شوناسخوازیی کورد ................................................ سمایل بازیار
١٢- ئانتۆلۆژیی پێشمەرگە (پارێزەری ماف و ئازادی نەک کەرەستەی دەسەڵات) ............................ حەسەن شێخانی
١٣- پارێزراویی یاسایی "پێشمەرگە" بە پشتبەستن بە ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان ..................... ئارەزوو نستانی
١٤- سڵاو لە پێشمەرگە و ڕۆژی پێشمەرگە ........................................... عەبدوڵڵا حەسەن زادە
١٥- دیمانە دەگەڵ مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە............................................................ عەلی بداغی
١٦- خەباتی چەکداری: شێوازێکی هەردەم لە ڕۆژەڤ .................................................. ئاسۆ حەسەن زادە
١٧- پێشمەرگە (کەسایەتیی نەتەوەیەک) ................................................................ سمایل شەرەفی
١٨- تنۆکێک لە دەریای فیداکاریی پێشمەرگە ............................................................ عومەر باڵەکی
١٩- ٢٦ی سەرماوەز لە چەند قۆناغی مێژوویی‌دا .......................................................... عومەر باڵەکی
٢٠- پێشمەرگە، دوێنێ و ئەمڕۆ .................................................................. ڕۆژنامەی کوردستان
٢١- پێشمەرگە لە بوونەوە تا پێگەیشتن ........................................ ئارەش لۆرستانی ..... و: ئاڵەشین
٢٢- پێگەو پێناسەی پێشمەرگەی کوردستان .............................................................. ئازاد کەریمی
٢٣- سەبارەت بە ٢٦ی سەرماوە عەبدوولا حیجاب بۆ ڕۆژهەلات تایمز دەدوێ .................................. ئارام قادری

٢٣- دیمانەیەک لەگەڵ هاشم رۆستەمی سەبارەت بە ٢٦ی سەرماوەز ............................................ ئارام قادری
٢٤- پێشمەرگەو رەسالەتی مێژوویی ........................................................................ نەوید کەرەمی
٢٥- قسەکانی خالید عەزیزی سکرتێری گشتیی لە رێورەسمی ٢٦ی سەرماوەز ....................................... گیارەنگ
٢٦- پێشمەرگە، ئەو چەمکەی پێویستە سەرلەنوێ پێناسە بکرێتەوە! ............................................ قادر وریا
٢٧- ژنانی پێشمەرگەو خەباتی نەتەوەیی و یەکسانیخوازانە ............................................ کوێستان فتووحی
٢٨- پێویستیی پێناسەکردنەوەی چەمکی پێشمەرگە و پێشمەرگایەتی ............................................ وریا رەحمانی
٢٩- رێگەی سەختی بەردەم کچانی پێشمەرگە ........................................................ کوێستان فتوحی
٣٠- پێشمەرگە کێیە؟................................................................................... سەلاح شەشە
٣١- بە بۆنەی ٢٦ی سەرماوەز رۆژی پیرۆزی پێشمەرگەی کوردستان .................................. رەحمان ئیبراهیم زادە
٣٢- خەباتی ژن و ناوی پێشمەرگە ................................................................... خونچێ ساڵەپور
٣٣- لە دایکبوونی وشەی پێشمەرگەو دیاریکرانی رۆژی پێشمەرگە................................. مستەفا مەعرووفی
٣٤- ٢٦ی سەرماوەز رۆژی پێشمەرگەی کوردستان ................................................................ کاوە بەهرامی
٣٥- سروشت و سیمای راستەقینەی پێشمەرگە .................................................................. حوسێن نازدار
٣٦- "بۆ ٢٦ی سەرماوەز! ............................................................................ سیامەند شێخ ئاغایی
٣٧- رۆژی ئاڵای کوردستان ........................................................................ د.یوسف محەمەد سادق
٣٨- لەرۆژی هەڵکردنی ئاڵای کوردستاندا ....................................................................... رەسوڵ بۆسکێنی
٣٩- تەواوکردنی بابەتێک ............................................................................. عەبدوڵڵا حەسەنزادە
٤٠- رۆژی پێشمەرگەی کوردستان؛ ٢٦ی سەرماوەز یا ١٥ی رێبەندان؟ ............................................ وریا رەحمانی
٤١- پێشمەرگە، هەر دەبێ پێشمەرگە بمێنێتەوە! ...................................................................... هەیاس کاردۆ
٤٢- ٢٦ی سەرماوەز؛ رۆژی پێشمەرگەی کوردستان یا رۆژی هەڵکردنی ئاڵای کوردستان؟ ..................... پۆڵا نانەوازادە
٤٣- چیتر ٢٦ی سەرماوەز رۆژی پێشمەرگە نەبێ! ........................................................................ هاشم رۆستەمی
٤٤- مەرگی کۆمار و هەڵپەرکێی دێموکراتەکان ........................................................................ هاشم رۆستەمی
٤٥- دوو روانین.......................................................................................... عەبدوڵڵای حەسەنزادە
٤٦- ٢٦ی سەرماوەز رۆژی پێشمەرگەی کوردستان نییە ............................................ عەبدووللا حەسەنزادە
٤٧- با هەموو هەڵەکانی حیزب راست بکەینەوە، نەک تەنیا ٢٦ی سەرماوەز وەک رۆژی پێشمەرگە ............ رەشید قازی
٤٨- ٢٦ی سەرماوەز، رۆژی پێشمەرگەی کوردستانە ........................................................... ئەحمەد مەکلاوەیی
٤٩- رۆژی پێشمەرگە!: ............................................................................ حامید رەشیدی زەرزا

٥٠- کرنۆشێک بۆ پێشمەرگە!. ........................................................................ مەجید حەقی
٥١- پێشمەرگە هیوای ئەویندارا ن و هانای بێئەنوایانە .................................................. ئامانج کردستانی
٥٢- ٢٦ی سەرماوەزمان پیرۆز بێ!. ................................................................. مەلا برایمی مەجیدپور
٥٣- با٢٦ی سەرماوەز بکەینە رۆژی یەک ریزی وخەبات ............................................ فەوزیە مام ئاقایی
٥٤- ئەو دیمەنانەی پێشمەرگە کە ئاوێتەی هەستم بووە ................................................ حەکیم حسین زادە
٥٥- سەرماوەز، ئەو مانگەی کە تێیدا ریز لە رۆژی پێشمەرگەی کوردستان دەگرین ...................... حەتەم جەهانگیری
٥٦- رۆژی پێشمەرگە .................................................................................. ماڵپەڕی ئیندرقاش
٥٧- لە بەرەبەری رۆژی پێشمەرگەی کوردستاندا .......................................................... ئایەت مرادی فەر
٥٨- ٢٦ی سەرماوەز رۆژی پێشمەرگەی کورستان، ............................................................ رەشید ئەحمەدی
٥٩- هۆکارەکانی ناودێرکردنی ٢٦ی سەرماوەز وەکوو رۆژی پێشمەرگە.! ....................................... کەیهان یووسفی
٦٠- ٢٦ی سەرماوەز رۆژی نێودێرکردنی پێشمەرگە! ........................................................... سەعید کوێستانی
٦١- ٢٦ی سەرماوەز، ساڵرۆژی پێشمەرگەی ستان پیرۆز بێت ............................................ مـــەجید کاکەوەیسی
٦٢- ٢٦ی سەرماوەز رۆژی پێشمەرگەی کوردستان .......................................................... سلێمان کەڵەشی
٦٣- چەند قسەیەک لە سەر رۆژی پێشمەرگەی کورستان ...................................................... کاووس عزیزی
٦٤- گوڵبژێک لە هەزاران چالاکی بێ وێنەی هێزی پێشمەرگە ................................. ئامادە کردنی: رەحمان نەقشی
٦٥- هونراوە و سروود بۆ پێشمەرگە ....................................................................... ماڵپەڕی گیارەنگ

# ئاڵا و سروودی نیشتیمانی

## ئاڵای کوردستان

هەموو گەلانی سەر رووی ئەم زەمینە، ئەوانەی سەربەستن یان بە شێوەیەکی فیدرال دەژین خاوەنی ئاڵای خۆیانن، ئاڵای کوردستانیش ئاڵای کوردستانی فیدراڵە و لە تەواوی ئەو ناوچانەی لە ژێر دەسەڵاتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دان، لە داموو دەزگا حکوومییەکان و ئۆرگانە ڕسمییەکان شەکاوەیە.

### وێنەی ئاڵای کوردستان



### پێناسەی ئاڵای نەتەوەیی کوردستان

ئاڵای کوردستان لە سێ ڕەنگ و دروشمێک لە ناوەندی پێکهاتووە.

ڕەنگەکان:


ئاڵای کوردستان لە لاکێشەی ئاسۆیی پێکهاتوە، لاکێشەی سەرەوە رەنگی سوورە، ئەوەی ناوەند ڕنگی سپی یە، و لاکێشەی خوارەوە ڕەنگی سەوزە.

بەرینی ئاڵا دوو لەسەر سێی درێژییەکەیەتی.





**دروشمی نەتەوەیی:**

**دروشمی نەتەوەیی ئاڵای کوردستان خۆری زێڕینە، ئەم خۆرە ٢١ پەڕ (تیشک)ی یەکسان و هاوشێوەی هەیە.**




**بە لەبەرچاوگرتنی دوو لەسەر سێ یەتی قەبارەی ئاڵا، خۆری زێڕین بە پەڕەکانییەوە یەک(١) پێوەرە و بەبێ پەڕەکان نیو (٠.٥) پێوەر، ئەم پەڕانە شێوەیان ڕاستە و لە دەرەوە خالێکی تیژ دروست دەکەن.**




**خۆرەکە دەبێ ڕێک لە چەق (ناوەندی) ئاڵای کورستان جێگیر بێت.**



خۆر بەشێوەیەک جێگیر کراوە کە ستوونی ناوەندی ئالا بە ناو خاڵی تیژی بەرزترین پەڕ(تیشک) تێدەپەڕێت.



**چۆنییەتی پێکهاتەی ڕەنگەکان:**

***ڕنگەکانی ئالای کوردستان بە شێوەی خوارەوەیە:***

* سوور: **PMS 032**
* سەوز: **PMS 354**
* زەرد: **PMS 116**

**PMS= PANTONE Matching System www.pantone.com**

### شێوەکانی بەکار هێنانی ئاڵا:

١- هەڵواسینی بە دارا، پێویستە خۆرەکەی لە هەردوو ڕووەوە دیار بێت.
٢- بەرز کردنەوەی لە باری پانی، ڕەنگی سور لە سەرەوە و ڕەنگی سەوز لە خوارەوە.
٣- بەرز کردنەوەی لە باری درێژی، ڕەنگی سور لە لای چەپ و ڕەنگی سەوز لە لای ڕاست.
٤- لە یەخەدانی وەک ڕۆزێت لە سەر سینگ، لە لای چەپ لە سەر دڵ هەڵ ئەگیرێت.
٥- لە سەر مێز دانانی، پێویستە بە لای چەپدا بشکێتەوە.

### سروودی نشتیمانی:

سروودی ئەی رەقیب کە لە لایەن شاعیری گەورەی کورد، پارێزەر یونس رەئووف ناسراو بە دڵدار لە ساڵی ١٩٤٠ دانراوە، بووەتە بەشێک لە کولتوور و فەرهەنگی میللەتی کورد و جێگەیەکی پیرۆزی لە بزاڤی رزگاریخوازی کوردستان و دڵی جەماوەرەکەیدا هەیە و سیمبۆلی خەبات و بەرخۆدانی گەلەکەمانە و ئاوێتەی بیر و ویژدانی هەموو چین و توێژێکی گەلی کوردستان بووە.

دڵداری شاعیر کە دانەری سروودی (ئەی رەقیب)ە، ناوی تەواوی یونس مەلا رەئوف مەلا مەحمود سەعیدەو لە ٢٠ - ٢ - ١٩١٨ لەشاری کۆیە لەدایکبووە و لە ١٢ - ٧ - ١٩٤٧ دا کۆچی دوایی کردووە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی حکومەتی هەرێمی کوردستان

## ئاڵا چیە؟ پێویستە هەموو کوردێک بیزانێ...




**شۆڕش ئەسەدزادە**

**ئاڵای هەر وڵاتێک ڕەنگدانەوەی مێژوو و کەلتووری ئەو نەتەوەیە.**

ئاڵای کوردستانیش ڕەنگدانەوەی مێژوو و کەلتوورو فەرهەنگ و بنەماکانی نەتەوەی کوردە، چونکە نە ئاڵا بێ نەتەوە دەبێ و نە نەتەوە بێ ئاڵا دەبێ. کە دوو شتن هەرگیز لەیەکتر دانابڕێن، ئاڵا دەبێ گوزارشت لە کەلتوورو مێژووی هەر نەتەوەیەک بکات بۆ ئەوەی لەو ڕێگایەوە ئەو مێژوو و کەلتورەی کە هەیەتی بە هەموو دنیا بناسێنێ و، هەروەها بۆ ئەوەی ئەو مێژوو و کەلتوورە ی بۆ هەمیشە لە یادەوەری نەوەکانی داهاتوودا بە زیندوویی بمێنێتەوە... ئاڵای کوردستان لە ٤ ڕەنگ و لە ٤ بەشی جیا پێک هاتووە:

### ١- ڕەنگی سوور

ئاڵای کوردستان بەڕەنگی سوور دەست پێدەکات، کە گوزارشت لەو گۆمە خوێنە دەکات کە بەبەردەوامی لە جەستەی نەتەوەی چۆڕاوەو دەچۆڕێ. هەر لەو ڕۆژەوەی کە کوردستان کەوتۆتە بەر پەلامارو چەنگی داگیرکەران، میللەتی کورد بۆ ڕزگاری خاک و ئازادی بۆ گەلەکەی لە جەنگدا بووەو لەم پێناوەدا قوربانی زۆری لە خوێنی ڕۆڵەکانی داوە.

### ٢- ڕەنگی سپی

ڕەنگی سپی لەناو ئاڵای کوردستان دا گوزارشت لە ئاشتی و دروشمی ئاشتەوایی میللەتی کورد دەکات. کاتێک کورد کە چوەتە

ناو جەنگەوە، هەرگیز مەبەستیان داگیرکردنی خاکی هیچ وولاتێکی تر نەبووە بەڵکوو بۆ بەرگریکردن بووە لە خاک و ژیانی خۆیان. بەڵگەیش بۆ ئەو ڕاستیە ئەوەیە کە هەموو شەڕەکان لەناو خاکی کوردستان دا ڕوویانداوە، نەک لە دەرەوەی خاکی خۆی چونکە ئەوە نەتەوەکانی دیکە بوون هێرشیان کردۆتە سەرمان و کوردیش بەرەنگاری پیرۆزی لەخۆی و خاک و ژیانی کردووە قەت حەزی لە شەڕو کێشە نەبووە، چونکە خۆی پێ ئاشتی خواز بووەو نیازی شەڕی لەگەڵ نەتەوەکانی تردا نەبووە.

### ٣- ڕەنگی سەوز

ڕەنگی سەوز لەناو ئالای کوردستان دا گوزارشت لە ئاوەدانی و ژیانەوە دەکات، گەر بگەڕێینەوە بۆ مێژووی ئەم نەتەوەیە کە بەر لە دینی ئیسلام نەتەوەی کورد لە پەیڕەوانی ئاینی (زەردوشت) بوون. کە یەکێک لە بنەما سەرەکیەکانی ئەم ئایینە هاندانی مرۆڤەکانە بۆ کار کردن و تێکۆشان لەپێناوی ئاوەدان کردنەوەی جیهان و نوێکردنەوە و گەشەکردنی ژیان. ئەگەر خوێندنەوەیەکی ورد بکەین بۆ ڕەنگەکانی (سوورو سپی و سەوز) ئەم ٣ ڕەنگە پێکەوە واتای ئەوەیە، جەنگ لە پێناوی ئاشتی و ئاشتیش لە پێناوی ئاوەدانی و ژیاندایە. کە هەموویان پێکەوە تەواوکەری هێمای میللەتێکە بۆ ناساندنی لەناو میللەتەکانی تری ئەم جیهانەدا.

### ٤- ڕەنگی زەرد و خۆرەکە

وێنەی خۆری ناو ئالای کوردستان بە ٢١ دانە تیشکەکەیەوە، گوزارشت لە چی دەکات؟ باب و باپیرانی ئێمە پێش دەرکەووتنی ئاینی زەردوشتی، پەیڕەوانی ئاینی (میترایی) بوون هەتا ڕادەی پەرەستن ڕێزو تێکۆشانیان بۆ (خۆر) داناوە، چونکە بە پێی بیروباوەڕی ئەم ئایینە واتە ئاینی (میترایی) خۆر سیمبول و سەرچاوەی پاکی و خاوێنی و بێگەردی و ڕووناکی بووەو هەروەها سەرچاوەیەکی بەهێزی گەرمی و وزە بووە. سەرەڕای ئەوانەش وەکوو خواوەندێکی سەرەکی سەیریان کردووە، کورد پێش لە هێرشی (ئەسکەندەری مەقدوونی) لە ٣٣١ی پێش زایین بۆسەر ئێران و کوردستان و لەناوبردنی زۆربەی زۆری بەشەکانی (ئاوێستا) واتە پەڕتووکی پیرۆزی زەردووشتیان، ئاوێستا لە ٢١ بەش پێک هاتبوو کە ئەو ٢١ بەشەی تیشکی خۆرەکەی ناو ئالای کوردستان گوزارشت لەو ٢١ بەشەی ناو (ئاوێستا) دەکات...

پێویستە لەسەر هەموو کوردێک هێمای ئالاکەی خۆی بزانێ و منداڵەکانی خۆیان فێر بکەن کە ڕەنگی ئالاکەیان بۆ شیبکەنەوە و هەتا بزانن بۆچیەو چیە، کەهیوادارم لە قوتابخانەکان لەپۆلەکانی سەرەتاییەوە فێریان بکەن.

**ئاڵا ناسنامە و مێژوو و زمان و کەلتوورو داب و نەریت و شەرەف و نامووسی ئێمەیە، ئەگەر ئاڵات نەبوو کەس ناتناسێ.**

**هەر شەکاوە بێ ئاڵای پیرۆزی کوردستان...**

**بژی پێشمەرگە پارێزەری ئاڵاکەمان و نەتەوەکەمان...**

**سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٣ی دیسەمبەری ٢٠١٩**

---------------------------------------

## هەر بەرز و شەکاوە بێت ئاڵای پیرۆزی کوردستان



**ڕەزا شوان**

**لە یادی (٧٤)ەمینی ساڵڕۆژی، ڕۆژی هەڵکردنی ئاڵای پیرۆزی کوردستان، جوانترین پیرۆزبایی لە هەموو کوردێکی، کورد و کوردستان پەروەردەکەم لە هەر شوێنێکدابن.**

**مێژووی ئاڵای کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئیمبراتۆرییەتی مادی کوردی، هەر یەکەش لە میرنشینە کوردییەکانمان ئاڵای خۆیان هەبووە. ئاڵای کوردستان تا گەیشتووە بەم شێوەیەی ئەمڕۆ، چەند جارێک گۆڕانکاری لەدیزاین و لە شێوەیدا کراوە، ئەمەش کارێکی ئاساییە و لە زۆربەی ئاڵاکانی گەلان و دەوڵەتانی تریشدا، گۆڕانکارییان لە شێوەی ئاڵاکانیان کردوون.**

هەموو گەلان و دەوڵەتانی سەر روی زەمین خاوەنی ئاڵای تایبەتی خۆیانن، بوونە بە هێما بۆ گەل و وڵاتەکانیان و شانازییان پێوە دەکەن.. ئێمەی کوردیش خاوەنی ئاڵای تایبەتی خۆمانین کە رەنگەکانی لە تایبەتمەندییەکانی کورد و لە سروشتی کوردستانەوە وەرگیراون. هەردەم شانازی پێوە دەکەین و بەرز و پیرۆز رایدەگرین، چونکە ئاڵاکەمان ناسنامەی نەتەوەییمانە و سیمبولی یەکپارچەیی کوردستانمانە.. ئاڵاکەمان هێمای رێز و شکۆداری و سەربەرزیمانە.

لە رۆژی (١٧ی دیسامبەری ١٩٤٥) دا، بە ئامادەبوونی دە هەزار کورد، کە نوێنەری هەر چوار پارچەی کوردستان ئامادەبوون، لەسەر باڵەخانە بەرزەکەیشارەوانی شاری مەهابادی پایتەختی کوردستان، بە ئامادەبوونی پێشەوای نەمرمان قازی محەمەد، لە لایەن پێشمەرگەوە، بە چەپڵە لێدان و هەڵهەڵەلێدان و هوراکێشان و بە چڕینی مارشی نەتەوەییمان "ئەی رەقیب" و سڵاوی ئاڵا.. ئاڵای پیرۆزی کوردستان هەڵکرا.

هەر لە هەمان کاتدا و هەر لەم رۆژەدا بە فەرمی ناوی (پێشمەرگەی کوردستان) راگەیاندرا..لەو رۆژەوە تا ئەمڕۆ پێشمەرگە بوو بە ناوی فەرمی هێزەکانی کوردستان، لە ئەمڕۆشدا ناوی"پێشمەرگە" بووە بە زاراوەیەکی جیهانی و بە هێمایی ئازایەتی و قارەمانێتی و کۆڵنەدان.. هەر لەو رۆژەشەوە، ئاڵای کوردستان و پێشمەرگە بوون بە دوانەیەکی لێکدانەبڕاو.. لە سەنگەرەکانی پێشمەرگەدا ئالای کوردستان دەشەکێتەوە.

ئامادەبووەکانی ئەو رێورەسمە، بە ئەوپەڕی دڵخۆشییەوە باوەشیان بە یەکتریدا کرد و بە گەرمی پیرۆزباییان لە یەکتری کرد.. ئەمەش مانگێک لە پێش راگەیاندنی کۆماری کوردستاندا بوو.. ئەو رۆژە بوو بە مژدە و بە سەرەتایەک بۆ راگەیاندنی (کۆماری کوردستان) لە مەهاباد (٢٢ی یانواری ١٩٤٦ - ١٧ی دێسامبەری ١٩٤٦) راگەیاندرا.

رۆژی هەڵکردنی ئاڵای کوردستان، رۆژێکی گرنگ و پیرۆزە، وەرچەرخانێکی گەورەیە لە مێژووی گەلەکەماندا.. هەموو ساڵێک بە ئەوپەڕی شایستە و رێز و شکۆدارییەوە، یادی ئەم رۆژە پیرۆزدەکەیەینەوە. سوێند و پەیمان و بەڵێنمان تازە دەکەینەوە، کە لەژێر ئاڵای کوردستان دا، سورتر و گڕتربین لە خەبات و تێکۆشان و قوربانیدان، لە پێناوی رزگارکردنی کوردستان لە داگیرکەرانی دڕندە و رەگەزپەرست.. بە یادکردنەوەی (رۆژی ئاڵای کوردستان) ئەو پەیامە بە داگیرکەران و دوژمنانی کورد دەگەیەنین:

کەس نەڵێ کورد مردووە، کورد زیندووە
زیندووە قەت نانەوێ ئاڵاکەمان

لەژێر ئاڵاکەماندا، بە هەزاران جوامێرترین لاومان لە پێناوی کوردستاندا شەهیدبوون.

لە ئەمڕۆشدا، پێشمەرگە دلێر و قارەمانەکانمان، شەرڤانانی پاڵەوانمان، بە رۆح و گیان بەخشینەوە، لەژێر ئاڵای کوردستاندا پارێزگاری لە ناسنامەی نەتەوەییمان و بەرگری لە سنوورەکانی کوردستان دەکەن.. ئەفسانەی داعشی دڕندە و تیرۆریستیان تێکشاندن. پێشمەرگە و شەڕڤانان بوونەتە نموونەی قارەمانێتی و کۆڵنەدان و رێز لە جیهاندا.

ئاڵای کوردستان ئاڵای هیچ پارتییەکی کوردستانی نییە بەڵکو ئاڵای هەموو کوردستانە. لە رۆژی (١١ - ١١ - ١٩٩٩) دا، پەرلەمانی باشووری کوردستان، بە تێکڕای دەنگەکان، ئەم شێوە ئاڵایەی کوردستانیان پەسەندکرد و بە فەرمی کردیان بە ئاڵای حکوومەتی کوردستان.. لە ئێستادا لە کوردستان و لە دەوڵەتاندا، بە ئاڵای فەرمی کوردستان دەناسرێت.. هەر پەرلەمانی باشوری کوردستان، لە ساڵی (٢٠٠٩) دا، بە کۆی دەنگ بڕیاریان دا کە رۆژی (١٧ی دیسامبەر) ی هەموو ساڵێک بکرێت بە (رۆژی ئاڵای کوردستان) و لەم رۆژەدا، بەم بۆنەیەوە لە هەموو قوتابخانەکان و دامودەزگا فەرمییە حکوومییەکاندا، ئاڵایتازەی کوردستان هەڵبکەن و ئاهەنگی شایستە بگێڕن.

وەزارەتی پەروەردەش بڕیاری ئەوەی دەرکرد، کە بە فەرمی رۆژانی پێنج شەمانی هەموو هەفتەیەک لە سەرجەم قوتابخانەکانی کوردستاندا، پێش دەستکردن بە خوێندن، رێورەسمی هەڵکردن و سڵاوی ئاڵای کوردستان بگێڕن و بەرز و پیرۆز رایبگرن.

لە رۆژی (٢٨ی ئاداری ٢٠١٧) دا، ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک بە کۆی دەنگی ئەندامانی کورد، کە لە زۆرینەی ئەندامانی ئەنجوومەنەکە پێکهاتوون.. بوێرانە بڕیاریان دا، کە بە فەرمی ئاڵای کوردستتان لەسەر قوتابخانەکان و هەموو دامودەزگا فەرمییەکانی پارێزگای کەرکووکی کوردستانیدا، هەڵبکرێت.
لە (٥ی فێبرواری ٢٠١٨) شدا، دادگای فیدراڵی عێراق، بڕیاری ئەوەی دا کە هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە کەرکووکدا، یاساییە.

هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە کەرکووک پەیامێکی تر بوو، بۆ داگیرکەرانی کوردستان کە کەرکووک شارێکی کوردستانییە و هیچ کوردێکی دڵسۆز و کوردستان پەروەر سازش لەسەر کەرکووک ناکات. زووبێت یا درەنگ دەبێت بگەڕێتەوە سەر کوردستان.

ئەم بڕیار و پەیامەیئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک، داخ و کەسەرێکی زۆری خستە دڵی داگیرکەرانی کوردستانەوە،

رقــی رەشـەیان هــەستا، بە گەلەکۆمــەیی و بە زەبەلاحــترین هــێز و بە چــەکی قــورسەوە، لە رۆژی (١٦ی ئۆکتــۆبەری ٢٠١٧)دا پەلامــاری کەرکــووک و قەزای خورماتــوویان دا و داگیریــان کــردن.. چــونکە خۆیــان بێڕەوشــتــن و بێڕێــزن، لە کەرکووکدا بێڕێزییــان بە ئـاڵای کوردستان کرد.

ئاڵای کوردستان، ئەو ئـاڵا پیـرۆزەیە، کە سەرۆکی کۆماری کوردستان، پێشەوا قـازی محەمەدی نەمر، سوێنـدی بە پیـرۆزی خوارد.. بە پیـرۆزی و بەرزیش رایگـرت.

یـادکردنی رۆژی ئــاڵای کوردســتان و پێشـمەرگە..هەڵکردنـی ئـاڵای کوردســتان لە هەمـوو شـوێنێکی کوردســتان دا، ئـەرکی هەمووماندە، گوزارشتە لە هەسـت و خۆشـەویستی و دڵسۆزیمان و هاوبەستەبوونمان بۆ کوردستـانی نیشـتمانی شیرینمان، بـۆ هەڵتەکانــدنی ئـەو سـنووره دەستکردانــەی کە داگـیرکەرانی کوردســتان کێشاویــانــن.. بـۆئەوەش کە ببـین بە نمـوونە بـۆ منداڵەکانمان، تـا چـاو لە ئێمە بکەن. تـا یـادی رۆژی ئـاڵای کوردستان وپێشمەرگە، ببێت بە رۆژێکی هەمیشە پیـرۆز لە کولـتوور و فەرهـەنگی گەلەکەمان.

شاعیری گەورەی گەلەکەمان دکتـۆر (عەبـدوڵڵا پەشێو) دەڵێت:

دۆستەکانم! بـاش بـزانـن
دوژمـنانم! بـاش بـزانـن
چەند بـاوەڕم بە زەردەشت و
بە ئاڤێسـتا و بە خـوا هەیە
هـەزار هێنـدەش
باوەڕم بە هەڵکردنی ئاڵا هەیە

پێویســتە یـادکــردنەوەی رۆژی پێــشمەرگە و رۆژی ئـاڵای کوردســتان.. ببێت بە هــاندەر بــۆ یەکــرێزی و یەکهەڵــوێستی و یەکـدەنگی و یەکـوتـاری و هـاوخەبـاتی گەلەکەمـان. بە کرداری دڵسۆزی خۆمان بۆ کوردستان و بـۆ ئـاڵای پیـرۆزی کوردستان بسەلمێنین.

لەم رۆژی ئاڵای پیرۆزی کوردستان دا، سەری رێز و نەوازش بۆ سەرجەم شەهیدانی نەمری کوردستان دادەنەوێن.
هەر بەرز و شەکاوەبێت ئـاڵای کوردستان.. سیمبول و ناسنامەی کـورد و کـوردستان.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - رێکەوتی: ١٥ی دێسەمبەری ٢٠١٩

## ڕۆژی ئاڵای کوردستان




ئا: کاوان ئەحمەد حمە ساڵح هەڵەبجەی

ئاڵا نیشانە و ناسنامەی نەتەوە و هەبوونی گەلانە، ئەمڕۆ هەموو گەل نەتەوەیەکی خاوەن وڵاتی سەربەخۆ و بێ وڵات خاوەن ئاڵای تایبەت بەخۆیانن، ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و پارت و ڕێکخراوە سیاسیەکانی جیهان و دام و دەزگا فەرهەنگی و ئابوورییەکان و شارەوانییەکان و زانستگاکان و کۆمپانیا بازرگانییەکان و کۆمپانیا تەکنەلۆژیاکان و یانە وەرزشییەکان و فیستیڤاڵ و بۆنە و یادەکانیش خاوەن ئاڵا و نیشانەیەکی تایبەتی خۆیانن.

ئاڵای هەر نەتەوە و وڵاتێک لەگەڵ ئاڵای هەر نەتەوە و وڵاتێکیتر جیاوازە، بەهەمان شێوە ئاڵای ڕێکخراوە و دام و دەزگانیش لەگەڵ یەکتری جیاوازن، هەریەکەیان خاوەن ڕەنگ و شێوە و واتای جیاواز و تایبەت بەخۆیەتی.

واتا و هێمای هەندێک لە ڕەنگە سەرەکییەکانی ئاڵاکان لە لایەن پسپۆڕانی ئاڵاناسی Vexillology بەمجۆرە لێکدراونەتەوە:

ڕەنگی سوور: شۆڕش، خوێن ڕژان لە جەنگ، ئازایی، هێز، یەکسانی.

ڕەنگی زەرد: ڕووناکی، درەوشانەوە، وریایی، ئاگر.

ڕەنگی سپی: ئاشتی، ئارامی، ئاگربەست.

ڕەنگی سەوز: سەوزایی، وڵات، پاراستن، لاوێتی.

ڕەنگی شین: ئاو، ئاوەدانی، دەریا، ئاسمان، ئازادی.

ڕەنگی نارنجی: ئازایی، خۆبەختکردن، قوربانیدان.

ڕەنگی ڕەش: پرسە، مەرگ، نەمری.

### تەمەنی دروستبوونی ئالاَ

تەمەنی دروستبوون و هاتنە کایەی ئالاَ دە گەڕێتەوە بۆ ٤٠٠٠ (چوار هەزار) ساڵ لە مەوبەر، بۆ یەکەمجار ئالاَ لەلایەن ئمپراتۆریەتەکانی سەر خاکی ئێران و میزۆپۆتامیا (کوردستانی ئەمڕۆ) هەڵدراوە، سەرەتا سومەرییەکان و ئاسورییەکان و میدیاکان، هەروەها هاخەمەنیشیەکان و ساسانییەکان و میسرییەکۆنەکان. دواتریش شارنشینە یۆنانییەکان و قەیسەرەکانی ژاپۆن و چین ئالاَیان هەڵداوە.

بەگوێرەی زانستی ئالاَناسی یەکەم ئامانجی دروستکردنی ئالاَ بۆ بانگەوازی و ڕێنماییکردن بووە، یاخود ئالاَکان تەنیا وەک هێمایەک بوون، زۆربەشیان پەیامێک بوون بۆ تاکە کەس یاخود بۆ دەستە و کۆمەڵە کەسێک.

کاتێک ئیمپراتۆریەتە کۆنەکانی جیهان لە کاتی شەڕ و سەرکەوتنەکانیاندا، بەر لە هەموو شتێک ئالاَی دوژمنەکانیان داگرتووە و ئالاَکانی خۆیانیان لە جێگەیدا بەرزکردۆتەوە، بەو واتایە یەکێکیتر لە هێما سەرەتاکانی ئالاَ بۆ نیشاندانی سەرکەوتن هەڵدراوە.

جگە لەوەش ئالاَی هەر ئیمپراتۆریەت و هۆزێک جیابووە، ئالاَی هەر یەکەیان نیشانە و واتایەکی تایبەت بەخۆی تێدابووە و ڕەنگێکی جیاوازبووە.

هەر لە کۆنەوە و تا ئەمڕۆش ئالاَکانی جیهان زۆرترینیان لە نیشانەکانی ناو سروشت و دەوروبەر پێکهاتوون وەک هەبوونی: (ئەستێرە، مانگ، خۆر، ئاو، دار، چیا، گوڵ، باڵندە، گیانەوەر....). جۆر و پێوانەی ئالاَکانی کۆن وەک ئێستا نەبوونە، بەڵکو لە شێوەی ناڕێک، نیمچە بازنەیی، سێ گۆشەیی.... کە لە تەختە دارێکی درێژ یاخود لە مادەی کانزایی یانیش لە پێستی ئاژەل دروستکردەکران، ڕەنگەکانی ئالاَش لە گەلاَ و لە خوێنی ئاژەڵ و لە ڕەژووی ئاگر دروستدەکران.

هەندێک ئالاَش تەنیا لە پەڕی باڵندە دروستدەکران، یاخود تەنیا باڵندە و ئاژەلی وشککراو... لە جیاتی ئالاَ دەکران بە

نیشانە و هێماکانیان و بە تەختە دارێکی درێژ و بەرز هەڵدەواسران، یاخود بە هەمان شێوە پەیکەر یانیش تەختەدارێکی هەڵکەندراو لە نەخش وەک ئاڵا بەرزدەکرانەوە. لەگەڵ بەرەو پێشەوەچوونی هەنگاوەکانی ژیان شێوەکانی ئاڵاش گۆڕدران، کە ئەمڕۆ ئاڵا لەسەر پارچە قووماش و لەسەر کاغەز و کارتۆن چاپ دەکرێن.

### کۆنترین ئاڵا

کۆنترین ئاڵای نیشتمانی ئاڵای دانیمارکە کە لە ساڵی ١٢١٩ دروستکراوە. ئاڵای وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٧٧٦ دروستکراوە و بەردەوام گۆڕانکاری تێداکراوە و ساڵ بە دوای ساڵ ژمارەی ئەستێرەکانی ناو ئاڵاکە زیادیکردووە تا لە ساڵی ١٩٥٩ لە گۆڕان وەستاوە و لەوساوە تا ئێستا لە ٥٠ ئەستێرە و ١٣ هێلی سوور و سپی پێکهاتووە.

چیرۆکی هاتنە کایەی ئاڵای هەر نەتەوە و وڵاتێکیش خاوەن مێژوویەکی درێژ و دوورە، ئەوەی لێرەدا مەبەستمانە لەسەر هەڵوەستە بکەین ئاڵای ئەمڕۆی کوردستان و مێژووی ئاڵاکانی ناو گەلی کوردە.

### ئاڵای دەوڵەتی زەند

کەریم خانی زەند (١٧٠٥ - ١٧٧٩)ی دامەزرێنەری دەوڵەتی زەند کە خۆی و بنەماڵەکایەن لە ماوەی (١٧٥٠ -١٧٩٤) فەرمانڕەوایی ئێرانیان کرد، خاوەن ئاڵایەکی تایبەت بە خۆیان بوون کە لە شێوەیەکی سێگۆشەیی پێکهاتبوو لە سەر زەمینێکی سپی هەتاولە پشت شێرێکەوە دەبینرا و لەسەر هەرسێ لای ئاڵاکەشدا هێلێکی باریکی سەوز هەبووە.

### ئاڵای میرنشینەکانی کوردستان

میرنشینەکانی کوردستان هەریەکەیان لەسەرەتای دامەزراندنیانەوە خاوەنی کۆمەڵێک تایبەتمەندی سەربەخۆ یاخود نیمچە سەربەخۆبوون. کورد لە ماوەی سەدەی دەیەمی زایینی تاکو کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم خاوەنی ژمارەیەکی زۆر میرنشین بووە وەک میرنشنی (شەدادی، مەروانی، بابان، ئەردەلان، بێدلیس، سۆران، هەکاری، بادینان، لوڕی گەورە، لوڕی بچووک، حەسەنکێف، بۆتان... هتد، کە هەندێک لە میرنشینەکان تەمەنیان کەمتر لە سەدەیەک بووە و ئەوانیتریش تەمەنیان لە نێوان یەک سەدە تاکو حەوت سەدە بووە.

بەشێک لە میرنشینە کوردییەکان لە سەدەی هەژدە و نۆزدە خاوەنی کۆمەڵێک تایبەتمەندی سەربەخۆ بوون وەک بەرزکردنەوەی ئاڵا، لێدانی سکەی پارە، دروستکردنی خوێندنگا و مزگەوت، دروستکردنی کەلوپەلی سەربازی وەک تۆپ و چەک، هەوڵدان بۆ فراوانکردنی سنووری میرنشینەکەیان.

میرنشینی بۆتان و میرنشینی سۆران دووان لە میرنشینە بەهێز و ناسراوەکانی مێژووی کوردستانن کە شوێنەگەی دیرۆکی و جوگرافیان کەوتۆتە ناو ئینسکلۆپیدیا و ئەتلەسە کۆنەکانی جیهانەوە.

میرنشینی سۆران بوو کە پایتەختەکەی رەواندوز بوو، لەسەردەمی پاشای گەورەخاوەن ئاڵایەکی تایبەت بە خۆی بووە کە لە دوو رەنگی رەش و سپی پێکهاتبوو، رەنگی رەش لە بەشی سەرەوەی و رەنگی سپی لە خوارەوەی ئاڵاکەی هەڵکەوتبوو.

### ئاڵای راپەرینی قۆچگیری ١٩٢١

دوای ئەوەی کوردەکانی قۆچگیری لە هەرێمی دێرسیمی باکووری کوردستان ئامادەنەبوون بچنە ژێر رکێفی تورکەکان و داخوازییەکانی مستەفا کەمالەوە، رووبەرووی هێزەکانی تورک بوونەوەو و ئاڵای سەربەخۆیی خۆیان هەڵدا.

ئەو ئاڵایەش لە ژێر کاریگەری ئاڵاکەی ساڵی ١٩١٩ی (کۆمەڵەیا رێکخستنا جڤاکی) دروست کرابوو.

### ئاڵای حکومەتی کوردستانی خواروو ١٩٢٢

لەپاش ئەوەی کە ئینگلیزەکان ناچابوون سەر بۆ ویستی گەلی کورد دانەوێنن، شێخ مەحمودی حەفید (١٨٨٢-١٩٥٦) یان لە هیندستان گەڕاندەوە بۆ کوردستان. شێخ مەحمود لە رۆژی ٣٠ - ٩ - ١٩٢٢ گەیشتەوە شاری سلێمانی و هەر زوو تەنگی بە هێزەکانی ئینگلیز هەڵچنی و ناچاریکردن، کە شاری سلێمانی بەجێبهێڵن. ئەوەبوو لە ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٢٢ شێخ مەحمود ئاڵای کوردستانی هەڵکرد و (حکومەتی خوارووی کوردستان)ی راگەیاند و هەردوو رۆژنامەی (بانگی کوردستان) و (رۆژی کوردستان)یش لەلایەن حکومەتی خوراووی کوردستان بڵاوکرانەوە. ئەو ئاڵایەی کە لەلایەن حکومەتی خوارووی کوردستان بە رێبەرایەتی شێخ مەحموود هەڵدرا پێکهاتبوو لە زەمینێکی سەوز و مانگێکی سپی لەسەر رەنگی سوور لە ناوەڕاستی ئاڵاکەدا.

## ئالای راپەرینەکەی ئاگری ١٩٢٩ - ١٩٣٠

لە سەردەمی راپەرینەکەی چیای ئاگری بەرێبەرایەتی ئیحسان نووری پاشا، رۆشنبیرە کوردەکانیش ئالایەکی تایبەت بە خۆیان دارشت، کە رەنگی سەوز لەسەرەوە و رەنگی سوور لە خوارەوە و رەنگی سپی لە ناوەراستدا و لەسەر رەنگە سپیەکەش وێنەی چیای ئاگری لەسەر خۆرێکی زەرد کێشرابوو. ئەم ئالایەش تایبەتبووە بە راپەرینەکە، جگە لە ئالای نەتەوەیی کوردستان کە هەر لەوسەردەمەدا هەڵدرابوو.

## کۆماری کوردستان ئالای کۆماری کوردستان لە مەهاباد ١٩٤٦

لە سەردەمی دووەم شەری جیهانی و لەگەڵ بەرەوپێشچوونی بزوتنەوەی کوردی لە ئێران و پاشانیش راگەیاندن و دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە رۆژی ٢٢ - ١ - ١٩٤٦ کە شاری مەهاباد پایتەختەکەی بوو، ئالای سەربەخۆیی کوردستان هەڵدرا، کە هەمان ئەو ئالایە بوو لە ساڵی ١٩١٩ لەلایەن رێکخراوی (کۆمەڵەیا رێکخستنا جڤاکی کوردستان) دروستکرابوو هەرچەندە هەندێک کەس پێیان وایە ئەو ئالایەی ئێستا کوردستان هەمان کۆماری کوردستان')" ئالای کۆماری کوردستانی ١٩٤٦ە. هەرچەندە تا ئێستاش سەبارەت بە ئالاکەی ساڵی ١٩٤٦ گفتوگۆ هەیە.

لەرۆژی هەڵکردنی ئالای کوردستان لە نەغەدەی رۆژهەڵاتی کوردستان، شەهید محەمەد قودسی ئەم وتارەی پێشکەشی ئامادەبووان کردووە لەپیرۆزی ئالای کوردستان دەدوێ و تیشک دەخاتە سەر رەنگە جوانەکانی ئالای کوردستان، داوا دەکات بەخوێنمان بیپارێزین.

## ئالای کوردستان

**وتاری شەهید محەمەد قودسی .........**

گەورەکانم! ئەی گەلی بەشەرەف! خۆشەویستان و راوەستاوان!
ئەی کرێکارو فەلاح و سەپان و پالەی کوردی بەنرخ!

رۆژەها بەسەر شۆرشی میللی پیرۆزی کورد هەلات و تیری دوژمن کەللەو سینگی بەچکە شێرانی کوردی پێکا و خاکی

کوردستان لاشەی جەوانانی گرتە باوەش، چیاو دۆڵ و دەشتەکانی کوردستان پڕە لەگۆڕستانی دلێران و نەبەزانی کورد کەلەپێناوی ڕێگای ئازادیدا، لەپێناوی هەڵکردنی ئالاَی موقەدەسی کوردا گیانی پاکیان لەلاشەیان جیا بۆوە.

ئەی برای کورد... شۆڕشەکانی دیاربەکر، دەرسیم، سلێمانی، ئامێدی، بارزان هەموو نیشانەی ئەو جەوانمەردییەیە کەبۆ ئازادی کراوە ئەمڕۆ کورد بەچنگی ئاسنینی خۆی ئەو ئالاَ پیرۆزە هەڵدەکا، بەڵێ ئەو ئالاَیە هەڵدەکات کەلەسەرەتای مێژووە وە کورد خۆی بۆ بەخت دەکات.

برایان.... پیرۆزبایی خۆم پێشکەشی هەموو کوردێک و هەموو میللەتێکی ئازادیخواز دەکەم.

ئەی برای کورد... ئەزانی ئالاَی خۆشەویست چ ئامۆژگاریەکت دەکا؟

ئەڵێ بۆ کۆبوونەوەیەکی بێ جیاوازی گەورەو بچوک، ئاغا و کرێکار، قوتابی و شوان و فەلاح و ژن و پیاو، منداڵو کچ...

هەموو پێکەوە بەیەک دڵ بۆ یەک ئامانج تێدەکۆشین هەوڵ دەدەن... دیسان دەڵێ:

ڕەنگی سوورم... نیشانەی جەنگاوەری و نەبەزی گەلی کوردە.

ڕەنگی سپیم... دەڵێ میللەتی کوردی نەجیب گیانێکی پاک و ڕاستی هەیە.

ڕەنگی سەوزم... هاوار دەکا خاکی کوردستان پڕە لەدەغڵ و دان و کانگای زێڕو زیوە.

ئەی کورد هەموو بەگیانێکی خاوێنەوە و بیروەرییەکی پاک ڕاستەوە هەموو پێکەوە کەڵک لەکوردستان وەرگرن.

دیسان دەڵێ:

ئەی فەللاح... ئەی کرێکار و پاڵەی کورد دڵت لەخۆ دانەمێنێ لەسەر نیشانەی پاکی و ڕاستی نیشانەی تەقەلاَ و هەوڵی دەستی تۆ ئەو دوو گۆڵە گەنم و جۆیە هەمیشە بەپێش چاوتەوە پێت ئەڵێن هەوڵ بدە ئیش بکە و ولاَتت بڵند بکەرەوە.

ئەی کورد... دیسان ئالاَکەت ئەڵێ و ئەمرت پێدەکات سەرکەوتنت و گەورەییت لە خوێندنایە، ژن و پیاو و کوڕو کچ بەجارێ بخوێنن چونکێ خوێندن هەموو میوەیەکی خۆش و زیندەگانی پێوەیە، کردگاریش تیشکی ڕۆژی خۆی بەسەر هەموو سیفاتی جوانی ئینسانیدا بلاَوئەکاتەوە و جوانتری ئەکا.

ئەی کورد ئێمەش بەرامبەر بە ئامۆژگارییەکانی ئەڵێین:

ئەی ئاڵا پەیمانت دەدەینێ هەموو پێكەوە بەیەک دڵ بەتـەنێكی ئاسنینەوە هەوڵ بـدەین ببیینـە سپەرد ،ڕاست بین ئیش بكەین، بخوێنین.

ئەی كورد ئاڵا رەمزمانە لەدوای هەڵكردنی نرخی هێنانە خوارەوەی قوربانیكردنی هەموو میللەتی كوردە.

ئیتر بژی كوردو كورستان.

## ئاڵای ئەمڕۆی كوردستان

### سەرەتای دروستبوونی ئاڵای كوردستان

سەرەتای دروستبوونی ئەو ئاڵایەی كە ئەمڕۆ وەک ئاڵای كوردستان و نەتـەوەی كـورد دەناسرێت دەگەڕێتـەوە بـۆ سـەرەتاكانی سەدەی بیستەم، كاتێک كۆمەڵ و رێكخراوە كوردییـەكان لـە ئەسـتەنبوڵ خـەریكی دامەزرانـدنی كۆمـەڵ و دەركردنـی گۆڤـار و رۆژنامەی كوردی بوون، لە هەمان كاتیشدا لە هەوڵی دروستكردنی ئاڵایەكی نەتەوەیی بوون بۆ كوردستان.

سـاڵی ١٩١٩ (كۆمەڵـەیا رێكخسـتنا جڤـاكی كوردسـتان) كـە لـە ئەسـتەنبوڵ لەلایـەن ژمارەیـەک روونـاكبیر و سیاسـەتمەدار و كەسایەتی ناسراوی ئەو سەردەمەی كورد دامەزرا، لەگـەڵ دامەزرانـدنی خـۆی ئـاڵای نەتـەوەیی كوردسـتانی دروستكرد و داوای سەربەخۆیی كوردستانی دەكرد.

ئەو كەسانەی بەشداریان لە دامەزراندنی رێكخراوەكە و ئاڵای نەتەوەیی كوردستان كرد بریتیبوون لە:

ئەمین عالی بەدرخان (جزیرە بۆتـان)، دكتۆر عەبدوڵڵا جەودەت (عەرەبگیر)، ئـەكرەم جـەمیل پاشـا (ئامەد)، مەولانا زادە رەفعەت بەگ (سلێمانی)، نەجمەدین حوسێن (كەركوک)، كەمال فەوزی (بێدلیس)، شوكری بابان (سلێمانی)، مەمدوح سـەلیم (وان)، حیكمەت بابان (سلێما فوئاد بابان (سلێمانی)، دكتۆر شوكری محەمەد و فەرید بەگ.

ئەو ئاڵایەی كە ئەمڕۆ بۆمان ماوەتەوە هـەمان ئـەو ئاڵایەیـە كـە ئـەو رێكخـراوە نزیكـەی ٩٠ سـاڵ لەمەوبـەر بڕیـاری لەسـەر دابووە، بە گوێرەی ئەو ئاڵایە رەنگی سوور لەسەرەوە و رەنگی سەوز لە خوارەوە و رەنگی سپی لە ناوەڕاستدا و لەسەر زەمینـە سپییەكەش خۆرێكی زەرد دەدرەوشایەوە. بەگوێرەی نووسراوێكی نوورەدین زازا، ئـەو بـەچاوی خـۆی بینویـەتی كـە هـەمان ئـەو ئاڵایـە لەسـەردەمی راپەڕینەكـەی سـاڵی ١٩٢٥ی بـاكووری كوردسـتان لـە جێگـای ئـاڵای توركیـادا بەرزكراوەتـەوە. لـە یەكـەم

کۆبوونەوەی دامەزراندنی ڕێکخراوی (خۆیبوون)یش هەمان ئاڵا لە ساڵی ١٩٢٧ دووبارە وەک ئاڵای کوردستان بڕیاری لەسەردراوەتەوە. بۆ یەکەمجاریش ئەم ئاڵایە لە ساڵی ١٩٢٨ لە شاری فیلادەلفیا لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەسەر بەرگی کتێبێکی میر سوورەیا بەدرخان بەناوی (The Case of Kurdistan Against Turkey، By authority of Hoyboon، Philadelphila، 1928) بەزمانی ئینگلیزی چاپکراوە کە لە ژێر ئاڵاکەشدا نووسراوە ( Flag of Kurdistan). ئەم ئاڵایە لەسەردەمی ڕاپەڕینەکەی چیای ئاگریش هەڵدراوە، جگە لە هەبوونی ئاڵایەکی تایبەتی بە ڕاپەڕینەکە.

(کۆمەڵەی ژێکاف)یش لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ساڵی ١٩٤٢ بەدوا هەمان ئاڵای لە بۆنە و یادەکاندا لە شاری مەهاباد بەرزکردۆتەوە. ئەگەرچی ئەو ئاڵایە لەسەردەمی کۆماری کوردستان لە مەهاباد بوونی هەبووە، بەڵام کۆمارە یەک ساڵیەکە خاوەن ئاڵایەکی تایبەت بە خۆی بووە کە زۆر نزیک بووە لە هەمان ئەو ئاڵایە. دکتۆر کامەران بەدرخانیش هەمان ئاڵای ساڵی ١٩١٩ی وەک ئاڵای کوردستان نیشانی وڵاتانی ئەوروپای داوە.

لە ساڵەکانی ١٩٦٠یشدا (کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا) لە چەند بۆنە و یادێکدا هەمان ئاڵای کوردستانیان بەرزکردۆتەوە و ڕەوەندی کوردی هەموو بەشەکانی کوردستانیش لە ساڵانی ١٩٧٠ بەدوا ناو بەناو لە بۆنە و یادەکاندا هەمان ئەو ئاڵایەیان وەک ئاڵای کوردستان بەرزکردۆتەوە لەساڵی ٢٠٠٩ دا پەرلەمانی کوردستان بڕیاریدا کە ڕۆژی ١٧ی کانوونی یەکەمی هەموو ساڵێک وەکو ڕۆژی ئاڵا دیاری بکرێت و لەو ڕۆژەدا سەرجەم ئاڵاکانی سەر دامودەزگاکانی هەرێمی کوردستان بگۆڕدرێن و نوێ بکرێنەوە.

هۆکاری دانانی ئەم ڕۆژەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لە ١٧ی کانوونی یەکەمی ١٩٤٧ ئاڵای کوردستان لەسەر دامودەزگاکانی کۆماری مەهاباد هەڵکرا.
ئاڵای کوردستان لە لاکێشەی ئاسۆیی پێکهاتوە، لاکێشەی سەرەوە ڕەنگی سوورە کەوەک ئاماژەیەک بۆ خوێنی شەهیدان دانراوە، ئەوەی ناوەند ڕەنگی سپییە کە ئاماژە بەئاشتی و ئارامییە، و لاکێشەی خوارەوە ڕەنگی سەوزە کە هێمای سەوزی کوردستان و وەرزی بەهارە. بەرینی ئاڵا دوو لەسەر سێ درێژییەکەیەتی.

دروشمی نەتەوەیی ئاڵای کوردستان خۆری زێڕینە، ئەم خۆرە ٢١ پەڕ (تیشک)ی یەکسان و هاوشێوەی هەیە، بە لەبەرچاوگرتنی دوو لەسەر سێ یەتی قەبارەی ئاڵا، خۆری زێڕین بە پەڕەکانییەوە یەک پێوەرە و بەبێ پەڕەکان نیو پێوەر، ئەم پەڕانە شێوەیان ڕاستە و لە دەرەوە خاڵێکی تیژ دروست دەکەن.

خۆرەکە دەبێ رێک لە چەق (ناوەندی) ئاڵای کورستان جێگیر بێت، خۆر بەشێوەیەک جێگیر کراوە کە ستوونی ناوەندی ئاڵا بە ناو خاڵی تیژی بەرزترین پەڕ(تیشک) تێدەپەڕێت ئەم ٢١پەڕەش ئاماژەیە بۆ ٢١ی ٣ی هەموو ساڵێک کەسەرەتای ساڵی کوردییە.

ئەمڕۆش لەشاری سلێمانی و بە ئامادەبوونی پارێزگار و قائیمقام و ئەندامانی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی و چەندین کەسایەتی بەرپرسی حزبی و حکومی، لەمەراسیمێکی شایستەدا یادی ئاڵای کوردستان بەرز راگیرا.

هاوکات لە زانکۆی سلێمانیش وەک زانکۆی دایک، سەرلەبەیانی ئەمڕۆ دووشەممە، لەڕێورەسمێکدا بەبۆنەی ئەو یادەوە گەورەترین ئاڵا هەڵکرا و لەسەرجەم خوێندنگەکانی کوردستانیش بەشێک لەخوێندکاران و مامۆستایان بە جلی نەتەوەیی کوردییەوە بەشداری رۆژی ئاڵای کوردستانیان کرد.

لەفەرماندەیی هێزەکانی حەفتاش لەڕێورەسمێکی سەربایدا رۆژی ئاڵای کوردستان بەرز راگیرا.

-------------

سەرچاوەکان:

١- کورتەیەکە لە لێکۆڵینەوەیەکی بەرفراوانتر سەبارەت بە سەرهەڵدانی ئاڵا و مێژووی ئاڵاکانی کوردستان.
٢- پەرتوکی (مێژووی ئاڵای کورد و کوردستان) وەرگیراوە.
٣- سایتی ویکیپیدیا
٤- پرۆفسێۆری یاریدەدەر دکتۆر پشکۆ حمە تاهیر ئاغجەلەری، ئاڵای هەرێمی کوردستان، ئاڵای کوردستانە؟:
٥- ڕێبوار ڕەمەزان عەبدوڵلا (کتێبی (لەشەهیدانی رێگای نیشتمانەوە..چوار ئەفسەری قارەمان) لاپەرە (٢٨ و ٢٩)
٦- جمالی دەلاک: ئاڵای کوردستان بەسوپاسەوە لە فەیسوکەکەیەوە وەرگیراوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی PUKmedia - ڕێکەوتی: ١٧ی دێسەمبەری ٢٠١٨

-------------------------------------

## ڕۆژی ئاڵای کوردستان



**بەکر کەریم حەسەن**

هەروەکو دەڵێن" لام گرنگ نییە کەی و لە کوێ دەمرم، بارتەقای ئەوە لام گرنگە نیشتمانم هەبێ و ئاڵاکەم بشەکێتەوە".

بێگومان ئاڵا گرنگی و بایەخی گەورەی هەیە بۆ میللەتان و جێگای شانازی و ستایش کردنە هەردەم بۆ هەموو میللەتێک، جگە لەوەی خۆی لە خۆیدا ڕەمزێکە بۆ میللەتان. بیگومان میللەتی کوردیش زیاتر لە میللەتانی دونیا شانازی بە ئاڵای کوردستان دەکەین کە خەبات و تێکۆشانی بێ ووچان کرا بۆ بەدەستهێنانی مافە ڕەواکانی میللەتەکەمان و سەربەستی و سەربەخۆی و شەکاوەیی ئاڵاکەمان لە سەر هەر بستێکی خاکی پیرۆزی کوردستان هەروەکو میللەتانی تر کە خاوەن ئاڵا و ووڵاتی خۆیانن، بۆیە ئاڵای کوردستان گرنگی و بایەخی تایبەتی هەیە لای میللەتی کورد بە گشتی، وە یەکەمجار ئاڵای کوردستان بە شێوەی فەرمی لە کۆماری مهاباد لە ساڵی (١٩٤٦)هەڵدرا وەکو ئاڵای کۆماری مهاباد و لە بەرواری (١٧ - ١٢ - ١٩٤٦)لەلایەن پێشەوا قازی محەممەد درا بە خوالێخۆشبوو بارزانی نەمر کە ئەوکات سەرۆکی ئەرکانی حکومەتی مهاباد بوو، ئەو ئاڵایە بە ئەمانەتەوە پارێزرا تا ئەوە بوو پەرلەمانی کوردستان لە بەرواری(١١ - ١١ - ١٩٩٩) بڕیاریدا بەرواری (١٧ - ١٢)ی هەموو ساڵێک بکرێتە بە ڕۆژی ئاڵا ئەو ئاڵایەی کە بە ئەمانەتەوە لە دەستێکی پارێزراو پارێزرابوو، ساڵانە لە (١٧) کانوونی یەکەم هەموو کوردستانیان ئاهەنگ و ڕێوڕەسم ساز دەکەن بە بۆنەی ڕۆژی ئاڵای کوردستان کە ڕۆژێکی زیندووە لای میللەتەکەمان.

ئەوەی من دەمەوێت لەم ووتارەدا باسی بکەم ئەوەیە گرنگە لەلایەن وەزارەتی پەروەردەوە ساڵانە بە بۆنەی ڕۆژی ئاڵای کوردستان ووتارێکی یەکانگیرئامادە بکرێت و گشتاندنی بۆ بکرێت بۆ سەرجەم قوتابخانەکان لە ڕێگای بەڕێوەبەرایەتی

پەروەردەکان تا لە رۆژی (١٧)ی کانوونی یەکەم بە ریز بوون و ئامادەبوونی سەرجەم مامۆستایان و فەرمانبەران و قوتابیان ووتاری وەزارەت تایبەت بە رۆژی ئالا بخوێنرێتەوە و دواتریش ووتاری مامۆستایان و قوتابیان تایبەت بە ئالا بخوێنرێتەوە باسی پیرۆزی ئالای کوردستان بکرێت بۆ قوتابیان کە ئەوە تەنها پارچە قوماشێک نییە و لە چەند رەنگێک پێک هاتبێت، بەڵکو ئەوە رەمزێکە لە ناخ و دڵ و دەروونی هەمووان زیندووە هەموو شتێکی گران و پڕ بەهای لە پێناو دەبەخشین بۆ ئەوەی بە شەکاوەی و بەبەرزی بمێنێتەوە بە قوتابیان بلێن ئەو ئالایە بوو پێشمەرگە قارەمانەکان گیانی شیرینی خۆیان بەخشی لە پێناو مانەوە و شەکاوەیی ئەو ئالایە، لەو رۆژەدا بە قوتابیان بلێن کە بەرامبەر ئەو ئالایە دەوەستین وا دەزانین بەرامبەر هێزی ژیان دەوەستین لە سەر خاکی پیرۆز وەستاوین کە ناوی کوردستانە بە خۆر و خاک و ئاو و هەوای بەرامبەر ئەو ئالایە بەرامبەر رەنگەکانی (سور و زەردەو سپی و سەوز)کە هەر یەکەیان مانای تایبەتی هەیە و بریتییە لە ناسنامەی کوردستانی هەموومان لە ناو کوردستان و لە دەرەوەی کوردستان، لە بیرمان نەچێت پێویستە ئالای سەر باڵەخانەی قوتابخانەکان و ناو گۆڕەپانەکان لەو رۆژەدا نوێ کرابێتەوە قوتابیە خۆشەویستەکانمان ئاشنا بکەین بە مێژووی ئالا و مانای ئالا وبوونی ئالا بۆ هەر میللەتێک و لە بیریان بهێنینەوە میللەتان دەرۆن و نامێنن، بەڵام مێژوو دەمێنێ و تۆماری دەکات و ئالای کوردستانیش بە شەکاوەیی و پارێزراوی دەمێنێ لە سایەی جەنابی سەرۆک بارزانی و بەرگری پێشمەرگە قارەمانەکان وکوردە دڵسۆزەکان.

بەرێوەبەری گشتی چالاکی وەرزش و هونەر - ماستەر لە کارگێری پەروەردەیی

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوڵان میدیا - رێکەوتی: ١٠ی دیسەمبەری ٢٠١٨

-------------------------------------------

## ئاڵای کوردستان لە نێو پرسیار و گومانەکاندا؟




**راپۆرتی: درەو میدیا**

**رۆژی ١٧ی تشرینی دووەمی هەموو ساڵێک بە رۆژی ئاڵای کوردستان دیاریکراوە و پەرلەمانی کوردستان بە بڕیاری ژمارە ٤٨ی رۆژی ١٩ - ٦ - ٢٠٠٤ ئەو رۆژەی دیاریکردووە و ساڵی ١٩٩٩ش یاسای ژمارە ٤ بۆ ئاڵای کوردستان پەسەندکراوە و پێکهاتەی ئاڵای کوردستان رونکراوەتەوە.**

### شێوەی ئاڵای کوردستان گۆڕاوە

**لە یاسای ژمارە (١٤) ساڵی ١٩٩٩ی یاسای ئاڵای هەرێمی کوردستانی عێراق کە پەرلەمانی کوردستان پەسەندیکردووە، ئاماژە بەوە کراوە ئەو ئاڵایەی ئێستای هەرێمی کوردستان " سەرکردەی نەمر قازی محەمەد بەر لە شەهیدبوونی ئەو ئاڵایەی تەسلیم بەسەرکردەی روحی هەمیشە زیندووی نەتەوەی کورد مستەفا بارزانی کردووە" بەڵام کێشەکە لێرەوە دەستپێدەکات، چونکە ئەو ئاڵایەی ئێستا زۆر جیاوازە لە ئاڵاکەی قازی محەمەد کە لە سەردەمی دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە مهاباد لە ١٦ - ١٢ - ١٩٤٥ هەڵکراوە و لە بری خۆرەکەی ئێستا دوو گوڵە گەنم و قەڵەم و خۆرێکی تیایە و بەدەستکاریەکی کەمەوە لە ئاڵای سەردەمی پاشایەتی ئێران وەرگیراوە و قازی محەمەد تەنها شێرو خورشیدەکەی ناوی گۆڕیوە بۆ دوو گوڵە گەنم و قەڵەم و خۆرێک، ئەگەرنا تەختی ئاڵاکەو رەنگەکانی هەمان ئاڵایە، بەڵام ئەو ئاڵایەی ئێستا زۆر جیاوازە لەو ئاڵایەی قازی محەمەد.**




هەژاری موکریـانی (١٩٢١ - ١٩٩١) لە شیعری ئـاڵای کوردسـتاندا کە لە ژمـارەی یەکـی ڕۆژنـامەی کوردسـتاندا لە ١١ - ١ - ١٩٤٦ بڵاوکراوەتەوە لە وەسفی ئاڵای کوردستاندا دەڵێت:

بێ ببینێ ئەو کەسەی پێی وایە کورد سەرناکەوێ
کێ بوو پێی وابوو تەمی نەگبەتی لەسەرمان نارەوێ
داری ئاڵاکەم وەکو چقڵێکە بۆ چاوی عەدوو
هەر دڵێ خۆشی نەوێ رەبی وەبەر خەنجەر کەوێ
پارچەکەی سێ ڕەنگی خۆی دەنوێنێ ڕەنگی سور دەڵێ
تا تنۆکێ خوێنی کورد مابێ قەدی من نانەوێ
سپییەکەی مژدەی بەیانی بەختی کورد کرد بەیان
ڕۆژی بەختی کوردی پەیدا بوو نەما پەردەی شەوێ
دوو گوڵی گەنمی دەڵێ ئاگات لە رزقی خۆت بێ
خۆت کە برسی بوو چی دوژمن پێی بژین لێرەو لەوێ
پێو دەڵێ نوکی قەڵەم گەر ژینی خۆش و پێی دەوێ
غەیری من دەست ناکەوێ بورجی تەرەقی پێش رەوێ
ڕەنگی سەوزی یانی دایکی (نیشتمان) لەو ڕۆکەوە
جوان و سەرسەوزە وەرگیری کەوتەوە عومری نوێ
لاوەکان ناموسی نۆ ملیۆنە ئەو ئاڵایەمان
گیان بدەن بۆ حیفزی ئەو ناموسەتان لەمنوکەوێ



کوردوستان

هەلکردنی آلای مقدسی کوردوستان

ئاڵای کۆماری کوردستان - مهاباد

ئـــاڵا          هەژار موکریانی

بێ ببینێ ئەو کەسەی پێی وایە کورد سەرناکەوێت
کێ بوو پێی وابوو تەمی نەگبەت لەسەرمان ئارەوێ
داری ئاڵاکەم وەکو چقڵێکە بۆ چاوی عەدوو
هەردڵێ خۆشی ئەوێ رەبی وەبەر خە نجەر کەوێ
پارچەکەی سێ رەنگی خۆی دەنوێنێ رەنگی سور دەڵێ
تا تنۆکێ خوێنی کورد مابێ قەدی من ئانەوێ
سپیەکەی مژدەی بەیانی بەختی کوردی کرد بەیان
رۆژی بەختی کوردی پەیدا بوو نەما پەردەی شەوێ
دوو گوڵی گەنمی دەڵێ ئاگات لە رزقی خۆت بێت
خۆت کە برسی بو چی دوژمن پێی بژین لێرەو لەوێ
پێو دەڵێ ئوکی قەڵەم گەر ژینی خۆش و پێ دەوێ
غەیری من دەست ناکەوێ بورجی تەرەقی پێش رەوی
رەنگی سەوزی یانی دایکی ( نیشتیمان ) لەو رۆکەوە
جوان و سەرسەوزە وەگێری کەوتەوە عومری نوێ
لاوەکان ئامۆسی ئۆ ملیۆنە ئەو ئاڵایەمان
گیان بدەن بۆ حیفزی ئەو ئاموسەتان لە منو کەوێ

به هەموو پێوەرێک ئەو ئاڵایەی ئێستای هەرێمی کوردستان، تەواو جیاوازە لەو ئاڵایەی سەردەمی قازی محەمەد لە ساڵی ١٩٤٦ کە لە کۆماری کوردستان لە مهاباد هەڵکراوە، بۆیە ئێستا پرسیارەکە لەسەر ئەوەیە کە ئایا ئەو ئاڵایە ئەگەر ئاڵاکەی سەردەمی قازی محەمەدە بۆچی دەستکاری کراوە، کێ دەستکاری کردووە، "ئەگەر قازی محەمەد بە ئەمانەت داویەتیە دەست مستەفا بارزانی" بۆچی ئەو ئاڵایەی ئێستا نیە، لەگەڵ ئەوەی بە پێی زۆربەی سەرچاوە مێژووییەکان لەسەردەمی کۆتایی کۆماری کوردستان و دەستگیرکردنی قازی محەمەد هیچ جۆرە بینینێک لە نێوان مستەفا بارزانی و قازی محەمەد روینەداوە و قازی محەمەد لە ٢٣ - ١٢ - ١٩٤٦ دەستگیرکراوەو دوای زیاتر لە سێ مانگ لە ٣١ - ٣ - ١٩٤٧ لە سێدارە دراوە، لەو کاتانەشدا مستەفا بارزانی و بارزانییەکان لە مهاباد نەبوون لە شنۆ و نەغەدە نیشتەجێبوون، تەنانەت (عەقید بەکر حەوێزی) کە ئەفسەر بووە لە سوپای کۆماری کوردستان و خەڵکی کۆیەیە لە کتێبەکەیدا بەناوی (گەشتێک بە کۆماری مهابادا) ئاماژە بەوە دەکات کە دواینجار کە پێکەوە لەگەڵ مەلا مستەفا، قازی محەمەدیان بینیوە، هیچ ئەمانەتێکی نەداوە بە مەلا مستەفا تەنها بە منی ئەوی وتوە "ماشێنەکەی من بەرن و سودی لێ وەربگرن، منیش وتومە چاوم بەرایی ئادات ماشێنی تۆ بەکاربهێنم و بۆ خۆت بیسوتێنە" بۆیە گەڕاندنەوەی ئەم ئاڵایەی ئێستا هەرێمی کوردستان بۆ ئاڵاکەی سەردەمی کۆماری کوردستان گومان و پرسیاری زۆر هەڵدەگرێت.

## ئاڵای کوردستان لە هەرێمی کوردستان

ئاڵای کوردستان لەهەرێمی کوردستانن ساڵی ١٩٩٩ لەلاین پەرلەمانەوە کە ئەو کات تەنها پارتی دیموکراتی کوردستان لە پەرلەماندا بوو بە یاسایی کرا.

بەپێی یاسای ژمارە (٤) ساڵی ١٩٩٩ی یاسای ئاڵای هەرێمی کوردستانی عێراق کە لە پەرلەمانی کوردستان دەرکراوە، لە

**مادەی یەکەمی یاساکەدا ئاماژە بەوە پێکهاتەی ئاڵای کوردستان کراوە کە:**

**هەرێمی کوردستانی عێراق ئاڵایەکی دەبێت بە شێوەی لاکێشەیی کە پانیەکەی دوو لەسەر سێی درێژیەکەی دەبێت و دابەشکراوە بەسەر سێ لاکێشەی ئاسۆیی یەکسان لە درێژی و پانیدا و پێکهاتەکەی بەم شێوەیە دەبێت:**

**١- لاکێشەی سەرەوە رەنگی سورە هێمای شەهیدانی بزاڤی رزگاری خوازی کوردە.**
**٢- لاکێشەی ناوەرسات رەنگی سپی دەبێت هێمای ئاشتی و ئازادی و دیموکراسی و لێبوردنە کە خەڵکی کوردستان ئاواتە خوازیەتی.**
**٣- خۆرێکی زەرد دەکەوێتە ناوەراستی لاکێشە سپییەکەوە چەقەکەی خاڵی یەکتربڕینی تیرەی لاکێشە سپییەکە دەبێت و تیرەی خۆرەکە ئەوەندەی پانایی لاکێشە سپییەکە دەبێت و (٢١) تیشکی لێوە دەردەچێت بە شێوەی سێ گۆشەی دولای یەکسان، خۆرە زەردەکە هێمای بەردەوام بونی ژیان و زانست و هێواو ئومێدەو ٢١ تیشکەکەشیش هێمای جەژنی نەورۆزە.**
**٤- لاکێشەی خوارەوە سەوز دەبێت و هێمای کشتوکاڵ و سروشت و ژینگەی کوردستانە.**
**لە مادەی سێیەمیشدا ئاماژە بەوە کراوە کە هەڵکردنی ئاڵاکە لە کاتی خۆرهەڵاتندا دەبێت و هاتنە خوارەوەشی لەکاتی خۆرئاوابووندا دەبێت.**

## جیاوازی لەسەر ئاڵای کوردستان

**ئەگەرچی لە هەرێمی کوردستان ئەم ئاڵایەی ئێستا بە یاسایی کراوەو لە رۆژهەڵاتی کوردستانیش بەکاردەهێنرێت، بەڵام ئەو ئاڵایە لە رۆژئاوا و باکوری کوردستان بەکارناهێنرێت و لەوێ زیاتر ئاڵای سەردەمی ماد بەکاردەهێنن کە سێ رەنگە (زەرد و سور و سەوز) بەو پێیەش کورد لە چوار پارچەکەی کوردستان لەسەر شێوازی ئاڵایەک رێکنەکەوتوون و جیاوازیان هەیە.**

## پۆلێن کردنی مێژووی ئاڵای کورد:

**١- ئاڵای کورد لە سەردەمی دەوڵەتی ماد (٧٠٠ ساڵ پێش زایین): لە سێ رەنگ پێکهاتووە (زەرد و سور و سەوز)**
**٢- ڕاپەڕینی بەتلیس لە ساڵی ١٩١٤ ئاڵایەکی هەبوو بە قوماشێکی زێڕین دروستکرابوو ئایەتێکی قورئانی تێدا بوو.**
**٣- ئاڵای سەردەمی شێخ مەحمود لە ساڵی ١٩١٩ لەسەر باڵەخانەی ئەفسەری سیاسی بەریتانیا هەڵکرا کە بریتی بوو لە مانگێکی سور و ڕووبەرێکی سەوز.**

٤- ئاڵای سەردەمی شۆڕشەکەی سمکۆی شکاک لە ساڵی ١٩٢٢ هەڵکرا تیایدا نوسرا بوو کوردستانی ئازاد.

٥- شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران لە ساڵی ١٩٢٥ ئاڵایەکی هەبوو ڕەنگی سەوز بوو ڕۆژێک لە ناوەڕاستیدا بوو.

٦- ئاڵای کورد لە کۆماری ئارارات ١٩٢٧ - ١٩٣٠: لە سێ ڕەنگی ( سور و سەوز و سپی و ناوەڕاستەکەشی بازنەیەکی زەردو و شاخێکی تیایە).

٧- لەسەردەم کۆمەڵەی هیوا لە ساڵی ١٩٣٧ ئاڵایەکیان هەبوو، ئەندامانی ئەم کۆمەڵەیە بە قورئان و خەنجەر و ئاڵا دەبوو سوێندبخۆن.

٨- حزبی ئازادی کوردستان لە ساڵی ١٩٣٨ دەمەزرا، ئاڵایەکەیان بریتی بوو لە دوو خەنجەر و سێ ئەستێرە.

٩- بۆ یەکەمجار لەسەردەمی دامەزراندنی کۆماری کوردستاندا لە مهاباد لە رۆژی ١٦ - ١٢ - ١٩٤٥ لە گۆڕەپانی چوارچرا یەکەمین ئاڵا هەڵکرا تاوەکو ئێستا وەک ئاڵای کورد ماوەتەوە.

١٠- ئێستاش ئاڵای کوردستان بەرەسمی لە پەرلەمانی کوردستان بە یاساییکراوەو لە رەنگەکانی (سور و سپی و سەوز) پێکهاتووەو ناوەڕاستەکەشی خۆرێکی تیایە.

## ئاڵای کوردستان لە شیعری کوردیدا

ئاڵا یەکێکە لەو هێما نەتەوەییانەی کە شاعیرانی کورد بایەخێکی فراوانیان پێداوە و لەروانگەی جیاوازەوە لە شیعرەکانیاندا بەرجەستەیان کردووە. لێرەدا بە کورتی و چەند نمونەیەک ئاماژە پێدەدەین:

❊ **عەلی هەریری:** (١٥٣٠ - ١٦٠٠):

سەبیدی حەق نەزەر ڤێرا
د ئیقلیمان عەلەم گیرا

❊ **ئەحمەدی خانی:** (١٦٥٠ - ١٧٠٧):

من دی عەلەما کەلامێ مەوزون
عالی بکرا ل بانی گەردوون

* **مەلای جزیری:** (١٥٦٧ - ١٦٤٠):

**رایەتا فەتحی بە نەسرا (لم یرل) مەنشوور بوو**
**شەهسواری فەردێ سوبحانی عەلەمدارێ تەبی**

* **(مستەفا بەگی کوردی:** ١٨٠٩ - ١٨٤٩)

**دڵ بوو؟ بردی، عەقڵ ودین و ئابڕوو بوو؟ لێی سەندم**
**بۆیە، نابووت، تەپڵی، تەپڵی سەر، لە دەس ئاڵا دەکا**

* **خانای قوبادی:** (١٧٠٤ - ١٧٧٨):

**مەهدی لە مەککەیێ دەردێ**
**ئاڵای تەبیبی لە بۆدێ**

* **نالی:** (١٧٩٧ - ١٨٥٥):

**وا چاکە خەیاڵت لەگەڵ ئەسراری هودابێ**
**نەک بەحسی سروور و عەلەمی بادی هەوا بێ**

* **حاجی قادری کۆیی:** (١٨١٥ - ١٨٩٧):

**بەشیر و خامە دەوڵەت پایەدارە**
**ئەمن خامەم هەیە شیر نادیارە**
**نە بەیداغی هەیە نە تەپڵ و کورسی**
**ئەمەندەی پێ کرا بێ چارەنووسی**

**ئاڵا لە شیعری نوێی کوردیدا:**

* **شێخ نوری شێخ ساڵح:** (١٨٩٦ - ١٩٥٨) لەشیعری (شیوەنی شێخ مەحمودی سەرۆک)دا دەڵێ:

**هەزاران روحی جۆشانی وەتەن خواهانی کوردستان**
**لەسەر تابووتەکەی وەستاوە بۆ تەشیعی جوسمانی**
**بەسەر سەیارەوە بەیداخی رەش ئەشنێتەوە دایم**
**جلی ڕەش بوەتە مۆدە بۆ هەموو خەڵقی سلێمانی**

* **کانی:** (١٧٩٧ - ١٩٧٥):

**بەشەر ئیللا بە کۆشش بەرز ئەکا بەیداغ و رەمزی خۆی**
**موحەققەق تەمبەڵی و سستی پەشیمانی لەگەڵ دایە**

* **قانیع** (١٨٩٩ - ١٩٦٥)، لە ساڵی ١٩٤٦ و لەکاتی هەڵکردنی ئاڵای کۆماری کوردستان، نامە شیعرێک دەهۆنێتەوە و بۆ(بێکەس)ی شاعیری دەنێرێت، کە تیایدا دەڵێت:

**ئەلحەمدولیلا ئاڵا هەڵکرا**
**ماوەی ئەهلی دڵ ئەمڕۆکە درا**
**هەرکەس لەهەرلا وڕ و سەرسامە**
**راکا ئەم ئاڵا کۆگای مەرامە**

* **جگەر خوێن** (١٩٠٣ - ١٩٨٤):

**وەرە خوشکێ تو زوو ڕابە دشەڕدا رەنگێ شێرابە**
**بەری ئاڵا مەیە رەنگن ل سەر شاخان تە هلدا بی**

* دڵداری شاعیر (١٩١٨ - ١٩٤٨) کە خاوەنی سرودی نەتەوەیی (ئەی ڕەقیب)ە و هەر لەنێو ئەو سرودەدا باس لە ئاڵای کوردستان) دەکات و دەڵێت:

کەس نەڵێ کورد مردووە کورد زیندووە
زیندووە قەت نانەوێ ئاڵاکەمان

* سەید کامیلی ئیمامی " ئاوات " (١٩٠٣ - ١٩٨٩) لە شیعرێکدا بەناوی (ئاڵا) دەڵێ:

لەو پارچە سێ ڕەنگەی وەک باڵی هومای ئاڵا
هەودایەکی لێ بووە، فەوری لە ملم ئاڵا
تەعریفی نییە ئاڵا، ئاڵایەکی ڕەنگینە
سوور و سپی و سەوزە، ڕۆح حازرە بەسەودا

* کامەران موکری (١٩٢٩ - ١٩٨٦) لە شیعرێکیدا بە نێوی (بۆ قازی محەمەد) دوای لەسێدارەدانی پێشەوا بە حوزنێکی قوڵەوە لەو کارەساتە دەدوێت و ئاوا باس لە(ئاڵا) دەکات:

ئاڵای کورد لە دڵ و چاوا
لە کەژا جۆگەی خوێناوا
بۆ ئەم گەلەی هی تۆ و منە
وردە وردە کەوتە شنە

* عەبدوڵڵا پەشێو لە (دوازدە وانە بۆ منداڵان)دا، وانەی یازدەمی تایبەت کردووە بەئاڵا و دەڵێت:

مناڵەکان! ئەی بێلانە ژین تاڵەکان،
شەو لە خەوما ڕێبوارێک بووم
بۆ بارەگای (یوتان) دەچووم
کە دەروازەکەی قووتی دام

ڕەشم بینی . ئاڵای هەبوو،
سپیم بینی . ئاڵای هەبوو،
هەرچیم بینی . ئاڵای هەبوو،
ڤیژاندییان:
"ئەی بێ وڵات، بۆ دەرەوە!
ئەی بێ ئاڵا، بۆ دەرەوە!"
منیش گوتم:
"مەڤیژێنن!
کە دەچمەوە،
ئەم چیرۆکە بۆ منداڵان دەگێڕمەوە!

سەرچاوە: راپۆرتی: درەو میدیا - ڕێکەوتی: ١٦ی دێسەمبەری ٢٠١٨

------------------------------------------------

## ئەمڕۆ ڕۆژی ئاڵای کوردستانە



### پەرلەمان یاسایەکی تایبەتی بۆ ئاڵای کوردستان داڕشتووە

**هەرمان خالید**

لە ساڵی ١٩٩٩، پەرلەمانی کوردستان ڕۆژی ١٧ی کانوونی یەکەم (١٧ی ١٢)ی هەموو ساڵێکی، وەک ڕۆژی ئاڵای کوردستان دیاری کرد.

دیاریکردنی ئەو ڕۆژە بەهۆی هەڵکردنی ئەو ئاڵایە بوو لە ڕۆژی ١٧ - ١٢ - ١٩٤٦ لە شاری مەهاباد، کە مانگێک بەر لە ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان، کە لە شاری مەهاباد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕاگەیەندرا و پێشەوا قازی محەمەد بە یەکەم سەرۆک کۆماری کوردستان دیاری کرا و مستەفا بارزانی، ڕێبەری شۆڕشی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستانیش وەک سوپاسالاری کۆمار، دیاری کرا، هەڵکرا.

ئاڵای کوردستان بە بڕیاری پەرلەمانی کوردستان بووەتە ئاڵای فەرمیی هەرێمی کوردستان و نیشانە و ڕەنگەکانیشی دیاری کراوە.

هەروەک لە بڕیارەکەدا هاتووە، ئاڵای کوردستان لاکێشەیە و پانییەکەی دوو لەسەر سێی درێژییەکەیەتی و دابەش کراوە بەسەر سێ لاکێشەی یەکسان.
لاکێشەی سەرەوە ڕەنگی سوورە و هێمایە بۆ شەهیدانی بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستان، لاکێشەی ناوەڕاست سپییە و هێمایە بۆ

ئاشتیخوازیی گەلی کوردستان و ئـازادیی و لێبـووردن، هەروەهـا لاکێشـەی خـوارەوە سـەوزە و هێمـایە بـۆ کشـتوکاڵ و ژینگەی کوردستان.

خۆرێک، کە بە یاسا دیاری کراوە، لە ناوەڕاستی ئاڵاکەیە و هێمایە بۆ بەردەوامیی ژیان و جەژنی نەورۆز.

بەپێی یاساکە، جگە لەو ڕەنگ و هێمایانە نابێ هیچ نووسین یان ڕەنگ و وێنەیەکی دیکە بخرێتە سەر ئاڵای کوردستان.

**دەقی بڕیارەکەی پەرلەمانی کوردستان**:

**یاسای ئاڵا لە هەرێمی کوردستان**

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بە ناوی گەل**

**ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق**

**ژمارەی بڕیار**: ٢٦
**ڕۆژی بڕیار**: ١١ - ١١ - ١٩٩٩

((**بڕیار**))

پشت بەو دەسـەڵاتەی کە بە پێـی بـڕگە (٣)ی مـاددە (٢) لە یاسـی ژمـارە (١٠)ی سـاڵی ١٩٩٧ پێمـان دراوەو لەسـەر ئەو بنەمـایەی کە ئەنجـومەنی نیشـتمانی کوردسـتـانی عێـراق لە دانیشـتنی ڕۆژی ١١ - ١١ - ١٩٩٩یـدا یاسـاکاری کـردووە، ئەم یاسایەمان دەرهێنا:

**یاسای ژمارە** ((١٤))**ی ساڵی** ١٩٩٩
**یاسای ئاڵای هەرێمی کوردستانی عێراق**
**ماددە یەکەم:**

هەرێمی کوردستانی عێراق ئالایەکی دەبێت بە شێوەی لاکێشەیی، کە پانیەکەی دوو لەسەر سێی درێژیەکەی دەبێت و، دابەش کراوە لەسەر سێ لاکێشەی ئاسۆیی یەکسان لە درێژی و پانی داو، پێکهاتەکەی بەم شێوەیەیە:

١- لاکێشەی سەرەوە ڕەنگی سورەو، هێمای شەهیدانی بزاڤی رزگاری خوازی کوردە.

٢- لاکێشەی ناوەراست ڕەنگی سپی دەبێت، هێمای ئاشتی و ئازادی و دیموکراسی و لێبوردنە (تسامح)، کە خەڵکی کوردستان ئاواتە خوازیەتی.

٣- خۆرێکی زەرد دەکەوێتە ناوەراستی لاکێشە سپییەکەوەو، چەقەکەی خاڵی یەکتر بڕینی تیرەی لاکێشە سپیەکە دەبێت و، تیرەی خۆرەکە ئەوەندەی پانایی لاکێشە سپیەکە دەبێت و، (٢١) بیست و یەک تیشکی لێوە دەردەچێت بە شێوەی سێگۆشەی دوو لا یەکسان و، بنکەکانی ( ) یەک لسەر بیست و یەک لە چێوەی گۆی خۆرەکە دەبێت و، درێژیشیان بگاتە نیوەی هەردوو لاکێشە سوورو سەوزەکە . خۆرە زەردەکە هێمای بەردەوام بوونی ژیان و زانست و هیوا و ئومێدەو، (٢١) بیست و یەک تیشکەکەیش هێمای جەژنی نەورۆزی نەتەوایەتییە، ڕۆژی بەرخودان و ڕاپەڕین و شۆرش ڕزگاریی دژ بە زوڵم و زۆرو چەوساندنەوە.

٤- لاکێشەی خوارەوە ڕەنگی سەوز دەبێت و، هێمای کشتوکاڵ و سروشت و ژینگەی کوردستان.

سەرچاوە: ماڵپەڕی باسنیوز - ڕێکەوتی: ١٧ی دێسەمبەری ٢٠١٧

------------------------------------------------

## مێژووی ئالا و ئالای کوردستان



### ماڵپەڕی وشە

مێـژووی هەڵکردنـی ئـالا بـۆ یەکەمجـار و لەسـەر دەسـتی کـام گەل، بۆچـوونی جیـاوازی لەسـەر هەیە، بەڵام زۆرێـک لە سـەرچاوەکان ئەو مێـژووە بـۆ سـەردەمی میسـرییە کۆنەکـان دەگێـڕنەوە، بەوەی ئەوان یەکەم نەتەوە بـوون کە ئالایـان هەڵکردووە.

ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بەم شێوەیە پێناسەی بۆ ئـالا کردووە، "ئـالا واتە هێمـا و ناسنامە و نەتەوە و دەوڵەت و هەرێم و حزب و گروپەکان، شانازییەکی بەرجەستە کراویانە".

#### لەرووی زاراوە:

ئـالا وشەیەکی کـوردییە و لە دوو بـڕگەی "ئـا+لا " پێک دێت، لە مێـژووی کـوردا چەنـدین زاراوەی تـر بەکـارهێنراون وەکـو "بەیرەق، ئالە، بەندێر، بەیداخ، ئالایی و پەرچەم...".

#### هێماکانی ناو ئالا:

باشـترین لێکـدانەوە لە ئێسـتەدا کـراوە ئامـاژە بەوە دەکەن باشـترین ئـالا ئەوەیە کە سـاناترین لێکـدانەوەی هەبێـت بـۆ تێگەیشتن، هاوشانی ئالا کۆنەکـان کە زیـاتر ڕەش یـان سپی بـوون بە پێکبەستەی واتـا، زۆرێک لە وڵاتـانی ئیسلامی یـان

حزبە ئیسلامییەکان دروشی ئیسلامی دەخەنە ناو ئاڵاکانیان، حزبە چەپەکانیش وێنەی داس و خوێن و چەپگەرایی دەکەن بە دروشمی ئاڵاکانیان.

ئاڵا ئێستە بووەتە ڕەمزێک بۆ بەشێکی زۆر لە سەندیکا و ڕێکخراوەکان و یانە وەرزشییەکان و کۆڕبەند و ناوەندەکانی لێکۆڵینەوە.

## جۆرو قەبارەی ئاڵا:

**بەشێوەیەکی گشتی ئاڵا سێ جۆری هەیە.**

**یەکەم**: ئاڵای فەرمی، کە لەسەر دام و دەزگاکانی هەر وڵاتێک بەرز دەکرێتەوە.

**دووەم**: ئاڵای سەرمێز، ئەو ئاڵایە بچوکراوەی ئاڵای فەرمی وڵاتە.

**سێیەم**: ئاڵای بەرسینگ، ئەم ئاڵایە بۆ نمایشکردنی کەسێک بۆ وڵاتەکەی لە کۆڕبەندێک و کۆبوونەوەیەکی جیهانی دەیبەستێت.

## قەبارەی ئاڵا:

ئاڵا لەبەشێکی وڵاتان بەچەند قەبارەیەک دروست دەکرێت کە ئەو ئاڵایانەی شێوەی پانیان هەیە دەبێت قەبارەکەی "١٢٠*٨٠" بێت، ئەو ئاڵایانەی شێوەی درێژییان هەیە دەبێت قەبارەکەی "٢٢٥*١٥٠" بێت ،واتا بەشێوەیەکی گشتی دەبێت درێژیی یان پانی سێ یەکی ڕووبەرەکەی تری بێت.

## مێژووی ئاڵا لەناو کورد:

زۆرێک لەسەرچاوە مێژووی و ئەکادیمیەکان باس لەوە دەکەن، هۆزی لولوییەکان لەنیوەی دووەمی هەزارەی سێیەمی پێش زایین بەکاریان هێناوە، هەروەها جلە چەرمیەکەی کاوەی ئاسنگەر کاتێک بەسەری زوحاکی داداوە لەشەڕدا، بووەتە ئاڵا لە مێژووی ئێراندا و بە "ئاڵای کاوەیی" ناسێندراوە.

## مێژووی ئاڵا لە جیهاندا:

لە شارستانیەتی میزۆپۆتامیا ئاڵا بەشێوەیەک هەبووە، ڕۆمانییەکان خاوەنی مێژوویەکی دەوڵەمەندن لە ئاڵا و شەش جۆر

ئاڵایـان هەبـووە بـۆ هێزەکـانی دەریـایی و وشکانی، بەریتانییەکـان لەسـاڵی ١٤٨٥ ئاڵایـان بەکارهێنـاوە، عەرەبەکـانیش لەسەردەمی بەر لە هاتنی ئیسلام ئاڵایان بەکارهێناوە.
مێژوو نووسان ئاشکرای دەکەن ڕەنگە ئاڵاکەی سەلاحەدینی ئەیوبی یەکەمین ئـاڵا بێـت جگە لەڕەنگەکەی، وێنەی هەڵۆیەکی تێدا بووە لە ساڵانی "١١٣٨ بۆ ١١٩٣".

### ئاڵا لەمێژووی کوردستاندا:

ڕەنگە ئاڵای کاوەیی ئەگەر "شانامەی فیردۆسی" بکرێتە سەرچاوەیەک بۆ یەکەمین ئـاڵا لە مێـژووی کورددا، فیردۆسی کـاوەی گەرمیانی بە کورد لەقەڵەم داوە .

### پۆلێن کردنی مێژووی ئاڵای کوردی:

١- ڕاپەڕینی بەتلیس لە ساڵی ١٩١٤ ئاڵایەکی هەبوو بە قوماشێکی زێڕین دروستکرابوو ئایەتێکی قورئانی تێدا بوو.
٢- ئاڵای سەردەمی شێخ مەحموود لە ساڵی ١٩١٩ لەسەر باڵەخانەی ئەفسەری سیاسی بەریتانیـا هەڵکرا کە بریتی بـوو لە مانگێکی سور و ڕووبەرێکی سەوز.
٣- ئاڵای سەردەمی شۆڕشەکەی سمکۆ خانی شکاک لەساڵی ١٩٢٢ هەڵکرا تیایدا نوسرا بوو کوردستانی ئازاد.
٤- شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران لە ساڵی ١٩٢٥ ئاڵایەکی کردە پێشەوایەتی بۆ شۆڕشەکەی ڕەنگی سەوز بـوو کە ڕۆژێکی لە ناوەڕاست بوو.
٥- لەسەردەم کۆمەڵەی هیوا لە ساڵی ١٩٣٧ ئاڵایەکیـان هەبـوو، ئەندامانی ئەم کۆمەڵەیە بە قورئـان و خەنـجەر و ئـاڵا دەبوو سوێند بخۆن.
٦- حزبی ئازادی کوردستان لە ساڵی ١٩٣٨ دەمەزرا، ئاڵایەکەیان بریتی بوو لە دوو خەنجەر و سی ئەستێرە.
٧- بۆ یەکەمجار لەسەردەمی دامەزراندنی کۆماری مهاباد لە ڕێکەوتی ١٦ - ١٢ - ١٩٤٦ لە گۆڕەپانی مەهاباد یەکەمین ئـاڵا هەڵکرا تاوەکو ئێستە وەک ئاڵای کورد ماوەتەوە.

ئێستا لەپەرلەمانی کوردستان بەپێی بڕیاری ژمارە (٢٦)ی ١١ - ١١ - ١٩٩٩ کە لەیاسای ژمارە(١٤)ی ساڵی ١٩٩١ سەرچاوەی گرتووە، شێوازی ئاڵاکە و پێوانەکان و شیوازی هەڵدانی دیاریکراوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی وشە - ڕێکەوتی: ١٦ی دیسەمبەری ٢٠١٦

## پیرۆزبێت رۆژی پێشمەرگە و رۆژی ئاڵای کوردستان



**ڕەزا شوان**

لە یادی(٧١) مین ساڵرۆژی، بۆ یەکەمین جار گۆڕینی (هێزی رزگاریخواز) و (پارێزەری کورد و کوردستان) بۆ ناوی (پێشمەرگەی کوردستان) هاورۆژیش بوو کە بۆ یەکەمین جاریش (ئاڵای کوردستان) لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا لە شاری مەهاباد دا، لە رۆژی (١٧ی دێسەمبەری ١٩٤٥ز) دا، بە ئامادەبوونی نوێنەرانی هەر چوارپارچەی کوردستان، لە لایەن پێشەوا قازی محەمەدی نەمرەوە ناوی فەرمی (پێشمەرگەی کوردستان) راگەیاندرا هەر لەو رۆژەدا و لایەن پێشەواوە لەسەر باڵەخانەی شارەوانی شاری مەهاباد، بۆ یەکەمین جار لەگەڵ وتنی سروودی نیشتمانیمان ئەی رەقیب و هەڵهەڵەلێدان و چەپڵەرێزاندا (ئاڵای کوردستان) بەرزکرایەوە. ئەو رۆژە بوو بە رۆژێکی پیرۆز لە مێژووی کوردستاندا.. لەو رۆژەوە پێشمەرگەی کوردستان و ئاڵای کوردستان بوون بە دوانەی لێکدانەبڕاو.. هەموو ساڵێک بە ئەوپەڕی شانازی و رێزەوە یادی رۆژی پێشمەرگەی کوردستان و هەڵکردنی ئاڵای کوردستان دەکەینەوە.. ئەم رۆژە پیرۆزە، بووە بە بەشێکی رەسەن لە کولتوور و مێژووی گەلەکەمان.

لە ساڵی (٢٠٠٩) شدا، پەرلەمانی هەرێمی باشووری کوردستان، بە بڕیاری ژمارە (٤٨) بڕیاریان دا و، بە فەرمی رۆژی (١٧ی دێسەمبەر)ی هەموو ساڵێکی کرد بە (رۆژی ئاڵای کوردستان) لە باشووری کوردستاندا.

هەموو ساڵێک لە (١٧ی دێسەمبەر) دا، بە شانازی و رێزەوە،بە خۆشی و خرۆشەوە، لە کوردستان و لە هەندەران، لەم رۆژەدا یادی ئەم دوو بۆنە نەتەوەییەمان دەکەینەوە، بە گەرمی و گەشییەوە پیرۆزبایی لە پێشمەرگە و لە یەکتری دەکەین و، سڵاو لە ئاڵای رەنگینی کوردستانمان دەکەین.. سوێند و بەڵێن و پەیمانیش تازە دەکەینەوە کە سورتر و

گرتـــرین لە خەبـــات و بەرگـــری و خـــۆڕاگری و کـــۆڵنەدان و گیانبەخشـــین، بەڵێنـــی ئەوەش دەدەیـــن کە ناســـرەوین تـــا سەردەکەوین، تا کوردستانی نیشتمانمان لە داگیرکەران رزگاردەکەین و، بە هیوا و بە مافە رەواکـانی گەلەکەمـان دەگەیـن و بڕیـار لە مـافی چارەنووسـمان دەدەیـن.. ئەمەش مـافێکی رەوای دانپێنـراوی هەر نیشـتمانێکی داگیرکـراو و گەلێکـی مـاف زەوتکراوە.. بۆ رزگاربوونی لە داگیرکەری بێگانە.

پێشمەرگەری کوردسـتان لە رۆژی دامەزرانـدنییەوە تـا ئەمـڕۆ لە سـەنگەرەکانی کـوردایەتی و مەردایەتیـدا، لەژێـر دروشـمی (کوردستان یا نەمان) دا، قەڵغانێکی پۆڵایین و شوورەیەکی سـەختتن لە رووبەڕووبـوونەوەی داگیـرکەران و نەیـارانی کـورد و کوردسـتان.. هەمیشـە گیـان لەسەردەسـت بـوونە و ئامـادەی گیانبەخشـین و شـەهیدبوون بـوونە.. هەمیشـەش خۆیـان بە پێشمەرگەی هەموو کوردستان دەزانن.. ئامادەشن لە هەر شوێنێکی کوردستاندا پێویستیان پێیان ببێت، لەوێدا بەرگری بـکەن و گیانی خۆیان ببەخشن.. چونکە کوردستان لە باکوورییەوە تا باشووری، لە رۆژهەڵاتییەوە تـا رۆژئـاوای یەک کوردسـتانە و نیشـتمانی هەمـوو کوردێـک و هەمـوو کوردسـتانییەکی کوردسـتان پەروەرە بەبەبـێ جیـاوازی.. پێشـمەرگە ئەو قـارەمـانە گیانبەخشانەن کە هەرگیز سڵیان لە مردن لە پێناوی کوردستاندا نەکردۆتەوە و نـاکەنەوە.. پارێزگـاری کـردن لە کوردسـتان بە پیرۆزترین و پێویسترین ئەرکیان دەزانن..

شەهید بوونیشیان لەم پێنـاوەدا، بە سـەروەری و شـانازی دەزانـن.. تەنـانەت نەیـارانی گەلەکەشمان نکووڵی لەم راستییە ناکەن و پێش دۆستەکانمان دانی پێدا دەنێن.

لە ئەمڕۆدا ناو و ئازایی و قارەمانییەتییەکانی پێشمەرگەکانمان، گەریلاکانمان، شەرڤانانمان، شێرە کـوڕان و کچانمـان، لە کوردسـتان و لە هەموو جیهانـدا، بـوونەتە وێردی سـەرزمان، وێنەکانیـان بـوونەتە بەرگـی یەکەمـی گۆڤـارەکـان، هەڵـمەت و داستانەکانیان بوونەتە مانشێتی لاپەڕەی یەکەمی رۆژنامەکان، گورزە گورچکبڕەکـانی رۆژانەیـان لە داعش و لە دگیرکەرانـی کوردستان بوونەتە هەواڵی بە پەلە و گەرمی راگەیانـدنەکان و میـدیاکان.. جوامێرییـان، رەوشتبەرزییان، رەفتارجوانییـان، خۆڕاگرییـــان، بەرگرییـــان،...هتـــد. بـــوونەتە هەوێنـــی شـیعر و ســـروودی شـــاعیران، بـــوونەتە ئیلهـــام بـــۆ چیرۆکنووســـان و رۆمانتنووســـان و دەرهێـــنەران و فیلمســـازان، بـــوونە بە شـــاکاری وێنەکێشـــان، بە شـــرۆڤەی سیاســـییەکان، نەک هەر لە کوردستاندا، بەڵکو لە هەموو جیهاندا.

پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستانمان، سیمبۆڵی قارەمانێتی و پاڵەوانێتین.. شایەنی ئەوەن کە وەکو رێزگـرتن و پێزانینـی قوربانیـدانتان، لە هەر شـار و شـارۆچکەیەکی کوردسـتاندا، شـەقامێک، قوتابخـانەیەک، هۆڵێـک، تەلارێـک، بـاخچەیەک،

گەڕەکێک، بازاڕێک، تیپێکی وەرزشی یـا هونەری یـا شانۆیی، بەڵکو شارێکمان، نـاوی لێبنرێت (پێشـمەرگە).. پێشمەرگە کەمئەندامەکانمان شایەنی ئەوەن کە بیان خەینە گلێنەی چاوەکانمانەوە.. رۆژانەش سەری رێز و نـوازش بـۆ شەهیدەکانمان دانەوێنین و، کێلی گۆڕەکانیان ماچ بکەین.

پێشمەرگەی کوردستان ئەو هێزە کۆڵنەدەر و قارەمـانە بێوێنەیەیە، کە چۆکی بە زەبەلاحترین و دڕنـدەترین سـوپای رژێمی فاشستی و رەگەزپەرستی بەعسی دادا، سەری بە سەدام حوسێنی دیکتـاتۆر و ستەمکاری گۆڕبەگـۆڕ شۆڕکرد.. پێشمەرگەی کوردستان، ئەو شوورا پۆڵایینە سەختەیە، کە هەرەسیان بە ئەفسانەی داعشی تیرۆریست و دڕندە و بێڕەوشت و کۆنەپەرست هێنا و کردیانیانن بە پەندی زەمانە و، سنووری کوردستانیان کرد بە گۆڕستانیان.. گرەوشیان بە نـاحەزانی کـورد دۆڕانـد، کە پێیان وابوو، خەنجەری ئازادی کوردی، ناتوانێت شمشێری رەگەزپەرستی و کۆنەپەرستی تێکبشکێنێت.

لە ئەمڕۆدا داستانەکانی پێشمەرگەی کوردستان بـوونەتە مایەی سەرسامی، بـوونەتە بـابەتێکی ستراتیژی سەربازی و، لە ئاکادیمییە سەربازییەکانی جیهاندا، تۆژینەوە و لێکۆڵینەوەیان لەسەر دەکرێن.
پێشمەرگە ئەویندارى چاوی کەژاڵ و گەردنی پڕ لە خاڵ نین، بەڵکو ئەویندار و دێوانە و شەیدای سەرسەختی خۆشەویستی کورد و کوردستانن، ئەویندارى رزگاری و ئازادی و سەرفرازی و یەکسانی و ئاشتی و پێکەوە ژیانن.
ئەی پێشمەرگە گیان لەسەردەستەکانی کوردستان ئەی پـارێزەرانی کوردستـانی نیشتمانی شیرین و پیرۆزمـان.. ئێـوە مـایەی شکۆ و سەربەرزی و شانازیمانن.

لە سایەی خۆڕاگری و بەرگری و بەرخودانی و ئێشگرتنی ئێوەدایە، کە ئێمە دەتـوانین بە خۆشی و شـادی، بە ئاسـوودەی و دڵنیـایی بـژین.. هەر لە سایەی ئێوەدایە کە ئـاڵای پیـرۆزی کوردستـانمان دەشکەکێتەوە و قەت نـانەوێ.. ئێوە بە خـوێنی گەش و ئـاڵتان تـاجی ژیانتان نەخشان.. داری ئازادیتان ئاودا.

ئەی هەڤاڵانی بەجەرگی پێشمەرگەی دڵسۆزی کورد و کوردستان، ئەی هەڵۆ بەرزفڕەکان، پڵنگە هەڵمەتبەرکـانی کوێستان و پێدەشتەکانی گەرمیانی کوردستان، ئەی هەڵگرانی پەیامی رزگاری و ئازادی و ئاشتی.. قارەمانیتان بێوێنەیە.. چی بەهـا و خەسڵەتێکی جوان و بەرز و پیرۆزیش هەیە لە ئێودا بەرجەستەبوونە.. لە دەوری دەست و تفەنگتان گەڕێین، قوربـانی سەر و قەد و بـاڵاتـان بین.. ئێمە هەردەم قەرزاری دڵسۆزی و مانـدووبوون و گیانبەخشینی بێسنووری ئێـوەین.. نەک تەنهـا لە رۆژی پێشمەرگەدا، بەڵکو هەموو ساتێک و هەموو کاتێک هەموو رۆژێک، ئێوە لە بەرچاومانن، لە ناخی دڵماندان.

دڵنیاین کە لە سایەی خەبات و بەرخودانی ئێوەی گیانبەخشدا، ئایندەیەکی گەشتر و ژیانێکی خۆشتر و شیاوتر بۆ کوردیلە چاوگەشەکانی ئەمڕۆمان، کە هیوا و نەوەی داهاتووی کوردستانن، زامن و دابین دەکەن.

ئەی پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستان، ئێوە هەمیشە سەربەرز و بالأبەرزن، سەر و بالأتان، هاوبالأ و هاوربەرزی چیاکانی قەندیل و سەفین و ئاگری داغ و پیرەمەگروون و خاڵخاڵان و هەورامان و شاهۆ و زمناکۆن.. لە کوردستاندا

هەر چیایەک، هەر دارێک، هەر دۆڵ و تەلان و دەشتێک، هەر ئەشکەوتێک، هەر دێیەک و گەڕەکێک و شەقامێک،
بە دەیان چیرۆک و داستانی قارەمانێتی و نەبەردی ئێوەی کوردستان پەروەریان لە خۆگرتوون.
کوێربن ئەو چاوانەی کە بە سەرکەوتنەکانی ئێوەدا هەڵنایەن.. دەک لاڵبن ئەو زمانانەی بە ناشیرینی ناوتان دەبەن..
کەڕبن ئەو گوێیانەی گوێتان لێناگرن.

ئەی پێشمەرگەی کوردستان، چەند ستایشتان بکەین، چەند پێتاندا هەڵبدەین، چەند لە مەڕ دڵسۆزی و قارەمانێتی و جوامێریتان بنووسین.. دڵۆپێکن لە دەریای قارەمانێتی و بەخشینتان.. شکنابەین کە لە فەرهەنگەکانی زماندا، وشەیەک یا زاراوەیەک هەبن، کە هاوتای وشەی پیرۆزی(پشمەرگە) بن.

بە داخەوە کە لە ئەمڕۆدا، پرۆفایلی پێشمەرگە تێکەڵ بە حیزبی کراوە، هەر حیزبێک و هەر باڵێکی حیزبی هێزی تایبەتی خۆیان هەیە.. دەبوایە بەر لە هەموو شتێک هێزی پێشمەرگەی کوردستان یەکبخرایە و بە فەرمی بکرایە بە هێزێکی دامەزراوەیی نیشتمانی و، بکرایە بە ناوکی (سوپای کوردستان) هاوبەستەبوونیان بۆ کوردستان هەبێت نەک بۆ حیزبەکانیان.. زۆر جار لە راگەیاندن و میدیاکاندا گوێم لێبووە، دەڵێن (پێشمەرگەکانی حیزبی....) خۆزگە تەنها بە (پێشمەرگەکانی کوردستان) ناویان دەبردن.. لە چەند نووسینێکی پێشترمدا، را و بۆچوونەکانی خۆم لەسەر ئەم بابەتە باس کردووە.

### رۆژی ئاڵای کوردستان:

ئاڵا سونبوڵی پیرۆزی و شکۆداری و سەروەریی نەتەوە و نیشتمانە، هەر وڵات و هەر هەرێمێک ئاڵای تایبەتی خۆیان هەیە، رێزی لێدەگرن و شانازی پێوە دەکەن، هەر وڵات و هەر هەرمێک بە ئاڵاکەیدا دەناسرێتەوە.

ئاڵای پیرۆزی کوردستانمان، رەنگە گەش و جوانەکانی، گوزارشتن لە خەبات و خوێنبەخشین و لە سروشتی جوانی کوردستان و لە سەروەریی مێژوومان.

رۆژی شەممە (١٧ - ١٢ - ٢٠١٦) یادی حەفتاو یەکەمینی ساڵرۆژی هەڵکردنی ئاڵای کوردستانە، کە بۆ یەکەمین جار، لە شاری مەهاباد دا بەرزکرایەوە.. ئاڵای کوردستان، ئاڵای هیچ پارتێک نییە، بەڵکو ئاڵای هەموو کوردستانە.. ئەو ئاڵایەیە کە پێشەوای مەزن، قازی محەمەدی نەمر، سەرۆکی هەڵبژێراوی کۆماری کوردستان، سوێندی بە خوا و بە پیرۆزی ئاڵای کوردستان خوارد.

خۆشەویستیمان و رێزگرتنمان و بەرزڕاگرتنی پیرۆزی ئاڵای کوردستانمان، گوزارشتە لە دڵسۆزی و هاوبەستە بوونمان بۆ کوردستانی نیشتمانمان.. ئاڵای کوردستان سیمبۆڵی شکۆ و سەروەریی نەتەوەییمانە.

پێویستە هەر لە منداڵییەوە، خۆشەویستی و رێزی ئاڵای کوردستان، لە دڵ و هۆشی کوردیلەکانمان بڕوێنین.. کولتوور و نەریتێکی پەروەردەیی جوانە و بووە بە باوێکی دەفگرتوو، کە رۆژانی پێنج شەممان، لە هەموو قوتابخانە بنەڕەتییەکانی باشووری کوردستاندا، رێورەسمی (سڵاوی ئاڵا) سازدەکرێ. کە لە کاتی ریزبوونی قوتابییەکان و مامۆستاکانیان لە گۆڕەپانی قوتابخانەکەیاندا، سێ قوتابی پاک و جلوبەرگ رێک، بە زۆریش سێ قوتابی دیدەوان، بە جلی دیدەوانییەوە بەرەو ستوونی ئاڵا دەچن و ئەو قوتابییەی کە لە ناوەڕاستەوەیە دوو هەنگاو بەرەو ستوونی ئاڵا دەنێ و ئینجا لەسەرخۆی، ئاڵاکە تا لووتکەی ستوونەکە بەرزدەکاتەوە، هەموو قوتابییەکان پەنجەکانی دەستی راستیان دەخەنە لای گوێی راستیانەوە و، زۆر بە رێزەوە دەوەستن و، قوتابییەکان و مامۆستاکان پێکەوە سروودی نیشتمانیمان (ئەی رەقیب) دەڵێنەوە.. دواتریش لە لایەن چەند قوتابییەکەوە، هۆنراوەی نیشتمانی پێشکەش دەکرێن.. لە دوا وانەی خوێندنیشدا، بە هەمان رێزەوە ئاڵای کوردستان دەهێنرێتە خوارەوە و هەڵدەگیرێت بۆ پێنج شەممەی داهاتوو.. بێگومان ئەم رێورەسمەی هەڵکردنی ئاڵای کوردستانمان کاریگەرییەکی ئەرێنی لەسەر منداڵانی گەلەکەمان دەبێت، خۆشەویستی و رێزگرتن لە ئاڵای کوردستانمان، دەبێتە بەشێکی دەفگرتوو لە کولتووری گەلەکەمان و، هاوبەستەبوونیشمان بۆ کوردستان شیرینتر دەبێت.

لە وڵاتانی جیهاندا شێوەی گوزارشتی جیاواز هەیە لە رێزگرتن و لە سڵاوی ئاڵادا.. بۆ نموونە: لە ئەمریکا و ئیرلەندەدا، لە کاتی سڵاوی ئاڵادا، دەستی راستیان دەخەنە سەر دڵیان، ئەوانەشی کە شەبقەیان لە سەردابێت یەکسەر شەبقەکانیان دادگرن.. بەم شێوەیە گوزارشت لە رێز و لە خۆشەویستییان بۆ ئاڵاکەیان دەردەبڕن.. خۆزگە لە کوردستانی ئێمەشدا، دەبوو

بە باو لە کاتی سڵاوی بەرزکردنەوەی ئاڵای کوردستانمان، دەستی راستمان لەسەر دڵمان دادەنا، کە گوزارشتە لەوەیکە رێز و خۆشەویستی ئاڵا لە دڵماندایە.

بـا لە رۆژی ئـاڵای کوردسـتاندا، لە سـەربانی خانووەکانمانـدا ئـاڵای کوردسـتان بەرزبکەیـنەوە.. بـا لەم رۆژە پیـرۆزەدا هەموومـان جلـی کـوردی لەبەربکەیـن و، ئـاڵایەکی بەرەیەخـی کوردسـتان، لە یەخەی چەپمـان لە سـەرووی دڵمـانەوە هەڵبواسین.. با لەم رۆژەدا بەگەرمی و گەشی پیرۆزبایی لە یەکتری بکەیـن.. بـا لە کـاتژمێری هەشتی بەیـانی ئەم ڕۆژەدا، زەنگی رێزگرتنی ئاڵا لێبدرێت و، لە هەموو شەقامەکانی شار و شارۆچکەکانی کوردستاندا، بۆ مـاوەی پێنج خـولەک خەڵکی و ئۆتۆمبیلەکان لە شەقامەکاندا، بە رێزەوە لە شوێنی خۆیاندا بوەستن و هەر کەسێکیش دەستی راستی بخـاتە سەر دڵـی.. رێزگرتنمان بـۆ ئـاڵای کوردستانمان دەربـڕین.. بـا لەم رۆژەدا لە سەرجەم قوتابخانەکانـدا چـالاکی تـایبەتی شیاو ئەنجام بدرێت و منداڵانی شەهیدانی کوردستان رێزیان لێبگرن و خەڵاتیان بکەن.. بـا بـازاڕ و بەردەم کۆگاکـان بە ئـاڵای کوردستان بڕازێنرێنەوە .. با تەکسییەکانی شارەکان ئاڵایەکی بچووکی کوردستان بە تەکسییەکانیانەوە ببەستن.. با ماراسۆنی راکردن و گەیشتن بە ئاڵای کوردستان، لە شارەکاندا سازبکرێت.. رۆژی ئاڵای کوردستان زۆر لەم چالاکییانە زیاتر هەڵدەگرێت.

دیسان بە داخەوە ئەوندەی لە بۆنە نیشتمانییەکانمان و لە خۆپیشـاندانەکانمان ئـاڵای پـارتە سیاسییەکان لە کوردستاندا بەرزدەکرێنەوە.. چارەگی ئەوە ئاڵای کوردستانمان بەرزناکرێتەوە.. هیـواداریـن لەمەوە دوا، بە پێچەوانەوە بێت زیـاتر ئـاڵای کوردستان و کەمتر ئاڵای پارتە سیاسییەکانمان ببینین.

پیرۆزبێت رۆژی پێشمەرگەی کوردستانی نیشتمانی جوان و شیرینمان

پیرۆزبێت رۆژی ئاڵای پیرۆزی کوردستانمان.. هەردەم شەکاوبێت ئاڵاکەمان

نەمری و سەروەری بۆ سەرجەم شەهیدانی کـورد و کوردسـتان

نەرویـج:

سەرچاوە: ماڵپەڕی مالمو - رێکەوتی: ١٥ی دیسەمبەری ٢٠١٦

----------------------------------------

## رۆژی ئالا، رۆژی شوناس



**عەبدوڵڵا بەهرامی**

لە ساڵی ٢٠٠٤ەوە بە بڕیاری پارلمانی هەرێمی کوردستان ١٧ی دێسامبر وەک "رۆژی ئالای کوردستان" دیاری کراوەو لەو ساڵەوە رۆژی ئالای کوردستان بەرز رادەگیرێ.

دانانی ئالا وەک سیمبولێکی سەرەکیی هەر نەتەوەو وڵاتێک رووداوێکی زۆر گرنگە. لە پێوەندی لەگەڵ نەتەوەی کورددا کە ئێستاش لانیکەم لە دوو پارچە گەورەکەی کوردستان واتە باکوورو رۆژهەڵات دەرەتانی دانانی ئالا نیە، ئەم کارەی پارلمانی کوردستان گرنگییەکی تایبەتی هەیە. بەو پێیە کە پارلمانی کوردستان تەنیا دامەزراوەی دیمۆکراتیک و قانوونیی کوردەو جگە نوێنەرایەتیی خەڵکی باشووری کوردستان، لە باری مەعنەوییەوە تەعبیر لە ناخی هەر کوردێک لە هەر جێگایەک دەکا، تەنیا سەرچاوەیەکە کە دەیتوانی ئەم دەورە مێژووییە بگێڕێ.

ئەوەش کە پارلمانی هەرێمی کوردستان بە ئاوڕدانەوە لە مێژووی خەبات و دەسکەتەکانی کورد لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا بۆ پەسند کردنی ئالا هەنگاوی ناوە لە چەند بارەوە بایەخی مێژوویی هەیە. پارلمانی کوردستان بە پەسند کردنی ئالایەک کە کۆماری کوردستان وەک یەکەم دەوڵەتی مودێرنی کوردی بەکاریهێنابوو، لە راستیدا لەلایەک بیرەوەریی ئەم دەسەڵاتە کوردییەو دامەرزێنەرانو رێبەرانی ئەو، لە سەروویانەوە پێشەوا قازی محەمەد سەرکۆماری کوردستانی لە زەینی رۆڵەکانی نەتەوەکەماندا زیندوو راگرتوە. ئەم هەنگاوەی پارلمانی کوردستان لەلایەکی دیکەشەوە بۆتە مایەی پتەوتربوونی هاوپێوەندیی نەتەوەیی نێوان رۆڵەکانی ئەم نەتەوەکەمان. هەر بۆیە دەبینین رۆڵەکانی نەتەوەکەمان لە هەموو بەشەکانو لە هەر جێگایەکی ئەم دنیایە پێوەندییەکی مەعنەویی بەهێزیان لەگەڵ حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا

هەیە.

ناکرێ باسی ئاڵای کوردستان بکەینو ئاوڕ لە کۆماری کوردستانو سەرکۆمارە ئوستوورەییەکەی واتە پێشەوا قازی محەمەدو حیزبی دیمۆکراتی کوردستان وەک حیزبی دامەزرێنەری ئەم حکومەتەی پێشکەوتوویەی کورد نەدەینەوە. ڕێبەرانی ئەو کاتی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانو لە سەروویانەوە پێشەوا بەو دەسکەوتە زۆرانەی لە ماوەی کورتی دەسەڵاتی کۆماری کوردستاندا بۆ نەتەوەی کوردیان وەدەست هێنا، هەم شانازییەکی هەمیشەییان بۆ خۆیان تۆمار کردو هەم لە باری شوناسخوازییەوە نەتەوەکەمانیان گەیاندە ئاستێکی یەکجار بەرز. هەر ئەوەش بۆتە هۆی ئەوە کە ڕێبازی نەتەوەییو پێشکەوتنخوازانەی کۆمارو ڕێبەرانی ببێتە ئیلهامدەری خەباتکارانی کوردو دەسەڵاتی نەتەوەیی کورد لە باشووری کوردستان.

ئاڵا وەک سەرەکیترین سیمبولی هەر نەتەوەو دەسەڵاتێک دەورێکی گرنگی لە خۆ پێناسەکردنی نەتەوەو وڵاتاندا هەیە. ئەم سیمبولە هەمیشەییە بۆ هەر تاکێکی کورد کە هێشتا نەبۆتە خاوەنی حکوومەتێکی سەربەخۆ، کە جگە لە باشوور لە بەشەکانی دیکە لە حاڵی خەباتی ڕزگاریخوازی دایە، گرنگییەکی تایبەتی هەیە. تایبەت لەم بارەیەوە کە بزووتنەوەی کورد لە بەشە ڕزگارنەکراوەکانی کوردستانو تەنانەت لە باشووریش بۆ پتەوکردنی ڕۆحی نەتەوەیی و شوناسخوازانەی تاکەکانی کوردو سڕینەوەی شوێنەواری سیاسەتی تواندنەوەی کورد، بەر لە هەموو شتێک پێویستی بە چەسپاندنی هێماو سیمبولە نەتەوەییەکانی وەک ئاڵاو سروودی نەتەوەیی هەیە.

لە رووی ئەم پێویستییەوەیە کە بەدڵنیاییەوە دەتوانین بڵێین لە ئاستی هەموو پارچەکانی کوردستاندا نەک لە ڕۆژی ئاڵادا بەڵکوو هەموو ڕۆژێو هەمیشە پێویستە کار بۆ چەسپانی هەرچی زیاتری ئەم سیمبولە پیرۆزە بکەین. چونکە سیمبولەکانو لە سەروویانەوە ئاڵا دەتوانن کارتێکەریی زۆریان لە سەر هەستی شوناسخوازیی تاکەکانو بەتایبەت منداڵانو لاوەکان هەبێ. هەرچەند لە بەشێکی ژێر چەپۆکی وەک ڕۆژهەڵات بەکارهێنانی ئاڵا قەدەغەیەو تاوان، بەڵام بەو حاڵەش دەکرێ لانیکەم لە چوارچێوەی بنەماڵەکاندا باسی پیرۆزیی ئاڵاو سیمبولە نەتەوەییەکان بکرێو بۆ وێنە ئاڵا ببێتە مۆدێلێکی دیاری پێشکەشکردن. بەم چەشنە بەدڵنیاییەوە لە ماوەیەکی کورتدا شێوازێکی نەرمی خەبات کە گرنگییەکی زۆری هەیە، سەرهەڵدەدا.

لە دەرەوەی کوردستان، لە شارەکانی دیکەی ئەو وڵاتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوەو هەروەها لە وڵاتانی جۆراوجۆری دنیا حەشیمەتێکی چەند میلیۆنیی کورد دەژی. لەم جۆرە جێگایانە هۆکارەکانی بێگانەبوونی بەرەی نوێو لاوەکان لە شوناسی نەتەوەییانو توانەوەیان لە شوناسی باڵادەستدا یەکجار زۆرە. بۆیە یەکێک لە ڕێگاکانی کارکردن بۆ

ئاشناکردنی بەرەی نوێ لەگەڵ شوناسی نەتەوەکەیان بەکارهێنانی هێما نەتەوەییەکان لە سەروویانەوە ئاڵای کوردستانە.

لە پێوەندیی لەگەڵ چالاکیی کوردانی دەرەوەی وڵاتیشدا بەکارهێنانی ئاڵای کوردستان لە سەرووی هەموو هێما حیزبیو ڕێکخراوەییەکانەوە جگە لەوەی ئەرکێکی نەتەوەییە، ڕێگایەکیشە بۆ تەعبیرکردن لە نەتەوەکەمان لەلای نەتەوەکانی دیکەو وەلانانی جیاوازییە نێوخۆییەکانمان لە لای بێگانەکان.

لە کۆتاییدا دەبێ بڵێین ڕێزگرتن لە ئاڵای کوردستان ڕێزگرتنە لە شوناسی نەتەوەییو گیانی بەرزەفڕی ئەو شەهیدانەی گیانیان فیدای ئازادییو بەختەوەریی کوردو کوردستان کردو بە ئاواتی شەکانەوەی ئەو ئاڵایە گیانیان لەسەر بەری دەستیان دانا.

سەرچاوە : ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی : ١٨ی دێسەمبەری ٢٠١٤

---------------------------------------------

## ڕۆژی پێشمەرگە، ڕۆژی هەڵکردنی ئاڵای کوردستان



**عومەر باڵەکی**

هەر لەو کاتە دا کە ٢٦ی سەرماوەز بە "ڕۆژی پێشمەرگە" ناودێر کراوە، ڕۆژێکیشە کە تیایدا بۆ یەکەم جار ئاڵای کوردستان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان تیایدا هەڵکراوە. بۆیە دەبێ ئاواتە بخواز بین کە لە داهاتوویەکی نزیکدا ئاڵای کوردستان بە دەستی هێزی پێشمەرگە لە هەموو شارو گوندەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان جارێکی دیکە بشەکێتەوە.

ناوی پیرۆزی پێشمەرگە بۆ هێزی بەرگریکاری کورد، ناوێکە کە لە سەردەمی کۆماری کوردستانەوە بە بەژنو باڵای ئەو ڕۆڵە ئازاو جوامێرانەی گەلی کورد بڕاوە کە، بە فیداکردنی گیانیان هەوڵ دەدەن گەلی کورد بە مافو ئازادییەکانی بگاو لە هەمان حاڵدا پارێزەری ئەو مافو ئازادییانەشن.

ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٢٤ هەتاوی یەکێک لەو ڕۆژە مێژووییانەیە کە قەت لە بیرو زێنی تاکی کورد ناسڕێتەوە. چونکە لەو ڕۆژدا ئاڵای کوردستان بە فەرمانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سەربانی بنکەی سەرەکیی ئەم حیزبە لە شاری مەهاباد کە پایتەختی کۆماری کوردستان بوو، هەڵدرا. بە پێی ڕاپۆرتی گۆڤاری "کوردستان" کە بڵاوکەرەوەی بیری حیزبی دێموکراتی کوردستان بووە، بۆ یەکەمجارو بە ئاشکراو لە ڕێوڕەسمێکی بەشکۆدا و بە بەشداریی خەڵکێکی زۆر، ئاڵای کوردستان لەم شارە هەڵدرا.

٣٠ ساڵ لەوەی پێشیش حیزبی دێموکراتی کوردستان بە ناودێرکردنی ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەز وەک "ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان"، دەست پێشخەرییەکی جوانی کردو ناوی پێشمەرگەو بیرەوەریی یەکەم هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانی پێکەوە گرێ دا.

ساڵی ١٣٦٣ی هەتاوی، لە گەرمەی شەڕی داسەپاوی کوردستانو لە کاتێکدا کە هەموو ڕۆژێ هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە ئازایەتیو گیانبازیی خۆی بە گژ سوپای تاریکیو نەزانیدا دەچووەو زەبری گەورەو بەژانی لە پەیکەری سپای تاریکی دەدا، پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکرات بۆ قەدرزانیو ڕێزلێنان لە ئازایەتیو جوامێریی هێزی پێشمەرگە بڕیاری دا ڕۆژی هەڵکردنی ئاڵای کوردستان بکرێ بە ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان. لە ڕاستیدا پێشمەرگەو ئاڵا دوو سامانی نەتەوەیی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستانن کە هەردووکیان لە سێبەری کۆماری کوردستان دا گەشە و باڵایان کرد. ئاڵا ناسنامەو ڕەمزی نەتەوایەتی گەلی کوردەو پێشمەرگە پارێزەری ئەو ئاڵایەیە.

دوای نزیک بە ٧٠ ساڵ بە هۆی فیداکاریو ئازایەتیو خوێنو قوربانیدان، ناوی پێشمەرگە چۆتە نێو ئەدەبیاتی جیهانیو لەزمانە جۆراوجۆرەکانی دنیادا، وشەی "پێشمەرگە" بۆتە ناوێکی ئاشنا.

لە ماوەی ٧٠ ساڵی ڕابردوودا، دەوڵەتانی زاڵ بەسەر کوردستان بە هەموو توانای خۆیانەوەو لە ڕێگای پڕۆپاگەندەی زۆرەوە هەوڵیان داوە ناوی پێشمەرگە خەوشدار بکەنو لەبەر چاوی خەڵکی کوردستانی بخەنو لە دنیادا بە جۆرێک بیناسێنن کە بچێتە خانەی تیرۆریستو پیاوکوژ. بەڵام دەبینین لە بەرامبەر ڕەوایی، جوامێریو ئازایەتیی هێزی

پێشمەرگەدا، ئەو پرۆپاگەندانە نەک کاریگەریان نەبووە بەڵکو لە سەردەمی ئێستاداو بەهۆی ئاڵوگۆڕەکانی ناوچەو بەربەرەکانیی هێزی پێشمەرگە لە بەرامبەر تیرۆرو تۆقاندندا هەر ئەو دەوڵەتانە بە ڕەسمی ناوی پێشمەرگە وەک ڕزگاریدەرو پارێزەری مافە ئینسانیەکان دەهێنن.

لە هەلومەرجێکدا یادی ڕۆژی پێشمەرگە دەکەینەوە کە بە داخەوە هەتا ئێستاش ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بەچاوی ئەمنیەتییەوە دەڕوانێتە پرسی کورد. ڕۆژ نیە چەند کەس لە خەڵکی کوردستان بە بیانووی جۆراوجۆر ڕاپێچی ئیتلاعاتو زیندان نەکرێن.

بە پێی ئامارەکان زۆرترین ڕێژەی زیندانیانی سیاسی لە زیندانەکانی ئێراندا بەر چالاکانی سیاسیی و مەدەنیی کورد کەوتوە. ڕۆژ نیە لەسەر سنوورەکان کاسبکارانی کورد کە لە بەر بێکاریو هەژاری ڕوویان لە کۆڵبەری لە سنورەکان کردوە، نەکەونە بەردەسرێژی هێزە بە ناو ئینتیزامیەکانی کۆماری ئیسلامی و گیانیان لێ نەستێندرێ. بە کورتی ئەگەر چی ئەو ڕێژیمە خۆی وەک دۆستی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستان نیشان دەدا و بە ناوی دۆستایەتی لە گەڵ هیزە سیاسییەکانی کورد لە بەشەکانی دیکە، هەوڵ دەدا دەست بخاتە نێو ئالوگۆرە سیاسییەکانی ناوچە، لە نیوخۆی ئێران و لە پیوەندی لە گەڵ پرسی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان، بەداخەوە ئاڵوگۆڕێکی ئەوتۆی تێدا پێک نەهاتووە. ڕێگە نەدانی ئەو ڕێژیمە بە خەڵک بۆ هێنانەگۆڕی داخوازەکانیان لە ڕێگای ئاشتیخوازانەو مەدەنی یەوەو سەرکوتی هەر چەشنە نارەزایەتی دەربڕینێکی هێمنانە، پێمان دەڵێ کە بە هیچ جۆر نابێ لە شێوەکانی دیکەی خەبات و یەک لەوان بەرەنگاری لە بەرانبەر ستەم و تاوانەکانی ئەو ڕێژیمە بە هۆی هیزی پێشمەرگەوە، غافڵ بین. هەتا ئەو کاتەی ئەو ڕێژیمە هەموو دەرگاکانی بۆئاوڕدانەوە و گوێگرتن لە داخوازەکانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان داخستوون، بایەخدان بە بەرگریی پێشمەرگانە و پەنابردن بۆ خەباتی چەکداری لە هەلەومەرجی گونجاودا، دەبێ لە بەرنامەی چالاکیی و تێکۆشانی هێزە سیاسییەکانی کورد دا هەبێ.

لە کاتێک دا یادی یەکەم هەڵکردنی ئالا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و یادی ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان دەکەینەوە، کە نزیک بە ٣٠ کەس لە بەندییە سیاسییەکانی کوردستان لە بەندیخانەی ورمی، ٢٥ ڕۆژە مانیان لە خواردن گرتووە. ئەوان داوایەکی زۆر ئینسانی و سەرەتاییان هەیە: دەیانەوێ وەک بەندیی سیاسی رەفتاریان لە گەڵ بکرێ و ئەو مافانەیان هەبێ کە پێویستە هەر بەندییەکی سیاسی هەیبێ. لێرەوە جارێکی دیکە پشتیوانیی خۆمان لە مانگرتنەکەیان و لە داوا ڕەواکەیان دووپات دەکەینەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٦ی دێسەمبەری ٢٠١٤

## چەند دێڕێک لە بارەی "ئاڵا"ی کوردستانەوە



**سیروان کاوسی**

یەکێ لەو خاڵە بنگەهین و سەرەکییانەی کە بەهۆی کەمتەرخەمی و لاوازیی بیری نەتەوەیی کورد خۆیەوە، تاکو ئێستا لەسەری ڕێکنەکەوتووە، کێشەی "ئاڵا" یە. سەرەڕای خەباتێکی دوورودرێژی خوێناویی کە لەمێژووی نوێدا خۆی لەسەتوچل ساڵێکدەدات، هێشتا کورد خاوەنی ئاڵایەک نییە کە لای تێکڕای جەماوەری کوردستان و لای دنیای دەرەوەش هێما و پێناسەیەک بێت بۆ هەبوون (موجودیت) ی کورد وەک نەتەوەیەکی سەربەخۆ.

هۆی ئەم کورتی و ناتەواوییەش تەنیا بۆ حیزب وڕێکخراوەی ئۆتۆنۆمیخواز و کۆمۆنیستی ناگەڕێتەوە کە پتر لە نیوسەدە خەبات و چارەنووسی سیاسیی کوردیان گرێدا بە چوارچێوەی وڵاتانی داگیرکەر و، بۆ ڕازیکردنی دڵی داگیرکەران و پارتەچەپەکانی باندەستی کورد، بەداتاشینی بیرۆکەی چەوت و ناقۆڵا کەوتنە دژایەتیکردنی یەکگرتنەوەی کورد و دەوڵەت و ئالا و، ناسنامەی نەتەوەیی کورد، بەڵکو ئەم کێشەیە مێژوویەکی کۆنتری هەیە و، هەر لەشۆرشەکەی شێخ عوبەیدۆڵلا شەمزینییەوە تاکو شۆرشی ئەیلوول بەسەرۆکایەتیی بارزانیی نەمر کە بەدواقۆناخی سەرکردەیەتیی کلاسیکی کورد دەژمێردرێت، نەتەوەی کورد بەلانیکەمەوە زیاتر لە دە (١٠) شۆرش و بزووتنەوەی هەڵگیرساندووە، بەڵام جگە لە حکوومەتەکەی شای کوردستان مەلیک مەحموود لەباشووری کوردستان کە لەساڵی ١٩١٩ دادەزرا، "شۆرشی خۆیبوون" (بەسەرۆکایەتیی ئێحسان نووری پاشا) لە ١٩٣٠ بۆ ١٩٣٣



لە باکووری کوردستان، هەروەها کۆماری کوردستان بەسەرۆکایەتیی پێشەوا قازی لە رۆژهەلآتی کوردستان کە ئالآی فەرمیی خۆیان هەبووە و، بەوێنە و نووسراوە گەیشتوونەتە ئەمڕۆ، لەبارەی ئەوانی دیکەوە هیچ ئەرشیڤ و نووسراوەیەکمان لەبەردەستدا نییە و، نازانین نەخشە و رەنگی "ئالآ"ی هەر یەکێ لەو شۆرشانە چۆن بووە؟ ئەوی دەیزانین زیاتر پشتبەستنە بەوتە و گێڕانەوەی ئەو کەسایەتی و نیشتمانپەروەرانەی کە دوای نەمانی شۆرشەکان، لەبارەی رەنگەکان و نەخشەی ئالاکانەوە دواون. بێگومان هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بیرتەسکی و تێنەگەیشتنی ئەو نووسەر و رۆشنبیرانەی کە لەو کات و سەردەمانەدا ژیاون، رووداو و بەسەرهات و گرێوکۆسپی نێوخۆ و دەرەکی و ئالا و ئامانج و روانگەی شۆرشەکانیان بەراستی و دروستی تۆمارنەکردووە، کە وەچەکانی دوای خۆیان بتوانن سوودی لێ ببینن.

وەک ئاماژەم پێکرد، حکوومەتی مەلیک مەحموود خاوەنی ئالایەک بووە بەرەنگی سەوز لەنێوەراستیدا وێنەی مانگ کێشراوە، کە ئەمەش وەک زۆرێک لە ولآتانی ئیسلامیی ئەوکات و ئێستاش، لە ئالآی ئیمپراتۆریی عوسمانییەوە وەرگیرابوو. شۆرشەکەی "خۆیبوون" کە زۆر جاریش بە شۆرشی "ئارارات" نێودەبرێ و، بەیەکێ لە گەورەترین شۆرشەکان لەمێژووی کورد ئەژماردەکرێت، نەخشەی "ئالا" کەی، هەر ئەو ئالآی "ئێران" ی سەردەمی پاشایەتیی بوو بەو جیاوازییەوە لە نەخشەی ئالاکەی کۆمەڵەی خۆیبوون دا، هەتاو بەرەنگی زەرد، لەنێو هەتاوەکەشدا وێنەی دووچیای "ئاگری گەورە" و "ئاگری بچووک" کێشرابوو.



ئەوجا کۆمەڵەی "ژێکاف" کە وەک ڕێکخراوەیەکی نهێنی لەساڵی ١٩٤٢ی زایینیی سەریهەڵدا، لەگەڵ ئەوەی کە باوەڕی بەیەکگرتنەوەی کورد و کوردستان و کیانی کوردی بوو، بەڵام ئالای نەبوو، تەنیا لەسەر پەڕەی ڕۆژنامەی "نیشتمان"، وێنەی هەتاوی دەکێشا. دواتر کە لەساڵی ١٩٤٦ی زایینیی، کۆماری کوردستان لەسەر بناخەی هزریی کۆمەڵەی ژێکاف دامەزرا، بەفەرمیی بڕیاری لەسەر هەڵبژاردنی "ئالا" بۆ کۆمارەکەی کرد، کە نەخشەکەی بەمجۆرە بوو: ڕەنگی سۆر لەسەرەوە، بەنیشانەی شەهیدانی کوردستان، ڕەنگی سپی لەنێوەڕاست بەنیشانەی ئاشتی، ڕەنگی سەوز لەخوارەوە بەنیشانەی ئاوەدانی و سروشتی جوانی کوردستان. ئەوجا لەنێوەڕاستیدا دوو چەپکە گەنم وەک



کەوان کێشراوە، بە کەتانی سۆر پێچراوەتەوە، کە نیشانەیە بۆ کشتوکاڵ و بەروبووی کوردستان، لەنێو کەوانەکەدا قەلەمێک بەنیشانەی خوێندەواری و زانست، لەژێر قەلەمەکەش وێنەی هەتاو کێشراوە کە ڕۆناکیی بە وڵات دەبەخشێت. هەڵبژاردنی هەتاو هەروەها پێوەندیی ڕاستەوخۆی هەیە بەمیتۆلۆژیا و ئاینەکۆنەکانی کوردەوارییەوە وەک میترایزم و زەردەشتی و، مەزدانیزم کە مێژووەکەی بۆ چەند هەزارساڵێک دەگەڕێتەوە. لۆگۆی نێو ئەم ئالایە، لەسەر ڕاگەیەندراوە و نامەفەرمییەکانی سەرکۆمار و وەزارەتەکانی کۆماردا دادەنرا.

دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان، لەساڵی ١٩٦٤ دا کۆنگرەی دووی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بەسەرۆکایەتیی ئەحمەد تۆفیق لەژێر دروشمی "سەربەخۆیی بۆ کوردستان" لەگوندی "سوونێ" لەباشووری کوردستان بەڕێوەچوو، هەر ئەو ئالایەی کۆمار لە کۆنگرەدا بەرزکرایەوە بەبێ هیچ گۆڕانێک. لە کۆنگرەکانی دواتری حیزبدا، لەگەڵ لکاندنی نێوی "ئێران" بەپاشکۆی نێوی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانەوە، لۆگۆی نێو ئالای کۆماریش گۆڕدرا و، وێنەی هەتاوێکی گەش لەجێی دانرا.

ئەم ئالا تازەیە هەر لەسەرەتای هەشتاکانی زایینییەوە، لەلایەن نیشتمانپەروەران و ڕێکخراوەی نەتەوەیی و لەگۆڤار و ڕۆژنامە نەتەوەییەکان بەتایبەتیی لەدەرەوەی وڵات وەک ئالای کوردستان قەبووڵکرا. پاسۆک کە لە سەرەتای هەشتاکان دامەزرا، کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان لەساڵی ١٩٨٥ و پارتی سەربەخۆیی کوردستان لەسەرەتای هەشتاکان لەدەرەوەی

وڵات دامەزران، لەکۆنگرە و سەمینار وبۆنە نەتەوەییەکاندا ئەم ئالا تازەیان دادەنا. دوای ئەوەی ساڵی ١٩٩١ "هەرێمی دژە فڕین" لەبەشێکی زۆری باشووری کوردستان لەلایەن وڵاتانی هاوپەیمانەوە دامەزرا، کەسایەتی نیشتمانپەروەر و خەمخۆری ناوداری کورد مامۆستا عەبدوڵڵا پەشێو لەسەمینار و دانیشتن و کۆڕی شیعری هەزاران کەسی و دیدارەکانی لە باشووری کوردستان، رۆڵی گەورەی گێڕا لە تێگەیاندنی لایەنی سیاسی و جەماوەری کورد بەگشتی لە گرنگی و پێویستیی ئالا وەک ناسنامەی نەتەوەیی.

لەنێو حیزبەکانی رۆژهەڵاتیشدا کە ژمارەیەکیان لەباشوور دامەزروان، یەکێتیی شۆرشگێڕانی کوردستان لە پێش هەموویانەوە دوای دامەزرانی لەساڵی ١٩٩٢، ئاڵای کوردستانی لەسەر بنکەی پێشمەرگەکانی هەڵدا و، بەدرۆشمی سەربەخۆیی بۆ کوردستان چالاکیی سیاسی و چەکداریی دەستپێکرد. ئەم حیزبە دواتر ناوەکەی گۆڕی بۆ "پارتی ئازادیی کوردستان". ئێستا جگە لەحکوومەتی هەرێم، هەروەها تێکڕای حیزب و رێکخراوەکانی رۆژهەڵات و باشوور ئالای کوردستان لەسەر بنکە و بارەگە و لە بۆنە و کۆنگرەکانیاندا هەڵدەدەن. نێزیک بە چارەکە سەدەیەکە لەنێوخۆ و لەدەرەوەی وڵات هەڵکردنی ئالای کوردستان بووە بە نەریتێکی نەتەوەیی و لەبۆنەنەتەوەییەکان بەتایبەتیی لە جێژنی نەورۆز، لەشار ولادێ، لە دەشت و داوێنی چیا و مێرگ و چیمەن، لە شایی و سەما و خۆشی و لەگەڵ خوێندنی سروودی نەورۆز، ئالای کوردستان بەسەر دەستی کیژان و کوڕان و گەورە و بچووکی کوردەوارییەوە دەشەکێتەوە.

بەکورتی، نەتەوەییەکانی کورد لەهەر دوو بەشی باشور و رۆژهەڵات و لەدەرەوەی وڵات، رۆڵی گەورەیان گێڕا لەوەی کە لای جەماوەری کوردستان و لەئاستی دەرەوەش ئەم ئالایە، بەئاڵای کوردستان بناسرێت.

رێکەوتی ١١ - ١١ - ١٩٩٩ پەرلەمانی کوردستان بەتێکرای دەنگ ئەم ئالا سێ رەنگەی وەک ئاڵای فەرمیی



حکوومەتی هەرێم پەسندکرد. ئیستا ئەم ئالایە، نەک هەر لەباشوور و رۆژهەڵاتی کوردستان، بەڵکو لەئاستی

نێودەوڵەتیش، بەئاڵای کوردستان دەناسرێت.

ئەوی مابێ لێدوانیکی کورتی لەسەر بکەم، جێنەکەوتنی ئاڵای کوردستانە لە هەردوو بەشی باکوور و رۆژاڤای کوردستان. وەکدەزانین پارتی کرێکارانی کوردستان، لەو دوو بەشەی کوردستاندا پێگەیەکی جەماوەریی گەورە و بەهێزی هەیە. پێ کێ کێ لەماوەی دامەزرانییەوە تاکو ئەمڕۆ گەلێک داهێنانی گرنگی لەبواری ئابووریی سەربەخۆ،

میدیا،شەڕی چەکداری و رێکخستنی جەماوەریی ئەنجامداوە. پیلانگێریی بەردەوامی سیاسی و چەکداری و دیپلۆماسی رژێمی تورکیای تووشی شکست کردووە. بەرخۆدانی شەرڤانانی پێ کێ کێ لە "کۆبانێ"، لەم دوو مانگەی دواییدا، نێوبانگی ئازایەتی و ئازادیخوازی و بیری پێشکەوتنخوازانەی کوردی بەهەموو جیهاندا بڵاوکردەوە. پێ کێ کێ هاوکات لەگەڵ ئەم خزمەتە گەورە و بەرچاوانەی، هەروەها بە پەسندکردنی سروودی نەتەوەیی "ئەی رەقیب"، هەڵوێستێکی نەتەوەیی گەورەی نواند و بێ هیچ کێشەیەک سروودی "ئەی رەقیب" بوو بە سروودی نەتەوەیی لەسەرتاسەری کوردستان. ماوەتەوە سەر "ئالا" کە پێ کێ کێ لەپێناو یەکێتیی نەتەوەیی لەسەر ئەم خاڵە بنگەهینە نەتەوەییەش رێکبکەوێ و ئالای کوردستان پەسندبکات، بەمەش نەتەوەی کورد هەنگاوێک لەوستراتیژە هاوبەشە نێزیکدەبێتەوە کە مەبەست لێی، رزگاریی یەکجارەکیی نیشتمان و دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی سیکۆلار و مودێڕنە لەسەرتاسەری کوردستان.

هەر شەکاوە بێت ئاڵای بەرز و پیرۆزی رزگاری و سەربەخۆیی کوردستان!

سەرچاوە : ماڵپەڕی پێنوسەکان - رێکەوتی : ١٩ی دێسەمبەری ٢٠١٤

--------------------------------------------------

# ئاڵای کوردستان ڕەمزی هەرمانی نەتەوەی کوردە



ئاریتما موحەممەدی

ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەزی ساڵی ٢٦٤٥ی کوردی ئاڵای کوردستان لەلایەن هێزی پێشمەرگەی کۆماری کوردستانەوە هەڵکرا، ئەمڕۆ ٢٦ی سەرماوەز ڕۆژی فەرمی ئاڵای کوردستانە لە هەرێمی باشووری کوردستان و هاوکات ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستانیشە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. بەو مەبەستەش لەلایەن خۆمەوە پڕ بەدڵ پیرۆزبایی ئەو ڕۆژە مەزنە لە هەموو گەلی کورد، بەتایبەتی باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکەم!.

ئاڵا ڕەمزێکی مەزن و بنەڕەتی هەر نەتەوە و خەڵک و کۆمەڵگایەکە، نەتەوەی کوردیش وەک نەتەوەکانی دیکە ئەو مافەی هەیە کە ئاڵای تایبەت بەخۆی هەبێت، و لە بۆنە تایبەتییەکانیدا وەک هێمای نەتەوەیی و هەرمانی کورد کەڵکی لێوەر بگرێت، ئاڵا لەلایەن حوکوومەت، دەسەڵاتی وڵاتەوە یان خود لەلایەن پارت و ڕێکخراوگەلێکی تایبەتەوە وەک هێما و ڕەمزی نەتەوەیی دیاری دەکرێ و پێناسەی دەکەن و هەڵ دەکرێت. تا ئەوەندەی کە من ئاگادار بم تاکوو ئێستا لە هیچ قوژبنێکی جیهان ئاڵا لەلایەن گەلەوە دەنگی پێنەدراوە و دیاری نەکراوە، بەڵکوو لەلایەن لیژنەی تایبەتەوە کە ڕاستەوخۆ لەلایەن پارلەمانی وڵاتەوە سەرپەرەشتی کراوە، بۆ پێشنیار کردنی چەند ڕەمز و ئاڵا، دواتر پارلەمانی وڵات دەنگی لەسەر داوە و زۆر جاریش پێش ئەوە کە ئاڵا لەلایەن پارلەمانەوە دیاری بکرێ و لیژنەی تایبەتی بۆ ڕێکبخرێ، وەک هێما و سیمبوولی نەتەوەیی لەناو گەلدا جێکەوتووە، ئاڵای چوار ڕەنگی کوردستان، سوور، سپی، زەرد و سەوز لەو ئاڵانەیە کە پێش درووست بوونی حوکوومەت و پارلەمانی کوردستان، بەپێی دۆخی سیاسیی و کۆمەڵایەتی کوردستان و بەپێی ئەو بارودۆخە کە شۆڕشەکانی کورد و ڕاپەڕینەکانی ئەم نەتەوەیە تێپەڕیان کردووە، پێک هاتووە و وەک هێمای مەزنی

کوردستان گەشاوەتەوە، هاوکات دووژمنانی کوردستان ئەو ئالایە بە ڕەمزی نەتەوە کورد پێناسە دەکەن و وەک هەڕەشە بۆ سەر دەسەڵاتی سیاسیی و لەت لەت بوونی وڵاتەکەیان پێناسەیان کردووە. وڵاتێک کە لە داگیر کردنی خاکی نەتەوەی کورد پێکهاتووە.

### مێژووی ئاڵا؛

مێژووی درووست بوونی ئاڵا بۆ دەیان هەزار ساڵ پێش ئیستا دەگەڕێتەوە و کاتێک کە مرۆڤە سەرەتاییەکان بۆ ناساندی دۆست و دووژمنی خۆیان لە پێستی حەویوان کەڵکیان وەر گرتووە و وەک ڕەمز و ڕەنگ و هێمای خۆیان پێناسەیان کردووە. لە مێژووی میسر،ی کۆندا هاتووە کە ئەوان لە دارێکی درێژ کە پەیکەرێکی ئاسنینی بەسەرەوە بەسترابووە، وەک هێما و ڕەمزی نەتەوەیی خۆیان کەڵکیان لێوەر گرتووە و پێناسەیان کردووە. بەڵام ئەگەر باس لە مێژووی ئاڵا لە پەڕۆ یان پارچە بکەین، ئەوا دەبێ بڵەیین کە چینی،یەکان و هیندی،یەکان یەکەمین خەڵک بوونە کە ئاڵایان لە پەڕۆ و پارچە ساز کردووە. لە یەکێ لە سەرچاوە مێژووییەکاندا هاتووە کە ١١٠٠ - ١٢٠٠ ساڵ پێش لەدایک بوونی مەسیح، چینی،یەکان لە ئالای پەڕۆ و پارچە کەڵکیان وەر گرتووە. دواتر یوونان،ییەکان و ڕوومییەکان ئالای پەڕۆ و پارچەیان بەکار بردووە، بەتایبەت لە کاتی ڕاگەیاندنی شەڕ و ئاشتیدا وەک هێمای سەرکەوتن بەکاریان هێناوە.

### مێژووی ئاڵا لە کوردستان؛

ئەگەر باس لە مێژووی ئاڵا لە کوردستان و زاگرۆس بکەین، ئەوا بوونی ئاڵا بۆ هەزاران ساڵ پێش ئیستا دەگەڕێتەوە، ئاگر وەک ڕەمزی سەرکەوتن و خۆشی و شادی لە کوردستان کەڵکی لێوەر گیراوە، بۆ نموونە لە جێژنی ماددەکان و سوومێری،یەکان ئاگر ڕەمزی سەرکەوتن و خۆشی و شادی بووە. هەروەها لەکاتی ڕوودانی ڕووداوێکی ناخۆش یا خود لە بەرامبەر هێرشی دەرەکی بۆ ئاگادار کردنەوەی هەموو سپا و حوکوومەت و ناردنی پەیام بۆ ناوچەکانی دیکە لە کردنەوەی ئاگر کەڵکیان وەرگرتووە. دواتر ئاگر و خۆر وەک هێما و سیمبوولی نەتەوەیی مادەکان و زەردەشتییەکان جێکەوتووە و هەردەم لە بۆنە ئایینی و تایبەتییەکانیاندا وەک بەشێکی گرینگ و پڕ بایخی کولتووریان پێناسە کراوە. ئەو بەشە لە کولتووری ماد،ەکان لە پاش تێپەڕبوونی سەدان قۆناغی گرینگ و پڕ باییخ لە جیهان و ناوچەکە، ئیستاش لە کوردستان ماوە و لە جێژنی نەورۆز لە ئاگر وەک ڕەمزی نەتەوەیی و مێژوویی کەڵک وەردەگرن و هەمیشە لە بۆنە خۆشی و شادییەکان بەشێکی دیاری ئەو ڕێوڕەسمانەی پێکهێناوە. مێژووی ئاڵا لە ئەورووپا زۆر دوورودرێژ نییە، کۆنترین ئاڵا لە ئەورووپا ئاڵای وڵاتی دانمارک بووە کە مێژووەکەی بۆ ٧٩٤ ساڵ پێش ئیستا دەگەڕێتەوە. ئەو ئالایە پارچەیەکی سوور بووە کە هێمای لە

خاچدانی مەسیحی لەسەر بووە.

## گرینگی و بایەخی ئاڵا؛

بەپێی سەرچاوە مێژووییەکان هەر بنەماڵەیەکی دەولەمەند یا ئاغا و فیۆدال، یان خود هەر کاروانێکی بازرگانی ئاڵای تایبەت بەخۆی هەبووە و هەمیشە لە کاتی سەفەر بۆ ناسینەوەی ئەو کاروانە کە هی چی وڵات و ناوچەیەکە و لە کوێوە هاتووە، ئاڵایان بەکار هێناوە و کەڵکیان لە ئاڵا وەر گرتووە. ئەوەش بەو مانایە دێت کە ئاڵا ڕەمزی هەرمانی هەر نەتەوە و وڵاتێکە، بوونی ئاڵا پێویستییەکی حاشا هەڵنەگرە و بۆ ئەوە کە نەتەوەیەک کیانێکی سەربەخۆ دابمەزرێنێت، دەبێت پێش ڕاگەیاندنی ئەو کیانە سەربەخۆیە ئاڵا و سروودی نەتەوەیی هەبێت، یان خود کارئاسانی کردبێت بۆ یەکخستنی گوتاری هاوبەش بەمەبەستی وەگەڕ خستن و پێکهێنانی دەوڵەتی نەتەوەیی، ئەو قۆناغانەی بڕیبێت و کۆمەڵێک ڕێکاری نوێی خستبێتە گەڕ بۆ ئەوە کە هەستی نەتەوەیی و هێمای گەل بەئارەستەیەکی دیاری کراوی هاوبەش ببات و هەنگاوی پێ بنێت.

ئاڵا کۆمەڵێک ڕەنگوبۆی تایبەت بە وڵات و کۆمەڵگا جیاوازەکان لەخۆ دەگرێت و پێک دێنێت کە بەپێی سرووشتی ئەو ناوچە و دابونەریتی ئەو کۆمەڵگانە لە ڕەمز و سیمبوولیان ڕەنگ دەداتەوە و هاوکات واتای جیاوازی هەیە، بەپێی سەرچاوە مێژوویەکان ئاڵا یان خود ڕەمزی چەنگیز خانی مەغوول لە کلکی ٩ ئەسپ پێکهاتبووە، لەبەر ئەوە کە سەرکردەیەکی مەزن بووە و هەمیشە لە شەڕدا ئەسپی بەکار هێناوە، هۆکارەکەشی ئەوە بووە کە لە کلکی ئەسپ ڕەمزی وەر گرتووە، ئەسپیش لەو سەردەمەدا تاکە کەرەستەی گرینگی شەڕەکان و هەروەها خێرایی بووە، هەر وڵات و هۆزێک ئەسپی باشی هەبوایە ئەوا سەرکەوتنی مەزنی بەدەست دەهێنا.

## ڕەنگەکان بەواتای مانای جیاوازن؛

ئاڵای وڵاتانی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست لە کۆمەڵێک ڕەنگوبۆ کە تا ئاستێک لەیەک نزیکن، پێک دێت، بەڵام لە واتا و مانادا زۆر لەیەک جیاوازن، بۆ نموونە ڕەنگی سەوز لە وڵاتە ئیسلامییەکان بەواتای موسوڵمان - ئیسلام بوونی ئەو وڵاتەیە، بەڵام ڕەنگی سەوز لە ئاڵای کوردستان بەواتای سەرسەوزی، سرووشتی جوان و دارستان و دەوڵەمەندبوونی خاک و ئاوی کوردستانە، ڕەنگی سوور لە ئاڵای کوردستان بەواتای خەبات و تێکۆشان لە پێناو سەربەخۆیی و ڕزگاری نەتەوەیی کورد لەژێر دەستی و خوێنبازی و لەخۆ بردووییە، ڕەنگی سپی بەواتای ئاشتی و ئارامی و هەوڵدان بۆ ژیانێکی بەختەوەر و

کامەرانیی و بەرابەرییە، ڕەنگی زەردیش بەواتای مانەوەی شارستانییەت و تەمەدوونی بەردەوام لە کوردستان و گرینگ بوونی خۆر بۆ خاکی کوردستانە، چونکوو وڵاتێکە کە بۆ کشتوکاڵ گونجاو و لەبارە، هەروەها خۆر لە ئایینی کۆنی کوردان بە هێمایەکی پاک و پیرۆز پێناسە کراوە و هەمیشە جێگای بایەخ و ڕێزی مادەکان و باوباپیرانی ڕابردوومان بووە.

### هۆکاری گۆڕانکاری لە ئاڵا؛

ئاڵای بەشێک لە وڵاتان بەپێی بارودۆخ و پێشکەوتنی شێوەی ژیان و ڕۆخان و هاتنە سەرکاری حوکوومەت و سیستم و دەسەڵاتی نوێ، ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتووە و ڕەمز و هێماکانیش بەپێی هەمان بارودۆخ گۆڕانکاری تێدا کراوە، بۆ نموونە ئاڵای کۆماری کوردستان کە ئاڵای فەرمی کۆمار بووە لەگەڵ ئاڵای ئیستای کوردستان جیاوازە، ئاڵای کۆمار لەهەمان چوار ڕەنگی ئیستا ئاڵای کوردستان پێکهاتبوو، بەڵام چەند هێمای جیاوازی لەخۆ گرتبوو، ئەو ئاڵوگۆڕەش بەواتای پێکهاتنی گۆڕانکارییە لە کۆمەڵگای کوردستان.

سەرچاوە: ماڵپەری پێنوسەکان - ڕێکەوتی: ١٧ی دێسەمبەری ٢٠١٣

-----------------------------------------------

## ئاڵای کوردستان و پێشنیارێک



**چیا کوردستانی**

شایانی باسە کە هەر وڵات و هەریمێک ئالای تایبەت بە خۆی هەیە و ئاڵاش ڕەمزێکی گرینگ و پیرۆزی وڵاتانە. وڵاتەکانیش بە ئالاکەیانەوە دەناسرێتەوە و هەر وڵاتێکیش بە شێوەیەک لە شێوەیەکان پێناسەی ئەو وڵاتەیە و

تایبەتمەندیەکانی هەر وڵاتێک لە لە ناو ئاڵاکەیدا خۆی دەنوێنێت. کوردستانیش ئەگەرچی تاکوو هەنووکە وڵاتێکی سەربەخۆ نیە، بەڵام لە بەشێکی نیشتمان واتە باشووری کوردستان زیاتر لە دوو دەیەیە کە حکومەتێکی نیوە سەربەخۆ و ئاڵای خۆی هەیە کە ئەو ئاڵایە بۆتە سومبولی حکومەتی هەریمی کوردستان هەروەها بەشێکی زۆری دانیشتوانی کوردستان.

سەبارەت بە ئاڵای کوردستان ئەوا لە ماڵپەری حکومەتی هەریمی کوردستان دا پێناسەی ئاڵای کوردستان بەم چەشنە کراوە:

## ئاڵای کوردستان

هەموو گەلانی سەر رووی ئەم زەمینە، ئەوانەی سەربەستن یان بە شێوەیەکی فیدرال دەژین خاوەنی ئاڵای خۆیانن، ئاڵای کوردستانیش ئاڵای کوردستانی فیدراڵە و لە تەواوی ئەو ناوچانەی لە ژێر دەسەڵاتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دان، لە داموو دەزگا حکوومییەکان و ئۆرگانە ڕسمییەکان شەکاوەیە.

## پێناسەی ئاڵای نەتەوەیی کوردستان

ئاڵای کوردستان لە سێ ڕەنگ و دروشمێک لە ناوەندی پێکهاتووە.

### ڕەنگەکان:

ئاڵای کوردستان لە لاکێشەی ئاسۆیی پێکهاتوە، لاکێشەی سەرەوە رەنگی سوورە، ئەوەی ناوەند ڕنگی سپی یە، و لاکێشەی خوارەوە ڕەنگی سەوزە.

بەرینی ئاڵا دوو لەسەر سێی درێژییەکەیەتی.

### دروشمی نەتەوەیی:

دروشمی نەتەوەیی ئاڵای کوردستان خۆری زێڕینە، ئەم خۆرە ٢١ پەڕ (تیشک)ی یەکسان و هاوشێوەی هەیە.

بە لەبەرچاوگرتنی دوو لەسەر سێ یەتی قەبارەی ئاڵا، خۆری زێڕین بە پەڕەکانییەوە یەک(١) پێوەرە و بەبێ پەڕەکان نیو

(٠.٥) پێوەر، ئەم پەڕانە شێوەیان ڕاستە و لە دەرەوە خالێکی تیژ دروست دەکەن.
خۆرەکە دەبێ ڕێک لە چەق (ناوەندی) ئاڵای کوردستان جێگیر بێت.

خۆر بەشێوەیەک جێگیر کراوە کە ستوونی ناوەندی ئاڵا بە ناو خاڵی تیژی بەرزترین پەڕ(تیشک) تێدەپەڕێت .

### چۆنییەتی پێکهاتەی ڕەنگەکان:

### ڕنگەکانی ئاڵای کوردستان بە شێوەی خوارەوەیە:

سوور : PMS 032

سەوز : PMS 354

زەرد : PMS 116

### شێوەکانی بەکار هێنانی ئاڵا:

١- هەڵواسینی بە دارا، پێویستە خۆرەکەی لە هەردوو ڕووەوە دیار بێت.
٢- بەرز کردنەوەی لە باری پانی، ڕەنگی سور لە سەرەوە و ڕەنگی سەوز لە خوارەوە.
٣-.بەرز کردنەوەی لە باری درێژی، ڕەنگی سور لە لای چەپ و ڕەنگی سەوز لە لای ڕاست.
٤- لە یەخەدانی وەک ڕۆزێت لە سەر سینگ، لە لای چەپ لە سەر دڵ هەڵ ئەگیرێت.
٥- لە سەر مێز دانانی ، پێویستە بە لای چەپدا بشکێتەوە.

ئەم پێناسەیە سەرەڕای باشی خۆی بەڵام کەموکوری هەیە کە من لێرەدا وەک پێشنیار باس لەو خاڵانەدەکەم کە دەبوو لە پێناس و باسی ئاڵادا ئاماژەیان پێ کرابا.

هەرچەند کە لە کوردستان نزیک بە ساڵێکە ڕۆژی ١٧ی مانگی کوتایی ساڵی زایینی وەک ڕۆژی ئاڵا دیاری کراوە کە هەرچەند زۆر درەنگ بوو، بەڵام ئەوەش هەنگاوێکی زۆر باش و پێویست بوو. ئەوەی شایانی باسە کە ئاڵای کوردستان تاکوو ئێستا بە شێوەیە کە دەبێ وەک سومبوڵ چاو لێبکرێت چاوی لێ نەکراوە و بە فەرمی ڕەنگ و هێماکانی شی

نەکراونەوەتەوە و هەروەها کات و بۆنەکانی شەکاندنەوەی و هێنانەخوارەوەی دیاری نەکراون، کە دەبێ بە فەرمی ئەوانە دیاری بکرێن و هەموو تاکێکی نیشتمانیش ئەوە بزانێت.

**١- دیاری نەکردنی کاتی شەکانەوەی ئالاَ:** لە نوسراوی ماڵپەری حکومەتی هەریمی کوردستاندا تەنیا ئاماژە بەوە کراوە کە ئالاَی کوردستان لە تەواوی ئەو ناوچانەی لە ژێر دەسەلاَتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دان، لە داموو دەزگا حکوومییەکان و ئۆرگانە ڕسمییەکان شەکاوەیە و باسی کاتی شەکانەوە و هێنانە خوارەوەی نەکراوە و وەک دەشبینین ئالاَی کوردستان شەکاوەیە بە بەردەوامی تاکوو تەواو لەت لەت دەبێت و هەروەها ئەو بۆنانەی کە نەکراوە کە بە بڕوای من لە هەر وڵاتێک دا ئەوا کات و بۆنەکانی شەکاندەوەی ئالاَ دیاری کراوە کە دەبێ ئاوانیش دیاری کراو بن و بەم شێوەیە نەبێت کە هەنووکە هەیە کە بەراستی ئاوا لە پیرۆزی ئالاَ کەم دەکاتەوە بە شێوەیەک کە بە دەیان ئالاَی دڕاو و لەکار کەوتوو دەبینی کە هەر کەس و لایەنەی حکومی بۆخۆی بە پێ خۆشبوونی خۆی لە سەر مەقەر یان ناوەندی خۆی بەرزی دەکاتەوە. کە بەراستی جێگای تێڕامانە.

**٢- شی نەکردنەوەی مەبەست و واتای ڕەنگەکانی ئالاَی کوردستان** ئالاَی کوردستان کە لە چوار ڕەنگ پێک هاتووە (سور، سپی، سەوز، زەرد): پێویستە ئەو ڕەنگانە شی بکرێنەوە هەرچەند کە بە شێوەیەکی نافەرمی ئەو ڕەنگانە لە لایەن کەسانێکەوە (ڕەنگی سوور بە واتای شەهیدانە و ڕەنگی سپی ڕەنگی ئاسمانە و ڕەنگی سەوزیش بە مانای سروشت دێت و ڕەنگی زەردیش بەواتای هەتاو دیت. هێمای هەتاویش کە لە ناوەندی ئالاکەدا جێگای خۆش کردوە بە واتای ئازادی و روناکایی دێت.)شی کراونەتەوە بەلاَم پێویستە بە شێوەیەکی فەرمی لە ناو پێناسەکەی ماڵپەری حکومەتی هەریمی کوردستان دا مەبەست و واتای هەر کام لە ڕەنگەکان بە روونی باس بکرێت.

پێویستە حکومەتی هەریم ئەو شوێنانە دیاری بکات کە دەبێ ئالاَیان لەسەر هەڵدرابێت بۆ نمونە ئیدارە حکومیەکان و هەروەها هەموو قوتابخانە و زانکۆکان. هەروەها دەبێ کاتی هەڵدانی و داگرتنیشی دیاری بکات نەک ئەوەی کە ئالاَکە هەمیشە هەڵدرابێت و تاکوو تەواو لە بەین دەچێت. بۆ نمونە دەکرێت کاتی دەوامی فەرمی بە کاتی هەڵدانی ئالاَ لە هەموو شوێنەکان دیاری بکات و هەروەها کاتی خۆر ئاوا بوونیش بە کاتی داگرتنی ئالاَ دیاری بکات.

٣- هەروەها کۆمەڵێک روداو و کارەسات و هەروەها کوچی دوایی کەسایەتی نیشتمانی هەن کە سەرەڕای ئەوەی کە حکومەتی هەریم بە بۆنەی جیاواز ڕێز لە روداو کارەساتە دەکات کە بەلاَم وەک ڕێزێک وا باشە کە لە کاتی یاد کردنەوەی ئەو کارەسات و کۆچانە دا (بۆ نمونە کارەساتی ئەنفال و کیمیا باران و کۆچی دوایی شێرکۆ بێ کەس و ...) دا ئەوا ئالاَی


کوردستان بە نیوە هەڵدراوەیی هەڵدەن. کە ئەوەش وەک رێزێک بۆ ئەو کارەسات و رووداوانەیە.
ئەوانەش دەبێ لە ناو رۆژمێر دا بگەنجێنن تاکوو هەموو لایەنێک پێی بزانێت و جێ بەجێی بکات.

بە لە بەر چاو گرتنی ئەو خاڵانە بۆ ئاڵا ئەوا پیرۆزی و متمانە سەبارەت بە ئاڵای کوردستان زیاتر دەبێت وەک هەموو وڵاتانی جیهان بە رێسا و یاسایەکی تایبەتیان هەیە بۆ ئاڵاکەیان.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - رێکەوتی: ١٧ی دێسەمبەری ٢٠١٣

---------------------------------------------

## با ئاڵای کوردستان هەوێنی یەکبوونمان بێت



**قادر وریا**

پارڵمانی کوردستان لە ساڵی ٢٠٠٤ەوە (بە بڕیاری ژمارە ٤٨ لە ١٩ - ٦ - ٢٠٠٤) رۆژی ١٧ - ١٢ی هەموو ساڵێکی بە رۆژی رێزگرتن لە ئاڵا دەسنیشان کردوە.

لە ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٢٤(١٧ی دیسامبەری ١٩٤٥)، خەڵکی مەهاباد بە رێنوێنیی حیزبی دیموکراتی کوردستان، دەستیان بەسەرشارەوانی وەک دوا بنکەی سەرکوتی رێژیمی شایەتی لە مەهاباد داگرت و هەر لە سەر بینایەی ئەو بنکەیە، بۆ یەکەم جار ئالای کوردستانیان هەڵکرد.

بە چەککردنی شارەوانیی مەهاباد، دەسەلات لەو شارە بە تەواوی کەوتە دەستی خەڵک و رێخۆشکەر بوو بۆ پێکهاتن و راگەیاندنی جمهوریی کوردستان لە کەمتر لە مانگ و نیوێک دوای ئەو رووداوە دا. چەکداربوونی خەڵک بناغەیەک بوو بۆ پێکهاتنی سوپایەک بۆ پاریزگاری لە کۆماری کوردستان کە بە سوپای میلیی کوردستان ناودێر کرا وچەکدارەکانی ئەو سوپایەش، هەر لە لایەن ئەو کۆمارەوە، ناوی پیرۆزی پێشمەرگەیان لە سەر دانرا. هەر لە سەر ئەم بناغەیەش بوو کە رێبەریی حیزبی دیموکرات، هاوینی ١٣٦٣(١٩٨٤) لە گەرمەی خەبات و بەربەرەکانیی حەماسیی چەکدارانەی هێزی پێشمەرگە لە گەڵ هێزە هێرشکەرەکانی کۆماری ئیسلامی، رۆژی ٢٦ی سەرماوەزی وەک «رۆژی پێشمەرگەی کوردستان» ناودێر کرد و لەو کاتەوە تا ئێستا کە نزیکەی سێ دەیە دەکا، هەموو ساڵێ، لە٢٦ی سەرماوەزدا، حیزبی دیموکرات و لە گەڵ حیزبی دیموکرات دا لایەنی دیکەش و رێژەیەکی بەرچاو لە خەڵکی پێشمەرگەپەروەری کوردستان، رێزیان لە پێشمەرگەی کوردستان، گرتوە.

ئەوە کە لە هەرێمی کوردستان، رووداوی رۆژی ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٢٤ وەک یەکەم هەڵکردنی بە رەسمیی ئالای کوردستان، لە لایەن پارلمانەوە، وەک رۆژی ئالا، ناودێر کراوە، جێگای خۆشحاڵییە.هەم لێک گرێدانەوەی دوو بەشی نەتەوەی کورد و دوو پارچەی کوردستانە بە یادکردنەوەی بۆنە و بیرەوەرییەکی نەتەوەیی، هەم بەرزراگرتنی جێگە و پیگە ئالای کوردستانە کە رەمزی هاوبەشی نەتەوەییمانە. ئەوە کە لە رۆژهەلاتی کوردستان بیرەوەریی رووداوی ٢٦ی سەرماوەز، وەک رۆژی ریزگرتن لە پێشمەرگەی کوردستان تا رادەیەکی زۆر جێ کەوتوە،هیچ ناتەباییەکی لە گەڵ تەرخانکردنی ئەم رۆژە بۆ ریزگرتن لە ئالای کوردستان نییە.بە پێچەوانەوە »پێشمەرگە» و «ئالا» پێوەندییەکی زۆر پتەویش لە نیوانیان دا هەیە.چونکە، جگە لەوەی هەر دوویان لە پرۆسەی دامەزرانی کۆماری کوردستان دا، لە دایک بوون، هەر لە بنەرەتدا، هەر دوویان لە رەمزە جێی شانازییەکانی نەتەوەی کوردن. ئەگەر ئاڵا، هێمای نەتەوەی کوردە، پێشمەرگەش پارێزەری ئەو نەتەوەیە و ناسنامە و دەسکەوت وهێماکانییەتی و مێژوویەک بە قەرا تەمەنی ئاڵای کوردستانی لە خەبات و قوربانیدان لە پێناوی رزگاری و سەربەرزیی ئەو نەتەوەیە دا هەیە. هەر بۆیە دەکرێ هەروەک لە رۆژهەلاتی کوردستان، لە گەڵ ریزگرتن لە پێشمەرگە دا، یادی یەکەم هەڵکردنی ئالای کوردستان دەکرێتەوە، لە هەرێمی کوردستانیش، رۆژی ئاڵای کوردستان، رۆژی ریزگرتن لە پێشمەرگەش بێت.

بەڵام خاڵی جێگای سەرنج ئەوەیە، لە هەرێمی کوردستان، لە رۆژی خۆی دا یادی یەکەم هەڵکردنی ئاڵای کوردستان ناکەنەوە، و هەر ئەمە وای کردوە دوو بەشی کوردستان لە دوو رۆژی جیادا یادی رووداوێکی دیاریکراو بکەنەوە کە ئەمەش لە گەڵ فەلسەفەی یەکیەتیی نەتەوەیی و یەک ئالایی رۆڵەکانی ئەم نەتەوەیە لە ناتەبایی دایە. مەسەلەکە ئەوەیە لە رۆژهەلاتی کوردستان، رۆژی ٢٦ی سەرماوەز، یادی یەکەم هەڵکردنی ئالای کوردستان دەکرێتەوە و رێز لە پێشمەرگەی

کوردستان دەنرێت، کە مەرج نییە هەموو ساڵێ بکەوێتە ١٧ی دیسامبر و ساڵی وایە ئەم ڕۆژە لە گەڵ ١٦ی دیسامبر،ڕێکەوت دەبێ! ڕاستە ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٢٤ ڕێکەوتە لە گەڵ ١٧ - ١٢ - ١٩٤٥، بەلام بەو هۆیەوە شوێنی ڕووداوەکە، ڕۆژهەلاتی کوردستانە، دروست وایە ڕۆژژمێرە کوردی و هەتاوییەکە بکرێتە بناغەی یادکردنەوەکە نەک ڕۆژژمیری زایینی. پارلمانی کوردستان، دەتوانێ بە ناودێرکردنی «٢٦ی سەرماوەز» وەک «ڕۆژی ریزگرتن لە ئالای کوردستان» (لە جیاتی ١٧ یا ١٦ی دیسامبر) یەکیەتی لە یادکردنەوەی ئەم بۆنە نەتەوەییە دا، دروست بکاتەوە.

«ئالای کوردستان» هەتا دێت پتر دەبێتە رەمزی نەتەوەیی ڕۆڵەکانی نەتەوەکەمان لە بەشە جۆراوجۆرەکانی کوردستان. با بە دروستکردنی یەکیەتییەکی هەرچی بەرینتری نەتەوەیی لە یادکردنەوە و بەرزراگرتنی ئەو رەمزە دا، ئەو لایەنە سیاسییە کوردانەش کە هەتا ئێستا بە هەر بیانوویەک لە داننان بەم رەمزە نەتەوەییەمان خۆ دەبوێرن، ناچار بە چاوخشاندنەوە بە هەڵوێستی خۆیان دا بکەین.

بەڵام خاڵی جێگای سەرنج ئەوەیە، لە هەرێمی کوردستان، لە ڕۆژی خۆی دا یادی یەکەم هەڵکردنی ئالای کوردستان ناکەنەوە، و هەر ئەمە وای کردوە دوو بەشی کوردستان لە دوو ڕۆژی جیادا یادی ڕووداوێکی دیاریکراو بکەنەوە کە ئەمەش لە گەڵ فەلسەفەی یەکیەتیی نەتەوەیی و یەک ئالایی ڕۆڵەکانی ئەم نەتەوەیە لە ناتەبایی دایە. مەسەلەکە ئەوەیە لە ڕۆژهەلاتی کوردستان، ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەز، یادی یەکەم هەڵکردنی ئالای کوردستان دەکرێتەوە و ڕێز لە پێشمەرگەی کوردستان دەنرێت، کە مەرج نییە هەموو ساڵێ بکەوێتە ١٧ی دیسامبر و ساڵی وایە ئەم ڕۆژە لە گەڵ ١٦ی دیسامبر،ڕێکەوت دەبێ! ڕاستە ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٢٤ ڕێکەوتە لە گەڵ ١٧ - ١٢ - ١٩٤٥، بەلام بەو هۆیەوە کە شوێنی ڕووداوەکە، ڕۆژهەلاتی کوردستانە، دروست وایە ڕۆژژمێرە کوردی و هەتاوییەکە بکرێتە بناغەی یادکردنەوەکە نەک ڕۆژژمیری زایینی. پارلمانی کوردستان، دەتوانێ بە ناودێرکردنی «٢٦ی سەرماوەز» وەک «ڕۆژی ریزگرتن لە ئالای کوردستان» (لە جیاتی ١٧ یا ١٦ی دیسامبر) یەکیەتی لە یادکردنەوەی ئەم بۆنە نەتەوەییە دا، دروست بکاتەوە.

«ئالای کوردستان» هەتا دێت پتر دەبێتە رەمزی نەتەوەیی ڕۆڵەکانی نەتەوەکەمان لە بەشە جۆراوجۆرەکانی کوردستان. با بە دروستکردنی یەکیەتییەکی هەرچی بەرینتری نەتەوەیی لە یادکردنەوە و بەرزراگرتنی ئەو رەمزە دا، ئەو لایەنە سیاسییە کوردانەش کە هەتا ئێستا بە هەر بیانوویەک لە داننان بەم رەمزە نەتەوەییەمان خۆ دەبوێرن، ناچار بە چاوخشاندنەوە بە هەڵوێستی خۆیان دا بکەین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی دێسەمبەری ٢٠١٢

## ڕۆژی ئاڵای کوردستان و چەند زانیارییەک



### ویکیپیدیا

ئەمڕۆ ١٧ - ١٢ - ٢٠١٦ یادی ئاڵای کوردستانە کە ٧٠ ساڵ تێپەڕدەبێت بەسەر داگرتنی ئاڵای کوردستان لەکۆماری مهاباد، وە بۆ یەکەمین جار ئەم یادە لە ساڵی ٢٠٠٩ وە لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە بڕیاردرا کە ئەم ڕۆژە وەک ڕۆژی ئاڵای کوردستان دیاری بکرێت.

### جۆری ئاڵا

لەجیهاندا و بەدرێژایی مێژوو، دەیان جۆری ئاڵا هەبوە و هەیە. وەک ئاڵای نەتەوە و نیشتمان و ئاین و ڕێکخراو یانە و گروپ و پارتەکان، کۆمپانیا و زانکۆ و چەندانی تر.

### مێژووی ئاڵا

تەمەنی دروستبوون و هاتنە کایەی ئاڵا دەگەڕێتەوە بۆ (چوار هەزار) ساڵ لەمەوبەر، بۆ یەکەمجار ئاڵا لەلایەن ئمپراتۆریەتەکانی سەر خاکی ئێران و میزۆپۆتامیا (کوردستانی ئەمڕۆ) هەڵدراوە، سەرەتا سۆمەرییەکان و ئاسورییەکان و میدیاکان، هەروەها هاخەمەنیشیەکان و ساسانییەکان و میسرییە کۆنەکان. دواتریش شارنشینە یۆنانییەکان و قەیسەرەکانی ژاپۆن و چین ئاڵایان هەڵداوە. لە مێژووی میسری کۆندا هاتووە کە ئەوان لە دارێکی درێژ کە پەیکەرێکی ئاسنینی بەسەرەوە بەسترابووە، وەک هێما و ڕەمزی نەتەوەیی خۆیان کەڵکیان لێوەر گرتووە و پێناسەیان کردووە. بەڵام ئەگەر باس

لە مێژووی ئاڵا لەپەڕۆ یان پارچە بکەین، ئەوا دەبێ بڵێین کە چینیەکان و هیندییەکان لەیەکەمین خەڵک بوونە کە ئاڵایان لە پەڕۆ و پارچە ساز کردووە. لە یەکێ لەسەرچاوە مێژووییەکاندا هاتووە کە ١١٠٠ - ١٢٠٠ساڵ پێش لەدایک بوونی مەسیح، چینییەکان لە ئاڵای پەڕۆ و پارچە کەڵکیان وەر گرتووە. دواتر یوونانییەکان و ڕوومییەکان ئاڵای پەڕۆ و پارچەیان بەکار بردووە، بەتایبەت لەکاتی ڕاگەیاندنی شەڕ و ئاشتیدا وەک هێمای سەرکەوتن بەکاریان هێناوە.

## مێژووی ئاڵای کوردستان

ئاڵای کوردستان هێمای شۆڕشە ڕزگاریخوازە یەک بەدوای یەکەکانی کورد بووە، تاکو لەڕۆژی ٢٢ - ١ - ١٩٤٦ و لەڕێوڕەسمی ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان لە گۆڕەپانی چوارچرای شاری مەهاباد (سابڵاغ) بۆ یەکەمجار بەفەرمی هەڵدراوە و بوو بە ڕەمزی کۆماری کوردستان.

## شێوەی ئاڵای کوردستان

ئاڵای کوردستان پێکهاتووە لە سێ ڕەنگ و دروشمێک لەناوەندی. ئاڵای کوردستان لەلاکێشەی ئاسۆیی پێکهاتوە، لاکێشەی سەرەوە ڕەنگی سوورە، ئەوەی ناوەند ڕنگی سپی یەو لاکێشەی خوارەوە ڕەنگی سەوزە. بەرینی ئاڵا دوو لەسەر سێ درێژییەکەیەتی. لەساڵی (٢٠٠٩)دا پەرلەمانی کوردستان بڕیاریدا، ڕۆژی (١٧)ی کانوونی یەکەمی هەموو ساڵێک, ڕۆژی ئاڵای کوردستان لەسەرجەم شارو شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان بکرێتەوە.

## شێوەی ئاڵای کوردستان

دروشمی نەتەوەیی ئاڵای کوردستان خۆری زێڕینە، ئەم خۆرە ٢١ پەڕ (تیشک)ی یەکسان و هاوشێوەی هەیە. بە لەبەرچاوگرتنی دوو لەسەر سێ یەتی قەبارەی ئاڵا، خۆری زێڕین بە پەڕەکانییەوە یەک پێوەرەو بەبێ پەڕەکان نیو پێوەر، ئەم پەڕانە شێوەیان ڕاستەو لە دەرەوە خالێکی تیژ دروست دەکەن. خۆرەکە دەبێ ڕێک لە چەق (ناوەندی) ئاڵای کورستان جێگیر بێت. خۆر بەشێوەیەک جێگیر کراوە کە ستوونی ناوەندی ئاڵا بە ناو خاڵی تیژی بەرزترین پەڕ(تیشک) تێدەپەڕێت.

## شێوازی هەڵواسینی ئاڵا


هەڵواسینی بە دارا، پێویستە خۆرەکەی لە هەردوو ڕووەوە دیار بێت.
بەرز کردنەوەی لە باری پانی، ڕەنگی سور لە سەرەوە و ڕەنگی سەوز لە خوارەوە.

بەرز کردنەوەی لە باری درێژی، ڕەنگی سور لە لای چەپ و ڕەنگی سەوز لە لای ڕاست.
لەیەخەدانی وەک ڕۆزێت لە سەر سینگ، لە لای چەپ لە سەر دڵ هەڵ ئەگیرێت.
لە سەر مێز دانانی، پێویستە بە لای چەپدا بشکێتەوە.

## بە ساڵی ٢٠٠٩ وە پەرلەمان بڕیاری دا

لەساڵی ٢٠٠٩دا پەرلەمانی کوردستان بڕیاریدا کە ڕۆژی ١٧ی کانوونی یەکەمی هەموو ساڵێک وەکو ڕۆژی ئـاڵا دیـاری بکرێت و لـەو ڕۆژەدا سـەرجەم ئاڵاکـانی سـەر دامودەزگاکـانی هـەرێمی کوردسـتان بگـۆڕدرێن و نـوێ بکرێنـەوە. هۆکـاری دانـانی ئـەم ڕۆژەش بۆ ئـەوە دەگەڕێتـەوە کـە لـە ١٧ی کـانوونی یەکـەمی ١٩٤٧ ئـاڵای کوردستان لەسـەر دامودەزگاکـانی کۆمـاری مەهاباد هەڵکرا.

## ئاڵاکانی تری کوردستان بەدرێژایی مێژوو



ئـاڵای میرنشینی سۆران ١٨١٦ - ١٨٣٥ | ئـاڵای کەیانیی ١٩٢٢ - ١٩٢٤ | ئـاڵای کۆماری ئارارات ١٩٢٧ - ١٩٣٠ | ئـاڵای کۆماری مەهاباد ١٩٤٦

ماوەتەوە بیڵێین ئـاڵای کوردستان بە درێژایی مێژوو لای گەلی کورد پیرۆز بووەو لەو پێناوەشدا قوربانی زۆر دراوە، لەپێناو بەرزراگرتنی ئاڵاکەو بەپیرۆز زانینی هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان بەدرێژایی هەزاران کیلۆمەتر ماوەی سێ سـاڵە لـەدژی تاریکپەرستان و دوژمنانی ئاڵای کوردستان لەجەنگدان و بە هەزاران پێشمەرگە لەپێناو خـاکی پیـرۆزی کوردسـتان ئاڵاکەیـدا گیانی خۆیان بەخشیوەتە کوردستان و شەهیدبوون.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ویکیپیدیا - ڕێکەوتی: ١٧ی دێسەمبەری ٢٠١٦

-----------------------------------------------

## هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە سەربانی خانووی هەیئەت ڕەئیسەی میللی





**هەڵکردنی ئاڵا لە سەر خانووی هەیئەت ڕەئیسەی میللی**

**٢٦ی سەرماوەزی ١٣٢٤ (١٧ی دیسامبری ١٩٤٦)، مهاباد**

**گۆڤاری کوردستان بڵاوکەرەوەی بیری حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ژمارەی سێیەمی خۆیدا، مانگی خاکەلێوەی ١٣٢٥ (مارسی ١٩٤٦) لە ژێر سەردێڕی "هەڵکردنی ئاڵای موقەدەسی کوردوستان لە مهاباد" دەنووسێ:"..... ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٢٤ی هەتاوی = ١٧ی دیسامبری ١٩٤٥زاییینی، تەواوی نوینەرەکانی ئەهالی کوردوستان لە شاری, مهاباد کوبونەوە. لە سەعات ١٠ی بەیانی لە کانگای حیزب ئاڵای کورد بە حوضوری دەهەزار نەفەر هەلگیرا و لە کاتیک دا دەستەی موزیک مارشی میللی لی دەدا و لە سەرتاسەری شەقامی وەفایی دا صەفی نیزام کە لولەی تفەنگ و موسەلسەل وسەرنیزەیان دەدرەوشا دەستەی لاوان و قوتابییانی مەکتەب، کچ و کور، لە لای راستی ئالا لە حەرەکەت دا بون گەورە و چوکی مهاباد هەیئەت و نوینەرانی حیزبی دیموکرات لە پشت سەری ئالا سەری تەعظیمیان بو دانەواندبو و، بو ئیحتیرام چەپلەیان لی دەدا و هورایان دەکیشا و، پیشەوای موعەظەمی کوردستان جەنابی قاضی محمد وتاریکی بە تینی لە بابەت ئالای موقەدەسی کوردستان ئیراد فەرموو. ئەوجار لە پاش نوتق و خیطابە و تیرهاویشتنیکی زور وبە جیهینانی مەراسیم و نەصبی ئالا لە سەر عەمارەتی هەیئەتی رەئیسەی میللی جیژنە دوایی هات...."**

**وێنەهەڵگر: سەیادیان یان سمایل خانی فەڕوخی**

**وێنەی یەکەم: لە کتێبی "پێداچوونەوە، کەریمی حسامی، چاپخانەی ماردین، سوێد ١٩٩٦" وەرگیراوە**

وێنەی دووهەم: بەر لە وێنەی یەکەم هەڵگیراوە. بە ئەگەری زۆر نەفەری یەکەم لە دەستی ڕاستەوە کە باڵتۆی درێژی دەبەردایە میرزا مستەفای سوڵتانیان و ئەو کەسی دەستی بە دیرەکی ئاڵاکەوە گرتووە عەلیی خوسرەوی یە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی وێنەی کۆماری کوردستان

حەسەنی قازی: ٥ی ڕەشەمێ ١٣٨٦(٢٤ی فێبریوێری ٢٠٠٨)

---------------------------------------------

## هەڵکردنی ئاڵای موقەدەسی کوردوستان لە شاری بۆکان



ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە ١، ساڵی یێکەم، پێنجشەمۆ ٢٠ - ١٠ - ١٣٢٤ی هەتاوی ١١ی ژانوییەی ١٩٤٦ی زایینی هەڵکردنی ئاڵای موقەدەسی کوردوستان لە شاری بۆکان

( بە قەڵەمی حەسەنی قزڵجی )

بە پێی دەستووری هەیئەتی مەرکەزی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردوستان و ئەمری جەنابی قازی محەمەد سەدری ئەعزەم و پێشەوای کوردوستان قەرار درا ئاڵای موقەددەس و سێ ڕەنگی کوردوستان لە بۆکانیش هەڵکرێ.

ئاغایان: میرزا مستەفای سوڵتانیان، عەبدولقادری مودەرەسی، حەسێنی فرووهەر، میرزا محەمەدئەمینی شەڕەفی، عەلی

خوسرەوی، مەحموودی وەلیزادە، میرزا ڕەحیمی لەشکری و ئەعزای هەیئەتی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان و ئاغای شێخەلئیسلامی هێمن شاعیری میللی و نومایەندەی هەیئەت ڕەئیسەی میللی و ئاغای محەمەدی نانەوا زادە فەرماندەی ئۆردووی میللی بە فەرماندەری گاردی ئیحتیرام و دەستەی مووزیک لە گەڵ ئاغای قاسم ئاغای ئێلخانیزادە نومایەندەی کۆمیتەی محەلی حیزبی دێمۆکرات لکی بۆکان بە مەئمووری هەڵگرتنی ئاڵای موقەدەس مەعلووم کران. سەعات ١- ی پاشنیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەمۆ ٥ - ١٠ - ١٣٢٤ بە ئیفتیخاری وەڕێ کەوتنی هەیئەتی هەڵگری ئاڵا لە حەساری کانگای حیزب مارشی میللی کوردستان خوێندراوە و مووزیک لێدرا ،لەو کاتە دا ئوتۆمۆبیلی مەخسووس لە نێوانی هەزاران نەفەر خوشک و برایانی سابڵاغی گەیشتە بەر دەرکی کانگای حیزبی دێمۆکراتی کوردوستان ڕاوەستا. هەیئەتی هەڵگری ئاڵا لە نێو شریخەی چەپڵە ڕێزان و نەعرەتەی توند و بڵیندی (هوریا و بژی کورد و کوردوستان)ی بەڕێکەرەکانەوە کە لە دڵێکی گەرم و گوڕ و بە کوڵەوە دەهات وەڕێ کەوت. سەعات دوو و نیوی پاش نیوەڕۆ هەیئەت گەیشتە میاندواو و لەوێ پێشواز هاتووەکانی ئاغایان: قازیی قزڵجی، حەسەن خانی بداغی، برایم ئاغای ئێلخانیزادە ، حەمەدەمین ئاغای ئێلخانیزادە،ئەبووبەکر ئاغای ئێلخانیزادە و دوو نەفەر شاعیری میللی هەژار و حەقیقی لە گەڵ سەد نەفەر پتر لە ئەعزای کۆمیتەی محەلی بۆکان گەیشتنێ و مەڕاسمی ئیحترامیان بە جێ هێنا، مارش و مووزیک خوێندرا ولێدرا. ئەمجار قەتاری ئوتومبیلی هەڵگری هەیئەت و پێشوازهاتووەکان کەوتنە ڕۆیین تا گەیشتنە (تەغیاباد)، لەوێ برا دێمۆکراتە ئەرمەنێکان بە فەرماندەیی عیشقی خان لە لای ڕاستەوەی ڕێگاوە، خوشکە ئەرمەنێکانیش لە لای چەپەوە ڕاوێستابوون، ئیحتیرامی نیزامی و هوریا و چەپڵەڕێزانیان کرد و عیشقی خان لە تەرەف هەموانەوە تەبریکی هەڵکردنی ئاڵای کوردوستانی کرد.قاسم ئاغای ئێلخانیزادە لە لایەن هەیئەت و تەواوی برایانی کوردەوە ئیزهاری مەمنوونییەت و سپاسی بە خوشک و برا ئەرمەنییە هاوئامانجەکان کرد: "حیزبی دێمۆکراتی کوردوستان سوپاسیان دەکا و قەدری عیشقی خان دەزانێ".

هەیئەت لە نێو هوریا و چەپڵەڕێزانی برا ئەرمەنێکان وە ڕێ کەوت تا گەیشتە (قەرەمووسالیان) (یانی ئەو دێیە کە مانگی ڕەشەمەی پارەکە سەروان خاکسار و سەربازەکانی خەیاڵی خاوی دیکتاتۆری بای باڵی دان و بە ڕێبواری هاتبوونە ئەوێ و مزگەوتیان هەڵوەشاند بوو، نیر و ئامووریان سووتاند بوو و خەڵکی ئەوێیان پەرش و بڵاو کردبووەوە)، لەوێ میرزا مستەفای موفتەدیری، مەحموود خان، یۆنس خان و عەبدوڵاخانی ئەمیری ئەعزای لکی محەلی دێمۆکراتی ئەوێ لە گەڵ تەواوی خەڵکی دێ و چەند دێی دەوروبەریش ڕیزیان گرتبوو. میرزا مستەفا لە جیاتی هەموان تەبریکی ئیزهار کرد و سێ دەسرێژ کرا و هوریا و چەپڵەیەکی زۆر لێدرا و گا و گەردوونیان کرد.

هەیئەت وەڕێ کەوت و سەعات چوار و نیوی پاش نیوەڕۆ گەیشتە (عەلیاباد) سێ کیلۆمیتری بۆکان، لەوێ گاردی ئیحتیرام بە فەرماندەری سەلیم ئاغای ئێلخانیزادە و عیدەی سوار لە ژێر دەستووری جەعفەرئاغا و مارف ئاغای ئێلخانیزادە و

قوتابییەکانی قوتابخانەی بۆکان و ئاغایانی ئەحمەد بەگی فەیزوڵابەگی و فەیزوڵا خان و عەلی خانی قزلیان و ئەحمەد ئاغا و عومەر ئاغا و کەریم ئاغای عەبباسی و هەباس ئاغا و خالید ئاغای حیسامی و چوار پێنج هەزار نەفەر خەڵکی بۆکان و دەوروبەر بە پێشوازەوە هاتبوون لەوێ هەیئەتی هەڵگری ئاڵا پیادە بوون و ئاڵای موقەدەس وەک ڕۆژ لە پشت هەور بێتە دەرێ لە کیف دەرکەوت و کوردوستانی گرتە ژێر شاباڵی پیرۆزی خۆی و مزگێنی سەعادەت و خۆشبەختی بەنەتەوەی کورد دا.مارشی میللی خوێندراوە و مووزیک دەستی کرد بە لێدان و لە تەڕەف گاردی ئیحتیڕامی مەهاباد و بۆکان و سواران سێ شیلینگ کرا، گا و گەردوون کرا و ئاڵا لە سەر شانی جەوانی ڕەشید ئەبووبەکرئاغای ئێلخانیزادە لە نێو چەپڵەڕێزان و هوریا و بژی کورد و کوردوستان دا گەیشتە (کێلە شین)، دیسان گا و گەردوون کرا و بە خۆشی و بەشارەت و شاییەوە ئاڵا گەییە سەر حەوزی بۆکان.تەواوی کۆمەڵی خەڵکی لە دەوری حەوز و مەیدانی ئەوێ کۆ بوونەوە و قازی محەمەدسادقی قزڵجی ووتار و شێعری بەتینی خۆی لە ژێر ئاڵا دا خوێندەوە و پاش وی حەقیقی و هەژار شاعیری میللی هەر کام دەستە شێعرێکی زۆر چاکیان خوێندەوە و هەیئەتی هەڵگری ئاڵا چوونە عیمارەتی قەڵا کە لە پێشدا بۆ بەخێر هێنانی ئەوان ساز کرابوو.

### هەژار

بێ ببینێ ئەو کەسەی پیی وایە کورد سەرناکەوێ
کێ بوو پێی وابوو تەمی نەگبەت لە سەرمان ناڕەوێ

داری ئاڵاکەم وەکوو چەقڵێکە بۆ چاوی عەدوو
هەر دڵێ خۆشی نەوێ ڕەبی وەبەر خەنجەر کەوێ

داری ئاڵام داری کرد بۆ خوێن مژی کوردی هەژار
پێی بڵێن با داکەوێ،لەو خاک و ئاوە چی دەوێ؟

داری ئاڵامان برا سێدارەیە بۆ دۆژمنان
هەر لەئاسۆگ سەر کەوێ پێویستە ژینی خۆی نەوێ

پارچەکەی سێ ڕەنگی خۆی دەنوێنێ، ڕەنگی سوور دەڵێ
تا تنۆکێک خوێنی کورد مابێ ،قەدی من نانەوێ

یان دەڵێ تا لەشکری سوور بەرقەرار و زیندووە

قەومی کورد ڕزگارە، ئەو داشدارە،بەختوو ناخەوێ

یان دەڵێ لێم سوورە، دێمۆکراسی لە عالەم سەر کەوت
موستەبید و موڕتەجیع کەوتوونە گێژی گێژەوێ

سپیەکەی مژدەی بەیانی بەختی کوردی کرد بەیان
ڕۆژی بەختی کوردی پەیدا بوو، نەما پەردەی شەوێ

دوو گوڵی گەنمی دەڵێ ئاگات لە ڕزقی خۆت بێ
خۆت کە برسی بۆچی دوژمن پێی بژین لێر و لەوێ؟

پێو دەڵێ نووکی قەڵەم گەر ژینی خۆشوو پێ دەوێ
غەیری من دەس ناکەوێ بۆ ڕێی تەڕەقی پێشرەوێ

ڕەنگی سەوزی یانی دایکی نیشتمان لەو ڕۆکەوە
جوان و سەرسەوزە وەگیری کەوتەوە عومری نوێ

لاوەکان نامووسی نۆ میلیۆنە ئەو ئالایەمان
گیان بدەن بۆ حیفزی ئەو نامووسەتان لە منوو کەوێ

ڕێی نەجاتمانە پەنا بۆ ئیتیحادی شووڕەی
سورمەیە بۆ چاوی ئێمە خاک و خۆڵی مەسکەوێ

ڕەبی ئیستالین بژی بۆ لاگری مەزلوومەکان
تا زەمانە خول دەدا و تا ڕۆژ دەبەخشێ پورتەوێ

ڕەبی هەر کەس دوژمنی ئەو میللەتە دڵپاکەیە
ژێر کەوێ، کۆستی کەوێ ڕەبی سەعاتێک نەسرەوێ

****

**هۆنەر هەباسی حەقیقی**

نیشتمانپەروەرەکان، سەروەرەکان
لاوەکان، هاو وەتەنان، ڕەهبەرەکان

جێژنی ئازادیی کوردوستانە
مەوقیعی کار و لە خەو هەستانە

غەرقی خۆشیم و سپاسی باری
هەڵکرا بەیرەقی خودموختاری

ڕۆژی عەیش و تەرەبە و شادی کورد
هەڵکرا پەرچەمی ئازادیی کورد

هەڵدرا خەیمەیی ئەو ڕەنگی وەتەن
هەڵکرا بەیرەقی سێ ڕەنگی وەتەن
هاتە بەر باغی سەعادەت ئەسەری
هەڵکرا ڕایەتی فەتح و زەفەری

خونچەیی بەخت و تەرەقی پشکووت
لە چیا و دەشتی وەتەن، هەر دوو بە جووت

کەوکەبی بەختی کەوا چووبوە خەو
لە نەکاو ساندی لە ڕۆژێ پورتەو

باری کرد لەشکری ڕەنج و ئیدبار
هاتە جێ شادی کە کردی ئەو بار

ماڵ و ناموس و حەیا هاتەوە دەس
دەسبەجێ لێکەوە بوو ناکەس و کەس
موشکولی کوردی کە بوو لایەنحەل

کردی حەل ڕوحمی خودای عەزە وەجەل

کوردە تۆ خاوەنی عەزمێکی قەوی
شاهیدی غیرەتی تۆن خەڵکی زەوی

بەسە بێگانە پەرستی تاکەی
تەنبەڵی و سستی و مەستی تاکەی؟

ئەو کەڕەت هەستنە پێ دوژمن تێکدەن
پشت بە پشت دەستوو وەدەستی یەک دەن

دێتە گوێم دەنگی سەلاحەدینی
ڕوو بە خاکی وەتەنی ڕەنگینی
کە ئەوی دیومە ئەوا دیمەوە من
مردبووم گەرچی ئەوا ژیمەوە من

هاتەجێ ئەورۆ هەموو ئاواتم
گیانفیدای میللەتەکە و ئاڵاتم

سەعات دوازدەی بەیانی ئەوی ڕۆژێ جەنابی حاجی بابە شێخ ڕەئیسی هەیئەت ڕەئیسەی میللی کوردستان لەگەڵ ئەحمەد ئاغای ئێلخانیزادە واریدی بۆکان بوون و سڵاوی سەربازی و تەپڵ و مووزیک بە جێ هات و ئەوی ڕۆژێش لە بەر وەی کە تەواوی ئەهالی ئەتراف لە نێعمەتی ئەو جێژنە میللیە بەهرەوەر بن و بگەنە شاری ئاڵا هەڵنەکرا.

ڕۆژی هەینوو ٧ - ١٠ - ١٣٢٤ لە سەعات ٨ی بەیانییەوە دەست بە تەشریفات کرا.

١- لە سەر بانی عیمارەتی قەڵای بۆکان بۆ هەڵکردنی ئاڵا لە تەڕەفی ڕاستی ئاڵاوە جەنابی حاجی بابە شێخ و لە لای چەپەوە جەنابی حاجی بایز ئاغا ڕاوەستان و لە هەردوو لاوە دوو موسەلسەل داندرا.

٢- قوتابیەکانی قوتابخانەی بۆکان و مامۆستاکان و خەڵکێکی یەکجار زۆر لە سەر سەکۆی قەڵا- دەستەی مووزیک و گاردی

ئیحترامی مەهاباد و بۆکان بە فەماندەری ئاغای محەمەدی نانەوازادە فەرماندەی ئۆردووی میللی مەهاباد و سەلیم ئاغای ئێلخانیزادە فەرماندەری بۆکان لە هەیوانی نێوەڕاستی قەلا ئامادە بوون - تەواوی ئاغایانی ناوبراوی سەرەوە و جەمعییەتێکی کەش لە ئاغایان مین جوملە حوسێن ئاغای عەلی یاە و براکانی لە سەربانی قەلا بە ڕیز لەملاولای ئالاّوە بە چەند سەف ڕاوێستان. خەڵکێکی بێ ژماریش لە مەیدانی خوارەوە و دەورو بەری حەوزی گەورەی بۆکان ڕاوەستان.

٣- ئاغای قاسم ئاغای ئێلخابیزادە پرۆگرامی خوێندەوە و جەنابی حاجی بابەشێخ نوتقێکی زۆر گەرمی فەرموو، مزگێنی خۆشبەختی کوردی دا و تەواوی میللەتی کوردی بۆ گەیشتن بە حەقی خۆیان بە هەویا کرد و ئالاّی موبارەکی بە دەستی خۆی هەڵکرد.

٤- سروودی میللی کوردستان خوێندراوە و نووزیک لێدرا و بەدوسەد تفەنگ و سی موسەلسەل سێ دەسرێژ کرا، ئاغای حەسەنی قزڵجی لە لایەن ڕەحمن ئاغای ئێلخانیزادە کە لە ڕێگای ئازادی کورد و مەڕامی دێمۆکڕاسیدا زەحەماتێکی بێ حەد و حیسابی کێشابوو بۆ خۆشی لە ماڵ نەبوو،هەڵکرانی ئالاّی تەبریک کرد.

٥- ئاغای قازی محەمەد سادقی قزڵجی نوتقێکی بە تینی کرد.

٦- ئاغای عەلی خوسرەوی سەرەکی داییرەی چاپ و بلاّو کردنەوەی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردوستان نوتقێکی بە تین و باشی لە بابەت یەکیەتی و دەست وەدەست دان بۆ پێشکەوتن و سەرکەوتنی نەتەوەی کورد و بەهرە وەرگرتن لە ئازادی و دونیای دێمۆکڕات بەیان کرد و زیمنەن ئیزهاری کرد کە لە دونیای ئەوڕۆ دا عومومی میلەل لە نێعمەتی دێمۆکڕاسی بەهرەوەر بوون،لە بەر وەی دەبێ بە قووەی باسکی کوردی شومال برایانی کوردی کە لە جنووب لە ژێر زنجیری ئیستیبداد دا دەناڵن ڕزگاریان کەین و لە ئاخریدا بە سلامەتی پێشەوای ئازادیی دونیا ژەنەرالیسموس ستالین و ڕەهبەری میللەتی کورد جەنابی قازی محەمەد نوتقەکەی دوایی هات.

٧- ئاغای هەژار دەستە شێعرێکی سیرینی سەید کامیلی خوێندەوە.

٨- ئەحمەد ئاغای ئێلخانیزادە نوتقێکی گەرم و گوڕی لە بابەت خۆ فیدا کردن و گیانبازی لە ڕێگای کوردوستان و بڵیند کردنی ئالاّی کوردوستاندا بەیان کرد.

٩- ئاغای حەقیقی شاعیری میللی دەستە شێعرێکی بەرزی خوێندەوە.

١٠- ئاغای ڕەحمانی مودەریسی لە لایەن دەستەی لاوانی مەهابادەوە هەڵکردنی ئالاّی موقەدەسی کوردوستانی لە تەواوی برایانی مەنتەقەی بۆکان تەبریک کرد.

١١- خالید ئاغای حیسامی دەستە شێعرێکی باشی خوێندەوە.

١٢- حەمەدەمین ئاغای ئێلخانیزادە نوتقێکی بە تینی کرد ،لە کاتێکدا ناوی سەردار حەمە حوسێن خانی برد شیلینگێکی ئیحتیرام کرا.

١٣- مارف ئاغای ئێلخانیزادە نوتقێکی چاکی کرد و بە تایبەتی لە بابەت دیلی و یەجسیری برا کوردەکانی جنووبەوە باش دوا و کوتی بۆ ئێمە غیرەت نییە ئەو برایانەمان بەو جۆرە لە حقووقی نەتەوایەتی و ئینسانیییەت بێ بەش بن و لە ژێر چەنگاڵی ئیستیبداد و زۆرداریدا بناڵێنن.

١٤- جەعفەرئاغای ئێلخانیزادە لە نوتقی خۆیدا دوای موبارەکبادی ئالا بە بەیانێکی شیرین کوتی تەواوی میلەتی کورد پێویستە لە ڕێگای بەرزکردنەوەی ئالا و پێکهێنان و وەدەست خستنی ئازادی بۆ براکانی دیکەش سەری خۆیان لە پێناو نێن.

١٥- جەنابی ئاغای حاجی بایز ئاغا ئێلخانیزادە لە سەر نێعمەتی گەورەی ئازادی و هەڵکردنی ئالای موقەدەسی کوردوستان سوکرانەی خودای بژارد و ئامۆژگارییەکی زۆر بە نرخی بۆ برا دێمۆکراتەکانی فەرموو لە فیداکاری ئەوان ئافەرینی کرد.

لە خاتیمە دا ئاغای قاسم ئاغای ئێلخانیزادە نوتقێکی زۆر بە تینی لە بابەت خۆشی و ئازادی کوردەوە بەیان کرد و سەعات یەکی دوای نیوەڕۆ بە خوێندنەوەی مارشی میللی و لێدانی مووزیک جێژن تەواو بوو.

برا مەهابادییەکان سەعات چواری پاش نیوەڕۆ بە هوریا و چەپڵەڕێزان و نەعرەتەی بژی کورد و کوردوستان بەڕێ کران.

کوردوستان: ئێمەش بە نۆبەی خۆمان لە فیداکاری هەیئەتی حیزبی دێمۆکڕات و کارگەرانی حیزبی بۆکان و بە تایبەتی لە ئاغایانی ئێلخابیزادە کە لە ڕێی ئازادی و دێمۆکڕاسی دا ساڵهایە فیداکاری دەکەن و لە جێژنی هەڵکردنی ئالای موقەدەسی کوردوستان دا موتەحەمیلی زەحمەت و مخاریجێکی زۆر بوون بێ ئەندازە سوپاسیان دەکەین و ئومێدەوارین کە ئینشائەڵلا لە سەر مەرامی موقەدەسی خۆیان موەفەق و سەربەرز بن.

تێبینی: بە نووسینێک ڕا کە لە ژمارەی یەکەمی گۆواری هەڵاڵە لە بۆکان (ڕەشەمەی ١٣٢٤) سەبارەت بە هەڵکردنی ئالای کوردستان لە بۆکان بڵاو بووەتەوە، دەردەکەوێ ئەم باسەی ڕۆژنامەی کوردستان لە مەڕ هەڵکردنی ئالای کوردستان لە بۆکان، حەسەنی قزڵجی نووسیویەتی.

سەرچاوە: ماڵپەڕی وێنەی کۆماری کوردستان

حەسەنی قازی: ١٠ی ڕێبەندانی ١٣٨٩(٢٤ی جانێوێری ٢٠١١)

----------------------------------------

## هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە نەغەدە بە سەرپەرستی حوسێنی زێڕینگەران.

*چوارشەمە ٢٨ی سەرماوەزی ١٣٢٤ی هەتاوی*



کوردستان، بڵاوکەرەوەی بیری حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان، ژمارەی ٢٥، یەکشەمە ٢٦ی ڕەشەمەی ١٣٢٤

١٧ی مارس ١٩٤٦

### هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە نەغەدە

شەوی سێشەمە بوو دانیشتبووم لەگەڵ لەگەڵ هاوڕییەکانمان لە ژوورەکەی خۆمان دا کە لە پڕ کاک محەمەدی قادری بە پەشۆکاوی خۆی بە ژوور دا کرد و بە چاوی پڕ لەگریانەوە کوتی: "مژدە مژدە بۆ ئیمڕۆ ئاڵای کورد لە مەهاباد بەرز کرایەوە" و بە دوای ئەم قسەیە پەلاماری داین و دەستمان کردە ملی یەک و بە بێدەنگی مودەتێ خەریکی ڕشتنی فرمێسکی شادی بووین. بەڵێ هیچ کەسێک لە ئێمە نەی دەتوانی کە قسەیەک بکات. دوای ئەو مودەتە سەرم هەڵبری و کوتم: "ئاە ئەوە تۆ بڵێیت خەو بێت یا حەقیقەت بێت ئاڵای کورد لە مەهاباد بەرز کرایەوە و دەستم کرد بە پڕمەی گریان.

ئەوەندی بەسەر نەچوو یەکێک لە هاوڕێیەکانم کوتی براکانم بەسە گریان پێویستە هەموو هەڵسین شایی بکەین، لەو وەختە دا کاک محەمەدی قادری هەڵی دایە و کوتی: ڕۆژی چوارشەممەش لێرە بەرز ئەکرێتەوە. هاوڕێیەکەم دووبارە هاتەوە قسە و کوتی: " کە وا بوو ئێمە نابێت سەفەر بکەین تاکوو ئاڵای پیرۆزمان بە چاوی خۆمان نەبینین لێرە بەرز بکرێتەوە" ئێمەش هەموو موافەقەتمان کرد لە سەر قسەکەی. "کاک حوسێن فرووهەر و کاک عەلی خوسرەوی بە نمایەندە لە مەهابادەوە هاتوون و ئاڵای موقەدەسیان لە کنە و ئێستا لە مەنزڵی کاک ئەحمەد میوانن. کاک محەمەدی قادری لە بەرخۆیەوە کوتی: عێمەش بێ پەروا هەڵسایەنە سەر پێ و بە بێ ئەوەی ئیزن لە میوانەکەمان بخوازین هەرکەسە بۆخۆی بە ڕاکردن چوو بۆ ماڵە کاک ئەحمەد و لەوێش ئەو کارە ڕەهاتو گریانمان کرد وەکوو لە ژوورەکەی خۆمان کردمان. کاک ئەحمەدی قادری کە سەرۆکی پارتیی دێمۆکڕاتی کوردستانە لە نەغەدە (مەبەست حدک ە) دەستبەجێ سەربازانی کۆ کردەوە و کاغەزی دەعوەتنامەی تەسلیم کردن کە بیبەن بۆ ئاغایان و ڕەعییەتی ئەتراقی نەغەدە بۆ حازر بوون لە وەختی بەرز کردنەوەی ئاڵا دا.

ڕۆژی سێشەمۆ دەستە دەستە سوارانی کورد و تفەنگچییان داخڵی شار بوون منیش جێگا بە خۆم ناگرم و هەر ئەمسەر ئەو سەرم دەکرد. و کاک ئەحمەد قادری ئەمری کرد کە ڤەوانان کۆبنەوە، و هێندێک سرودی میللی یان فێر بکەن.

ئێمەش زۆر کەیف خۆش بووین  لەو وەزیفەیە کە پێمان بەخشراوە. ئەو ڕۆژە هەر خەریکی فێر کردنی جەوانان بووین.

ڕۆژی چوارشەمۆ کە بیست و هەشتی مانگی سەرماوەزی بیست و چوار ئەکات لە سەعاتی ٦ دا ئەهالی نەغەدە  و بانگ کراوانی دەور و پشتی لە بەردەمی ئیدارەی دێمۆکڕات دا کۆبوونەوە. قوتابیانی ئەرمەنی و ئاسۆری بە خۆیان و بە بەیداغی سوورییانەوە بەرەو ئیدارەهاتن ، جەوانانی کورد بە پیریانەوە چوون و لە چەپڵەڕێزانێکی بەرز و فەرەحنایییەکی زۆرەوە قوتابییەکان گەیشتنە جێگای داندراوی خۆیان. دوای ئەوانیش بەتەرتیب قوتابیانی نەغەدە هەر وا داخڵی جێگای خۆیان بوون و بە گۆرانی حەماسی میللی و چەپڵەڕێزانێکی بێ هاوتاوە. لەو بەینە دا کاک ئەحمەدی قادری سەرۆکی پارتیی دێمۆکڕاتی کوردستان لە مەنتیقەی نەغەدە دا دەستووری دا بە دەست پێکردنی شادی و بەرزکردنەوەی ئاڵای.

کاک حوسێنی فرووهەر و کاک عەلی خوسرەوی ئاڵایان برد بۆ ئەو سوارانەی کە لە دەری شاری وەستابوون. سواران ئاڵایان وەرگرت و بە جارێک سێسەد و پەنجا سوارچاکی کوردی هەر یەکێک ڕۆستەمێک بوون بۆ خۆیان بە ئاڵای موقەدەسەوە کە لە پێش سوارانەوە هەڵگیرابوو بە ئینتیزامێکی زۆر جوان لە ژێر سەرکردەیی کاک سەعیدی قۆپی، کاک محەمەدی سوار، کاک ئەحمەدی ئەحمەدی داییرە و ئیدارەی پارتی هاتن و تا گەیشتنە لای بیناکەوە بە بێ ژمارە مەڕ و مانگا لە بەر دەمی ئاڵا

دا سەربڕا و دەنگی چەپڵە و هوڕا کێشان دەگەیشتە کەهکەشانی فەلەک. سوارەکان کە نیزیکی دە هەنگاویان مابوو بگەنە جێگای خۆیان بە جارێک نیزیکەی چوار هەزار کەس هێرشیان برد بۆ سەر ئالاکە و زیارەت کردنی و سوجدە بردن. بەلام کاری قەرەوڵەکان ڕاست بێ کە دوای زەحمەتێکی زۆر ئالایان گەیاندە سەر پەیژە. ئەو جار نۆرەی ئێمە بوو کە لە سەربان بدوێین، زیارەتی بکەین و ئەڵبەتە هەر کەس حەولی ئەوەیەتی کە زووتر و یەکەم کەس بێ کە زیارەتی بکا و ئەم یەکەمەش وەبەر کاک غولام ڕەزا خانی خوسرەوی کەوت کە لە هەموان بە پەرۆشتر و بەهێزتر بوو و منیش وەختێک کە سەیر دەکەم هەر تەنیا خۆم نیم کە فرمێسکی شادی دەرێژم بەڵکوو بەجارێک دەسرەیان بە چاوانەوە گرتووە،بەلام کاک حوسێنی فرووهەر و کاک غەنی خوسرەوی دەبێ بەشی خۆیان ڕشتبێ لە سابلاغ، و کاک حوسێنی فرووهەر چریکاندی کە ئاگادار بن کە ئالای پیرۆز بلند دەکرێتەوە و ئەمری دا: "بۆ ئالا سەلام کە" لەگەڵ ئەو ئەمرە تێکڕا هەموو بە جارێک کز و مات بوون و دەست بەرز کرایەوە بۆ وەرگرتنی سەلام و دەستەی جەوانان سروودی کوردستان، کوردستان نیشتمانی جوان یان لە ژێر فەرماندەی لاو چاک کاک محەمەد قادری دا خوێندەوە. تفەنگچیانی کورد کە لە ژێر فەرماندەیی کاک ئیبراهیم نووسەری دەفتەری پارت دا بوون و ژمارەیان گەیشتبووە ۲۰۰۰ کەسێک و سوارانی کورد دەستیان کرد بە تەقە کردن بە جۆرێکی وا کە ئینسان مچوڕکی پێ دا دەهات و سامی شەڕی لێ دەنیشت.

لەولایەشەوە موسەلسەل کردبووی بە ڕۆژی خۆی. دوای بەرز کردنەوەی ئالا کاک میرزا ئیبراهیم نووسەری دەفتەری کۆمیتەی محەلی نەغەدەی پارتی دێمۆکراتی کوردستان نوتقێکی ئیراد کرد کە سەوادی عەینی نوتقی لە پێوەندی ئەم نامەیە دا تەقدیمە و لە بابەت کردنەوەی جەلەسەکەوە ئەو شێعرانە کە میرزا سالح جەوانمەردی ڕێکی خستبوو خوێندییەوە و دیسان لە بەینی چەپڵەڕێزان و هوڕا کێشان بۆ ژیانی مارشاڵ ستالین سروودی میللی لە لایەن برا و خوشکە ئەرمەنی و ئاسۆری یەکانەوە گوترا، لەگەڵ ئەوەشدا کە خەڵکی تێی نەگەیشت بەلان زۆر دڵشادیان نیشان دا چونکی لە سروودەکەدا کوردستان و ستالین ناو ئەبرا و هەر وەها بە چەپڵەڕێزان دوایی هات. ئەنجا کاک عەلی خوسرەوی بە دەنگێکی بەرزەوە و چریکەیەکی شێرانەوە گوزارشی خۆی لە بابەت ئالای کوردستان و شەهیدانی کورد و حکوومەت و سەربەستی کوردستانەوە دا. بەڕاستی قسەکانی پڕ تەئسیر و جێگای فەخر بوو و لە بەر هوڕا کێشان و چەپڵەڕێزان بۆ ئەو قسە پڕ مەعنایانەی نەی توانی و ماوەی نەدرایە کە گوزاریشەکەی تەواو بکا و کوتی کە ئێمە لە سەر ڕێوشوێنی دێمۆکراسی لە خۆمان زیاتر حقووقی ئەو نەتەوانەی کە لە ناو کوردستان دا دەژین مەحفووز دەکەین و لە بەر وەی کە لە وێستا دا بلەوەزەکان بە ناحەق حقووقی ئێمەیان پامال کرد بوو لە بەرامبەر کردەوەی بلەوەزەکان ئێمە ئینشالا لە وەیرا حوقووقی نەتەوەی چووک زیاتر چاوەدێری دەکەین و هەر نەتەوەیەکی کە دەستی یەکەتی بۆ لای ئێمە درێژ کا ئێمە تەشەکور دەکەین و ئامادەین بۆ هەمو چەشنە یارمەتییەک لەگەڵ ئەو ئەقەلییەتانە. دووبارە جەوانان سروودی میللی یان خوێندەوە: "ئەی ڕەقیب هەر ماوە قەومی کورد زبان". دوای تەواو بوونی سروود کاک م.ا.مەحموود چەند ووتەیەکی شیرینی گوت لە بابەت ڕۆژی ڕۆژی ئالا و

وەسفی ئاڵاکە. جێگای تەقدیر و چەپڵەلێدانێکی زۆر بوو. لە لایەن ڕاوەستاوان و قوتابیانەوە سروودی میللی ئازەربایجان خوێندرایەوە بەڕاستی سروودێکی زۆر خۆش بە جۆشەوە بوو، ئەنجا برا و خوشکە قوتابییە ئەرمەنێکان و دوای ئەوان جەوانانی کورد دەرکەوتن و سروودی خۆشی خۆشیان خوێندەوە و دوای ئەوەی کە قوتابییەکی مەدرەسەی نەغەدە کوڕی ئاغای تەقی خان جێژنە پیرۆزەی لە کوردەکان کرد، شێردڵ گوزارشێکی دا لە بابەت جێژنی ئاڵای میللی یەوە و بە بژی پێشەوای جەماهیری شووڕەوی مارشاڵ ئێستالین گوزاریشەکەت تەواو کرد و لەناو چەپڵە ڕێزانێکی بێ هاوتا کاکە عەلی خوسرەوی لاویت خوێن گەرم دوایی نومایشی هێنا هەموومان بە دڵێکی شادەوە دەم بە دوحاوە بۆ ئاڵای شیرنی کورد و کوردستان و پێشەوای جەماهیری شووڕەوی و میلەتانی ئازادی خواە بەرنامە تەواو بوو و دەستوور درا تا سێ شەو و سێ ڕۆژ جێژن و چراخان ببێ. بەڵێ بەرنامە بە خۆشێکی زۆر و دڵێکی پڕ لە عەشقی نیشتمان و پڕ لە مێهری پێشەوای موعەزەمی کوردستان دوایی هات.

و لە ئاخری دا کوتی: بژی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان، بژی پێشەوای بەرز جەنابی قازیی محەمەد، هەر بژی ئاڵای سێ ڕەنگی کوردستان.

برایانی عەزیز میللەتانی مەحبووبی کورد، ئەوا ئیدارەی کۆمیتەی محەلی ئەنجومەنی ویلایەتی دێمۆکراتی کوردستان کە تەشکیل بووە و ئاڵای موقەدەسی کوردستان هەڵدەکرێ، فەقەت ئەو ئیدارە موحتەرەمە و ئەو ئاڵای موقەدەس مەخسووسی میللەتی کوردانە و میلەتەکانی دیکە چ ئەرمەنی، چ ئاسۆری، چە کەلیمی ئەگەر بێتوو دەست بدەنە دەستی ئێمە حازرین بە سەداقەت و ڕاستی و بە شەرافەت و ویجدان بۆ برایەتی وان و خزمەت پێ کردنیان حازر دەبین.

شوکری لیلەه عەسری دێمۆکراتییە
مەوسمی جێژن و سروور و شادییە
کورد نەجاتیان بوو لە ژێر زوڵم و ستەم
بۆ هەموو میللەت ئیتر ئازادییە
ڕۆژی کوردستان لە شیمالا هەلات
زوڵمەتی شەو بۆیە هیچ پەیدا نییە
غەیری نەقدی جان و دڵ قائیل نەبوو
هیچی دی بدرێ لە ڕێی مزگێنی یا
فرسەتێکی چاکوو بۆ هەڵ کەوتووە

هەرچی دەیکەین فورسەتە یا مەرجانییە
چاکە وایە وەک پیاوان دەست دەنێ
بۆ بڵێن ئەو کوردە بۆ هیچ چا نییە
لێو یەقین بێ وەختێ کابرا بێتەوە
پاکوو پیسوو پێکەوە زیندانییە
مردنێکی باشەرەف زۆر خۆشترە
لەو ژیانی نەنگ و بێ ویژدانییە
شوکر ئیمرۆ کە لە دایکی خۆی بووە
چونکە ئەورۆ ڕۆژی دێمۆکڕاتییە "

تێبینی: حوسێن زێڕینگەران وەک ئەندامی کۆمیتەی محەلی حدک لە شاری مەهاباد و عەلی خوسرەوی کادری حدک کە لە سەردەمی کۆمار دا ئەرکی جۆر بە جۆری هەبووە لە زۆربەی ڕێوڕەسمەکانی هەڵکردنی ئاڵای کوردستان دا ڕێکخەربوون و بەشداری چالاکانەیان بووە. تا ئێستا وێنەی هەڵکردنی ئاڵا لە مەهاباد، بۆکان، باڵانیش و... بڵاو بووەتەوە. ئەم وێنانەی دەیبینن بە ئەگەری زۆر ئی ڕێوڕەسمی هەڵکردنی ئاڵا لە نەغەدەن.

لەگەڵ سپاسی زۆر بۆ بەڕێز زیوەر شەریفزادە هاوسەری نەمر برایم فرووهەر و یای فەریبا و یای فەرزانەی فرووهەر کچانی کاک برایم و نەوەی حوسێن زێڕینگەران بۆ لە بەردەست نان و پێ ئەسپاردنی ئەم وێنانە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی وێنەی کۆماری کوردستان

حەسەنی قازی: ٢١ی ڕێبەندانی ١٣٩٢(١٠ی فێبریوێری ٢٠١٤)

------------------------------------------

## ئاڵا وەک سمبولی نیشتمانی بۆ گەلان.



چنوور جەعفەر - مامۆستا لە زانکۆی سلێمانی

گەلی کورد هەروەک هەموو گەلانی جیهان و تایبەت گەلانی نێو ڕۆژهەڵاتی ناوەراست، وەک چون خاوە زەوییەکی دیاری کراوی سروشت و سەربەخۆ و جیایە لە وولاتانی دراوسێی. بەهەمان شێوەش بەپێی قۆناغە مێژووییەکان و گۆرانکارییە دەستکردە جیۆپۆلەتیکی یەکەی، کە خواستی خۆی نەبووە لە گورینی ئەم دیمۆگرافیەدا،،، بەڵکو هەرجارەو بەبیانووی جۆراوجۆرو لەلایەن رژێمی هەمەچەشنە جیاواز لە کلتورو زمان و ئاین و فەرهەنگ و سروشتی ژیانی گۆرانکاریی بەسەردا هاتووە.

هەرچەند توانیویانە سەرکەوتووبن لە دابەشکاری خاکەکەی کە کوردستانی گەورەیە،بەڵام مێژووی ئاڵای کوردستان لە دەوڵەتی ماددەوە بۆ کۆماری ئارارات و دەوڵەتەکەی مەلیک مەحمود لە باشوور تاگەشتە کۆماری کوردستان لەشاری مهاباد و لە بەشی ڕۆژهەڵاتی کوردستان،، هەرچەند لەدیزان و شێوەدا گۆرانکاری بەخۆوە بینیوە.... بەڵام بنەما تایبەتیەکانی لە تێگەشتن بۆ نیشانەکانی گەلی کورد لە دەست نەداوە.

کە هەمیشە ئاڵای کورد و ڕەنگە نەخشێنراوە جیاوازەکانی ڕەمزی گەلی کوردیان

ناساندووەکە بریتین لە:

**ڕەنگی سوور:** ڕەمزە لە خوێنی شەهیدان و بەرخۆدانی گەلی کورد لەپێناو بەدەستهێنانی سەربەخۆی بۆ کوردستان لە دەستی داگیرکەرانی ناوخۆو دەرەکی، ناوخۆ بەواتایی وولاتانی هاوسنور کەخاکی کوردستانیان بەسەردا پوڵێن کراوە لەلایەن هێزە

دەرەکیە بیانیەکانی جیهان بە گشتی.

ڕەنگی سەوز: نیشانەی سروشتی ڕەنگینی سەوزی کوردستانە لە دەشت و چیاو پێ دەشتەکانی کە سومبولی ژیانەوەو خۆنوێکردنەوەیە.

ڕەنگی زەرد: نیشانەی سەربەخۆیی و بە دەوریدا بیست و یەک ئەستێرەی هاوتەریب کە بۆچوونەکان جیاواز لە ئاماژەپێدان لەبوونی دیاریکردنی سەرەتای ڕۆژی نەورۆز وەک جەژنێکی نەتەوەیی بۆ گەلی کورد،یان بیروباوەری ئاینی کورد مەبەست پێی هێزی یەزدانیە، یاخود بوونی بیست و یەک پارێزگاکەی کوردستانی گەورە هێمایە بۆ بوونی.

ڕەنگی سپی: هێمایە بۆ بوونی ئاشتی و سەربەخۆی و یەکسانی لەنێو گەلی کورد کە پێی ناسراوە لە مێژوودا.

کۆمەڵەی خۆیبوون وەک ڕێکخراوێکی سیاسی و هەڵگری کلتورو شوناسی گەلی کورد

لەگەڵ دروست بوونی کۆماری ئارارات لە ناوچەی( دەرگەی بایەزید) یاخوود ئەرمینیا نزیک شاخی ئارارات لەسەردەستی ئەم کۆمەڵەیە و لە ٢٨ تشرینی یەکەمی ١٩٢٧ تا ئەیلوولی ١٩٣٠ بەردەوام بوو.

پاش ئەوەی لەلایەن دەسەڵاتی دەوڵەتی تازە دامەزراوی تورک بەئاگر و ئاسن هەڵوەشێ نرایەوە ئەم کۆمارەکە دانیشتوانەکەی پێک هاتەی کوردی کرمانج، زازاکی، گۆران وە سۆرانی بوون.

سەرۆکەکەی ئیبراهیم حەسکی وە دامەزرێنەری ئیحسان نوری پاشا بوو کە هەڵگری ئاڵای کوردستان بوون. لە قۆناغەکانی دواتر و جارێکی تر کاتێ کۆماری کوردستان لە شاری مهاباتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دامەزرا، ئاڵا ی کوردستان جارێکی تر زیندوویەتی خۆی لە نێو دام و دەزگاکانی کوماردا دووپاتکردەوە.

لەو ڕۆژەوە تا هەنوکە ئاڵای کوردستان و حەڤدەی کانوونی یەکەمی هەموو سالێکی کردە ڕۆژی هەڵکردنی ئاڵای نەتەوەیی بۆ گەلی کورد.

ئەگەرچی ئەمڕۆ... فرە جیاوازی ڕەنگەکان لەنێو گەلی کورد لەهەر چوارپارچەکەی کوردستان بوونیان زۆرە،، بەلاَ م ماناو ناوەڕۆکی سەرجەم ئەم فرانە خۆیان لەنێو ڕەنگەکانی ئاڵای کوردستاندا ئەبیننەوە کە.. ناسنامەی کورد بوونمانە و

هەریەک چەشنە ئەویش ئاڵاکەی کۆماری کوردستان وخۆیبوونە بۆمێژوو گەلی کورد لە ناوخۆو دەرەوەی خاکی کوردستان، وە دەکرێت ئەو ڕاستی یەش بۆ خوێنەر بخرێتە ڕوو کە زۆر کات بەناوی نیشتمان پارێزی و هەستی دەمارگیری، لە ژێر ناو شکۆی ئالای کوردستاندا، زۆر لە شکۆ نیشتمانی و هاووڵاتی بوون لەکەدار کراون.

مێژووی ئاڵای نیشتمانی لە هەر ووڵاتێکدا، بۆنەیەکی تایبەتەو مێژوویەکی خۆی هەیە بۆ نموونە لە وویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا لە ١٤ حوزەیرانی هەموو ساڵێکدا دانراوە بە یادی ئالای نیشتمانی بۆ گەلی ئەمریکی کە لە ١٤ حوزەیرانی ١٧٧٧ز بە بریاری کۆنگرێس بریاری لێدراوە. بەڵام کاتێک Woodrow Wilson دەبێتە سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکابە شێوەیەکی راسمی لە ٣٠ مایۆی ١٩١٦ ئەو ڕۆژەی دیاریکرد بە رۆژی ئالای نیشتمانی بۆ گەلی ئەمریکی کە ئەمرۆ پێی ناسراوە.

تەواوی دەوڵەتان لە جیهاندا میژوویەکی تایبەت بە ئاڵای خۆیان هەیە بە پێی ڕۆژی دیاریکراو لە سەربەخۆ بوونیان،

نموونەکانی وینەکان: مێژووە جیاوازەکانی ئاڵای کوردن لە سەردەمی ئەیوونیەکان، ئەمارەتی سۆران، ئەمارەتی زەندی، کۆماری کوردستان، کۆمەلەی خۆیبوون، ڕۆژئاوایی ئەمرۆی کورد وە بەشی باشوور بە دەستکاری ناوەروکی ئاڵاکەی سەردەمی پێشەوا قازی محەمەد.



سەرچاوە: ماڵپەڕی خاک - ڕێکەوتی: ١٧ی دێسەمبەری ٢٠١٦

## ئاڵاکەی دەگاتە نەتەوەیەکگرتووەکان؟



**سالار مەحمود**

لە کوردستان ئەگەر یاسا سەروەر بوایە دەبوو ئێستا زۆرێک لەوانەی ئاڵای کوردستان لە پشتیانەوە دانراوە زیندان شوێنیان بوایە. چیرۆکی ئەم ئاڵایە دورو درێژە، سەرسەختە وەک سەرنویشتەی ساحێبەکەی خۆی.
ئەم هێمای خەبات و خوێن و خیتابی نەتەوەییە، سوکایەتی پێکردنی، سوکایەتیە بە مێژوو بە ئێستاو ئایندەی گەل. کاڵفامی و تاوانە لە پای هەر جیاوازیەکدا بێڕێزی بە ئاڵای کوردستانەوە بکرێت.

لە زۆر وڵاتدا بە یاسا سوکایەتی کردن بە ئاڵا سزای بۆ دانراوە لە یاسای ئیتحادیی وڵاتی ئیماراتی ساڵی ١٩٧١ هەر کەسێک سوکایەتی بە ئاڵا بکات بە زیندانیکردن سزا دەدرێت.

جەخت دەکەمەوە ئەگەر لە کوردستان یاسا سەروەر بوایە دەبوو ئێستا زۆرێک لەوانەی ئاڵای کوردستان لە پشتیانەوە دانراوە زیندان شوێنیان بوایە.. دزینی سامانی میللەت و برینی قووتی مامۆستایان و مووچەخۆران، خۆدزینەوە لە چارەسەری کێشەکانی خەڵک، مەلەفەکانی گەندەڵی لەدیوانی چاودێری دارایی، شاردنەوەی داهات و ناشەفافیەت لەخەرجی، فەرامۆشکردنی بەرژەوەندی گشتی و خودویستیی.. هەموو ئەمانە لەسایەو پەنای ئاڵای کوردستانەوە کراوون و دەکرێن. کەواتە لە رۆژی ئاڵای کوردستاندا با هەموو هەوڵەکان بۆ گۆڕینی راستەقینەو سەرختی شەرعییەت بێت بەسەر ئەم پاشا گەردانییەی گەندەڵکاران دروستیان کردوە. خەڵکی کوردستان ئاڵاکەیان لە ویژدانیاندا هەڵگرتووە، رەنگی شپرزی هاونیشتمانیان لە رەنگی هەڵپروسکاوی ئاڵای سەر بینا ناشەفاف و بێ خزمەتەکانی هەندێک بەناو دامەزراوەی گشتی دەچێت.

کەسوکاری شەهیدان و رەنجدەران و پێشمەرگەو گەنجە دڵ پڕ لە حەسرەتەکان خاوەنی راستەقینەی رەنگ و پەیامی ئالاَی نیشتمانن، نەک ئەو شیکپۆشانەی تەنیا ساڵی رۆژێک هێمای ئالاَیان بە بیر دێتەوەو رۆژانی تر رەفتارو گوتاریان ناکۆکە لەگەڵ بەهاکانی نیشتمان و سیمبوڵەکانی نەتەوە.

زۆرن ئەوانەی هاتن و رۆیشتن، کۆسپیان دروست کرد، بەلاَم ئەم سیمبوڵە نەوی نەبوو، دیکتاتۆرەکانی سەردەم و گەنەی خۆیی سێلاَوی رۆژگار خۆیان و خەونی ناکامیانی ونکرد.

### لەباری فەرمییەوە

ئالاَی کوردستان لە ١١ - ١١ - ١٩٩٩ لەپەرلەمانی کوردستان بە یاسای ژمارە(٤) پەسەند کراوە دەستوری عیراق دانیپێدا ناوە.. بە بڕیاری پەرلەمان رۆژی ١٧ - ١٢ کراوەتە ڕۆژی هەڵکردنی ئالاَ، وەکو عورف حەفتا ساڵە لە چوارچرای بەخوێن نەخشراوی قازیەوە بە ئاشکراو نهێنی کورد هەڵیکردوە، ئەم ئالاَیە دەگاتە نەتەوە یەکگرتووەکان درەنگ و زوو کەوتووە، بەلاَم ئەوەی درەنگی دەخات بە پلەی یەکەم گەندەڵیە، کرمی خۆماڵیە، مافیای سیاسی بەناو نیشمانیە..

کەواتە رۆژی ئالاَ پێویستە بکەینە دەرفەتی دژایەتی راستەقینەی گەندەڵکاران رووبەڕوو بونەوەی ئەو سیاسەتەی داوەشین و گەندەڵی زیاتر دەرەخسێنێت و سیاسەت لە چاکەی گشتیەوە دەگوێزێتەوە بۆ بەرژەوەندی گروپێکی کەمینەی پاوانخواز، لە سیاسەتی نیشتمانییەوە بۆ ناوچەگەریی، لە سەربەخۆیی بڕیاری گەلەوە بۆ وابەستەیی بە بڕیاری دەوروبەر، لە هاونیشتمانیبوونەوە بۆ عەشیرەتگەرایی و پەرتکردن تواناکان ئاراستە دەکات. بەو جۆرە کۆشینە رێگای سەربەخۆیی نزیک دە بێتەوەو کورد بە ئالاَکەیەوە دەگاتە نەتەوەیەکگرتووەکان.

سەرچاوە: ماڵپەڕی شارپریس - رێکەوتی: ١٧ی دێسەمبەری ٢٠١٦

--------------------------------------

## ئاڵا پێناسەیە بۆ نەتەوەی کورد



**سەباح شێخانی**

لەو ڕۆژەی ئاڵا بەشێوە ساکار و سادەکەی پەیدا بووە تا هەنووکە، سات لەدوای سات، بەرەوپێش چووە، گرنگی و بایەخی زیاتری پی دەدرێت, شانازی پێوە دەکرێت، بۆ ئێمەی کوردیش، ئاڵای کوردستان هێمای شۆڕشە ڕزگاریخوازە یەک بەدوای یەکەکانی کورد بووە، بۆ یەکەم جار ئاڵای پیرۆزی کوردستان لەسەر دەستی پێشەوا قازی محەمەد لە ڕۆژی ١٧ - ١٢ - ١٩٤٥ لە ڕێوڕەسمی ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان لە گۆڕەپانی چوارچرای شاری مەهاباد (سابڵاغ) بە ئامادەبوونی نوێنەرانی کوردانی هەر چوار پارچەی کوردستان بە فەرمی هەڵدراو بوو بە ڕەمزی کۆماری کوردستان, حەفتاودوو ساڵ بەر لە هەنووکە، قازی پێشەوا ئامادەبوو ملی خۆی بخاتە بەر پەتی سێدارە بەڵام ئاڵای کوردستان نەکەوێتە دەست دوژمن، لە ساڵی (٢٠٠٩)دا، پەرلەمانی کوردستان بڕیاریدا، ڕۆژی (١٧)ی کانوونی یەکەمی هەموو ساڵێک، بکرێتە ڕۆژی ئاڵای کوردستان لە سەرجەم شار و شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان. لەپێناو ئاڵای کوردستان دیرۆکێکی پڕ لە دەردەسەری، دابڕان، ئەنفال و تەعریب، ئاوارەیی، کیمیاباران و نەهامەتی زۆرمان بینیوە بۆیە هەرگیز لێک دانابڕێین.
دوژمنانی نەتەوەکەمان هیچ کاتێک چاویان بە ئاڵای کوردستان هەڵنایەت، هەروەک بینیمان لە دوای خیانەتی ١٦ی ئۆکتۆبەر و داگیرکردنی کەرکووکی دڵی کوردستان لەلایەن میلیشیا شیعەکان، سەرەتا سوکایەتیان بە ئاڵای پیرۆزی کوردستان کرد، بەڵام بێ ئاگان لەوەی کە ڕۆڵە نەبەردەکانی کورد سورتر دەبن لەسەر بەرز ڕاگرتنی ئاڵا وەک دروشمی مانەوەی نەتەوەی کورد.

بەدرێژایی مێژوو ئاڵا وەک شانازییەک وێناو بەرجەستە کراوە، کورد هەمیشە بە شانازیەوە لە ئاڵای ڕوانیوە، بە بەشێک لە بوون و پیرۆزی خۆی زانیوە، ئێمەی کورد دەریایەک خوێنمان لەپێناو ئەو ئاڵایەو لەژێر ئەو ئاڵایە ڕشتووە تاوەکو بگەین بە مافە ڕەواکانمان.

ئـاڵا بـۆ ئێمەی کـورد گوزارشت لە گەلێکی زولـم لێکراو دەکـات، بـۆیە هەمومـان پێناسـەین بـۆ ئـاڵا و ئـاڵاش پێناسـەیە بـۆ نەتەوەی کـورد. ئـاڵا واتـا هێمـاو ناسـنامەی نەتەوەو دەوڵەت، لە ڕۆژی ئـاڵادا پەیمـان نـوێ دەکەیـنەوە تـا مـاوین لەژێـر سێبەری ئەو ئاڵا پیرۆزەدا خەبات و قەربانی بدەین بۆ گەیشتن بە لوتکەی سەرکەوتن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گوڵان میدیا - ڕێکەوتی: ١٩ی دێسەمبەری ٢٠١٧

-------------------------------------------------

## ئاڵا وەک سونبول



### ڕێباز عوسمان

هەموو گەل و نەتەوەیەک خودان کۆمەڵێک بەها و سمبولی تایبەت بەخۆیەتی، ئەو بایەخی گەورەی ئەو سونبولانە ئەوەیە هـەموو ڕەنـگ و ئاراسـتە جیاوازەکـان لـەدەوری خـۆی کۆدەکاتـەوە، دەبێتـە چەقـی کۆبوونـەوە و خـاڵی بەیەکـەوە گرێـدانی هـەموویان، ئەگـەر بـۆ نەتـەوە سەربەسـت و خـاوەن دەوڵەتـەکان سـونبول گرنـگ و پڕبایـەخ بێـت ئـەوان بـۆ ئـەو گـەل و نەتەوانـەی لـە حـاڵی بـەرەو سـەربەخۆیدان زیـاتر گرنگـە و پڕبایـەخترە، کـە ئێمـە وەک نەتـەوەی کـورد لـەو جـۆرەی دووهەمیانین.

ئاڵای کوردستان کە یادگـاری بەجێماوی تاکە قەوارەی سەربەخۆی کوردە لـەمێژوودا یەکێکە لـە سونبولە هـەرە گرنگەکان کەئێمەی خەڵکی کوردستان دەبێت بیکەینە خاڵی بەیەکەوە بەستنەوەمان، چونکە کۆماری کوردستان لـە وێستگەیەکی گرنگی مێژووی میللەتەکەماندا دامەزرا و تەواوی چین و توێژەکانی کۆمەڵگە نەخشیان هەبوو لە بەرەوپێشبردن و خزمەتکردنی ئـەو کۆمارە کەم تەمەنەدا، سەرەڕای ئەوەش کە پێشمەرگە و هێزی سەربازی باشوری کوردستان بەفەرمانـدەیی مستەفا بـارزانی نەمر بوونە شورایەکی قایم و بەهێز بۆ کۆمار و خودی پێشەوا قـازی محەمەد و بە شێوەیەکی کاریگەر نەخشیان گێڕا لە

پارێزگاریکردن لە کۆماردا، خودی ئاڵاکەش نیشانە و ئاماژەیە بۆ نیشتمانی کوردستان و نەتەوەی کورد و ڕەگەزەکانی ئەم نیشتمانە بەشێوەیەکی گشتی، ئەمەش پیرۆزیەکی نەتەوەیی و نیشتمانی مێژوویی بەم سیمبولە گرنگە بەخشیوە.

بەنیسبەت هەرێمی کوردستانەوە ئێستا ئاڵای کوردستان بووە بە نیشانەی ناسینەوەی لەجیهاندا، هەرخودی پەرلەمانی کوردستانیش بەبڕیارێک ئەم ئاڵایەی کردە ئاڵای یاسایی هەرێم، ئێستا ئیدی سەرەڕای بایەخی مێژوویی پشتیوانیەکی یاساییشی هەیە و هەموان پابەندن بەوەی ڕێز لەو سیمبولە بگرن، ئیدی ڕەهەندی گشتگیری و هەمووەکی ئاڵا وەک پۆشاکی تەواوی وڵاتی لێهاتووە و کەس لەدەرەوەی سێبەری ئاڵای کوردستاندا نیە، تەنانەت شەهید و گیانفیداکانی وڵاتیش تا دوامەنزڵی خۆیان بەبەرگی ئاڵای کوردستانەوە بەرێدەکرێن.

لەسەردەمی لێکترازان و ناکۆکیە ناوخۆییەکاندا ڕۆڵی ئاڵا و سیمبولەکان زیاتر دەبن، ئێستا کە جۆرێک لە ئاڵۆزی و لێکدابڕان لەنێوان لایەنەکان هەیە کۆبوونەوە لەدەوری سیمبولی ئاڵای کوردستان پێویستیەکی هەنوکەییە، کەتەواوی لایەنەکان سەرەڕای ناکۆکیەکانیان بەدەوری ئەو سیمبولە کۆببنەوە، ئەویش بەوەدەبێت هەموان بەهاکانی یەکبوون و یەکێتی لەخۆیاندا بەرجەستەبکەن و لەهۆکارەکانی ناکۆکی و دوبەرەکی دوربکەونەوە، سەرەڕای جیاوازیەکانیش پێویستە ڕێگە نەدرێت کار بگاتە ئاستی دەستبردن بۆ ڕەمزەکان و بەچاوی بێ بەها تەماشاکردنیان یاخود بێ دەنگبوون لەئاستی هەر سوکایەتی و هێرشێک بۆسەر ئەو سیمبولانە لەلایەن دوژمنانی نەتەوە و نیشتمانەوە، بەڵکو هەموان خۆ بەخاوەنیان بزانین و بەیەک هەڵوێستی بەرگریان لێ بکەین، ئەمەش دەبێتە پەیامی گرنگ هەم لەسەر ئاستی ناوخۆیی و هەمیش لەسەر ئاستی دەرەوە، هەرچی لەسەر ئاستی ناوخۆیە دەبێتە مایەی متمانە لەنێوان لایەنەکان کە هیچ کەس خەمسارد نیە لەبەرانبەر ڕەمزەکان و هیچ گرفتێک واناکات ڕەمزەکانی لەنمونەی ئاڵای کوردستان ببنە بابەتی ململانێی وبەرەبەندی لەدژی ڕەمز و سیمبولەکان درستببێتە، لەسەر ئاستی دەرەوەش ئەو پەیامە دەگەیەنێتە یار و نەیار کە هێز و لایەنەکان هەڵقوڵاوی ناو جەماوەرن و تەعبیر لەناخی کۆمەڵگەی کوردستانی دەکەن چونکە سەرەڕای ناڕەزاییان بەرانبەر دۆخە و ناکۆکیان لەناو یەکتر بەڵام نەبوون بە دژبەری ڕەمزە نەتەوەیی و نیشتمانیەکان، بەڵکو پارێزەری ئەو ڕەمز و سیمبولانەن کە نەتەوە و نیشتمان بەهی خۆیانی دەزانن و پێکهاتەکانی کۆمەڵگە بەجیاوازی بیروڕایانەوە بەپیرۆزی دەزانن، بۆیە کۆبوونەوە لەدەوری سیمبولی ئاڵای کوردستان لەم بارودۆخەی ئێستاماندا خۆی لەخۆیدا هێزێکە بۆ ئەو لایەنانەی کە ئەو کارەدەکەن هەرلایەنێکیش لە ئاڵا و سیمبولەکانی و پەیامی ئاڵا دوربکەوێتەوە، لاوازی خۆی دەسەلمێنێت لە گشت دەنگی نیشتمانی دوردەکەوێتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گوڵان میدیا - ڕێکەوتی: ١٨ی دێسەمبەری ٢٠١٦

## ئایا ٢٦ی سەرماوەز رۆژی هەڵکردنی ئاڵای کوردستانە؟.



**حامید درودی**

لێرە و لەوێ دەبینین کە باس لەوە دەکرێ کە ٢٦ی سەرماوەز رۆژی هەڵکردنی ئاڵای کوردستانە لە لایەن کۆماری کوردسان لە مەهاباد. تەنانەت لە لایەن هێندیک رێکخراویشەوە بە بێ بەڵگە و هۆ،

لە سەر ماڵپەڕەکانی خۆیان نووسیویانە کە رۆژی ٢٦ی سەرماوەز ئاڵای کوردستان هەڵکراوە! یەکێکیان نووسیویە: " گۆڤاری کوردستان بڵاوکەرەوەی بیری حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە ژمارەی سێیەمی خۆیدا، مانگی خاکەلێوەی ١٣٢٥ (مارسی ١٩٤٦) لە ژێر سەردێڕی "هەڵکردنی ئاڵای موقەدەسی کوردوستان لە مهاباد" دەنووسێ: " ..... ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٢٤ی هەتاوی = ١٧ی دیسامبری ١٩٤٥، تەواوی نوینەرەکانی ئەهالی کوردوستان لە شاری, مهاباد کوبونەوە. لە سەعات ١٠ی بەیانی لە کانگای حیزب ئاڵای کورد بە حوضوری دەهەزار نەفەر هەلگیرا و لە کاتیک دا دەستەی موزیک مارشی میللی لی دەدا و لە سەرتاسەری شەقامی وەفایی دا صەفی نیزام کە لولەی تفەنگ و موسەلسەل و سەرنیزەیان دەدرەوشا دەستەی لاوان و قوتابیانی مەکتەب، کچ و کور، لە لای راستی ئالا لە حەرەکەت دا بون گەورە وچوکی مهاباد هەیئەت و نوینەرانی حیزبی دیموکرات لە پشت سەری ئالا سەری تەعظیمیان بو دانەواندبو و، بو ئیحتیرام چەپلەیان لی دەدا و هورایان دەکیشا و، پیشەوای موعەظەمی کوردستان جەنابی قاضی محمد وتاریکی بە تینی لە بابەت ئالای موقەدەسی کوردستان ئیراد فەرمو."

ئەمە لە شتێکی راست ناچێ چوونکە من ئەو ژمارەی کوردستانم بەلاوەیە و لە ژمارە ١ی کوردستاندا کە لە رێکەوتی پێنج شەممە ٢٠ی بەفرانباری ١٣٢٤ واتە ١١ی ژانویەی ١٩٤٦ دەرچووە لە لاپەڕەی دووهەمدا باسی هەڵکردنی ئاڵا لە شاری بۆکان دەکا و دەنووسێ: بە پێی دەستووری هەیئەتی مەرگەزی حیزبی دیموکراتی کورستان و ئەمری جەنابی قازی محەممەد سەدرئەعزەم و پێشەوای کوردستان قەرار درا ئاڵای مەقەدەس و سێ رەنگی کوردستان لە بۆکانیش هەڵکرێ ئاغایان، میرزا موستەفا، عەبدولقادر مودەرسی، حوسێن فروهەر، میرزا محەممەئەمین شەرەفی، عەلی خوسرەوی، مەحموود وەلیزادە، میرزا

رەحیم لەشکەری و ئەعزای هەیئەتی حیزبی دیموکراتی کورستان و ئاغای شێخ ئەلئوسلامی هێمن شاعیری میللی و نمایندەی هەیئەتی رەئیسەی میللی و ئاغای محەممەد نانەوازادە فەرماندەی ئوردووی میللی بە فەرماندەری کردی ئیحترام و دەستەی موزیک لەگەڵ ئاغای قاسم ئاغای ئیلخانیزادە نمایندەی کومیتەی مەحەلی حیزبی دیموکرات لکی بوکان بە ماموری هەڵگرتنی ئاڵای موقەدەس مەعلووم کران. سەعات ١ی پاش نیوەڕۆیە رۆژی چوارشەموو ٥ی بەفرانباری ١٣٢٤ بە ئیفتخاری وەرێ کەوتنی هەیئەتی هەڵگری ئاڵا لە حەساری کانگای حیزب مارشی مللی کوردستان خوێندراوە و موزیک لێدرا، لەو کاتەدا ئوتومبیلی مەخسوس لە نێوانی هەزاران نەفەر خۆشک و برایانی سابڵاغی گەیشتە بەردەرکی کانگای حیزبی دیموکراتی کوردستان و راوەستا، هەیئەتی هەڵگری ئالا لە نێو شریخەی چەپڵەرێزا و نەعرەتەی توند و بڵندی (هوریا و بژی کورد و کوردستان)ی بەێکەرانەوە کە لە دڵێکی گەرم و گوڕەوە بە کوڵەوە دەهات وەرێ کەوت سەعات دوونیوی پاش نیوەڕۆ هەیئەت گەیشتە مەیاندووئاو..."

لە ژێر هەمان بابەتدا مامۆستا هەژار شاعیری میللی کورد ئەو رۆژە هۆنراوەیەکی خوێندووەتەوە کە بەم جۆرە بووە:



بێ ببینێ ئەو کەسەی پێی وابوو کورد سەرناکەوێ
کێ بوو پێی وابوو تەمی نەگبەت لەسەرمان ناڕەوێ
داری ئاڵاکەم وەکوو چقڵێکە بۆ چاوی عەدوو
هەر دڵێ خۆشی نەوێ رەبی وەبەر خەنجەر کەوێ
داری ئاڵام داری کرد بۆ خوێن مژی کوردی هەژار
پێی بڵێن با داکەوێ لەو خاک و خۆڵە چی دەوێ
داری ئاڵاکەم برا، سێدارەیە بۆ دوژمنان
هەر لە ئاسۆ سەرکەوێ پێویستە ژینی خۆی نەوێ
پارچەکەی سێ رەنگی خۆی دەنوێنێ و رەنگی سوور دەڵێ

تا تنۆکێ خوێنی کورد مابێ قەدی من نانـــــەوێ
یان دەڵێ تا لەشکری سوور بەر قەرار و زنـــدووە
قەومی کورد رەزگارە (لێرەدا نووسینەکە سڕاوەتەوە)
یان دەڵێ لێم سوورە دیموکراسی لە عالەم سەرکـەوێ
موستەبید و مورتەجیع کەوتوونە گێژی گـێژەوێ
سپیەکەی موژدەی بەیانی بەختی کوردی کرد بـەیان
رۆژی بەختی کوردی پەیدا بوو نەما پەردەی شــەوێ
دوو گوڵی گەنمی دەڵێ ئاگات لە رزقی خۆت ببـــێ
خۆت کە برسی، بۆچی دوژمن پێی بژی لێرە و لـــەوێ
پێو دەڵێ نووکی قەڵەم گەر ژینی خۆشت پـــێدەوێ
غەیری من دەس ناکەوێ بۆ رێی تەرەقی پێـــشرەوێ
رەنگی سەوزی یانی دایکی (نیشتمان) لەورۆکـــەوە
جوان و سەر سەوزە وەگیری کەوتووە عومری نـــوێ
لاوەکان ناموسی نۆ ملیۆنە ئەو ئاڵایـــەمان
گیان بدەن بۆ حیفزی ئەو ناموسەتان لەمنوکـەوێ
رێی نەجاتمانە پەنا بۆ ئیتحادی شـــۆرەوی
سوورمەیە بۆ چاوی ئیمە خاک و خۆڵی مـەسکەوێ
رەبی (ئیستالین) بژی بۆ لاگری مەزڵوومەکـــان
تا زەمانە خول دەدا و تا رۆژ دەبەخشێ پورتـــەوێ
رەبی هەرکەس دوژمنی ئەو میللەتە دڵپاکـــــەیە
ژێرکەوێ کۆستی کەوێ رەبی سەعاتێک نـــەسرەوێ

ئەم هۆنراوەی مامۆستا هەژار چەنـدین شتمان بـۆ روون دەکـاتەوە، یەکەم ئەوەی کە ئەو ئـاڵایەی کۆمـاری کوردستـان هەڵـی کردووە، ئەو ئاڵا سێ رەنگەی ئێستا نەبووە. لەسەر ئەمەش شەهید دوکتـور قـاسملوو دەنووسێ:" ئـاڵای کوردسـتان سێ رەنگ بوو. رەنگی سوور لە سەرەوە، رەنگی سپی لە نێوەڕاست و رەنگی کەسک لە خوارەوە. ئارمی کوردستـان لە نێوەڕاستی ئـاڵاکەدا بوو کە بریتی بوو لە قەڵەمێک لە نێوان دوو گـوڵە گەنمدا. قەڵەم بایەخدانی حیزبـی دێمـوکرات و کۆمـاری کوردسـتان بە فەرهەنگ و زانستی دەنواند و گوڵە گەنیش نیشانەی بەرهەم و کار بوو. هەتـاویش لە لای سـەرەوەی ئـارمەکە هەڵاتبـوو کە

سەمبوڵی ئازادی بوو." دووهەم ئەوەی کە ئەو کات کۆماری کوردستان و ئەو ئازادییەی لەو ناوەچانەدا پێکهاتبوو، بە پاڵپشتی ئەرتەشی سوور و ستالین دەستەبەر ببوو، ئیتر ئەوەی کە دواتر کوردیان بۆ نەوت بە حکومەتی ناوەندی فرۆشت و پشتیان بەردا شتێکیترە، ئێمە دەبێ راستیەکان وەک خۆیان بگوازینەوە کە راستی نووسین و راستی گوتنیش ئەرگی هەموو پێشمەرگەیەکە. لە هێندیک شوێندا کە ئەم هۆنراوە بڵاو کراوەتەوە کە چەندین بەیت لەوانەی کە بە دڵی ئێمەی کورد نیە دەهاویژراون کە ئەمە بە بڕوای من کارێکی ناڕەوایە، چوونکە ئەوە بیری ئەو کاتەی مامۆستا هەژار و خەڵکی ئەو سەردەمەمان پیشان دەدا و ئەگەر خۆی نەیویستایە ئەوا بە دڵنیایەوە لە ئێمە باشتر دیتوانی ئەو نیو بەیتانەی تێدا لابەرێ یان بە شێوەیەکی تر بیانهۆنێتەوە.

دەبێ لێرەدا ئەوە بە بیر بێنەوە کە یەکێک لەو کەسانە کە شاهیدی عەیینی ئەو رۆژە بووە و ئێستا لە ژیاندایە خاڵە موتەلیب حەرێقی بووە کە ئەو کات لاوێکی ١٠ تا ١٢ ساڵان بووە و بۆ خۆی لە بەرنامەیەکدا کە لەگەڵ من تۆمارمان کردووە دەڵێ بە ماشینەو و دەهۆڵ و زوڕناوە لە بۆکانەوە چووین بە پێرایی ئاڵای کوردستانەوە و لە خەڵکانێک کە ئاڵاکەیان لە شارەکانیترەوە هێنابوو، وەرگرت و گەڕاینەوە بۆ بۆکان...

کەوابوو ئەگەر رۆژنامە ١ی کوردستان لە رێکەوتی پێنج شەممە ٢٠ی بەفرانباری ١٣٢٤ واتە ١١ی ژانویەی ١٩٤٦ دەرچووبێ، ناکرێ ژمارەی سێهەم لەو رێکەوتەی ئەوان نووسیویانە دەرچووبێ!

ئەوەش کە ئەو کەس و رێکخراوانە نووسیوەیان: "ژمارەی سێیەمی خۆیدا، مانگی خاکەلێوەی ١٣٢٥ (مارسی ١٩٤٦) لە ژێر سەردێڕی "هەڵکردنی ئاڵای موقەدەسی کوردوستان لە مهاباد" (کە لێرەدا مەبەست رۆژنامە کوردستانە) لە راست ناچێ، چونکە ژمارە سێهەمی رۆژنامە کوردستان لە رێکەوتی دووشەممە ٢٤ی بەفرانباری ١٣٢٤ دەرچوو کە خۆیان لەسەریان نووسیوە ١٥ی ژانویەی ١٩٤٦ و باسێکی لەسەر هەڵکردنی ئاڵای کوردستان تێدا نیە.

لە ژمارەی ٥ دا ئەویش لە ژێر سەردێڕی وتارێکدا بە ناوی "بەمناسەبەتی هەڵکردنی آلا لە نەغەدە" دا باس لەسەر هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لەو شارە کراوە و رێکەوتی دەرچوونی ئەو ژمارەیەش ٢٩ی بەفرانباری ساڵی ١٣٢٤ە.

لە ژمارە حەوتی رۆژنامە کوردستاندا کە رۆژی شەممە ٦ی رێبەندان دەرچووە، لە لاپەڕەی ٤دا دیسان بە ناوی "بەمناسەبەتی هەڵکردنی آلا لە نەغەدە"دا وتارەکەی ئەو رۆژەی شاری نەغەدەیان بڵاو کردووەتەوە کە بەم جۆرە دەست پێ دەکا: "ئەی ... و جوانان و لاوانی کورد، ئەی خانم و ئاغایانی کورد، ئەی سەرباز و سوارانی کورد، ئەی هێزی ئازادیی،

ئەی پاڵەوان و دلاوەرانی کورد، ئەی جوتیاران و رەنجبەران و سەپانان و هەژارانی کورد، زۆر بە پرۆشەوە بە دڵێکی خۆشەوە جێژنە پیرۆزەی هەمووتان ئەکەم. ئێمڕۆ ئاڵای سوور رەنگی کورد هەڵکرا بەسەر ئەرزی کوردستاندا و بوو بە یەکەمین جەژنی راستەقینەی کوردستان..."

لە ژمارە هەشتی رۆژنامەی کوردستاندا کە لە رێکەوتی دووشەممە ٨ی رێبەندانی ساڵی ١٣٢٤ دا دەرچووە، لە لاپەڕەی یەکەمدا خەلیلزاد وتارێکی لە ژێر ناوی "سڵاو لە ئاڵای کوردستان و میوانەکانی خۆشەویست!" نووسیوە کە هەست و سۆزێکی تێدا بە دی دەکرێ کە من لێرەدا بەشێکی دێنمەوە: "سڵاو لە تۆ ئاڵای سورز و جوان، سپی و بە رێو شوێن، سووری جەنگاوەر، ئێمە رۆڵەی پیاوە شێت و دەربەدەر کراو و کوژراوەکانی ئەشقی تۆ، لە رۆژهەڵات و رۆژئاوا، لە شەماڵ و زریان بە گیانێکی پاک و رۆحێکی یەکیەتی هاتووینە ژێر سێبەری سارد و فێنکەکەت هەتا بحەسێنەوە. هەتا پێت بڵێین: قوربانی کە ساڵێ جارێکە؛ ئێمە هەوو ساتێک قوربان و باڵا گەردانی تۆین..."

ئێستا کە بە پێی ئەو بەڵگانە بۆمان دەکەوت کە لە رۆژنامەی کوردستان زمان حاڵی حیزبی دیمۆکرای کوردستانە و ئەویش پێکهێنەری کۆماری کوردستانە بۆمان دەرکەوت رۆژی ٢٦ی سەرماوەز رۆژی هەڵکردنی ئاڵای کوردستان نیە. با بزانین بۆ رۆژی ٢٦ی سەرماوەز وەک رۆژی پێشمەرگە دیاری کراوە.

ئەوانەی ئەو کات پێشمەرگە بووین و لە بیرمانە حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران لە ساڵی ١٣٦٤ی هەتاویدا بریاری دا کە رۆژێک بۆ پێشمەرگە دیاری بکرێ و هەموو ساڵێک خەڵکی کوردستان لەو رۆژەدا رێز لە رۆڵەکانی خۆیان بگرن کە ئامادەن گیانیان فیدای خاک و ئاوی نیشتمانەکەیان بکەن. هەربۆیە رۆژی ٢٦ی سەرماوەز دیاری کرا و گۆڤارێکیش بە ناوی ٢٦ی سەرماوەز دەرچوو کە من دوو ژمارەی سەرەتام بەلاوەیە و لە ژمارەی دووهەم لە لاپەڕەی ٣٤ دا چوارقوژبنێکی من (حامید) بە دەستکارییەوە چاپ کراوە. ئەوەش زۆر روونە کە ئەم رۆژە بە بۆنەی ٢٦ی سەرماوەزی ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوییەوە دیاری کراوە کە دوایین بنکەی رێژیمی شا لە شاری مەهاباد بە دەستی بەهێزی رۆڵەکانی گەلەکەمان گیراوە و ئیتر دوای ئەوە ئاسەوارێک لەو رژیمە لەو ناوچەیە نەماوە. ئەو چەکدارانەش کە هێرشیان کردە سەر دوایین بنکەی رژیم، سەر بە حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران بوون و بە داخەوە یەکێکان بە ناوی عەوڵای مینە خاڵند لەو هێرشەدا گیانی خۆی پێشکەشی بارگای ئازادی کرد کە دەبێتە یەکەم شەهیدی ئەم حیزبە و هەر بۆیەش بۆ ئێمە ئەندامان و پێشمەرگە و لایەنگرانی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان بە رۆژێکی پیرۆز دێتە ئەژمار و لە ساڵی ١٣٦٤ی هەتاوییەوە هەموو ساڵێک بە دڵێکی شادەوە بەرەو پیریەوە دەچین و جێژن دەگێڕین و شادی و هەڵپەڕین و رەشبەڵەک دەکەینە چقڵی چاوی دوژمنانی گەلەکەمان.

کاکە دوکتور قاسملوو کە ئەو سەردەمە ١١ ساڵان بووە و زۆر لەو رووداوانەی لە بیرمابوو، لەسەر ٢٦ی سەرماوەزی ساڵی ١٣٢٤ لە "چل ساڵ خەبات"دا دەنووسێ کە دوایین نیشانەی دەسەڵاتی حکومەتی مەرگەزی کە بریتی بوو لە شارەوانی مەهاباد لە نێوچوو و چەکدارەکانی شارەوانی چەک کران و دەسەڵات بە تەواوی کەوتە دەستی خەڵک کە هەرچی دەچوو زیاتر خۆی چەکدار دەکردن. سەرەڕای ئەوەی کە کاک نوشیروانیش لە کتێبەی خۆیدا ئەمە پشت راست دەکاتەوە و دەنووسێ:" رۆژی ٢٦ی سەرماوەز خەڵک بە هاندانی هەندێ لە سەرکردەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان هەڵیان کوتایە سەر شارەوانی مەهاباد کە دوایین نیشانەی دەسەڵاتی تاران بووە، پاش تەقوتۆقێکی کەم گرتیان." بەڵام کەسانی وەک کاک کەریم حیسامی دژی ئەم بۆچوونەن و لە کتێبەکەی خۆیدا بە ناوی "پێداچوونەوە" لە جلدی یەکەمدا دەنووسێ: "شارەوانی مەهاباد مانگی مای سالەی ١٩٤٣ دوای وتاری عەزیز خانی کرمانج لە لایەن خەڵکەوە پەلامار درا و ٧ پاسەوان کوژران و هێندیکیش خۆیان شاردەوە و عەوڵای مینە خاڵندیش شەهید بوو. ٢٦ی سەرماوەز شارەوانی مەهاباد دەمێک بوو لە ژێر دەسەڵاتی خەڵکدا بوو، ئاغا سەید پیرەی رەحمەتیش سەرۆکی شارەوانی بوو..."

دەبێ ئەوەش بڵێم کە هەر لە سەرەتای دیاری کردنی ئەم رۆژەوە لە لایەن حیزبەوە، هێندیک رێکخراو کە لەوە دەچوو زۆرتر لەوە قەڵس بن کە بۆچی ئەوان بیرۆکەی دانانی ئەم رۆژەیان بە میشکا نەهاتووە کەوتنە هات و هاوار و تەنانەت لەسەر رادیۆش وتاریان لەسەر بڵاو کردەوە کە نابێ ئەو رۆژە بکرێ بە رۆژی پێشمەرگە!

پیرۆز بێ ٢٦ی سەرماوە رۆژی پێشمەرگەی کوردستان

سەرچاوە: ماڵپەری پێشمەرگەکان - رێکەوتی : ١٥ی دێسەمبەری ٢٠١٢

-------------------------------------------

## خوێندنەوەیەک بۆ هۆگریی خەڵکی رۆژهەڵات بە "پێشمەرگە" و "ئاڵای کوردستان"



قادر وریا

لە ماوەی دوو حەوتووی رابردوودا شار و گوندەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان مەیدان و شایەدی چالاکیی بەرینی هۆگران و ئەویندارانی "پێشمەرگە" و "ئاڵای کوردستان" بوون.

ئەمساڵ بە شێوەیەکی بەربڵاوتر لە ساڵانی رابردوو، دڵسۆزان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، تێکۆشەرانی گۆڕەپانی خەباتی نهێنی، لە دوو حەوتوو پێشترەوە، بە پێشوازی ٢٦ی سەرماوەز، رۆژی ئاڵا و رۆژی پێشمەرگەی کوردستانەوە چوون. ئەم پێشوازییە زیاتر لە شێوەی نووسینی دروشمگەلی تایبەت بەم بۆنانە و بڵاوکردنەوەی تراکتەکانی پێوەندیدار بە رۆژی ئاڵا و رۆژی پێشمەرگە و هەڵکردن و هەڵاوەسینی ئالای کوردستان لە شوێنە بەرچاوەکان، خۆی دەرخست. سەرنجڕاکێش ئەوە بوو کە هەر چوار پارێزگەی رۆژهەڵاتی کوردستان، پارێزگاکانی: ورمێ، سنە، کرماشان و ئیلام، مەیدانی بەڕێوەچوونی ئەم جۆرە چالاکی‌یانە بوون.

یادکردنەوە و بەرزراگرتنی بیرەوەریی لە دایکبوونی ئاڵای کوردستان و هێزی پێشمەرگە لە نێوخۆی رۆژهەڵاتی کوردستان ئەویش لە ئاستی سەرانسەری و بە بەشداریی رێژەیەکی زۆر لە دڵسۆزان و هۆگرانی هێزی پێشمەرگە و ئاڵای کوردستان، لە چەند بارەوە جێگای سەرنج و هەر لەوکاتەدا مایەی شادی و شانازییە. ئاماژەیەکی کورت بە هێندێک لەو رەهەندانە دەکەین:

### نێوەرۆکی خەباتکارانە و خەباتخوازانەی چالاکی‌یەکان:

بەشداریی بوێرانە و بەربڵاوی لاوەکان لەم جۆرە جەرەکەتانەدا، بوونی وزە و پوتانسیەلێکی گەورە بۆ تێکۆشان و خەبات دژی دیکتاتۆری و بندەستی لە رۆژهەڵاتی کوردستان، دەسەلمێنێ. سەرەڕای لە ژێر چاوەدێریدابوونی زۆربەی ئەو شوێنانەی کە لەم جۆرە بۆنانەدا دەبنە مەیدانی چالاکیی هۆگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، هەروەها لەگەڵ ئەوەشدا، سوپای پاسداران، ئیدارەی ئیتلاعات، بەسیج و بەگشتی بەکرێگیراوەکانیان لە سەروبەندی بۆنە حیزبی و نەتەوەییەکاندا دەکەونە حالەتی ئامادەباش، تێکۆشەرانی گۆڕەپانی خەباتی نهێنی، لە زەبروزەنگ ناپرینگێنەوە و تەلیسمی ترس و سەرکوت دەشکێنن. دیارە بەشێک لە بەشدارانی ئەم جۆرە چالاکیانە ئەندام و لایەنگری حیزبی دێموکراتی کوردستانن و بە ڕێنوێنی و هاندانی تەشکیلات و راگەیاندنی حیزبەکەیان، ئەم جۆرە چالاکیانە دەکەن. بەڵام بە دڵنیاییەوە بەشێکی بەرچاو لەو لاوانەی بەشداری ئەم جۆرە چالاکیانە دەبن، تەنیا کوردایەتی و هەستی نەتەوەیی و پێوەندییەکی مەعنەوی بە حیزبی دێموکرات و هێما شۆڕشگێڕی و نەتەوەییەکان دەیانبەستێتەوە، ئەگینا لەگەڵ حیزب و تەشکیلاتە نهێنییەکەی پێوەندییەکی ڕێکخراویان نیە. بەو حاڵەش چونکە حیزبی دێموکرات و پێشمەرگە و ئاڵای کوردستان، لە لای ئەوان خۆشەویستن، هەروەها بەو هۆیەوە کە تێکۆشان و چالاکی بە دژی ڕێژیمی دیکتاتۆر و دژەکوردی کۆماری ئیسلامی و دەزگا سەرکوتکەرەکانی بە جۆرێک لە خەبات و بەربەرەکانیی شۆڕشگێڕانە دەزانن، خۆویستانە تێکەڵ بەم جۆرە چالاکیانە دەبن.

### بە ڕەوا زانینی بەرگریی چەکدارانە بەرامبەر دوژمنان و ڕێز لێگرتنی:

ڕێزگرتن لە وشە و ناوی پێشمەرگە و بەرز ڕاگرتنی یادی بەرگری و فیداکارییەکانی لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ هێزە پەلاماردەر و سەرکوتکەرەکانی ڕێژیمە دژبەکوردەکان، لەو بڕوایەوە سەرچاوە دەگرێ کە بۆ بەرەنگاربوونەوەی زەوتکەرانی مافە نەتەوەییەکانمان و سنووردانان بۆ هێرش و دەستدرێژی و تاوانەکانیان، بەرگریی ڕەوا و وەدەست هاتن بە چەکیش پێویستە. گەلی کورد کە چاوی تەماعی نەبڕیوەتە خاکی هیچ نەتەوەیەکی دیکە و هەموو جارێش بە ڕێگای هێمنانە و ئاشتیخوازانە، داخوازەکانی خۆی بەرەوڕووی ڕێژیمە یەک لە دوای یەکەکان لە ئێران و عێراق و تورکیە و سوریە کردووەتەوە، هەر کات لە جیاتی ڕێزگرتن لە داواکانی هێرشی کراوەتە سەر، بە چەکیش بەرگریی لە مان و خاک و شوناسی خۆی کردوە. ڕێزگرتنی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ٢٦ی سەرماوەز، وەک ڕۆژی پێشمەرگە، ڕێزگرتنە لە دەیان ساڵ حەماسەخوڵقێنیی ڕۆڵەکانیان، ڕێز گرتنە لە چەند هەزار پێشمەرگەی شەهید کە لە سەنگەری ڕاوەستان بەرامبەر هێرشی کوردکوژاندا، گیانیان بەخشیوە. ڕێزگرتنە لەو تێکۆشەرانەی هەروا لە مەیداندا ماونەتەوە و ئاڵای تێکۆشانیان شەکاوە ڕاگرتوە. گومانی تێدا نیە کە ئەم ڕێزگرتن و خۆشەویستییە، هێزی پێشمەرگە و ڕۆڵە چەکدارەکانی کورد کە لە بەشەکانی دیکەی کوردستانیش کە بەرگری لە نەتەوەکەیان و خاکی نیشتمانەکەیان دەکەن، دەگرێتەوە.

### هێماکانی شوناسی نەتەوەیی رۆژبەڕۆژ زیاتر جێی خۆیان دەکەنەوە:

رۆژهەڵاتی کوردستان لەگەڵ لە دایکبوونی حیزبی دێموکراتی کوردستان و کۆماری کوردستاندا، بوو بە خاوەنی کۆمەڵێک سامان و دەسکەوتی نەتەوەیی. جگە لە داهاتنی وشە و ناوی "پێشمەرگە" و پێکهاتنی هێزی پێشمەرگە لەو سەردەمەدا، "ئاڵای کوردستان"یش بۆ یەکەم جار هەر لەو سەردەمەدا دەرفەتی ئەوەی بۆ رەخسا نوێ ببێتەوە و بە رەسمی هەڵ بکرێ. دیارە سروودی نەتەوەیی "ئەی رەقیب"یش هەر یادگاری کۆماری کوردستانە و بۆمان ماوەتەوە.

ساڵانێکی زۆر هێز و لایەنە سیاسی‌یەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان بە حیزبی دێموکراتیشەوە، بۆ نەڕەنجانی "خاتری موبارەک"ی لایەنە ئێرانی‌یە شۆڤێنییەکان و لە ترسی تاوانبارکران بە جیاییخوازی، لە باسی کۆماری کوردستان و رابردووی بزووتنەوەی نەتەوەیی لە کوردستان، گرینگی‌یەکی ئەوتۆیان بە ئاڵای کوردستان نەدەدا، یا وەک شتێکی مێژوویی و پەیوەست بە رابردوو، باسیان دەکرد. دوای ئەوەی هەرێمی کوردستان بوو بە خاوەن پارلمان و حکوومەت و، هەڵکردن و بە کارهێنانی "ئاڵای کوردستان" لە پارلمانی کورستان رەسمیەتی پێ درا، کولتووری بە کارهێنانی ئاڵا وەک هێمایەکی نەتەوەیی، سنوورە دەسکردەکانی بڕی و لە بەشەکانی دیکەی کوردستانیش، پێشوازی لەو ئاڵایە کرا. دیارە لە نێوان ئاڵای کۆماری کوردستان و ئاڵای پەسندکراوی پارلمانی کوردستان، هێندێک جیاوازی هەن. بەڵام خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان و زۆر لە دانیشتوانی بەشەکانی دیکەی کوردستانیش، وەک هێمایەکی گشتی بۆ هەموو نەتەوەی کورد نەک ئاڵای بەشێکی کوردستان، رێزی لێ دەگرن.

لە رۆژهەڵاتی کوردستانیش، کەسانی خاوەن هەست و شوعووری نەتەوەیی بە هۆی ئەم ئاڵایەوە، بوونی کورد وەک نەتەوەیەک و کوردستان وەک نیشتمانی ئەو نەتەوەیە، دەردەبڕن. ئەم دیاردەیە لە رۆژهەڵاتی کوردستان رووی لە زیادبوون دایە و لە بۆنە نەتەوەییەکان و نەورۆز و تەنانەت جێژن و خۆشیی بنەماڵەیی‌دا، تا دێ زیاتر خۆی دەردەخا. بایەخدان بە هێما نەتەوەییەکان وەک رێگایەک بۆ بەرگری لە شوناسی نەتەوەیی و شانازی پێوەکردنیان، بەڵگەیە بۆ گەشە کردنی بیری نەتەوەیی و وشیاریی سیاسی کە بە دڵنیایەوە لە سەر دەوڵەمەندیی خەباتی نەتەوەیی لەم بەشەی کوردستان هەم لە رووی نێوەرۆک و هەم لە رووی شێوازەکانی تێکۆشان بۆ مافی نەتەوەیی، کاریگەریی قووڵی دەبێ.

### دوێنێ و ئەمڕۆی خەباتی خەڵکی کوردستان، پێکەوە بەستراون:

بە پێچەوانەی ئەو هەوڵانەی بە مەبەستی دابڕینی ئەمڕۆی کوردی ڕۆژهەڵات لە ڕابردووە سیاسی و نەتەوەییەکەی دەدرێن، بزووتنەوەی سیاسی و حەقخوازانە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان نایهەوێ و ناتوانێ پشت لە ڕابردووی خۆی بکا. ئەگەر پێکهاتنی حیزبی دێموکراتی کوردستان و کۆماری کوردستان وەک سەرەتایەک بۆ بە کردەیی کردنی خەونەکانی بزووتنەوەی نەتەوەیی لەم بەشەی کوردستان قبووڵ بکەین، ئەوەی دوای ٧٠ ساڵ لە تویی تێکۆشانی جۆراوجۆری خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی ڕووناکبیران، لاوان و چالاکانی بوارە جیاجیاکاندا دەیبینین، بەردەوامی‌یە لەسەر ویست و ئامانجەکانی پێشوو. ڕزگاربوون لە ژێردەستی و هەڵاواردن و بێمافی، پێکهێنانی کیانی کوردیی خاوەن ئاڵا و سوپای میللی و سروودی نەتەوەیی تایبەت بە خۆی، گەیشتن بە دەسەلاتێکی کوردیی خاوەن نێوەرۆکێکی ئینسانی و دێموکراتیک، هەتا ئێستاش لە دیارترین ویست و ئاواتەکانی توێژی سیاسی و چالاکی ڕۆژهەڵاتن. ئەوە کە زەبروزەنگ و سانسۆڕ و سزا و سەرکوتی دڕندانەی کۆماری ئیسلامی، دەیهەوێ بە هەر نرخێک بووە ئەم دەنگانە نەبیسترێن و ئەم خەونانە نەبیندرێن، هیچ لە ڕاستیی مەسەلەکە ناگۆڕێ.

بەم پێیە سەرەڕای سەرکوت و بەربەستی جۆراوجۆر لەسەر ڕێی خەبات و بزووتنەوەی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بیری نەتەوەیی و شوناسخوازی، وشیاریی سیاسی و ئامادەیی خەبات و تێکۆشان بۆ ئاوات و ئامانجی ڕزگاریخوازانە لە گەشانەوە و بەرەوپێشچوون دایە. ئەم ڕاستی‌یە هەر لەو کاتەدا کە مایەی دڵگەرمی و شانازییە، ئەرکیش دەخاتە سەر حیزبی دێموکراتی کوردستان و ڕێکخراوە سیاسی‌یەکانی دیکە بۆ ئەوەی لە خوێندنەوە و لێکدانەوەی خۆیاندا و بەرنامەدانانیان بۆ تێکۆشانی سیاسی و مەیدانی‌دا حیسێبی تایبەتی بۆ بکەن.

لە ژمارە ٦٩٤ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٠ی دێسەمبەری ٢٠١٦

----------------------------------------

## ئاڵای پڕ بە باڵای شکۆی نیشتمانێک



**مەنسوور مروەتی**

«داری ئاڵاکەم وەکوو چقڵێکە بۆ چاوی عەدوو
هەر دڵێ خۆشی نەویّ ڕەببی وەبەر خەنجەر کەویّ
ڕەببی هەرکەس دوژمنی ئەو میللەتە دڵپاکەیە
ژێر کەویّ کۆستی کەویّ ڕەببی سەعاتێک نەسرەویّ»

ئەو دوو بەیتە شێعرەی سەرەوە بەشێکن لەو هۆنراوەیەی کە مامۆستا هەژار لە ڕۆژی هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە ساڵی ١٣٢٤دا لە مهاباد، پێتەختی کۆمارەکەی کوردستان لە بەردەم جەماوەر و پێشەوای مەزن قازی محەممەد، یەکەم سەرۆککۆماری کوردستاندا خوێندیەوە.

هەروەک لە هۆنراوەکەشدا دەخوێنرێتەوە ئاڵا یەکێک لەو هێمایانەیە کە بۆ ناساندنی گەلان لە دنیادا کەڵکی لێوەردەگیرێ و وەک باس کرا ئەو ئاڵایە بەڕەسمی لە کۆماری کوردستان لە مهاباد هەڵکرا.

لە نێو گەلاندا جودا لە ئاڵای نیشتمان هەندێ هێمای دیکەش هەن کە سیمبولی نەتەوەیین وەکوو سپایەکی نەتەوەیی و سروودی نەتەوەیی کە بە سیمبولی سەربەخۆیی و سەروەریی گەلان دادەنرێن کە ئەو دووەش لە کۆماری کوردستاندا بۆ کورد لە شکڵی سروودی «ئەی ڕەقیب»و هێزی «پێشمەرگە»دا چێ کران و، پێشمەرگە وەک هێزی بەرگریکاری کورد دوای ٧ دەیە ئێستاش هەر ئەو نازناوەی هەیە لە کۆماردا پێی بەخشرا و میراتگری ڕاستەقینەی ئەو پاشخانە دەوڵەمەندەیە.
لە ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٢٤دا شارەوانیی مهاباد وەکوو دوایین شوێنی هێما و شکۆی ڕێژیمی پەهلەوی لەو شارە دەستی بەسەردا گیرا و ساڵەها دواتر لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە ئەم ڕۆژە بە ناوی ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان ناودێر کرا و خەڵکی کوردستان لەم ڕۆژەدا وەکوو وەفایەک لە فیداکاری و گیانبازیی پێشمەرگە، ڕێزی تایبەتی لە ڕۆڵە پێشمەرگەکانیان دەگرن.

لە پاش ڕووخانی کۆماره کەم تەمەن بەڵام پڕ دەسکەوتەکەی کوردستان پێشەوای مەزن لە کاتێکدا بە سەربەرزی بۆ مانەوەی نەتەوەکەی چووە سەردار کە ڕەنگە نە دۆست و نە دوژمن بیریان لەوە نەدەکردەوە کە ئەو بناغە پتەوەی پێشەوای نەمر بۆ دارشتنەوەی نەتەوەکەی داینابوو بە ڕووخانی کۆمار و لە سێدارەدانی سەرکۆمارەکەی لە بن نایە و ڕۆژێک لە ڕۆژان سەرتاسەری کوردستان دادەگرێ.

بە درێژایی ئەم حەوت دەیە کە لە ڕووخانی کۆمار ڕابردووە و بڕگەیەکی دی لە داگیرکردنەوەی کوردستان لە لایەن حکوومەتی مەرکەزی تاران و سەپاندنی شەڕێکی بێبڕانەوە بۆ بە چۆکداهێنان و لە بەینبردنی ئەم گەلە مافخوازە، بەڵام ئەم گەلە هەر لەسەر پێ مایەوە و ئێستا هێما نەتەوەییەکانی نەک هەر لە هەموو بەشەکانی کوردستان بەڵکوو لە ئاستی دنیاییدا دەناسرێتەوە و ڕێزی لێ دەگیرێ.

ئەورۆ ئیتر ئاڵای کوردستان و پێشمەرگە لە جیهاندا دەدرەوشێنەوە و ڕەقیبیش نەیتوانیوە ئەم گەلە لە ناوبەرێ و هەر ماوە قەومی کورد زمان.

هەر لەم ڕۆژانەدا و لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئەو شوێنەی کە یەکەم کۆماری کوردستانی لێ دامەزرا، دەرەنجامی حەوت دەیە مافخوازی و بەرگریی کورد لە مان و مەوجوودیەتی خۆی و سەرکەوتن بە سەر ئەو هەموو پیلان و زەبر و زەنگەی حکوومەتی ناوەندی لە تاران بۆ لە نێوبردنی گەلی کورد، بە جۆرێک خۆی نواند و وەها بە هێزەوە خۆی نیشان دا کە بە خەیاڵی هیچ داگیرکەرێکدا نەدەهات.

ڕووداوی بۆمەلەرزەکەی ئەوساڵی پارێزگای کرماشان نموونەیەکی زیندوویە بۆ سەلماندنی یەکگرتوویی نەتەوەیەک کە حەفتا ساڵ لەوەپێش پێشەوا قازی محەممەد بناغەکەی بە پیشکەشکردنی گیان و ژیانی خۆی دانا.

لە هەموو دنیادا باوە کە لە کاتی کارەساتی سروشتیی لەو چەشنەدا ئەوە دەوڵەتی ئەو وڵاتە و لە پێشیاندا ئەرتەش و سپای ئەو وڵاتەیە کە بە هانای لێقەوماوانەوە دەچێ، بەڵام لە بوومەلەرزەکەی کرماشاندا دەرکەوت کە کۆماری ئیسلامی کوردستان بە هی خۆی نازانێ و سپای پاسدارانەکەشی دوای بوومەلەرزەکە تەنیا بۆ دزی و ڕاوڕووت ڕوویان کردووەتە ئەو ناوچەیە. لە بەرانبەردا خەڵکی کوردستان بە تێکڕا بە ژن و پیاو و بە هەموو چین و توێژێکەوە لە هەموو ناوچە و شار و

گوندێکەوە وەها پیشمەرگەئاسا بە هانای خوشک و برا و هاونیشتمانییانی خۆیانەوە لە پارێزگای کرماشان چوون کە ئەو کارەساتە سروشتییەیان کردە حەماسەیەکی نەتەوەیی.

ئەگەر حەفتا ساڵ لەوەپێش و لەبەر هەلومەرجی سیاسی ئەو کاتی کوردستان ئاڵای کوردستان تەنیا لە ناوچەیەکی بەرتەسکی کوردستان هەڵدرا، ئەوا ئێستا هەموو کوردستانی گرتووتەوە و لە ڕوودانی گیان لەدەستدانی یەکێک لە یارمەتیدەرانی خۆبەخش «ئەبووبەکری مەعرووفی» کە لە بۆکانەوە چووبوە ناوچەی سەرپێڵی زەهاو، چۆناوچۆن لە نێو ئاپۆرای خەڵکی شارەکانی سەر ڕێگای جوانڕۆ بۆ بۆکان بە ئاڵای کوردستان و وتنەوەی سروودی نەتەوەیی کورد تەرمی ئەو پیاوەیان بۆ زێدەکەی خۆی بەڕێ کردەوە.

ئەوەی کە باس کرا تەنیا نموونەیەک بوو لە بەرخودان و بەرگریی نەتەوەیەک کە نەک دەیان ساڵ بەڵکوو سەدان ساڵە هەوڵی تواندنەوە و لە نێوبردنی دەردێ، بەڵام زیندووتر لە هەمیشە بە ڕێبازی پێشمەرگە و ئاڵا و پێشەوا نەمرەکەی وەفادارە.


سڵاو لە یەکگرتوویی خەڵک و سڵاو لە پێشمەرگە و ئاڵای پیرۆزی کوردستان!

(لە ژمارەی ٧١٥ی"کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی دێسەمبەری ٢٠١٧

---------------------------------------------------

## پاشخانی ئاڵا و پێشمەرگە لە میراتی کۆماری کوردستاندا



## عومەر باڵەکی

ڕووداوەکانی خەزەڵوەری ١٣٢٠ لە ئێران بووە هۆی دروستبوونی بەتاڵایی دەسەڵات لە بەشێکی زۆرلە ئێران بە تایبەتی لە کوردستان کە بەشێکی لەلایەن هێزەکانی یەکیەتیی سۆڤیەت وبەشێکی لە لایەن بریتانیاوە داگیر کرابوو. لەو بارودۆخەدا دەسەڵاتی ناوەندی هیچ حوکمێکی ئەوتۆی لەو ناوچانەدا نەبوو وزەرورەت وای دەخواست کە ئەو هەلە بقۆزرێتەوە و خەڵک بۆ خۆی دەسەڵاتی خۆی بگرێتە دەست. لەو هەلومەرجەدا کۆمەڵەی ژی - کاف کە ڕێکخراوێکی چالاک و نهێنی بوو و بۆ وەدستهێنانی مافەکانی کورد خەباتی دەکرد، خۆی هەڵوەشاند و لە قالبی ڕێکخراوێکی سەردەمیانەتر و لە شێوەی چالاکیی ئاشکرادا و لەژێر ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا خۆی ڕێک خستەوە.

حیزبی دێموکرات لەو هەلومەرجەدا کە هەلێک بۆ وەدیهێنانی ماف و ئازادییەکانی کورد هەڵکەوتبوو، دەبوو دوو کاری پێویستی کردبان، یەکەم هێزێکی چەکداری تۆکمە و ڕێکخراو پێکبێنێ و دووهەم ڕەمز و سیمبولێک دروست بکا کە نەتەوەی کورد بە گشتی وگەلی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان بە تایبەتی لە دەوری کۆ ببنەوە وببێتە شوناس وپیناسێک بۆ ناسێنەوەی کورد لە هەر شوێنێکی ئەو دنیا پان وبەرینەدا.

لەو سەردەمدا بە هۆی تێکچوونی ڕێکخستنی سپای ئێران چەک وتەقەمەنییەکی زۆر کەوتبووە دەست خەڵک. پادگانەکان چەک کرابوون، بەشێکی زۆر لە خەڵک چەکیان لە سەربازە هەلاتووەکان کڕیبوو، یان سەربازە کوردەکان بە چەکی خۆیانەوە گەڕابوونەوە ماڵێ و؛ لەو بارودۆخەدا حیزبی دیموکراتی کوردستان وەخۆ کەوت وداوای لە هەموو تاکێکی کوردوهەموو هۆز وعەشیرەکان کردتا خۆیان لە بنکەکانی حیزبی دیموکراتدا ناونووس بکەن. بەم شێوەیە بەردی بناغەی هێزی پێشمەرگە بە شیوەی هێزێکی ڕێکخراو لە سەر دەستی حیزبی دیموکراتی کوردستان داندرا کە دواتر لە مێژوی هاوچەرخدا بوو بە ڕەمزی خۆڕاگری وجێگای شانازیی نەتەوەی کورد.

دوای ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان و لە کۆبوونەوەیەکی ئەفسەرانی کۆماردا(١٥ی ڕێبەندانی ١٣٢٤) نازناوی پێشمەرگە لە سەر هێزی سەربازیی کورد داندرا و بەم شێوەیە کوردستان بوو بە خاوەنی هێزی پێشمەرگەکە هەموومان دەزانین لەماوەی حەوت دەیەی ڕابردوودا هێزی پێشمەرگە لە پێناو دەستەبەرکردنی مافەکانی گەلی کورددا لە هیچ فیداکارییەک دریغی نەکردووە و هەر ئەو فیداکارییانە بوونەتە هۆکارێکی گرینگ کە نازناوی «پێشمەرگە» سنوورەکانی کوردستان ببرێ و لە قامووسی جیهانی وشە دا خۆی ببینێتەوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ساڵی ١٣٦٣دا بۆ ڕێزلێنان لە خەبات وقوربانیدانی هێزی پێشمەرگە ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەزی - کە ڕۆژی هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە سەردەستی حیزبی دیموکراتی کوردستانە - بە ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان ناودێر کرد.

«ئاڵا» وەک سیمبولێکی نەتەوەیی هاوچەرخ پێویستییەکی دیکەی بوو کە بەڕێوەبەرانی حیزبی دێموکرات و کۆماری کوردستان دەبوا هەڵیان دابا. دیارە کورد تا ئەوکات چەند ئاڵای دیکەی بوو کە لە شۆڕشە جیاوازەکاندا وەک پێناسەی ئەو شۆڕشە و بە ناوی ئاڵای کوردەوە هەڵدرابوون؛ وەک: ئاڵای ڕاپەڕینی بدلیس لە ساڵی ١٩١٤کە پارچەیەکی زێڕینی نەخشێندراو بە ئایەتێکی قورئان بوو؛ ئاڵای ڕاپەڕینی شیخ مەحموود لە ساڵی ١٩١٩ کە پارچەیەکی تەختەسوز بوو و مانگێکی سووری لە نێوەڕاستی دابوو؛ ئاڵای ڕاپەڕینی سمکۆی شکاک لە ساڵی ١٩٢٢ کە لەسەری نوسرابوو کوردستانی ئازاد؛ ئاڵای شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران لە ساڵی ١٩٢٥ کە پارچەیەکی تەواو سەوز بوو و خۆرێکی لە نێوەڕاستدا بوو؛ ئاڵای حیزبی ئازادیی کوردستان لە ١٩٣٨ کە بە وێنەی دوو خەنجەر وسێ ئەستیرە نەخشێندرابوو.

لە حکومەتی کۆماری کوردستاندا لە ساڵی ١٩٤٥ ئاڵایەک هەڵدرا کە لە سێڕەنگی سوور وسپی وسەوزپێکدەهات و ئارم ونیشانەی حیزبی دیموکرات لە نێوەڕاستی ئاڵاکەدا نەخشێندرابوو. دوای پێنج دەیە لە باشووری کوردستان، پارلمانی هەرێمی کوردستان لە ساڵی ١٩٩١ بڕیاری دا کە هەمان ئاڵای کۆماری کوردستان هەڵبدری بەو جیاوازییەکە لە نێوەڕاستی ئەو ئاڵایەداخۆرێک بە٢١تیشکەوە بدرەوشێتەوە، دواجار لە سالی ١٩٩٩دا پارلمانی هەرێمی کوردستانبریاری دا کە ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەز بە ڕەسمی بکرێتە ڕۆژی ئاڵا.

هەڵبەت لە ساڵی١٩٢٠دا جەمعیەتی تەعالی وتەرەقی ئاڵایەک دروست دەکەن کە ئەو سێ ڕەنگەی ئیستای ئالای کوردستانی تێدا بەکار هاتووە و خۆرێک لە نێوەڕاستی ئاڵاکەدا بووە و زەمینەی کارتی پێناسی ئەندامەکانیان بەو ئاڵایە نەخشێندراوە. هەر ئەو ئاڵایە لە شۆڕشی ئاراراتدا لە تەنیشت ئاڵای شۆرشەکە هەڵدراوە.

مێژووی هەڵکردنی ئاڵا لە کوردستان لەوەش بەولاوەتر دەچێ. زۆربەی دەسەڵاتدارەتی و میرنشینەکان لە مێژووی کورددا خاوەنی ئاڵا و تەنانەت سکە و دراوی خۆیان بوون، بەڵام ئەو هێما و سیمبولانە تەنیا لە چوارچێوەی میرایەتی و میرنشینیی خۆیاندا ماوەتەوە وئاڵاکەیان نەبۆتە ئاڵای نەتەوە تا لە پانتایی هەموو کوردستاندا بشەکێتەوە. هەر بۆیە هەڵکردنی ئاڵا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ٢٦ی سەرماوەزی ١٩٤٥ کە مانگێک دواتر کۆماری کوردستانیش ڕاگەیەندرا، گرینگیی مێژوویی هەیە.

لە گۆڤاری «کوردستان، ژمارە ٢»دا هاتووە: لە ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٢٤(١٩٤٥)بە بەشداریی ١٠هەزار کەس و لە ڕێوڕەسمێکی بەشکۆدا ئاڵای کوردستان لەسەر سەربانی دەفتەری ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستان هەڵدرا وهەڵکردنی ئەوجارەی ئاڵای کوردستان جیاوازی زۆری هەبووە لە گەل جارەکانی دیکە کە ئاڵایان تێدا هەڵکراوە.

ئەو کاتەی کە حیزبی دیموکراتی کوردستان بڕیاری هەڵکردنی ئاڵای کوردستانی دا، حیزبێک بوو لە نێوخۆی خەڵکدا و لە شار و گوندەکانی کوردستاندا بە ئازادی تێکۆشانی هەبوو و بەرەو پێکهێنانی حکومەتیک دەچوو کە نوێنەرایەتیی خەڵکی کوردستانی دەکرد، بەو مانایە لە حاڵی شۆڕشێکی چەکداری ولە شاخ نەبوو؛ بەڵکوو ماوەی چوار ساڵ بوو ڕێبەرانی پێکهێنەری حیزبی دیموکرات بە سەرۆکایەتیی پێشەوا قازی محەممەد کۆمەڵگەیان بەڕێوە دەبرد. پاشان هەڵکردنی ئاڵا دەستپێکی ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان بوو.

ئاڵا نوینەرایەتیی ڕێبازی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و کلتووری نەتەوەی کورد وهەموو پێکهاتەکانی کوردستان دەکا. هەر لە پێوەندی لەگەڵ هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە کۆماری کوردستاندا چەند خاڵی دیکە گرینگن کە باسیان بکەین:

هەڵکردنی ئاڵا بە جۆرێک پەیامێکی ڕاستەوخۆی نەتەوەیی بوو هەم بۆ دەسەڵاتدارانی ئیران و هەم بۆ هێزەکانی ڕووس وئینگلیس کە لە ناوچەکەدا بوون کە کوردیش نەتەوەیە و خاوەنی خاک و زمان و کلتوور و مێژووی خۆیەتی، هەربۆیە مافی خۆیەتی کە چارەنووسی خۆی بۆ خۆی دیاری بکا. لەلایەکی دیکەوە لە تەورێز فیرقەی ئازەربایجان ئاڵای خۆیان هەڵدابوو وهەڵدانی ئاڵای کوردستانیش نیشانەی ئەوە بوو کە کۆماری کوردستان و جمهوریی ئازەربایجان دوو سیستمی سیاسی - نەتەوەیی لێک جیاوازن. ئەوەش دەبێ بگوترێ کە هێنانەخواریی ئاڵای ئێران وهەڵکردنی ئاڵای کوردستان کارێک و بڕیارێکی هەروا سادە و کتوپڕ نەبوو، بەڵکوو ڕیشەی لە خەباتێکی دوورودرێژ دابوو، هەربۆیە ئیستاشی لەگەڵ بێ ئەو ئاڵایە هەمان ڕۆڵ دەبینی کە دامەزرێنەرانی کۆماری کوردستان کاریان بۆ دەکرد و لەو پێناوەشدا گیانی خۆیان بەخشی.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٣ی دێسەمبەری ٢٠١٧

------------------------------------------------------

## ئاڵا و پێشمەرگە، دووانەیەکی لێک دانەبڕاو



**هەمزە ئاگوشی**

پێشمەرگە، ئەمڕۆ ناوێکی ئاشنا بۆ هەموو جیهانییان و هێزێکی متمانەپێکراو و تەژی و تەیار بە بیروباوەڕە کە وەک سیمبولی پاکی و سەداقەت و گەلویستی و خۆنەویستی و وڵات دۆستی، لە ناو بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی نەتەوەییماندا خۆ دەنوێنێ و جێگە و پێگەی شیاوی خۆی هەیە و نەتەوەی کورد پێی پشت ئەستوورە. ئەو میداڵە بەهادار و پڕ بایەخە، حیزبی دێموکراتی کوردستان زیاتر لە ٧٠ ساڵ لەمەوپێش، داهێنەری ناوەکەی بووە. ناوی پیرۆزی پێشمەرگە بۆ هێزی چەکدار و بەرگریکاری کورد، ناوێکە کە لە سەردەمی کۆماری کوردستانەوە بە بەژنو باڵای ئەو ڕۆڵە ئازاو گیان لەسەر دەستانەی گەلی کورد بڕاوە کە خۆبەخشانە لە ژیان و گیان و سەرو ماڵیان بۆ پارێزگاری لە ناسنامەی نەتەوەیی و وەدیهێنانی ویست و داخوازییە رەواکانی گەلەکەیان مایەیان داناوە و هیچ کۆسپێک و لەمپەرێک نەیتوانیوە کاریگەری لەسەریان هەبێ و بە چۆکیاندا بێنێ و توانا و ئیرادەیان لێ بستێنێتەوە. دەستبەسەرداگرتنی شارەوانیی مەهاباد وەک دواپێگەی رژیمی ڕەزا شاە لە ناوچەی موکریان لە ساڵی ١٣٢٣ی هەتاوی و هەڵکردنی ئاڵای پیرۆزی کوردستان لەسەر بنکەی سەرەکی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شاری مەهاباد لە ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٢٤ کە لە ڕێوڕەسمێکی بەشکۆ و بە بەشداری هەزاران کەس بەڕێوە چوو، دوو ڕووداوی مێژوویی لەبیر نەکراون کە تا هەتایە بە زیندوویی دەمێننەوە. ٣٢ ساڵ لەومەوبەر، حیزبی دێموکراتی کوردستان، بۆ ڕێزگرتن لە ئازایەتی و فیداکاری و قارەمانەتی و خۆنەویستیی هێزی

پێشمەرگە، بۆ ڕێزگرتن لە شەونخونی و قوربانیدان و نەسرەوتوویی ئەو کچ و کوڕ و ژن و پیاوە وڵاتپارێزانەی کە مردن لە پێناو نەتەوەکەیاندا پێ ژیانە، بڕیاری دا ناوی پێشمەرگە و بیرەوەریی بۆ یەکەم جاری هەڵکردنی ئالاّ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، پێکەوە گرێ بدات و ڕۆژی هەڵکردنی ئالاّی بە ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان ناودێر بکات کە هەردووکیان لە بەرهەم و دەستکەوتەکان و شانازییەکانی کۆماری کوردستانن. وەڕێخستنی خەباتی چەکدارانەی ساڵانی ٤٦ - ٤٧ی هەتاوی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و شڵەقاندنی جەزیرە ئارامەکەی حەمەڕەزا شای پەهلەوی و زیاتر لە ٣٥ ساڵ خەبات و بەرەبەرەکانێ دەگەڵ نیزامی داپڵۆسێنەری کۆماری ئیسلامی و خوڵقاندنی سەدان حەماسە، هەر لە ئیلام و کرماشانەوە بگرە هەتا سنە و مهاباد و ورمێ و قوتوور، هەروەها شەکاوە ڕاگرتنی ئالاّی خەبات و پاراستنی پێناس و هوویەتی نەتەوەیی، ئەو کارنامە زێڕینەی هێزی پێشمەرگەن لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە تۆماری مێژوو کراون و حاشایان لێ ناکرێ. کۆماری ئیسلامی ساڵانێکی دوورودرێژە لە ڕێگای پڕوپاگەندە درۆینەکانی و تەرخانکردنی توانا ماددی و مەعنەوییەکانی، بە هەموو هێزی خۆیەوە لە هەوڵی ئەوەدایە ناوی پێشمەرگە خەوشدار بکات و لە پێگە و جێگە و خۆشەویستیی ئەو هێزە لە ناو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا کەم بکاتەوە، کەچی دەگەڵ ئەوەیدا ئەو هەوڵانەی قەت سەریان نەگرتووە و بچکووکترین کاریگەرییان نەبووە، بەڵکوو بە پێچەوانەوە هاوکاری و پێشوازی خەڵکی کوردستان لە هێزی پێشمەرگە ڕۆژ دەگەڵ ڕۆژ گەرموگوڕتر و زیاتر و زیاتر دەبێت و جەولە و بوونی پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە قووڵایی ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، بەڵگەی ئەو ڕاستییەن. سەرەڕای ئەمە، ئەمڕۆ هێزی پێشمەرگە لە پارچەکانی دیکەی کوردستانیش سەرەڕای پاراستن و بەرگری لە خەڵک و خاکی کوردستان، وەک هێزێکی نێودەوڵەتی و پۆشتە و پەرداخ، شانبەشانی زلهێزەکانی جیهان شەڕی دژەتیرۆر و کۆنەپەرستی دەکات و لەناو کایە سیاسییەکاندا، سەرێکە لەنێو سەران و پشتی پێ دەبەسترێ و بوون و توانا و لێهاتوویی و مرۆڤدۆستی خۆی سەلماندووە و لە پێناو بایەخە مرۆڤایەتییەکاندا خوێن دەبەخشێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٤ی دێسەمبەری ٢٠١٦

---------------------------------------------

**بۆ ٣٦ی سەرماوەز "هەر ماڵەو ئالاّیەک"**



## ژیوار رەسووڵی

چەند رۆژی دیکە، واتا ٢٦ی سەرماوەز لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستان وەکوو رۆژی ئالا و پێشمەرگە دیاریکراوە، ئەوەش وەفایی حیزبی دیموکراتی کوردستان بۆ پێشەواو کۆماری کوردستان دەگەیەنێت. لای هەموومان روون و ئاشکرایە کە لەو رۆژەوە ژێکاڤ بریاریدا وەکوو حیزبێکی مۆدێرن درێژە بەخەباتی سیاسیی بدات،و حیزبی دێموکراتی کوردستانیان دامەزراند، پیرۆزی خاک و ئالای کوردستان تان و پۆی ئەو حیزبەی پێکهێنا،و هەر لەو سەردەمەدا بۆ یەکەمجار حیزبێک بۆ بەرێوەبەری دەوڵەتی کوردی دامەزراند،و هەر لەسەر ئەو پێویستی و بنەمایەش دامەزرا. حیزبی دێموکراتی کوردستان کۆماری کوردستان دامەزراندو بەرێوەی برد، کەواتا فەلسەفەی سیاسیی لای دامەزرێنەرانی ئەو حیزبە لەسەر بنەمای سەربەخۆی خاک و خەڵکی کوردستان کە لەدەوڵەت - نەتەوەدا خۆی دەبینێتەوە، دامەزراوە. هەربۆیەش پێش ئەوەی کۆماری کوردستان رابگەیەندرێت، لە ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٢٤ دا بەسەرپرشتی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئالای پیرۆزی کوردستان لەسەر شارەبانی مەهاباد هەڵکرا، ئەوەش یەکەم لۆگۆی نەتەوەییبوونی کۆماری کوردستان پێش راگەیاندنی بوو، هاوکات لەو رۆژەوە دەستکرا بە بڵاوکردنەوەی ئالای کوردستان بەهەموو رۆژهەڵاتی کوردستاندا، و ئەوەندەی کات دەرفەتی دا لەبەشێکی زۆر لەشارو بگرە گوندەکانیش ئالای کوردستان بەرزکرایەوە.

دوای ئەوەش پیرۆزی ئالای کوردستان لای پێشەوای کۆماری کوردستان گەیشتە لوتکەی پیرۆزی خۆی و لە سوێندەکەیدا پێشەوا سوێندی بە ئالای پیرۆزی کوردستان خوارد کە هەموو هەوڵی خۆی بۆ بەرزراگرتنی ئەو ئالایە بدات و، بەگیانی خۆی سوێندەکەی بردە سەر، هەربۆیەش لای حیزبی دیموکراتی کوردستان وەکوو میراتگری پێشەواو کۆمار، ئالا ئەو پیرۆزییەی هەرماوە،و بۆ ئەوەی نەوەکانی پێشەوا خاوەنداریەتی لە فەلسەفەی دامەزراندنی حیزبی دیموکرات و کۆمار بکەن، رۆژی پارێزەری خاک و ئالای کوردستانیان لەگەڵ رۆژی ئالا کرد بە یەک رۆژ، بۆ ئەوەی لەبیرمان نەچێتەوە کە پێشمەرگە هەر پارێزەرە بەوەفاکەی ئالای کوردستانە. هەربۆیەش لەئێستادا کە بەپیر ٢٦ی سەرماوەز رۆژی ئالای کوردستان و پێشمەرگەوە دەچین، دەبێ هەموو کوردستان بەگشتی و رۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەت جارێکیتر لەفەلسەفەی

ئالا و پێشمەرگە وردبینەوە، و بیکەینە هەوێنی یەکگرتووی و یەکێتی نەتەوەیی، چونکە لای هەموومان ئاشکرایە کە هەر چوارپارچەی کوردستان بە قۆناغی رەزگاری نەتەوەییدا تێدەپەرێت،و دەبێ بەها پیرۆزەکانی وەکوو ئالا و پێشمەرگە وەکوو پارێزەری ئەو ئالایە سەرەتاییەکی بەهێزی یەکدەنگی کوردان بێت.

هاوکات لەلایەکی دیکەشەوە خەڵکی رۆژهەلاتی کوردستان ئەوەیان سەلماندووە کە رێز لە بەها نەتەوەییەکان دەگرن و بەرژەوەندی نەتەوەییش دەخەنە پێش هەموو بەرژەوەندییەکی تاکە کەسی، ئەوەشیان بۆ شەنگال و کۆبانێ لەسەر ئەرزی واقیع سەلماند، هاوکات ئەو میراتگرانەی کۆماری کوردستان پشتیوانییەکی بەهێزی جەماوەریان لە پارێزەرانی رۆژهەلاتی کوردستان کردووە،و بەهەموو شێوەیەکیش بەربەرەکانی لەگەڵ پیلانە سیستماتیکەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ سڕینەوەی شوناسی نەتەوەیی و جوغرافیی بەتایبەت لە ورمێ و ئیلام دەکەن، لەگەڵ ئەوەش دا چالاکییە مەدەنییەکانی خەڵکی رۆژهەلاتی کوردستان بۆ ژینگەپارێزی و رێزگرتن لە سەرمایە هونەری و کلتوورییەکانی رۆژهەلات ئەوە دەردەخات کە ئەوان لەم قۆناغەشدا خاوەنداریەتی لە خاک و خەڵکی رۆژهەلات دەکەن.

ئێستاش کە لە ٢٦ی سەرماوەز وەکوو رۆژی پێشمەرگەو ئالای کوردستان نزیک دەبینەوە، پێویستە بۆ وەبیرهێنانەوەی ئەو ئەرکەی پێشەوامان، قازی محەممەد لەسەر شانی داناوین، لەرۆژهەلاتی کوردستان هەڵمەتی " هەر ماڵەو ئالایەک" دەستپێبکەین، بۆ ئەوەی نەوەکانی داهاتوومان سەریان بەرز بکەنەوەو بەهەستکردنی ئالای کوردستان لە ماڵەکەیاندا شوناسی خۆیان پتەو بکەن،و ئەو باوەرەشیان لەناخیاندا بچەسپێت کە زوو یان درەنگ دەبێ ئالای کوردستان لە ئیلام و ورمێ و سنەو کرماشان و مەهاباد هەر دەبێ بشەکێتەوە. ئەگەر "لەهەر ماڵێک ئالایەک" هەبێت، بەدڵنیاییەوە ئەرکێکی ئەخلاقی و نەتەوەیی دەکەوێتە سەر شانمان بۆ ئەوەی پێشمەرگەئاسا پارێزگاری لەو ئالایە بکەین.

حیزبی دیموکراتی کوردستان سەربەرزە بەوەی خاوەنی پێشمەرگەو ئالایەکە کە ئێستا هەموو جیهان وەکوو داینەمۆی ئازادی و دیموکراسی و پارێزەری ئاشتی لەجیهاندا دەیناسن. ئەوە سەربەرزیشە بۆ خەڵکی رۆژهەلاتی کوردستان کە لەناخی ئەواندا ئەو دوو سیمبۆلە نەتەوەییە بالایان کرد،و ئێستاش بەبالای جیهاندا دەدرەوشێنەوە. هەر بۆیەش بۆ وەبیرهێنانەوەی ئەو نوستالژیایەش بێت، نابێ هیچ ماڵێکی رۆژهەلاتی کوردستان بە بێ ئالا بێت، چونکە ئێوە خاوەنی راستەقینەی پێشمەرگەو ئالای کوردستانن،و دایک و باوکان و خوێندکارو لاوانی رۆژهەلات بەرپرسیاریەتی ئەوەتان دەکەوێتە سەرشان کە بە هەبوونی ئالایەکی کوردستان لە ماڵەکانتاندا بەردەوام بۆ منداڵەکان و خوشک و برا بچووکەکانتان باس بکەن، کە مێژوو و ئێستایان چەندە تەژییە لە حەماسەو سیمبۆلی نەتەوەیی و هەستی نیشتمانی

کەئێستا بەهۆی بارودۆخی ناوچەیی پارچەکانی دیکەی کوردستان ئەوە شانازیان پێوە دەکەن،و بەو ئالا و پێشمەرگەیە لەگەڵ جیهان قسە دەکەن.

هەربۆیەش لەئێستاوە چالاکانی سیاسیی و مەدەنی، لاوان و خوێندکاران، ماموستایان و کارمەندان و کرێکارو جوتیارانی رۆژهەلاتی کوردستان دەبێ سەروەرییەکانی رۆژهەلاتی کوردستان لەناخیاندا بچەقێنن،و بەو باوەرە بژین کە ئەو ئالایەی لە ماڵەکاندا دانراوە، رۆژێک هەر دێت کە بەبازوو و هیمەتی پارێزەرانی کوردستان وەکوو پێشمەرگەی رۆژهەلات هەر دێتە دەرێ و بەسەر دەرگای ماڵەکاندا هەڵدەدرێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - رێکەوتی: ٨ی دێسەمبەری ٢٠١٤

---------------------------------------------

## ئاڵای کوردستان و سرودی ئەی رەقیب



**ئەحمەد حەمەساڵح مەعروف**

هەمو گەلانی سەر روی زەوی، ئازاد و سەربەست بن، یان داگیرکراو ژێر دەستەبن، یان بەشێوەی (ئۆتۆنۆمی یان فیدراڵی یان کۆنفیدراڵی)، لە چوارچێوەی حکومەتێکی مەرکەزیدا بژین، خاوەنی ئاڵا و سرودی نیشتمانی تایبەت بە خۆیانن، ئاڵاو سرودی نەتەوەیش بۆ هەر نەتەوەیەک پێناسەو ناسنامەیە ،سەلمێنەری مانەوەو بەردەوامیدانە بە (بەرخودان و زیندویەتی و شکۆمەندی)، لە پێناو زیاتر ئاشنا بون بە گرنگی و بایەخی ئاڵاو سرودی نیشتمانی لەخوارەوە لەدو خاڵدا لەڕوی مێژوییەوە باسی هەر یەکەیان ئەکەین.

**یەکەم: ئاڵا**

بەدرێژایی مێژو لەنێو فەرمانڕەوایەتیە جۆراو جۆرەکاندا ئاڵا بونی هەبوە، یەکەمین نەتەوەش کە ئاڵایان بەکارهێناوە وڵاتی دانیمارکە، کە لەساڵی ١٢١٩ی زایینی دا ئاڵای نیشتمانیان دروستکردوە و مێژوی یەکەمین ئاڵایان لەجیهاندا بۆ خۆیان تۆمارکردوە، ئاڵای وڵاتی سویسراش دوەم کۆنترین ئاڵایە کە لەساڵی ١٣٣٩ی زایینی دروستکراوە. لەوڵاتی ئێمەشدا ئاڵاکەمان ئەگەرچی هەتا ئیمڕۆش لەناوەندە نێونەتەوەیەکاندا بەفەرمی نەناسێنراوە، بەڵام مایەی شانازیمانە کە ئێمەی کوردیش وەک هەر نەتەوەیەکی تر لەدێر زەمانەوە خاوەنی ئاڵای تایبەت بە خۆمانین، بە ئاوەڕدانەوەیەکی خێرا بە مێژودا دەبینین کە سەرەتای دروستبونی ئەو ئاڵایەی کە لە ئیمڕۆدا وەک ئاڵای نیشتمانی و نەتەوەی کورد ئەناسرێت دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی سەدەی بیستەم لەو سەردەمەدا کە ژمارەیەک روناکبیرو سیاسەتمەدار و کەسایەتی ناسراوی کورد لە ئەستەنبوڵ خەریکی دامەزراندنی (کۆمەڵەو رێکخراوە کوردیەکان) و دەرکردنی (گۆڤار و رۆژنامەی کوردی) بون، یەکەمینجار ئەو شێوە ئاڵایەی کوردستان کە ئیستا هەمانە لەسەردەستی (کۆمەڵەی تەشکیلاتی کۆمەڵایەتی جەمعیەت تەعالی کوردستان) بەسەرۆکایەتی ئەمین عالی بەدرخان و بە بەشداری ژمارەیەک لەکەسایەتی ناوداری لەساڵی ١٩١٩ دروستکرا، ئەو ئاڵایەی کە تا ئیمڕۆ بۆمان ماوەتەوە هەمان ئەو ئاڵایەیە کە ئەو رێکخراوە نزیکەی ٩٥ ساڵ لەمەوبەر بڕیاری لەسەردا بو، بە گوێرەی ئەو ئاڵایە رەنگی سور لەسەرەوە و رەنگی سەوز لەخوارەوەو رەنگی سپی لەناوەڕاستدا خۆرێکی زەردیش لەناوەڕاستی سپییەکەدا درەوشاوەتەوە، لەساڵی ١٩٢٧دا کە لەوڵاتی لوبنان لەیەکگرتنی (جمعیەت تەعالی کوردستان و کۆمیتەی ئیستقلال و کوردستان میلیەت و کوردستان تەشکیلات) کۆمەڵەی خۆیبون پێکهێنراو دواتر لەساڵانی (١٩٢٨ - ١٩٣٠) مەڵبەندی گشتی ئەو کۆمەڵەیە لەشاخی ئارارات لەئاگریداغ بە سەرۆکایەتی (فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان ئیحسان نوری پاشا) دەسەڵاتێکی خۆبەڕێوەبردنیان دامەزراند، لەو سەردەمەدا جگە لە هەبونی ئاڵایەکی تایبەت بەو راپەڕینە ئاڵای کوردستانیش بەرزکراوەتەوە، لەهەردو قۆناغی حوکمڕانی شێخ مەحمودی نەمردا لەساڵانی ١٩١٨ و ١٩٢٢دا لەشاری سلێمانی، حکومەتی کوردستانی جنوبی خاوەنی ئاڵای تایبەتی خۆی بوە، لە ١٧ی کانونی یەکەمی ١٩٤٥ لە ئاهەنگێکی گەورەدا لەگۆڕەپانی چوارچرا لەشاری مهاباد لەناوچەی موکریان، لەنێو ئاپۆڕای جەماوەردا بە ئامادەبونی پێشەوا قازی محەمەد لەجێی ئاڵای ئەو سەردەمی ئێران کە رۆژێک پێشتر لەسەر دام و دەزگاکانی شار داگیرا بو، ئاڵای کوردستان وەک ئاڵای کۆماری دیموکراتی  کوردستان لەپایتەختدا هەڵکرا، ئاڵاکەمان لەو سەردەمەدا کە لەهەمو ناوچەکانی سنوری کۆماری کوردستاندا هەڵکرا، هەمان رەنگەکانی ئێستای ئاڵای کوردستان بوە، بەڵام لەهەردولای تیشکی خۆرەکە دو گوڵە گەنم هەبوە لەگەڵ کتێبێک و قەڵەمێک لەناوەڕاستی خۆرەکەدا. کە ئەمە مێژوی سەرهەڵدانی ئاڵای کوردان بێت، کەواتە لە دێرزەمانەوە هاتا ئیمڕۆش ئاڵاکەمان پێمان ئەڵێت کە رەنگی سور نیشانەی بەردەوامی خەبات و نەبەزینە، رەنگی سپی نیشانەی پاکی و راستییە، رەنگی سەوز نیشانەی بەپیتی خاک و پڕە لەسەوزایی و بەربومی دەغڵ و دان و کانگای زێڕو زیوە، هەتاویش لەناوەڕاستی ئاڵاکەدا سمبولی ئازادییە.

### دووەم: سرودی نیشتمانی


هەروەها لەدێرزەمانەوە لەنێو فەرمانڕەوایەتیە جۆراوجۆرەکان سرودی نیشتمانی بونی هەبوە، یەکەمین سرودی نیشتیمانیش لەلایەن بەریتانیاوە داهێنراوە کە یەکەمجار لەساڵی ١٦١٩ وەک پارچە مۆسیقایەک لەلایەن مۆزیکزانی ئینگلیزی (جۆن پۆل) بڵاوکراوەتەوە دواتر لە ٢٨ی ئەیلولی ١٧٤٥ بەریتانیا بە سرودی (خوا شازادەمان بۆ بپارێزێت) بوە خاوەنی سرودی نیشتمانی و مێژوی یەکەمین مارشی نیشتمانیان لەجیهاندا بۆ خۆیان تۆمارکرد، لەفەرەنساشدا ئاوازو هۆنراوەی ئەفسەرێک بە ناوی (جۆزیف رۆجێ جێ دۆلیس) لەتەموزی ١٧٩٥دا بەفەرمی کرایە سرودی نیشتیمانی فەرەنسا کە بە دوەم کۆنترین سرودی نیشتمانی لەسەر ئاستی جیهان دادەنرێت، لەوڵاتی ئێمەشدا مێژوی سەرهەڵدانی سرودی نیشتیمانیمان دەگەڕێتەوە بۆ مێژوی ژیاننامەی شاعیری مەزن و ناودار یونس رەئوف ناسراو بە دڵدار، کە لەساڵی ١٩٤٠دا لەزینداندا بەهۆنینەوەی سرودی ئەی رەقیب، هەست و سۆزی (کورد بون و نیشتیمانی بون) لەگەڵ وشەو ئاوازدا ئاوێتە یەکتربون، بۆ یەکەمجاریش لەساڵی ١٩٤٥دا و لەسەردەمی کۆماری کوردستان لەشاری مهاباد ئەی رەقیب بو بە سرودی نیشتیمانی کوردستان.

لەساڵانی ١٩٧٠ بە دواوە ناو بەناو لەهەر بەشێکی نیشتیماندا بە ئاشکرا یان نەهێنی لەخەباتی شاخ و شاردا، ئاڵای کوردستان بەرزکراوەتەوەو ئەی رەقیبیش وەک مارشی نیشتیمانی هەست نەتەوایەتی تاکی کوردی جوڵاندوە، هەروەها ناوە ناوە لێرەو لەوێ لە بۆنەو یادەکاندا، روناکبیران و رۆشنبیران و نەتەوەیەکانی رەوەندی کوردی هەمو بەشەکانی کوردستان لەدەرەوەی وڵات بە وتنی سرودی ئەی رەقیب و بەرزکردنەوەی ئاڵای کوردستان، جگە لەشادبونی رۆحی کورد بونیان، ناسنامەی نەتەوەییان ناساندوە، ئاڵاو سرودی نیشتیمانی دو بزوێنەری کاریگەرن، کە ئاوێتەی یەکترن و دوانەیەکن لەیەک جومگەدا، کە بەڵگەو سومبولی ناساندنی ناسنامەی نەتەوەیمانن، لەدوایی راپەڕینی بەهاری ١٩٩١ی باشوری کوردستانیش جگە لەوەی کە بە ئازادانە مارشی نیشتیمانی کوردستان بە رۆحی گەورە بچوک ئاشنا بو، ئاڵاکەشمان لەشارو دێ لەشاخ و دەشت لەباشوری کوردستان دەگەشایەوە، لەساڵی ١٩٩٨ بەدوا لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە بە فەرمی وەک ئاڵای کوردستان بڕیاری لەسەر درا، کە تیشکی خۆرەکەی ٢١ دانە تیشکەو لەچوار رەنگی (سور، سپی، زەرد، سەوز) پێکهاتوە، جیاوازی ئەم ئاڵایەی ئیمڕۆمان لەگەڵ هەندێک سەردەم و شوێندا (تەنها لەشێوەو قەبارەی خۆرەکەو تیشکەکان) دا بەدیار ئەکەوێت، لەساڵی ٢٠٠٠ بەدواوە زۆرینەی گەلی کورد و نزیک بە سەرجەم رێکخراوە سیاسیەکانی هەر چوار بەشەکەی کوردستان ئاڵای کوردستان وەک ئاڵای نەتەوەی کوردو سرودی ئەی رەقیب وەک مارشی نیشتمانی پەسەند کردوە، لەیەکی تەموزی ٢٠٠٣ دا لەهەرێمی کوردستانی عێراق دا بە بڕیارێکی فەرمی ئاڵای کوردستان لە پاڵ ئاڵای عێراقدا لەهەمو دامو دەزگا حکومیەکان هەڵکرا.

لەئیمڕۆدا ئازادانە لەبەشێکی نیشتیماندا ئێمەش وەک هەر نەتەوەیەکی تری سەر روی ئەو زەمینە خاوەن رەمز و ناسنامەی نەتەوەین، هەر چەندە ئەی رەقیب و ئالاّی کوردستان ئاواتی لەمێژینەی خەڵکی کوردستان و خەونی گەورەی ئەم نیشتمانە پەرت و وڵاتە بەش بەشکراوە و گەلە پەژموردەیە بوە، رەمزی بەرخودان و فیداکاری و هێمای بون و مانی کورد و کوردستانیش بوە، بەدرێژایی مێژو هەر کاتێک کورد ئالاّی نیشتیمانی لەپێناو سەربەخۆیدا بەرز کردبێتەوە دوژمنان هەمویان کۆک بون لەسەر ئەوەی دژایەتی بکەن، ترس و هەرەشەیان لەسەر نەتەوەی کورد دروستکردوە، بە جیاوازی سەردەمەکان ئەوەی لەئیمڕۆماندا زیاتر لەترسە دەرەکیەکان مەترسیدارترو ترسناکترو پڕ کێشەترە کاڵبونەوەی ئینتیمای نەتەوەی و زاڵبونی رۆحیەتی حیزبایەتیە، لایەنە سیاسیەکانی ئەم بەشە ئازادەی کوردستان کە لەساڵانی شەستەکانی سەدەی بیستەمەوە لە پاڵ حەماسی شۆڕشگێڕی و بەرخودانی گەل، رەوشێکی لێواو لێو لەحەماسی شوڕشگێڕی حیزبیان هێناوەتە بون، کە تا ئیمڕۆش لەئەجیندای حیزبایەتیان دا رەنگدانەوەی هەیە، حیزب ساڵانێکە توانیان ئارەزومەندانە ناوچەکان رەنگ بکەن رەنگەکانمان لای جیاوازو پەسەندو ناپەسەند بکەن، بەلاّم نەیانتوانی دوای هەمو قۆرغکاریەکان نەشیدە حیزبیەکانیان لێرە و لەویّ کە دەدران بە گوێماندا شوێنی ئاوازە خۆشەکەی سرودی ئەی رەقیب بگرێتەوە، ئەگەر رەوابێت حیزب (لەیاد و بۆنە حیزبیەکان و لەسەربان و ناوەوەی بارەگاکانیان دا ئالاّی حیزبی هەڵبکەن و ئەندامانی حیزب تەنها گوێبیستی سرودی حیزبی بن)، ئەوا هیچ رەواییەک نیە کە هەمو بۆنە نیشتیمانیەکان هەمو کوچەو کۆڵانێکی شارو لادیّ، هەمو دەشت و شاخ و نشێوێک، هەمو تەلارو باڵەخانەیەک، هەمو پرد و شەقام و رێڕەوێک، هەمو سەیرانگاو سەرچاوەیەکی ئاو، بالاّو ناخی هەمو تاکێک و... هتد) بە حیزبی بکرێت، دەبا هەموان هەوڵبدەین ئالاّی حیزب بەسەر ئالاّی کوردستاندا زاڵ نەکەین، دەبا ئالاّی کوردستان لەهەمو شوێنێکی نیشتیمانەکەمان تەنها ئالاّ بێت کە بشەکێتەوەو بیکەینە ئەو ئالاّ موقەدەسەی کە جێگای ململانێی هەمو رەنگێک بگرێتەوە و ببێتە هەوێنی بیری نەتەوایەتی و رزگار بون و سەربەخۆیی، باشترین وتەش بۆ کۆتاییهێنان بەم بابەتە پیرۆزباییە رۆژی ١٧ی کانونی یەکەمی ئەمساڵ کە رۆژی ئالاّی کوردستانە جەژنی نیشتمانیە و لە هەموان پیرۆز بێت، لەم یادەدا پێویستە هەردەم لەبیرمان بێت کە بە درێژایی مێژو سەرەڕای بەکارهێنانی ئەو هەمو شێوازی لەناوبردن و هەوڵی سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەیمان، وەک لەسرودی ئەی رەقیبدا شاعیر ئەڵێت: کەس نەڵێ کورد مردوە، کورد زیندوە، زیندوە قەت نانەویّ ئالاّکەمان.

سەرچاوە: ماڵپەڕی سبەی - رێکەوتی: ١٧ی دێسەمبەری ٢٠١٤

## ڕۆژی ئالاّی کوردستان



**د.یوسف محەمەد سادق**

هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان، هەموساڵێک لە ڕۆژی ١٧ - ١٢ دا، بە دڵێکی پڕ لە جۆش و خرۆشەوە لە سەرتاسەری کوردستان، ڕۆژی دوو سیمبولی گەورەی مرۆڤانەی کوردستان دەکەینەوە، کە ئەوانیش ڕۆژی (ئاڵای کوردستان) و ڕۆژی (دایکانی کوردستان)ە.پەرلەمانی کوردستان لە ڕۆژی ١٩ - ٦ - ٢٠٠٤ بە بڕیاری ژمارە (٤٨) ڕۆژی ١٧ ی کانونی یەکەمی هەمو ساڵێکی کردە ڕۆژی ئاڵای کوردستان و ڕۆژی دایکانی کوردستان.

ئەمڕۆ، لە هەرێمی کوردستان بە شێوازی جیاواز و بە جۆش و خرۆشەوە هەمومان لەبەردەم ئاڵای کوردستاندا دەوەستین و پەیمانی پارێزگارییکردن لە خاک و نیشتیمان لە ژێر ئەو ئاڵایەدا دوپاتدەکەینەوە. لەم ساتەدا کە ئێمە لە پەرلەمانی کوردستان ڕۆژی ئاڵای کوردستان دەکەینەوە، پێشمەرگە قارەمانەکانمان بە گیانێکی بەرزی نیشتیمانیی و بە وەرەیەکی بەرزەوە لە هەرێمی کوردستان و خۆرئاوا پارێزگاریی لە خاکی کوردستان دەکەن دژ بە تیرۆرستان، ئەو قارەمانییەتییەی ئەوان هێندەی تر ئەم دوو سیمبولە (دایک و ئاڵا)ی خۆشەویستر و پیرۆزتر کردووە.

پێش ئێمە، ئاڵای کوردستان پێشەوا قازی موحەمەدی نەمر لە کۆماری کوردستان هەڵیکرد و سەرکردە و پێشمەرگە و هاوڵاتیانی تری پارچەکانی کوردستان بە دڵێکی پڕ لە ئومێدەوە چاویان لە کازیوە و گەشانەوەی ئاڵا بەرزەکەی کۆماری کوردستان بوو، هەرچەندە کۆمارەکە زوو لەناو برا، بەڵام ئاڵای کوردستان ڕۆژ بەڕۆژ کەڵەگەتتر دەبوو.!

لەو ڕۆژەوە تا ئێستا ئاڵای کوردستان بووەتە سیمبوڵ و دروشمێکی گەورە و ڕۆڵەکانی ئەم وڵاتە پۆل پۆل گیانی خۆیان دەبەخشنە بڵندبوونی ئاڵا و ئازادی کوردستان، ئەمڕۆ ئێمە لە کاتێکدا ئەو یادە دەکەینەوە کە ئەو سنوورانەی پێشتر کوردستانیان پارچە پارچە کردبوو، ئێستا کاڵ کاڵ دەبنەوە وهەستی نیشتمانی کوردستانیان لە هەر شوێنێک بن زیاتر و زیاتر پێکەوە گرێ دەدرێن.

دایکانی کوردستانیش، جیا لە دایکانی تر. ئەمڕۆ بوونەتە ناسنامەی میهرەبانی نیشتمان، لێرەوە سەری ڕێز بۆ دایکانی کوردستان نەوی دەکەین و پیرۆزبیان شانبەشانی پیرۆزی ئاڵا و خاکی کوردستان بەرز ڕادەگرین.

لەمێژووی خەباتی ڕزگاریخوازی نەتەوایەتیماندا، هەمیشە دایکان سیمبوڵی بەخشندەیی بوون، لە پەروەردەکردنی ڕۆڵەکانیان، دایکانی ئێمە خاوەنی چەندین داستان و چیرۆکی نەبەردانەن، بەتایبەتیش ئەوان شەرەفی ئەوەیان پێدەبڕێت بە (دایکی شەهید)

ناوببرێن. شەرەفێکی تریش بۆ دایکانی کورد ئەوەیە کە ڕۆژی ئەوان لەگەڵ ڕۆژی ئاڵای کوردستان دانراوە.

دووبارە پیرۆزە ڕۆژی ئاڵای کوردستان، پیرۆزە ڕۆژی دایکانی کورد، درووود بۆ گیانی ئەو پێشمەرگانەی خوێنی گەشیان کردە قوربانی ئازادی کوردستان و سەر بڵندی ئاڵای کوردستان. سڵاو بۆ دایکانی بە ئارام و میهرەبانی کورد، کە مەدالیای دایکی شەهید و دایکی کوردستانیان پێبەخشرا.

سەرچاوە : ماڵپەڕی لڤین پرێس - ڕێکەوتی : ١٧ی دێسامبری ٢٠١٤

---------------------------------------

## لەڕۆژی هەڵکردنی ئاڵای کوردستاندا



## رەسوڵ بۆسکێنی

کورد بەدرێژایی مێژوو هەوڵ و خەباتی بێ وچانی داوە بۆ ئازادی و سەرفرازی و رزگار بوون لەژێر دەستی دوژمنان و هەڵکردنی ئاڵای تایبەت بەوڵاتەکەی خۆی، بەڵام نەگبەتی و بەدبەختی ئەم نەتەوەی کوردە لەوەدایە لە هەر کات و سەردەمێکدا هەنگاوێک بنێت بەئاراستەی پێناسە و سەلماندنی نەتەوەیی خۆی چەندین شی کردنەوە و لێکدانەوەی لەسەر دەکرێت و کۆسپ و تەگەرە دەخرێتەسەر رێگای بەمەبەستی پوچەڵ کردنەوەی هەوڵەکانی، هەموو جارێکیش بە گەلە کۆمەکی ناوچەیی و جیهانی رێگری لێ کراوە، بەهەمان شێوە ئەمساڵیش لەرۆژی ١٧ - ١٢ رۆژی هەڵکردنی ئاڵای کوردستان هەمان کار و کاردانەوە سەری هەڵدایەوە، هەڵکردنی ئاڵای کوردستان چەندین شی کردنەوە و لێکدانەوەی بۆ کرا: ئەوە ئاڵای کوردە هی نەتەوەکانی تر نیە، ئاڵای باشووری کوردستانە هی بەشەکانی تری کوردستان نیە، ئاڵای سەردەمی کۆماری کوردستان (مەهاباد)ە هی ئەم سەردەمە نیە، لەگەڵ چەندین لێکدانەوەی تر.

رۆژی بیست و شەشی سەرماوەز ئاڵای کوردستان لە مەهاباد هەڵکرا و رۆژی دووی رێبەندانی ١٣٢٤ (١٩٤٦) کۆماری کوردستان دامەزرا، مامۆستا هێمنی موکریانی یەکێک لە ئەندامە کارا و چالاک و لێهاتووەکانی کۆماری کوردستان، دەڵێت: من لەو رۆژە پیرۆزانەدا بەشدار بووم و شێعرم خوێندەوە، لەشێعرێکدا کە بۆ ئاڵای کوردستانی نووسیوە دەڵێت:

".....سەر بڵندین چونکە وا ئاڵاکەمان
هەڵکراوە گەییە تەشقی ئاسمان
پەرچەمی سوور و سپی و سەوزی ئەمە
شادیهێنە لابەری دەرد و خەمە
سوورەکەی یانی ئەوەی بێتە بنم
خوێن دەبێ برژێنێ بۆ پاراستنم

سپییەکەی یانی کەسێکە ڕووسپی
هیچ شتێک نەیکردبێ مات و کپی
سەوزەکەی دێنێتە بەرچاوان وڵات
ئەو دەمەی فەسڵی بەهاری جوانی هات
تیشکی ڕۆژی کورد لەژێر هەوری سیا
هاتەدەر ئەنگاوتی وا لوتکەی چیا
دوو گوڵی گەنمیش دەڵێ هەر کشتوکاڵ
زۆر بکەن مشتی بکەن عەمبار و چاڵ
پێت دەڵێ نووکی قەڵەم نووکی قەڵەم
زۆر لەشیر باشتر دەپارێزێ عەلەم"

بەپێی وێنەی ئاڵای ئەو کاتە و دەرخستنی شێوەی ئاڵای کۆماری کوردستان لەلایەن ئەو ئەندامە چالاکەی کۆماری کوردستان، ئەم ئاڵایەی باشووری کوردستان شێوەی لە ئاڵای کۆماری کوردستان جیاوازە، دەربارەی ئەوەی داخۆ ئاڵای کوردستان لەباشووری کوردستان ئاڵای هەموو بەشەکانی دیکەی کوردستانە؟ ئاڵای کوردستان لەباشوور جێگای شانازی هەموو تاکێکی کوردە لەپارچەکانی تری کوردستانیش، بەڵام هیچ پێویست نیە ئەم ئاڵایە بەسەر براکانمان لە پارچەکانی تر دا بسەپێنین، ڕاستە کوردستان یەک خاکە و نەتەوەی کوردیش یەک نەتەوەیە، بەڵام بەهۆی دابەش کردن و پارچە پارچە کردنی کوردستان هەر پارچەی بەدەست یەکێکەوەیە، وەک چۆن لەژێر زەبر و زەنگ و ویستی دوژمنان دا ژیان و خەبات و هەوڵ و تێکۆشانمان جیاوازییەکی هەیە، هەر بەو شێوەیەش دەکرێ هەر بەش و پارچەیەک لە پارچەکانی کوردستان ئاڵای تایبەت بەخۆی هەبێت وەک چۆن نەتەوەی گەورەی عەرەب هەر دەوڵەتە و ئاڵای خۆی هەیە و هەمووشیان شانازی بە عەرەب دەکەن و خۆیان بەعەرەب دەزانن، ئەمە هیچ لەبەرزی کوردستان و گەورەیی کورد کەم ناکاتەوە. پێویستیش نیە هەر کەس بێت و هەق بەخۆی بدات ناکۆکی بخاتە نێوان لایەنەکانی کوردستانی گەورە لەسەر ئەوەی یەک جۆر ئاڵا هەڵ بکەن، با ئەمە بۆ ئەوانە جێ بێڵین تایبەتمەندن بەم کارەوە، هەروەک دەشکرێ کورد و هەموو نەتەوەکانی دانیشتووی کوردستان کۆببنەوە و ئاڵایەکی یەکگرتوو بۆ هەموو کوردستان دابنێن و هەموو لایەک لەسەری کۆک بن و هەموو کەس بە ئاڵای خۆی بزانێت و لەبڵندان بەسەر سەرمانەوە بشەکێتەوە و لەڕۆژی هەڵکردنی ئاڵای کوردستانیش دا هەموومان بەشانازیەوە لەیەخەی خۆمانی بدەین و دەستی پڕ لەهیوا و شانازی بۆ لەسەر چاومان ڕابگرین.

دیارە ئەوەی لەسەرەوە ئاماژەمان پێدا هیچ لە پیرۆزی ئەم ئاڵایەی کوردستان لە باشوور کەم ناکاتەوە، چونکە ئەم ئاڵایە لەپەرلەمانی کوردستان بەیاسا ڕێکخراوە، لە دەستووری عیراقیشدا دانی پێدانراوە و لەو ڕێگایەوە چۆتە ناو ئاڵای

نەتـەوەکانی دنیـا و هـەموو نەتـەوەکانی جیهـان وەک ئـالاّی ڕەسمی کوردسـتان دەیناسـن، دەربـارەی ئـەوەی ئـەم ئالاّیـە هـی سـەردەمی کۆمـاری کوردسـتان (مـەهاباد)ە، ئـەوەش لایـەنێکی تـری باسـەکەیە، دیـارە بەشێک لەڕەنگـەکانی لەگـەڵ ئـالاّی سەردەمی کۆماری کوردستان( مەهاباد) یـەک دەگرێتـەوە، دەربـارەی بڕیـاردان لـە چۆنیـەتی ئـەو ئالاّیە لەسـەردەمی کۆمـاری کوردستان دەربارەیم خوێندۆتەوە بەداخەوە ئێستا لەم کاتەدا سەرچاوەکەیم لەبـەر دەست نیـە، هیـوادارم بتـوانم لـەداهاتوو بیخەمەڕوو، ئـەوەی لەبیرمە بـۆ بڕیـاردان لەسـەر شێوەی ڕەنگ و دروست کردنـی ئـالاّی کوردسـتان لـە کۆمـاری کوردسـتان، سەرەڕای ڕای قـازی محەمەد کۆمەڵێک خـەڵکی تایبـەت بـەم کـارە کۆبوونـەوە بۆ دانـانی ڕەنگـەکانی ئـالاّی کوردستان، بـەم شێوەیە لێکدرایەوە: سێ هێڵی تەریبی ڕەنگی سوور و سپی و سەوزی هەبێت، ڕەنگی سـوور نیشـانەی خـەبات و تێکۆشـان و بەخشینی خوێنی شەهیدەکانی کوردستانە، ڕەنگی سپی واتـای بەشێکی تـر یـا چینێکـی تـری دانیشتوانی کوردستانە ئـەویش چینی خوێندەوار و ڕۆشنبیرە کەلەو کاتەدا مزگەوت مەڵبەندی خوێندن و مەلا و زانایانی ئاینی پێشەوای خەڵک و نیشـانەی خوێندەواری کوردستان بوون، ڕەنگی سەوز نیشـانەی کشـتوکاڵ و خێروبێـری وڵاتـە بەهـەموو نەتـەوە و چین و توێژەکانـەوە، چونکە لەسـەر خـاکی کوردسـتان چەنـدین نەتـەوەی تـر دەژیـن، لـە ئـالاّی باشـووری کوردسـتان دا هـەڵهاتنی خـۆری ئـازادی نیشانەی پەخشی ڕۆشنایی و ئاشتی و برایەتی و پێکەوە ژیانە، بەلاّم ئەوەی سەرم لێی سوڕماوە پـەخش و بڵاوبوونـەوەی ٢١ تیرێژی تیشکی خۆر مانای چیە؟ ئایا وەک هەندێک کەس دەڵێن ئاماژەی ڕۆژی ٢١ مارتە واتە جەژنی نەورۆز و سەری ساڵی کوردی یە، ئەگەر وابێت دیـارە ئـەوە هەڵەیـەکی گەورەیـە، چونکە نـەورۆز یەکەم ڕۆژی سەری سـاڵی کوردیـە، بـەلاّم مـارت یەکێکە لەمانگـەکانی سـاڵی زایینـی و هـیچ پەیوەندیـەکی بـەکوردەوە نیـە، جگەلـە ڕێکخسـتنی کـاری ڕۆژانـە وەک زۆربـەی نەتەوەکانی جیهان کار بە ساڵی زاییني دەکەن، هەرچەندە دەبوایە کار لەسەر سـاڵی کوردی بکرایـە، هـەر نـەبێت لەهـەرێم لەو پارچەی کە تۆزێک خۆری ئازادی وڵاتی ڕۆشن کردۆتەوە، هیوادارم ئەم لێکدانەوەیە وانەبێت و پەرلەمانی بەڕێز لەسـەر ئەمە ڕوون کردنەوە بـدات، بەپێی ئـەم لێکدانـەوەی سەرەوە ئـەم ئالاّیـە موڵکی هیچ نەتەوەیەکی یـاری کـراو نیـە، بـەڵکو مـوڵکی هـەموو دانیشـتوانی کوردسـتانە بەهـەموو نەتـەوەکانی وەک تورکمـان و کلـد و ئاشـووری و مەسـیحی و پێکهاتـەکانی ترەوە، چونکە خەبات و تێکۆشان و خوێنی شەهید و خوێندەواری و زانیاری و کشتوکاڵ و خێروبێری وڵات هەموومان تێیـدا هاوبەشین و هی هەموو لایەکمانە، هیوادارم بەهەموو لایەک خزمەتی ئەم وڵاتە برینـدار و وێرانـە بکـەین تـا دەگاتـە دوا قۆناغی سـەرکەوتن بـۆ ئـەوەی هـەموو نەتـەوەکانی دانیشـتووی کوردسـتان بـەئازادی و ئاسـوودەیی لـەژێر ئـەم ئالاّیـەدا ژیـان بگوزەرێنین.

سەرچاوە : ماڵپەڕی خەندان - ڕێکەوتی : ١٨ی دێسامبری ٢٠١٤

## دیتنی ئاڵا.



**مامۆستا قانع**

سەد شوکور وا من نەمردم، تاکە دیم ئاڵای کورد
کەوتە بەرچاوم بە بەرزی، سوورەت و سیمای کورد
بازبوو، دوورِا بوو دیدەی نەرگسی شەهلای کورد
مژدە بێ ئەمرۆکە بەر بوو، چاوی پڕ بینای کورد
هەر بژی ئاڵای کورد و پێشەوای زانای کورد

چەند زمانێکە ئەسیرو ژێر چەپۆکەی عالەمن
سەرکز و بێ قیمەتی بەرچاوی زادەی ئادەمن
دیلی زیندانی نەزانین، مەستی بادەی ماتەمن
بانگ کەنە یەکتر هەمووتان، چونکە ئەمڕۆ بێ خەمن
هەر بژی ئاڵای کورد و پێشەوای زانای کورد

بانگ کەنە ئەرواحی پاکی ئەردەڵانی نەڕەشێر
یا بڵێن کاوە لە کوێ؟ ڕۆژی هەزار یادت بەخێر
بێننە بەرچاوی خۆتان، هەڵمەتی زەندی دلێر
هەر بڵێن ئەم شێعرە ئەهلی کۆهسار و گەرمەسێر
هەر بژی ئاڵای کورد و پێشەوای زانای کورد

قەت لە بیرت دەرنەچێ کوردە، زرەی زنجیری پێت
تۆ تەماشاکە، لە دەس بێگانەکان چی هاتە رێت
کۆنێ بابی گۆڕ غەریب و؟مامەکەی بێ شوێن و جێت؟
کوردە چۆن تۆ دڵ برینی، شلکە بۆ ئەم شێعرە گوێت
هەر بژی ئالای کورد و پێشەوای زانای کورد

نۆبەتە، باراشت لێکە، ئاشی گێتی کەوتە گەڕ
شێر نەتەساوە لە بەزم و شۆڕشی مەیدانی شەڕ
گوێ نەدەی هەرگیز بە هاشە و هوشەی ئەربابی زەڕ
هەڵگرە ئەم دەستە شێعرەو دابنێ سەد سەوڵی تەڕ
هەر بژی ئالای کورد و پێشەوای زانای کورد

سەد شوکور، وا ئەرزەڕۆم و وان و بیتلیس و چەچان
دەستی دایە دەستی هەرکی، کوردی زازا و بەبان
شاری خەرپوت و جەزیرە و مەنتیقەی بەرزانیان
با بە بەستەو و چەپڵە بێژین، دەم بە دەم شام و بەیان
هەر بژی ئالای کورد و پێشەوای زانای کورد

خانەقین مژدە ئەدا، ئەمرۆ بە دیاربەکر و هەرات
پێچەوانەی دەوری پێشوو، ڕۆژ لە شیمال و هەڵات
سەیری تیشکی کە! چلۆن رووناکی خستە سەر وڵات؟
ئەم وتارە بیری دڵ بێ، چاکە بۆ ڕێگەی نەجات
هەر بژی ئالای کورد و پێشەوای زانای کورد

## سرودێک بۆ ئاڵا



**خاڵە قازی**

له خۆشی یا له ناو زیندان و چاڵا
له شادی،، یا له ژینی سەخت و تاڵا

له غوربەت، یا له ناو خزم و له ماڵا
له ڕۆژ و حەوتەو و گشت مانگ و ساڵا

هەموو بیرم ئەتۆی،، ئەی خاک و ئاڵا
له کاتی هێرشی سەر ئاو و خاکم
له کاتی خوێن ڕژانی خەڵکی پاکم
بچەقێنن لەسەر جەستە و کەلاکم

هەتا بشنێ له بەرزی عەرشی واڵا
لەوێدا تیشکی باوێ خۆری ئاڵا

مناڵانی وەتەن با سەر هەڵێنن
له ژێر ئاڵا سرودی گەل بخوێنن

لە چوار لاوە سنوران تێک شکێنن
بەرەو دونیا بەرن بانگ و سکاڵا

وەهایە ڕەمزی یەک بوونتان، بە ئاڵا
دەبا ئەرتەش دروست کەین پڕ چەک وچۆڵ

بپارێزن وڵات و خاک و هەم خۆڵ
لە دەستی دوژمنی بێگانە و زۆڵ

بژین پێشمەرگە و هێزی هەڤاڵا
بە بوونی ئێوە ئەوڕۆ، بەرزە ئاڵا

بە چوار ڕەنگت قەسەم تا ماوە ژیانم
فیدای تۆ بێ سەر و ماڵ و گیانم

نیهایەت تۆی هەموو ئاواتەکانم
کە مردم وا لە دەوری بەژن و باڵا

کفن پێچم کە،، بەو چوار ڕەنگی ئاڵا

-----------------------------------------------------

## باڵای ئاڵا



**بێبەش**

چاوتان کوێر بێ
باڵای ئاڵام چیای عومری نەتەوەمە و
بە هیچ هێزێکی دانایە
رووتان رەش بێ
ئاڵام باڵی سووری هەڵۆی پێشمەرگەیە
بە نزمایی قەت رانایە.
تیریژی خۆری سەر ئاڵام
شەوی رەشی بیری کۆن و گەنیوتانی شەق کردووە
نووکی پەیکانی تیرەکی
کەڵپی خوێناوی دەمتانی لەق کردووە
سپیی رەنگی بۆتە سام و عومری گرتوون
سەوزی دەڵێ کوردم سوارە و
دژی کەوتوون.
چاوتان کوێر بێ
دە شەق بەرن
هاکا ئاڵام لە گشت جیهان شەکایەوەو
دڵنیا بن
بەرگەی بینیی ناگرن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - رێکەوتی: ٢١ی نۆڤەمبەری ٢٠١٥

## بابەت و نووسراوەکان سەبارە بە ڕۆژی پێشمەرگە

# قافڵەی خەباتکارانی ڕێی ئەوینی نیشتمان



**کەریم فەرخەپوور**

ڕۆڵە فیداکارەکانی سەدەی نەبەزین و نەسرەوتن، لە تاقوەسانانەوە تا ئاربابا و ئاگری و هەڵگورد، سڵاو لە قامەتی بەرزی شۆڕشگێڕانە و پێشمەرگانەتان.

ئێوە شکۆی نەتەوەیەکن و دەمێکە سەرقافڵەی کاروانێکن کە ناو و نیشانی ئەو کاروانە لە پەرتووکی چوارچرادا لە کتێبخانەکەی کۆماری کوردستاندا بە خوێن نووسراوە.

لەو کاتەوە کە ژێکاف ئەلفوبێی ژیان و ژیانەوەی نووسی و ئەستێرەی گەلاوێژ بوو بە پرشنگی ڕووناکیدەری ڕێگەی ڕاپەرین و هەستانەوە، لەو کاتەدا بلیمەتێک بوو بە پێشەنگ و ئێوەش بێ سڵکردن و سڵەمینەوە بەگژ تەلیسم و ترس و تۆق و تۆقاندندا چوونەوە.

سوێندی سەرۆک کۆمارەکەی کورد لە ڕێبەندانی ڕۆژگاری ڕەشی زوڵم و ستەمی ئەو سەردەمدا، ڕێگەی ڕزگاریی پێشان دان و پێناسەی ڕزگاری و سەربەخۆیی خستە سەر سینگتان، ئێوە ئاڵاهەڵگر و پێشەنگی ئەم کاروانە دەمێکە هەروا بەردەوام ئەم ڕێگەیە دەپێون. لەو کاتەوە تا ئێستا ئەم ڕێگەیە هەردەم پڕ لە ڕێبوار، هەردەم پڕ لە سەردار، ڕوح لەپێناو سەر لەسەر دار، بەرەو سەرکەوتن هەنگاو دەنێ. سوێندی قازییەکانی بەردەم سێدارەی پەیمان و وەفا، بوو بە هەوێنی خۆڕاگریی و وەفاداریی ئێوە ڕۆڵە بەئەمەگەکانی پێشەوا و هەڵگرانی پەیامی کۆمار و چوارچرا. ئێوە ئەویندارانی ڕێگەی کۆمار و ئۆگرانی ڕێگەی دێموکرات، لە ڕێبەنداندا شەختە و سەهۆڵی ڕێگە سەختەکانتان شکاند، بەر لە خاکەلێوە ئاڵای پێشەنگی کاروانی سەربەخۆییتان گرتە دەست و لە خاکەلێوەدا ئەم ڕێگەیەتان بە خوێن ڕەنگاند. ئێوەی سەوداسەری ئازادی هەردەم سەرفراز و بەپێوە، بێ نەوەستان بەرەو لووتکە هەر بەڕێوە، نەسرەوتن و کۆڵنەدانتان موژدەی بەهاری ئازادیی پێوە. ئێوە جەنگاوەرانی ڕۆژانی سەختی ڕێی خەبات و خەباتکارانی وڵاتی خۆر، بە خوێن ڕێگەی خەباتتان ڕەنگاند، لە ساتەوەختی ستەم و داپڵۆسیندا بەرەنگاری لەشکری شا بوونەوە، لەگەڵ فەرمانی جیهادی تاریک پەرەستی ئاخوندەکاندا بەگژ دێوەزمەی شەڕدا چوونەوە. لە شەوەزەنگی جەهالەتدا لەگەڵ پڕشنگی ئەستێرەکان موژدەی باوەڕ و بەیانیتان بە گەل دا. بە بانگی ئازادی خەڵکتان لە خەو ڕاپەراند و بە سروودی ئەی ڕەقیب خەونی دژمنتان خەواند.

لە نیشتمانی من زیندان و بەندیخانە ساز کرا تا دەنگی ئازادی بەند کەن و هاواری هەقخوازی لە قوژبنی تاریکخانەکاندا بخنکێنن. لەو ڕۆژەوە کە لە وڵاتی من پەرتووک بەند کرا و پێنووس لە سێدارە درا، لە سەر لووتکە بەرزەکانەوە ئێوە بوونە بانگی ئازادی و ئازایەتی. ئەو کاتانەی هەوری ڕەشی ستەم ئەستێرەکانی هەڵلووشی، ئێوە بوونە مۆم و مەشخەڵ تا ڕێچکە تاریکەکان ڕۆشەن بکەنەوە.

لەو ڕۆژەوە چەکی شەرەف و شانازیتان کردە شان و بوێرانە هاتنە گۆڕەپانی جەنگ، لەو ڕۆژەوە غروور بوو بە پێناسە و ئێوەش بوونە ڕەمزی فیداکاری و نەبەزین.

هاوڕێم، هاوسەنگەر، قرمژنی چەکی دەستت خەوی لە چاوی دژمن زڕاند، دەنگی هاواری بەرزی ئازادی و ئازادیخوازیت دەریای مەندی دەسەڵاتی زۆرداری هەژاند، ئەوە تۆ بووی دوێنێ، ئەوە تۆی ئەمڕۆ سینگت کردۆتە سپەر و قەڵغان تا نیشتمان لەدەست داگیرکەر بپارێزی، ئەمڕۆ تۆ سپەر و سەنگەری، وره و غیرەت و هێزی، لە نیشتمانی کورد لای خەڵکی بەرزی، ڕووناکیدەری ڕێی خەباتی، جێی ڕێزی.

ناوی پێشمەرگە پێناسەی ئەو کچە تابۆ شکێن و ئەو کوڕە خەباتکارانەیە کە ئاڵا بەدەست و دەست لەسەر سینگ ، چەک

بەدەست و ڕوح لە پێناو، بەرەو مەنزڵگەی سەربەخۆیی نیشتمان پشتی هەوراز دەچەمینن و بەرەو لووتکەی سەرکەوتن هەنگاو دەنێن.

ڕۆڵە بە ئەمەگەکانی دایکی نیشتمان، لە نیشتمانی چاوەنواڕی ئازادی و ڕزگاریدا، دایکانی جەرگسووتاو و پیرەباوکانی پشت چەماو، نەوبووکانی کۆستکەوتوو و منالآنی چاوڕێ، هەردەم چاوەڕوانی ئێوە و موژدەی ئازادی وڵات و گۆڤەندی سەرکەوتنی کوردستانن.

مێژووی ئیوە سەرانلێژە لە بەرخۆدان و بەرەنگاری، لاپەرە زێڕینەکانی میژووی نەتەوەی کورد بە گیانبازیی ئێوە و بە خوێنی ئێوە نووسراوە و ڕەنگاوە. نە هێز و هەڕەشەی دژمن دەترسێنێ و نە گرتووخانە چۆکت پێدا دەدا، نە لە بۆسەی داگیرکەر دەسڵەمێیەوە و نە باکت لە بەرەنگارییە، نە گوڕەگوڕ و قامچیی جەلاد دەتلەرزێنی و نە بۆمب و ناپاڵم دەتهەژێنێ، تۆ ڕۆڵەی کورد و بە شیری پاکی دایکێک گۆشکراوی کە بەهیوای ئازادی سەری نایەوە. چەکی دەست و جامەناکەت یادگاری باوکێکە کە لەپێناو پاراستنی نیشتمان بوو بە قوربانی و خوێنی ڕژایە ژێر داری ئازادیی نیشتمان و ئەم ڕێگە و ڕێبازەی بە تۆ سپارد.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی دێسەمبەری ٢٠١٩

------------------------------

## دەقی قسەکانی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان

## لە ڕێورەسمی ٢٦ی سەرماوەز، ڕۆژی ئاڵا و پێشمەرگەی کوردستان)



ئەمرۆ ڕۆژی ئاڵا و پێشمەرگەی کوردستانە. ئاڵا و پێشمەرگە میراتێکن لە کۆماری کوردستانەوە بۆ ئێمە ماونەتەوە. ئەم ڕێچکەیە پێشەوا قازی محەممەد بۆ ئێمە شکاند و خەبات و تێکۆشانی حیزبی دێموکرات بە گیانفیدایی هێزی پێشمەرگەی هەتا ئێستا بەردەوام و ڕوو لە پێشێ بووە. ئەم حیزبە لە هەموو ژیانی سیاسیی خۆیدا و لە هەموو ئەو کاتانەی کە تووشی هەوراز و نشێو بووە ئەوەندەی کە لە توانایدا بووبێ، ئاڵای خەبات، واتە ئاڵای شوناسخوازیی کوردی هەر شەکاوە ڕاگرتوە و ناوی پێشمەرگەشی بەشانازییەوە لە شکۆدا پاراستوە و نەسل بە نەسل هەتا ئێرەی هێناوە. ٢٦ی سەرماوەز، ڕۆژی پێشمەرگە و ڕۆژی ئاڵا لە هەموو پێشمەرگەکانی کوردستان، هەروەها بەتایبەتی لە بنەماڵەی شەهیدە پێشمەرگەکان، کە کچ و کوڕ، دایک و باوک و هەر ئەندامێکی بنەماڵەیان پێشمەرگە بووە و شەهید بووە؛ پیرۆز بێ. پیرۆزە لە بنەماڵەی زیندانییانی سیاسی کە ئازیز و خۆشەویستێکیان لەسەر ڕێبازی پێشمەرگایەتی کە گەیشتن بە مافە نەتەوایەتییەکانی خۆمانە؛ لە زینداندان. پیرۆزە لە هەموو ئەندامان و دۆستان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات بەتایبەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە ئاواتیان دەخواست لە وەها ڕۆژێکدا لەگەڵمان بن و لەگەڵ ئێمە بەشداری ئەم ڕۆژە پیرۆز و مەزنە بن. پیرۆزە لە هەموو خەڵکی تێکۆشەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە لە تەواوی ئەو ماوەیەدا بە شێوازی جیاواز و بە بۆنەی جۆراوجۆرەوە بە پاراستنی یەکگرتوویی و یەکڕیزیی نەتەوایەتیی خۆیان، هەوڵیان داوە لە بەرامبەر کۆماری ئیسلامیدا بێدەنگ نەبن و ئیجازە نەدەن کۆماری ئیسلامی نەتەوەیەک وەک نەتەوەی کورد وا بەئاسانی تەحقیر بکا و، بە خەبات و تێکۆشانی خۆیان هەوڵیان داوە بە ڕێبازەکەی پێشەوا قازی محەممەد و دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندی وەفادار بمێننەوە.

**هاوڕێیانی خۆشەویست! خوشک و برایانی ئازیز!**

پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستان و بەتایبەت پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات!

کورتە ئاوڕدانەوەیەک لە مێژووی پڕ هەوراز و نشێوی ژیانی سیاسیی حیزبی دێموکرات، ئەوەمان بۆ دەردەخا کە نە ڕووخانی کۆماری کوردستان، نە بەندکرانی ڕێبەرانی حیزبی دێموکرات، نە دەربەدەریی حیزبی دێموکرات، نە شەهیدبوونی ڕێبەرانمان، نە شەهیدبوونی هەزاران پێشمەرگە و نە تەقینەوەی شەوی یەلدا و نە مووشەکبارانی قەلاّی دێموکرات، کە شەهیدبوونی پۆلێک لە پێشمەرگە و کادر و ئەندامی ڕێبەریی ئەم حیزبەی لێکەوتەوە؛ ئەمانە بە هەموویانەوە نەیانتوانیوە هیچ کات ئیرادەی حیزبی دێموکرات و ئیرادەی پێشمەرگەی بەچۆکدا بێنن و هیچ کاتیش بەچۆکدا نایە.

پێشمەرگە ئازیزەکانی کوردستان!

لە دنیای ئەمڕۆدا زۆر شوێن هەن کە سەرماگوزارییەکی زۆر و زەوەند دەکەن بەو مەبەستەی ناویان بچێتە نێو ناوان؛ بەلاّم ناوی پێشمەرگە بە قارەمانەتی و فیداکاری لە پێناو مافە نەتەوایەتییەکانی نەتەوەی کورددا لە دنیا بلاّو بۆوە. بوو بە ناوێک کە کاتێک باسی خەبات و تێکۆشان و فیداکاری لە ڕۆژهەلاّتی کوردستان و پارچەکانی دیکەی کوردستان و تەنانەت ڕۆژهەلاّتی نێوەڕاست دەکرێ، کاتێک باسی بەرەنگاری لە بەرامبەر تێرۆریزمدا دەکرێ جا ئەو تێرۆریزمە هیی کۆماری ئیسلامی بێ یان هەر تێرۆریزمێکی دیکە بێ؛ لەوێدا ناوی پێشمەرگە بە سەربەرزییەوە دێتە گۆڕێ و دنیاش ناتوانێ ئینکاری تواناکانی پێشمەرگە بکا.

ناوی پێشمەرگە وەک باسمان کرد بۆ سەردەمی کۆماری کوردستان دەگەڕێتەوە. کاتێک پێویستیی هێزێکی پارێزەر لە سەردەمی کۆماردا پتر لە پێش دەردەکەوێ، دەگێڕنەوە ناوی پێشمەرگە لەلایەن پیرەپیاوێکی دنیادیدەوە پێشنیار دەکرێ و ئەم ناوە پڕمانایە بە بەژنی پێشمەرگە و فیداکارییەکانی ئەو دەدووردرێ. جا کەوایە ناوی پێشمەرگە بە هەموو لێکدانەوەیەک لە جێگای خۆیەتی و پڕبەپێستی ئەم کەسە لەخۆبوردووەیە.

هاوڕێیانی ئازیز!

کۆنگرەی ١٧ی حیزبی دێموکراتی کوردستان، نیزیک مانگێک لەمەو بەر کۆتایی پێهات. ئێمە لە کەش و هەوایەکدا کۆنگرەمان گرت، کە کۆماری ئیسلامی و دامەزراوە ئەمنیەتییەکانی ئەم ڕێژیمە و دەزگا سەرکوتکەرەکانیان هەر بەو شێوەی کە لە نێوخۆی ولاّت لە سەرکوتی خەڵک ڕانەوەستاون، هەوڵیان دەدا کە کۆنگرەکەی حیزبی دێموکراتیش نەگیرێ و لەو

ماوەیەدا هەموو پیلانێکیان گێڕا؛ بەڵام بەخۆشییەوە کۆنگرە کە بە ناوی کۆنگرەی شەهیدانی ١٧ی خەرمانانی قەڵای دێموکرات ناودێر کرابوو، بە پشتیوانی و فیداکاری و ڕێکوپێکیی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات بەڕێوە چوو. ئەمەش دەرخەری ئەوەیە کە بۆ جارێکی دیکەش پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بەجێ گەیاندنی ئەرکێکی گەورە واتە گرتنی کۆنگرەی حیزبی دێموکرات بەخۆشییەوە دەورێکی باشیان بینیوە.

**هاوڕێیانی خۆشەویست!**

ئێمە لە کاتێکدا یادی ٢٦ی سەرماوەز، ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان دەکەینەوە، کە ئێران لە زۆر بوارەوە کەوتووەتە ناوەندی باس و لێکدانەوەکان، ئێمە لە حاڵێکدا ئەو ڕۆژە پیرۆزە وەبیر خۆمان و وەبیر کۆمەڵانی خەڵک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و نەتەوەی کورد بەگشتی دێنینەوە کە کۆماری ئیسلامی لەگەڵ قەیرانێکی بەربڵاوی ئابووری، ئەمنیەتی و سیاسی لە نێوخۆ و لە ناوچەکەدا ڕووبەڕووە.

هەر لە ماوەی چەند حەوتووی ڕابردوودا، خۆپیشاندانەکانی ئێران کە لەلایەن کۆمەڵانی خەڵکەوە لەدژی ئەو ڕێژیمە کران، حەقیقەتێکی ناشارەوەی تێدا بوو؛ یەکەم ئەوەی کە دەسەڵات بە هەموو توانای خۆی لە هەموو هێزە ئەمنیەتییەکانی خۆی کەلکی وەرگرت بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی زۆر دڕندانە ئەو خۆپیشاندانانە سەرکوت بکا. ئەمە دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە کۆماری ئیسلامی لە بەرامبەر نارەزایەتییەکانی خەڵکدا سیاسەتێکی نەگۆڕی گرتووەتە بەر و وەڵامدەری ویست و داخوازی خەڵک نییە و هەمدیسان مانەوەی خۆی هەر زەبروزەنگدا دەبینێ. دووەم ئەوەی کە ئەم خۆپیشاندانانە کوتوپڕ و بێبنەما نەبوو، بەڵکوو لە درێژەی سیاسەتی سەرکوت و وەڵامنەدانەوە و حاشاکردن لە مافی خەڵکی ئەم وڵاتە بەگشتی و نەتەوەی کورد بەتایبەتی لەلایەن دەسەڵاتەوە بوو. لە هەمان کاتیشدا ئەم خۆپیشاندانانە نیشاندەری ئەوە بوو کە کۆمەڵانی خەڵک لە ڕاستیدا ترسیان شکاوە. جیاوازیی ئەم خۆپیشاندانانە لەوانی پێشوو ئەوە بوو کە لە پێوەندی لەگەڵ دروشم، هەڵوێست و هەروەها ڕێکخستنەوە؛ دەرخەری ڕادەیەک لە تێگەیشتن و پێگەیشتن بوو. هەموو ئەوانەش پێکەوە ئێعترازێکی جدی بە کۆماری ئیسلامی بوو و لە هەمان کاتیشدا بڕوا بەخۆییەکی زۆر بەهێزی لەنێو کۆمەڵانی خەڵکی ئێران بەگشتی و گەلی کورد بەتایبەتی بەدی هێنا. بۆیە ئێمە گەشبینین بەوەی کە ئەو قەیرانانەی لە ئێراندا لەگۆڕێدایە و خودی ڕێژیم خولقاندوونی؛ لە درێژەی خۆیدا کۆماری ئیسلامی دەکاتە قوربانی و لە ئاکامدا هەر خەڵکە کە بە یەکڕیزی و یەکگرتوویی خۆیان سەرکەوتوو دەبن.

لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە هەتا ئەو جێگەی پێوەندیی بە ویست و داخوازە ئابووری، کۆمەڵایەتی، نەتەوایەتی و دێموکراتیکەکانی کۆمەڵانی خەڵکەوە هەیە، ئێستاش زیاتر لە جاران سەرنج و گرینگیی پێ نادرێ. بوودجەی پێشنیاریی

دەوڵەت بەبێ سەرنجدان بە بژێو و خۆشبژێویی خەڵکی ئێران و ئاوەدان کردنەوەی وڵات تەرخانی دەستێوەردان و نائەمنکردنی وڵاتانی دیکە دەکرێ. فشاری ئابووری کە لەلایەن ئامریکاوە خستراوەتە سەر کۆماری ئیسلامی، کاریگەریی بەربڵاوی لەسەر کۆمەڵگەی ئێران داناوە. بەڵام هەتا ئەو جێگەی پێوەندیی بە بەرپرسانی ڕێژیمەوە هەیە ئەو سەروەت و سامانە هەر لە پێناو زێدەخوازییەکانی خۆیان بەکار دێنن. بوودجەی دیاریکراوی ئەمساڵیش نیشانی دایەوە کە هەروەک پێشوو دەرفەتەکان لە خەڵک ئەستێندراوەتەوە و ئاوڕێک لە ژیانی ئاسایی کۆمەڵانی ئەم وڵاتە نەدراوەتەوە. ئەگەر کۆمەڵانی خەڵک بۆ نارەزایەتیدەربڕین بە گرانبوونی بێنزین ڕژانە سەر شەقامەکان، ئێمە دڵنیاین لەبەر ئەوەی کە بەرنامەکانی کۆماری ئیسلامی وڵامدەری ویست و داخوازییەکانی خەڵک نییە، بەداخەوە دیسان کۆمەڵانی خەڵک - بەلەرچاو گرتنی تێچووی گیانیی زۆر- لە داهاتووشدا دەبێ ڕووبەڕووی کۆماری ئیسلامی و هەموو ئەو فشارانەی کە خستوویەتە سەریان ببنەوە. ئێمە هیواداریین یەکریزی و یەکدەنگیی کۆمەڵانی خەڵک بەستێن و مێکانیزمێکی باشتر دروست بکا بۆ ئەوەی کە لە داهاتووشدا - کە پێشبینی دەکرێ دیسان نارەزایەتیی لەم چەشنە ڕوو بدا - دروشمی سەرەکی، ئەوە بێ کە کۆماری ئیسلامی وڵامدەری ویستی خەڵک نییە و ئیرادەی چارەسەریی کێشەکانی نییە.

پەیامێکی تری ئەم خۆپیشاندانانە بۆ دژبەرانی کۆماری ئیسلامی و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییە، ئەگەر تایبەتتری بکەینەوە بە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەتوانین بڵێین کە خۆپیشاندانەکانی ئەوێ پەیامەکەی بۆ ئێمە حیزبە سیاسییەکانی کوردستان بوو. هەتا ئەو جێگەی پێوەندیی بە ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامییەوە هەیە، بەداخەوە هەتا ئێستاش بەربڵاویی بە ئێمەوە دیارە؛ بەڵام ئێمە گەشبینین هەموو ئەو دانیشتنانە کە لە نێوان دژبەرانی کۆماری ئیسلامی بەڕێوە دەچێ و حیزبی دێموکراتی کوردستان وەکوو هەمیشە هاندەر بووە و هەوڵی داوە لەوێ ببێتە هۆی لێک نیزیک بوونەوەی لایەنەکان، بەردەوام لەم پێناوەشدا دەچێتە پێش. سیاسەتی ئێمەش ئەوەیە تێبکۆشین لەگەڵ زۆربەی ئەوانە لە وتوویژ و ڕاگۆڕینەوەدا بین و، تێبکۆشین لە هەموو دانیشتنەکاندا لەسەر مافی نەتەوایەتیی خۆمان و لەسەر سەقامگیر کردنی دێموکراسی لە ئێران پێداگریی بکەین و؛ ئەوە بنەمای سیاسەتی ئێمەیە لە پێوەندی لەگەڵ دژبەرانی کۆماری ئیسلامیی ئێران. لەمەڕ ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئێمە تێدەکۆشین هەموو خۆپیشاندان و نارەزایەتیدەربڕینەکانی ئەوێ بکەینە بنەمایەک بۆ دەستووری کاری حیزبە ڕۆژهەڵاتییەکان، هەتا ببێتە مایەی کۆدەنگی و هاوکارییەکی بەهێز لە نێوان خۆماندا و، لەژێر ڕووناکایی ئەم هاواهەنگییە بتوانین لە داهاتوودا باشتر لە ئێستا و ڕابردوو، ئەو نارەزایەتییانەی کە لەدژی کۆماری ئیسلامی دەردەبڕدرێن بەڕێوە بەرین و ئیدارەیان بکەین.

لە ئاستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا حیزبی دێموکراتی کوردستان هەمیشە هەوڵی داوە لە دانیشتن و دیدارەکانی خۆی لەگەڵ ئەو لایەنانەی کە دەبنە بەردەنگمان و بە جۆرێک بیر لە داهاتووی ئێران و ئەمنیەتی ناوچەکە دەکەنەوە و، لەم نێوەدا ئێران، ڕۆژهەڵاتی کوردستان و حیزبی دێموکراتیش - بە ئێعتباری دۆخ و نفووزێک کە چ لە نێوخۆی وڵات و چ لە ئاستی

نێودەوڵەتیدا هەیەتی-؛ تێکۆشاوین ئەو پەیامە بە هەموو ئەم لایەنانە و خەڵکی کوردستانیش بگەیەنین، کە ئێمە هەموو هەوڵێکی خۆمان وەگەڕ دەخەین لە پێناو ئەوەی کە کۆماری ئیسلامی نەمێنێ و دەسەڵاتێکی فرەچەشن و دێموکراتیک لەم وڵاتەدا بێتە سەر کار. لە هەمان کاتیشدا پێداگری لەسەر ئەو ڕاستییە دەکەینەوە هەتا ئەو جێگەی پێوەندیی بە پرسی کورد بەگشتی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستەوە هەیە و، هەتا مافەکانی ئەم نەتەوە لە هەموو ئەو وڵاتانەی کە تێیدا دەژی و، هەروەها لە هەر ئاڵوگۆڕێک کە لە داهاتووی ئێراندا دێتە پێشێ، جێبەجێ نەبێ و لەبەرچاو نەگیرێ؛ نە ئێران ئەمنیەت و ئاسایش بەخۆوە دەبینێ، نە دێموکراسی تێدا سەقامگیر دەبێ و نە ئەم وڵاتە دەتوانێ ببێتە هۆی پاراستنی ئەمنیەتی ناوچەکە.

جا کەواتە هیچ شوێنێک و هیچ لایەنێک چ لە نێوخۆ و چ لە ناوچە و چ لە دەرەوەی وڵاتیش ناتوانن فاکتۆری کورد لەبەرچاو نەگرن. ئەوەی کە دەڵێین هیچ لایەنێک ناتوانێ گرینگی بە پرسی کورد نەدا، لەم ڕووەوەیە کە ئەم نەتەوەیە بەردەوام لە مەیداندا بووە و شەڕی لەدژی تێرۆریزم کردووە، ئەم گەلە لە گۆڕەپانیدایە بۆ دامەزراندنی دێموکراسی لەو وڵاتانە، ئەم نەتەوەیە شانازی بە ڕابردووی خۆی دەکا کە قورسایی خەباتەکەی لەسەر شانی پێشمەرگە بووە و پێشمەرگەی هەیە و پێشمەرگەی دەبێ.

هەر لەم ڕۆژە پیرۆزەدا پەیامێکی دیکەی ئێمە بۆ هەموو خەڵکی ئێران و بۆ هەموو ئەو لایەنانەی کە بە جۆرێک خۆیان لە ئاڵوگۆڕەکانی ئەم وڵاتەدا خاوەن بەرژەوەندی دەبینن و بیر لە داهاتووەکەی دەکەنەوە و بەخۆشییەوە بەشێکیشیان دانیان بە نەتەوەی کورد و مافەکانیدا ناوە، لە چەند و چۆنیی ستراکتۆرێکی سیاسیی دیکە لە ئێراندا؛ دەمانهەوێ پێیان بڵێین پرسی کورد و خەبات و تێکۆشانی نەتەوەی کورد و بوونی ئێمە بۆ دروستکردنەوەی داهاتووی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست - لە پێوەندی لەگەڵ نەتەوەی کورددا - و داهاتووی ئێران وەک دەرفەت چاو لێ بکرێ نەک هەڕەشە. هەر بۆیە پێویستە هەموو لایەک لەو دەرفەتە کەلک وەر بگرین.

لە کۆتاییدا بۆ جارێکی دیکە وێڕای ڕێزگرتنێکی زۆر لە خەبات و تێکۆشانی خەڵکی نێوخۆی وڵات لە پێناو گەیشتن بە مافەکانی خۆیان، لێرە پەیمانیان لەگەڵ نوێ دەکەینەوە، حیزبی دێموکراتی کوردستان، حیزبەکەی کۆماری کوردستان، ئەو حیزبەی سەربەرزە بە پێشمەرگە و ئاڵا؛ لە خەبات و تێکۆشانی خۆمان بەردەوام دەبین. جا ئەگەر ئێوە لەوێ و ئێمە لێرە هەموو لایەکمان بەیەکەوە بین، دڵنیاین داهاتوو هی ئێمەیە؛ هەموو لایەکمان سەرکەوتوو بین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی دێسەمبەری ٢٠١٩

------------------------------

## خەڵک و پێشمەرگە دووانەیەکی هەمیشەیی



**برایم چووکەڵی**

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هەر کە گەیشتە دەسەڵات دەستی کرد بە سڕینەوەی هەر هێز و دژبەرێک کە پرسیار بخاتە سەر هەیمەنەکەی. کوردستان کە پێشەنگی "نا" گوتن بەو ڕێژیمە بوو، زۆر زوو هێرشی کرایە سەر و گەمارۆ درا. ڕۆڵە قارەمانەکانی گەلی کوردیش بۆ بەرگری لە ماف و داخوازییە رواکانیان چاریان نەما دەست بۆ چەک ببەن و نەیەڵن زێد و نیشتمانیان بکەوێتە ژێر پۆستاڵی ڕەشی هێزی داگیرکەر. بۆ ئەو مەبەستەش پۆل پۆل لە ڕیزی حیزبەکەیان حیزبی دێموکراتدا خۆیان ڕێک خست و چوونە مەتەرێزی داکۆکی لە خاک و وڵاتەکەیان.

مێژووی خۆڕاگری و بەربەرەکانێی هێزی پێشمەرگە لەدژی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی شکۆدار و پڕ واتایە. ڕێژیم چەک نەما لە دژی بزووتنەوەی کورد تاقی نەکاتەوە و پیلان نەما بۆ بەچۆکداهێنانی هێزی پێشمەرگە نەیگێڕێ و ڕێگە نەما بۆ دابڕاندنی خەڵک و حیزب نەیگرێتە بەر و تاکتیکی سەربازی نەما لە دژی جووڵەی پێشمەرگە دەکاری نەکا.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە دەیەی ٦٠ و ٧٠ی هەتاویدا نزیک بە ٣٠٠ هەزار چەکداری خزاندبووە کوردستان، ٣ هەزار پایەگای دانابوو، و سەدان گرووپی زەربەتی لە کوردستان دامەزراندبوو و؛ بە تاکتیک و ئوسولی شەڕی جۆراوجۆریش هەر نەیتوانی دەروەستی هێزی پێشمەرگەی دێموکرات بێ. تەنانەت لە بەشی هەرە زۆری عەمەلیاتەکاندا ڕێژیم هێرشکەر بووە و لە ئوسوڵی شەڕدا هێزی هێرشبەرە چەشنی عەمەلیات دیاری دەکا و لەئەساسدا ئەوە درێژە بەشەڕ دەدا و دەیهەوێ ویستی

خۆی بەسەر لایەنی دیکەدا بسەپێنێ، بەڵام سەرکەوتوو نەبووە. هەموو ئەو کاتانەش کە ڕێژیم پیلانی گۆڕیوە ،شکستی خواردوە و لە بیری پیلانی دیکەدا بووە. یەک لەو پیلانانە چەکدارکردنی خەڵکی گوندەکان و هاندانیان بۆ بەربەرەکانێ لەگەڵ هێزی پێشمەرگە بوو کە ڕێژیم لە دەیەی ٦٠دا زۆر بە چڕی کاری لەسەر دەکرد. هۆکارەکەشی ئەوە بوو هێزە چەکدارەکانی لە بەرەکانی شەڕی ڕاستەوخۆدا ناچار بە شکست بوون و ڕێژیم کەوتبووە پیلانی بەگژ یەکتری داکردنی خەڵک و پێشمەرگە.

ڕێژیم لەو هەوڵەیدا بێجگە لەوەی کە خەڵکی چەکدار دەکرد، پایەگایەکیشی لە نیزیک ئاوایی دادەنا و هێزە چەکدارە سازماندراوەکانی دیکەی تێدا جێگیر دەکرد. بەڵام سیاسەتی چەکدارکردنی خەڵک قەت لە کوردستان جێ نەکەوت، چونکی خەڵکی کوردستان قەت هێزی هێزی پێشمەرگەیان بە هێزێکی جیا لە خۆیان و بە کەسانێکی جیا لە کوڕ و کچ و کەسوکاری خۆیان نەزانیوە. خەڵکی کوردستان ئیمانیان بەوە هەبوو کە ڕۆڵە پێشمەرگەکانیان گیان بەختی بەختەوەریی خەڵک دەکەن و کردوویانە، بۆیە ئەگەر لە شوێنیک و لە گوندێکیش کۆمەڵە کەسێک بە زۆر و لەڕووی ناچارییش چەکدار کرابن، قەت سیلەیان لە پێشمەرگە نەگرت و ڕووی تفەنگیان نەکردە هێزی پێشمەرگە.

کۆتایی ساڵی ١٣٦٢ و سەرەتای ساڵی ١٣٦٣ دەسپێکی ئەو پیلانە بوو کە بڕیار درابوو لە سەرتاسەری کوردستاندا جێبەجێ بکرێ. هێزی پێشمەرگەش لە بەرامبەر ئەو پیلانەدا تاکتیکی خۆی هەبوو. هەر بۆیە لەسەرانسەری کوردستاندا تێکرای هێزەکانی حیزبی دێموکرات دژی وەستانەوە و هەوڵیان دا پیلان و دەهۆی دوژمن شکست پی بێنن. دوایە بینیمان کە لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستاندا بەزۆر چەکدارکراوان لەگەڵ یەکەمین تەقە کە لە نێوان پێشمەرگە و ئەواندا دروست دەبوو، خۆیان و چەکەکانیان ڕادەستی هێزی پێشمەرگە دەکرد، یان دەنا شەوانە پۆل پۆل هەڵ دەهاتن و بەو چەک و تەقەمەنییەی ڕێژیم دابیوونێ، دەهاتنە ریزی پێشمەرگەکان و لەدژی ڕێژیم ڕادەبوونەوە. هەڵبەت لەگەڵ ئەوەشدا ڕێژیم لە هیندێک ناوچەدا توانیبووی کۆمەڵە کەسێکی نەفس نزم وەک مۆرە دەستەمۆ بکا و بە تەماحوەبەرنان بیانکڕێ و بەکاریان بێنێ، بەڵام هەم ئەو کەسانە بێزراوی خەڵک بوون و هەم ئەوەی پیلانەکەی ڕێژیم لە تەواوەتیی خۆیدا شکستی هێنا. لێرەدا ئاماژە بە نموونەیەک دەکەین:

ڕۆژی ٢ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٦٦ی هەتاوی قارەمانەکانی هێزی ئاگری بۆ چەککردنی دوو گوندی "قەسریک" و"کەڵەڕەش" بە پێی گەڵاڵەیەکی ڕێکوپێک دەستبەکار بوون. ئەوان بە شێوەیەکی پارتیزانی لە کاتژمێری ٩ی شەودا توانییان تەواوی چەکوچۆڵی بەزۆر چەکدارکراوان بە هەموو کەلوپەلێکی نیزامییەوە بەدەسکەوت بگرن. ئەم دەسکەتە بریتی بوو لە زیاتر لە٤٠ قەبزە تفەنگ و بە هەزاران گوللەی جۆراوجۆر. هاوکات لەگەل چەککردنی بەزۆر چەکدارکراوان دەستەیەکی دیکە لە

تێکۆشەرانی دێموکرات پایەگای کەڵەرەش بە چەکی جۆراوجۆر ئاوربارانی کرد کە نەتوانن ببنە لەمپەر لەسەر رێگای تێکۆشەرانی دێموکرات. هەر بە پێی گەڵاڵەی عەمەلیاتی بڕیاریان دابوو کە دوای عەمەلیات مینێکی دژەتانک لەسەر رێگای قەسریک دابنێن کە سەر لە بەیانیی رۆژی٣ی گەلاوێژ ماشێنێکی پڕ لە بەکرێگیراوانی رێژیمی هەڵتەکاند و ١١ کەس لە هێزەکانی رێژیمی تێدا برد. یەکی لە کوژراوەکان فەرماندەی سپای پاسداران لە سەڵماس بوو کە بۆ پێوشوێنی چەککردنی ئەو دوو گوندە هاتبوو و نەیتوانی لە زەبری هێزی پێشمەرگە رزگاری بێ.

ئەوە بوو کە ئیدی رێژیمی کۆماری ئیسلامی بۆی دەرکەوت کە پێوەندیی هێزی پێشمەرگە و خەڵک بەو جۆرە پیلانانە کەلێنی تێ ناکەوێ هیچ، بگرە پتەوتر و قایمتر خۆی نیشان دەدا و ئەوەی زیانی لێ دەبینێ و ناچار بە پاشەکشەیە هەر رێژیمە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - رێکەوتی: ٧ی ئاگۆستی ٢٠١٩

-----------------------------------------

## پێشمەرگە پارێزەری هێما پیرۆزەکان



**جەمیل سەرمەستی**

ڕوونە لە مێژووی کۆنەوە خێڵ و عەشیرەتە جیاجیاکان و تەنانەت ئایین و ئایینزاکانیش بۆ پێناسەی خۆیان و هەروەها بۆ جیاکردنەوەی خەڵکێک بە تایبەتمەندیی وەکوو یەک لە خەڵکێکی دی بە خەسڵەتی جیاوازەوە پێویستییان بە هێماگەلێک بووە بۆ پێناسەی خۆیان و هەرکامەیان بەتایبەتمەندیی خۆیەوە هەوڵیان داوە بە شێوەیەک خۆیان وکۆمەڵگەکەیان بناسێنن، کە "ئالا" یەک لەوان بووە.

لە سەدەی ١٦ی زایینییەوە کە دەوڵەت - نەتەوەکان دروست بوون و وڵاتەکان بە پێوەری نەتەوە و زمان دابەش کران، باسی ئاڵا زۆرتر درووژێنرا و، نەتەوەکان هەوڵیان دا کە ئاڵای وڵاتەکەیان بکەن بە یەک ئاڵا کە هێمای نەتەوەیی پێوە دیار بێ. بەدوای ئەمەدا ئەم نەتەوە و وڵاتانە بە شێوەیەکی زانستی و بەپێی ئەو پیوەرگەلەی کە خۆیان مەبەستیانە لە وڵاتەکەیاندا زۆرتر بەرچاوبێ و بەوانەوە بیانناسن ئاڵاکانیان سەرلەنوی دارشتەوە. بەڵام بە هۆکارگەلی جیاجیا و لەوانە شەڕ و شکان و سەرکەوتنەکان و داگیرکردنی وڵاتان لە لایەن داگیرکەرانەوە، بە بەردەوامی گۆڕانکاری بەسەر ئاڵاکاندا هاتوە.

لەم سەردەمەشدا هەر حیزب و ڕێکخراو و کۆمەڵەی فەرهەنگی، وەرزشی و بازرگانی و هتد... ئاڵای خۆیان هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا لەژێر ئاڵایەکی گشتیی وڵاتەکەیاندا کۆ دەبنەوە کە پێناسەی هەموویان دەکا. ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کە دامەزرا ئاڵای وەکوو پێناسە و هێمای گەل و وڵات و دەوڵەت پێناسە کرد.

کوردیش سەرەڕای هەموو هێرش و داگیرکارییەک کە لە سەری بووە، لە قۆناغگەلی جیاجیادا ئاڵای خۆی هەبووە کە دیارە پێشتر زیاتر خێڵ و ناوچە و ئایین و ئایینزا دەوریان لە چەندی و چۆنییەکەیدا بووە، جگە لە ئاڵای سەردەمی شێخ مەحموود و ڕاپەڕینی قۆچگیری باکووری کوردستان، ئاڵای میرنشینەکانی کوردستان و ئاڵای زەندییە و هتد... لە ساڵی ١٩١٩ یەکەم ئاڵا کە بە ناوی کوردستانەوە هەڵ کرا لە لایەن کوردەکانی باکوورەوە بوو کە هەر هەمان سێ ڕەنگی ئێستای ئاڵای کوردستانی تێدا بەکارهاتبوو. ئەم ئاڵایە کە بە یەکەم ئاڵای کوردستان ناسراوە، ژمارەیەک ڕووناکبیر و نووسەری کورد لە ئیستانبووڵ دایانرشتوە و دواتر کۆماری کوردستان ئالایەکی تایبەتی بە ناوی کوردستانەوە نەخشاند. ئەوەش کە ئێستا وەکوو ئاڵای کوردستان هەیە، سەرەڕای نەبوونی دەوڵەتی کوردی زۆربەی وڵاتان ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ دانیان پێداناوە.

لە لایەکی دیکەوە مێژووی هەرگەلێک پڕاوپڕە لە کەوتن و هەستان، بەزین و بەزاندن، شکان و سەرکەوتن و ڕووداوگەلی جۆراوجۆری تاڵ و شیرین کە هەندێکیان قەد لە بیر ناچنەوە و دەبنە سیمبول، نیشانە، هێما و شانازی و؛ تێکەڵ بە بیروباوەڕ و ژیانی کۆمەڵگەیەک دەبن و ساڵانە یادی ئەو ڕووداوە و مێژووەکەی بەرز ڕادەگرن. هەروەها ئەو یادە دەبیتە ئامیانی مانەوەی ئەو بیرە لە مێشک و دڵیاندا و، تەنانەت تێکەڵ بە پێست و ئێسقانیان دەبێ و هەتاهەتایە دەمێنێتەوە. مێژووی ئێمەی کوردیش بێبەش نییە لەو ڕووداوگەلە و یەکیان ڕۆژێکە کە مێژووەکەی بۆ سەردەمی کۆماری کوردستان لە مهابادا دەگەڕێتەوە و ئێستا ئێمە بە ڕۆژی پێشمەرگە و ئاڵای کوردستان دەیناسین، ئەویش ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەزی ساڵی

١٣٢٤ی هەتاوییە. ئەم هێما و سیمبولانە بەرهەمی بیری سیاسیی پێشکەوتوو وسەردەمیانەی نەمر پێشەوا قازی محەممەد، سەرۆککۆماری کوردستان بوو کە لەو ماوە کورتەی دەسەڵاتدارەتیدا هێماگەلێکی بۆ جێهێشتین کە دوای ٧٤ ساڵ هێشتا نەک هەر کاڵ نەبوونەوە و لەبیرنەکراون؛ بەڵکوو بوونەتە ڕەمز و هێمایەکی بەرچاو و دیار لە مێژووی خەباتی گەلی کورددا.
ناوی پێشمەرگەی کوردستان لە تەنیشت سروودی نەتەوایەتیی "ئەی ڕەقیب" کە ئەویش بەرهەمی دەسەڵاتدارەتیی کورد لەسەردەمی کۆماری کوردستانە، بۆتە سیمولی خۆڕاگری و ناوێکی تۆقێنەرە لە بەرانبەر داگیرکەران و دوژمنانی گەلەکەماندا و لە لایەکی دیکەشەوە بۆتە پاڵپشت و جێگای هیوا و هومیدی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان. لەوەش زیاتر بۆتە وێردی سەرزمانی خەڵکی دنیا و بە قارەمان و مرۆڤێکی تێکۆشەر و مافخواز ناسراوە.

ئەوەیکە جێگای سەرنج و تێڕامانە بیروهزری ئەوکاتی پێشەوا و هەروەها مانەوەی هێماکانی وەکوو ئاڵا و سروودی ئەی ڕەقیب لەسەردەست و بە گیانبازی و قوربانیدانی پێشمەرگە ماوەتەوە و گەورەیی پێشمەرگەیە و ئەو پێناسەیەی کە لە مرۆڤێکی ئازادیخواز و خۆڕاگر بەناوی پێشمەرگە کراوە و ئیستاش گەورەتر و بەڕێزتر و قارەمانتر لە جاران لە مەیدانە جیاجیاکانی خەباتی سیاسی، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و بەرگریشدا خاوەنی پلە و پایەیەکی بەرز و باوەڕپێکراوە وەکوو کاریگەرترین ئەکتەری بەرگری و خەبات دژی نامرۆڤانەترین و دڕندانەترین دەسەڵاتەکانی سەردەم، واتە کۆماری ئیسلامیی ئێران ڕاوەستاوە و تاکە هێزی ڕزگاریدەری گەلەکەمانە.

پێشمەرگە مرۆڤێکی خاوەن هەڵوێست و بە بیر و باوەڕە کە لە هەموو خۆشی و حەزەکانی ژیانی خۆی دەستی کێشاوە بۆ بەدەستهێنانی ماف و ڕزگاری گەلەکەی لە ژێر دەستی داگیرکەراندا و بە گیانی خۆی و بە چەکی بیروباوەڕ بەرگری لە گەل و نیشتمانەکەی دەکا و، لە نێو کورد و تەنانەت دنیاشدا بۆتە یەکێک لە پاکترین و بەهێزترین و مرۆڤانەترین هێزی خەباتکار؛ لە بەرانبەریشیدا هێزێکی تێرۆریستی وەکوو سپای پاسداران هەیە کە هەموو دونیا بە مرۆڤکوژ و بێبەزەیی و دواکەوتوو دەیناسن، کەواتە هەموو ڕۆژێک لەم وڵاتەدا ڕۆژی پێشمەرگەیە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی دێسەمبەری ٢٠١٩

**٣٦ی سەرماوەز لە پێشمەرگە بە تەمەن و بە ساڵاچووەکان و بە گشتی هەموو لایەک پیرۆز بێ...**



## حەمەرەسووڵ کەریمی

لە ماوەی پێشمەرگایەتیم دا بە هەزاران هاورێ و هاوسەنگەرم لە پارێزگاکانی ئیلام، کرماشان، سنە، ورمێ و هەروەها ناوەندی کوردستان ناسین،

هەندێکیان لە تەمەن دا منداڵەکانیان لەگەڵ خۆم هاوتەمەن و تەنانەت بە تەمەنتریش بوون، هەندێکیان لە تەمەنێکی نێونجی دا ببوونە پێشمەرگە و ژن و ماڵ و منداڵیان نەبوو و تاکوو ئێستاش هەروا لە حەسرەتی پێکەوەنانی ژیانێکی هاوبەشدان. هەندێکیان بە تەمەنتر و هاوتەمەن و یا هەندێک کەم تەمەنتربوون، بە گشتی کوڕ و کچ و ژن و پیاو و گەنج و لاو و مێرمنداڵم ناسین.

بەشێکیان باوەرمەند بە دینی ئیسلام و بەشێکیان باوەرمەند بە باوەر و ئایینەکانی ناوچەی خۆیان بوون، بەشیکیان خوێندەوار و بەشکێیان نەخوێندەوار بوون، وەرزێر و جوتیار و کرێکارمان لەگەڵ بوون، شوان و مەڕدار و کاسبمان لەگەڵ بوون، وەرزشکار و هونەرمەندی جۆراوجۆر، لەگەڵ مرۆڤگەلی دەست ڕەنگینمان لەگەڵ بوون، دوکتور، قازی، موهەندیس و مامۆستامان لەگەڵ بوون، بە گشتی لە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگا لە حیزبی دێموکراتی کوردستان دا هەبوون و هەن، ئەو تێکەڵاوی و ئەو گشتە مرۆڤە هەیبەت و پەیکەری حیزبی دێموکراتی کوردستانیان درووست کرد بوو، هیچمان هەستمان بە سوننە، شیعە، مەسیحی، ئەرمەنی، ئاسۆری، یارسانی و بەهایی نەدەکرد، کەس نەیدەگووت زاراوی فڵانی ناخۆشە، زاراوەکانی ئەردەڵانی، گۆرانی، هەورامی، زازایی، لەکی، سۆرانی و شکاکی و بادینی فەرق و جیاوازیان نەبوو، کورد و ئازەری و فارسمان لەگەڵ بوون، لە پارچەکانی دیکەی کوردستان مرۆڤی نیشتمانپەروەرمان لەگەڵ بوون.

هەر کەس لە شوێنی خۆی بە هۆی لێزانی و پسپۆری کاری پێسپێردرابوو، لە ژێر دەستی لێزان و پسپۆڕەکان دا بە هەزارانی وەکی من فێری کاری گرووپی و بە یەکەوە بوون و بە یەکەوە مردن کراین، بە یەکەوە شانمان وەبەر قورسایی هەموو خۆشی و ناخۆشییەکان دابوو.

ئەوانەی لە پێشی شەرگە و سەنگەرەکان دا بوون و برسی و تینوو و لە ژێر مەترسی دابوون، سوپاسی ئەوانەیان دەکرد کە لە پشت شەرگە و جبهەوە، کەل و پەلەکانی پێویستی جبهە و شەڕگەیان دابین دەکرد. ئەوانەی بەرپرس بوون لەگەڵ پێشمەرگەکان وەک یەک گیانیان دەدا و وەک یەک خەمیان لە یەکتر دەخوارد.

بە گشتی هەموو ئەو کادر و پێشمەرگانەی لە بەشی سکرتاریا، رادیۆ دەنگی کوردستان، بێسیم، ئینتشارات، ڕاگەیاندن، نەخۆشخانە، کتێبخانە، ئاسایشگا، تداروکاتی تەقەمەنی گشتی، تداروکاتی خواردەمەنی، فێرگەی سیاسی نیزامی، یەکیەتییەکانی لاوان و ژنان، پرسگەکان و بەشی پارێزگاری لە دەفتەری سیاسی، کۆمیسیۆنەکانی نێو بازنەی دەفتەری سیاسی و بنکە و بارەگاکانمان لە سەر سنوور و لە سولێمانی، قەڵادزێ، بەغدا، پاریس و هەندەران و هەروەها ئەندامانمان لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و دەرەوەی وڵات خزمەتیان دەکرد، ئەوانە هەموویان ناویان حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو.

قەوارەیەک پێکهاتوو لە هەموو چین‌وتوێژەکانی کۆمەڵگای کوردستان، لە ژێر بەرنامەی دارێژراوی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا خەباتمان دەکرد و هەنووکەش ئەم قەوارەیە هەروا لە خەبات و تێکۆشان دایە، ئەوەی کە تا رادەیەک ساڵانێکە بەشی ئاشکرای حدک لە نیوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نییە، بە مانای ئەوە نییە کە حدک لە نێو بازنەی کاری سیاسی ڕۆژهەڵات دا نییە، ئەوە تەنیا دابڕانێکی جەستەییە، بەخۆشیەوە ئامانج و بەرنامەی حدک هەنووکەش لە نێو خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا وەک حیزبێکی دیاری نێو گۆڕەپانی خەبات و تێکۆشان بە دژی کۆماری ئیسلامی ئێران، جێگای پەسەندی کۆمەڵانی هەراوی خەڵکی کوردستانە، ئەوەش گەورەترین دەسکەوتی سیاسی و مەعنەوی حدک و قەوارەی گەورەی هێزی پێشمەرگەی کوردستانە.

لێرەوە سەری ڕێز بۆ خەڵکی بە ئەمەگی کوردستان پشتیوانانی سەرەکی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستان، بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان، بنەماڵەی زیندانیانی سیاسی و بنەماڵەی پێشمەرگەکانی کوردستان و هەموو ئازادیخوازانی گەلەکەمان لە نێوخۆی کوردستان و دەرەوەی وڵات دادەنوێنم و ڕێز لە خەبات و تێکۆشانی هەموو ئەو کەسانە دەگرم کە خەبات بۆ دابین کردنی ویست و داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان دەکەن.

**قەرزداری گەورەیی و خاکەڕایی و خۆراگریتانم.**

**بەرەو بەرزایی دەچم ئەگەرچی وردم**

**خاکی بەرپێی تێکۆشەرێکی کوردم**

**پیرزۆ بێ ٢٦ی سەرماوەز ڕۆژی ئاڵا و ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان.**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ١٥ی دێسەمبەری ٢٠١٩**

---------------------------------------------------

## لە دایکبوونێکی پیرۆز



**نەوید کەرەمی**

**لە هەموو کۆمەڵگا مرۆییەکاندا ئەو کاتەی کە کەسێک لەدایک دەبێت، پاش لەدایکبوونەکەی ناو و پێناسەیەکی بۆ دیاری دەکرێت و ناسنامەیەکی بۆ دەردەهێنرێت، بەڵام لە سووچێکی بەشخوراوی ئەم جیهانەدا، لەدایکبوونی کۆمەڵێک کوڕ و کیژ، لەدایکبونێکی ئاسایی نییە و زۆر جیاوازترە.**

ئەوان کۆمەڵێک کیژ و کوڕی نیشتمانن کە بە بڕیاری خۆیان و بۆ پاراستنی کەرامەت و پیرۆزیی دایک و گەلەکەیان لەدایک دەبن و دەبنە خاوەن یەک ناو و یەک مێژوو و یەک پێناسەی هاوبەش.

لە پاش لەدایکبوونیان ئەگەر کوڕ بن یان کیژ، ئەگەر پیر بن یان گەنج هەموویان دەبن بە یەک و دەبنە خاوەنی یەک پێناسە و یەک بڕیار و یەک ژیانی سەربەرزانە.

هەر لە یەکەم ساتەکانی لەدایکبوونەکەیان ئامادەن کە هەتا دواهەناسە ژیانیان بۆ پاراستنی خاک و سەروەری گەلەکەیان تەرخان بکەن و گیانیان لە پێناو بەرگری لە دایکی نیشتمان بەخت کەن.

ئەوان کە ڕووخسار و جلوبەرگەکانیان نیشانەی بەشخوراوی و ئازار و مەینەتییەکانی دایکی نیشتمانی پێوە دیارە بوێرانە بڕیاری بەرگری لە گەل و نیشتمانەکەیان دەدەن و دەبن بە سەربازی بەجەرگ و خۆنەویستی گەلەکەیان.

لەدایک دەبن و بەهەر لەدایکبوونێک مەشخەڵێک بۆ ڕووناکایی ڕێگای پڕهەوراز و نشێوی داهاتووی گەلەکەیان بەدەستەوە دەگرن، لە پێناو پاراستنی سەروەری و پیرۆزی دایکی نیشتمان و گەلەکەیان، لە پێناو مسۆگەرکردنی سەربەستی و ئازادی و داهاتووی گەلەکەیان دلێرانە بەگژ هەر دوژمن و داگیرکەرێک دەچنەوە.

ئەوان کە لە ٢٦ی سەرماوەزدا لەدایک بوون، ڕاهاتوون هەتا هەر جۆرە شەختە و سەهۆڵبەندانێک هەتاکوو بەهاری ئازادی تەحەمول بکەن، ئەوان پێشمەرگەن و هەمووساڵێک لە ٢٦ی سەرماوەزدا دووبارە و دووبارە لەدایک دەبنەوە.

٢٦ی سەرماوەز لەهەموو ٢٦ی سەرماوەزییەکان و لە هەموو گەلی کورد پیرۆز بێت

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٠ی دێسەمبەری ٢٠١٩

------------------------------

## پێشمەرگە و ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان



**ڕەفیق میری**

**ئەوانەی شۆڕشگێڕی ڕاستەقینەن کە تەنانەت ئەگەر دەیان جار مردنیشیان لە پێش بێت، دەست لە خەبات هەڵناگرن.**
**(دوکتور قاسملوو)**

**"پێشمەرگە"**

**ئەم وشەیە بۆ یەکەم جار لە سەردەمی کۆماری کوردستان لە ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی، واتە ٧٤ ساڵ پێش ئێستا لەدایک بووە، هەر لەو سەردەمەدا بووە بە ناسنامەی سپای میللیی کوردستان و هەموو ئەو شۆڕشگێڕانەی کە بۆ مان و مەوجوودییەتی گەلی کورد و خاکی کوردستان تێدەکۆشان و خەباتیان دەکرد.**

**وشەی پێشمەرگە وشەیەکی کوردییە و هەڵقوڵاوی ڕاستەقینەی نێو بیری نەتەوەیی کوردە و بە مانای "پێش مەرگ کەوتن" دێت. پێشمەرگە ئینسانێکی سیاسیی ئامانجخوازە کە چەکی هەڵگرتووە تا لە پێناو ئامانجەکەیدا کە ودیهێنانی ئازادی و ڕزگاریی نەتەوەییە بۆ گەلەکەی خەبات بکات. بەو کەسە دەوترێت پێشمەرگە کە هەستی نەتەوەیی و نیشتمانیی لا هێندە بەرز بێت کە لە پێناو پاراستنی گەلەکەیدا ئامادە بێت مەرگی خۆی بخاتە سەردەست و لە پێناویدا فیدای بکات.**

**پێشمەرگە بە درێژایی ٧ دەیەی ڕابردوو بە کەڵکوەرگرتن لە شێوازەکانی خەباتی ڕەوا بەرانبەر بە داگیرکەرانی کوردستان بۆ وەدەستهێنانی مافە زەوتکراوەکانی نەتەوەکەی و هەروەها بە ڕەوشتبەرزی و فیداکاری و قارەمانیەتی و گێڕانی ڕۆڵێکی جوامێرانە وای کردووە کە لە ئەمڕۆدا ببێت بە وێردی سەر زمانی گەورە و بچووکی گەلەکەمان و ببێتە سەمبول و هێمای خۆڕاگریی نەتەوەکەمان. هەر ئەمە وای کردووە کە جێگای خۆی لەنێو دڵی خەڵکی کوردستاندا بکاتەوە و ببێت بە هێزی ڕزگاریدەری کوردستان.**

هەرچەند بە درێژایی مێژوو دوژمنانی گەلی کورد هەوڵیان داوە کە پێشمەرگە بە هێزی تێکدەر و تێرۆریست و میلیشا لەقەڵەم بدەن و هەموو هەوڵیان ئەوە بووە کە سیمایەکی ناشیرین لە پێشمەرگە بە ناوەندە جیهانییەکان نیشان بدەن، بەڵام بە خۆشحاڵییەوە هەموو ئەو هەوڵانە بووەتە بلّقی سەر ئاو، ئێستاش ناوی پێشمەرگە لە ناوەندە جیهانییەکاندا وەک سەمبولی ئازادی و داکوکیکەری یەکسانیی مرۆڤایەتی و وەکوو هێزێکی دژ بە تێرۆر لە جیهاندا ناسراوە.

## ڕۆژی پێشمەرگە

هەندێک جار لەنێو گەلانی دونیا لەم جیهانە پان و بەرینەدا ڕووداوگەلێک ڕوو دەدەن کە دەرئەنجامەکەی پۆزەتیڤ و شانازیهێنەر یاخود بە پێچەوانەوە نێگەتیڤ و لێوانلێو لە تراژیدیا دەبێت. ئەو ڕووداوانە لە چوارچێوەی کۆمەڵگایەک، وڵاتێک یان دەوڵەتێکدا دەخولقێن و زۆرجار دەبنە ساڵ و ڕۆژێکی گرینگ و مێژوویی لە چوارچێوەی ئەو وڵات و کۆمەڵگایەدا، هەر بۆیە لە کۆمەڵگادا بەگشتی یادیان بە زیندوویی ڕادەگرن و ئاڵای ویژدان نەخەوتوویی و ئەمەگناسییان بۆ دەشەکێننەوە.

بەگشتی مێژووی زۆربەی وڵاتانی دونیا پڕە لە کارەساتی شاد و خەمهێنەر کە پێویستیان بە بەرزڕاگرتن و هەرمانەوە هەیە کە لەم پێناوەدا بۆ ڕێزگرتن و لە یادنەکردنی ئەو پێشهاتانە ڕۆژێک، مانگێک، یاخود ساڵێک ناوزەد و دیاری دەکرێ.

لەنێو نەتەوەی پارچە پارچە کراوی کوردیشدا کەم نین ئەو ڕووداوانە کە پێویستیان بە بەرزڕاگرتن و هەرمانەوە هەیە، یەکێک لەم ڕووداوە مێژووییانە دیاریکردنی ڕۆژێک بوو بۆ ئەمەگناسی دەربڕین و سەری ڕێز و بەوەفایی دانەواندن لە هەمبەر پارێزەر و گیانبەختکەری نیشتمان، داکۆکیکەری یەکسانی مرۆڤایەتی و وەفادارترین ڕۆڵەی گەلی کورد، واتە پێشمەرگە کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە لێکدانەوەی مێژووی پڕشنگداری پێشمەرگە، لە بەهاری ١٣٦٣دا لە پلونۆمی خۆیدا، ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەزی وەک ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان دیاری کرد.

دیاریکردنی ڕۆژێک بۆ بەرزڕاگرتنی لەخۆبردوویی مرۆڤێک کە لەنێو هەناوی مێشک و خاک و لەنێو دڵی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا ڕیشەیەکی کولتووری و مێژوویی داکوتاوە شایەنی نرخاندن و پێزانینە. بێگومان و بەدڵنیاییەوە دیاریکردنی وەها ڕۆژێک ئەوە نییە کە تاقانە ڕۆژ بوو بێت کە پێشمەرگە حماسەی تێدا خولقاندبێت، ئەگەر چاوێک بە مێژووی

تێکوشانی هێزی پێشمەرگە لە ٧ دەیەی ڕابردوودا لە کوردستان بخشێنین، بۆمان دەردەکەوێت کەم ڕۆژ هەیە کە پێشمەرگە تێیدا فیداکاریی نەکردبێت و حماسەی نەخولقاندبێت، هەر بۆیە دیاریکردنی ئەم ڕۆژە دوو هۆی سەرەکیی هەیە؛

یەکەم: لە سەردەمی کۆماری کوردستان لە ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٢٤، ئاخرین بنکە وەک دوا نیشانەی داگیرکەران و ڕەزاشای پەهلەوی، بە دەستی ڕۆڵەکانی گەلی کورد دەستی بەسەردا گیرا.

دووهەم: هەر لەو ڕۆژەدا و بەدەستی ئەو ڕۆڵە خۆنەویستانە، ئاڵای داگیرکەران هێنرایە خوار و بۆ یەکەمجار ئاڵای پیرۆزی کوردستان لەسەر بڵیندترین بینای شاری مەهاباد هەڵدرا، ئەو حەرەکەتە بوو بە بناغەی دامەزرانی دەوڵەتێکی کوردی لە شێوازی کۆماریدا و پێکهێنانی سپای کورد کە دواتر ناوی پیرۆزی پێشمەرگەی لێنرا. کەواتە ٢٦ی سەرماوەز هەم ڕۆژی پێشمەرگەیە و هەم ڕۆژی ئاڵای کوردستانە.

پیرۆز بێت ڕۆژی پێشمەرگە و ئاڵای کوردستان

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٤ی دێسەمبەری ٢٠١٩

------------------------------

پیرۆزییەکانی وڵاتەکەم




٢٦ی سەرماوەز ڕۆژی پیرۆزی پێشمەرگە

## سۆران شەمسی

وشەی قارەمان هێما و نیشانەیەکە بۆ جیاکردنەوەی ڕووداوێکی تایبەت لە چیرۆکە کۆنەکاندا. قارەمانەکان هەمیشە هێمای زیرەکی و خولقاندنی خاڵێکی تایبەتن، دووبارەبوونەوەی چارەنووسی ئەوان دونیایەکە لە هەستبزوێنی و دروستکردنی کەسایەتی، وڵاتێکی مێژوویی و کۆن و دروستکەری فەرهەنگ و کولتوور بەشێکە لەو وڵاتانەی کە لە ناساندنی قارەمانەکانی خۆیان مێژوویەکی سەرەتای ئەو وڵاتە بووە و لە جیهانی پێشکەوتنی ئەمڕۆشدا لە گرووپی ئاو و خاک و نیشتمانی ئەو وڵاتانەیە کە قارەمانانێکی بەنرخی بە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا دەناسێنێت کە ئەم قارەمانانە جێگای شانازیی دۆست و دوژمنن، بەڵام لەم نێوانەدا لە بەرانبەر تاقیکردنەوە قورسەکانی مێژوودا نرخی ئەم وشانەی کە دەمێننەوە زیاتر لە هەموو کاتەکانی تر دیارە و لە تای تەرازووی دادپەروەریدا دادەنرێتەوە و هەروەها ڕاستیی ڕووخساری قارەمانەکان نیشان دەدات، قارەمانە ڕاستەقینەکان هەمووکات مەداڵیا وەرناگرن و بەپێی پێویست ناویان لە هەواڵەکاندا نابیستی، بەڵام ئەوان لەنێو ئێمەدا دەژین و هەمیشە لە ئامادەباشیدان بۆ هەموو ئەرک و هاوکارییەک و تەنانەت کاتی وا هەیە کە لە بەر ئێمە و خەڵکی وڵاتەکەی گیانی خۆیان دەخەنە مەترسییەوە و بەبێ ڕەچاوکردنی هیچ شتێک کارگەلێکیان کردووە کە بەڕاستی شایانی زۆر گەورەتر لە سپاس و پێزانینن.

ئەوەی کە ئێمە دەیزانین لە هەموو شوێنێکی جیهاندا بە نیشتمان دەڵێن دایک، نیشتمان تاکوو ئاستی دایک ڕێز و نرخی بۆ دادەنێن بە باوەڕەوە کە لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا ڕاستییەکەی ئەوەیە، دەستدرێژی بە نیشتمانی گەلێک وەکوو دەستدرێژی بە بەها و ڕادەی مرۆڤایەتیی ئەو گەلەیە و بەو هۆیەشەوە هیچ گەلێک لە جیهاندا ڕێگای دەستدرێژی بە نیشتمان و وڵاتەکەی بە هیچ گەلێکی تر نەداوە و نایدات. لەو کاتەشدا ئەگەر ڕوو بدات، بە شەڕ و خوێنڕشتن و

پێشکەشکردنی گیانی خۆی لەو دایکە واتە نیشتمان بەرگریی دەکات و دەستی خیانەتکار لە نیشتمانەکەی خۆی کورت دەکاتەوە، خۆشەویستی بۆ نیشتمان بەو مانایەیە کە هەموو شارومەندەکانی وڵاتێک بۆ هەموو بەهاکان و بنەما یاساییەکان رادەی ئەو کۆمەڵگایە سەری رێز و نەوازش نەوی بکات و لە پێناوی پاراستنی، خوێنی خۆی فیدا بکات و هەروەها لە بەرانبەر ئاڵۆزی و کێشەکانی کۆمەڵگادا، بەڵکوو بە شەڕ و خۆڕاگری و باوەڕێکی بەهێزەوە لە بەرانبەر ئاڵۆزییەکاندا خۆڕاگرتر بێت، سەربەرزی و شکۆ و توانای هەر گەلێک لە رێژەی خۆشەویستیی نیشتمان لەواندا شاراوەیە، ئەگەر بە چۆنیەتیی دروستکردنی مێژووی گەلانی گەورە و ئەوانەی مێژوویان دروست کردووە سەیرێک بکەین، تێدەگەین کە بەڕاستی رێز و بەهایان داناوە بۆ نیشتمان و بەها نیشتمانییەکانیان، چەندە بووەتە هۆکار بۆ بەهێزبوون و پتەوکردنی ئیرادەی گەل، ئەنجامدانی بچووکترین کار تەنیا بۆ نیشتمان و پەیامی خۆشەویستیی نیشتمان دەتوانێت ئەنجامێکی بەرچاوی ببێت و هەستی پابەندبوون بە وڵات و جوغرافیای نەتەوە جیاجیاکانی کۆمەڵگە دروست بکات، ئەگەر گەل بایەخی بە نیشتمانی خۆی نەدات و بۆ ئاوەدانکردن و نوێبوونەوەی تێنەکۆشێت مەحکوومە بە سەرشۆڕی و بێ چارەنووسی لەنێو وڵاتانی تردا کە هیچ وڵاتێک ئامادە نابێت بەوان ماف بدات، ئەزموونی شەڕەکان زیاتر و بەتایبەت شەڕی دووهەمی جیهانی نیشانی داوە کە گەلانی ئەو وڵاتانە لەگەڵ بارودۆخی نالەبار و شەڕ تێگەیشتن لە بەها و ئاواتەکانی نیشتمانی خۆیان و دوای شەڕ و گەڕانەوە لە هەموو بەشەکانی جیهاندا بۆ نوێبوونەوەی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیی وڵاتانی خۆیان رۆڵێکی بەرچاویان گێڕاوە و ئورووپایەکی شەڕ لێ دراو و وێرانکراویان بەلای رێگایەکی ئابووری و کۆمەڵایەتییان دروستکرد.

پێشمەرگە ناوێکی ناسراوی دێرینی خەڵکی کوردستانە، ناوێکە لە شایستەی هێزە پارێزەر و شۆڕشگێڕی کوردستان کە بە تایبەت و تایبەتمەندییەوە ئەم هێزە سەربازییەیان لە هێزی وڵاتەکان جیا کردووەتەوە، ناوی پێشمەرگە لەگەڵ دامەزراندنی حیزبی دێموکرات و ئازادیی کوردستان لە ٢ی رێبەندانی ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی، بە هێزی بەرگری و پارێزەری هەڵبژێردراوی کوردستان ناوزەد کرد و ئەم نازناوەش لە پاش کۆمارەوە بوو بە ناوێکی گشتگیر و هەتاهەتایی، پێشمەرگە بە کەسانێک دەوترێ کە بە بیرۆکەی سیاسی و بەرەنگاربوونەوە لە رێگای رزگاریی کوردستان لە رێگا جۆراوجۆرەکانی بەرەنگاربوونەوە جگە لە چالاکیی سیاسی، رێکخستن و رێکخراوەیی و کۆمەڵایەتی، مەرگی خۆی لە گرەوی رزگاریدا دادەنێت، پێشمەرگە لە کوردستان خاوەن جێگە و پێگەی پیرۆزە و بە بەها بووە و هێمای خۆڕاگری و گیانفیدایی و بوێریی نیشتمانویستی و گەلخۆشەویستی بووە، پێشمەرگە جوانیی کوردستان و شانازیی گەلە، سوێند بە هەموو قارەمانیەتیی پیاوان و ژنانی نیشتمانم کە بۆ پارێزگاریکردن لە کەرامەت و نیشتمانم شەهید بوون، پێشمەرگەی کوردستان بە هەموو بوونیەوە دەمێنێتەوە و بە دەرسوەرگرتن لە گیانی.

لە خۆبووردەییەکانی شەهیدان و نیشتمان تا دوادڵۆپی خوێن بۆ بەرگریکردن لە نیشتمان شەڕ دەکات، ڕۆژی پێشمەرگە هاتەوە تاکوو دووبارە بە هەموو شانازییەکانیەوە بڵێت من پێشمەرگەم و هەرگیز لە مردن ناترسم و هەموو کاتیش لە ئامادەباشیی هێرشکردندام، خۆڕاگر دەمێنمەوە و هەرگیز لەبەر کێشەکان سەرشۆڕ ناکەم، لەبەر ئەوەی لە نەوەی پێشەوا قازی محەممەد فێربووم کە پێشمەرگەیەک شەهید و غەڵتانی خوێن دەبێت، بەڵام هەرگیز ڕێگا بە دەستدرێژی بۆ سەر نیشتمانەکەی نادات، چ شانازییەک لەوە گەورەترە کە لەگەڵ هەموو ئازارەکان ڕاهاتبێتی و تاکوو ئەو ڕۆژە لە ئامادەباشیدا بیت بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ دوژمن و درێغیش نەکەیت، پێشمەرگە ئامادەیە تاکوو لە ڕۆژی پێشمەرگەدا خۆڕاگری و هێزی خۆی جارێکی تر بە دنیا نیشان بدات، هەرچەندە کە لەم ڕۆژەدا جیهان بەشێک لەو هێزە دەبینێت و دەزانن کە پێشمەرگەی کوردستان لە ڕۆژی وادە و بەڵێندا جێگای بڕوای گۆڕەپانی شەڕە و لە هیچ فیشەکێک ناترسێت لەبەر ئەوەی کە بینیویانە گەلی کوردستان سنگیان بەر گوللە دەدەن بەڵام هەرگیز بۆ پاراستنی نیشتمان دەریغییان نەکردووە.

ڕێکخستن و ڕاهێنان هێمای کاری پێشمەرگەیە تا لە کاتی پێویستدا بە هەموو ئەو ڕێکخستن و ڕاهێنانەی کە بینیویەتی لە باوەڕ و وره و کەرامەت و شەرەفی نەتەوەکەی بەرگری بکات، پێشمەرگە بەوجۆرەی کە ناوی دیارە کەسێکە کە گیانی خۆی لە پێناوی ئامانجەکانی خەڵکی نەتەوەکەی قوربانی دەکات، واتە کەسێکە کە لە گیانی خۆی لە پێناوی یەک ئامانجی بەرز و پیرۆزی نیشتمانیدا کە هەمان توانایی گەلەکەی و سەربەرزی و کەرامەتی گەلەکەیەتی تێپەڕیوە و لە گیانی لەم ڕێگەیەدا باکی نەبووە و بۆ گەل و نیشتمانی سەر و گیانی پێشکەش دەکات تاکوو لە کەرامەت و شەرەفی وڵاتی خۆی پاسەوانی بکات.

بەڵێ پێشمەرگە ئەو کەسەیە کە لەبەر ئەوەی لەو ڕۆژەوەی خۆبەخشانە بۆ خزمەت بە گەلەکەی ئامادە دەبێت وەڵامی ئەو بڕیارانەیان بە باشی دەدایەوە بەڵام هیچ ترسێک ڕێگری لەم کارەی ناکات ئەگەر نیشتمانپەروەری و هەستی نەتەوایەتی نەبوایە هیچ ئارمان و ئامانجێکی دیکە بوونی نییە کە قاچی ئەو ڕابکێشێت بۆ ئەم ڕێگایانە و دوای تێپەڕبوونی ڕاهێنانی سەربازی قورسایی ئەم بەرپرسیاریەتییە لە بەرانبەر گەل و نیشتماندا بە باشی هەستی پێ دەکەن، ئەو کاتە ئامانجە بچووکەکان لەبیر دەکرێن و ئامانجی گەورەتر لە هزریاندا دەنەخشرێت کە هەمان خزمەتکردنە، بێگومان مێژوو دەبێت بۆ خۆی وەرزێکی جیاواز بۆ ئەم قارەمانانەی ڕێگای ئازادی دیاری بکات، هەمووکات لە بیری ئەوەدا بووم و وتوومە کە خۆزگە جیهان ڕێزی لەو هەموو هێزە بوێرە دەگرت، ڕوون و ئاشکرایە کە کوردستان لە ڕێگای بەرەنگاربوونەوە بۆ ئازادی و سەربەستی نرخێکی زۆری داوە.
شەهیدبوونی هەزاران و ملیۆنان پێشمەرگە لە درێژایی ساڵانێکی زۆر بەڵگەیەکی ئاشکرایە لەوەی کە بەدەستهێنانی ئازادی بەهایەکی قورسی هەیە، تاوانی جیهانیی ئەم بابەتەی گەلی کورد زیاد لە هەموو گەلانی تر لە ئەستۆی گرتووە و

سەپێندراوە، بێگومان ئەگەر زیادەڕۆیی نەبێت دەتوانین بڵێین گەلی کورد یەکێک لە مەزڵومترینەکانی جیهانە کە لە خراپترین ڕووداو لە ناوچەیەکی لەڕادەبەدەر نائارام و شەڕ لەنێو ڕۆژهەلاتی نێوەڕاست بوونی هەیە، پێشمەرگەبوون تەنیا بۆ گەشەی پێویستیی بەرەنگاربوونەوە نییە، بەڵکوو قۆناغێکە بۆ پەرەپێدانی گەشەپێدانی کەسایەتیی تاکەکەسی هەژمار دەکرێت و ڕێگاخۆشکەرە بۆ ئەوەی کە گەنجەکانی کوردستان بۆ ئەنجامدانی هەڵوێستی ئەرێنی و دروستکەر لە بەشە نەتەوەییەکان دڵ حازر و ئامادە بن.

لە کوردستان پێشمەرگە خاوەنی جێگا و پێگەی پیرۆز و بەنرخە بە هێمای توانا و گیانفیدایی و بوێری و نیشتماندۆستی ناسراوە، پێشمەرگەکانی کوردستان لەخۆبووردەییەکی زۆریان کردووە کە نموونەکەی دەبینرێت، پێشمەرگەکانی کوردستان بە سەرکەوتن و سەربەرزیی خاک و نیشتمانی خۆیان بیر دەکەنەوە و هەر بەو هۆکارەشە بە ڕۆحێکی بەهێزتر و نەبوونی هەستێکی ڕوخێنەرترەوەن.

ڕۆژتان پیرۆز بێت ئەی پیرۆزترینەکانی نیشتمانم

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٨ی دێسەمبەری ٢٠١٩

------------------------------------------

**٢٦ی سەرماوەز ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان:**

## پێشمەرگە خوڵقێنەری ژیانێکی یەکسان لە ناو کۆمەڵگادا



**مەجید حەقی**

تا چەند ساڵ لەمەوبەر کاتێک لە کۆروکۆبوونەوەکانی ئورووپاییەکان دەموت پێشمەرگەبووم دەبوایە دواتر شی بکەمەوە کە پێشمەرگە خەباتکاری ڕێگای ڕزگاریە و هێزێکی تیرۆریستی نیە. زۆرجار لە چاوپێکەوتنەکاندا لە گەڵ ئەو کەسانەی کە پێشمەرگەبوون لێیان پرسیار کراوە: داخوا کردەوەیەکی دژی مرۆڤییان ئەنجام داوە کە دژی بەهاکانی مرۆڤ و یاسای ئورووپایی بن. خۆم لەبیرم دێت ساڵی ١٩٩٩ کاتێک بانگ کرابووم بۆ خزمەتی سەربازی لە فینلاند و داوام کرد کە بەهۆی رابردووی پێشمەرگایەتیم بۆ نشتیمانم لە سەربازی خزمەتی سەربازی ئازاد بکرێم، بۆ ماوەی شەش کاتژمێر پرسیار و وەڵامم لێکرا. زۆر سەخت بوو شی کردنەوەی رۆڵی پێشمەرگە و ناساندنی پێشمەرگە. بیست ساڵ دوای ئەو کاتێک کورە ١٧ ساڵەکەم دەڵێت حەز دەکات ببێتە پێشمەرگە، هەموو هاوپۆل و هاو تەمەنەکانی کە فینلاندین حەسوودی پێی دەبەن. پێشمەرگە لە هێزێکی نەناسرای گشتی و بەرهەڵستکارێکەوە ئەمرۆ بووتە هێزێکی ڕزگاریدەر، ناسراو و جێی ڕێزی زۆربەی هەرە زۆری مرۆڤایەتی ئازاد.

٧٤ ساڵ لەمەوبەر رۆژی ٢٦ی سەرماوەز دەستەیەک خەباتکاری کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەستیان بەسەر دوایین مۆڵگەی ڕژێمی ئێران لە مەهاباد گرت و ئاڵای کوردستانیان بەسەر مۆڵگە ڕزگارکراوە هەڵدایەوە. ئەم هەنگاوە بوو بەهۆی دامەزراندنی سوپای کوردستان بۆ پاراستنی دەستکەوتی نەتەوایەتی خەڵکی کوردستان و بەرەوانی لە سنوورەکانی کوردستان لە پێناو وەدیهاتنی ئاسایشی ناوخۆیی. ئەندامانی ئەو سوپایە ناوی نرا "پێشمەرگە". ئەمرۆ پێشمەرگە نەتەنیا سەمبۆلی

ئازادیخوازی بۆ خەڵکی کوردستان و هێمای مان و نەمانی نەتەوایەتیە بەڵکوو بایەخێکی جیهانیە لە بەرامبەر تیرۆریزم و کۆنەپەرەستیدا، پارێزەری کەرامەتی مرۆڤە لە بەرامبەر کۆنەپەرەستی و دڕاەندەیی تیرۆریزمە.

لە مێژووی ٥٠٠ سالەی دابەشبوونی کوردستاندا، بزاڤ و سەرهەڵدانی زۆر سازکراون و لە پێناوی سەربەخۆیی کوردستان خەباتیان کردووە. لە هەموو ئەو سەرهەڵدانانەدا لاوانی کوردستان بە فیداکردنی گەورەترین سەرمایەی ژیانیان ویستوویانە رزگاری بۆ نەتەوەکەیان وەدی بێنن. دوای هەرەسهێنانی ئەو شۆرشانە هەموو شۆرش و هێزەچەکدارەکانیشیان لە ناو چوون. تەنیا دوای دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ٢٥ی گەلاوێژی ١٩٤٥دا و دامەزراندنی کۆماری کوردستان بوو کە هێزێکی سیستماتیک و خاوەن قەوارە دامەزرا کە ئامانجە سەرەکیەکەی پاراستنی مان و نەمانی نەتەوەکەی بوو. ئەم هێزە لە باکوور و رۆژاوای کوردستان وەک گەریلا و شەرڤان دەناسرێت و خاوەنی هەمان ئامانجێکە کە هێزی پێشمەرگە لە رۆژهەلات و باشووری کوردستان هەیە. بۆیە ئێمە دەتوانین بڵێین هێزی پێشمەرگەی کوردستان ئەمرۆ لە سەرانسەری کوردستاندا بڵاو بووتەوە و بە بوونی خۆی زامنی سەرەکی پاراستنی نەتەوەی کوردە.

پێشمەرگە و خەباتی پێشمەرگانە لە مێژووی کوردو کوردستاندا خاوەنی گرینگیەکی تایبەتە. خەباتی پێشمەرگە شوێنداریەکی بەربڵاوی هەیە لە سەر قووڵبوونەوەی خەباتی نەتەوەکەمان لە رووی رێکخراوەیی، سیاسی، فەلسەفەی خەبات و بروابەخۆبوونی تاکەی کورد. ئەم هێزی چەکدارە کە لە بەشداری دڵخوازانەی کچان و کورانی کوردستانەوە پێک هاتوون لە ماوەی ٧٤ ساڵی رابردوودا بە فیداکردنی خوێنی خۆیان بوونەتە هۆی پێکهاتنی پێوەندیەکی سۆزی (عاتفی)، هەستی، کولتوری و خوێنی لە نێوان هەموو بەشەکانی کۆمەڵگادا. فەلسەفەی وجوودی پێشمەرگە لە چوارچێوەی هەر حیزب و رێکخراوێکی کوردستان سازمان درابێت، خاوەنی یەک ئامانجی هاوبەشە: رزگاری کوردستان! پێشمەرگە تەنیا بەواتای هەڵگرتنی چەک و بەشداری لە شەری چەکداری دا نیە. لە ماوەی ٧٤ ساڵی رابردوودا بە هەزارن کەس بوونەتە پێشمەرگە، پەروەردەکراون و لەو رێگایەوە فێری شێوازێکی نوێی ژیان بوون لە سەر بنەمای فەلرسەفەی خەباتکاری، ژیان دۆستی، ژینگە پارێزی و رێزگرتن لە مافی مرۆڤ و یاسامەندیەک کە کەرامەتی مرۆڤ پارێزرابێت. بۆیە بە بروای من پێشمەرگە تەنیا خەباتکارێک نیە کە ئامادەیە گیانی خۆی فیدای رزگاری نەتەوەکەی بکات، بەڵکوو پێشمەرگایەتی بەواتای شێواز و مێتۆدی ژیانی پێشمەرگانە.

گۆرانی بێژی مەزنی کورد حەمە جەزای کۆچکردوو لە گۆرنای "هۆکاکی پێشمەرگەدا" زۆر جوان سیمای پێشمەرگە شی دەکاتەوە. ئەو سیمایەی ئەمرۆش شانازیە بەباڵی پێشمەرگە: ژیانێکی سادە، بێ غەل و خەش، راستگۆیانە، پاک و دۆستانە، هومانیست و مرۆڤ پەروەرانە.

لە ڕەوتی خەباتی پێشمەرگایەتیدا گەلێک دیاردە و پێڤاژۆی نوێ لە ناو گەلی کوردا خوڵقاون. هەستی باوەڕ بەخۆبوون، شکاندنی سنوور و تابووتەکانی ناو کۆمەڵگایەک کە لەسەر بناغەی ئابووری فیۆدالی و نەریتە عەشیرەتیەکان بەڕێوە دەچوو، خوڵقاندنی چاند و فەرهەنگی نوێ کە لەودا کچ و کور پێکەوە و لە یەک سەنگەردا دەتوانن بەرگری لە نشتیمان بکەن و بەهێزکردنی هەستی کوردستانیی لە ناو هەموو تاکەکانی کورددا ئەو بایەخانەن کە بەهۆی خەباتی پێشمەرگایەتیەوە گشتگیر بوون و بوونەتە بەشێک لە ناسنامەی خەلکی کورد.

پێشمەرگایەتی خوڵقێنەری ژیانی یەکسانە لە ناو کۆمەڵگادا. لە ڕۆژی دامەزراندنی هێزی پێشمەرگە تا ئەمرۆ کچان و ژنانی کوردستان چ وەک پشتیوانان و هاوکارانی پێشمەرگەکان و چ بە شانکردنی چەکی پیرۆزی پێشمەرگایەتی بۆ ئازادی کوردستان و کۆمەڵگایەکی یەکسان لە کوردستاندا خەباتیان کردووە قارەمانەتیان نواندووە. ئەمرۆ کچانی پێشمەرگە و شەرڤانی کۆبانی بوونەتە سەمبۆلی خۆراگری مرۆڤی لەبەرامبەر دڕندەیی و تیرۆر و ڕەشپەرەستیدا.

فەلسەفەی دیاری کردنی ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەز وەک ڕۆژی پێشمەرگە لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە بەنەتەوەیی کردنی یەکێک لە نرخ و بەهاکانی هەرە گرنگ و دیاری نەتەوەی کورد واتە "پێشمەرگە" و هەستی خۆراگری و خەباتکاری فیداکارانە دژی ژێردەستی و لە پێناو ئازادیە. پێشمەرگە و پێشمەرگایەتی ئەمرۆ تەنیا نرخ و بایەخێکی ڕێکخراوی و سیاسی نین، بەڵکوو پێشمەرگایەتی بووتە بایەخێکی نەتەوایەتی، سەمبۆلی پاراستن، بڕوا بەخۆبوون، مرۆڤ دۆستی و ژینگە پارێزی و فەلسەفەی ڕێزگرتن لە ژیان و ئازادی و بەها مرۆڤایەتیەکانە.


پێشمەرگە ئەو هێزیە کە لە ماوەی ٧٤ ساڵی ڕابردوودا بە فیدا کردنی گیانی پاکی خۆی نرخێکی گرانی داوە لە پێناو ئازادی و سەربەستی کوردستاندا بۆ ئەوەی پێویست نەکات نەوەکانی داهاتوو گیانیان فیدا بکرێت و ئازادی و کەرامەتی مرۆڤیان لە مەترسی بکەوێت، تاکو ئەو ئالایەی کە پێشمەرگەکان بە خوێنی خۆیان ڕاگرتووە ببێتە سەمبۆلی هەستی سەربەستی و گەشەکردن و پێشڤەچوونی کوردوکوردستان.

ڕۆژی پێشمەرگە لە هەموو پێشمەرگە و شەرڤان و گەریلاکانی کوردستان پیرۆز بێت.

سەرچاوە: فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٣ی دێسەمبەری ٢٠١٩

## ڕۆژی شازدەی سەرماوەز ڕۆژی کەم ئەندامان و بیست و شەشی سەرماوەز ڕۆژی پێشمەرگەیە




**هیوا گوڵ محەممەدی**

**گومان دیاریکردنی ئەم دوو ڕۆژە ئەتوانێ لێکدانەوەی جیاوازی لێبکرێتەوە بەڵام لە یەک وشەدا هەر دوو ڕۆژکە پیرۆزن و ئیتر لێکدانەوەکانیتر دادەنێین بۆ کات و سەردەمی خۆێ.**

**لە ڕەوتی خەباتی ئازادیخوازانەی گەلی کوردا ژمارەی ئەو کەسانەی بۆ ئازادی نیشتمانەکەیان گیانیان فیدا کردوە یەکجار زۆرە، هەروەها ئەوانەی کە ئەندام یان چەند ئەندامی لەشی خۆیان پێشکەش کردوە ژمارەیان زۆرە.**

**ناکرێ لە یەک نوسینا، لە یەک جێگا و لە یەک دەربڕینا باسی ئەو هەمووە مێژووە خوێناویە بگێڕینەوە، بەڵام ئەکرێ بە گێڕانەوەیەکی کورت لاپەڕەیەک لەو خوێن و خەباتە هەڵدەینەوە و ڕێز لەو کەسانە بگرین کە تەنیا کەس نەبوون بەڵکو گشت کەس بوون. دوست بوون، هاوڕێ بوون، هاوخەبات بوون، هەڤاڵ بوون، خەمخۆر بوون و مروڤ بوون بە واتای ڕاستینەی مرۆڤ بوون.**

**کاتێک بە سەرسامی لەسەر لوتکەی بەرزی بیرەوەریەکانا بەسەر هەموو ئەوانە دا دێمەوە کە هەبونیان هەبونێکی ڕاستەقینەی ژیان و ژیانەوەی مروڤایەتی بوو، بە خۆم نیە، خەمێکی گەورە بە گەورەیی ئەم کائیناتە دەنیشێتە سەر دڵم و ئیتر هەست ئەکەم ژیان تەنیا ئەوکاتانە خۆش بوو کە هەڤاڵە پێشمەرگە جەسور و پڕ لە جەسارەتەکەت پێی ئەوتی: کاکە تۆ ئەمجارە مەیە، من ئەڕۆم ئەگەر کەمین بوو با ئێوە بە سلامەتی بپەڕنەوە.**

داخۆا خۆشترین کات ئەتوانێ ئەو کاتە پڕ کاتەوە کە هاوڕێی پێشمەرگەکەت بە دڵێکی پڕ لە خۆشەویستیەوە بە بێ خۆهەڵکێشان و بە بێ چاوەڕوانی پاداش لەتە نانەکەی خۆی لە بەردەمتا دائەنا و ئەیوت من تێرم ها بیخۆ، لە کاتێکدا ئەو لە من برسیتر بوو.

لە ڕۆژی کەم ئەندامانداا دەیان کەس بە بەرچاوما ڕادەبورن، مروڤگەلێکی گەورە، گەورەتر لە ئەستێرەکان. مرۆڤگەلێکی ساف و سادە و دڵ پڕ لە حەز و خۆشەویستی، مروڤگەلێکی ئاشق و ئەویندار، بەڵام بۆ نەتەوە و نیشتمان.

لە بیرمە کاتێک برا و دوست و ڕەفیق و هەڤاڵی ئازیزم حامید درودی قاچی لەبەر نەبونی دەرمان و ئیمکانات چڵکی کرد و ئیتر کەڵکی نەمابوو، پێدەکەنی و ئەیوت وا تێمەگەن بە یەک قاچ ناتوانم بێمەوە.

لە بیرمە کاتێک خەلیل بیاری کەوتە سەر مینا و لەبەر ئەوەی هەڤاڵەکانی توشی مەترسی نەبنەوە، چونکە زۆر لە دوژمنەوە نێزیک بوون، هەموو ئازارەکانی لە دەرونیدا سەرکوت کرد و بە بێدەنگی تا ئەو کاتانەی بە تەورێکی تیژ قاچیان لێکردەوە مەتەقی لێوە نەهات.

ئەمانە چیرۆک نین، بەڵکو بیرەورین، لەوانەیە وەک ئەوی هەبووە نەتوانم باسی بکەم بەڵام کەم دەڵێم و ڕاستی دەڵێم.

عەبدوڵا خاتری ناسراو بە عەبە شامراد مروڤێکی تایبەت بوو، تایبەت وەک ئەوەی، هاوژین و منداڵەکانی بە هەژاری بە جێهێشت و چەکی پاراستنی نیشتمانی لە شان کرد، لە بەرخوەدانی ئازادی دا یەکەم سەنگەری هەڵدەبژارد، لە پاداشا دواین کەس بوو لە ڕیزدا . بریندار ببوو، قاچێکی وەک پێویست کاری نەدەکرد، دەشەلی. شەلینێکی وا کە جوانتر ئەهاتە پێشچاو، شەلینەکەی بەڵگەی ئازایەتی بوو، بویە کاتێک بە شەلە شەل ڕێگای دەبڕی مرۆڤ هەستی دەکرد کە ژیان، سروشت و کۆمەڵگا قەرزداری ئەون. ئازاری هەبوو، بەڵێ ئازار، ئازاری زۆری هەبوو، کەچی، بزە بێ گزەکەی سەر لێوانی ئەوەندە گەورەی نیشان ئەدا وەک ئەوەی ئەوە مروڤێکی برینداری کەم ئەندام نیە بەڵکو چیایەکە و لە جوڵە دایە.

ئەو ئێوارەمە قەت لە بیر ناچێ، ئێوارە نەبوو، لای عەسر و خۆر ئاوا بوو، پێشمەرگەکان ڕۆشتن و لە پرێکا ئەویش وەک ئەوەی سواری با بوو بێ بە لامان ڕویشت، کاک شاپور فیروزی بانگی کرد عەبە بۆ کوێ، وەرە شێتە تۆ نابێ بچی، تۆ لاقێکت نیە. بەڵام ئەو ئاوڕی نەدایە و بە دەم هەڵهاتنێکی تایبەت بە خۆیەوە بەو لاقە برینداریەوە کە کورت ببویەوە

بێ ئەوەی ئاوڕ بداتەوە وتی: ئەم شەو ئاگر دەبارێ، من ئەچم بۆ خەنەبەندانی ئەستێرەکان. ڕۆژی دوایی کاک سالار کە بە برینداری گەڕایەوە وتی: عەبە شامراو یەکەم ئارپیجی تەقاند، دووهەم گوللەی لە ئارپیجییەکە هاویشت و ویستی دوژمن بکاتە هەدەف، گوللەیەک بەر ناوچاوانی کەوت و ئیتر بێدەنگ لەسەر عەرزەکە درێژ بویەوە و نەمانتوانی بیگەینێ. لەو ڕۆژەوە لە هەموو درێژ کێشانێکا بیر لەوە دەکەمەوە بۆ دەبێ عەبە شامراد لەسەر تەختی نەخۆشخانەیک درێژ بایە و بە چەند عەمەلیاتێک لاقیان بۆ چاک کردایەوەتە و ئەویش بە بێ ئازار منداڵە بێ نازەکانی لە باوەش گرتایە.

------

شەڕ لە ڕۆژهەڵات و لە باشورا گەرم بوو، کوردەکان بە بێ دەنگی کۆمەڵکوژ دەکران، ئێمە لە دەڤەری باشوری کوردستان لە ناوبەری شەڕی یەکیەتی نیشتمانی و حکومەتی عێراقا خۆمان ئامادەی گەڕانەوە بۆ ڕۆژهەڵات ئەکرد. جێگایەکی تایبەتی حیزب هەبوو ناوی نرا بوو ئاسایشگا و لە نێزیک گوندی گەڕەدێ بوو. ئەوانەی کە بریندار دەبوون و لە نەخوشخانە ئیزن ئەدران تا ئەو کاتەی ماوەی عیلاجەکەیان تەواو دەبوو لەوێ دەمانەوە. ئیتر هەر کە مروڤ دەچووە ئاسایشگا تێکڵاوی هەموو ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە کرماشانەوە تا ماکۆ دەبوو. ئەو سەردەمانە شەڕ لە هەموو کوردستانا گەرم بوو، ئەو بریندارانەی کە ژیانیان ڕزگار دەبوو و بە هەوڵ و هیمەتی هەڤاڵەکانیان دەگیەندرانە نەخوشخانەی بیست وپنجی گەلاوێژ ئیتر خەونەکانیان گەورەتر دەبوو، چونکە ئەو نەخوشخانەیە لە لایەن دوکتورانی بێسنووری فەرانسەویەوە بە هۆی بەرزی و بەڕێزی کەسایەتی دوکتور قاسملووە هاتبوون و خزمەتی بریندارانی شەڕی ئازادی کوردستانیان دەکرد. ئەو کاتە وەک ئێستە دەسەڵات و پارە و پۆست وپلە شۆڕشگێڕانی کوردستانی گەندەڵ و ڕەزیل و بچوک نەکردبویەوە، بۆیە لەو نەخوشخانەیەدا پێشمەرگەکانی هەر دوو بەشی کوردستانی ڕۆژهەڵات و باشور وەک یەک تیمار دەکران و کەس جیاوازی نەدەکردن و ئەوە لە کاتێکی ئەوەندە هەستیار دا بوو ئەگەر ئاشکرا بایە پێشمەرگەی یەکیەتی نیشتمانی لەو نەخوشخانەیەدا تیمار وەردەگرن ئەوا خوا و حیزب و نەخوشخانەکە پێکەوە تەخت دەکران. تەنانەت شەوێکی درەنگان مام جەلال تاڵەبانیان هێنایە نەخوشخانە و کاک دوکتور قاسملو و کاک دوکتور سەعید بە پەلە هاتنە نەخوشخانە و تا ڕویشتنی مام جەلال لەوێ مانەوە چونکە ئەیانزانی ئەگەر شتێک لە مام جەلال بێت ئەوان ئازار دەچێژن و دوژمن قسەی ناڕاستیان پێدەبێژن.

من لە ئاسایشکا گەلێ کەسم ناسی، عەباس یاری، کاک عەباس یاری مروڤ نیە، فریشتەیە، فریشتەیەکی بێدەنگ و ڕەنگ، ئارام و ئازا، بێدەنگ و جەسور، مروڤێکی تایبەت کە دەست وپەنجەی من تەوانایی نوسینەوەی وشەکانی باسکردنی نیە و چیرۆکێکە و دەبێ بە تایبەت بنوسرێتەوە.

هەر لەو ئاسایشگایە دەیان كەسی لەو چەشنەم ناسی و هیچكات لە بیریان ناكەم، لەوانەیە ناویانم لەبیر نەمابێ بەڵام هەڵس وكەوت و كەسایەتیان هەروا لە سەر كەسایەتیم كاریگەرن و هیچكات لە بیریان ناكەم.

لەوێ حەسەن سەلبیم ناسی. حەسەن برای عەبدوڵا یان عەبە سەلبی بوو. عەبە سەلبی یەكێك لە پێشمەرگە، فەرماندە و فیداكارەكانی دەڤەری هەوشار بوو. پێشمەرگەكانی هەوشار زیاتر وەک ئەفسانە دەچوون. ترس لە مەرامیانا نەبوو. یەک پێشمەرگەی هەوشارت لەگەل بایە وات ئەزانی لەشكرێک پالپشتیت ئەكەن. عەبە سەلبێ داگیركەرانی ئێرانی وەزاڵە هینابوو، بەڵام بەداخەوە لە هێرشێكی پێشمەرگەكانی كۆمەڵە لە ناوچەی سەقز دا شەهید بوو.

حەسەنیش بریندار بوو، برینەكەی قورس بوو، شانی شكا بوو، دوای ماوەیەكی زۆر لە نەخوشخانە و دەرمان و چارەسەری، شانی لای ڕاستی خۆار ببوو. كە لە دورەوە سەیرت ئەكرد وات ئەزانی بە لاشانا دانیشتووە چونكە تەنیا شانێكی دیار بوو. بەڵام كە لێی نێزیک دەبویتەوە، هەستت ئەكرد ئەوە نەک هەر شانێک بەڵكو چوار شان و چوار دەست و چوار چاو و چوار زمان و چوار گیانی هەیە. پڕ لە جوڵە، پر لە ئێنرژی، پر لە قسەی خۆش و پڕ لە هیوای گەش بوو.

نازانم چ كاتێكی ڕۆژ بوو، بەڵام لە بیرمە یەكەم مانگی بەهار بوو، لەو كاتەدا كۆمیسیونی سیاسی نیزامی دەهاتە ئاسایشگا و ناوی ئەوانەیان ئەنوسی كە باش ببونەوە و بە گوێرەی بڕیاری دوكتورەكان توانایی گەڕانەوەیان بۆ مەتەرێزی شەڕ و بەرخوەدان هەیە. هەر لەوكاتە دا ناوی ئەوانەشیان ڕادەگەیاند كە وەک كەم ئەندام ناسراون و حیزب دەیەوێ بیانێری بۆ دەرەوەی وڵات.

لەوكاتەدا بە منیان وت لەوانەیە ئەمساڵ نەتوانی بگەڕیتەوە و منیش زۆر خەمبار ببووم و ویستم بچم پیاسەیەک بكەم. حەسەن سەلبێ وەک جارەكانیتر بە پێكەنینەوە بانگی كردم و بە هەڵهاتن هات بۆ لام و وتی: كوڕە خوام نەماوە ئێژن ئەتنێرین بۆ خاریج، ئاخر چۆن ئەچم بۆ خاریج، من تەنیا شانێكم شكاوە خۆ ئەویتریان كار ئەكا. من پێشنیارم كردوە تۆ لە جیاتی من بنێرن. وتم من خۆ كەم ئەندام نیم برینەكەم خەریكە ساڕێژ ئەبێ، تۆ دەستێک و شانت لە كار كەوتووە.

پێكەنی و وتی: كەیفی خۆتە من ئەمساڵ ئەگەر بە دزی حیزبیشەوە بووە ئەگەڕێمەوە و ئەمەوێ جارێكیتر بچمە سەر گۆڕی كاكە عەبەم.

هەر ئەو ساڵە لە سەر پێداگریمان هەردووكمان گەڕاینەوە ناوچە. حەسەن نەیدەهێشت لە پێشمەرگەكانیتر جیای بكەنەوە، نیگابانی ئەدا، ئەچوو بۆ كەمین، ئەبوو بە تیمی كەمینشكێن و لە هیچ كارێک كە كەسێكی ئاسایی ئەیكرد خۆی نەدەبوارد

و واینیشـان ئەدا کـە کێشـەی تەندروستی نیـە. بـەڵام زۆرجـار کـە پێکـەوە ئـەبووین و لەبـەر ئـەوەی لەگـەڵ منـا شـەرم و شاراوەییی نەبوو ئەیوت ئازارم زۆرە و دەرمانەکانیش کاریگەریان نەماوە.

بەرەبەیانێکی هاوین بوو، ڕۆژ و مانگەکەیم لەبیر نەماوە، بەڵام جێگاکەیم لەبیرە. لە نێزیک شاری سەقز بووین، لە نێوان کێوی وەنەوشە و کێوەکانی پشت تەمۆغە. وەک هەموو جارەکانیتر کەمینەکان بەرەبایانێکی زوو بەڕێکران بۆ سەر شاخەکانی دەوروبەر. من لە پەنا کاک حەمەنەزیف قادری و کاک شارۆخ مورادیەوە بووم. بە دەنگی بێسیمەکان بەخەبەر بومەوە. دوژمن بـەرەو بەرزایـەکان کـەوتبووە ڕێ، پێشـمەرگەکان زووتـر گەیشـتبوون و خۆیـان لـە دوژمـن بێـدەنگ کردبـوو. لەوکاتـەدا پێشمەرگەکانیتر لە خەو هەستان. حەسەن سەلبێ وەک بروسکەیەکی خێرا، لەبەر چاوان ون بوو، نازانم چۆن گەیشتە سەر لوتکەی چیاکە و یەکەم دەسڕێژی لـە دوژمن کـرد. شەڕ گـەرم بـوو، هـەتاو گەیشـتە ناوەڕاستی ئاسمانی سـەر سـەرمان، ٣ جەنازەیان هێنایەوە، ئێمە لە ڕێگەی بێسیمەکانەوە ئاگاداری گەرمی شەڕەکە بووین، دوژمن کوژراوی زوری هەبوو، تێک شکا بوو، لە پێگەکانی دەروبەرەوە ئەو ناوەی توپباران دەکرد، بە ڕەمز گوترابوو کە چەند شەهید و برینداریکمان هەیە، بـەڵام ژمارەی زۆری کوژراوی دوژمن ڕوحی شەهیدەکانی شاد کردوە.

لە جەنازەی شەهیدەکان نێزیک بومەوە، حەسەنم بینی، چاوەکانی کراوە بوون، شانێکی داکشابوو و دەستی بەرز کردبویەوە، لێوەکانی وشک ببوون، دیارە تینوی بوو، بزەیەکی تێکەڵ بە گریان لەسەر لێوەکانی بوو. نازانم بە چی پێدەکەنی و بۆ چی خەمبار بوو.

بڕیار بوو لەو سەفەرەدا و لە حەوتوی داهاتو دا بچینە سەر گۆڕی شەهید عەبە سەلبێی برای.

گۆڕی ئەو پۆلە شەهیدە تەنیا، سەید ئەحمەد حوسەینی، کاک ڕەحمان ئاخکەندی و کاک عەلی کەسنەزانی پێیان ئەزانی.

کە چاوە کراوە چاوەڕوانەکانی حەسەنم بینی بە خۆم نەبوو، دەڵم داخۆرپا و کەوتمە بیری خەیاڵە بەهاریەکەی حەسەن بۆ دیداری براکەی. لە پێشدا دەڵتەنگ بووم و دواتر ڕوم لە کاک حەمەنەزیف قادری بەرپرسی مەڵبەند و کاک شارۆخ مورادی فەرماندە هێز کرد و وتم، باشترە شەهیدەکان بنێـژین، ئـەوانیش وتیـان کـارێکی بـە جێیـە و لەگـەڵ چـەند پێشمەرگەیەکا ئاودرێکمان هەڵکەند و جەنازەکانمان تێدا شاردەوە، بەڵام بە ئاشکرا دیـار بـوون و لەوکاتـەدا هێرشی دوژمـن زیـادی کـرد، پـۆلێکیتر لـە پێشـمەرگەکان چـوون و ئێمـە ژمارەمـان کـەمتر بـوو نـەمانتوانی بـە باشـی بیانشـارینەوە و ڕۆژی دواتـر خـاوەن

مەزراکە تاقە داری سەر کانی مەزراکەی بڕیبویەوە و بەسەر گوڕە بێنازەکەی ئەو شەهیدانەیدا دادابوو بۆ ئەوەی دوژمن نەیاندۆزێتەوە.

ئێستاش کە بیر لەو ڕۆژە و لەو نواڕینەی حەسەن سەلبێ دەکەمەوە، لە واتای مروڤبون تێدەگەم، مروڤبونێک کە تەنیا لەو کەسانەدا بەرتەسک بوەتەوە و باوەڕ ناکەم دووبارە بێتەوە.

کەم ئەندامانی شوڕشی بەرخوەدانی کوردستان لە هەموو قوناخەکانی ژیانا هەروا بە ورە و بە جەسارەت و بەرپرسیارین. ٣٠ساڵی ڕەبەقە کاک حوسین ئەحمەدی ناسراو بە حوسەین خان کە لە ڕێگای ئازادی کوردستان و لە ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانا لاقێکی لەدەست داوە، بۆ یەک ڕۆژیش ماندوو نەبووە و لە هەمو ڕێپێوانەکانی شەقامەکانی ئەوروپا دا بەشدارە، بۆی گرینگ نەبووە کام بەشی کوردستان پێویستی بە پاڵپشتیە، هەر کە بیستویەتی خۆپیشاندانە بۆ پاڵپستی کوردستان یەکەم کەس بووە لە گوڕەپانەکەدا ئامادە بووە و بە سەرما و گەرمادا خۆی بە بەرپرسیاری چارەنوسی گەلەکەی زانیوە.

-----

ئەو کەم ئەندامانە خاوەن ئەندامی بەرپرسیارەتی بەرز و پیرۆزی مرۆڤبون و کورد بوونن. مروڤن گەورەن، گەورەن وەک خەونی بەدیهاتنی ئازادی و بەڕێزن وەک کار و کردەوە و تێکۆشانەکانیان.

سەرچاوە: مەڵبەندی پێشمەرگە دێرینەکانی دێموکرات - ڕێکەوتی: ٧ی دێسەمبەری ٢٠١٩

-----------------------------------------

## ڕۆژی گەشبینی بە داهاتووی خەباتی شوناسخوازیی کورد



**سمایل بازیار**

لەوەڕا کە ئەم ڕۆژە ڕۆژی ئاڵا و پێشمەرگەی کوردستانە و ڕۆژی یادکردنەوە و پیرۆزکردنی ڕۆژێکی نەتەوەییە نەک حیزبی، کەوابوو هەوڵ دەدەم بە کورتیش بێ، ئاوڕ لە دۆزی کورد لە بەشەکانی تری کوردستانیش بدەمەوە، هەرچەند لەسەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان پتر هەڵوێستە دەکەم.

ئەگەر بۆ قسەکانم یان بۆ ئەو سیمینارە، عینوانێک دابنێم، ناوەکەی "ڕۆژی گەشبینی بە داهاتووی خەباتی شوناسخوازیی نەتەوەی کورد"ە. ئامانجی وتارەکە چییە؟ هەوڵ دەدەم بیسەلمێنم دوای نیزیک بە سەد ساڵ لە خەباتی شوناسخوازیی نەتەوەکەمان بەرامبەر بە داگیرکەرانی کوردستان، کورد لەو ململانێ و خەباتەیدا سەرکەوتووە و ئەوە داگیرکەرانی کوردستانن لە ستراتێژی خۆیاندا بەرامبەر بە کورد شکستیان هێناوە.

### ڕۆژهەڵاتی کوردستان

ناسیۆنالیزمی ئێرانی لە کۆتاییەکانی سەدەی ١٩ و سەرەتای سەدەی ٢٠ەم و دەقیقتر بڵێم لەگەڵ بزاڤی مەشرووتە دەرکەوت، دیاردەیەک کە پێشتر لە مێژووی ئەم وڵاتەدا نەبووە، بەرهەمی ناسیۆنالیزمی ئێرانی "نەتەوەی ئێران" کە لەگەڵ یەکەم قانوونی ئەساسیی ئەم وڵاتە (١٩٠٦) بە فەرمی ناوی هێنرا. "نەتەوەی ئێران" دەستەواژەیەکی فانتازی و دەستکرد بوو، کە بە مەبەستی سیاسی داتاشراو بوو، چونکە لەسەر بنەمای زمانی فارسی، کولتووری فارسی و مەزهەبی شیعە دادەمەزرێ و هیچ تەعبیرێک یا گوزارشتێکی لە شوناسی نەتەوەکانی دیکەی نیشتەجێ لەم یەکە جوغرافیاییەی کە پێی دەگوترێ ئێران نەدەکرد، کە کورد یەک لەو نەتەوانە بوو.

بیست ساڵ لەدوای لە دایکبوونی ناسیۆنالیزمی ئێرانی و بەرهەمەکەی "نەتەوەی ئێران" بە چوونەسەر تەختی شایەتی ڕەزاخانی پەهلەوی، کە گوزارشتی لە دەوڵەت - نەتەوەی مۆدێرنی ئێران دەکرد، ناسیۆنالیزمی ئێرانی چووە قۆناغێکی تری ژیانی خۆیەوە، واتە درووستکردنی "نەتەوەی ئێران". نەتەوەی ئێران کە تا ئەوکات لەسەر کاغەز مابۆوە، دەچێتە قۆناغی پراکتیکەوە و دەبێ بە کردەوە درووست بێ. بەم جۆرە پرۆسەی نەتەوەسازی لە ئێراندا دەستی پێکرد.

پرۆسەی نەتەوەسازی لەسەر بنەمای یەک دەوڵەت، یەک نەتەوە، یەک کولتوور دەستی پێکرد و، بۆ ئەم مەبەستە دەبوو نەتەوەکانی دیکە، کولتوورەکانی دیکە و زمانەکانی دیکە، لە نەتەوە و زمان و کولتووری فارسیدا بتوێنەوە و، ئەمەش لە ڕێگەی هێرش بۆ سەر کولتووری نەتەوەکانی دیکە دەستی پێکرد، بەهۆی ئامرازەکانی دەسەڵات وەکوو سوپا و بورۆکراسییەکی لە حاڵی پەرەسەندندا. بەم جۆرە پرۆسەی نەتەوەسازی لە ئێراندا بە شێوازێکی غەیرە دێموکراتیک و لە ڕێگەی زۆر و بە زەبری هێز و داسەپاندن و بە دوور لە ویست و ئیرادەی نەتەوەکانی ئێران دەستی پێکرد.

ئەمە سەرەتای دەستپێکی ستەم و چەوسانەوەی نەتەوەیی بە شێوازێکی مۆدێرن و سیستماتیک بوو لە ئێراندا، کە بە درووستبوونی دەوڵەت - نەتەوەی ڕەزاشای پەهلەوی دەستی پێکرد.

ناسیۆنالیزمی کوردیش لە پەرچەکردار بە ناسیۆنالیزمی ئێرانی کە ناسیۆنالیزمێکی هێرشبەر بوو فۆڕمی گرت و بەگژ ئەم ناسیۆنالیزمە هێرشبەرەدا چووەوە و بە چالشی کێشا. بەم جۆرە ستارتی خەباتێکی درێژ خایەن لێدرا کە ئێستا ئەوە بۆ سەدەیەک دەچێ. کۆماری کوردستان، ڕاپەڕینی ٤٦ - ٤٧ و بزووتنەویەک بە تەمەنی ٤٠ ساڵ درەوشاوەترین دەرهاویشتەی ئەم خەباتە بوون.

نێوەرۆکی ئەم خەباتە چ بوو؟ نێوەرۆکی خەباتی گەلی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان لە ماوەی ئەم سەدەیە، خەباتی شوناسخوازی بوو. ئەندامانی کۆمەڵگەی کوردی لە ڕۆژهەلاتی کوردستان لە ماوەی ئەم ١٠٠ ساڵەدا هەست و بیر و هەڵوێستی خۆیان بە شێوازی فرەڕەهەند و جۆراجۆر دەربڕیوە بۆ ئەوەی شوناسی نەتەوەیی خۆی بسەلمێنێ و بە ئامانجێکی سیاسی بگا.

شێوازەکانی ئەم دەربڕینە لەم تەوەرانەدا پوخت دەکرێنەوە: خەباتی چەکدارانە، نافەرمانیی مەدەنی، خوڵقاندنی هونەر و ئەدەبیاتی نەتەوەیی و چالاکیی مەدەنی.

خەباتی چەکدارانە؛ خەباتێکی سەخت و دژوار بۆ ماوەی پتر لە ١٥ ساڵ و بێ پسانەوە و چالاکییەکانی ئەم ساڵانەی

دوایی، لە "گردینە"ی "هەمزە سارتکەیی" ڕا بگرە تا "قەرەسەقەل"ی کەماڵ خزری، "سەقز"ی "شێخ غەریب"، "کۆساڵان"ی مینبەرییەکان، "دەری ئارگەش"ی "مەریوان" و "کامیاران"ی "حەمەی کامیاران".

نافەرمانی مەدەنی؛ لە شێوەی خۆپێشاندان و مانگرتنی گشتی و داخستنی دووکان و بازار لە شارەکانی کوردستان بەهۆی تیروری دوکتور قاسملوو و شەرەفکەندی و دووپاتبوونەوی لە ساڵانی دواتردا، ئیعتراز بە کوشتنی شوانەی سەید قادر، ئیعدامی فەرزاد کەمانگەر و هاوڕێیانی و دەربڕینی هەستی خەڵکی کورد لە ڕۆژهەڵات بە شێوازی جۆراجۆر وەک خۆپیشاندان، گردبوونەوە و هەڵپەڕکێ لە شین و شایی بەشەکانی دیکەی کوردستان.

خوڵقاندنی هونەر و ئەدبیاتی نەتەوەیی؛ لە بوارەکانی شێعر، ڕۆمان، فیلم، پەیکەرسازی، شانۆ، چاپەمەنی و موزیک. شیعرەکانی مامۆستا ئاسۆ، سەلاحی ئاشتی، عەلی ئولفەتی، گەردیگلانی، مارف ئاغایی، ڕەزایی، تاباک، ناسر ئاغابرا و شوانە و زۆریتر، ڕۆمانی گابوری هیدایەتی، گوڵی شۆرانی عەتا نەهایی و بەرهەمەکانی ئەمیری، فیلمەکانی قوبادی وجەمیل ڕۆستەمی، پەیکەرەکانی هادی زیائەدینی  کە لە سیما و ڕەمزە نەتەوەییەکان دروستی کردوون، شانوی قوتبەدینی سادقی، موزیکی گرووپی فوول هارمونیکی کاوە فەقێزادە تا هونەرمەندانی ناوچەیی و فولکلوربێژ و دەرکردنی دەیان گوڤار، ڕۆژنامە و وەرگێران .

چالاکیی مەدەنی؛ ئەو جووڵەیەی سەرەتا بە دروستکردنی ئەنجومەنەکانی ئەدەبی و یادکردنەوی بۆمبارانی شیمیایی هەڵەبجە لە تاران و شارەکانی دیکە دەستی پێکرد و، گەیشتە بەڕێوەبەردنی ڕێورەسمە نەتەوەییەکان و نەورۆزی جامانەکان و مەریوانی پێشەنگ لە خەباتی مەدەنی و شەهیدانی ژینگەی ئەم دواییە و هتد.

ئەم خەبات وچالاکییانەی ئەم سەدەیە و بەتایبەتی لە ٤٠ ساڵی ڕابردوودا کە من نموونەکانم بەم قوناغە هێناوە ناسیونالیزمی ئێرانییان بە چالش کێشاوە و بە تایبەتی لەم چەند دەیەی ڕابردوو بۆتە هۆی ئەوەی کە کۆمەڵگەی کوردی بنەماکانی شوناسی خۆی لەگەڵ ئەویتر بە زەقی ببینێ و وەکوو داگیرکەر لێی بڕوانێ. هەر بۆیەش دەبینین وێژمانی نەتەوەیی لە ٣٠ - ٤٠ ساڵی ڕابردوو بەملاوە لە کەش و هەوای سیاسیی کوردستاندا وێژمانی زاڵە، بە پێچەوانەی دەیەی ٤٠ و ٥٠ی هەتاوی. هەڵوێستی ناسیونالیزمی ئێرانی بەرامبەر بە دۆزی کورد و پرسی نەتەوەیی لە ماوەیی١٠٠ ساڵی ڕابردوودا و تا هەنووکە چ بووە؟ ڕوانینێکی تەواو ئەمنییەتی و وەک پرسێکی سیاسی و واقعییەتێکی کۆمەڵگەی ئێران سەیری نەکردووە. هەر بۆیەش هەرگیز بە جیددی لە ڕێگەی وتووێژ و دیالۆگەوە بۆ چارەسەری هەنگاوی نەناوە، بەڵکوو لە ڕێگای هێرشی نیزامی، میلیتاریزەکردنی کوردستان، تێرور، ئیعدام، زیندان و دورخستنەوە ویستوویەتی چارەسەری ئەم قەیرانە

بکا و لە ڕاستیدا کۆتایی بە پرسی کورد بێنێ.

ئەم تێڕوانین و سیاسەتی ناسیونالیزمی ئێرانی لە ١٠٠ساڵی ڕابردوو لەلایەن سێ دەسەڵاتی ناوەندی بەڕێوە چووە، ڕەزاشای پەهلەوی، حەمەڕەزاشا کوڕی لە ٤٠ ساڵی ڕابردوودا وکۆماری ئیسلامی. ڕەزاشا سمکۆی شکاکی بە فێڵ و تەڵەکە و بە وتەی مێژوونووسانی ئێرانی بە (تدبیرکمند) لەنێو برد، حەمەڕەزاشای کوڕی قازییەکانی ئیعدام کرد، کۆماری ئیسلامی قاسملوو و شەرەفکەندیی لە جەرگەی ئورووپای موتەمەدیندا! تیرور کرد. ئەگەر حەمەڕەزاشا ١١ کەسایەتیی فەیزوڵابەگیی لە یەک ڕۆژدا بە پەتی سێدارەوە کرد، کۆماری ئیسلامی لە یەک ڕۆژدا ٥٩ لاوی لە شارێکی بچووکی وەک مەهاباد ئیعدام کرد. تا ئەو ڕۆژەی هاوپەیمانان ڕەزاشایان لە تەختی شایەتی هێنا خوار و هەڵیانداشت بۆ ئەفریقای باشوور، سەرۆک عەشیرەی کورد کە ملی بۆ سیاسەتی سینتراڵیزەکردنی ئێران ڕانەکێشابوو، لە زینداندا بوون (بیرەوەرییەکانی گرووپی ٥٣ کەسی یا گرووپی ئەرانی زانیاریی سەرنجڕاکێشی لەم بارەیەوە تێدایە). حەمەڕەزاشای کوڕی تا ئەو ڕۆژەی لە فڕۆکەخانەی تاران بە چاوی گریانەوە بۆ هەمیشە ئێرانی بەجێ هێشت، زیندانیی ٢٥ ساڵەی کورد لە زیندانەکەیدا هەبوون (عەزیزیوسفی، غەنی بلووریان و ڕەزا شەلتوکی و عەلی عەموویی کوردی کرماشانی) و لە ئێستاشدا کۆنترین زیندانی سیاسی لە ئێراندا ژن وپیاوی کوردن. (زینەب جەلالیان ١١ ساڵە لە زیندان دایە وحوکمی هەتاهەتایی بۆ بڕاوەتەوە. عوسمان مستەفاپوور، محەممەد نەزەری و کەماڵ شەریفی بەڕێز ٢٧، ٢٥ و ١٠ ساڵە کە لە زیندان دان.)

ئاماژم بەوەکرد کە داگیرکەر هیچ کات بە جیددی و لە ڕێگەی دیالۆگەوە بۆ چارەسەری پرسی کورد هەنگاوی نەناوە، بەڵکوو بە سەپاندنی شەڕ و گرتنەبەری ڕێگەی توندوتیژانە، بەرگریی چەکدارانەی بەسەردا سەپاندووین. هەندێک کەس پێیان وایە هەر لە سەرەتاوە دەستبردن بۆ چەک هەڵە بووە، وەک شێوازێک لە خەبات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و نەدەبوو بۆ بەرگری لە ماف و ئازادییەکانی نەتەوەکەمان ئەم شێوازە لە خەبات هەڵبژێرین. ئێمە شەڕ بە یەکێک لە دزێوترین و قێزەونترین دیاردەکانی مێژووی مرۆڤایەتی دەزانین، هەر بۆیەش هەرگیز حەزمان نە لە شەڕ و نە لە چەک هەڵگرتن بووە. چ لەوی تاڵتر و ناخۆشتر کە منداڵ هەتیو بکەوێ، دایک جەرگی بسووتێ و عافرەت بێوەژن بکەوێ، جا فەرق ناکا چ عەرەب، چ فارس، چ تورک و چە کورد، ئەمانە هەمووی دەرهاویشتەی شەڕن. لە ڕێوڕەسمی پەردەلادان لە کتێبی فەرماندەرانی شەهیدی حیزبی دێموکراتدا گوتم: بە شاهیدی بەشێک لە ئێوە کە لەو ڕێورەسمە دان و لە نێزیکەوە ئەو فەرماندەرانەتان دەناسی، بە جۆرئەتەوە دەڵێم هیچ کامیان نە پێیان خۆشبوو بکووژرێن و نە کەس بکووژن.

ئێمە وەک کورد هەرگیز هێرشمان نەکردووەتە سەر هیچ نەتەوەیەک و هەرگیز خاکی هیچ نەتەوەیەکی دیکەمان داگیر نەکردووە. ئێمە چمان ویستووە؟ بە ئازادی لە سەر خاکی خۆمان بژین و مافی بڕیاردانمان لەسەر چارەنووسی سیاسیی

خۆمان هەبێ، ئەمە تاوانی ئێمەیە. ئێستا لایەنگرانی ئەم ڕوانگەیە چ ئاڵتڕناتیوێکیان لە تێکۆشان پێ شک دەهات بۆ دابینکردنی ماف و ئازادییەکانی نەتەوەکەمان؟ مەگەر غەنی بلووریان و هاوبیرانی لە حیزبی دیموکرات جیا نەبوونەوە بۆ ئەوەی لە ڕێگەی خۆیان گوتەنی، "ئاشتیخوازانە"وە دۆزی کورد چارەسەر بکەن. مەگەر چەکیان دانەنا و تەنانەت پشتیوانییان لە کۆماری ئیسلامی نەکرد بە پاساوی "دژەئیمپریالیست بوونی خەتی خۆمەینی". ئایا توانییان لەم ڕێگەیەوە ماف و ئازادییەکانی گەلی کورد دابین بکەن؟ هەروەک بینیمان ئەوانیش کەوتنە بەر تیغی ڕەحمەتی کۆماری ئیسلامی و، قەدەغەبوونی چالاکی، زیندان، ئیعدام و ڕاودوونانی ئەندامانیان بە نەسیب بوو.

ئایا ئەحمەد موفتیزادە و ناسر سوبحانی دەستیان بۆ چەک بردبوو؟ ئەوان نە سێکۆلار بوون و نە چەپ و نە لە خانەی ئەحزابی "براندازی"دا بوون، بەڵکوو ئیسلامی، موتەدەین و تەنانەت لە مەقتەعێکدا بەرگریشیان لە کۆماری ئیسلامی کرد، کەچی چارەنووسی ئەوانیش هەر زیندان و کوشتن بوو. ئێمە هەمیشە پێمان وابووە چارەسەری پرسی کورد دەبێ لە ڕێگەی دیالۆگ و وتووێژ بێ، پێمان وابووە گرییەک کە بە دەستی دەکرێتەوە بۆ بە ددان بیکەینەوە، ئێمە هەرگیز وتووێژمان وەک پرەنسیپێک لە شێوازی خەبات ڕەت نەکردۆتەوە، بەڵام ئەگەر لایەنی بەرامبەرت ئامادە نەبوو و یا نیاز پاک نەبوو، وتووێژ مانای هەیە؟

لە ٤٠ ساڵی ڕابردوو کۆماری ئیسلامی سێ جار لە گەڵ بزووتنەوەی کورد یا لەگەڵ لایەنێکی ئەم بزووتنەوەیە وتووێژی هەبووە. جاری یەکەم لە پاییزی ١٣٥٨ لە گەڵ دەستەی نوێنەرایەتی گەلی کورد وتووێژی ئاشکرای بوو. دوای چەند مانگ وتووێژەکان گەیشتنە بونبەست. دواتر حیزبی دێموکرات یەکلایەنە درێژەی پێدا و هەر بۆیەش پێی دەگوترا سازشکار"، ئەم هەوڵە یەکلایەنەش گەیشتە بونبەست. لە ڕاستیدا ئەوە کۆماری ئیسلامی بوو کە باوەڕی بە وتووێژ نەبوو و مەبەستی لە وتووێژ کرینی کات بوو بۆ پتەوکردنی بناغەکانی خۆی؛ چونکە ئەو کات هێشتا بە باشی جێی نەگرتبوو، بۆ سەلماندنی ئەم ئیدعایە و نیازپاک نەبوونی کۆماری ئیسلامی با لە قسەکانی هاشمیی ڕەفسەنجانی ورد ببینەوە:

لە "صورت جلسە"ی شورای ئینقلاب لە ١١ی سەرماوەزی ساڵی ١٣٥٨، لە زمانی ڕەفسەنجانیوە هاتووە، ئەوان (کوردەکان) بە هیچ شتێک ڕازی نین مەگەر وڵاتێکی سەربەخۆی غەیری ئیسلامی، پێتان وانەبێ بە وتووێژ چارەسەر بێ، بێگومان لە گەڵیان تووشی شەڕ دەبین. (سەرچاوە: مسعود رضوی روزنامەی همشهری سال ١٣٧٢)

جاری دووهەم، لە ڤییەن، پێتەختی وڵاتی ئۆتریش و ئەم جار وتووێژ بە نەهێنی، ئاکام: تیروری دوکتور قاسملوو.
جاری سێهەم: ئەم جارەش بە نەهێنی و ئاکامەکەی هیچ! وەزیری ئیتلاعات لە مەجلیسی شوورای ئیسلامیدا دەڵێ، ماوەیەک

لەوە پێش لە گەڵ "گروهکهای معاند" وتووێژمان هەبوو، تا زانیاریی خۆمانیان لەسەر بەڕۆژ بکەینەوە. ئایا ئەو نموونانە کافی نیین بۆ ڕەوینەوەی گومانی نیازپاکیی کۆماری ئیسلامی بۆ وتووێژ؟

ئێستا کە نیزیک بە ١٠٠ ساڵ لە دەسپێکی هەوڵی ناسیونالیزمی ئێرانی بە هۆی دەوڵەتی شێوە مودێرنی ڕەزاشای پەهلەوی بۆ دروستبوونی "نەتەوەی ئێران" و ئاسیمیلەکردنی نەتەوەی کورد لە بۆتەی نەتەوەی فارسدا تێدەپەڕێ، بزانن ئایا داگیرکەر بە ئامانجی خۆی گەیشتووە؟ هەروەک دەزانن لە درێژەی هەمان ڕویکەرد و ستراتێژیی ناسیونالیزمی ئێرانی، واتە پەنابردن بۆ سەرکوتی هەوسارپچڕاو بەرامبەر بە گەلی کورد، سێ مانگ پێش ئێستا کۆماری ئیسلامی هاوکات لەگەڵ ئیعدامی سێ زیندانیی سیاسیی کورد، قەڵای دێموکراتی مووشەکباران کرد، کە لە ئاکامدا پۆلێک لە خەباتگێڕانی کورد گیانیان لەدەست دا و ژمارەیەک برینداربوون.

وەڵامی کۆمەڵانی خەڵک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەم هێرشکارییە و ئیعدامەکان چ بوو؟ وەڵام، مانگرتنی سەرانسەری لە ٢١ی خەرمانان لە شارەکانی کوردستان، مانگرتنێک کە لە ٤٠ و بگرە ١٠٠ ساڵی ڕابردوودا، وەک گەورەترین نافەرمانیی مەدەنی، بەم پانتایە و ژومارەیە بێوێنە بوو.

ئەم مانگرتنە میلیۆنییە، شارستانییە، کۆمەڵایەتییەی کوردستان دوو دەرهاویشتەی گرینگی هەبوو: یەکەم، پەیامێک بوو بۆ داگیرکەر کە لە دوای ١٠٠ ساڵ بەتایبەت لە ٤٠ ساڵی ڕابردوودا، لەگەڵ ئەوەی پەنای بۆ هەموو ئامرازێک بردووە، هیچ پێگە و جێگەیەکی لە کوردستاندا نییە و لە سەر خاکی کوردستان بێگانەیە و بوونی ئەو تەنیا بەهۆی هێزی سەربازی و میلیتاریزەبوونی کوردستانە. دووهەم، ئەم مانگرتنە ئەزموونێک بوو، تاقیکارییەک بوو، کە لە ئەنجامیدا دەرکەوت کە ناسیۆنالیزمی ئێرانی لەدوای ١٠٠ ساڵ هەوڵدان، لە ئامانجی خۆی واتە درووستکردنی "نەتەوەی ئێران" و پێدانی شوناسی ئێرانی بە کورد سەرکەوتوو نەبووە و بەپێچەوانە کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەلماندی کە پێداگرە لەسەر شوناسی نەتەوەیی خۆی.

### ئاستەنگەکانی بەردەم خەباتی شوناسخوازانە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە کورتخایەندا

١- یەکریزی و یەکگرتوویی هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەتایبەت لەم دۆخە هەستیارەی ئێران و ناوچە کە تێیدان زۆر لەوەی کە دەبێ ببێ کەمترە و، لەو نێوەدا بە تایبەتی هیچ پاساوێک نییە بۆ یەکنەگرتنەوەی دێموکراتەکان، وەک دوو هێزی سەرەکیی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە میراتێکی هاوبەشی ٦٠ ساڵە، کە لەم خەباتە شوناسخوازییەی کورد

لەم بەشەی کوردستان پشکی شێریان بەردەکەوێ. وەدوادان و سەرنجنەدان بە ویستی کۆمەڵانی خەڵک و بەهەندنەگرتنی ئەو کەمپەین و واژۆیانەی کە بۆ ئەم مەبەستە ئەنجام دەدرێن، لەبەر چاوی وشیاری کۆمەڵانی خەڵک ون نییە و خۆدزینەوەیە لە ئەرکی نیشتمانی.

٢- ئەو ناسیۆنالیزمە کولتوورییەی کە لە ناوچەکانی خوارووی کوردستان (کرماشان و ئیلام) لە ساڵانی ڕابردوودا دەرکەوتووە، دەبێ گرینگی پێ بدرێ و ڕەهەندی سیاسی بەخۆیەوە بگرێ، تا کۆتایی بە ناهاوسەنگی تێکۆشانی شوناسخوازیی ناوچەکانی کوردستان بێ.

٣- پێکهاتەی کۆمەڵناسیی سیاسیی کوردستان تووشی گۆڕان هاتووە و لە ئەنجامیدا چینێکی ناوەندیی نوێ دەرکەوتووە. ئەم چینە کولتووری تایبەت بەخۆی هەیە و بە زمان و ئەدەبیات و مێتۆدی دەیەی ٦٠ ئاخاوتنی لەگەڵ ناکرێ.

## باشووری کوردستان

لە پاش کۆتایی شەڕی یەکەمی جیهانی و هەڵوەشانی ئیمپراتۆریی عوسمانی، لەسەر خواستی هێزە سەرکەوتووەکانی ئەم شەڕە لە سەر میراتی ئەو ئیمپراتۆرییە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، چەندین وڵاتی تازە کە ئەفسەرانی ئینگلیسی بە خەتکێش سنووریان بۆ دیاری کردن، هاتنە سەر نەخشەی جوغرافیا. یەک لەو دەوڵەتانە عێراق بوو، کە لە ڕاستیدا میعمارەکەی خانمێکی ئینگلیسی بوو بەناوی "گرتروود بیل".

عێراق چوارچێوەیەکی دەسکرد بوو کە هەم شا و هەم خاکیان بۆ قەرز کرد. شایان (فەیسەل) لە سعوودی و خاکیان لە کوردستان بۆ قەرز کرد - کوردستان لە ساڵی ١٩٢٤ بە عێراق لکێندرا - . ئەو چوارچێوەیە وەک موزاییک لە چەندین نەتەوە و کەمەنەتەوە و ئایین و ئایینزای جیاواز پێک هات، کە یەک لەوان کورد بوو، کە بەپێچەوانەی حەز و ویستی خۆی لەو چوارچێوەیان پەستاوت.

هەر لە سەرەتای درووستبوونی دەوڵەتی عێراقی عەرەبی سوننە کە خۆی کەمینە بوو لە ئاست عەرەبی عێراق، دەستی بە سەر هەموو کاروباری دەوڵەتدا گرت و هەوڵی دا لە ڕێگەی سیستمێکی کارگێڕی و خوێندن و پەروەردەی مەرکەزییەوە، بێ گوێدانە ئەوەی کە نەتەوە و ئێتنیکی جیاواز لە عێراق دەژین، ناسنامەی عەرەبی و زمانی عەرەبییان بە سەردا بسەپێنی و بەکورتی و بە پوختی هەوڵی هاوشوناسکردنی عێراقی دا. کورد بەرامبەر بە هەوڵی ناسیۆنالیزمی عەرەبی بۆ

هاوشوناسکردنی عێراق وەستایەوە و ئامادە نەبوو ناسنامەی عەرەبی قبووڵ بکا و بۆ سەلماندنی شوناسی نەتەوەیی خۆی دەستی کرد بە خەبات و تێکۆشانێکی فرەڕەهەند. لووتکەی ئەم خەباتە شوناسخوازییە شۆڕشی ئەیلوول و شۆڕشی نوێ بوون کە سەرجەم نیزیک بە ٣٠ ساڵی خایاند.

هەرچەندە هەموو دەوڵەتە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق هەوڵی سڕینەوەی شوناسی کوردیان داوە، بەڵام ئەو هەوڵە لە سەردەمی دەسەڵاتداریی حیزبی بەعس لە ساڵی ١٩٦٨ەوە گەیشتە چڵە پۆپەی خۆی. داگیرکەر بە گرتنەبەری سیاسەتی تەرحیل، تەهجیر، تەعریب و تەبعیس و هەروەها پاکتاوکردنی ڕەگەزی (ئەنفال و کیمیاباران) و سیاسەتی زەوی سووتاوە - کە بریتی بوو لە وێرانکردنی گوندەکانی سنووری کوردستان لەگەڵ تورکیە و ئێران بەقووڵایی ٢٠ کیلۆمیتر و لەگەڵ خاک یەکسانکردنی شار و شارۆچکەکان (قەڵادزێ و سەنگەر)- کەمەری بە خاپوورکردنی کوردستان بەستبوو. بەڵام ئێستا کورد لە چ دۆخێکدایە لە باشووری کوردستان؟ ٧٠ ساڵ سیاسەتی داگیرکەر بۆ تواندنەوەی نەتەوەی کورد بە کوێ گەیشت؟

**یەکەم**: ٢٧ ساڵە کورد لە باشووری کوردستان خۆی، خۆی بەڕێوە دەبا لە ڕێی هەموو ئەو دامودەزگا و دامەزراوانەی کە پێویستن بۆ بناغەی دەوڵەتێکی نەتەوەیی و، بەکورتی هەموو واژۆیەک لە کوردستان بەدەست کوردە.

**دووهەم**: ٢٧ ساڵە لە کوردستان، زمانی ڕەسمی زمانی کوردییە. ئەو زمانەی کە لە ڕۆژهەڵات خوێندن و نووسین و، لە باکووری کوردستان ئاخاوتنی پێ قەدەغە بوو. گرینگی ئەم دەسکەوتە نەتەوەییە کاتێک دەردەکەوێ کە دەبینین بەسەدان زمان لە جیهاندا لە نێوچوون و چوونەتە خانەی زمانە مردووەکان، واتە ئەو زمانانەی کە کەس قسەیان پێ ناکا. بۆ تەنزی تاریخیش بێ با نموونە بە "ساطع الحصری" بێنمەوە کە لە ئەندازیارانی سەرەکیی ناسیۆنالیزمی عەرەبی بوو لە عێراق، کە لایەنگری قوتابخانەی ناسیۆنالیزمی ئاڵمانی (فیختە و هێردر) بۆ نەتەوە بوو، کە زمان بە توخمی سەرەکیی نەتەوە دادەنێن. حوسەری دەیگوت: "نەتەوەکان تەنیا بەهۆی زمانیان لێک جیا دەکرێنەوە". ئێستا نیزیک بە ٣٠ ساڵە کە زمانی نەتەوەکەی حوسەری زمانی ڕەسمی نییە و وەچەی نوێ لە باشووری کوردستان تەواو لەگەڵی بێگانەیە.

**سێهەم**: لە باشووری کوردستان پارەکە لە مانگی ئەیلوولدا بۆ یەکەم جار لە مێژووی کورد، ئەو هەلە بۆ کورد ڕەخسا کە بڕواتە سەر سندووقی دەنگدان تا لە سەر گرینگترین پرسیاری سیاسیی ژیانی خۆی بڕیار بدا، ئەوە ئامانجی ستراتێژیکی هەر بزووتنەوەیەکی ڕزگاریخوازە کە هەوڵ دەدا پێی بگا. کورد لە باشووری کوردستان ئەم فورسەتەی وەدەست هێنا.

**ئاستەنگەکانی بەردەم خەباتی شوناسخوازیی کورد لە باشووری کوردستان لە کورتخایەندا**

**یەکەم**: نەبوونی هاوسەنگی لە نێوان چینەکانی هەژار و دەوڵەمەند، کە گەندەڵییەکی سەر سوورهێنەر پەرەی داوەتێ، یەکێک لە خاڵە لاوازەکان و لە ڕاستیدا پاشنەی ئاشیلی خەباتی شوناسخوازییە لە باشووری کوردستان. بەڕێکەوت نییە کە جووڵانەوەیەکی ئیعترازی بە هەڵگرتنی دروشمی دادپەروەرانە لە ماوەیەکی کورتدا و لە مەفتەعێکدا، نیو میلیۆن دەنگ بۆخۆی مسۆگەر دەکا. ئەم جووڵانەوەیە بەرهەمی ئەم کەلێنە چینایەتی - کۆمەڵایەتییەیە. ئەم دۆخە بەجۆرێک کارتێکەریی کردووەتە سەر ئینتمای نەتەوەیی لەو بەشەی کوردستان کە "د.سەلاحەددین خەدیو"، کارناسی مەسایلی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بێتە سەر ئەو باوەڕەی کە قۆناغی "پسا کوردی" لانیکەم لە دەڤەرێکی ئەم بەشە لە کوردستان دەستی پێکردووە.

**دووهەم**: نەبوونی گوتاری هاوبەش و هاوهەڵوێستی لە نێوان هێزە کوردییەکانی باشووری کوردستان لە بەرامبەر بەغدادا کارەساتبار دەبێ، هەر وەک کارەساتیشی لێ کەوتەوە.

## باکووری کوردستان

ئەگەر ناسیۆنالیزمی ئێرانی کوردی وەک عێل و عەشیرە و قەوم ناو دەبرد، یا لە عێراق لە دەستووری کاتیی ١٩٥٨ سەردەمی عەبدولکەریم قاسم دانی بە نەتەوەی کورد هێنابوو و بەگشتی لەم دوو وڵاتەدا (هەڵبەت عێراق زۆرتر) لە چوارچێوەی کولتووریدا مەجالی دەرکەوتنیان بە کورد دابوو، لە تورکیە دۆخەکە بە جۆرێکی تر بوو. لە تورکیە نە تەنیا فورسەتی ئەم دەرکەوتنە کولتوورییە سنووردارەش نەبوو، بەڵکوو لە بنەڕەتدا، حاشا لە بوونی کورد وەک عێل و عەشیرەش دەکرا و شوناس و ناسنامەی ساختە و تەزویری دەدرایە ۆاڵ و بە "تورکی چیایی" دەناسێندرا. بۆ وێنە: مادەی ٨٨ی دەستووری تورکیە (١٩٢٤) دەڵێ: "هەموو دانیشتووانی تورکیە بەبێ جیاوازیی ئایینی و نژادی گشتیان تورکن". مادەی ١٩ی هەمان دەستوور دەڵێ: "هەموو تورکەکان بەرامبەر بە یاسا یەکسانن". ئەمە یانی بێجگە لە تورک هیچ نەتەوە و ئێتنێکی تر لە تورکیە نییە. لە تورکیە هەر کە کۆمار ڕاگەیەندرا (١٩٢٣) سیاسەتی توانەوە و لە نێوبردنی کوردان وەکوو نەتەوە بوو بە ئامانجی کاربەدەستانی دەوڵەت. هەوڵی ناسیۆنالیزمی تورک بۆ سڕینەوەی شوناسی کورد لە ڕێگەی سەرکوتەوە بە ڕادەیەک بوو کە "نادر ئینتسار"، مامۆستای زانکۆ لە ئەمریکا و بەڕەگەز فارس دەڵێ: "لە سەدەی بیستەمدا هیچ وڵاتێک بە ڕادەی تورکیە بۆ لە نێوبردنی شوناسی نەتەوەیی کوردان هەوڵی نەداوە".

سێ ڕاپەڕینی (شێخ سەعیدی پیران ١٩٢٥)، (ئاراڕات ١٩٣٠) و (سەید ڕەزای دێرسیم ١٩٣٦)، کاردانەوەی کوردبوون بە سیاسەتی لە نێوبردنی شوناسی کوردان کە بەتوندی سەرکوت کران. کوودەتا یەک لەدوای یەکەکانی سەربازیی لە تورکیە (١٩٨٠، ١٩٧١، ١٩٦٠) و ڕۆڵی گرینگی سوپا لە ژیانی سیاسیی تورکیە لەو ساڵانەدا، نەیتوانی خەباتی شوناسخوازیی

کورد کپ بکا و لە دەیەی ٨٠ی زایینییەوە، بزاڤی ڕزگاریخوازیی کورد، لە بەگژداچوونەوە بە ناسیۆنالیزمی تورک چووە قۆناغێکی نوێیەوە و لە شێوازی خەباتی چەکدارانە، بۆتە یەکێک لە درێژترین جووڵانەوە چەکدارییەکانی مێژووی بزووتنەوە ڕزگاریخوازییەکانی جیهان.

ئەم بزووتنەوەیە هەر لە شاخدا قەتیس نەماوە و بە کەلکوەرگرتن لە زەمینەی ڕەخساو، خەباتی مەدەنی لە شارەکانیش هاوتەریب و پشتیوانییەتی، کە زۆر دەسکەوتی لێ کەوتۆتەوە.

ئێستا لە دوای ١٠٠ ساڵ ناسیۆنالیزمی تورک، توانیویەتی بە ئامانجی خۆی کە کۆتاییهێنان بە بوونی کورد بوو بگا؟ وڵامی ئەو پرسیارە نەخێرە، بەڵگە بۆ ئەم ئیدیعایە چییە؟

لە چەند ساڵی ڕابردوو لە هەڵبژاردنی پارلمانی لە تورکییە (HDP) ئەو حیزبەی کە نوێنەرایەتیی گەلی کورد دەکا لە دوو هەڵبژاردنی (٢٠١٥ و ٢٠١٨)دا بەشداری کردووە. دەوڵەتی تورک لە ساڵی ١٩٨٠ بەدوای کوودەتا سەربازییەکەی "کەنعان ئێڤرێن" بەربەستی ٥ لەسەدی کردە ١٠ لەسەد، تا بەم ڕێگەیە بەربەست دابنێ لە بەردەم هەر پارتێکی کوردی بۆ چوون بۆ پارلمان. بەڵام لەم دوو هەڵبژاردنەدا کورد بە شکاندنی بەربەستی ١٠ لەسەد و بگرە پتریش بە دەیان کورسیی پارلمان مسۆگەر دەکا. لە ڕاستیدا ئەم هەڵبژاردنانە پێش ئەوەی دەنگدان بێ بۆ هەڵبژاردنی نوێنەری پارلمان، دەنگدانە بە شوناسی نەتەوەیی و دەنگدانە بە ئەوەی کە من کوردم و تورک نیم.

کاتێک نیزیک بە شەش میلیۆن دەنگدەری کورد دەنگ بە ناسنامەی نەتەوایەتیی خۆی دەدا، نیشانەی شکستی ستراتێژی ناسیۆنالیزمی تورکە لە ئاست کورد. با لە وتەکانی وەزیرێکی دەرەوەی سەردەمی ئاتاتورک (١٩٢٣ -١٩٣٨) کە ڕەشترین قۆناغی مێژوویی کوردەکان بوو لە تورکیە، لە زمان کریس کۆچێرا، ورد ببینەوە، ئەمجار قووڵایی شکستی ناسیۆنالیزمی تورک لە کوردستانمان بۆ دەردەکەوێ. وەزیرێکی دەرەوەی تورک لە میوانداریەکی سیاسیدا بەڕاشکاوی دەڵێ: "حکوومەتەکەی دەیهەوێ هەر چۆنێک بێ کوردەکان لە ئاناداۆل دەر بکا، ئێستا کەمتر لە ٥٠٠ هەزار کورد لە تورکیە دەژین، ژمارەیەکی زۆر بۆ عێراق و ئێران ڕادەکەن، ئەوانەی ماون تووشی ئەو چارەنووسە دەبن، کە خۆیان نەگونجاندووە و لە نێو دەبرێن".

### ئاستەنگەکانی بەردەم خەباتی شوناسخوازیی کورد لە باکووری کوردستان لە کورتخایەندا

سەرەڕای بەرەو پێش چوونی خەباتی شوناسخوازیی کورد لە باکووری کوردستان و شکستی ستراتێژیکی تورک لە بەرامبەر

کورد کە بەرهەمی خەباتی شاخ و شار بە مانای واقعی وشەیە، هێشتا دەنگدەری کورد هەیە کە دەنگ بە حیزبی تورکی دەدا و ژمارەشیان گەلێک زۆرە. ئەم دیاردەیە دەبێ خەسارناسیی جیدی بۆ بکرێ و ئەو دەنگدەرانە دەبێ تێ بگەیەندرێن، ئەم دەنگدانەیان بە مانای پشتکردنە لە نەتەوەکەی و حاشاکردنە لە ناسنامەی نەتەوەیی خۆی.

### ڕۆژئاوای کوردستان

دەوڵەتی سووریەش لە دابەشکردنی میراتی ئیمپراتۆریی عوسمانی بەهۆی فەڕانسە و بریتانیا لە دوای شەڕی یەکەمی جیهانی هاتە سەر نەخشەی جوغرافیا. لەگەڵ دروستبوونی ئەم دەوڵەتە بچووکترین بەشی کوردستانی پێ بڕا. ئەم وڵاتە تا لە ژێر قەیمومییەتی فەڕانسەدا بوو، کوردەکان هەندێک دەرفەتی چالاکیی کولتوورییان هەبوو، بەڵام بە هاتنە سەر دەسەڵاتی نەتەوەپەرستەکانی عەرەب، نە تەنیا ئەو دەرفەتانەش نەمان؛ بەڵکوو لە مافە نەتەوایەتی و سیاسییەکانیش بێبەش کران.

لە درێژەی سیاسەتی دژبەکورد لە سووریە بە هۆی نەتەوەپەرستەکانی عەرەب لە ساڵی ١٩٦٢ لە سەرژمێرکردنی پارێزگای حەسەکە، ١٢٠ هەزار کورد لە ئامار حەزف و لە ناسنامەی سووری و مافەکانی هاووڵاتی بێبەش بوون. هەر لە هەمان ساڵدا دەوڵەتی ناوەندی دەستی کرد بە دروستکردنی پشتێندی عەرەبی. بەپێی ئەو پرۆژەیە دەبوو تەواوی کوردەکانی سنووری تورکیە بۆ ناوچە عەرەبییەکان ڕابگوێزرێن و لە شوێن ئەوان عەرەبەکان نیشتەجێ بکەن. کە ئەمە شتێک نەبوو، جگە لە سیاسەتی جیاوازیی ڕەگەزی"ئاپارتاید". بە هاتنە سەر کاری بەعسییەکان سیاسەتی لەنێوبردنی کوردەکان ڕەچاو کرا، بە جۆرێک یەکێک لە ڕێبەرانی بەعس بەناوی "محەممەد تالب هیلال" لە نامیلکەیەکدا بەرنامەی لەنێوبردنی نەتەوەی کوردی لە سووریە داڕشت. بەڵام ئێستا کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان لە چ بارودۆخێک دایە؟ سیاسەتی جیاوازیی ڕەگەزی "ئاپارتاید" و پرۆژەی "محەممەد تالب هیلال"ی بەعسی بە کوێ گەیشت؟

لە ڕابردوودا لە ڕۆژئاوای سووریە جووڵانەوەیەکی سەربەخۆ و گشتگیری کوردی لە ئارادا نەبوو، تەنیا پارچەیەکی کوردستانە کە خەباتی چەکداری بەهۆی سروشتی جوغرافیایی (زۆرتر پێدەشت) تێیدا ئەنجام نەدراوە و هەر بۆیەش پرسی کورد لەم بەشەی کوردستان بەو جۆرەی کە دەبێ بە ڕۆژەڤ نەبووە و تەنانەت لە کتێبە کلاسیکەکانی مێژووی کورد، هێندێک لە مێژوونووسانی بیانی ئاوڕیان لەم پرسە نەداوەتەوە. بەڵام ئێستا کورد بە قۆستنەوەی ژیرانەی ئەم هەلومەرجەی کە لە ساڵی ٢٠١١ەوە، سووریە تووشی هات، توانیویەتی پرسی کورد لەم بەشەی کوردستان بە جۆرێک بەڕۆژەڤ بکا کە بە واقعی پێی بگوترێ "شۆڕشی ڕۆژئاوا". ئێستا کورد لە سێ پارێزگا (کانتۆن) دوو کانتۆنی خۆی ئیدارەی دەکا. دەسکەوتەکانی دیپلۆماسی و سەربازیی کورد حاشاهەڵنەگرە. لە کاخی ئێلیزە لەلایەن سەرکۆماری فەرانسەوە میوانداری لە ئاسیە عەبدوڵلا

و نەسرین عەبدوڵڵا وەک نوێنەرانی کوردی ڕۆژئاوا دەکرێ، بە وتەی "هێمن سەیدی" نیزیک لە ناوەندەکانی ئاکادێمی لە ئینگلیستان پتر لە ١٠٠ تێزی ماستەر و دوکتورا و سیمینار لە زانکۆکانی دەرەوەی وڵات لەسەر ڕۆژئاوا نووسراوە و بەڕێوە چووە. ئێستا ئیتر زاراوەی "ڕۆژئاوا" لە چاپەمەنی و میدیای دەرەوەدا وەها جێی گرتووە کە کەمتر باکووری سووریە بە کاردەبرێ. هەروەها ڕۆڵی سەرەکیی کورد لە تێکشکانی گەورەترین و مەترسیدارترین گرووپی تیروریستیی جیهان "داعش" لە سووریە و گرتنی پێتەختی دەوڵەتی ئەو گرووپە، پرستیژ و ئیعتباری کوردی لە بیروڕای گشتی جیهاندا بردە سەر. هەمووی ئەم دەسکەوتانە وایکردووە کە بە جیهانی نیشان بدرێ کە سەتی ١٠ی سووریە کوردن و لە دارشتنەوەی سووریەی نوێدا لە بەرچاونەگرتنی شوێن و پێگەی کورد غەیری موممکینە.

### ئاستەنگەکانی بەردەم خەباتی شوناسخوازیی کورد لە ڕۆژئاوا لە کورتخایەندا

ئەگەر لە شەڕ لەگەڵ "داعش" دا پاساو هەبوو کە یەکدەست نەبوونی هێزی سەربازیی کورد، دەرهاویشتەی نگەتیڤی لێ دەکەوتەوە. لە قوناخی "پساداعش" دا ئەم پاساوە لە جێی خۆیدا نییە و بەرفراوانتر بوونی بەرەی کورد، قورسایی پتر دەبەخشێتە کورد لە موعادلاتی ئەم وڵاتەدا.

### ئاکام

ئێستا لە دوای ١٠٠ ساڵ ئەگەر بەراوردێک بکەین لە نێوان وەدیهاتنی ستراتێژیی ناسیونالیزمی عەرەبی، ئێرانی و تورکی بەرامبەر بە کورد و خەبات و تێکۆشانی کورد بۆ شکست پێهێنان بەم ستراتێژییە، دەبینین ئەوە داگیرکەرانن کە شکستیان هێناوە، و نەیانتوانیوە ئەم ستراتێژییە وەدی بێنن، چونکە نەیانتوانی کورد لە ناو بەرن، نەیانتوانی ناسنامەی خۆیانی بەسەردا بسەپێنن و لە کولتوور و نەتەوەی خویاندا ئاسیمیلەی بکەن و لە هاوشوناسکردنی وڵاتەکەیان ناکام بوون. ئەو ستراتێژییە بۆیە شکستی هێنا، چونکە کورد نەیهەویست ببێ بە تورک، بە ئێرانی و بە عەرەب و خۆی پێ لەوان جیاوازە. لە بیرمان نە چێ لە ڕێرەوەی مێژوودا چەندین نەتەوە لە ناو چون و شوێنەواریشیان لە پاش بەجێ نەما، هەر لەم ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستە نەتەوە هەبوو کە سەردەمێک گەورەترین ئیمپڕاتوریی ناوچەکە بوو، بەڵام ئێستا گوندێکی بەدەستەوە نییە. ئەوە کوردە کە ڕۆژ بە ڕۆژ لە سەلماندنی شوناسی نەتەوەیی خۆی پێداگرتر و سوورترە و زۆرسەرکەوتنی گەورەی وەدەست هێناوە. ئەوە بۆ یەکەم جارە لە ١٠٠ ساڵی ڕابردوودا هاوکات لە هەر چوار پارچەی کوردستان خەباتی شوناسخوازی لە ئارادایە.

### دوا وتە

هێگل فەیلەسوفی ئاڵمانی سەردەمێک بەو ئامانجە گەیشت، هیچکەس، هیچ کات لە مێژوو شتێک فێر نەبووە و دەرسی وەرنەگرتووە. ڕەنگە ئەو وتەیە وەک حوکمێکی ڕەها و موتڵەق بێتە بەرچاو، بەڵام لانیکەم لەسەر داگیرکەرانی کوردستان سادقە. ئەگەر سەیرێکی پرۆسەی بە دەوڵەتبوونی نەتەوەکان لە ١٠٠ ساڵی ڕابردوودا بکەین دەرس وەرنەگرتنی داگیرکەرانی کوردستان لە مێژوو دەردەکەوێ.

لە ساڵی شۆڕشی فەڕانسە (١٧٨٩) لە هەموو جیهاندا ٢٣ دەوڵەت هەبوو. لە پێش شەڕی یەکەمی جیهانی (١٩١٤) ژمارەی دەوڵەتانی قارەی ئەفریقا نەدەگەیشتە ژمارەی پەنجەکانی دەستێک، هەموو ئەم قارەیە موستەعمەرەی وڵاتانی بەریتانیا، پورتەقاڵ، بلژیک، فەرانسە و و هولەند و... بوون؛ ئێستا ژمارەی وڵاتانی ئەم قارەیە پتر لە ٥٠ وڵاتە. لە کاتی درووستبوونی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی ١٩٤٥ ژمارەی ئەو وڵاتانەی بوون بە ئەندام لەو ڕێکخراوە نەدەگەیشتە ٦٠ وڵات لە دەیەی ٥٠، ٦٠ و ٧٠ی زایینی پتر لە سەد وڵاتی تازە هاتنە سەر نەخشەی جوغرافیا، ئێستا ١٩٧ وڵات لە ڕیکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان خاوەنی کورسین.

داگیرکەرانی ئەو وڵاتانە ناچار بون لە ئاست ئیرادەی نەتەوە سەربەخۆخوازەکان هەنگاو بە هەنگاو پاشەکشە بکەن. داگیرکەرانی کوردستان نە لە بەریتانیا، نە لە فەرانسە، نە لە ئامریکا و نە یەکێتی سۆڤییەت بە هێزتر نین کە ناچار کران هیندوستان، ئەلجەزایر، ڤێتنام و ئەفغانستان بەجێ بێڵن.

--------------

لە ڕۆژی ئاڵا و پێشمەرگەدا ئارەزووی سەرکەوتن بۆ چەکداری بە بیرو باوەڕی کورد لە بەرگری لە شوناسی نەتەوەکەمان دەخوازم، چ پێشمەرگە، چ گریلا، و چ شەڕڤان. هیوادارم ڕۆژێک بێ "پەشێو"ی شاعیر چیتر ئەو چیرۆکەی بۆ مناڵان نەگێڕێتەوە کە چۆنیان بەسەردا ڤیژاندووە: بۆ دەرەوە ئەی بێ وڵات، ئەی بێ ئاڵا، چون ڕەشی بینی ئاڵای هەبوو، سپیی بینی ئاڵای هەبوو و هەر چی بینی بووی ئاڵای هەبوو.

ئۆمێد دەخوازم کە هەموو هاونیشتیمانێکی کورد بە ئایدولوژیای جیاواز، دنیابینیی جیاواز و بە ڕۆئیای جیاواز لە ژێر یەک ئاڵادا کۆ بێتەوە. هەر کوردێک ناسیونالسیت یا ئینترناسیونالیست، لیبراڵ یا سۆسیالیست، موحافزەکار یا شۆڕشگێر و بە گشتی چەپ، ڕاست، میانە و موتەدەین دەتوانێ نیشتمانی خۆش بوێ. چون خۆشەویستیی نیشتمان لە پاوانی کەسدا نییە.

* ئەم وتـارە لەلایەن نووسـەرەوە لە ڕێوڕەسمی ڕۆژی ٢٦ی سـەرماوەز، ڕۆژی ئـاڵا و پێشمەرگەی کوردستان لـە قـەڵای دێموکرات پێشکێش کراوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٨ی دێسەمبەری ٢٠١٨

------------------------------------

## ئانتۆلۆژیی پێشمەرگە (پارێزەری ماف و ئازادی نەک کەرەستەی دەسەڵات)



**حەسەن شێخانی**

چەمکی پێشمەرگە چییە؟ پێشمەرگە کێیە؟ ئامانج و ئەرکەکانی کامانەن و لە پێناوی چیدا تێ دەکۆشێ؟ چ شتێک پێشمەرگە لە چەکدارێکی ئاسایی جیا دەکاتەوە؟ ئەمانە ئەو پرسیارانەن لەم نووسینەدا بە کورتی تەتەڵەیان دەکەین.

دەکرێ پێکهاتە و چوارچێوەی باسەکە بەم شێوەیە دابڕێژین و هێڵە گشتییەکانی ئاوا ڕەنگرێژ بکەین: ئێمە لەگەڵ دوو پێناسە بەرەوڕووین، لەگەڵ دوو ڕەهەند یان ڕووکار بەرەوڕووین: ڕەهەندیی بنچینەیی و دیوی ناوکیی چەمکی پێشمەرگە و ڕەهەندی سەرخان و ڕوخساری پێشمەرگە. یان باشترە بڵێین لەگەڵ جەوهەر و سروشتی پێشمەرگە لە لایەک و، فۆرم و دەرکەوتەکانی پێشمەرگە لە لایەکی دیکە.

پێشمەرگە لە سروشت و جەوهەری خۆیدا و بەدوای ئەمەشدا لە کارکردیدا، سیستمێکی مانایییە، چوارچێوەیەکی ڕوانینە، کە ئاغا و کۆیلەتی دەباتە ژێر پرسیار و دژایەتیی دەکا و، دەیەوێ خۆی سەروەر و بڕیاردەری ژیانی بێ. لە لایەکی دیکەش

پێشمەرگە لە شێوە و فۆڕمێکی دیاریکراوی هێزێکی نیزامی و چەکداردا بەرجەستە دەبێ. ئەوەی بە لای منەوە گرینگترە، پێناسەی یەکەمە، نە لەبەر ئەوەی کە لە بایەخی پێناسەی دووەم یان ڕەهەندی دووەم کەم بکەمەوە، بەڵکوو لەبەر ئەوەی کە پێناسەی یەکەم لە ڕووی وجوودییەوە، دەستپێک و بنەمای پێناسەی دووەمە. پێناسەی دووەم تەنیا شکڵ و فۆڕمێکی دیاریکراو و کۆنکرێتی جەوهەر و فەلسەفەی پێشمەرگەیە. وەک لە نێوئاخنی ئەم وتارەشدا شی دەکرێتەوە، ئەم نێوەرۆک و سروشتە دەکرێ فۆڕم و شێوەی دیکەش وەربگرێ؛ جیاواز و هاوتەریب و هاوئاڕاستە لەگەڵ فۆڕمی چەکداریدا.

هەروەها نێوەرۆکی ئەم وتارە لەسەر دابەشکاریی دوو قۆناغی پێش و پاش ڕزگاریدا و، چۆنیەتیی هەڵسوکەوتی پێشمەرگە لە هەرکام لەو قۆناغانەدا، بیچم و شکڵ دەگرێ. واتە ئەم شیکردنەوەیە دەچێتە نێو چوارچێوە و قاڵبی ئەم قۆناغبەندییەشەوە.

لەم وتارەدا پێناسەیەک لە پێشمەرگە دەخرێتە ڕوو، کە زیاتر پێناسەیەکی "تجویزی" و بەهامەندە، واتە پێشمەرگە دەبێ وابێ.

لە وتەیەکدا دەتوانین ئاوا بڵێین: پێشمەرگە مرۆڤێکی ئازادە، کە لە پێناو دەستەبەریی ماف و ئازادیدا تێدەکۆشێ. ئێستا ڕۆدەچین بە ناخی ئەم چەمکەدا و ئەسڵ و ئەساسی پێشمەرگە ڕوون دەکەینەوە.

چەمکی پێشمەرگە هەڵگری بەرهەڵستیی زوڵم، خۆڕاگری و، بەرەنگاریی داگیرکەری و چەوسانەوەیە. ئەم چەمکە ڕۆحی بەرجەستەی خەباتە. چەمکێکە کە زێهنییەت و بەرجەستەبوونی مادیی خەباتی، لە خۆیدا ئاوێتە و یەکانگیر کردووە. پێشمەرگە مرۆڤێکی وشیارە کە بیری ئازاد لە زەینیدا چەکەرەی کردووە و پێگەیشتووە و، ئامانجی ئەوەیە خۆی سووژە و بکەری ژیانی بێ.
چەمکی پێشمەرگە ئامرازبوونی مرۆڤی کورد و ئۆبژە و بابەت بوونی، دەباتە ژێر پرسیار و ئیرادەی ڕاستەقینەی گەڕانەوەی بکەر و سووژەبوونی مرۆڤی کوردە؛ سووژە و بکەرێکی ناسکار و خودموختار و ئازاد، کە خۆی پێوەندییەکانی ژیانی ڕێک بخا و دابڕێژێ؛ خۆی ژیانی دیزاین بکا و بینەخشێنێ و ئاڕاستەکەی دیاری بکا.

پێشمەرگە ئۆگری شەهیدبوون و ئاشقی مەرگ نییە؛ لە پێناوی ژیانی نادیاری پاشەڕۆژدا ناجەنگێ، بەڵکوو لە پێناوی ژیاندا، لە پێناوی ژیانی خۆی و مرۆڤەکانی دیکەدا دەجەنگێ. پێشمەرگە ژیاندۆستە و بەگژ مەرگدا، بەگژ ئەوانەدا، کە مافی ژیان لە مرۆڤەکان دەستێننەوە، بۆ ئەوەی ئاغایەتیی خۆیان بسەلمێنن و بەردەوام بکەن، دەچێتەوە.

پێشمەرگە لە پێناوی بەرژەوەندیی دەسەلاتداراندا، ئازادیی مرۆڤەکان زەوت ناکا، چونکە ماهییەت و جەوهەری پێشمەرگەبوون خەباتە لە پێناوی ژیانێکی ئازادانەدا، کە مرۆڤەکان وەک مرۆڤ مامەڵەیان لەگەڵ بکرێ و لە مافە سروشتی و وجوودییەکانی خۆیان بەهرەمەند بن.

لەژێر تیشکی ئەم مانا جەوهەری و گشتگیرەی سەرەوە، پێشمەرگە لە فۆرمی هێزێکی چەکداردا، لە بزاڤی ڕزگاریخوازیی کورددا ڕۆڵێکی گەورەی هەبووە. لە قۆناغێکی دیاریکراودا، ڕۆڵی هێژمۆنیکی هەبووە و ڕەهەندەکانی دیکەی خەباتی بردۆتە ژێر باندۆر و کاریگەریی خۆیەوە. بە هەموو ئەو گرینگییەی کە هەیەتی، پێشمەرگە وەک هێزێکی چەکدار، بەشێکی پازێلی خەباتی کوردە و بەپێی هەلومەرجەکان ڕۆڵی دیاری دەکرێ. بەم پێیە پێشمەرگە لەگەڵ توخمەکانی دیکەی جڤاک و لە بەستێنی پێویستییەکانی خەباتدا، نەقشی هەیە و، وەک فاکتەرێکی بزوێنەر و ناوکیی کۆمەڵگە، پێوەندییەکی دوولایەنە و ئۆرگانیکی لەگەڵ کۆمەڵگە هەیە.

پێشمەرگە مرۆڤێکی یاخییە دژی سیستەم، ئەو سیستەمەی قبووڵ نییە کە لەسەر بنەمای ئاغا و کۆیلەتی ڕۆ نراوە. پێشمەرگە تەنیا لە پێناوی خۆیدا یاخی نابێ بەڵکوو لە پێناوی هەمووان‌دا ڕادەپەڕێ و هەمووانیش بانگهێشت لە دژی سیستەمی چەپێنەر و کۆیلەکەر ڕاپەڕن. لە ڕاستیدا هاواری پێشمەرگە، هاواری هەمووانە.

پێشمەرگە ڕووبەرێک و شێوەیەکی لە خەبات هەڵبژاردووە بۆ بەدەستهێنانی ماف و ژیانی ئازاد. لە پاڵ ئەم ڕووبەر و شێوە خەباتەدا، ڕووبەر و شێوە خەباتی دیکە هەن کە دەکرێ لە ڕێگایانەوە دژایەتیی سیستەم بکرێ. ئەو دژی پاوانخوازی و مۆنۆپۆلخوازییە؛ نە لە قۆناغی شۆڕشدا ڕووبەرەکانی خەبات پاوان دەکا و نە دوای ڕزگاریش، کایە جۆراوجۆرەکانی ژیان مۆنۆپۆل دەکا. لە هەر دوو قۆناغەکەدا پلۆرالیزم و فرەچەشنی ڕەچاو و پیادە دەکا و جڵەوی ئەسپی سەرکەشی زێدەخوازیی ناوکیی خۆیشی، وەک مرۆڤ، دەکا. پێشمەرگە هیچ کات نایەوێ فرەڕەنگیی ژیان بکوژێ و تەنیا ڕەنگێکی تایبەتی لێ بدا.

خەبات لە دژی سیستەمی سەرەڕۆ کورت ناکرێتەوە بۆ کایەیەکی سیاسی و حیزبی. زۆر کایە، وەک کایەکانی: کولتووری، ئەدەبی، ژینگەیی و فکری هەن، کە دەکرێ لە ڕێگایانەوە کاری خەبات و شۆڕشگێڕی بکەی. خەبات و شۆڕشگێڕی لە شێوە و فۆڕم و کایەیەکدا قەتیس ناکرێ و نابەسترێتەوە.

پێشمەرگە بە ئەقڵییەت و میکانیزمی سیستمی داسەپێنەر ئیش ناکا؛ وک ئەو، دابەشکاریی "منی باش" و "ئەویدیی خراپ" ناکا، کە ئەویدیی خراپ شایانی پەراوێزخستن و سڕینەوە بێ. بەو ئەقڵییەتە ناجووڵێتەوە کە هەر کەس لەگەڵ من نەبوو خراپە و، ئەوەی لەگەڵ منیشە باشە و شایانی دەرەتان پێدانە.

پێشمەرگە پنتێک، ڕەگەزێک، ئەکتەرێک و کاراکتەرێکی خەباتە، لە پاڵ هەموو پنت و ڕەگەز و ئەکتەرەکانی دیکەی کۆمەڵگەدا و، لەگەڵ ئەواندا دەتوانێ لە ئامانجی نیزیک بێتەوە و پێی بگا.

باری خەبات قورسە و بەتەنیا بە پێشمەرگە هەڵناگیرێ، بۆیە پێویستە لە پلاتفۆڕم و ئاڕاستەیەکی هاوبەشدا، هەموو ئەکتەر و کاراکتەرەکانی دیکەی کۆمەڵگە بەشێک لە قورسایی ئەو بارە هەڵبگرن. یان دەکرێ ئاواش بڵێین کە، چەمکی پێشمەرگە بە مانا فراوانەکەی و، بانتر و بەرینتر لە هێزێکی چەکدار، هەموو ئەوانەش دەگرێتەوە کە لەم پلاتفۆڕم و ئاڕاستە هاوبەشەدا بەشدارن و ڕۆڵ دەگێڕن.

دوای قۆناغی ڕزگاری و لە قۆناغی دەسەلاّتداریدا، پێشمەرگە سوپایەکی نیشتمانییە کە نیشتمان دەپارێزێ و زەمینە دەڕەخسێنێ بۆ ئەوەی مرۆڤەکان لەوێدا، مومارسە و پراکتیکی ئازادیی خۆیان بکەن؛ نابێتە مەڤاش و میلیشیای هیچ حیزب و گرووپ و دەسەلاّتێک، کە ئەوانەی لە چوارچێوەی ئەجێنداکانیدا نەجووڵانەوە، سەرکوت و دەمکوتیان بکا. هەر کەسێک بوو بە چەکداری لایەنێک، بەکردەوە ناتوانێ پێشمەرگە بێ. پێشمەرگەبوون مانایەکی جیاواز و بەرینتری هەیە و بەو چەکدارەی کورد دەگوترێ کە گرێدراو و پابەندی چییەتی و فەلسەفەی چەمکی پێشمەرگە بێ.

لەژێر تیشکی ئەم پێناسەیەدا، پێشمەرگە و خەبات و ئازادی پێکەوە گرێدراون. خەباتی پێشمەرگە بۆ ئازادییە، ئازادیی تاک و کۆمەڵگە؛ ئازادیی ڕێکخستنی دڵخوازانەی ژیانی بەکۆمەڵ و تاکەکەسی. هەرکات ئەم ئازادییەی بەربەست کرد ئەوا لەگەڵ فەلسەفەی وجوودیی خۆی کەوتۆتە ناتەبایی و ناکۆکییەوە و خاڵێکی کۆتایی لە بەردەم خۆیدا داناوە. واتا پێشمەرگە تەنیا بە لادان لە سروشت و جەوهەریی خۆی دەبێتە چەپێنەری ئازادییەک، کە خۆی لە پێناویدا فیداکاری کردووە.

پێشمەرگە ئازادی هەڵناپەسێرێ بۆ پاشەڕۆژ؛ لە هیچ قۆناغێکدا ملکەچی قبووڵ ناکا. مێژووی گەلانی جیهان نیشانی داوە ئەوانەی پراکتیککردنی ئازادی بۆ داهاتوو دوا دەخەن، لە داهاتووشدا بە بیانووی دیکە دەیچەپێنن و سەرکوتی دەکەن. ئەگەر پێشمەرگە و کورد خوازیاری ڕاگرتنی پرێستیژی پێشمەرگەن، پێویستە لە هەموو قۆناغەکاندا پاڵپشت و پارێزەری

ئازادییەکان و بایەخە مرۆییەکان بن. کۆتا قسە ئەوەیە کە، ئازادیی سەرەتا و کۆتایی خەباتە و، خەباتی پێشمەرگەش لەم پێناوە دایە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢١ی دێسەمبەری ٢٠١٨

------------------------------------

## پارێزراویی یاسایی "پێشمەرگە" بە پشتبەستن بە ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان



ئارەزوو نستانی

پێشمەرگە وەک کاراکتەری سەرەکیی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد بۆتە هێما و ڕەمزی هەرمانی نەتەوەی کورد و دەورێکی گرینگ و بنەڕەتی لە گەشەی ڕەوتی ناسیۆنالیزم و نەتەوەسازیدا هەیە. بەستنەوەی ڕزگاریی نەتەوەیی بە پێشمەرگەوە بۆتە بەشێک لە کولتووری کۆمەڵگەی کوردەواری، هەر لە بەر ئەوەشە ناوی پێشمەرگە لە نێو گەلی کورددا شکۆ و پیرۆزییەکی تایبەتی هەیە.

لەو وتارەدا هەوڵ دراوە پێشمەرگە لە کۆنتێکستێکی فراوانتردا و لە بەستێنێکی بان کوردی و جیهانیدا بگونجێ بۆ ئەوەی بەرچاومان ڕوون بێ لەوەی ڕەواییەتی خەباتی پێشمەرگە بە تایبەت لە ڕووی چەکدارییەوە لە کوێوە سەرچاوە دەگرێ و ئایا دەکرێ پێشمەرگە لە چوارچێوەیەکی یاساییدا کەنارێکی ئەمنی بۆ بدۆزرێتەوە تا بتوانێ لە بەرامبەر پڕوپاگەندەی نەیاران و دوژمنانیدا خۆی بپارێزێ کە بەردەوام وەک هێزێکی یاغی و تیرۆریست و تێکدەری ئەمنیەتی میللی دەیناسێنن. ئەگەر بمانهەوێ ڕوونتر بدوێین ئایا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ڕوانینێکی حوقووقی و بەرگێکی یاسایی بۆ پێگەی پێشمەرگە

(وەک هێزێکی چەکداری نەتەوەیەکی داگیرکراو کە هەوڵی وەدیهێنانی ڕزگاریی دەدا) پێناسە کردووە؟

بۆ وەڵامدانەوە بەو پرسیار و ئەگەرانە پێویستە بە وردی بچینە نێو دەقی بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکان و پێشمەرگە بخەینە قالبێکی یاسایی کە مافی پارێزراوی نێودەوڵەتیی بۆ درووست ببێ.

بەر لەوەی بچینە نێو باسەکەوە پێویستە ئاماژە بەوە بکرێ کە یاسای نێودەوڵەتی کە بریتییە لە کۆمەڵە ڕێسا و پرەنسیپێکی بەهادار، دەبێت لەلایەن لایەنەکانی ئەو یاسایە کە بە زۆری دەوڵەتانن، جێبەجێ بکرێ و ئەگەر پێشێل بکرێن دەوڵەت بەرەوڕووی بەرپرسیارەتیی نێودەوڵەتی دەبێتەوە. هەروەها پێویستە بگوترێ ئەوەی لێرەدا باس دەکرێ قسەیە لە سەر هەڵوێستی یاسا نەک جێبەجێکردنەکەی. لە بەر ئەوەی زۆرجار دەوڵەتان پابەند نابن بەو پرەنسیپانەوە و ڕووبەڕووی تێچوویەکی وەهاش نابنەوە کە ناچاریان بکا ملی بۆ ڕاکێشن. ئەوە خۆی یەکێکە لە ئاریشەکانی سیستەمی نێودەوڵەتی و بە هەمان شێوە قانوونی نێودەوڵەتییە. تێبینییەکی دیکەش بە پێویست دەزانم؛ ئێمەی کورد خاوەنی ئەو هێزە نین هاوکێشەکان لە بەرژەوەندیی خۆماندا بگۆڕین و ئەوا پشتبەستن بە بنەما یاساییەکان دەتوانێ کاریگەرییەکی باشی هەبێ لە سەر بەرەوپێش بردنی پرسی نەتەوەییمان.

## جەنگاوەر بوونی پێشمەرگە پێشمەرجی پارێزراوی نێودەوڵەتی

بە پێی پرەنسیپەکانی یاسای نێودەوڵەتی کاتێک هێزێکی چەکدار سیفەتی جەنگاوەر وەردەگرێ، پارێزراوییەکی یاسایی بۆ دروست دەبێ و دەبێتە خاوەنی کۆمەڵێک ماف. واتە کاتێک جەنگاوەر بریندار دەبێ یان بە دیل دەگیرێ یان چەک دادەنێ، ئەوا دەبێ بە پشتبەستن بەو پرەنسیپانە ڕەفتاری لەگەڵ بکرێ نەک بە پێی یاسای نێوخۆیی وڵاتان.

یاسای نێودەوڵەتیی مرۆیی وەک لقێکی یاسای نێودەوڵەتی، جەنگ بە سەر دوو جۆردا دابەش دەکا:

- جەنگی نێوخۆیی؛ واتە ئەو جەنگەی لە نێوان هێزەکانی سەر بە دەوڵەت لەگەڵ گرووپێکی چەکدار لە ناو سنووری وڵاتدا ڕوو دەدا.
- جەنگی نێودەوڵەتی؛ ئەو جەنگەیە کە لە نێوان دوو یان زیاتر لە دوو دەوڵەتدا ڕوو دەدا.

لە سەرەتادا تەنیا جەنگی نێودەوڵەتی بابەتی یاسای نێودەوڵەتی مرۆیی بووە، واتە تەنیا شەڕکەرانی شەڕە

نێودەوڵەتییەکان سیفەتی جەنگاوەریان پێ بەخشراوە و لەو مافانە سوودمەند بوون کە لە دەقی ڕێککەوتننامەکاندا هاتوون. لە هەر چوار ڕێککەوتننامەی ژنێڤی ساڵی ١٩٤٩ کاتێک باس لە بریندار و نەخۆش و دیلی جەنگ و مافەکانیان دەکرێ و پاراستنی یاساییان بۆ پێناسە دەکرێ، مەبەست تەنیا پاراستنی جەنگاوەرە لە شەڕی نێودەوڵەتیدا و ئاماژەیەکی ئەوتۆ بە شەڕی نێوخۆیی ناکرێ، تەنیا لە مادەی سێهەمی هەر چوار ڕێککەوتننامەکەدا نەبێ کە دەوڵەت بە شێوەیەکی سنووردار بەرەوڕووی هیندێک ئەرک بەرامبەر شەڕکەران دەکرێتەوە. ئەو دۆخە لە بێدەنگی بەرامبەر شەڕکەرانی شەڕی نێوخۆیی بەردەوام بوو تا ئەوەی لە ساڵی ١٩٧٧دا پرۆتۆکۆلی دووەمی ژنێف بەسترا، کە تێیدا ئاماژە بەوە کراوە کە کاتێک بزووتنەوەیەکی ڕزگاریخواز بە مەبەستی دەستەبەرکردنی مافی چارەی خۆنووسین دەست بۆ چەک دەبا و دەکەوێتە جەنگ لەگەڵ دەسەڵاتی داگیرکاری ناوەندی، پارێزراوی دەدرێتە جەنگاوەرانی.

**یەکەم؛** پارێزراوی پێشمەرگە، ئەگەر جەنگەکە بە نێودەوڵەتی ئەژمار بکرێ

ئەگەر جەنگی نێوان هێزی پێشمەرگە و هێزی دەوڵەتە ناوەندییەکان بە جەنگێکی نێودەوڵەتی دابنرێ کۆمەڵە پرەنسیپ و بڕیارێک بۆ پاراستنی پێشمەرگە سەرهەڵدەدەن، بە پێی چەند سەرچاوەیەک کە باسیان دەکەین:

**أ**. بڕیارەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان

بڕیاری ژمارە ٣١٠٣ی کۆڕی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان کە لە ساڵی ١٩٧٣ دەرچووە لەژێر ناوی "پرەنسیپی بنچینەیی بۆ دانپێدانان بە جەنگاوەرانی دژ بە کۆلۆنیالی و داگیرکاریی بێگانە و جیاکاریی ڕەگەزی". بە پێی دەقی ئەو بڕیارە ململانێی چەکداریی گەلان دژی داگیرکاری و جیاکاریی ڕەگەزی بە جەنگی نێودەوڵەتی دادەنرێ و پرەنسیپەکانی هاتوو لە ڕێککەوتننامەکانی ژنێفی ١٩٤٩ جێبەجێ دەکرێن کە تایبەتن بە شەڕە ڕزگاریخوازەکان.

لێرەدا دەتوانین ململانێی چەکداریی پێشمەرگە هەم وەک ململانێ دژی کۆلۆنیالیزم و هەم لە چوارچێوەی جەنگ دژی ڕەگەزپەرستیدا جێ بکەینەوە، کە لە هەر دوو حاڵەتدا پێشمەرگە پارێزگاریی یاسایی هەیە.

**ب**. ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان

ڕێککەوتننامەی سێهەمی ژنێفی ساڵی ١٩٤٩: ئەم ڕێککەوتننامەیە تایبەتە بە باسکردن لە بارودۆخی دیلی جەنگ کاتێک

دەکەونە ژێر دەستی دوژمنەکانیان.

ئەو ڕێککەوتننامەیە دەتوانرێ لە سەر پێشمەرگە جێبەجێ بکرێ، لە بەرئەوەی پێشمەرگە خاوەنی هەموو ئەو تایبەتمەندییانەیە کە پێویستە لە جەنگاوەردا هەبێ کە لەو ڕێککەوتننامەیەدا هاتووە.

لە مادەی (٤) ئەو ڕێککەوتننامەیەدا دەڵێ: ئەو کەسانەی خوارەوە بە جەنگاوەر دادەنرێن کە لە کاتی دەستگیرکردنیان دەبن بە دیلی جەنگ و دەبێ بە پێی پرەنسیپەکانی ئەو ڕێککەوتننامەیە مامەڵەیان لەگەڵ بکرێ:

١- تاکەکانی هێزە چەکدارەکانی یەکێک لە لایەنە شەڕکەرەکان، یەکە خۆبەخشەکان، هەروەها شەڕکەرانی بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکان بە مەرجێک ئەو سیفەتانەیان تێدا بێ:

- لە ژێر بەرپرسیاریەتی و ڕێبەرایەتییەکی دیاریکراودا بن.
- هێمایەکی دیاریکراویان هەبێت کە پێی بناسرێنەوە.
- چەک هەڵگرتنیان بەئاشکرا بێ.
- پابەند بن بە یاسا و عورفی جەنگ.

٢- دانیشتوانی ئەو شوێنانەی کە چەک هەڵدەگرن لە کاتی نزیک بوونەوەی دوژمن، بەڵام کاتی تەواویان نەبێ بۆ خۆڕێکخستن، وەک جەنگاوەر پێناسە دەکرێن و لە کاتی دەستگیرکردنیان دەبێ وەک دیلی جەنگ مامەڵەیان لەگەڵ بکرێ.

**ج. پرۆتۆکۆلی یەکەمی پەیوەستکراو بە ڕێککەوتننامەکانی ژنێف**

هەروەها پرۆتۆکۆلی یەکەمی ساڵی ١٩٧٧ کە بە مەبەستی پرکردنەوەی کەموکورتییەکانی ڕێککەوتننامەی ژنێڤ دەرچووە، لە مادەی (١) خاڵی (٤)دا ململانێ چەکدارییە نێودەوڵەتییەکان بەو شێوەیە پێناسە دەکا:
"ئەو ململانێ چەکدارییانەی گەلان لە خەباتدا دژی دەسەڵاتی کۆلۆنیالی و داگیرکاریی بێگانە و دژی ڕەگەزپەرەستی بۆ وەدیهێنانی مافی چارەی خۆنووسین بەرپای دەکەن."

ئەو مافانە دان پیانراون بە پێی میساق و بەڵگەنامەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و جاڕنامەی گەردوونیی مافی مرۆڤ. کەواتە خەباتی چەکداریی گەلی کورد چ وەک خەباتیک دژی کۆلۆنیالی یان ڕەگەزپەرستی، دەبێتە ململانێیەکی

چەکداریی نێودەوڵەتی و لە قالبی نێوخۆیی دەردەچێ.

**دووەم؛ پارێزراویی پێشمەرگە ئەگەر جەنگەکە بە جەنگی نێوخۆیی ئەژمار بکرێ**

ئەگەر جەنگی نێوان هێزی پێشمەرگە و هێزی دەوڵەتە ناوەندییەکان بە جەنگێکی نێوخۆیی دابنرێ، بە پێی ئەو بەڵگەنامانەی خوارەوە پێشمەرگە دەبێتە خاوەن مافی پاراستن:

**أ. رێککەوتننامەکانی ژنێڤ ١٩٤٩**

لە مادەی سێهەمی هاوبەش لە رێکەوتننامەکانی ژنێف باسی ململانێی چەکداری نێوخۆیی کراوە کە لە ساڵی ١٩٤٩ پەسند کراون و لە ساڵی ١٩٥٠ کەوتونەتە بواری جێبەجێ کردن.

هەروەها لە پرۆتۆکۆلی دووهەمی زیادکراو بەو رێککەوتننامانە لە ساڵی ١٩٧٧، جەختی لە سەر کراوەتەوە. دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان ئەندامی ئەو رێککەوتننامانەن و تەنانەت ئێران هەر دوو پرۆتۆکۆلیشی ئیمزا کردوە.
ماددەی (٣)ی هاوبەشی رێککەوتننامەکان دەڵێ: "ئەگەر ململانێیەکی چەکداری سیفەتی نێودەوڵەتیی نەبێ و لە سەر خاکی یەکێک لە لایەنەکانی رێککەوتننامەکە ڕوو بدا، ئەوا دەبێ هەر یەک لە لایەنەکانی ململانێیەکە پابەندی کۆمەڵێک پرەنسیپ بن." واتە لێرەدا ئاماژەیە بەوەی یەکێک لە لایەنەکان هێزی چەکداری حکومەت بێ و لایەنەکەی تر کۆمەڵێک چەکداری هەڵگەڕاوە لە دەسەڵاتی بەرکار بن.

لێرەدا ئاشکرایە چەکدارانی سەر بە دەوڵەت پارێزراویی یاساییان هەیە و سەبارەت بە جەنگاوەرانی هێزی هەڵگەڕاوە، بە پێی ئەو ماددەیە ئەگەر حکومەت ڕابگەیەنێ کە ئەم پێکدادانەی کە لەنێوان هێزی حکومەت و هێزی هەڵگەڕاوەکان بەرپا بووە، ئەوا دەبێتە ململانێی چەکداریی نانێودەوڵەتی یان نێوخۆیی، بەم شێوەیە شەڕکەرانی هەڵگەڕاوە سیفەتی جەنگاوەر وەردەگرن و پارێزراویی یاساییان دەبێ.

لەو حاڵەتەدا هەست بە کەموکورتییەک دەکرێ بە نیسبەت پارێزراوی بۆ شەڕکەرانی گرووپی هەڵگەڕاوە، بەڵام لەم لایەنەوە پارێزراوی دەبینرێ کە لایەنەکان پابەند دەکا بەڕەچاوکردنی کۆمەڵێک پرەنسیپ نەک تەنیا بەرامبەر هێزە چەکدارەکان، بەڵکوو بەرامبەر خەڵکی سڤیلیش بەو شێوەیەی خوارەوە:

ئەو کەسانەی ڕاستەوخۆ بەشداری جەنگ ناکەن وەک ئەوانەی چەکیان داناوە، نەخۆشەکان، بریندارەکان و گیراوەکان کە لە هەموو حاڵەتێکدا دەبێ بە شێوەیەکی مرۆڤدۆستانە و بەبێ جیاوازیی ئیتنی و ڕەگەزی و ئایینی و بیرو باوەڕ و زێد و پایەی کۆمەڵایەتی ڕەفتاریان لەگەڵ بکرێت.

**ئەو کەسانەی کە ئاماژەیان پێدرا لە هەموو کات و شوێنێکدا نابێ ئەو هەڵسوکەوتانەیان لەگەڵ بکرێت:**

- بەکارهێنانی زەبرو زەنگ دژی ژیان و سلامەتیی جەستەییان و ئەتککردن و ڕەفتاری دڵ ڕەقانە و شکاندنی کەرامەتیان.
- بە بارمتە گرتن
- هەڵسوکەوت و حوکمدان بە بێ دادگاییەکی عادڵانە...هتد

**ب**. پرۆتۆکۆلی دووەمی ساڵی ١٩٧٧ کە لکێنراوە بە ڕێککەوتننامەکانی ژنێڤ

لە لایەکی ترەوە پرۆتۆکۆلی دووەمی ساڵی ١٩٧٧ کە لکێنراوە بە ڕێککەوتننامەکانی ژنێڤ لە ژێر ناوی (پاراستنی قوربانیانی ململانێ چەکداریە نێوخۆییەکان) سەرەڕای جەختکردنەوە لە سەر پرەنسیپە مرۆییەکانی هاتوو لە مادەی سێهەمی ڕێکەوتننامەکان، لە مادەی (١)دا پێناسەی ململانێی چەکداریی نێوخۆیی دەکا و دەڵێ:

"حوکمەکانی پرۆتۆکۆلی دووەم جێبەجێ دەکرێن لە سەر ئەم ململانێ چەکدارییانەی کە بەرپا دەبێ لە سەر خاکی دەوڵەتێک لە نێوان هێزی چەکداری حکومەت و هێزی چەکداری یاخیبوو یان هەڵگەڕاوە، یان هێزی چەکداری دەوڵەت و کۆمەڵێکی تر چەکدار کە لە ژێر سەرکردایەتییەکی بەرپرس بێ و کرداری چەکداریی بەردەوام و ڕێکخراو ئەنجام بدا کە لە سەر بەشێک لە خاکی ئەو دەوڵەتە جێگیر کرابێ و بتوانێ ئەو پرۆتۆکۆلە جێبەجێ بکا."

کەواتە مەرجەکانی پێدانی سیفەتی جەنگاوەر بە هێزی هەڵگەڕاوە بۆ ئەوەی پارێزراو بێت بە پێی یاسای نێودەوڵەتی مرۆیی بریتین لە:

١- دەبێت یەکێک لە لایەنەکانی ئەو ململانێیە هێزی حکومەت بێت. حوکمەکانی ئەو پرتۆکۆلە جێبەجێ ناکرێ ئەگەر پێکدادانەکە لە نێوان خێڵەکان یان پارتە سیاسییەکانی نێو یەک حکومەتدا بێت.
٢- دەبێت هێزی هەڵگەڕاوە لە ژێر سەرکردایەتییەکی بەرپرس بێت، واتە دەبێ ئاستێک لە ڕێکخستنی سیاسی و سەربازی

بوونی هەبێ کە ئەو ڕێکخستنە لە نێو هێزە کوردییەکانی هەموو بەشەکانی کوردستاندا هەبووە و هەیە.

٣- دەبێت هێزی شۆڕشگێڕ کۆنترۆڵی بە سەر بەشێک لە خاکی وڵاتەکەدا هەبێ. ئەو کۆنترۆڵە لەبارەی پێشمەرگەوە ئەگەر تەنانەت بەشێکی کەمیش بێت، هەبووە.

٤- دەبێت ئەو هێزە توانای کردەوەی چەکداریی بەردەوام و ڕێکخراوی هەبێت. لە هەموو شۆڕشە کوردیەکاندا شاهیدی ئەوەین کە پێشمەرگە ئەو قابلییەت و تواناییەی هەبووە.


٥- توانایی جێبەجێکردنی پرۆتۆکۆلی دووهەمی هەبێت کە ئەوەش ڕوون و ئاشکرایە کە هەڵسوکەوتی پێشمەرگە لەگەڵ گیراو و برینداراني دوژمن مرۆڤانە بووە.

سەرەڕای ئەو پارێزراوییەی دروست دەبێت بۆ جەنگاوەر بە پێی ڕێککەوتنەکانی ژنێف، لە حاڵەتێکدا ئەگەر دەوڵەت پابەندیش نەبێت بەو ڕێککەوتننامانە واتە ئیمزای نەکردبێت، ئەرکی لە سەر شانە کە پابەندی نێوەڕۆکی ئەو ڕێککەوتننامانە بێت. چونکە بۆتە بەشێک لە عورفی نێودەوڵەتی. ئەو ڕوانگە نوێیە لە بۆچوونی شارەزایانی یاسای نێودەوڵەتیدا ڕەنگی داوەتەوە. بۆ وێنە پسپۆڕ و شارەزای یاسای نێودەوڵەتی مرۆیی (فراسواز بوشیە سولینیە) پێی وایە: «لە ڕۆژگاری ئێستادا هەر چوار ڕێککەوتننامەی ژنێفی ١٩٤٩ و هەروەها پرۆتۆکۆلە لکێنراوەکانی، سیفەتی یاسایی عورفی نێودەوڵەتییان وەرگرتووە.» ئەمەش بە واتایەیە تەنانەت ئەو دەوڵەتانەی واژۆی ئەو بەڵگەنامانەشیان نەکردووە ئەوا پێویستە لە سەریان پابەند بن بە پرەنسیپەکانی ئەو یاسایە، لە بەر ئەوەی عورف سیفەتی ئیلزامی هەیە و سەرچاوەی دوهەمی یاسای نێودەوڵەتی مرۆییە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢١ی دێسەمبەری ٢٠١٨

-------------------------------------

## سڵاو لە پێشمەرگە و ڕۆژی پێشمەرگە



**عەبدوڵڵا حەسەن زادە**

لە بەرەبەری ٢٦ی سەرماوەز ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان-داین. بە درێژایی مێژووی خەباتی پێشمەرگە و پانایی کوردستان و قووڵایی باوەڕی پێشمەرگە و بەرزایی ورەی پێشمەرگە لە قەڵافەتی پڕشانازیی پێشمەرگە دەڕوانم. تەمەنی "پێشمەرگە"، واتە لەو ڕۆژەوە کە ئەم ناوە دڵچەسپەی لەسەر دانراوە (١٥ی ڕێبەندانی ١٣٢٤) کەمتر لە ٧٢ ساڵە و تەمەنی "ڕۆژی پێشمەرگە"ش تەنیا ٣٣ ساڵە (سەرماوەزی ١٣٦٣). بەڵام تەمەنی خەباتی پێشمەرگە بۆ وەدەست هێنانی ماف و ئازادی یەکانی خەڵکی کوردستان سەدان ساڵ و ڕێک بەقەدەر ئەو مێژووەیە کە نەتەوەی کورد وەک کۆمەڵە مرۆڤێکی جیا لە هەموو نەتەوەکانی دیکە هەستی بە بوونی خۆی کردوە و بۆ وەدەست هێنانی مافە زەوتکراوەکانی دەستی داوەتە خەبات و تێکۆشان و قوربانی دان.

چاوخشاندنێک بە مێژووی خەباتی ڕزگاری خوازانەی خەڵکی کوردستان دا بۆمان دەردەخا کە پێشمەرگە لەم سەر تا ئەوسەری کوردستان چ فیداکاری یەکی کردوە، چەندی حەماسە خوڵقاندوە و چۆنی ناوی کورد و داخوازە ڕەواکانی بە دنیا ناساندوە. ناتوانم داخ و کەسەری خۆم لەوە بشارمەوە کە ڕێبەرایەتیی بزووتنەوەی کورد لە هێندێ بەشی کوردستان دا تێکۆشەری چەکداری کوردیان لە ناوی پڕشانازی و ئیلهام بەخشی "پێشمەرگە" بێ بەش کردوە و بەجێگای ئەوە ناوی نامۆ و بێگانەی وەک "گریلا"، یان ناوی بێ ناوەرۆکی وەک "شەڕڤان"یان بەسەردا بڕیوە. بەڕاستی حەیف و مخابن نیە ئەو خەباتگێڕە چەکدارە فیداکارانە کە ناوی کورد و بزووتنەوەی کورد لە تورکیەیان زیندوو کردەوە و گەیاندیانە لووتکە، یان ئەو کیژ و لاوە بە هەیبەت و بەهەڵمەتانەی لە خۆرئاوای کوردستان سەری کوردیان لە کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی دا بەرز کردەوە بە ناوێک جگە لە "پێشمەرگە" بە دنیا بناسێندرێن؟ ئاخر هەرکەس چەکی هەبێ و شەڕی پێ بکا دەکرێ پێی بڵێین

"شەڕڤان" بەڵام تەنیا ئەو چەکهەڵگرە بەدیمەنانە "پێشمەرگە"ن کە بۆ ئازادی و بەختیاریی کورد هەوڵ دەدەن.

خەفەتێکیش لەوە دەخۆم کە تەنانەت ئەو حیزب و ڕێکخراوە کوردستانی یانەی ناوی پێشمەرگەشیان بۆ تێکۆشەرە چەکدارەکانیان پەسند کردوە تا ئێستا ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەزیان وەک ڕۆژی پێشمەرگە دانەناوە و هەرکامە ڕۆژێکی دیکەی ساڵیان بۆ ئەو مەبەستە هەڵ بژاردوە. دەگەڵ ڕێز و شانازیم بۆ هەموو بۆنەکان پێم وایە هەم بۆ یەکدەنگیی هێزەکانی نێو بزووتنەوەی کورد و هەم بۆ ڕێزگرتن لە ڕۆژی مێژوویی ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٢٤ کە ڕۆژی هەڵکردنی ئاڵای کوردستانە، (ئێستاش نەچووە بچێ) هەق وایە ئەو ڕۆژە لەلایەن هەمووانەوە بکرێتە ڕۆژی پێشمەرگە.

داخی گرانتر لەسەر دڵی من ئەوەیە کە هێندێک دەنگی ناساز بە ناوی ئەوە کە سەردەمی خەباتی چەکدارانە بەسەر چووە و دەوران دەورانی خەباتی ئاشتیخوازانەیە، دەیانەوێ پێمان بسەلمێنن کە پێشمەرگایەتییش باوی نەماوە و تەنانەت وشەی بێگانە و ڕەزاگرانی "ئیکسپایەر"ی بۆ بەکار دەبەن. غافڵ لەوە کە ئەو هێز و لایەنانەی هەوڵ دەدەن ئەم بۆچوونە لە مێشکی کوردی زۆرلێکراو بچەسپێن هەموو ڕۆژێ لە فکری دروستکردن و بەرهەم هێنان و وەدست خستنی چەکی تازەتر و ماڵوێرانکەرتردان و بەناهەقی ناڕەوا هەوڵ دەدەن کورد کەمترین ئامرازی خۆپاراستنی بەدەستەوە نەمێنێ و بە قەولی کوردەواری "بەنبڕی ددان بێ".

بەش بەحاڵی خۆم لە سەرەتای لاویمەوە بە بیروباوەڕی حیزبێک گۆش کراوم کە پێی وابووە مەسەلەی کورد ڕێگاچارەی نیزامیی نیە و خەباتی چەکدارانەی بە شێوەیەکی داسەپاوی خەبات داناوە. کەوایە پێویست نیە کەس تێم بگەیەنێ کە خەباتی چەکدارانە کام گیروگرفتی لەسەر ڕێیە و کامە ئاکامی نەخوازراوی لێ دەکەوێتەوە. بەوحاڵە پێموایە هەتا دیکتاتۆری و حاشاکردن لە مافە ڕەواکانی کورد لەلایەک و تێکۆشانی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەکەمان لەلایەکی دیکە لە ئارادا بن هەمیشە مەترسیی ئەوە هەیە کە بۆ وێنە ڕێژیمی ئازادی-کوژی کۆماری ئیسلامیی دەورێکی دیکە لە بەرەنگاریی چەکدارانە بەسەر بزووتنەوەی هەقخوازانەی گەلەکەماندا بسەپێنێ. کەوایە دەبێ گەلی کورد و هێزە خەباتکارەکانی هەمیشە گیانی بەرهەڵستی و بەربەرەکانی لە هەموو شێوەکانی دا بپارێزن و نەهێڵن ئەو زەمینەیە بڕەخسێ کە کۆنەپەرستیی دەسەڵاتدار بێ ترس لە بەرخۆدانی شۆرشگێڕانە پەلاماری گەل و وڵاتەکەمان بدا. ئەمەش پێویستیی بەوە هەیە کە پێشمەرگایەتی و ڕووحی پێشمەرگایەتی ئەگەریش لەباری چەندی یەوە نەبێ لەباری چۆنی-یەوە هەمیشە لە گەشە و پێشکەوتن دا بێ.

لەوەش بگەڕێتەوە، نەخشی پێشمەرگە هەر لە خەبات بۆ وەدیهێنانی ئاوات و ئامانجەکانی کورددا کورت ناکرێتەوە و ئەرکی

گرنگتر و درێژخایەنتری ئەو، پاراستنی ماف و ئازادی یەکانی کورد دوای بەدەست هێنانیانە. بەڵێ، ئەو ڕۆژەی گەلەکەمان لە سایەی هەوڵی هەموو ڕۆڵەکانی و بەتایبەتی فیداکاریی پێشمەرگەدا بەئاوات دەگا و مافە زەوتکراوەکانی وەدەست دێنێ، تازە پێویستیی زیاتر بە دەستی ئەمینی پێشمەرگە پەیدا دەکا کە دەسکەوتە گران - وەستاوەکانی بۆ بپارێزی و ڕێگا نەدا مافخۆران با بدەنەوە سەری و بە کەلک وەرگرتن لە خەمساردی و کەمتەرخەمی، باغی ئاواتەکانی بدەنە بەر شەختەی چاوچنۆکیی خۆیان.

بێجگە لە هەمووی ئەمانەش، هەڵەیەکی گەورەیە ئەگەر وا بیر بکەینەوە پێشمەرگە تەنیا لە خەباتی چەکدارانە و لە سەنگەری بەرگری دا دەتوانێ خزمەت بەگەل و نیشتمانەکەی بکا. پێشمەرگەی ئەمڕۆ دەگەڵ تازەترین دەسکەوتەکانی زانست و تەکنۆلۆژی دا دەژی و لە مەیدانی کاری مەدەنی و بنیاتنان دا دەتوانێ ڕۆڵی کاریگەر بگێڕێ و تەنانەت لەو بوارەش دا هەر نەخشی پێشەنگایەتی بۆخۆی بپارێزێ. دووپاتەکردنەوەش بێ، دەڵێم کە پێشمەرگە هەر ئەوانە نین کە چەک لەشان خزمەت بە وەدیهێنان و پاراستنی مافەکانی خەڵکی کوردستان دەکەن، بەڵکوو هەمووی ئەوانە کە لە هەر بوارێک دا خشتێک لەسەر دیواری کۆشکی بەختەوەریی کورد دادەنێن پێشمەرگەن. بەڵێ نەخشی پێشمەرگە و سوپای پێشمەرگە ئێستاش و لە دوارۆژیش دا زۆر لەوە مەزنترە کە هێندێ کەس بە کورت بینی یەوە لێی دەڕوانن.

با هەموومان بەبۆنەی ٢٦ی سەرماوەزەوە سڵاو لە ناوی پێشمەرگە، لە مێژووی پڕشانازیی پێشمەرگە، لە شەهیدانی پێشمەرگە و لە کەس و کاری سەربەرزی پێشمەرگە بکەین و زۆر بە گەشبینی یەوە چاوەڕوانی ڕۆژی یەکجاریی پێشمەرگە بین. کوێر بێ ئەو چاوەی بە پێشمەرگە هەڵنایە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٣ی دێسەمبەری ٢٠١٧

-----------------------------------------------

## عەبدوڵڵا حەسەنزادە: پێشمەرگە شەڕکردنەکەشی هەر لە پێناو ئاشتیدا بووە



دیمانە: عەلی بداغی

(٢٦ی سەرماوەز، ڕۆژی ئاڵا و ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستانە. ئەو ڕۆژە لە مێژ ساڵە لە نەستی هەموو تاکێکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا جێی گرتوە و ٣٣ ساڵیشە لەلایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە یادی دەکرێتەوە و بۆنە و ڕێوڕەسمی بۆ دەگیرێ.

ساڵی ١٣٦٣ی هەتاوی و لە سەر پێشنیاری مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە، سیمای ناسراوی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و سکرتێری پێشووی حیزبی دێموکرات؛٢٦ی سەرماوەز بەناوی ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان
ناودێر کراوە و لەلایەن ڕێبەریی حیزبی دێموکراتەوە پەسند کراوە.

لە ٣٣ ساڵەی ئەو ناودێرکردنەدا بە چەند پرسیارێک لە پێوەندی لەگەڵ پێناسەی پێشمەرگە و ڕۆڵی لە گۆڕانکارییەکانی ئێستای کوردستاندا چووینە خزمەت مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە)

پرسیار: مامۆستا! ئەو وتووێژەمان تایبەتە بە یادی ٢٦ی سەرماوەز ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان. پێمخۆشە جەنابت بۆ چوونەنێو باسەکە یان بۆ سەرەتایەک بۆ وتووێژەکەمان بفەرموون پێناسەی جەنابت بۆ پێشمەرگە چیە؟ ئایا پێشمەرگایەتی ئەرکە، پێشمەرگایەتی نازناو و سفەتە، پێشمەرگایەتی تەعەهودێکی ئینسانییە؟ جەنابت چۆن باس لە پێشمەرگە دەکەی؟

وەڵام: ئەمن جاری دیکە باسی پێشمەرگەم کردوە، تاریفی پێشمەرگەم بە دوو سێ جۆر کردوە: یەکێکیان فیداکاریی

پیشمەرگەیە کە قابیلی تاریفکردن نیە چونکی تەنیا مەوجوودێکە کە واز لە هەموو شتێک دێنێ تەنانەت تا سەرحەدی گیان، ئەویش دەبەخشێ؛ بەڵام لەوە موهیمتر بەڕاستی پێشمەرگەی کوردستان، (ئیجازەم بدە بڵێم بەتایبەتی لە نێو حیزبی دێموکراتی کوردستاندا) پێشمەرگە چاوەڕوانی ئافەرینێکیش نیە، یانی بێ ئەوەی هیچ تەوەقوعێکی هەبێ دەبەخشێ تا سەرحەدی گیانی، کەوابێ لە یادی ڕۆژی پێشمەرگەدا دوای پیرۆزبایی، غەیری سەردانەواندن بۆ ئەو ڕووحە بەرزە پیاو قسەیەکی نیە بیکا.

**پرسیار: یانی سەرووتر لە ئەرک، سەرووتر لە تەعەهود؟**

**وەڵام:** یانی سەرووتر لەوە شتێکی دیکە تەسەور ناکرێ. ئەوەی پێشمەرگە دەیکا لەوە هەورازتر نیە، بنیادەم هەموو شتێک دەکا بۆ ئەوەی ڕووحی لەدەست نەدا، ئەو ئەویشی لەسەر بەری دەستی داناوە.

**پرسیار: مامۆستا لەمێژ ساڵە ٢٦ی سەرماوەز لەنەستی خەڵکدا و لە ڕۆژژمێری حیزبی دێموکراتدا بە تایبەت بە ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان ناسراوە و لەو ڕۆژەدا ڕێز لە حەماسە و گیانفیدایی پێشمەرگە دەگیرێ. بەڵام ئێستا کۆمەڵێ بەڵگە دەرکەوتوون کە نیشان دەدەن ٢٦ی سەرماوەز ڕۆژی پەلامار بۆ سەر شارەوانیی ڕێژیمی شا لە مەهاباد نەبووە. بەڵگەنامەکان دەڵێن ئەوە ٢٦ی ڕێبەندانی ١٣٢٣ بووە نەوەک ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٢٤. ئێستا کە مەبناکە ئاوایە جەنابت چ تەوزیحێکتان هەیە کە بمانەوێ لەو ڕۆژەدا بیدەین؟**

**وەڵام:** جارێ با لە پێشەوە بڵێم ئەو هەڵەیە لە شتێکرا هات، لە هەڵەیەکی مێژوویی کە ڕەحمەتی کەریمی حیسامی کردبووی.

**لە گێڕانەوەی ئەو ڕووداوەدا؟**

بەڵێ کتێبێکی هەیە بە ناوی «کاروانێک لە شەهیدانی کوردستانی ئێران». لەوێدا داستانی شەهیدبوونی عەوڵای مینەخاڵند کە وەک یەکەم پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ناو دەبا و لە گیرانی شارەوانیی مەهاباددا شەهید بووە، دەخاتە ٢٦ی سەرماوەز. کاتی خۆیشی کە ئەوەمان دانا، غافڵ نەبووین لەوەی کە ٢٦ی سەرماوەز ڕۆژی هەڵکردنی ئاڵای کوردستانیشە، چونکی ئەوەمان بە سەنەد لەبەر دەستدا بوو. بۆیە ئەو وەختی کە دامانئا ئەو ڕۆژە بکەینە ڕۆژی پێشمەرگە، گوتمان ئەمە زیاتر لەبەر خاتری ئەوەیە کە ئەو ڕۆژە ڕۆژی هەڵکردنی ئاڵای کوردستانە، بەڵام لەبەر

حەساسیەتی هێزە ئێرانییەکان ئێمە ئەو بەشەی دەردەبڕین و دەڵێین ٢٦ی سەرماوەز یەکەمین عەمەلیاتی ئەو هێزەی تێدا کراوە کە دواتر ناوی نراوە پێشمەرگە، بۆیە ئەو ڕۆژەمان داناوە. جا ئێستا کە قسەی لێدەکەین ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەز هەتا ئێستا هەر ڕۆژی پێشمەرگەیە و هەر لە جێی خۆیەتی. بەلاَم بۆ تاریخەکە بەڵێ، وەختێکی تاریخی ڕووداوێک دەردەکەوێ مەعلوومە دەبێ قەبووڵی بکەی. ئاخر دەڵێن لە دنیادا حەقیقەتی موتڵەق فەقەت تاریخە، هیچ شتێک بە موتڵەقی حەقیقەت نیە بەلاَم تاریخ ئەوەیە، ئەوە لە ٢٦ی ڕێبەندانی١٣٢٣دا بووە نە دەکەوێتە ٢٥ و نە دەکەوێتە ٢٧ی ڕێبەندانی ٢٣ش. کەوایە ئەوەیان هەر لە جێی خۆیەتی، بەلاَم ڕۆژەکە هەر پیرۆزە ئەگەرچی هەموو ڕۆژی ساڵ ڕۆژی پێشمەرگە و ڕۆژی فیداکاری پێشمەرگەیە، بەتایبەتی ئەگەر هەموو بەشەکانی کوردستان بگرین. بەلاَم لە پێوەندی لەگەڵ ڕۆژێک بەناوی ڕۆژی پێشمەرگە. عادەتەن ڕۆژێکی وا دادەنرێ کە تێیدا تەجلیل لە توێژێکی کۆمەلاَیەتی بکرێ، ئەمە لە جێی خۆیەتی بەلاَم ئارەزوو دەکەم دوو شت بێنە دی، یەکیان ئەوە کە هەموو هێزە کوردستانییەکانی هەر چوار بەشی کوردستان لەسەر ڕۆژی پێشمەرگە ڕێک کەون، یەکیشیان ئەوەیە کە ڕۆژێکی موناسبتر بدۆزرێتەوە بۆ ئەوە، ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەز ڕۆژی ئالاَیە و پارلمانی هەرێمی کوردستانیش پەسندی کردوە و پیرۆزە. بەلاَم پێم وایە موناسبترین ڕۆژ، ڕۆژی ١٥ی ڕێبەندانە، چونکە لە ڕۆژی ١٥ی ڕێبەندانی ١٣٢٤دا بڕیار دراوە ئەو هێزە ناوی بنرێ پێشمەرگە. دەبێ ئەوەش بگوترێ کە وشەی پێشمەرگە ئەو ڕۆژە دانەنراوە تەنانەت ناوبردنی شۆڕشگێڕی چەکداری کورد بە پێشمەرگەش ئەو ڕۆژە یەکەم جاری نیە، بەلاَم ئەوە کە بە ڕەسمی هێزێکی کوردی، هێزێک کە دیفاع لە ماف و ئازادییەکانی کورد دەکا ناو بنرێ هێزی پێشمەرگە ڕۆژی ١٥ی ڕێبەندان بوو. ئەو ڕۆژە لە مەهاباد کۆبوونەوەی ئەفسەرانی کۆماری کوردستان بووە و ئەو بڕیارەی تێدا دراوە و لە ڕۆژنامەی «کوردستان»دا ژمارەکەیم ئێستا چاک لەبیر نیە بەلاَم ڕۆژی ٢٠ی ڕێبەندان بلاَو بۆتەوە. ئیدی ئەوە سەنەدی تاریخییە.

**پرسیار: مامۆستا فەرمووت کە مەبنای دیاریکردنی ئەو ڕۆژە گرتنی شارەوانیی مەهاباد بووە و بەلاَم دەکرێ هەر ئەو مەبنایە یانی هەر ئەو ڕێکەوتە مێژووییە ئێمە وای دابنێین کە ڕۆڵی پێشمەرگە یەکەم جار لێی دەردەکەوێ ئەوە سەرەتای دامەزرانی کۆماری کوردستان بوو و، هەنگاونان بەرەو دامەزرانی دەسەلاَتی کوردی بگێڕینەوە بۆ ڕۆڵی پێشمەرگە؟**

**وەلاَم**: بە باوەڕی من ئەودەم فکری دامەزرانی کۆماری کوردستان نەهاتبووە ئاراوە. ئەوە وەکوو شانازییەک بۆ ئەو هێزەی کە دوایی بوو بە پێشمەرگە هەر دەمێنێتەوە بەلاَم ئەو کاتی کە شارەوانیی مەهاباد گیرا نەک فکری کۆماری کوردستان، بەڵکوو فکری حیزبی دێموکراتی کوردستانیش نەهاتبووە گۆڕێ. حیزبی دێموکرات ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢٤ دامەزراوە، بۆیە ئەگەر بە ئیشتیا پێمان خۆش بێ جوێیە دەنا لە مەنتیقدا زۆر بەجێ نیە بڵێین ئەوە دەگەڕێتەوە سەر ئەوە چونکە ئەوکات فکرەکەشی لانیکەم بۆ هەمووان نەهاتبووە ئاراوە.

**پرسیار**: بەڵام ئەو عەمەلیاتە ڕێی خۆش کردبوو بۆ ئەو گۆڕانکارییانە؟

**وەڵام**: دیارە ڕێخۆشکردن بۆ ئەوەی کورد شتێکی بە دەستەوە بێ، ئیدارەی خۆی بکا لە مەنتقەیەکی زۆر بچووکی کوردستان لە ساڵی ١٣٢١ەوە زەمینەکەی خوڵقاوە. یانی بە تەواوبوونی شەڕی دووەمی جیهانی لەو مەنتەقەیەدا ئەو زەمینەیە خوڵقاوە و خەڵک دەسەڵاتی خۆی بەدەستەوە بووە و هەر ئەوە کە دەڵێن تەنیا نوێنگەی دەسەڵاتی پاشایەتی لەو مەنتەقەیەی کوردستان شارەوانیی مەهاباد بووە نیشانەی ئەوەیە خەڵک بەسەر چارەنووسی خۆیدا زاڵ بووە. ئێستا ئەوە کە چەندە توانیویەتی ڕێکی بخا ڕەنگە لێی بە ئیراد نەگیرێ چونکە ئێستاش ئێمە هەزاران موشکیل و کەموکوڕیمان لە پێشدایە.

**پرسیار**: مامۆستا چ پێشمەرگە وەک گوتت ئەو سفەتەی لەو کاتەوە کە لە زەمانی کۆمار کە بە هێزی چەکدار گوتراوە پێشمەرگە و چ پێشتریش، پێشمەرگە دەیان ساڵە نەقشی تایبەتیی خۆی هەیە، کۆماری کوردستان کە دامەزراوە پاراستوویەتی هەتاوەکوو تووشی ئەو نسکۆیە بووە. لە دوای ڕاپەڕینی گەلانی ئێرانیش، لاپەڕەیەکی زێڕین لە ڕاپەڕین و حەماسەتی مێژوویی پێشمەرگەمان بینیوە. پێتان وایە ئێستا ئایا ڕۆڵی پێشمەرگە و نەقشی پێشمەرگە لە گۆڕانکاریەکانی ئێستادا چیە ئایا هەمان تەعریفی پێشووی هەیە یان تەعریفێکی جیاواز بۆ کاری پێشمەرگە هاتۆتە گۆڕێ؟

**وەڵام**: ئەمن پێموایە نابێ تەسەووری غەڵەتمان لە پێشمەرگە هەبێ. ڕاستە پیاو کە بیر دەکاتەوە قەلافەتی پێشمەرگەی بە تفەنگ و فیشەکدانەوە دێتە بەرچاو چونکە ئەو ناوە بەسەر کەسێکدا براوە کە بە چەکەوە دیفاع لە مافەکانی میللەتی کورد دەکا و خەبات بۆ وەدەستهێنانی مافەکانی میللەتی کورد دەکا، بەڵام ئەمن پێموایە نابێ پێشمەرگە تەنیا لەوەدا ببینین. بێئەدەبییە دەیڵێم: ئەمن ساڵی ١٣٦١ لە ڕۆژنامەی «کوردستان»دا بە بێ ناو مەقالەیەکم نووسیوە کە دەڵێ: «باهەموومان پێشمەرگە بین». لەوێدا دەڵێم ئەم چینانە و ئەو توێژانەش کە هەر یەکەی لەبەر خۆیەوە بەڕێگایەکدا بۆ بەرەوپێشچوونی ئەو ئامانجە تێدەکۆشن هەموویان پێشمەرگەن. بێجگە لەوە عینوانی پێشمەرگایەتی شانازییەکە کە دەکرێ بیدەی بە هەموو خزمەتگوزاران بەڵام پێشمەرگە هەر تەقەکردن نازانێ، پێشمەرگە ئێستا موهەندیسە، ئێستا نووسەری چاکە، پێشمەرگە ئێستا تەبیبی چاکە، پێشمەرگە ئێستا بیرمەندی چاکە. لە هەر بوارێکدا بیگری هەر خودی ئەو کەسەی کە لە سفەتی پێشمەرگە دایە تواناکانی هەیە کەوابێ ئەگەر سبەینێ ئیشەڵڵا کورد مافی چارەنووسی خۆی بەدەستی خۆیەوە گرت ئەوەڵەن پێشمەرگە دەبێ بۆ پاراستنی ئەو وەزعیەتە تازەیە تێبکۆشێ. مەسەلێک هەیە دەڵێ پووڵ پەیداکردن ئاسانە بەڵام ڕاگرتنەکەی بەزەحمەتە. بەدەستهێنانی ئازادییش ئاسانترە هەتا پاراستنەکەی. کەوایە ئەوددەمی ئیحتیاجیمان بەو هەیە، شەرت نیە تەنیا لە موقابیلی دوژمن و لە شەڕی چەکدارانەدا بێ، لە پەروەردەکردنیدا لە پێگەیاندنیدا لە گەیاندنەوەی بە کاروانی پێشکەوتنی گەلاندا پێشمەرگە دەتوانێ نەقشی کاریگەر ببینێ و ئەوانەش کە تێکەڵ بەو ڕەوتە

دەبن زۆر بەجێیە شانازیی ناوی پێشمەرگەیان پێ ببەخشرێ چونکە پێشمەرگە ناوێکی کەم نیە. لەبیرمە جارێکیان ئێمە چووبووینە دێیەک ئەمن و یادی بەخێر کاک حەسەن ڕەستگار بووین، لە مزگەوت کۆبووینەوە خەڵکەکە پێیان خۆش بوو قسەیان بۆ بکەین و بە بڵێندگۆ بانگی خەڵکی دێیان کرد بێنە مزگەوت. ئەوەی کە بانگی خەڵکی دەکرد گوتی: پێشمەرگە هاتوون وەرنەوە و هەر لەسەر بڵێندگۆ داوای لێبووردنی کرد و گوتی: ببوورن پێشمەرگە نین مەسئوولن. هەر لەسەر بڵێندگۆکە جوابم دایەوە و گوتم: ئێمە شانازیی ئەوەمان نەبوو حەقی ئەوەمان نەبوو کە پێشمەرگە بین، ئەتۆ ئەوەت لێئەستاندینەوە؟

**پرسیار: مامۆستا جیا لەو پێناسە جوانەی جەنابت بۆ نەقشی پێشمەرگە و ڕۆڵی پێشمەرگە و ئەوەی ئەو نەقشە ڕەنگبێ بازتەولید بێتەوە یان لە ڕەهەندەکانی دیکەدا بەکار ببرێ، بەڵام زۆر دەنگی نەشازیش دەبیستین کە دەڵێن سەردەمی خەباتی چەکداری نەماوە، سەردەمی پێشمەرگایەتی نەماوە، سەردەمی خەباتی ئاشتیبیانەیە، لە حاڵێکدا هەر چەند ڕۆژ لەوەپێش بوو کە پووتین پلاتفۆڕمی نوێی بۆ ڕێکخستنی هێزە چەکدارەکانی خۆی دیاری کرد، دەبینین کە مەسەلەن ئامریکا چ دەکا. ئەو قسانە لە چییەوە سەرچاوە دەگرن؟**

**وەڵام:** ئەو قسانە هێندێک کوردیش فێریان بوون و وەکوو تووتی دەیانڵێنەوە بەڵام بەشی زۆری لە دەسەڵاتە گەورەکانەوە هاتوە، ئەو دەسەڵاتانەی کە ئێستا خەریکن شەڕی ئەستێرەکان دەکەن، لە کوراتی ئاسمانیش ململانەی نیزامیی خۆیان هەیە بۆ میللەتێک کە لە هەموو مافەکانی بێبەشە دەیانەوێ چووکترین وەسیلەی دیفاع لە خۆی نەبێ. ئەوە ئیدی ئەوپەڕی بێ ئینسافییە کە لەگەڵ حەقیقەت، لەگەڵ تاریخ زیاتر لەوەی کە لەگەڵ میللەتێک دەکرێ. کەوایە هیوادارم قەت میللەتی ئازادیخوازی کورد تەسلیمی ئەو نازانم ناوی لێ بنێم تەبلیغات ناوی لێ بنێم تەوەهووم تەسلیمی نەبێ، چونکی کورد ئێستاش خەتەری ئەوەی لەسەرە سبەینێ دوچاری خەباتی چەکدارانە ببێتەوە وەکوو گوتیشم ئەگەر مافەکانیشی وەدەست بێنێ بۆ پاراستنی هەر دەبێ هێزی پێشمەرگەی هەبێ. ئێمە لە بەرنامەی حیزبیشدا ئەوەمان هەیە کە ئەگەر حکوومەتی کوردستانمان دامەزراند هێزی پێشمەرگە و هێزە ئینتزامییەکانی دیکە پاراستنی ئەمنیەتی وڵات بەدەستەوە دەگرن، دیارە ئەوە مەفهوومی خۆی هەیە کە دەڵێین هێزی پێشمەرگە و هێزە ئینتزامییەکانی دیکە کە لێرەدا شەرحی بەرنامە ناکەین. لە پاشان بەتایبەتی بۆ ئێمەی دێموکرات با کەس فێرمان نەکا خەباتی ئاشتیخوازانە باشە، چونکی لە ڕۆژی ئەوەڵەوە حیزبەکەمان لەسەر مەبنای ئەوە دانراوە کە مەسەلەی کوردستان بە چەک چارەسەر نابێ. ئەو وەختیش کە ئەوەمان گوتوە ڕاست دوو تەڕەفمان مەقسوود بووە یەکێکیان ئەوەی ئێمە ناتوانین بە چەک دەوڵەتەکان بەچۆکدا بێنین، یەکیشیان ئەوە کە دەوڵەتەکان ناتوانن بە چەک ئێمە بەچۆکدا بێنن و وا بکەن ئێمە واز لە ماف و داخوازییەکانمان بێنین. کەوابێ ئێمە لەوەدا زۆر کۆنین دەتوانم بڵێم پێشەنگین حیزبی دێموکرات لەو بارەیەوە پێشەنگە، تەنانەت وەختێکی ئێمە ئەوەمان

دەگوت هیزی سیاسیی دیکە هەبوون ئێرانییش و تەنانەت کوردستانییش کە دەیانگوت ئازادی لە لوولەی تفەنگ دێتە دەرێ. ئێمە کە دەمانگوت ئاشتی باشە پێیان دەگوتین سازشکار، با کەس فێری ئاشتیخوازیمان نەکا.

**پرسیار**: لەگەڵ ئەوەشدا کە ئاشتییش هەر بە شەڕ دەپارێزرێ؟

**وەڵام**: بەڵێ بەڵێ ئوسوولەن ئێمە زۆر جار گوتوومانە شەڕەکەشمان بۆ ئاشتییە، پاشان ئاشتی ئەگەر قووەتی لە پشت نەبێ مادام جامێعە ئەوەندە پێش نەکەوتوە کە باوەڕی بە ماف و ئازادیی جۆراوجۆرییەکانی کۆمەڵ هەبێ ئاشتییەک قووەتی لە پشت نەبێ شانسی بەردەوامبوونی نیە.

**پرسیار**: مامۆستا! جەنابت لە پێشوازیی ڕۆژی پێشمەرگەدا بابەتێکی جوان و سەرنجڕاکێشت لە ئەکاونتی خۆت لە فەیسبووکدا بڵاو کردەوە لەوێدا بەداخبوونی خۆت لە یەک شتیش دەربڕیوەکە بەڕاستی پرسیاری زۆر خەڵکە کە بەشێکی زۆر و هێزێکی گەورەی باکووری کوردستان نازناوی پێشمەرگەی لەسەر هێزەکانی خۆی دانەناوە و بە گریلا ناویان دەبا. ئەوە هیچ لە ئەسڵی قەزییەکە دەگۆڕێ لەسەر تەعریف و نەقشی پێشمەرگە؟

**وەڵام**: نا خۆ ئێمە هەر وەکوو ڕێز و قەدر بۆ خەبات و فیداکاریی پیشمەرگە دادەنێین بۆ ئەوانەی ناویان پێشمەرگەیە هەر ئاواش بۆ ئەوانەوی ناویان گریلایە بۆ فیداکارییەکەیان ڕێز دادەنێین، یان ئەوانەی کە لە سووریە ناوی شەڕڤانیان لەسەر دانراوە، بەڵام ئەو کارەی (پ.ک.ک) کە لە واقیعدا ئەوی سووریەش لە ژێر تەئسیری ئەودایە دوو شتی تێدایە؛ یەکیان دەرچوونە لە ئیجماعی هێزە سیاسییەکانی کورد کە ئەوە باش نیە، ئەوی دیکەیان ئەوەیە ئەو ناوە شیرینە ئەو ناوە پڕ نێوەرۆکە لەسەر تێکۆشەری چەکداری کورد هەڵدەگرێ ناوێکی نامۆ و بێگانە یان ناوێکی بەڕاستی بێ نێوەرۆکی لەسەر دادەنێ، مەسەلەن هەزار پەرژینی بەگوڵ بێ داعشیش شەڕڤانە، هەرکەس شەڕ بکا شەڕڤانە. بەڵام ئەوەی خۆی بۆ ماف و ئازادیی میللەتی کورد بە کوشت بدا ئەو پیشمەرگەیە. بۆیە هەم ئەو ناوە حەیفە حەزف بکرێ هەم لەو ئیجماعدەرچوونە باش نیە. هەروەکوو لە باری دیکەشەوە جاروبار ئاوا دەرچوون. مەسەلەن خۆ ئیستا ئەو ئاڵایەی لە کوردستان پەسەند کراوە و ئاڵایەکی ڕەسمییە ئیمە وەک هەمبەستگی هەڵیدەگرین، دەنا ئەگەر سبەینێ ئێمە کوردستانی گەورەمان هەبێ ڕەنگە بگۆڕێ، تەنانەت ئەگەر کوردستانی ئێران وەزعیەتێکی وەک کوردستانی عیراقی بۆ پێک بێ قانوونی نێونەتەوەیی ڕێگەمان نادا عەینی ئەو ئاڵایە هەڵکەین. دەبێ ئاڵایەکی دیکە بێ، ڕەنگە تۆزێک وەک یەک بچن بەڵام نابێ یەک شت بن. باشە لەوێدا بۆ ئێمە لێک بترازێین بۆ هەمووومان شتێک نەکەینە سێمبول؟ بەداخەوە ئەوان وایان بە باش زانیوە کە لە هەموو شتێکدا هی خۆیان هەبێ.

**پرسیار**: مامۆستا! هەر لە پێوەندی لەگەڵ ئەو ئیجماع و ئەو سێمبولەی کە جەنابت باست کردبوو جەنابت پێت باش بوو کە ڕۆژی ١٥ی ڕێبەندان بکرێتە ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان، ئەو پێشنیارە وەک حیزبی دێموکرات دراوە بە لایەنێکی دیکە یان بە حکوومەتی هەرێم و بە هێزەکانی دیکە یان هەر وەک پێشنیاری جەنابتانە؟

**وەڵام**: پێموایە پێـرارەکە بـوو هەر کە باسـی ڕۆژی پێشـمەرگە کـرا لە تەرەف ئـێمەوە، لە تەڕەف حیزبـی دێمـوکراتەوە پێشنیهاد بە هێزە سیاسییەکانی کوردی باشوور و بە حکوومەتی هەرێمیش کرا کە لە پێش چاو بگیرێ و دابنرێ.

**پرسیار**: مامۆستا زۆر سپاس بۆ ئەوە کاتەی تەرخانت کرد بۆ ئەم وتووێژە

**وەڵام**: سوپاس بۆ ئێوەش.

(لە ژمارەی ٧١٦ی"کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٣ی دێسەمبەری ٢٠١٧

---------------------------------------------------

## خەباتی چەکداری: شێوازێکی هەردەم لە ڕۆژەڤ



ئاسۆی حەسەنزادە

(بەشی یەکەم)

(٢٦)ی سەرماوەزی هەر ساڵێک بیرەوەریی مێژوویەکی پڕشنگدار لە یادەوەریی بەکۆمەڵی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا زیندوو دەکاتەوە، مێژوویەک کە دواتر بوو بە هەوێن و بنەمای بەشێکی گرینگ لە هێماسازیی نەتەوەیی سەرجەم کورد کە بریتی‌یە لە "پێشمەرگە" و "ئاڵای کوردستان". لەبەر ئەوە کە حیزبی دێموکراتی کوردستان ئەم ڕۆژەی وەک ڕۆژی پێشمەرگە دیاری کردوە، ئەو بۆنەیە هەروەها دەرفەتی ئاوڕدانەوە و بیرکردنەوە لە ڕابردوو و ئایندەی ڕەهەندی هەرە بەرجەستە و ڕەنگە بتوانین بڵێین بڕیاردەری بزاڤی مافخوازانەی کورد واتە خەباتی چەکدارییە.

لەم وتارەدا بە کورتی هەوڵ دەدەین هەڵوێستەیەک لەسەر بنەما گشتی‌یەکانی شەرعییەتی خەباتی چەکداری، ئامانج لەم شێوازە لە تێکۆشان لە کانتێکستی خەباتێک کە حیزبی دێموکرات تا ئێستا بەڕێوەی بردووە، پێوەندیی نێوان ئەم شێوازە لە خەبات لەگەڵ شێوەکانی دیکەی خەبات، گرینگیی هەلومەرج لە بردنە پێشی ئەم جۆرە لە خەبات، ڕوانینی ئەکتەرەکانی دەرەوەی بزوتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵات بۆ ئەم شێوازە لە خەبات و هتد بکەین.

### بنەماکانی شەرعییەتی خەباتی چەکدارانە

بەدرێژایی چەندین دەهە لە مێژووی خەباتی ڕێکخراوی چەکدارانەی کورد لە ئێران، گوتاری زاڵ لە کۆمەڵگای سیاسیی ئێمەدا بەتایبەتی لە بەستێنی پارتە سیاسی‌یەکانی ڕۆژهەڵاتدا سەبارەت بە هۆکار و پاساوی پەنابردن بۆ خەباتی

چەکدارانە بریتی بووە لە بەرگریی رەوا لە بەرامبەر هێرش و دەستدرێژیی نیزامیی دەسەڵاتی ناوەندی بۆ سەر خاک و خەڵکی کوردستان.

نەک هەر بەرگری لەخۆکردنی مرۆڤەکان لە بەرامبەر هێرشی فیزیکیی زۆردار و چەوسێنەران بۆ سەر ئەوان، بەڵکوو هاتنەدەست و بەرەنگاربوونەوەی زوڵم و ستەم بەگشتی مافێکی سەلمێنراوی مرۆڤەکانە. ئەو مافە لە مێژووی نوێدا و بەتایبەتی لە نەریتی فەیلەسوفەکانی "لومیەر" بریتییە لە دژکردەوەی بەرگریکارانەی هاووڵاتییان بەدژی زیادەڕەویی حاکمان. راگەیاندراوی مافی مرۆڤ و هاووڵاتیی شۆڕشی فەڕانسە(١٧٨٩) بەرەنگاربوونەوەی ستەم وەک یەکێک لەو چوار مافە بنەرەتی و سروشتییەی مرۆڤ دەناسێ کە هیچ هەلومەرج و زەمانێک ناتوانێ بیانسڕێتەوە (ماددەی ٢)لە مێژووی نوێی کورد لە ئێراندا، ئەگەر بەرەنگاریی چەکدارانەی سنوورداری تێکۆشەرانی کورد و حیزبی دێموکرات لە بەرامبەر سیاسەتی سەرکوتکارانەی رێژیمی شاهەنشاهی (تەنانەت لە رەهەندە سیرفەن پۆلیسییەکەیدا) بێگومان دەچێتە ئەم خانەیەوە، ئەوە لەدوای دەرچوونی فەتوای جیهادی ئایەتوڵڵا خومەینی لە ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨ بەدژی خەڵکی کوردستان و جێبەجێکرانی بەربڵاو و بێبەزەییانەی ئەم فەتوایە لەم رێکەوتە بەولاوە و بەتایبەتی لە نیوەی یەکەمی دەهەی شەستی هەتاوی دایە کە پێویستی و رەوایی خۆڕاگریی چەکدارانەی هێزە کوردییەکان بەرامبەر بە دەسەڵاتی تارانی باشتر لە هەر کاتێک سەلماند و چەسپاند. لەو پێوەندییەشدا ئەوە کە حیزبی دێموکرات لە لایەن تاقمی تازە بە دەسەڵاتگەیشتووەوە بە هەڵوەشاوە راگەیەنرا و تێکۆشانی سەرجەم هێزە نەیارەکان قەدەغە کرا، یان ئەو باسە کە هێزە سیاسییەکانی کورد لە ئێران لە کاتی دانوستان لەگەڵ رێژیمی نوێ دەکرا و دەبوو بە چ سیغەیەک لە جێبەجێکردنی ماف و داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان رازی بن، هیچ لە شەرعییەتی ئەو خۆڕاگرییە چەکدارانەیە ناگۆڕێ.

بەرگریی رەوا نەک هەر وەک دژکردەوەی تێکۆشەری چەکداری کورد بۆ دیفاع لە خەڵکی بێدیفاعی کوردستان، بەڵکوو لە هەموو ئەو حاڵەتانەشدا کە شۆڕشگێڕانی کورد بەبێ ئەوەی بۆخۆیان دەسپێشخەری رووبەڕووبوونەوە چەکدارییەکان بووبن کەوتوونەتەتە بۆسەی دوژمن یان هێرشیان کراوەتە سەر، پاساوێکی بێئەملاوئەولا و قسەهەڵنەگر بۆ شەرعییەتی پەنابردنی رۆڵەکانی کورد بۆ چەکە. لەم حاڵەتەی دواییدا لەراستیدا بەرگریی چەکدارانەی رۆڵەکانی کورد شتێک نیە جگە لە دەرەنجامی مامەڵەی دژمنکارانە و دژەمرۆیی هێزە نیزامییەکانی دەوڵەت لەگەڵ ویستی سروشتیی کۆمەڵێک مرۆڤ بۆ جێبەجێکردنی مافە سیاسییەکانیان لە رێگای حزوور و تێکۆشانی سیاسی لەنێو خەڵکی خۆیاندا.

بەڵام بەرگریی رەوا تەنیا بنەمای کردەوەی چەکدارانەی بزوتنەوەیەکی رزگاریخوازانە نیە کە پێویستە سەرنجی بدرێتێ و پشتی پێ ببەسترێ. هەروەک لە گوتاری سیاسیی حیزبی دێموکرات لە نیوەی دووەمی دەهەی شەستی هەتاویدا لەو

پێوەندییەدا دەردەکەوێ (تەنانەت پێش ئەودەمیش) ڕێبەرایەتیی ئەو حیزبە لە پێناوی ناچارکردنی دەسەڵاتی ناوەندی بۆ دانپێدانانی مەسەلەی کورد وەک مەسەلەیەکی سیاسی و ملدان بۆ چارەسەری ئەو پرسە بە ڕێگای وتووێژ، دەستی هێزی پێشمەرگەی بۆ ئەنجامدانی کردەوەی چەکدارانەی دەسپێشخەرانەش بە قەبارە و تاکتیکی جۆراوجۆر ئاوەڵا کردبوو. لە لایەکی دیکەوە، مادام خواست و خەباتی سیاسیی کورد لە ڕۆژهەڵات چ بە ماهیەتی مێژوویی خۆی و چ تەنانەت لە بەستێنی کەلامی و گوتاریدا پێش هەموو شتێک لەسەر پرەنسیپی مافی دیاریکردنی چارەنووسی گەلان ڕاوەستاوە، پێویستە سەرجەم سازوکاری خواست و خەباتێکی لەم چەشنە لە گۆشەنیگای خاک و سەروەری و ڕاستکردنەوەی سیاسەتی داگیرکارانەوە سەیر بکرێ. هەربۆیە جێی خۆیەتی بنەمای خەباتی چەکدارانە تەنیا بە بەرگریی ڕەوا نەبەسترێتەوە بەڵکوو ڕەوایی خەباتی چەکدارانە بەشێوەیەکی لەسەرپێخۆڕاوەستاو (قائم بالذات)یش کە سەرچاوەگرتوو لە مافی دیاریکردنی چارەنووسە و نەک تەنیا وەک دژکردەوە لە بەرامبەر هێرش و دەستدرێژی، بەرجەستە بکرێتەوە.

سەرەڕای واقیعی پڕ لە توندوتیژی و پێشێلکاری لە پێوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا، چارەسەری ئاشتیخوازانەی کێشەکان یەکێک لە پرەنسیپە بنەڕەتییەکانی یاسای نێودەوڵەتیی مۆدێرنە. ئەم ئەسڵە زۆر جار لە لایەن دەوڵەتانی سەرەڕۆوە بۆ مەحکومکردنی ڕەهەندی چەکدارانەی بزوتنەوە ڕزگاریخوازییە نیشتمانییەکان بەکار براوە. ئەوە لە حاڵێک دایە کە مادەی ٤-٢ی مەنشووری نەتەوە یەکگرتووەکان پەنابردن بۆ شەڕ تەنیا لە دەوڵەتان قەدەغە دەکا و پێوەندیی بە بزوتنەوە ڕزگاریخوازییەکانەوە نیە. لەوەش زیاتر، بە لەبەرچاو گرتنی جێکەوتنی مافی دیاریکردنی چارەنووسی گەلان و پشتیوانیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ڕەوتی ڕوو لە ڕزگاریی موستەعمەرەکان، لە ساڵەکانی شەست و حەفتای زایینیدا دەوڵەتانی جیهانی سێهەم بە پشتیوانیی دەوڵەتانی سۆسیالیستی کۆمەڵێک بڕیارنامەیان بە پەسند گەیاند کە بەپێی وان ئەو گەلانەی وا بۆ ڕزگاریی خۆیان لە ژێردەستەیی خەبات دەکەن بۆیان هەیە لەو پێناوەدا پەنا بۆ شەڕیش بەرن و تەنانەت پشتیوانیی دەرەکیشی (چ بە شێوەی مەعنەوی و سیاسی و چ بە شێوەی ماددی و لۆژیستیکی) بۆ وەدەست بێنن. ئەمە لە گرینگترین بڕیارنامەی ئەو سەردەمەدا کە لەلایەن دیوانی دادی نێودەوڵەتییەوە وەک نوێنگەی نەریتی نێودەوڵەتی لە قەڵەم دراوە واتە بڕیارنامەی ٢٦٢٥ی ساڵی ١٩٧٠ لەسەر پرەنسیپەکانی یاسای نێودەوڵەتی سەبارەت بە پێوەندیی دۆستانەی نێوان دەوڵەتان بە چەشنێک ڕەنگدانەوەی هەیە چونکە لەوێدا بە ڕوونی ئاماژە بە خۆڕاگری و خەباتی گەلان بۆ ڕزگاری وەک ڕیزپەڕێکی ئەسڵی قەدەغەبوونی پەنابردن بۆ شەڕ کراوە.

لە لایەکی دیکەوە، هەموو ئەو ئەرک و ئیلتزاماتە کە قانوونی نێونەتەوەیی بەشەردۆستی (واتە قانوونی مافی مرۆڤ لە کاتی شەڕ و بەرەوڕووبوونەوەی چەکدارانەدا) دەیخاتە سەر شانی بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکانی جیهان و بەگشتی بەرپرسیارێتیی نێودەوڵەتیی ئەکتەرە غەیرە دەوڵەتییەکان، بە مانای ئەوەیە کە یاسای نێونەتەوەیی لانیکەم بەشێوەی

ناڕاستەوخۆ قبووڵی ئەو واقیعە دەکا کە کۆمەڵێک بزوتنەوەی سیاسی و چەکداری لە جیهاندا هەن کە لە نەبوونی بەستێنێکی لەبار بۆ بردنەپێشی پرسی خۆیان لە ڕێگای سیاسی و دێموکراتیکەوە ناچارن پەنا بۆ مێتۆدی چەکدارانە ببەن.

ئەگەر قبووڵمان بێ کە کوردیش گەلە و خاوەنی مافی دیاریکردنی چارەنووسە، ئەو وەختە بەوێنەی بزاڤی گەلانی ژێردەستی ئیستعمار، بزوتنەوەی رزگاریخوازانەی کوردیش هەقی خۆیەتی کە ئەگەر هیچ ڕێگایەکی بۆ بردنەپێش و جێبەجێکردنی ئاشتیخوازانە و دێموکراتیکی داخوازە ڕەواکانی بۆ نەهێلرێتەوە، نەک هەر لە چوارچێوەی بەرگریی ڕەوادا بەڵکوو بە بڕیار و ئیرادەی خۆی و بە هەر ڕێگایەک کە لە دەستی دێ داکۆکی لە مان و مەوجودییەتی گەلەکەی بکا و تەواوەتیی خاک و سەروەریی نەتەوەیی ئەو گەلە وەدەست بێنێ(تەوە).

لە ژمارە ٦٩٤ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

ڕێکەوتی: ٢٠ی دێسەمبەری ٢٠١٦

## خەباتی چەکداری: شێوازێکی هێشتا لە ڕۆژەڤ

(بەشی دووەم)

یەک دوو ڕۆژ پاش بڵاوبوونەوەی ژمارەی پێشووی ڕۆژنامەی "کوردستان"، قەڵای دێموکرات لە شەوی یەڵدا و لە کاتی جەژنگرتنی یادی لەدایکبوونی د. قاسملوودا بوو بە ئامانجی تێرۆریزمی نوێی کۆماری ئیسلامی. ئەو کردەوە تێرۆریستیـیە لە ڕاستیدا جێبەجێکردنی هەڕەشەکانی چەند مانگی ڕابردووی کاربەدەستانی ڕێژیم لەپێوەندی لەگەڵ حزووری پێشمەرگەکانی دێموکرات لەسەر سنوورەکان و لە نێوخۆی وڵاتدا بوو. وێڕای ریسوا کردنی ئەو جینایەتە، پاشماوەی ئەم وتارە پێشکەش بە رووحی پیرۆزی شەهیدانی "یەڵدای خوێناویی دێموکرات"، بەتایبەتی فەرماندەی شەهید عەلی قوێتاسی دەکەم کە قارەمانێکی مەیدانی خەبات و خۆڕاگریی چەکداری بوو.

------

لە بەشی یەکەمی ئەم باسەدا، بەپشتبەستن بە هێندێک بنەمای هزری و قانوونی، شەرعیەتی خەباتی چەکداریمان روون کردەوە. پوختەی ئەو بەشە ئەوە بووکە لەگەڵ ئەوەدا کە گوتاری سیاسیی حیزبی ئێمە و زۆربەی هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەو پێوەندییەدا لە خانەی بەرگریی ڕەوادا جێی گرتووە، بۆ گەلێکی خاوەن مافی دیاریکردنی چارەنووس ئەو هەقەش هەیە کە لە نەبوونی بەستێنی دێموکراتیک و سیاسی بۆ بردنەپێش و چارەسەری پرسەکەی، شێوازی چەکدارانە،

نەک هەر وەک دژکردەوەیەک لە بەرامبەر هێرش و دەستدرێژیدا، بەڵکوو بەشێوەیەکی دەسپێشخەرانە و لەسەرپێ‌خۆڕاوەستاو (قائم بالذات)یش بەکار ببا. لەم بەشەدا هەوڵ دەدەین سەرنج بدەینە هۆکار و ئامانجی خەباتی چەکداری چ بەگشتی و چ بەتایبەتی لە کانتێکستی خەباتێک کە حیزبی دێموکرات بەڕێوەی بردووە.

## هۆکار و ئامانجی خەباتی چەکداری

زۆر لەو چەمکانەی بزووتنەوە رزگاریخوازە نیشتمانی‌یەکان تەنانەت لە مەیدانی سیاسیش‌دا بەکاری دەبەن، هەڵقووڵاو و گرێدراوی چەمکە سەربازییەکانن. بە تەبیعەتی ئەوە کە ویستی گەلان بۆ ئازادی و سەربەستی لە زۆربەی حاڵەتەکان‌دا بە مانای بردنە ژێرپرسیاری حاکمیەت و کۆنترۆڵی خاک لەلایەن دەسەڵاتە مەوجوودەکانەوە بووە، ملهوڕی و ملنەدانی ئەو دەسەڵاتانە بۆ ئەم ویستە رەوایە بە شێوەیەکی سروشتی خەباتی گەلانی خستۆتە سەر رێچکەی رووبەڕووبوونەوەی فیزیکی و رەهەندی چەکدارانەی پێ بەخشیوە. لەلایەکی دیکەوە، بە درێژایی مێژووی بیری سیاسی و ئیدارەی ململانەکان، پێوەندییەکی قووڵ لەنێوان زانستی سیاسەت و هونەری شەڕ یان هونەری سیاسەت و زانستی شەڕدا هەبووە. شتێک کە تەنانەت لە رووی ئێتیمۆلۆژی(ریشەناسیی وشەکان)یشەوە لەم بوارەدا زۆر بەرچاوە.(١) بۆ نموونە دوو چەمکی هەرە بنەڕەتی بۆ پۆلێنی مەبەست و ئامانجەکان لە خەباتی میللەتێکدا واتە "تاکتیک" و "ستراتژی" هەردووکیان هەڵقولاوی ئەدەبیاتی سەربازیین. نەک هەر وشەی "تاکتیک" -کە ئەمڕۆ بۆ هەر چەشنە ئاقار و مێتۆدێک لە بەستێنی سیاسیش‌دا بەکار دێ- لە سەدەی هەژدەوە بە مانای هونەری جووڵاندنی هێزە نیزامی‌یەکان لە مەیدانی شەڕدا بەکاربراوە، بەڵکوو وشەی "ستراتێژی"یش -کە ئەمەیان ئەمڕۆ لە گوتاری بزووتنەوە رزگاریخوازەکان‌دا پێش هەموو شتێک بریتییە لە دوورەدیمەنی خوازراو و ئاقاری گەورەی سیاسی - لە ریشە یوونانی‌یەکەی‌دا (ستراتیغییا) لەپێشدا بە مانای هونەری فەرماندەیی و بەڕێوەبردنی سوپا بەکار هاتووە.

پێوەندیی نێوان "ستراتژی و تاکتیک" لە رووی تێرمینۆلۆژییەوە، درێژکراوە (امتداد)ێکی روونی لە بەستێنی ناوەرۆک و بەکاربردنیش‌دا هەیە. بەهۆی ئەوە کە گیروگرفتەکانی بەئەنجام گەیاندنی ویستی کۆتایی گەلان لە بەرامبەر دەسەڵاتە بەهێز و سەرکوتکەرەکان‌دا پێویستیی بەکاربردن و تاقیکردنەوەی مێتۆدی جۆربەجۆری بەسەر ئەو گەلانەدا سەپاندووە، هەروەها بەهۆی فرەچەشن بوونی بەستێنی کۆمەڵایەتی و پێکهاتەی گوتاریی بزووتنەوە رزگاریخوازەکان، ئەم بزووتنەوانە هەمیشە ناچار بوون لە بردنەپێشی خەباتی خۆیان‌دا بەپێی هەلومەرج و هاوکێشەی هێز(توازن قوا) ریزبەندییەکی کەم و زۆر پایەدار(ثابت)ی ستراتژی و تاکتیکەکان بکەن.

ئەم ریزبەندییەی نێوان ستراتێژی و تاکتیکەکان کە لە راستی‌دا هەوڵێک بووە بۆ هەماهەنگ کردنی شێواز و ئاقارە نالێک

و بگرە ناتەباکانی خەبات، لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا لەژێر هێژێموٚنیی گوتاری مارکسیست - لێنێنیستی لەنێو بزووتنەوە رزگاریخوازییەکانی جیهانی سێهەم و لە ئێرانیش بەشێوەی وردتر لە کەناڵی هزری "مائۆ"وە هاتۆتە نێو بازنەی باس و بیرکردنەوەی ئەو بەشە لە نەیارانی رێژیمی شاهەنشاهی کە باوەڕیان بە پێویستیی پەنابردن بۆ مێتۆدی چەکدارانە هەبووە. لەم پێوەندییەدا بەتایبەتی نووسینەکانی مەسعودی ئەحمەدزادە کە هەوڵێک بووە بۆ تیئۆریزە کردنی مێتۆدی چەکداری هەم وەک ستراتژی و هەم تاکتیک و ئەو دەرسانەش کە لەو سەردەمەدا پێویست بووە لە بزووتنەوەی "سیاهکل" وەربگیرێ شیاوی ئاماژە و سەرنج پێدانە.(٢)

بزووتنەوەی کورد لە ئێران هەر لەو کاتەدا کە ئاگاداری رووداو و ئاڵوگۆڕەکانی دەوروبەر و دنیای دەرەوە بووە، لەو بوارەدا نەک هەر خاوەنی روانگە و مەرامی تایبەت بە خۆی بووە، بەڵکوو ئەزموون و رابردوویەکی کۆنتر و دەوڵەمەندتریشی لە بەشەکانی دیکەی ئێران هەیە. جیا لەو بەرەنگارییە چەکدارییانەی لە سەردەمی شۆڕشی سمکۆ و لە پەراوێزی رووخانی کۆماری کوردستاندا روویان داوە، دیارترین جووڵەی پارتیزانیی شۆڕشگێڕانی کورد لەو سەردەمەدا واتە بزووتنەوەی "٤٦ - ٤٧" بە دوو سێ ساڵ پێش بزووتنەوەی سیاهکەل بەڕێوە چووە. هەربۆیە شتێکی سروشتی‌یە کە گوتار و بیرکردنەوەی شۆڕشگێڕانی کورد لە ئێران و هی رێبەرانی حیزبی دێموکرات لەو پێوەندییەدا وێڕای ئەوە کە شوێنەواری لە گوتاری باوی نێو بزووتنەوە رزگاریخوازییەکانی جیهان و زێهنیەتی زاڵ بەسەر ئۆپۆزیسیۆنی ئەودەمی ئێران وەرگرتووە، بەرهەمی بەستێن و زێهنیەتی تایبەت بە خۆیشی بووە.

لە راپۆرتێکدا بە قەڵەمی د. قاسملووکە پێشکەش بە کۆنگرەی سێهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان (١٩٧٣) کراوە، کۆمیتەی ناوەندیی ئەو حیزبە خەباتی چەکداریی بە "شێوەی ئەساسیی خەباتی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران داناوە". ئەم راپۆرتە کە چ بەهۆی وێکچوونی هەلومەرجی ئەوکات و بارودۆخی ئێستای خەباتی حیزبی دێموکرات و چ بەهۆی وردبینیی سیاسی و زانستی بوونی، دەکرێ وەک مانیفێستێکی زیندووی خەباتی ئەو حیزبە لە سەردەمی ئێستاشدا چاو لێ بکرێ، لەپێوەندی لەگەڵ هۆکاری باوەڕمەندی بەم شێوازە لە خەبات دەنووسێ: "ئەم شێوە خەباتە لەلایەن رێژیمی دیکتاتۆری شاوە بەسەر هێزە نیشتمانی‌یەکانی ئێراندا سەپێندراوە. لەڕاستیشدا لە هەلومەرجی ئێستا و لە چوارچێوەی رێژیمی شادا هیچ گۆڕانێکی قووڵی سیاسی و کۆمەڵایەتی مومکین نیە. رووخاندنی ئەو رێژیمەش لە هەلومەرجێکدا کە باس کرا تەنیا یەک رێگای هەیە، ئەویش شێوەی خەباتی چەکدارە".(٣)

ئەوە کە گرتنەبەر یا لانیکەم باوەڕ بە خەباتی چەکداری لە سەردەمی رێژیمی شادا شتێکە کە دەسەڵاتی ناوەندی بەسەر شۆڕشگێڕانی کوردیدا سەپاندبوو و ئەوان لە نەبوونی هیچ دەرفەت و بەستێنێک بۆ دروست کردنی گۆڕانی سیاسی لە رێگای دێموکراتیک یان هەر نەبێ ئاشتیخوازانەوە خۆیان ناچار دەدیت کە بیر لە پەنابردن بۆ ئەم شێوازە هەرە پڕ تێچوویە لە

خەبات بکەنەوە، پاش هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی هێندەی دیکەش لە گوتار و کرداری حیزبی دێموکرات و هێزە مەیدانییەکانی کورد لە ئێراندا زەق بۆوە. دیارە وەک دواتر باسی دەکەین چەمکی فرەڕەهەندیی خەبات و پێویستیی دەکارخستنی زیاتری هەموو بەستێنەکانی تێکۆشان هەم لە نێوەڕاستەکانی دەهەی حەفتای هەتاوی بەولاوە و هەم بەتایبەتی پاش کۆنگرەی چاردەی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەشێوەیەکی بەرچاوتر لە ئەدەبیاتی سیاسیی حیزب و تا رادەیەکیش لە تێکۆشان و کارکردی ئەو حیزبەدا بەرجەستە بۆتەوە و تەنانەت لەسەر ئەوە جەخت کراوە کە "ئەوە رێژیم نیە کە دەبێ مەیدانەکانی خەباتمان بۆ دیاری بکا".(٤) بەڵام لەسەر یەک ئەوە کە مێتۆدی شۆڕشگێڕانە و خەباتی چەکداری بەرهەمی سیاسەتە ئەمنیەتەکانی رێژیم و داخراویی سیستمی مەوجوود لەپێوەندی لەگەڵ چارەسەری سیاسیی پرسی کورد لە ئێرانە لە گوتار و روانینی حیزبی دێموکرات و زۆربەی هێزە سیاسییەکانی دیکەی رۆژهەڵاتدا هەروا لەجێی خۆیەتی.

هەروەک چۆن سیاسەتی دەسەڵاتی ناوەندی لە گرتنەبەر یان باوەڕ بە خەباتی چەکداریدا فاکتەری هەرە دیاریکەر بووە، ئامانجی ئەم شێوەیەش لە خەبات لە کانتێکستی خەباتی کوردەکانی ئێران و حیزبی دێموکراتدا زۆرتر کاریگەری دانان لەسەر ئەو سیاسەتە و فشارهێنان بۆ گۆڕینی بووە. ئەمە پێش هەموو شتێک بۆ مۆدێلی هەڵبژێردراو لە خەباتی چەکداری واتە شەڕی پارتیزانی دەگەڕێتەوە. لە دنیادا شەڕی پارتیزانی یان "گێریلا" لە کانتێکستی زۆر جیاواز و بە ئامانجی جۆراوجۆر بەڕێوە چووە. بەڵام سەرجەم تیئۆریسیەنەکانی ئەو جۆرە لە شەڕ (لە "سون تزو"ی چینییەوە وە بگرە کە ٢٥٠٠ ساڵ پێش ئێستا لە "هونەری شەڕ"دا ئەو تاکتیکانەی باس کردوون کە ئەمڕۆ لە خەباتی پارتیزانیدا بەکار دەبرێن تا "رێژیس دوبرە"ی فەڕانسەیی کە شۆڕشی "فۆکۆ"ی چەگوارای فۆرموولە کردبۆوە) لەسەر ئەوە کۆکن کە ئەم شێوازە بریتییە لە شەڕێکی ناڕێکوپێک کە ئامانجی سەرەکیی نیزامی نیە، بەڵکوو سیاسییە. بەو مانایە کە هێزێک کە لە رووی ژمارە و لۆژیستیکەوە لە هێزی دەسەڵات لاوازترە بەپشتبەستن بە پشتیوانیی زۆرینەی خەڵک [هەربۆیە خەڵکی سڤیل ناکاتە ئامانج] کردەوەی ئامانجدار و غافڵگیرانەی سەربازی نەک بەمەبەستی کۆنترۆڵی خاک و ڕاماڵینی هێزی بەرامبەر، بەڵکوو بۆ ئەزیەت کردن و زەربە وەشاندن لە هێزی دەوڵەت و هەڵوەشاندنەوەی پلانەکانی و لە ئەنجامدا دروستبوونی بەستێنی گۆڕان ئەنجام دەدا.(٥)

بەدەر لەو تایبەتمەندییانەی هونەری شەڕ کە لە خەباتی چەکدارانەی حیزبی دێموکراتیشدا بەڕوونی بەدی کراون، جەختی ئەو حیزبە لەسەر ئەوە کە مەسەلەی کورد ڕێگاچارەی نیزامی نیە؛ راگەیاندنی ئەوە کە لە حاڵەتێکدا کە گەلی کورد لە ئێران بەتەنیا ناتوانێ دەسەڵات برووخێنێ مەبەست لە شەڕ ناچارکردنی دەسەڵات بۆ وتووێژە؛ بە ئینسانی کردنی شەڕ و هەوڵدان بۆ کەمکردنەوەی تێچووی ئینسانیی شەڕ (کشانەوەی هێزی پێشمەرگە لە شارەکان، رێزگرتن لە قانوونی

بەشەردۆستی)؛ و زۆر نیشانەی دیکە ئەو راستییە دەگەیەنن کە ئەو حیزبە تەنانەت لە دەهەی شەستی هەتاوی‌دا کە دەستی پێشمەرگەکانی بۆ عەمەلیاتی دەسپێشخەرانەی چەکدارانە ئاوەڵا کردبوو، شەڕی بۆ شەڕ یان بە ئامانجی نیزامی نەکردوە بەڵکوو تاکتیکی نیزامیشی کردۆتە تابعێکی مەنتقی سیاسی.

١- هێربێرت رۆزینسکی، "سنووری چەمکەکان لەنێوان ستراتێژی، ئۆپەراسیۆن و تاکتیک لە هونەری شەڕدا"، نووسراوەکانی کالیجی دەریایی شەڕ لە نیوپۆرت، ١٩٥٠(فەڕانسەیی).

٢- مسعود احمد زاده، "مبارزه مسلحانه؛ هم استراتژی، هم تاکتیک"، چریکهای فدائی خلق ایران، ١٣٤٩.

٣- راپۆرتی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ کۆنگرەی سێهەم، ١٩٧٣، چاپی بەغدا، لاپەڕە ٤٧.

٤- وەک تازەترین ئاماژە، وتاری هاوڕێ سەعید بێگزادە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حدک لە رێوڕەسمی رێزگرتن لە شەهیدانی یەڵدای خوێناویی دێموکرات لە ستۆکهۆڵم.

٥- ژێرار شالیان، گەشتێک بەنێو چل ساڵ شەڕی پارتیزانی‌دا، پاریس، ٢٠٠٦ (فەڕانسەیی).

لە ژمارە ٦٩٥ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

٤ی جانێوێری ٢٠١٧

-----------------

## خەباتی چەکداری: شێوازێکی هەردەم لە رۆژەڤ

(بەشی سێهەم و کۆتایی)

### پێوەندیی نێوان خەباتی چەکداری و شێوەکانی دیکەی خەبات

بابەتێک کە هەمیشە لەنێو بژاردە سیاسی و مەدەنییەکان چ لە ئێران و چ بەتایبەتی لە ساڵانی رابردوودا لە کوردستان زۆر جێگای مشتومڕ بووە، کاریگەریی خەباتی چەکداری و مێتۆدە سەختەکانی تێکۆشان لەسەر خەباتی مەدەنی و مێتۆدە نەرمەکانە. ئێمە پێشتر باسی ئەوەمان کرد کە تیئۆریی خەباتی چەکداری لە مێژووی نوێی ئێراندا زۆرتر لە کەناڵی فکری مائۆ و لەسەر دەستی چەپی شۆڕشگێری ئێران هاتۆتە نێو فکری سیاسیی نەیارانی رێژیمی شا. لەحاڵێکدا کە بەپێی ڤێرژنی ئەسڵی و یەکەمی ئەم تیئۆریسازییە خەباتی چەکداری رێگایەکە بۆ ئەوەی هێزێکی پێشڕەو خەبات بە جەماوەری بکا و هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگا لەدەوری ئامانجێکی سیاسی ئەرکدار و چالاک بکا(١)، لەو سەردەمەدا کە کورد و حیزبی

دێموکڕات بەشێوەیەکی بەربڵاو و بەردەوام خەباتی چەکدارییان بەڕێوەبرد، واتە پاش هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی، بەلەبەرچاوگرتنی باڵادەستی و پڕڕەنگبوونی کارزاری چەکدارانە لە کردەوەی سیاسیی حیزبی ئێمەدا، هێندێک لە فکرسازە چەپەکان کە کێشەی بنەڕەتی‌یان لەگەڵ ناسیۆنالیزمی کورد هەبوو، حیزبی دیموکراتیان بەوە تاوانبار دەکرد کە جگە لە شەڕ شتێکی دیکە نازانێ و کارکردی نەریتگەرایانەی پێشمەرگە ئەنجامێکی نیە جگە لە پاسیڤ کردنی چین‌وتوێژەکانی تری کۆمەڵگا و پشتگوێ خستنی هەر چەشنە جەهانبینی‌یەکی نوێ بۆ کۆمەڵگا.(٢)

ڕاستییەکەی ئەوەیە کە وەک لە بەشی یەکەمی ئەم وتارەدا باسمان کرد، باڵادەستی و پڕڕەنگبوونی مێتۆدی چەکدارانەی حیزبی دیموکرات بەتایبەتی لە دەهەی شەستی هەتاویدا پێش ئەوەی ئاقاری هەڵبژێردراوی کوردەکان خۆیان بووبن، حاڵەتێکی داسەپاو و بەرهەمی سیاسەتی خودی ڕێژیم بوو؛ هەروەک کە لە سەردەمی ئێستاشدا پڕڕەنگنەبوون و باڵادەست نەبوونی مێتۆدە سیاسی و مەدەنییەکانی خەبات لە بیرکردنەوە و بەرنامەڕێژیی تێکۆشەرانی کورد لە ئێراندا لەبەر ئەوە نیە کە کوردەکان بۆخۆیان حەز نەکەن پرسی ماف و داخوازییەکانیان تەنیا و پێش هەموو شتێک لەم بەستێنەدا ببەنە پێش. بەڵام ئەگەر واشی دابنێین کە هێزێکی سیاسیی بەرپرسیار دەبێ لەو ڕێژەیە لە یاریی سیاسی کە لە کۆنترۆڵی خۆیدایە بۆ دروستکردنی بوار و بەستێنە نوێ و کەم تێچووترەکان تێبکۆشێ، زۆر بەر لە دەستپێکردنی خەبات یان خۆڕاگریی چەکداری بەشێوەی سیستماتیک لەلایەن حیزبی دیموکراتەوە بایەخ و پێویستیی مێتۆدە سۆفتەکانی تێکۆشان لە ئەدەبیات و کارکردی سیاسیی ئەو حیزبەدا جێیان بۆ کراوەتەوە. بۆ نموونە لەو ڕاپۆرتەی کۆمیتەی ناوەندیدا بۆ کۆنفڕانس و کۆنگرەی سێهەمی حیزب کە پێشتر پشتمان پێ بەست هاتووە:"ئێمە ئەوەندەی پێمان بکرێ تێدەکۆشین هێندێ دروشمی ڕۆژ وەک بەڕەسمی ناساندنی زمانی کوردی و ئازادیی زیندانییانی سیاسی هەر لە چوارچێوەی ڕێژیمی شادا بەسەر ئەو ڕێژیمەدا بسەپێنین. ئەوە دوورکەوتنەوە لە ڕێبازی گشتیی خەبات نیە کە لابردنی ڕێژیمی شایە بەڵکوو خەباتی ڕۆژە. خەبات بۆ داخوازەکانی هەموو ڕۆژەی کۆمەڵانی خەڵک ڕێگا بۆ خەباتی درێژخایەن و توندوتیژ خۆش دەکا و تاقیکردنەوەی نوێ دەداتە دەست کۆمەڵانی خەڵک و ڕۆژ لەدوای ڕۆژ زیاتر قانیعیان دەکا کە بە خەباتی ڕێکوپێک دەتوانن هێندێک لە داخوازەکانیان بەسەر ڕێژیمی شادا بسەپێنن".

ئەگەر لە مەودایەکی مێژووییدا چاو لە دیاردە و ڕووداوەکان بکەین و ئەم ڕاپۆرتە پێوەند بدەینەوە بە دوایین ڕاپۆرتی سیاسیی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستان بۆ کۆنگرەی شازدەهەم، دەبینین کە جیا لەوە کە لە بنەماکاندا حیزبی ئێمە لەسەر هەمان ئەو ڕێچکە باوەڕی و ڕەفتارییە ڕۆیشتووە؛ جیا لەوە کە هەرگیز لەو دەرفەتانە کە بۆ کاری سیاسی و خەباتی جەماوەری هاتوونە پێش غافڵ نەبووە (بۆ نموونە مامەڵە لەگەڵ نارەزایەتییەکانی زستانی ١٣٧٧ و هاوینی ١٣٨٤ی خەڵکی کوردستان، هەڵوێستمان لەگەڵ هێندێک لە هەڵبژاردنەکانی نێو کۆماری ئیسلامی، ڕوانگەمان بۆ

چالاکانی مەدەنی،... هتد)؛ جیا لەوەش کە خیسڵەتی بەکردەوە دێموکراتیک و پێشکەوتنخوازانەی حیزبی دیموکرات ئەو حیزبەی هانداوە کە لەگەڵ ئەوەدا کە پرسی شوناس بە دەلیلی وجوودیی خۆی بزانێ سەرنج و بایەخی گەورە بە پرسەکانی دیکەی کۆمەڵگاش بدا، هاوکات هەڵکشان و گۆڕانێکی کەیفیەتیشی لە روانینی خۆی بۆ مێتۆدە غەیرە چەکدارییەکاندا پێک هێناوە. بەتایبەتی لە دە ساڵی رابردوودا لەگەڵ ئەوەدا کە پێشمەرگەی حیزبی دیموکراتی کوردستان بەردەوام لەنێو خاک و خەڵکی خۆیدا حزوور و تێکۆشانی تەشکیلاتیی هەبووە، حیزبی ئێمە ئەو لایەنە سیاسییەی رۆژهەڵات بووە کە لە گوتاری سیاسی و بەرنامەڕێژیی رێکخراوەیی خۆیدا زۆرترین شوێنی بۆ مێتۆدە سیاسی و مەدەنییەکانی خەبات کردۆتەوە و بەهۆی راستوێژی و تابووشکێنیی لەو پێوەندییەدا تەنانەت حازر بووە تێچووی سیاسییش بدا.

لەهەرحاڵدا باوەڕی ئێمە ئەوە نیە کە خەبات، خۆڕاگری یا حزووری چەکدارانەی پێشمەرگە بە خودی خۆی هەڕەشە یان بەدیل بۆ مێتۆدە سیاسی و مەدەنییەکانی خەبات تەنانەت لە ڕووبەڕووبوونەوە و مامەڵە لەگەڵ رێژیمێکی وەک کۆماری ئیسلامیشدایە. بەڵکوو هەردووکی ئەم ئاقار و شێوازانەی خەبات پێویستە لە چوارچێوەی تێکۆشانێکی فرەڕەهەند و هەمەلایەنە هەماهەنگ و تەواوکەری یەکتر بن. بەرزی و نزمی و رێژەی هەرکام لەو مێتۆدانەش دەبێ لەژێر ئامانجێکی سیاسی و بە پێی قۆناغەکان و هەلومەرجی رۆژ و رەفتاری دەوڵەتی ناوەندی دیاری بکرێن.

### فاکتەری هەلومەرج بۆ بردنەپێشی خەباتی چەکداری

لە کاردروستایی تێکۆشەرانی هەر گەلێکدا بۆ بەڕێوەبردنی خەباتی چەکداری بەشێوەیەکی سروشتی ئەو پرسیارە دێتە پێش کە بۆ وەها کردەوەیەکی گەورە و پڕ دەرەنجام لە هەموو روویەکەوە (چ بۆ سەر گیانی ئەنجامدەرانی ئەم شێوازە لە خەبات و چ بەگشتی بۆ سەر ژیان لە کۆمەڵگادا و بەستێنی سیاسی و گشتی) کامە فاکتەر و پێداویستییانە دەبێ لەبەر چاو بگیرێن و پێوەندی و ریزبەندی نێوان فاکتەر و پێداویستییەکان دەبێ چۆن و بە چ شێوەیەک رێک بخرێ. لێرەدا لەگەڵ ئەوە کە هەمیشە هەلومەرج وەک فاکتەرێکی سەرەکی و بنەڕەتی بۆ مامەڵە و ساغبوونەوە لە وەها پرسێکدا چاو لێ کراوە، فاکتەری زەینی واتە ئیرادەش هەمیشە وەک دیاریکەرێکی بەرجەستە لە بەرامبەر فاکتەری هەلومەرجدا قوت بۆتەوە و تەنانەت لە بیری تیئۆریسیەنە مەیدانییەکانی خەباتی چەکداریی گەلان لە جیهاندا بۆ نموونە خودی چەگوارا وا دەردەکەوێ کە ئەوەی گرینگتر و بڕیاردەرترە فاکتەری دووەمە.(٣)

راپۆرتە پێشتر ئاماژەپێکراوەکەی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکرات بۆ کۆنگرەی سێهەمی ئەو حیزبە لەو پێوەندییەدا هێندێک شتی باس کردووە کە لە سەردەمی ئێستاشدا دەکرێ وەک ئاکسیۆمێک (ئەسڵێک کە بنەمای بیرکردنەوەمانە) بۆ کار

و كردەوەی ئەو حیزبە و بەگشتی تێكۆشەرانی سیاسیی رۆژهەلاَتی كوردستان چاوی لێ بكرێ. لەم راپۆرتەدا دەخوێنینەوە :"ئێمە خەباتی چەكدار بە شێوەی ئەساسیی خەباتی خۆمان دادەنێین و پێمان وایە كە تاقە شێوەی مومكین بۆ رووخاندنی رێژیمی شایە. بەلاَم هەتا هەلومەرجی پێویست بۆ دەستپێكردنی ئەم خەباتە پێك نەیە، خەباتی چەكدار بە دروشمی رۆژ دانانێین. ئەوە رێگای حیزبێكی شۆڕشگێڕە. رێگای رێكخراوێكە كە هەست بە مەسئوولییەت دەكا. بە بڕوای ئێمە بۆ سەركەوتنی خەباتی چەكدار لە كوردستانی ئێران پێویستە گەلی كورد ئامادە بكرێ، لانی كەمی رێكخراوێكی شۆڕشگێری ئەوتۆ كە باس كرا پێك بێ، یەكێتیی كردەوە لەگەلْ رێكخراوەكانی شۆڕشگێڕی ئێرانی كە لە خەباتی چەكداردا بەشدارن دابین بكرێ، ئەو گیروگرفتانەی كە پێوەندییان بە كوردستانی عیراقەوە هەیە بە قازانجی خەباتی چەكدار لە كوردستانی ئێران حەل بكرێن و یارمەتیی دەرەوە بۆ ئەو خەباتە رابكێشرێ. ئێمە ناتوانین هیچ یەك لەم شەرتانە لەبیر بەرین، بەلاَم چاوەڕوانی ئەوەش نابین كە هەموو ئەم شەرتانە وێكڕا سەدی سەد جێبەجێ بن جا ئەودەم خەباتی چەكدار دەست پێ بكەین".

شتێكی گرینگ كە پێویستە لەم پێوەندییەدا ئاماژەی پێ بكەین ئەوەیە كە بەهۆی وێكچوونی هەلومەرجی ئێستای خەباتی كورد لە ئێران لەگەلْ ئەو هەلومەرجە كە نزیك بە چل و پێنج سالْ پێش ئێستا ئەم راپۆرتەی سەرەوەی تێدا نووسراوە، لە سالاَنی دوایی‌دا ئەوە كە ئایا هەلومەرج بۆ دەستپێكردنەوەی كردەوە یا لانیكەم حزووری بەرچاوتری چەكدارانە لە رۆژهەلاَتی كوردستان لەبارە یا نا، دیبەیتێكی گەرم و زۆر جار ناسالمی لەنێوان هێزە سیاسییەكانی رۆژهەلاَتی كوردستان لێ كەوتۆتەوە. ئەوە كە پێویستییەكانی خەباتی چەكداری لە سەردەمی ئێستادا چین و ئەوە كە ئایا بەڕاستی مێتۆدە باوەكانی سەردەمی خەباتی رزگاریخوازانەی گەلانی جیهان لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا بۆ سەردەمی ئێستاش دەگونجێن، لە دەرفەتی ئەم وتارە و شارەزایەتیی نووسەرەكەی بەدەرە. تەنیا شتێك كە دەكرێ لێرەدا بیلێین ئەوەیە كە هەر هێزێك كە بەرپرسیارانە لەگەلْ هەلومەرج و دەرفەتەكان مامەلْە بكا و هاوكات ریسالەتی شۆڕشگێڕانە و خەباتگێڕانەی خۆیشی لەبیر نەچێتەوە، پێویستە لە مامەلْە و بڕیار و هەلْوێستی لەو بوارەدا هاوكات هەم واقعبین بێ، هەم نەترس. بە دیوی یەكەمدا، واقعبینی لەو پێوەندییەدا یارمەتیمان دەكا كە ئەگەر باسكردن لە خەباتی چەكداریمان بۆ لە خودی بەڕێوەبردنی خەباتی چەكداری گرینگتر نیە، پێویستە رێك بەو مێتۆدە مامەلْە لەگەلْ ئەو پرسە بكەین كە لە راپۆرتە ئاماژە پێ كراوەكەی سەرەوەدا باس كراوە. ئەگەریش هات و لایەنێك یان چین و توێژێكی نێو كۆمەلْگا لەو پێوەندی‌یەدا رەخنە و تێبینیی هەبوو، نابێ پێمان وابێ ئەو لایەن یان چین و توێژە لە ئێمە كەمتر دلْسۆز و نیشتمانپەروەر یان لە ئێمە كەمتر خەباتگێڕ و وڵاتپارێزە بۆیە شتی وا دەلْێ. بە دیوەكەی تردا، هەر لایەنێك (جا ئەو لایەنە بۆخۆمانین یان لایەنێكی دیكە) كە بە پێشكەشكردنی تێچووی زۆر گەورە لە بارەگای میللەتدا لە فكری دەرچوون لە دۆخی نادلْخوازی ئێستا و لە هەولْی بووژاندنەوەی زیاتری خەبات و تێكۆشان لە بەستێنی شۆڕشگێڕی‌دا بێ، دەبێ كاری ئەو

لایەنە بە ئیحترامەوە چاو لێ بکرێ. هاوکات هەروەک کە بۆ وتووێژ لەگەڵ ڕێژیم دروست نیە هیچ لایەنێک بە تاقی تەنیا ئەو کارە بکا، گرتنەوەبەری مێتۆدی چەکدارانەش ئەو کاتە بەڕاستی بەبەرهەم و کارساز دەبێ کە ئەو کارە بەرهەمی پێکەوە کارکردن و لێکگەیشتنی زۆربەی لایەنە سەرەکی و مەیدانییەکانی خەباتی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بێ.

### ڕوانینی لایەنەکانی ئێرانی بۆ خەباتی چەکدارانەی کوردەکان

ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی ئەمڕۆ لە هەموو کاتێک زیاتر پارچە پارچە و لە واقعییاتی کۆمەڵگای ئێرانی دوور کەوتۆتەوە و گرفتاری کۆمەڵێک باس و خواس و سنووربەندیی بێکەلک و سەردەم بەسەرچووشە. سەرباری هێندێک گەشەسەندنی پۆزەتیف و هەڵوێستی جێگای ستایشی هێندێک لایەن و کەسایەتیی سنووردار، لە جەوهەردا ڕوانینی لایەنە ئێرانییەکان بۆ پرسی نەتەوایەتی و پێکەوەژیان لە ئێراندا لەچاو ئەوە کە سی و پێنج ساڵ پێش ئێستا هەیانبوو ئەگەر خراپتر نەبووبێ، زۆر باشتر نەبووە. ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر بابەتەکەمان، بەوەندە قەناعەت دەکەین کە بڵێین بەهۆی هەلومەرجی ناوچە و تا ڕادەیەکیش لە ئەنجامی فرتوفێڵ و کارلەسەرکردنەکانی پشتی پەردەی خودی ڕێژیم، ئەو ئۆپۆزیسیۆنە لەسەریەک سەبارەت بە ئایندەی ناسنامەی ئێرانی و تەواوەتیی ئەرزیی وڵات و چۆنیەتیی هێنانەدیی ئەلترناتیڤی سیاسی، ئەمڕۆ زیاتر لە پێشوو لە ڕوانینەکاندا مەزنیگەرا و لە شێوازەکاندا کۆنسەرڤاتیڤ بووە. بۆ نموونە لەو شوێنەدا کە لە زەمانی شادا ڕووناکبیران و سیاسییەکانی چەپی نزیک لە "جەبهەی میللی" لە دەرەوەی وڵات پشتیوانیی سیاسی و یارمەتیی لۆژیستیکیان بۆ ئەو بڕە کەمە لە جووڵەی چەکداریی چریکەکان بۆ تێکدانی "دوورگە ئارامەکەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست" کۆ دەکردەوە، هەمان ئەو کەسانە ئەمڕۆ لەپێوەندی لەگەڵ حزووری مەیدانی و چەکدارانەی کورددا بەبێ دوودڵی ئەم ئاقارە مەحکووم دەکەن و بە قەولی خۆیان بە هۆکاری لەباربردنی دەرفەتی گۆڕانی نەرم و بە سوریە کردنی ئێرانی دەزانن. نووسەری ئەم دێرانە لەو باوەڕەدایە کە وێڕای ئەوە کە هاوخەباتی و لێکگەیشتن لەگەڵ ئێلێمنتە بەوەزنەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی یەکجار زۆر گرینگ و پێویستە، بەڵام ئێمە کە دەڵێین هەر پارچەیەکی کوردستان دەبێ بۆخۆی نوێنەرایەتیی بەرژەوەندییەکانی خۆی بکا و نابێ هیچ پارچەیەکی کوردستان ئاجێندای خەبات بۆ پارچەیەکی دیکە بۆ دیاری بکا، ئەو وتە و باوەڕە دەبێ چەند قات قایمتر و ڕاشکاوانەتر لەپێوەندی لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانیدا جێبەجێ بکەین (لانیکەم تا کاتێک کە حازر بە دانپێدانانی بەکردەوەی جەوهەری پرسی کورد لە ئێران دەبن). لە سەردەمی ئێستادا سەرکەوتن و هەستانەوەی کوردی ڕۆژهەڵات، بە مەرجێک بە یەکگرتوویی ئەو کارە بکا، لە بەهێز کردنی هەرچی زیاتری ڕەهەندی مەیدانی و قائم بە زاتی خەباتەکەی خۆیدایە.

### ئەنجام: خەباتی چەکداری، فاکتەری ترازێنەر یان سازێنەری نێو بزاڤی کورد لە ڕۆژهەڵات

لە سەرەوە و لە پێوەندی لەگەڵ فاکتەری هەلومەرجدا باسی ئەوەمان کرد کە بەداخەوە لە ساڵانی دوایی‌دا پرسی خەباتی چەکداری لەجیاتی ئەوەی ببێتە هۆکارێک بۆ یەکخستنی گوتار و کرداری هێزە سیاسییەکانی رۆژهەڵات، بۆتە فاکتەرێکی نوێ و "مزید بر علت" بۆ دڕدۆنگی و لێکدوورکەتنەوەی ئەو هێز و لایەنانە. لەلایەک، ئەو هاوبەشییە لە روانین‌دا کە لە پێوەندی لەگەڵ ئەم پرسەدا لەنێوان بەستێنی شۆڕشگێڕی و بەستێنی مەدەنی‌دا زەرووره، بەو جۆرەی پێویستە کاری بۆ نەکراوە. لەلای دیکەش، لەنێوان خودی هێزەکانی بەستێنی شۆڕشگێڕی‌دا هێشتا لێکحاڵێبوونێکی بەکردەوە و بەرهەمدار کە هاوهەنگاویشی لێ بکەوێتەوە نەهاتۆتە دەست. هەربۆیە زۆر گرینگە بژاردە و لایەنەکانی کوردی رۆژهەڵات لەسەر هەردوو بەستێن و لەنێوان هەردوو بەستێندا بە دووربینی و دڵئاوەڵایی و حەوسەلەیەکی زۆرترەوە کار لەسەر ئەو پرسە بکەن و نەک هەر لە روانیندا بەڵکوو لە مەیدانی کردەوەشدا لەسەر نەخشەڕێگایەکی هاوبەش یا لانیکەم هەماهەنگ رێک بکەون.

ساڵی ١٩٨٨، کاتێک پاش پەسندکرانی بڕیارنامەی ٥٩٨ ی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان شەڕی عیراق و ئێران کۆتایی پێ دێ، ئەو نیگەرانی‌یە لە دڵی تێکۆشەرانی کورد لە رۆژهەڵاتی ئێراندا زیندوو بۆوە کە رەنگە ئاشتیی ئەمجارەش لەسەر حیسابی بزوتنەوەی کورد بێ و سیناریۆی ساڵی ١٩٧٤ ی کورد لە عیراق ئەمجار بەدژی کورد لە ئێران دووبارە بێتەوە. لە هاوین و پاییزی ئەوساڵەدا دوکتور قاسملوو نامەیەک بۆ گزاڤیە پێرێز دیکوێلار سکرتێری گشتیی ئەودەمی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەنێرێ و لە ئەنستیتۆی هاوپێوەندی لەگەڵ ئەمریکای لاتین‌یش لە مادرید وتارێک پێشکەش دەکا. ناوبراو وێڕای ئەوە کە رەتی دەکاتەوە کە هەر جۆرە رێککەوتنێکی نێودەوڵەتی لەسەر کێشەیەکی ناوچەیی لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا کاپیتولاسیۆن (خۆبەدەستەوەدان)ی کورد و حیزبی دێموکراتی لێ بکەوێتەوە، دڵنیایی دەدا کە هەتا کاتێک کۆمەڵگای نێونەتەوەیی سەرنج نەداتە پرسی کورد لە ئێران و هەتا کاتێک وڵامی خواستە رەواکانی گەلی کورد لە ئێراندا نەدرێتەوە، ئەو گەلە بە هەر رێگایەک کە لەبەردەستی بێ (بخوێنەوە بە خەباتی چەکداریشەوە) خەباتی خۆی هەر درێژە دەدا.

١- امیر پرویز پویان، ضرورت مبارزه مسلحانه و رد تئۆری بقا، انتشارات چریکهای فدائی خلق ایران، ١٣٥٠.
٢- منصور حکمت، مصاحبه با "کمونیست"، شماره ٦٠، بهمن ماه ١٣٦٩.
٣- Guevara, Ernesto: Guerrilla Warfare, Souvenir Press, ISBN 978-0-285-63680-4.

لە ژمارە ٦٩٧ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٥ی فێبریوێری ٢٠١٧

## پێشمەرگە (کەسایەتیی نەتەوەیەک)



**سمایل شەرەفی**

قسەکردن لەسەر "پێشمەرگە" تەنیا لە چوارچێوەی پێناسەی "چەکدارێکی بەبیروباوەڕ"دا، لەوانەیە غەدرێک بێت لە یەکێک لە دەسکەوتە مێژووییەکانی نەتەوەی کورد. پێشمەرگەی کوردستان وەک هێزێکی خەباتکاری میللەتی کورد لەگەڵ ئەوەیکە بە سەدان دەسکەوتی پڕنرخی بۆ ئەم میللەتەکەی دەستەبەر کردوە و پارێزگاری لە گەلێک دەسکەوتی دیکە کردوە، لە هەمان کاتدا خۆیشی دەسکەوتێکی هەرە پڕبایەخی زەمەنێکی زێڕینی ئەم میللەتەیە. دەسکەوتێک کە ڕۆڵێکی هەرە بنەڕەتی لە بیچمگرتنی شوناسی نەتەوەیی خەڵکێکی بێدەوڵەتی وەک کورددا گێڕاوە. دەسکەوتێک کە لە هەناوی مەزنترین ڕووداوی مێژوویی نەتەوەیەکەوە لەدایک بوو. پێشمەرگە یەکێک لە مەزنترین لق و پۆپەکانی کۆماری کوردستانە کە خۆی وەک دەسکەوتێکی ئەم "باوەڕبەخۆبوون" و ئیرادە مەزنە، هەوڵی پەرەپێدان و پاراستنی گەلێک دەسکەوتێکی مەزنتر لەخۆی دا.

پێشمەرگەی کوردستان پێش ئەوەی بۆ کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان وەک عونسورێکی عەینی، لە قەڵافەتێکی جوامێرانەدا ببێتە ڕەمزێک بۆ قارەمانێتی و بەرەنگاری، لە زەیین و ناخی تاکی نەتەوەیەکی بێدەرەتانی بەتاڵ لە هەرجۆرە پشتیوانییەکدا، "باوەڕبەخۆبوون"ی بنیات نا. باوەڕبەخۆبوونێک کە تا ئێستاشی لە گەڵدا بێت، سەرەڕای دەیان دوژمن و نەیاری ڕەنگاوڕەنگی تەیار بە هەمووی پیلان و کەرەسەیەکی داپڵۆسێنەرانە، هەروا ئەم میللەتەی لە سەر پێ ڕاگرتووە.

پێشمەرگەی کوردستان بە ڕۆڵی خۆبەخش و خۆنەویستانەی لە جووڵانەوەی مافخوازانەی نەتەوەکەیدا پێناسەیەکی جیاوازی بە "گیانفیدایی" و "نیشتماندۆستی" بەخشیوە. "نیشتمانپەروەری" و بەدوای ئەودا "گیانفیدایی"، بۆ پێشمەرگە تەنیا ئەرکی سەربازێک نەبووە بۆ نیشتمانەکەی، بەڵکوو بەشێکی هەرە ئەساسی بووە لە ئەخلاقی ئینسانیی ئەم مرۆڤە خاوەن باوەڕ و

خەونە. ئەخلاقێک کە پێشمەرگەی لە بیرکردنەوە و تێفکرینی گەلەکەیدا کردۆتە قارەمانێکی هەتاهەتایی. قارەمانێک کە تەنیا خاک و خەڵکی خۆی بە پشتیوانیی راستەقینە دەزانێ و تەنیا لە داوێن و باوەشی ئەواندایە کە، هەست بە بوونی خۆی و نەمریی رەسالەت و ئەرکەکانی دەکات.

پێشمەرگەی کوردستان کە لە هەناوی زەمەنێک لە زەمەنە مێژووییەکانی نەتەوەکەیدا لە دایک بووە، بەهۆی ئەوەی تەنیا پاراستنی خاک و خەڵکی خۆی بە ئەرک زانیوە، بە دوور بووە لە دەستدرێژکردن و بەکارهێنانی وەک هێزێکی پەلاماردەر و داگیرکەر. سنووری دەرکەوتن و بەرەنگاریی پێشمەرگەی کوردستان بەرانبەربە دوژمنانی میللەتەکەی، راست هەمان سنووری وڵاتەکەیەتی.

فەلسەفەی وجوودیی پێشمەرگە بە پێچەوانەی "سەرباز"ی نەتەوە پاوانخواز و دەوڵەتە داگیرەکان - کە پەلاماری خاک و خەڵکی دیکەیان پێ دەدرێ - تەنیا هەوڵدانە بۆ رزگاری و پاراستنی گەل و نیشتمانی خۆی. هەر ئەم تایبەتمەندییەش وای کردوە کە پێشمەرگە وەک هێزێکی گەلی و نیشتمانی بمێنێتەوە و متمانە گەلی خۆی وەدەست بێنێ. متمانەیەک کە ئەمڕۆ دوای زیاتر لە حەوت دەیە لە مێژووی تێکۆشان و گیانفیدایی، بۆتە بەشێک لە شوناسی هێزی پێشمەرگە.

ئەم تایبەتمەندییانە و هەموو ئەو تەعبیر و پێناسانەی تا ئەمڕۆ لە پێوەندی لەگەڵ پێشمەرگەدا باس کراون، ئەوەمان لێ دەخوازێک کە پێویستە هەورازتر لە [ناو]ێک بۆ پێشمەگە بڕوانین. پێشمەرگە ناتوانێ بەتەنیا ئەو سەربازە بێت کە لە خزمەت بەجێگەیاندنی بڕیارە سیاسییەکان دایە. بەو مانایە کە وەک "سەرباز"ێک تەنیا گوێڕایەڵی فەرمانێکی سەرووتر لە خۆی بێت. بەڵکوو پێشمەرگە ئەو قارەمانە بە بیروباوەڕەیە کە لە سەر ئیرادەی نەتەوەیەک دەجووڵێ و، رەساڵەتەکەی جیا لە بەجێگەیاندنی ئەرکی "قارەمانێک"، بەهێزکردنی هەستی باوەربەخۆبوونی میللەتێکە کە بە درێژایی تاریخ هەوڵی شکاندنی ئیرادەی دراوە.

پێشمەرگە ئەو چەکدارە خاوەن بیرو باوەڕەی کوردە کە ماناکانی ئەو دیوی هەوڵدان بۆ توانەوەو ئاسمیلاسیۆنی نەتەوەکەی بەرپەرچ دایەوەو "بوون" و "بەردەوامی"ی بە نەتەوەیەک بەخشی کە تا ئێستایشی لەگەڵدا بێ، دوژمنان پیلانی لێڵکردنی ئاسۆی هیوا و هومێدی دادەڕێژن.


پێشمەرگەی کوردستان ئەو چەکدارە خاوەن باوەڕیە کە لە زەمەنێکی بەشەخسییەتی تاریخی میللەتەکەیدا بەرگی کەسایەتی بەبەردا کرا و، بە درێژایی تەمەنی خۆی هەوڵی کەسایەتی بەخشین بە بزووتنەوەی مافخوازانەی نەتەوەکەی دا.

**لە ژمارە ٦٩٤ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٠ی دێسەمبەری ٢٠١٦**

---------------------------------------------------

## تنۆکێک لە دەریای فیداکاریی پێشمەرگە



**عومەر باڵەکی**

خۆر لە پشت چیا بەرزەکان پەنای گرتبوو. شێوەی ڕۆژانی پێشووتری نەدەدا. ئارام و هێورتر خۆی دەنواند. دیار بوو هەواڵێکی پێیە. مخابن نەیدەتوانی ئەو هەواڵە بە ڕۆڵە پاک و بێگەردەکانی کوردستان رابگەیێنێ. تەنیا هەوڵیدەدا، ئیزن نەدا سپای تاریکی بە سەر ناوچەکەدا زاڵ بێ و ڕێگا و کوێرەڕێیەکان لە بەرچاوی کوڕانی دێموکرات ون بن.

دەستەی تیمی پێشڕەو ئارام و هێدی بەرەو شوێنی مەبەست ڕێگایان دەپێوا و لەگەڵ هەر هەنگاوێک لە دەوروبەری خۆیان دەڕوانی و تێدەکۆشان بەسرنجەوە سەیری هەر جموجۆڵێکی گوماناویی بکەن. ئەوان ئەرکیان گران بوو چونکە دەبوایە ڕێگای بەردەمیان تاقی بکەنەوە، تاکوو پێشمەرگەکانی دوای خۆیان تووشی لەمپەر و گیروگرفت نەبن و بە شادی و سلامەتی بگەنە باوەشی خاک و خەڵک لە قووڵایی ناوچەکە.

مەترسی ڕێگا، کۆنەڕێ، پێگەی دوژمن، دەوروبەری مەیدانی مین کەم نەبوو، شوێنی سەرەولێژ و کەندۆڵ و گەو و پێچیش دەستیان وەدەستی هەورازی پشووبڕ دابوو. تیمی پێشڕەو لەسەرهەست و چاوکراوە ڕێگای دەبڕی. لەو بێدەنگی‌یەدا، لەنەکاو

یەک لە پێشمەرگەکان راوەستا و بە دەست ئیشارەیەکی کرد:

* مەیێنە پێش!

ئەو چاوی لە قەراغی جادەکە بڕیبوو.

* ئەو تەمبازەیە چیە لێرە؟ زۆر تازە دیارە!

کەس هیچی نەگوت. خۆی وەجواب هات.

* رەنگە مین بێت.

یەک لە پێشمەرگەکان کە زۆر تامەزرۆی باوەشی نیشتمان بوو، وەدەنگ هات.

* کورە خۆ مەعتەل مەکەن، ئەو دەوروبەرە پڕە لە مەیدانی مین، رەنگە کۆنەمین بێت خۆی، تێمەگەیێنن.

بەدوای ئەو قسەیەدا وەک عادەتی هەمیشەیی خۆی، قاقایەکی لێ دا. بەڵام نە پڕ بە گەرووی، بەڵکوو بە ئەسپایی...

بەدوای ئەو قسە و باسانەدا تیمی پێشڕەو دەستی بە جووڵە کردەوە، چەند هەنگاوێک لەو شوێنە دور نەکەوتنەوە کە لەپڕدا دەنگ و گرمەی چەند تەقینەوەیکی بەهێز هات. بێدەنگی ناوچەکەی شکاند و تەپوتۆزیکی وەک گەردەلوول تیمی پێشڕەوی دەخۆیەوە پێچا. بۆ چەند چرکەیەک ئاگایان لە یەکتر بڕا. روون نەبوو کە چی قەوماوە. هەر ئەوەندە کە فەرماندەی دەستەکە کەوتبووە سەر پشت و دەستی بۆ تفەنگەکەی دەبرد و دەیهەویست هەستێتەوە، بەڵام نەیدەتوانی لەجێی خۆی ببزوێ. ئەو تازە بەخۆی زانیبوو کە بە توندی بریندارە. هاواری لێهەستا:

* کورینە!

کەس وڵامی نەداوە. جاریکی دیکە بانگی هاوڕێیانی کرد. ئەوجار وەڵامی وەرگرتەوە:

* ئەی ئەوانی دیکە...

دەستی بۆ بێسیم برد و تیمی سەرەکی لە وەزعییەتی خۆیان ئاگادار کردەوە.

پێشمەرگەکان دەستەو تفەنگ هەنگاوەکانیان خێرا کرد. لە هێندیک شوێن بە راکردن و لە هێندێک جێ بە نەرمەغار خۆیان گەیاندە شوێنی تەقینەوەکە. بە مەبەستی بەرپەرچدانەوەی هەر جموجۆڵێکی ئیحتمالی دوژمن لە دەوروبەری ئەو جێگایە دامەزران.

لە شوێنی تەقینەوەکە شەهید و بریندار لێ بوون. چەند کەس لە پێشمەرگەکان چوونە سەر جەنازەی شەهیدەکان و چەند کەسی دیکەش هەوڵیان دەدا برینداەکە لەو مەیدانە دوور بخەنەوە.

راست لەو کاتەدا کەوتنە بەر پەلامار و ئاوری چەکی هێزەکانی دوژمن. بەڵام ئەوجارەیان وەکوو سەعاتێک پێشتر نەبوو. پێشمەرگەکانی دێموکرات لێیان وەدەست هاتن و سەنگەرەکانیان پێ چۆڵ کردن و پاشەکشەیان بەوان کرد. ئازایەتی و دەستوبردی پێشمەرگەکان وای لە دوژمن کرد کە نەتوانێ هەموو پیلانەکەی، واتە لەنێوبردنی هەرهەموو پێشمەرگەکان، وەک چۆن دایڕشتبوو جێبەجێی بکا.

بەرەبەرە تاریکایی بە تەواوی باڵی بەسەر ناوچەکە داکێشابوو. هێزەکانی پیادەی دوژمن لە مەیدانی شەڕەکە دوور کەوتبوونەوە. تەنیا دەنگی تەقینەوەی تۆپ و چەکی دوورهاوێژی دوژمن بوو لە خڕ و دۆڵ و لاپاڵی ناوچەکە دەنگی دەداوە و دەوروبەری رووناک دەکرد. بەو وەزعە، پێشمەرگەکان لە هەوڵی ئەوەدا بوون ئەوەندەی بۆیان بکرێ و لە تاقەتیاندا بێ، شەهیدەکان و بریندارەکە لە شەڕگە دوور بخەنەوە. بەڵام رژد و هەڵدێریی ئەو دەڤەرە و مەیدانی مین، رێگرییەکی تەواویان لەسەر رێگای راگوێزانی خێرای شەهیدەکان و بریندارەکە خوڵقاندبوو. شەو بەردەوام بەرەو درەنگی دەچوو. پێشمەرگەکان فرسەتیان بۆ جووڵەی خێرا لەکەمی دابوو. ئەوان بەنۆرە تەنیا چەند هەنگاوێک دەیانتوانی شەهیدەکان و بریندارەکە بە کۆڵ راگوێزن. بەرەبەرە توانای جەستەییان لەکزی دابوو. بەرەبەیان نیزیک دەکەوتەوە. هەر بۆیە ناچاربوون خێرا جەنازەی شەهیدەکان لەبن سێبەری تاشەبەردەکاندا حەشار بدەن. بەو هیوایە کە لە یەکەم دەرفەتدا بگەڕێنەوە و جەنازەکان بگەیێننە گۆڕستانێکی
ئەمین و دوور لە دەستی دوژمن.

لە کات و ساتێکی ئەوتۆ ئەستەمدا، لەرووی ناچاری و پێچەوانەی ویستی خۆیان، هەر ئەوەیان لە دەست دەهات. ئەوان دەبوایە بریندارەکە لەو شوێنە پڕمەترسی‌یە دوور بخەنەوە.

هێدی هێدی تاریکایی شەو روو لە کۆتایی بوو. خەریک بوو سپێدە دابێ. تا ئەو کاتەش پێشمەرگەکان هێشتا نەیانتوانیبوو بریندارەکە بەمەودای پێویست دوور بخەنەوە کە ئیتر مەترسی لەسەر نەمێنێ. ئەوان ناچاربوون بڕیارێکی دیکە بدەن، هەم بۆ نەجاتدانی بریندارەکە و هەم بۆ بەرپەرچدانەوەی هەر هێرشێکی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی. لەجێوە بوونە چەند دەستە. هەر دەستەیەک هەوڵی‌دا پێش خۆرهەڵات بگاتە شوێنی مەبەست. بەڵام لەبەر هیلاکی و ماندوویی پێشمەرگەکان و رووناک بوونی هەوا و وەزعی نالەباری بریندارەکە، نەدەکرا لەوە زیاتر رایگوێزن. پێویست بوو چەند پێشمەرگەیەک و کادری دەرمانی لەگەل ئەو بمێننەوە. هاوڕێی فەرماندە لەگەڵ ئەوەی بە مێشک و جەستە زۆر ماندوو بوو، بەڵام هەوڵی دا وەسەرخۆی نەهێنێ. ئارام، لەسەرخۆ، قاتع و خۆراگر رووی لە پێشمەرگەکان کرد.

* کوڕینە من بڕیارم داوە لای برینداره‌که دەمێنمەوە هەتا هەلی مومکین بۆ دەرباز کردنی دێتە پێش و ئێوەش بڕیاری خۆتان بە دەستی خۆتانە. من دەزانم مانەوەمان لێرە لە حالەتی ئاشکرابووندا ڕەنگە بەرامبەر بە مەرگ بێت و منیش ئەو مەرگە هەڵدەبژێرم و هاوڕێی پێشمەرگەی بریندارم بەتەنیا جێ ناهێڵم.

* ئێمەش وەک تۆ دەکەین چونکە لە فەرهەنگی پێشمەرگەی دیموکراتدا نەبووە تەنگوچەڵەمە چۆکمان پێ دابدا، بەڵکوو ئازایەتی و لەخۆبووردەیی پیشەی کوڕانی دیموکرات بووە و دەبێ.

برینداره‌که بەدەم دوو ئازارەوە دەتلایەوە. ئازاری برینێکی قووڵ، خوێن لەبەرڕۆیشتنێکی زۆر، لە هەمان کاتدا نیگەرانی لە مەترسی کەوتنی گیانی هاوڕێ پێشمەرگەکانی بۆخاتری ئەو، ئەویان پتروپتر لە دەروونێدا ئازار دەدا تاکوو برینەکەی.

ڕووی لە هاوڕێیانی کرد. بە دەنگێکی نزم، بەڵام پڕ لە ورە و ئیمان و ئازایەتی وەدەنگ هات.

* داواتان لێ دەکەم لەبەر ڕزگارکردنی من گیانی خۆتان مەخەنە مەترسییەوە. لەو حەرەکەتەدا زیانمان وێکەوتووە، بەڵام با زیانەکان لەوە زیاتر نەبن. ئێوە بڕۆن و تەنیا چەکەکەم بۆ جێهێڵن. ئەگەر خوا کردی زیندوو مام، ئێوارە بە دوامدا وەرنەوە. ئەگەر شەهیدیش بووم سەربەرزییە بۆمن کە تێکەڵ بە کاروانی سوورخەڵاتی ڕێبوارانی ڕێی ئازادی و ڕزگاری خاک و نیشتمان دەبم، تکایە... تکایە...
پێشمەرگەکانیش بڕیاری خۆیان بەر لەو قسانەی هاوڕێی بریندارییان دابوو.

* سپاس لە ورە و ئیمانەت، بەڵام خاترجەم بە بەتەنیا جێتناهێڵین، یا دەربازت دەکەین، یا هەمووومان پێکەوە دەمرین.
دوای ئەو قسە و باسانە پێشمەرگەکان وەخۆکەوتن. لەبن تاشەبەردێک جێگایەکی وەک سەنگەریان بۆ برینداره‌کە بە بەرد دروست کرد و خۆشیان بە چوار دەوریدا سەنگەریان بە شێوەیێک دروست کرد کە زۆر لەچاو نەدا. هەتا ئەو کارانەیان کرد گزینگی خۆر لە سەرانیدا و دنیا بە تەواوی ڕووناک بوو. هەوا بەرەبەرە گەرمتر دەبوو و دڵەخورپە و چاوەڕوانیش پتر، کە دوژمن دوای تەقە و لێکدانی دوێنی ئێوارە دژکردەوەی هەبێ. زۆری نەخایاند هێزێکی زۆر و زەوەندی دوژمن بە ئارایشێکی نیزامی بە ناوچە وەربوون و تا نزیک پێشمەرگەکان هاتن، بە جۆرێک کە کەوتبوونەبەر سێرەی چەکی پێشمەرگەکان. پێشمەرگەکان بڕیاریاندابوو برینداره‌کە ڕزگار بکەن، نەک شەڕ دەستەویەخە. بۆیە لە هێرشکردن خۆیان پاراست و بە ئامادەگییەوە چاوەڕوانی دوژمن مانەوە. هێزی دوژمن دوای گەڕان بە داخەوە تەرمی شەهیدەکانی دۆزیەوە بە پەلەپەل و خێرا کەوتنە ڕاگواستنی جەنازەکان. پاشان چەندین دەستڕێژیان لە دەوروبەری خۆیان کرد و بەرەو دواوە گەڕانەوە.

دوژمن ڕۆیشت، دیسان ناوچە لە جووڵە کەوت، برینی بریندارەکە قورس بوو، خوێنی زۆری لەبەر ڕۆیشتبوو. شوێنەکە ویشکارۆ و بێئاو بوو. ئاوی قومقومەکان هەر شەوی پێشتر بەرەو تەواو بوون چووبوون. هەڵبەت ئەگەر ئاویش لە دەوروبەر بوایە، دیسان پێشمەرگەکان نەیاندەتوانی خۆیان ئاشکرا بکەن. ئەو دەڤەرە هەمووکات لەژێر چاوەدێری پایگاکانی دوژمن دابوو. دەبوایە هەتا ئێوارە بەبێ ئاو و خواردن هەڵبکەن، بەڵام ئەوەی گرفت بوو وەزعی بریندارەکە بوو. ئەو زۆری خوێن لەبەر ڕۆیشتبوو. پێویستی بە ئاوەکییەکی وزەبەخش هەبوو بەڵام لە دەسترەسی کادری درمانیدا نەبوو. بۆیە کادری دەرمانی هەوڵیدا لە نیوە قومقومەیەک ئاو، کە لە کۆی ئەوانیتر دەستی کەوتبوو بە فلیقاندنەوەی چەند دەنک خورما و تیکەڵ کردنی لەگەڵ چەند قەترە ئاو، وزەبەخشێک دروست بکا و جارناجارێک بەدەمی بریندارەکەی دابکا. پێشمەرگەکان هەتا ڕۆژ ئاوابوو، بەو شێوەیە لە دەوری بریندارەکە مانەوە و گیانیان خستە مەترسی و برسییەتی و تینوایەتی‌یان تەحەموول کرد و کۆڵیان نەدا و بەسەر سەختی‌یەکاندا زاڵبوون. هەرچەند نەیانتوانی جەنازەی شەهیدەکان دوور بخەنەوە، بەڵام بە لەخۆبووردەیی توانیان بریندارەکە ڕزگار بکەن و لاپەڕێکی دیکەی فیداکاری و بوێری پێشمەرگەی کوردستان لە مێژوودا تۆماربکەن.

تێبینی: شەهەیدانی ئەم حەماسەیە بریتین لە: ئازاد ئاڵی و ئەمیر نستانی

لە ژمارە ٦٩٤ی ڕۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٠ی دێسەمبەری ٢٠١٦

---

## ٢٦ی سەرماوەز لە چەند قۆناغی مێژوویی‌دا



**عومەر باڵەکی**

ڕووداوەکانی خەرمانانی ساڵی ١٣٢٠ی هەتاوی کە بە هۆی هاتنی سوپای سۆڤیەت و بریتانیا بۆ نێو خاکی ئێران ڕوویان دا، کاریگەریی تەواویان هەبوو لەسەر لاواز کردنی دەسەڵاتی دیکتاتۆری حکوومەتی ناوەندی لە تاران و سەرهەڵدان و پەرەگرتنی ئازادی و چالاکی سیاسی لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی ئێران و، کوردستانیش بێبەش نەبوو لەو فەزایە کە هاتبووە پێشێ. خەڵک زۆر چالاکانە و ئازایانە هەلومەرجەکەیان قۆستەوە، بەتایبەتی کە سوپای سۆڤیەت نزیک بوو لە ناوچەی موکریان و لە ورمێ جێگیر ببوو، دامودەزگای دەسەڵات لە زۆربەی شار و شارۆچکەکانی ئەو ناوچەیە تێکەوە پێچران و تەنیا شوێنێک کە ئاسەواری دەسەڵاتی پاشایەتیی ئێرانی لێ مابوو شاری مەهاباد بوو کە لە ٢٦ی ڕێبەندانی ١٣٢٣ی هەتاویدا شارەوانی ئەو شارە بە دەستی خەڵکی وەزاڵەهاتووی ئەو شارە دەستی بەسەردا گیرا. (ڕۆژنامەی کوهستان ژمارەی ١، سەبارەت بە گرتنی شارەبانی مەهاباد بە دەستی خەڵکی شار، تێلگرافی قەرەنی ئاغای مامەش کە بۆ وەزیری مشاویری تاران نووسیویەتی، بڵاو کردۆتەوە).

دوای گرتنی شارەوانی مەهاباد بە یەکجاری ئاسەواری دەسەڵاتی ڕەزاشا لە ناوچەکەدا نەما، هەرچەند حکوومەت هەوڵی دا لە ڕێگای سەرۆک خێڵ و عەشیرە بە دانی پۆست و عینوان، دەسەڵاتی خۆی لە ناوچەکەدا بپارێزێ بەڵام سەرکەوتوو نەبوو؛ چونکە خەڵک گرینگیان بە نوێنەرانی حکوومەتی ناوەندی نەدا بەڵکوو لە شاری مەهاباد شوورایەکیان لە خەڵکی شار بە سەرپەرستی و مەسئولیەتی قازی محەممەد پێک هێنا کە ڕۆژانە ئەو شوورایە کاروباری خەڵکی لە بواری قەزایی و ئەمنییەوە ڕایی دەکرد.

**گرتنی شارەوانی مەهاباد لەو سەردەمەدا لە چەند بواردا گرینگی هەبوو:**

**یەکەم:** لەسەر گەشەکردنی هەستی نەتەوایەتی و رەواندنەوەی ترس و دڵەراوکێی خەڵک لە دەسەڵاتدارن کاریگەری هەبوو.
**دووهەم:** ئەو حەرەکەتە سەرەتایەک بوو بۆ پێکهێنانی هێزێکی چەکدار کە بتوانێ پارێزگاری لە ماف و ئازادییەکانی خەڵکی کوردستان بکا.
**سێهەم:** گرتنی شارەوانی مەهاباد دەسپێکێک بوو کە خەلکی کوردستان بەرێوەبەریی کاروباری خۆی بە دەستی خۆی بێت و لەو بوارەدا ئەزموون کۆ کاتەوە و بە دەسەڵاتداران و نەتەوە ئازادەکان بسەلمێنی کە ئەگەر مەجالی خۆبەرێوەبردنی پێ بدرێ و چارەنووسی خۆی بە دەستی خۆی بێت، دەتوانێ وڵاتی خۆی بە باشترین شێوە ئیدارە بکا.

لە ١ی خەزەڵوەری ١٣٢٤دا حیزبی دێموکراتی کوردستان بە دەرکردنی بەیاننامەیەک رەسمەن بوونی خۆی راگەیاند و لەو رۆژە بە دواوە بە کردەوە کاروباری سیاسی، ئەمنی، دادوەری، ئابووری و فەرهەنگیی خەڵکی کوردستان لە لایەن بەڕێوەبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە ئیدارە دەکران. حیزبی دێموکراتی کوردستان لە رۆژی راگەیاندنەوە هەتا رۆژی ئیعلانی کۆماری کوردستان گەلێک کاری پڕبایەخ و گرینگی ئەنجام دا کە هێندێکیان ئێستاش لەگەڵدا بێ، جێگای شانازی نەتەوەی کوردن، وەک دامەزرانی سوپای میللی، هەڵکردنی ئاڵای کوردستان...

پێک هێنانی سوپای میللی بەشێک لە بەرنامەی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو، چونکە لە بەرنامەی حیزبدا هاتبوو کە دەسەڵاتی بەرێوەبەری کاروباری کوردستان دەبێ بە دەستی گەلی کوردەوە بەڕێوە بچێ هەر بۆیە حیزبی دێموکرات دەبوایە لە فکری پێکهێنان و دامەزراندنی سوپایەکدا بێ کە بتوانێ دیفاع لە نەتەوە و دەستکەوتەکانی بکا. هەرەسی ئەرتەشی پاشایەتیی ئێران بە دوای هاتنی سوپای سۆڤیەت و بریتانیا بۆ نێو خاکی ئێران، هەر وەکی لە پێشدا باس کرا، بوو بە هۆی ئەوەی کە پادگان و پاسگاکان لە لایەن خەڵکەوە دەستیان بەسەردا بگیرێ و خەڵک دەستیان بە چەک رابگا و لەو بارودۆخەدا رێبەرایەتیی حیزب بێکار دانەنیشت و هەلەکەی قۆستەوە و ئەندام و لایەنگرانی خۆی کە چەکدار بوون، لە هێزێکدا بە ناوی هێزی دێموکرات رێکی خستن کە لە راپۆرتی رۆژنامەی کوردستان ژمارە ١٠دا کە لەسەر بەرێوەچوونی رێورەسمی ٢ی رێبەندان رۆژی راگەیاندنی کۆماری کوردستان بە روونی ئیشارە بە بوونی هێزی چەکدار رێکخراو دەکا کە بەشداری رێورەسمەکە بوون.

"... موتابقی بەرنامەیەک کە لە پێشدا ساز کرابوو پێشەوا بە تەواوی حوزار رۆژباشی فەرموو پاشان تەشریفی لە تریبون هاتنە خوارێ و بە پێش تەواوی گوردان و گوروهان و دەستەی سەربازان و پێشمەرگەکانی کوردستاندا هات و هەمووی

تەماشا کردن و بە هەموانی رۆژ باش فەرموو لەو کاتەدا بە دستووری معاوینی فەرماندەی هەموو هێز لە لایەن سەربازان و پێشمەرگەکان و تۆپخانەی کوردستان دە دەقیقە بێوچان بە ئیفتخاری سەربەستی کوردستان و ناساندنی رەئیس جمهوری کوردستان شیلینگ کرا".

رۆژی ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٢٤ یەکی دیکە لەو رۆژە مێژوویانەیە قەت لە بیر و زەینی تاکی کورد ناسڕێتەوە. لەو رۆژەدا بە فەرمانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ یەکەم جار بە شێوەی رەسمی و بە بەشداری هەزاران کەس ئالای کوردستان لە رێورەسمیکی بە شکۆدا لە مەهاباد، هەڵکرا.

گۆڤاری کوردستان لە ژمارەی سێهەمیدا لە ژێر سەردێڕی "هەڵکردنی ئالای موقەدەسی کوردستان لە مەهاباد" ئاوا دەنووسێ:

"هەر وەکوو لە پێش دەرهاتی کوردستاندا عەرز کرا، رۆژی ٢٦ی سەرماوەز نوێنەرەکانی ئەهالی کوردستان لە شاری مەهاباد کۆبوونەوە لە سەعات ١٠ی بەیانی لە کانگای حیزب ئالای کورد بە حزووری دەهەزار نەفەر هەڵکرا و لە کاتێکدا دەستەی میوزیک مارشی میللی لێدەدا و لە سەرتاسەری شەقامی وەفایی سەفی نیزام کە لوولەی تفەنگ و موسەلسەل و سەرنێزەیان دەدرەوشاوە، دەستەی لاوان و قوتابیانی مەکتەب، کچ و کوڕ، لە لای راستی ئالا لە حەرەکەتدا بوون ، گەورە و چووکی مەهاباد هەیئەت و نوێنەرانی حیزبی دێموکرات لە پشت سەری ئالا سەری تەعزیمیان بۆ دانەواندبوو، بۆ ئیحترام چەپڵەیان لێدەدا و هورایان دەکێشا و، پێشەوای موعەزەمی کوردستان جەنابی قازی محەممەد وتارێکی بەتینی لە بابەت ئالای موقەدەسی کوردستان ئیراد فەرموو. ئەو جار لە پاش نوتق و خیتابە و تیر هاویشتنێکی زۆر و بەجێهێنانی مەراسم و نەسبی ئالا لەسەر عەمارەتی هەیئەتی رەئیسەی میللی کوردستان جێژنە دوایی هات".

لە گەلاوێژی ساڵی ١٣٦٣ لە گەرمەی شەڕی داسەپاو لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە بە سەر کوردستاندا، رێبەری حیزبی دێموکراتی کوردستان بە پێویستی زانی رۆژێک بە ناوی پێشمەرگەوە ناودێر بکا، لە لایەک نیشانەی پێزانین و ئەمەکداری بوو لە بەرامبەر ئەو هەموو ئازایەتی و فیداکاری و گیانبەختکردنەی هێزی پێشمەرگە و لە لایەکی دیکەوە پێویست بوو هێزی نیزامی کوردیش وەک هەموو ئەرتەشەکانی وڵاتان، رۆژێکی دیاری کراوی هەبێ بۆ ئەوەی لە دوارۆژدا حکوومەت و خەڵک وەیەکرا رێز لە فیداکاری و ئازایەتیی گیانبەختکردنی رۆڵەکانی خۆیان بگرێ. هەر بەم مەبەستە کومیتەی ناوەندیی حیزب لەسەر رۆژی ٢٦ی سەرماوەز ساغ بووە کە لە مێژووی خەباتی رزگاریخوازی گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان، هەر وەکی پێشتر باس کرا، دوو رووداوی گرینگن لە دوو ساڵی جیاواز و بە دوای یەکدا (١٣٢٣ - ١٣٢٤)؛ لەو رۆژەدا رووی داوە و کاریگەری راستەوخۆیان لەسەر یەکتر هەبووە یەکیان سەرەتایەک بووە بۆ پێکهێنانی سوپای میللی

کوردستان و ئەویتریان ئاڵای کوردستانی تێدا هەڵکرا کە هێمای نەتەوەیی کوردە و، هەموومان باش ئەوە دەزانین کە پێشمەرگە و ئاڵا دوو جمکی لێک دانەبراون.

ئەوەتا دوای زیاتر لە ٧٠ ساڵ بە هۆی فیداکاری و ئازایەتی و خوێن و قوربانیدان، ناوی پێشمەرگە لە نێو ئەدەبیاتی جیهانی و زمانە جۆراوجۆرەکانی دنیادا بۆتە ناوێکی ئاشنا. هەرچەند لەو رۆژەوە کە ناوی پێشمەرگە بە بەژنی چەکداری کورد بڕا و ئەرکی شەکاوە راگرتنی ئاڵا و دیفاع لە شەرافەت و کەرامەتی گەلەکەی کەوتە سەر شانی، دوژمنانی کورد بە تەواوی هێزی سیاسی و ماڵیی خۆیان هەوڵیان داوە ناوی پێشمەرگە بەدناو کەن و وەک تیرۆریست و پیاوکوژ و جەردە بە دنیای بناسێنن، بەڵام بە هۆی راستگۆیی و پاکی، جوامێری و ئازایەتی و پشتیوانی خەڵکی کوردستان لە پێشمەرگە، پڕوپاگەندەی دوژمن نەیتوانیوە کاریگەری هەبێ و لە بەدناو کردنی پێشمەرگە و لەو بوارەدا سەرکەوتنی بە دەست نەهێناوە، بەڵکوو بە پێچەوانەی هەوڵی دوژمنان، پێشمەرگە رۆژلەرۆژ خۆشەویستتر دەبێ، چونکە لە سەردەمی ئێستادا خەڵکی کوردستان لە لایەک و بەرەی دەژەتیرۆر لە سەرانسەری دنیادا لەلایەکی دیکە، بە چاوی ئومێدەوە دەڕوانە هێزی پێشمەرگەی کوردستان و هەر ئەوە وایکردووە دەسەڵاتدارانی ئەو دەوڵەتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە، ئەگەر بە زاهیریش بێ، بە رەسمی ناوی پێشمەرگە وەک رزگاریدەر و هێزی کاریگەری لە بەرابەر تیرۆردا، بێنن.

لە کۆتاییدا پیرۆزبایی رۆژی پێشمەرگە و ئاڵا لە هەموو پێشمەرگە و پارێزەرانی خاک و ئاڵای کوردستان دەکەم.

لە ژمارە ٦٩٣ی رۆژنامەی :کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٥ی دێسەمبەری ٢٠١٦

---------------------------------------------

## پێشمەرگە، دوێنێ و ئەمڕۆ



### ڕۆژنامەی کوردستان

ئەوە کە نەیارانی نەتەوەی کورد لە کۆنەوە کوردیان بە نەتەوەیەکی ئاشقەچەکو تەنانەت ئاشقەشەڕ ناو بردوە فڕی بەسەر ڕاستییەوە نەبووەو نیە. بەپێچەوانە، کورد هەمیشە میللەتێکی لاشەڕو ئاشتیخواز بووە. بەڵام هەرلەوکاتەدا ئەم میللەتە ئاشقو سەوداسەری ئازادی بووە. لەبەر ئەوەش کە زەوتکەرانی مافو ئازادییەکانی گەلی کورد وەڵامی هەر داوایەکی مافخوازانەی ئەم گەلەیان بە ئاگرو ئاسن داوەتەوە، ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد ناچار بوون هەوڵ بدەن چەک بەدەست بێنن و هەرکات پێویست بێ وەڵامی دوژمن بە زمانی خۆی بدەنەوەو چەکدارانە دیفاع لە خۆیان بکەن.

تێکۆشەری چەکداری کورد لە سەردەمە جیاجیاکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەییدا ناوی جۆراوجۆری لەسەر دانراوە. جارێک بە «شەڕکەر»، وەختێک بە «لەشکری»و سەردەمانێک بە «تفەنگچی»و هتد ناو براوە. هەتا لە سەردەمە زێڕینەکەی کۆماری کوردستاندا ناوی جوانو پڕشانازیو هەستبزوێنی «پێشمەرگە»ی لەسەر دانرا. دەزانین کە ئەو هێزە چەکدارە کوردەش کە لە کۆماری کوردستاندا ناوی «پێشمەرگە»ی لەسەر دانرا، پێشتر بە سوپای میللی ناو دەبرا.

ئەگەرچی ڕۆڵەی بەبیروباوەڕی کورد لە هەموو دەورو زەمانێکدا ئازایەتیو قارەمانەتیی لەخۆی نیشان داوە، بەڵام زۆرمان نەگوتوە ئەگەر بڵێین دانانی ناوی «پێشمەرگە» لەسەر تێکۆشەری چەکداری کورد بۆخۆی هاندەرێکی بەهێز بوو بۆ فیداکاریینواندن. ئاخر ناوی پێشمەرگە بەرزترین مانای لەخۆبووردوویی دەبەخشێ. پێشمەرگە یانی ئەوکەسەی مەرگی خۆی ڕەپێش مەرگی هاوخوێنەکانی دەخا. هەر بۆیە دەبینین هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە سەردەمی کورتی کۆماردا چەندین حەماسەی وەک شەڕی مەحمەشەو شەڕی جاتراوێو شەڕی مەکلاوێو...ی تۆمار کردووە ناوی پڕشانازیی وەک خۆشەوی

خەلیلو کوێخا مەحموودی قووڵەسوێرویّو حەمە سیاوەمەییو زۆری دیکەی بۆ بەجێ هێشتووین.

دەورانی دیسان کورتی ڕاپەڕینە چەکدارانەکەی ساڵانی ١٣٤٦ - ١٣٤٧یش مەیدانێکی بەرین بوو بۆ ئازایەتی‌نواندنو حەماسەخوڵقاندنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان. هەرئەوانەی لەو سەردەمە پڕشانازی‌یەدا ژیاونو لە نیزیکەوە ئاگایان لە بەرەنگاریی نابەرابەر، بەڵام قارەمانانەی پێشمەرگەکانی دێموکڕات دەگەڵ هێزە چەکدارەکانی ڕێژیمی حەمەڕەزاشای پەهلەوی بووە دەزانن چەکدارە پۆشتەو پەرداخەکانی ئەرتەشو ژاندارمری چۆنیان نەترە لەو ژمارە کەمو کەمئیمکاناتە، بەڵام بەهەڵمەتو دەستوبردەی پێشمەرگەکانی کومیتەی شۆرشگێری حیزبی دێموکڕاتی کوردستان چووبوو. ئەو سەردەمە زێڕینەش ناوی دەیان قارەمانی وەک مەلا مەحموودی زەنگەنە، نەحۆ پاشایی ناسراو بە باپیر شکاک، مینەشەم، سەید فەتاح، ساڵح لاجانی، سمایلی شەریفزادە، مەلا ئاوارە، سلێمان موعینی، عەبدوڵڵا موعینیو مەحەممەدی ڕەسووڵەمەرەو موحەممەدی ئەستی‌یە مەنگوڕی بۆ بەجێ هێشتووین کە هەتاهەتایە وەک میداڵی زێڕین بە بەرۆکی بزووتنەوەی ڕزگاری‌خوازانەی کوردی ڕۆژهەڵاتەوە دەدرەوشێنەوە.

خۆ ئەگەر بمانەوێ ئاوڕ لە ئازایەتیو گیانفیداییو حەماسەخوڵقێنی‌یەکانی هێزی پێشمەرگە لە دوای شۆرشی دژی‌پاشایەتیی گەلانی ئێرانو پەلاماری لەشکریانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر کوردستان بدەینەوە، زمان لە بەیانو قەڵەم لە نووسینی یەک لە هەزاریشی دادەمێنن. لەو دەورانەدا کوردستان یەکپارچە حەماسەو خوێنە، هەر بستێک لە نیشتمانە زۆرلێکراوو پەلاماردراوەکەمان شاهیدی چەندو چەندین دیمەن لە دڕندەییو جینایەتی لەشکریانی تاریکی و نەزانی لەلایەکو گیانبازیو بەرەنگاریی حەماسەیی ڕۆڵە پێشمەرگە بەجەرگەکانی کورد لە لایەکی دیکەیە. بۆ تێگەیشتن لە زۆرو زەوەندیی حەماسەخوڵقێنی‌یەکانی هێزی پێشمەرگە ئەوەندە بەسە وەبیر بێنینەوە کاتێک لە ساڵی ١٣٦٣دا، واتە تەنیا پێنج ساڵ پاش هەڵگیرسانی شەڕی کۆماری ئیسلامی لە دژی کورد، کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان ویستی ڕۆژێک وەک ڕۆژی پێشمەرگە دیاری بکا، هەرچەندی سەری خۆی هێناو برد نەی‌توانی لەنێو ئەو هەموو ڕۆژە پڕحەماسەیەی ئەم دەورەیەدا ڕۆژێک دەستنیشان بکا. هەر بۆیە بە دروستی زانی ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەز، ڕۆژی هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە مەهاباد لە ساڵی ١٣٢٤ دا بۆ ئەو مەبەستە دیاری بکا کە جێگای پەسندو شانازیی هەمووان بوو.

ئەگەر بمانەوێ بۆ ئەم دەورەیە نموونەیەک لە شەهیدەکانی پێشمەرگە ناو بەرین، جگە لەوەی تووشی هەڵبژادنێکی زۆر ئەستەم دەبین، دەبێ لیستێکی نەک دەیان کەسی بەڵکوو سەدان کەسی ڕیز بکەین. کەوایە هەر ئەوەندە دەڵێین کە تەنیا حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لەم قۆناخەدا نیزیکەی بیستکەس لە ئەندامانی ڕێبەری، پتر لەچوارسەد کەس لە فەرماندەرانو کادرەکانی ڕیزی پێشەوەو زیاتر لە چوار هەزار پێشمەرگەی لە ڕێگای ئازادیی نەتەوەکەی‌دا کردۆتە قوربانی.

ئەمە جگە لە هەزاران شەهیدی هێزی بەرگریی میللی کە هەموویان پێشمەرگەی خۆبەخش بوون.

ئەوەی تائێرە باسمان کرد تەنیا هی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لەوێش تەنیا هی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بوو. جا بزانە حەماسەی پێشمەرگەو ژمارەی شەهیدی پێشمەرگە لەڕادەی سەرانسەریی کوردستاندا سەر لەچ ڕەقەمێکی خەیاڵی دەدا؟

ئەگەر باسی ئەمڕۆی پێشمەرگە بکەین دەبینین کە هەم ئەرکی پێشمەرگە، هەم مەیدانی تێکۆشانی پێشمەرگەو هەم تەنانەت پێناسەی پێشمەرگە گۆڕانی زۆری بەسەردا هاتوە. ئێستا ئیدی دروست نیە پێناسەی پێشمەرگە هەر لە تێکۆشەری چەکداری کورددا بەرتەسک بکەینەوە. ٣١ ساڵ پێش ئێستا ڕۆژنامەی «کوردستان» ئۆرگانی حیزبی دێموکڕات لە وتارێکی خۆیدا بەناوی «با هەموومان پێشمەرگە بین» پێناسەی پێشمەرگەی بەربەرینتر کردەوە. لەو وتارەدا ئەو جووتیارەی جەرگی زەوی هەڵدەدڕێ بۆ ئەوەی نانی خۆیو پێشمەرگەی لێ بەدەست بێنێ، ئەو کەسەی نانوئاوو کەرەسەی جۆراوجۆر بۆ پێشمەرگە دابین دەکا، ئەوەی پێشمەرگە لە نەخشەو پیلانەکانی دوژمن ئاگادار دەکاتەوەو بەکورتی هەموو ئەوانەی نەخشێکیان لە بەرەوپێشچوونی ژیان و خەباتی ڕزگاریخوازانەی کۆمەڵی کوردەواریدا هەیە، بە پێشمەرگە دانرابوون و چ دانانێکی بەجێش.


بۆ ئەمڕۆ مەسەلەکە زۆر لەوەش بەولاوەترە. چۆن دەکرێ ئەوانەی لە زیندانەکاندا بەگژ جەللادانی کۆنەپەرستیدا دەچنەوە، ئەوانەی هەموو مەترسییەک لە خۆدەگرنو بە گوتنو بەنووسین بانگی ئازادیی میللەتەکەیان هەڵدەدەن، ئەو کەسانەی بەبیرو قەڵەم نەخشەڕێگای ئازادی دەکێشنەوە، ئەوانەی «بەسەری بەرزەوە دەچنە سەر دار»و بەکورتی هەر کەس بە هەر ڕێگایەکدا بەردێک دەخاتە سەر دیواری بەکەللەسەرهەڵچنراوو بەخوێنسواغدراوی بزووتنەوەی مافخوازانەی نەتەوەی کورد، بە پێشمەرگە نەناسرێن. بەوپێیە مەیدانی تێکۆشانی هێزی پێشمەرگە ئێستا هەموو بووارەکانی تێکۆشانی فکری، ئابووری، کۆمەڵایەتیو هەموو شێوەیەکی بەرەنگاری دەگرێتەوەو هەربۆیەش جارێکی دیکە دەڵێینەوە با «هەموومان پێشمەرگە بین» و بەکردەوەش هەمووسان پێشمەرگەین.

لە ژمارە ٦٢٢ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی دێسەمبەری ٢٠١٤

-----------------------------------------------

## پێشمەرگە لە بوونەوە تا پێگەیشتن



ئارەش لۆرستانی

وەرگێڕان: ئاڵەشین

ئەو وتارە چاوخشاندنێکە بە رابردووی ٦٩ ساڵێکدا، کە پێشمەرگە تێیدا لە دایک دەبێ، گەشە دەکا و لە بواری سیاسیو کۆمەڵایەتییەوە پێدەگا. لێرەدا گرنگترین خاڵەکانمان وەک چەمکێک هێناوەتە بەرباسو بە وردی رۆنەچووینەتە نێو واتاکانیانەوە، بەو هیوایەی خوێنەرانی بەرێز بتوانن زیاتریان لەسەر بخوێننەوەو ئەم فاکتەرە گرنگەی پێشڤەبردنی بزووتنەوە نەتەوەیی - دیمۆکراتیکی کورد زیاتر بخەنە بەر لێکۆڵینەوەو توێژینەوە.

ئەگەر بە قۆناخی مودێرنی خەباتی نەتەوایەتی کورددا بڕوانین کە روونە دامەزرانی حیزبی دیموکرات، لە ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢٤، وەک خاڵی دەسپێکی ئەم پرۆسەیە دەناسرێ، لێکدانەوەی هەلومەرجی پێکهاتن و دامەزرانی حیزبی دیموکرات، یەکەم فاکتەرێکە دەتوانێ یارمەتیدەری ناسینی بنیاتەکان و ئەو ئەهرومانەی تەڤگەری سەرەکی بزووتنەوە بێ کە گرەنتی بەردەوامی چالاکی بوونو بۆ نەوەی ئەمڕۆ و داهاتووی دیاریی بکا.

دەسپێکی حکوومەتی پەهلەوی و دارشتنی بناخەی نەتەوە - دەوڵەتی یەکگرتوو کە بە ئامانجی مودێرانیزسیۆنی ئێران لە لایەن رەزاشاوە پراکتیزە کرا، شەڕی دووەمی جیهانی و راگەیاندنی بێ لایەنی ئێران لە لایەن رەزاشاوە ٩ی گەلاوێژی ١٣١٨، داگیرکردنی ئێران لە لایەن هێزەکانی سوپای هاوپەیمانان لە سێیەمی گەلاوێژی ١٣٢٠ دا، کە دەست لە کارکێشانەوەی رەزاشاو دەسەڵاتدارێتی محەمەدرەزا شای لێکەوتەوە، بۆشایی دەسەڵاتی ناوەندی لە رۆژاوا، لە لایەکی

دیکەشەوە سەرکوتی بەردەوامی بزووتنەوەکانی کورد لە لایەن دەسەڵاتی ناوەندییەوە هەمووی بوونە هۆی پێکهاتن و چەکبەدەستەوە گرتنی هێزی بەرگریکاری کورد لە فۆرم و شێوەی مودێرندا بۆ پاراستنی دەسکەوتەکانی بزووتنەوە، کە بۆ یەکەم جار لە لایەن حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە ئەو خەباتگێڕو پارێزەرانە »پێشمەرگە« ناودێر کران.

پێشەوا قازی محەممەد لە وتووێژێکدا لەگەڵ بڵاوکراوەکانی تاران، کە لە ژمارە ١ی ڕۆژنامەی «کوردستان»یشدا چاپ کراوە دەڵێ: ئێمە ماوەی ٤ ساڵە خاوەن ئۆتۆنۆمی نێوخۆیینو، هەروەها سەید محەممەد حەمیدیش لە هەمان ژمارەدا لە بەشی «ئامانجی ئێمە» دا دەڵێ: دوای گەلاوێژی ١٣٢٠ ئێمە توانیمان ئیدارەی کاروباری خۆمان بەدەستەوە بگرین و حیزبی دیموکرات دابمەزرێنین، کەواتە ئەزموونی چوار ساڵەی، دوای دەست لە کارکێشانەوەی ڕەزاشاو ئەزموونەکانی پێشوو، بەڕوونی نیشان دەدا لەو هەلومەرجە هەستیارو قەیراناوییەدا پێکهێنانی هێزی «پێشمەرگە» زۆر دروست و لە جێی خۆیدا بووە.

ئەگەر بڕوانینە گرنگترین فاکتەرەکانی مودێرنیتەی کوردستان کە حیزبی دیموکراتی کوردستان و پاشان کۆماری کوردستان ئاڵاهەڵگری بوون، دەبینین هەر سێ هۆکاری سەرەکی بۆ دامەزراندنی مودێرنیتە واتا بازار، پیاوانی ئایینی و چینی ڕووناکبیر کە دەبوو بۆ گەیشتن و وەدی هاتنو بەردەوامی ئۆتۆنۆمی کوردستان تێبکۆشنو هاوئاراستەی بزووتنەوەی نەتەوەیی - دیموکراتیکی گەلی کورد بن، ئەو کات پێکنەهاتبوون یا لەوپەڕی لاوازیو پرشو بڵاویدا بوون، کەواتە پێشمەرگە وەک گرنگترین هێزی بەڕێوەبەری حیزبی دیموکرات، نەک هەر دەبوو بە جێی ئەو فاکتەرانە ڕۆڵی بەمودێرنیتەکردنی کۆمەڵگە بگێڕێ، بەڵکوو دەبوو جۆرێکیش خۆبنوێنێ کە ئەم هۆکارە گرنگانەش بە شێوەیەکی خۆڕسک و سرووشتی و ناوچەیی پێکبێن. بەم جۆرە دەوری هەستیارو گرنگی پێشمەرگە کاتی دامەزرانی حیزبی دیموکرات و ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان کە ١٥٩ ڕۆژ دواتر ڕاگەیاندرا بە ڕوونی ئەم ڕاستییە نیشان دەدا کە ڕادەی دەسەڵات و یان لاوازی هێزی پێشمەرگە تا چ ڕادەیەک لەو قۆناخەداو تەنانەت پێکهاتنی نەوەکانی دواتری پێشمەرگەو بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد کاریگەر بووە.

تێپەڕین لە کۆمەڵگەی نەریتی و گەیشتن بە کوردستانێکی مودێرن بە ئەندامانی حیزبی دیموکراتەوە کە یەکەم ئەزموونی مودێرنی سیاسی کوردستانیان بەرەو پێش دەبرد، پێویستی بە هێزی مرۆیی، فاکتەری ئابووری و گەشەی فەرهەنگی زۆر بەرین بوو، کە دەبوو لە کورتترین ماوەدا پراکتیزە بکرێن. بەهۆی نەبوون یان لاوازیی ئەو سێ فاکتەرە بنەڕەتییەو هەروەها تەمەنی کورتی کۆماری کوردستان کە ١١ مانگی خایاند، لە لایەکی دیکەشەوە بەهۆی هەلومەرجی نالەباری ئێران، نەبوونی پێشینەی دیموکراسی لە وڵات و ئەو قەیرانانەی ڕۆژاوا و ڕۆژهەڵات بۆ کۆمەڵگەی ئێرانیان خوڵقاندبوو، هەموویان

بوون بە هۆکارێک کە مودێرنیتەو پەڕێنەوە لە کۆمەڵگەی نەریتی لەسەر بەستێنی پێویستییە راستەقینەکانی گەلی کورد لە لایەن حیزبی دیموکراتەوەو هێزی پێشمەرگەوە خاو و تەنانەت لە هەندێک بواردا راوەستێو ئەندامانی حیزب ناچار بوون بە شێوەی نهێنی چالاکی و ئەرکەکانیان راپەڕێنن. دوای ٢٠ ساڵ چالاکی نهێنی و گەشەی هەنگاو بە هەنگاوو خاوی پێشمەرگە کە هەلومەرجی خراپی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئێران کاریگەریی لەسەری هەبوو، چەخماخەی خەباتی چەکداری ١٨ مانگەی ئەندامانی حیزبی دیموکرات، کە بە بزووتنەوەی ١٣٤٦ و ١٣٤٧ ناسراوە نیشانی دا پێشمەرگە دەتوانێ بە شێوەیەکی نوێ بە ئامانجی وەدیهێنانی مافە رەواکانی گەلی کورد هەنگاو بنێ. هەرچەند ئەو قۆناخە مێژووییە زیاتر رەهەندی سەربازی هەبووو پێویستی پێکهاتنی هزری مودێرنتر بۆ باشترکردنی کارکردی پێشمەرگەو گشتگیرکردنی بزووتنەوە لە ئاستی کوردستاندا بە تەواوی هەست پێدەکرا.

بوونی د.قاسملوو بە سکرتێری گشتی حیزب، بوو بەهۆی مودێرنیزەبوونی سترەکتۆری حیزبو بوارێکی رەخساند تا پێشمەرگە لە مەیدانی سیاسی و سەربازیشدا بتوانێ بە بەرزکردنەوەی توانایییەکانی هەماهەنگی پێویست دەست بخاو حیزبی دیموکراتی کوردستان وەک هێزی یەکەمی کوردستان بە پێگەی کۆمەڵایەتی بێوێنەو بەربەرین لە تەواوی کوردستانی ئێراندا چالاکی بنوێنێ. میتینگی ١١ی رەشەممەی ١٣٥٧، کە جەماوەرێکی نزیک بە ١٠٠ هەزار کەسی تێدا بەشدار بوو، خاڵی وەرچەرخانی خەباتی نەتەوەیی کوردە لە ئێران، ئەو میتینگە بە ئامادەبوونی بەربەرین و بێوێنەی ئەو بەشە لە لایەنگرانی حیزبی دیموکرات بەڕێوەچوو کە دەیانتوانی ئەو رۆژە لەو شوێنە ئامادە بن. بەشداری چین و توێژو گرووپە کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەکان لەو میتینگەدا خاڵێکی وەرچەرخان بوو لە بەرزکردنەوەی چۆنیەتی و چەندێتی بزووتنەوەو هێزی پێشمەرگە، چونکی هەر ئەو خەڵکە بەرەبەرە لە جلوبەرگی پێشمەرگایەتیدا بۆ وەدیهاتنی مافە نەتەوایەتیو مرۆییەکانی خۆیان تێکۆشانو هەموو تەنگو چەڵەمەکانی ژیان و خەباتیان بە دڵ و گیان کڕیو بزووتنەوەیان بەرەوپێش هێنا.

لە کۆتاییدا پێویستە بڵێین، ئەمڕۆکە ئەگەر ناوی پێشمەرگە لە جیهاندا وەک هێزێک دەناسرێ کە بەرگری لە مرۆڤایەتی و مافی مرۆیی خەڵکی کورد دەکا، ئەم سەرکەوتنو خۆشەویستییەی قەرزداری ئەو تێکۆشان و فیداکارییانەیە کە بۆ یەکەم جار ئەو چەمکە لە حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ئیدەو هزرو وشەوە پراکتیزە کراو لە کاتی بوونەوە تا پێگەیشتن وەک دایکیکی دڵسۆز تەنەخی لە هیچ تیکۆشان و ماندووبوونێک نەکردوە.

لە ژمارە ٦٤٦ ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢١ی دێسەمبەری ٢٠١٤

## پێگەو پێناسەی پێشمەرگەی کوردستان



### ئازاد کەریمی

لە پرۆگرامی نێوخۆی حیزبی دێموکراتی کوردستان پەسەندکراوی کۆنگرەی پازدەهەم سەبارەت بە پێشمەرگە لە بڕگەی یەکەم لە مادەی دوازدەی فەسڵی پێنجەمی بەرنامەی «حدک » داهاتوە: دابین کردنی هێمنیو نەزمی ناوخۆی کوردستان لە ئەستۆی هێزی پێشمەرگەو ئۆرگانە ئینتزامییەکانی دیکەی کوردستاندایە. دیارە ئەم ئەرکە بە ئێعتباری بەرپاکردنی دەوڵەتێکی فێدڕاڵ لە ئێراندا دەستنیشان کراوە بەڵام لە ئێستاداو لە ڕاستیدا پیشمەرگە وەک «شوناسێکی کۆمەڵایەتی خاوەن ڕابردوویێکی دورو درێژە و لە ژێر ناوی جۆراوجۆردا بەڵام لە یەک چەمکی یەکانگیرو نەگۆڕدا»هەمووکات باسی کراوە، دیارە بەرگری کردن هەرلە پاراستنی ژیانەوە بگرە هەتا پێوەرێکی گەورەی وەک گیانفیدایی لە پێناو کۆمەڵگەو خەڵکو بایەخەکانی لە پەیوەندی دایە و بە بەشێک لە سڵامەتی هزر و عەقڵانیەتی مرۆڤەوە پێناسە کراوە.

بێ ئەوەی بچینە ناو شۆناسە جۆراوجورە کۆمەلناسییەکانەوە دەبێ بگوترێ مرۆڤ وەک «تاک» لە کۆمەڵگە واتە لە «گشت»دا مانا دەکرێتەوە، هەر بۆیە پاراستنی بەرژەوەندیەکانی تاکو کۆ لە کۆمەڵگەدا کە باسی شۆێنی نیشتەجێ بوونی یەکەیەکی نیشتمانی بۆکۆمەڵێک خەڵکی خاوەن بەرژەوەندی هاوبەشو گشتی دەکات بە پێوانەی هزرو عەقڵی هزرمندان هێمای سڵامەتی عەقڵەو بەشەری تەندروست هەمووکات بۆ پاراستنی بەرژەوەندیی تاکیو گشتی چالاکیو کۆشش دەکات... دیارە لە کاتی تەنگانەدا یان گرفتێک کە ڕوو لە کۆمەڵگایەک دەکات ئەندامەکانی ئەو کۆمەڵگەیە بە هاوبەشی هێزی یەکگرتوو بەرگری لە هەموو بایەخو بەهاکانیان دەکەن هەرچەندە دەزانن لەوانەیە لەم پێناوەدا گیانیش بەخت بکەن. هەربۆیە هێزی پاراستنی بەرژەوەندیو بایەخەکانی کۆمەڵگە پێک هاتوە بە مەبەستی ڕاگرتنی هەموو دەسکەوتە مێژووییەکانی ئەو کۆمەڵگە لە هەموو بوارەکانەوە بگرە هەتا دەگاتە پاراستنی شارستانیەتێک کە زێدی فەرهەنگ و

دەسکەوتە مەعنەویو مادیەکانە بۆمرۆڤایەتی... هەربۆیە جەنگ یان پەرچەکرداری شەڕکردن وەک یەکێک لە سەرەکیترین چەمکە دیاردەیی یەکان دەچێتە ناو مرۆڤەکانەوەو جاری وایە لە ئاستێکی بەرزی وەک «پیرۆزایەتی»دا خۆی دەبینێتەوە. لە کوردستانی کۆندا ڕێز و پێگەی پیاوانی شەڕکەر لە ئاستێکی بەرزدابوە. بەهەرحاڵ هەتا سەردەمی کۆماری کوردستان لە مهاباد (١٩٤٦ی زایینی) هێزە چەکدارە کوردییەکان بەشێک لە کۆمەڵگەی ئاسایی خۆیان بوونو هەموو پیاوانی کورد لە هەر هۆز و عەشیرەتو میرنشینێکدا بوون، خاوەن چەک بوونو هێزی بەرگری کردن لە یەکەی نیشتمانی خۆیان لە ئەستۆیاندا بووە. بەڵام هەمووکات بە بڕیاری سەرۆک هۆزەکان لە چەند شەڕی وەک چاڵدرانو شۆڕشەکانی دژ بە داگیرکەرانی کوردستان و سەرجەم سەرهەڵدانە ڕزگاریخوازەکانی سەدەی نۆزدەو بیستدا بەشداری یان کردوەو بەم نازناوانە مەشهوور بوون: گیانفیدا، فیدایی، چەکدار، شەڕکەر، تفەنگچیو سوارە.

دیارە لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا جۆرە دڵنیا بوونەک بۆ بەرپا کردنی سیستەمێکی حوکمڕانی سەربەخۆ بە گوێرەی پێوەرە فەرهەنگی و سیاسیەکانی ئەو سەردەمە هەبووە، هەر بۆیە سەرۆکایەتی کۆمارو ئەنجومەنی وەزیرانو ڕاوێژکارانی پایەبەرزی سیاسیی کۆماری کوردستان بیرۆکەی نوێیان هەبووە بۆ چەسپاندنو سەقامگیر کردنی ئەم دەسەڵاتە کوردیە. ئەوەش بەهۆی ئاگادار بوونی ئەو بەرێزانە بووە لە بارودۆخی سیاسی سەردەمی خۆیان کە هاوکات بووە لەگەڵ کۆتایی هاتنی شەڕی دووهەمی جیهانیو دامەزرانی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لە ساڵی ١٩٤٥دا. یەکێک لە شوناسە هەرە بەرچاوەکانی قۆناغی دوای شەڕی دووهەمی جیهانی لە دایکبوونی گرووپە ڕێکخراوەیییەکان بووە لەلایەن گەلانی چەوساوەی ژێردەستەوە کە بە مەبەستی ئازادیو سەربەخۆیی سیاسی بەرپا کرابوون... هەروەها، «ویڵسن» و «ترومەن» سەرۆک کۆمارەکانی ئەو سەردەمانەی ئەمریکا دۆکتورین یان «کۆپرەنسیپی» «مافی چارەنووس» یان پێشکەشی ئەجێندای سیاسی جیهانی کردبوو، هەر بۆیە کۆماری کوردستان دەیویست لەوبارودۆخەدا زیاترین دەسکەوت بۆ گەلی چەوساوەو ژێردەستی کورد مسۆگەر بکات، هەنگاوەکانی کۆماری کوردستان لەو ئاراستەدا زۆر دروستو بەرپرسانەو لێزانانە بووە... ئەوەش دەسکەوتی هەرە گەورەی کۆمار بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستانو گەلی کورد بە گشتی تۆمار کرد.

سەرەڕای نوێ بوونی هەموو دامودەزگاو ڕێکخراوەکانی کۆماری کوردستان بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوەش، جۆرێک لە متمانەو بڕوابەخۆبوون بەدی دەکرا، ئەوەش مەشروعیەتو حەقانیەتی دۆزی کورد دەسەلمێنێت. هەر بۆیە حیزبی دێموکراتی کوردستان کە یادگاری ئەو ڕۆژە زێڕینانەیە خۆی بە ئاڵاهەڵگری خەباتی سیاسیو ئازادیخوازی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەزانێتو هەموو کات ویستویەتیو دەیهەوێت ئازادیو کامەرانیو ئاشتی بۆ خەڵکی کورد دەستەبەر بکاتو لەم پێناوەدا زیاتر لە پێنجهەزار شەهید بە پێشمەرگەو کادرو ئەندامی سەرکردایەتیو سێ سەرۆکی وەک پێشەوا قازی محەمەد، دوکتور عەبدوڕەحمان قاسملوو و دوکتور سەعید شەرەفکەندی لەم ڕێبازەدا وەک قوربانی پێشکەشی گەلی کوردو

دۆزی کورد کردوە

سڵاو بۆ پێشمەرگەی قارەمانی حیزبی دێموکراتی کوردستان

لە ژمارە ٦٤٦ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢١ی دێسەمبەری ٢٠١٤

-----------------------------------------------

## سەبارەت بە ٢٦ی سەرماوە عەبدوولا حیجاب بۆ رۆژهەلات تایمز دەدوێ



**ئارام قادری**

***رۆژهەڵات تایمز - ئارام قادری**: لە ساڵی ١٣٦٣ای هەتاویەوە رۆژی ٢٦ی سەرماوەز لە لایان حیزبی دێموکراتەوە وەک رۆژی پێشمەرگە دیاری کراوە. حیزب بۆ چی ئەو رۆژەی وەک رۆژی پێشمەرگە دیاری کردوە؟*

**وەڵام**: کاک ئارامی بەڕێز، زۆر زۆر سپاس بۆئەوەی ئەو دەرفەتەتان پێدام. بۆ من جێگای شانازییە کە لە بۆنەیەکی وەها گرینگ دا، لە ڕۆژێکی ئاوا بە واتا، لە ڕۆژی پێشمەرگەدا دەرفەتم پێ بدرێ کە سەبارەت بەو ڕۆژە بدوێم. سوپاس بۆ ئەوەی کە ئەو پرسیارانەتان ئاڕاستە کردم، و زۆر سوپاسیش بۆ ئەوەی کە دەرفەتت پێ دام بە تۆمارکراوی پرسیارەکانت

بۆ بنێرم و بۆ خۆت زەحمەتی نووسینەوە و بڵاوکردنەوەت بە ئەستۆوە گرت. ئەو کارە باری سەر شانمی سووک کردەوە.

لە پەیوەندی لە گەڵ دیاریکردنی ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەزدا و بۆچی حیزب ئەو ڕۆژەی دیاری کردووە، لەسەرەتا دا من پێموایە دیاری کردنی ڕۆژێک بۆ ڕێزگرتن لە خەبات، خۆڕاگری و بەرخۆدانی هێزی پارێزەری پەرژەوەندییەکانی گەل و نیشتیمان لە کوردستان، هەم ڕۆژێکی گرینە، هەمیش بڕیارێکی بە جێ، بەواتا و بە مانایە. لەبەر ئەوەی کە دیاری کردنی ئەو ڕۆژە لە لایەن حیزبەوە، نە تەنیا هەنگاوێکی سەمبۆلیک بوو بۆ ڕێز گرتن تەنیا لە پێشمەرگەی حیزبی دێمۆکڕات، بەڵکوو یەکەم هەنگاو بوو بۆ ئەوەی کە ئەو ڕۆژە لە هەمووی کوردستان، بەبێ لەبەر چاوگرتنی سنووری حیزبی سیاسی وەکوو ڕۆژی پێشمەرگە دیاری بکرێ و ببێتە ڕۆژێکی هاوبەش. واتا ڕۆژێکی دیار بۆ ڕێزگرتن لە پێشمەرگەی هەموو کوردستان بە بێ لە بەر چاوگرتنی سنووری هەرێم یا پارچەیەکی تایبەت یا حیزبێکی دیاری کراو وەکوو حیزبی دێمۆکرات.

لەو ڕوانگەیەوە، من پێموایە کە ئەو هەنگاوە، هەنگاوێکی بە جێ و دروست بوو لە لایەن حیزبەوە. کە وابوو ئەو ڕۆژە، واتا ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەز هەم ڕۆژێکی گرینگە، چونکە هیوای ئەوە هەیە کە ببێتە ڕۆژی پێشمەرگەی هەموو کوردستان، هەمیش ڕۆژی هەڵدانی ئاڵای کوردستانە، دوو بۆنەی پیرۆز لەو ڕۆژەدا پێکەوە کەوتوون و یەک دەگرنەوە..

**ڕۆژهەڵات تایمز:** ***ئایا نەدەکرا بۆ دیاری کردنی ڕۆژی پێشمەرگە هاوفکری لەگەڵ لایەنەکانی دیکەی کوردستانیش کرابا، تا بە هاوفکری ڕۆژێکیان وەک ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان دیاری کردبا؟***

**وەڵام:** بە بڕاوی من، هەموو سەمبولە نەتەوەیی و ڕۆژە گرینگەکان دەبێ بە هاوفکری و هاوڕاوێژی هەموو هێزە سیاسیەکانی کوردستان دیاری بکرێن و ڕاوێژێکی هەمە لایەنە و پێکهاتنێکی بە کۆمەڵی لە سەر بکرێ. بەڵام ئەو وەختەی کە حیزبی دێمۆکڕات ئەو ڕۆژەی دیاری کرد، لەبیرمان نەچێ کە حیزب لە چوار چێوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا بیری دەکردەوە و خەباتی دەکرد.

پاشان کۆمەڵەش کە وەکوو هێزی دووهەم لە گۆڕەپانی سیاسی دا بەشدار بوو لە ڕۆژهەڵات، لە گەڵ حیزب لە ناکۆکی و تەنانەت لە کێشە و ئاڵۆزی دا بوو. لە بەر ئەوەی کە ئەو دوو هێزە سەرەکیەی ئەو کاتی مەیدانی خەباتی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پەیوەندیان پێکەوە باش نەبوو، بەڵکوو لە گرژیش دابوو. ئەوە ئەوەدەم نە موناسب بوو و نە دەشکرا کە بە هاوفکری یەکتر ئەو ڕۆژە دیاری بکەن و پێکەوە ڕۆژی پێشمەرگە جێژن بگرن. بەڵام ئەوە بەو مانایە نیە کە ئێستا بیر لە ڕۆژێکی هاوبەش و شتێکی ئاوا نەکرێتەوە. بە پێچەوانەوە، من پێموایە کە ئێستا زەمینەکە ڕەخساوە و لەباریشە.

واتا هەم دەفەرت هەیە، هەمیش پێوستە کە لە گەڵ هێزەکان لە سەر بابەتێکی ئاوا گرینگ ڕاوێژ بکرێ، بە نەتیجەیەکی هاوبەش بگەن و ڕۆژێک دیاری بکەن بۆ ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان. ئەو ڕۆژە هاوبەشە دەتوانێ ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەز بێ، یان ڕۆژێکی دیکە. بەڵام ڕۆژێک بێ کە هەموو لایەنەکان لەسەری ڕێک بکەون. جا بۆیە بیر کردنەوە لە وەها بەرنامەیەک زۆر زۆر گرینگە و تەنیا دەکرێ و دەبێ بە هاوفکری و هاوڕایی هێزەکانی دیکە بێ.

**ڕۆژهەڵات تایمز: پێتان وایە ٢٦ی سەرماوەز بۆتە ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان، یا ڕۆژی پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتە؟**

**وەڵام:** وا بیرناکەمەوە کە ٢٦ی سەرماوەز تەنیا بەسترابێتەوە بە حیزبی دێمۆکڕاتەوە. ڕاستە حیزب ئەو ڕۆژی دیاریکردووە و ڕێزی لێ دەگرێ، بەڵام ئەوە بەو مانایە نیە کە ئەو موناسبەت و ئەو سەمبولە تەنیا لە سنووری حیزب دا بمێنێ و لەس سنووره دەرباز نەبێ. وا هەست دەکەم کە بیرۆکەی ڕۆژی پێشمەرگە لە کوردستانی گەورەدا ئێستا زیاتر هاتۆتە بەرباس و کەوتۆتە ڕۆژەڤی هەموو هێزە سیاسیەکانی کوردستانەوە. بۆیە ڕەنگە لە داهاتوودا زۆربەی هێزەکان پێکەوە لەسەر ڕۆژێک ساخ ببنەوە. جا ئەگەر هەموو هیزەکانی کوردستانی گەورە پێکەوە ڕێک بکەون و بگەنە ئاکامێکی هاوبەشەوە کە هەر ٢٦ی سەرماوەز بۆ ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان دیاری بکردرێ، چ خۆشتر. ئەوە شانازییەکە کە دەبێتە نەسیبی حیزب و ئەندامەکانی کە هەموو ساڵە ئەو ڕۆژە جێژن دەگرن. لەویش مەزنتر دەبێتە ڕۆژێکی هاوبەشی هەموو نەتەوەی کورد، بۆ ڕێزگرتن لە گەورەیی و بەرخۆدانی پێشمەرگەی کوردستان.

**ڕۆژهەڵات تایمز: چ بکرێ تا بۆ ڕێز گرتن لە پێشمەرگەی کوردستان هەموو ئەو لایەنانەی هێزی پێشمەرگەیان هەیە، ڕۆژی پێشمەرگە بە هی خۆیان بزانن؟**

**وەڵام:** دەبێ هێزە سیاسیەکان لە چوارچێوەی ستراتیژی هاوبەشی نەتەوەییدا بیر بکەنەوە، تا بۆنە و ڕۆژە هاوبەشەکان ببن بە ڕۆژی نەتەوەیی کە هەموو لایەنەکان وەک یەک ڕێزی لێ بگرن و لە سنوری تەسکی حیزبی دا ڕایاننەگرن. واتا کارێک بکەن کە ئەو ڕۆژە ببێ بە ڕۆژی هاوبەشی هەمووی گەلی کوردستان. وەکوو چۆن بۆنەکانی نەورۆز و ٢ی ڕێبەندان بوون بە هی هەموو کورد و هەموو هێزەکانی کوردستانی لە دەوری سەمبولی هاوبەش لێک کۆ دەکاتەوە. من دڵنیام کە لە داهاتوو دا ئەو ڕۆژە هاوبەشانە دیاری دەکرێن و دەبن بە موڵکی هاوبەشی هەموو نەتەوەکەمان. کاتێک ڕۆژ هاوبەش بۆ ڕێز گرتن لە پێشمەرگە دیاری کرا، با ڕێکەوتەکەی ٢٦ی سەرماوەز نەبێ،
ڕۆژێکی دیکە دیاری بکرێ. گرنگ ئەوەیە ڕۆژێک دیاری بکرێ کە شیاوی ناو و بەرخوەدان و تێکۆشانی ڕۆڵە قارەمانەکانمان بێ کە پێشەنگی خەبات بۆ ئازادیی نەتەوەکەمانن. !

**ڕۆژهەڵات تایمز: هێندێک کەس ٢٦ی سەرماوەز بە باش نازانن بۆ ڕۆژی پێشمەرگە، بۆ؟ چونکوو ٢٦ی سەماوەزی ١٣٢٥، شا هات کۆماری کوردستانی تێکدا؟ بەڵام داوا دەکەن ١٥ی ڕێبەندانی١٣٢٤، کە لە کابینەی وەزیرانی یەکەم کۆماری کوردستان بە سەرۆکایەتی پێشەوای نەمر قازی محمد ناوی پێشمەرگە بە ڕەسمی دیاری کرا، بکرێتە ڕۆژی پێشمەرگە. ڕای جەنابت لەو بارەوە چیە؟**

**وەڵام:** به بروای من ئەگەر ڕۆژی پێشمەرگە، لە جیاتی ٢٦ی سەرماوەز ڕۆژی ١٥ی ڕێبەندان بوایە هیچ شتێکی نەدەگۆڕی. پێشنیاری ئەو ڕۆژەش بە قەزاوەت یا تێڕوانینێکی یەک لایەنە دەبینم. چونکوو ٢٦ی سەرماوەز لانیکەم هاوفکرییەکی گشتیتری لە سەر بووە. واتا کۆمەڵێک لە ئەندامانی ڕێبەرایەتیی حیزبی دێمۆکرات لە سەری دواون و بە پێی لێکدانەوە و تێگەیشتنیان لە ڕووداوە سیاسیەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بڕیاریان داوە کە ئەو ڕۆژە ببێتە ڕۆژی پێشمەرگە. ئەگەر سبەی دیالۆگێکی نیشتیمانی بێتە ئاراوە لەوانەیە نە ٢٦ی سەرماوەز بێ، نە١٥ی ڕێبەندان بێ و نە ڕۆژێکی جیاوازتر کە کوردەکانی ڕۆژهەڵات پێیان باشە یا لە سەری ساخ دەبنەوە. لەوانەیە ڕۆژێکی تر لە مانگێکی تردا دیاری بکرێ بۆ ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان.

با لە ڕوانگەی تەکی، تاکە کەسی و حیزبایەتیەوە نەڕوانینە ئەو موناسبەتە گرینگە و لە سەر یەک ئاڵتەرناتیف یا یەک پێشنیار زۆر پێداگر نەبین کە تەنیا و تەنیا دەبێ ڕۆژی پێشمەرگە ئەو ڕۆژە بێ یان ئەوەی دیکە بێ. دەبێ بیرکردنەوەمان بکەینە بیری گشتی! ڕەنگە هێندێک حیزبی سیاسی بڵێن با ڕۆژی سەرهەڵدانی ئاگری وەک ڕۆژی پێشمهرگە یا ڕۆژی سوپای نەتەوەیی کوردستان دیاری بکرێ. حیزبێکی دیکە ڕەنگە بڵێ بۆ چی ڕۆژی ڕاپەڕینی بارزانیەکان نەبێتە ڕۆژی پێشمەرگە. یا خود بۆ چی ڕۆژی ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ نەبێتە ڕۆژی سوپای نەتەوەیی یا پێشمەرگەی کوردستان. هەر هێزێک ڕایەکی جیاواز و ڕۆژێکی تایبەتی هەیە کە بۆ ئەو گرینگە. جا بۆیە ئەگەر لێم بپرسی، من بۆ خۆم ئامادەم کە هەردوو ڕۆژەکان بکەمە قوربانی بۆ ڕۆژێکی هاوبەشی سەرتاسەری کە هەموو لایەنە کوردییەکان پێکەوە لە سەری ساخ بنەوە و بیکەن بە ڕۆژی سوپای نەتەوەیی یا ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان. جا بۆیە پێداگر نیمە لەسەر ئەو دوو ڕۆژە..

**ڕۆژهەڵات تایمز: جەنابت کە پێشمەرگایەتیت کردووە و ئاوارەیی و چەرمەسەریت چێشتوە، ئەگەر ئێستا بگەڕێینەوە دواوە، دیسان ئامادەبووی چەکی پێشمەرگایەتی هەڵگریەوە؟**

**وەڵام:** ڕاستە منیش وەکوو زۆر لە هاوڕێیانی دیکەم پێشمەرگایەتیم کردووە. یەکێک لە شانازییەکانی ژیانم سەردەمی پێشمەرگایەتیم بووە. ناڵێم ئاوارەیی و چەرمەسەریم چێشتووە، دەڵێم شانازیم ئەوە بووە کە بەشدار بم لە ڕیزی

پێشمەرگەکانی کوردستاندا و بۆشم گرینگە، کە ئەو ناو و ئووبووهەتەی پێشمەرگە، هەروا بە بەرزی و بە پیرۆزی بمێنێتەوە. دیسان بۆم گرینگە کە پێشمەرگە وەکوو سەمبول و ئەکتەرێکی خۆشناوی نەتەوەیی لە کوردستان دا جێگە و پێگەی بەرزی هەبێ. ئەگەر تەمەنم بگەڕێتەوە دواوە، دیسان بەشانازییەوە ئامادەم ئەرکی پێشمەرگایەتی بە جێ بگەیەنم و هیچیش پەشیمان نابمەوە. بەڵام لە قۆناخی ئێستادا پێشمەرگایەتی هەر چەک هەڵگرتن نیە، دەتوانێ بە چەند شێوەی دیکەش پێشمەرگایەتی بکەی وەکوو: نووسین، بەشداری کردن لە خەباتی سیاسی و هەوڵدان بۆ یەکگرتنەوەی هێزە لێک جیابووە کانی کوردی، یان لێک نیزیک بوونەوەیان و دروستی کردنی بەرەیەکی هاوبەشی نەتەوەیی. ئەوانەش دەتوانین بیخەینە خانەی پێشمەرگایەتیەوە. ئەگەر مەبەست لە پێشمەرگایەتی، ئەوانە بێ بەڵێ هەتا ئێسکان دەگەڵم، بەڵام ئەگەر مەودا هەبا گەڕابامەوە ٣٢ ساڵی ڕابردوو و چەکی پێشمەرگایەتیم بۆ حیزبێکی سیاسی کوردی هەڵگرتبایە و حیزبەکەشم بە خوێن و خەباتی من و هاوسەنگەرەکانم، لە دژی حیزبێکی دیکەی کوردی مانۆڕی بدایە و چەکی بەرامبەر بە لایەنی دیکە ڕاگرتبا، نەخێر بە دڵنیایەوە بەشداریم نەدەکرد لەو پێشمەرگایەتیە دا.

**ڕۆژهەڵات تایمز: لە ڕۆژی پێشمەرگەدا چ بە پێشمەرگەکانی کوردستان دەڵێی؟**

**وەڵام:** لەو ڕۆژە پیرۆزە دا، پێموایە باشترین و گرینگترین هیوایەک کە دەکرێ لە پێشمەرگە هەمان بێ ئەوەیە کە ڕێ پیشاندەر بێ بۆ پێکەوە کارکردن لە چوارچێوەی ستراتیژی هاوبەشی نەتەوەیی دا. ئەگەر بگەڕێینەوە سەر بارودۆخی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەداخەوە ئێستا هێزی پێشمەرگە پرش و بڵاوە، حیزبی دێمۆکڕات دووبەشە، کۆمەڵەکان چەند بەشن، یان پەژاک هێزی جیاوازی پێشمەرگەی هەیە و هێزی خۆی بە پێشمەرگە ناودێر ناکا پێی دەڵێ "گریلا". جا بۆیە لەوانەیە ئەو پرش و بڵاوی و ئەو ناوە جیاوازانە لە داهاتوودا هێزی پێشمەرگە لە چەند کاناڵی جیاوازەوە بە زۆر ڕووداو و بوویەری دژ بە یەکەوە گرفتار بکا کە ئاکامی زیانباری بۆ پرسی نەتەوەیی کورد و ستراتێژیی هاوبەشی سیاسی لێ بکەوێتەوە.

جا بۆیە لەو ڕۆژە دا گرینگترین ئەرک کە دەکەوێتە سەرشانی هەموو ئەوانەی پێشمەرگایەتیان کردووە و ئەوکەسانەش کە بروایان بە خەبات و ناوی پیرۆزی پێشمەرگە هەیە ئەوەیە کە داواکار بن هێزی پێشمەرگە ببێ بە یەک هێز و وەکوو سوپایەکی نەتەوەیی کورد کار بکا. واتا ئەگەر بروامان بە سوپایەکی نەتەوەیی هەبێ، هەموو هێزە چەکدارەکانی کوردستان دەتوانن وەکوو چەترێک بچنە ژێر فەرماندەیی ئەو سوپایەوە. ئەو چەترەش پارێزگاری لە هەموو بەرژەوەندییەکانی کوردستان دەکا..

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات تایمز - ڕێکەوتی: ١٨ی دێسەمبەری ٢٠١٤

## دیمانەیەک لەگەڵ هاشم ڕۆستەمی سەبارەت بە ٢٦ی سەرماوەز



**دیمانە ئارام قادری**

هاشم ڕۆستەمی یەکێک لە کادرە لەمێژینەکانی حیزبی دێموکراتە. بەر لەوەی ئاوارەی دەرەوەی وڵات بێ، بۆ ماوەی چەند ساڵێک ئەندامی ڕێبەرایەتی حیزب بووە. لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٩٩ وەک پەنابەری سیاسی گەیشتۆتە وڵاتی نۆرویژ. لەو ماوەیەدا بەردەوام کاری سیاسی کردوە و یەکێک لە ئەندامە چالاکەکانی دێموکرات بووە.

ناوبراو لە کۆنگرەکانی ١٤ و ١٥ی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا، وەک ئەندامی کۆمیسیۆنی چاوەدێری بەسەر ئەساسنامەی حیزبەکەیدا هەڵبژێدراوە.

لە دوو ساڵی ڕابردوودا، لە دوو وتاری جیاواز، کە پار و پێرار لە سایتی ڕۆژهەڵات تایمزدا بڵاو کرانەوە، سەبارەت بە ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەز، هێندێک ڕوانگەی جیاواز لە ڕوانگەی تا ئێستای دێموکراتەکانی وروژاند. بۆ ڕوون بوونەوەی زیاتری ئەو باسانە دیمانەیە کمان لە گەڵ ناوبراودا ساز داوە.

**پرسیار:** با لە وەڕا دەست پێ بکەین. ئەوە بەرەو ٢٦ی سەرماوە ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان دەچین. بەو بۆنەوە چ بە پێشمەرگەی کوردستان دەڵێی؟

**وەڵام:** با منیش لەوەرا دەست پێ بکەم و بڵێم کە خەبات و تێکۆشان و گیانبازی پێشمەرگەی کوردستان ئەوە هەڵدەگرێ کە نەک ڕۆژێک، بەڵکو هەموو ڕۆژەکانی ساڵ ڕێز لەو گیانبازی و فیداکاریە بگیردرێ. بەڵام ئەوە کە تەنیا یەک ڕۆژ وەک

ڕۆژی ڕێزگرتن لە پێشمەرگە دیاری کراوە، بەو مانایەیە کە لەو ڕۆژەدا لە جیاتی هەموو ڕۆژەکانی ساڵ ڕێز لە پێشمەرگە دەگیردرێ. بەو بۆنەوە پیرۆزبایی بە سەرجەم پێشمەرگەی کوردستان دەڵێم.

لێرەدا پێم باشە ئاماژە بە وەش بکەم، کە پێموایە پرسیارەکە لەنگیەکی تێدا بوو. چوونکە لە ڕاستیدا ٢٦ی سەرماوەز وەک ڕۆژی هەڵدانی ئاڵای کوردستان و پێشمەرگە ناسراوە.

**پرسیار: چۆن دەکرێ یەک ڕۆژ، واتە ٢٦ی سەرماوەز، هەم ڕۆژی ئاڵا بێ، هەم ڕۆژی پێشمەرگە؟**

**وەڵام:** دەکرا وا نەبێ. بەڵام ئێستا کە ئاوایە دەکرێ بە شێوەیەکی شایستە هەردوو بۆنەکە ئاوێتەی یەک بکرێن.

**پرسیار: وتت دەرکرا وا نەبێ. مەبەستت لەوە چیە؟ ئەی دەکرا چۆن بێ؟**

**وەڵام:** دەکرا ٢٦ی سەرماوەز هەر ڕۆژی ئاڵا بێ. چوونکە لە ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٢٤ی هەتاویدا بۆ یەکەم جار بە شێوەی ڕەسمی لە شاری مەهاباد و چەندین شوێنی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئاڵا هەڵدراوە. جێگەی خۆشحاڵیە کە ئێستا ئەم ڕۆژە، لە باشووری کوردستانیش وەک ڕۆژی ئاڵا ناسراوە. لە ڕاستیدا ساڵانی رابردوو، هەلومەرجەکە وەک ئێستا گونجاو نەبوو، تەنانەت تێکۆشەرانی دێموکراتیش کەمتر باسی ئەو ڕۆژەیان وەک ڕۆژی ئاڵا دەکرد. زۆرتر وەک ڕۆژی پێشمەرگە ڕێز لە ٢٦ی سەرماوەز دەگیرا. بەڵام هەروەکی باس کرا ئێستا ٢٦ی سەرماوەز هەم وەک ڕۆژی ئاڵا دەناسرێ هەم وەک ڕۆژی پێشمەرگە.

**پرسیار: لەو وتارانەی کە لە ڕابردوو لەو پێوەندیەدا بڵاوت کردوونەوە، وا وێدەچی کە ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەز زۆر بە گونجاو نازانی، کە وەک ڕۆژی پێشمەرگە باسی بکرێ. دەتوانین هۆیەکەی بزانین؟**

**وەڵام:** ڕاستە، من پێشتریش لەم بارەوە شتم نووسیووە و ڕوانگەی خۆم باس کردوە. ئەمەش ڕەنگە چەند هۆکارێکی هەبێ. لەڕاستیدا لەگەڵ ئەوەی کە لە ساڵی ١٣٦٣ هەتاویەوە لە لایان ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکراتەوە ئەو ڕۆژە وەک ڕۆژی پێشمەرگە کوردستان دیاری کراوە، جگە لە حیزبی دێموکرات و لایەنگرەکانی، هیچ کام لە حیزب و ڕێکخراوەکانی دیکە، چ لە ڕۆژهەڵات و چ لە بەشەکانی دیکەی کوردستان ئەو ڕۆژە، وەک ڕۆژی پێشمەرگە جێژن ناگرن. تەنانەت کۆمەڵەکان بۆ خۆیان ڕۆژی تایبەت بە پێشمەرگەی خۆیان هەیە.

بێجگە لەوەش پێموایە ئالای نەتەوەیی بۆ ئەوە دەبێ کە رۆژێکی تایبەتی بۆ تەرخان بکرێ و مناسبەتی دیکەی لەگەڵ تێکەل نەکرێ.

**پرسیار: ئەی پێتوایە چ ڕۆژێ بکرابا بە ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان؟**

**وەڵام:** وشەی پێشمەرگە لە ئەدبیاتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی خەڵکی کوردستاندا، وشەیەکی کۆن نیە. تەنیا نزیکەی ٧٠ساڵە کە ئەو ناوە بۆ چەکداری شۆرشگێر و رزگاریخوازی کوردستان بەکار دەبردرێ. ئەویش لە سەردەمای کۆماری کوردستانەوەیە. پێش دامەزرانی کۆماری کوردستان، حیزبی دێموکرات، بە هێزی نیزامی خۆی گووتوە، "سوپای میللی". تا لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا لە کۆبوونەوەیەکی پێشەوا قازی محمد و هەیئەتی وەزیراندا باس لەوە دەکرێ کە هێزی چەکداری کۆمار، پێویستە ناوێکی شایستە و کوردی هەبێ. سەرئەنجام دوای ڕاوێژ و را گۆڕینەوە، بە هاوفکری پیاوێکی دونیا دیدەو بە ئەزمون، لە سەر ناوی پێشمەرگە ساخ دەبنەوە. بەو شێوەیە لە ڕاگەیەندراوێکدا کە لە ژمارە ١٢ی رۆژنامەی کوردستان چاپی ئەو سەردەمدا، بڵاو کراوەتەوە، بە شێوەی ڕەسمی ناوی سوپای میللی گۆردراوە و بۆتە پێشمەرگە. ئەو ڕاگەیاندراوە ڕێکەوتی ١٥ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ی هەتاوی لە سەرە.

پێموایە ئەگەر ١٥ی ڕێبەندان کرا با بە رۆژی پێشمەرگە، نەک هەر حیزب و ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەڵکوو حیزب و ڕێکخراەکانی پارەچەکانی دیکەش هۆیەکی مەنتەقییان بۆ قبوولٚ نەکردنی وەک ڕۆژی پێشمەرگە نەدەبوو. چوونکە بەخۆشیەوە هەم قازی محمد وەک یەکەم سەرۆک کۆماری کوردستان جێگەی ڕێزی بەشی هەرە زۆری خەڵکی کوردستان بە گشتیە، هەم خودی کۆماریش وەک دەستکەوتێکی نەتەوەیی جێی شانازی نزیک بە تەوای خەڵکی کوردستانە. هەروەها ئەو ڕێکەوتە حیزبێک بە تەنیا دیاری نەکردوە، بەڵکو کۆماری کوردستان بڕیاری لەسەر داوە.

**پرسیار: لە وتارێکدا ٢٦ی سەرماوەزت وەک ڕۆژی مەرگی کۆمار باس کردوە. دەکرێ بۆمان باس بکەی کە مەبەستت چ بووە؟**

**وەڵام:** بەڵێ ڕاستە وام نووسیووە. بەڵام ئیزنم بدەن کە ئەو دەستەواژەیە لێرە ڕاست بکەومەوە. ئێستا ناڵێم مەرگی کۆمار، بەڵکوو دەڵێم ڕۆژی ڕووخانی کۆمار، یا ڕۆژی ڕووخانی یەکەم کابینەی کۆمار. چوونکە مەرگ و ڕووخان فەرقیان هەیە. شتی مردوو، زیندوو نابێتەوە، بەڵام شتی ڕووخاو دەکرێ لەسەررِا چاک بکرێتەوە.

بۆیەشم وا نووسیووە، چوونکە مخابن ڕاست لە ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٢٥ی هەتاویدا، واتە ڕێک لە ساڵوەگەڕی ڕۆژی

هەڵدانی ئاڵادا، ئەرتەشی ئێران گەیشتەوە مەهابادی پایتەختی کۆمار و ئەو شارەی داگیر کردەوە. بەو شیوەیە دام دەستگای ئەوکاتی کۆماریش کۆتاییان پێ هات.

**پرسیار: کەواتە تۆ پێت باشە ١٥ی ڕێبەندان لە جیاتی ٢٦ی سەرماوەز بکرێتە ڕۆژی پێشمەرگە و ٢٦ سەرماوەزیش هەر ڕۆژی ئاڵا بێ؟**

**وەڵام:** خۆزگە وا دەبوو. بەڵام ئێمە نابێ لەگەڵ خۆزگەکانمان بژین. دەبێ سەرنجی ئەوە بدەین کە ئەوەزیاترلە سی ساڵە ئەو ڕۆژە وەک ڕۆژی پێشمەرگە ڕێزی لێ دەگیردرێ. هەمووشمان دەزانین کە پێشمەرگە پارەێزەری ڕاستەقینەی ئاڵای کوردستانە، کەوابوو ئەمەگدارانەیە کە هەر لە ڕۆژی ئاڵادا ڕێز لە خەبات و تێکۆشانی پێشمەرگەش بگیردرێ.

بەڵام ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان، ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان بە گشتی، وەک بۆنەیەکی نەتەوەیی بێتە بەرباس و پارچەکانی دیکەی کوردستانیش بیان هەوێ لە سەر ڕۆژێک ساخ ببنەوە، هیچ ڕۆژێک لە ١٥ی ڕێبەندان گونجاوتر نیە. چوونکە ئەو ڕۆژە لە کۆماری کوردستاندا بە شێوەی ڕەسمی ناوی پێشمەرگە دیاری کراوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات تایمز - ڕێکەوتی: ١٦ی دێسەمبەری ٢٠١٤

-----------------------------------------------------------

# پێشمەرگەو رەساڵەتی مێژوویی



نەوید کەرەمی

پێشمەرگە، شۆڕشگێڕی گیان بەختکەرو بەوەرەو چاونەترسی کورد، کە بۆ بەرگری لە مافی گەل و پاراستنی خاک و نیشتمانەکەی و بەرژەوەندی وڵاتەکەی، سینگی خۆی دەکاتە قەڵغان و هەردەم ئامادەی گیان بەخت کردن و سەردانان لە ڕێگای پارێزگاری لە خاک و گەلەکەیەتی.

ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی (١٩٤٥ی زایینی) کۆماری کوردستان لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە بە سەرۆکایەتی پێشەوا قازی محەممەد دامەزرا، بە مەبەستی دیاریکردنی ناوێک بۆ هێزی نیشتمانی کورد (سپای میللی کوردستان ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٢٤ی هەتاوی) کۆبوونەوەیەک بەو مەبەستە پێکهات و هەر لەوێ‌وشەی پێشمەرگە بۆ سپای میللی کورد دیاری و پەسند کراو بۆ یەکەمجار هاتە ناو ئەدەبیاتی سیاسیی کورد.

ئەو وشەیە لە لایەن کەسێک بە ناوی مام ئەحمەد کە چاپەزی دەفتەری پێشەوا بووە پێشنیار دەکرێ، مانای پڕنێوەڕۆکی ئەو وشەیە دەبێتە هۆکار تا جەنابی پێشەوا قازی محەممەد و هەیئەتی وەزیرانی کۆماری کوردستان پەسندی بکەن و ئەو ناوە لە سەر سپای میللی کوردستان دابنێن، کە تا ئێستاش نەک هەر پارێزراوە بەڵکوو ناوی پێشمەرگە بووەتە ناوێکی نێونەتەوەیی و بووەتە سپایێکی مودێڕن و پێشکەوتنخواز و جێی ڕێزو متمانەی هەمو مرۆڤایەتی.

پاش هەرەسهێنانی کۆماری کوردستان، وشەی پێشمەرگە لە هەر چوار پارچەی کوردستان بۆ سپای کورد کە دژ بە دەسەڵاتی مەرکەزی و بۆ دابین کردنی مافی گەلەکەیان خەباتیان دەکرد بەکار دەهێنرێت، جگە لە پارتی کرێکارانی کوردستانی تورکیە (١٩٧٨ی زایینی) کە لە باتی ئەو وشەیە وشەی گریلا (Guerrilla پارتیزان. جنگجوی غیر نظامی)ی بۆ ناودێر

کردنی هێزەکەی بەکار هێناو ئێستاش ئەو حیزبەو باڵەکانی وشەی گەریلا بەکار دێنن.

ئەو بژاردە جیاوازە چەند پرسیارێک دێنێتە ئاراوە،

١- ئایا p.k.k هیچ باوەڕێکی بە کورد وەک نەتەوەیەکی خاوەن مێژوو و خاوەن رابردوو نییە، کە بژاردەکان و دەسکەوتەکانی گەلی کوردی پێش دامەزرانی خۆی قەبوڵ نییەو رەتیان دەکاتەوە؟

٢- ئایا بەو بۆچوونەی کە لە گەورەترین بەشی کوردستان (کوردستانی باکوور) سەری هەڵداوە خۆی بە هێزی بەرتەر دەزانێ‌و دەیهەوێ رابردوو بسڕێتەوەو ویست و خواستی خۆی بسەپێنێ بەسەر هەمو بەشەکانی کوردستاندا؟ بە داخەوە گەر هۆکارەکان ئەوە بن یان مەبەست لە دۆستایەتی و نزیکایەتی لەگەڵ وڵاتێک وەک ئێران بێ! خۆی لە خۆیدا کۆسپێکی گەورەیە لە بەر دەم یەکدەنگی و یەکریزی کورد.

ناوی پێشمەرگەو هێزی بەبڕشت و خۆشەویستی خەڵکی کورد، ترسێکی گەورەی خستۆتە ناو دڵی دوژمنانی گەلی کورد، کە بەرە بەرە کەوتنە پلانرێژی و بەرنامە دانان بۆ کەم کردنەوەی گەورەیی و پیروزی ناوی پێشمەرگە، بە مەبەستی پێشگیری لە پێکهێنانی یەکریزی و تەبایی هێزە کوردستانیەکان.

بە تایبەت پاش هاتنە سەر کاری کۆماری ئیسلامی لە ئێران و دژایەتی ئەو دەسەڵاتە لەگەڵ هێزە کوردییەکان و ترسی بە نیسبەت پەرە سەندنی هەستی نەتەوایەتی و تەبایی و یەکریزی حیزب و هێزە کوردستانیەکان، دەستی دایە چەواشەکاری و پلانرێژی دژ بە شۆڕشگێڕانی کورد و ناوی پیروزی پێشمەرگە.

پاش شۆڕشی گەلانی ئێران و دەرکردنی فتوای جیهاد دژ بە کورد لە لایەن رێبەری کۆماری ئیسلامی (ئایەتوڵڵا خومەینی)، دوو حیزبی سەرەکی کوردستانی ئێران واتە دێمۆکرات و کۆمەڵە بە کافرو ناموسڵمان ناودێر کران و تێکۆشانیان لە ناوخۆی کوردستانی ئێران نافەرمی راگەیەنرا، بەوەشەوە نەوەستان، تەنانەت بۆ نانەوەی دوبەرەکی و دروست کردنی شەڕی مەزهەبی و کەم کردنەوەی هەستی کوردایەتی، وشەی پێشمەرگەی موسڵمانیان بۆ ئەو کوردانەی کە فریوی کۆماری ئیسلامیان خوارد و دژی گەلەکەی خۆیان راوەستان بە کار هێناو بە دانی بەلێن و پەیمانی درۆ و تەماح وەبەر نان سەرەنجی ئەوانی بۆلای خۆی راکێشا، تا بە مەبەستی کەمرەنگ کردنەوەی پیروزی وشەی پێشمەرگەو دوور کردنەوەی خەڵک لە شۆڕشی نەتەوایەتی و لاواز کردنی هەستی نەتەوایەتی بەرەو هەستی ئایینی، بەردەوام بن لە کارو چالاکیەکانیان.

بەڵام نەک تەنیا ئەو پیلانە نەیتوانی کۆماری ئیسلامی بە ئامانجی خۆی بگەیەنێ‌بەڵکو بە ئاشکرا بوونی بەڵێن و پەیمانە درۆینەکانی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بە نیسبەت دانی خودگەردانی کوردستان بە موفتی‌زادەکان و هەروەها پێڕەوانی کۆنگرەی ٤ کە لە حیزبی دێمۆکرات دابڕابوون، ئەو هێزانە لە ئێران کشانەوەو لە ئاکامدا دەسەڵاتی ویلایەتی فەقیهی دەستی دایە زیندانی کردنی کاک ئەحمەد موفتی زادەو ئیعدام کردنی چەندین مەلای ناوداری ئەو جوڵانەوەیە.

کۆماری ئیسلامی ئێران لەو کاتەوە تا ئێستا، بە مەبەستی دژایەتی حیزبە کوردیەکان و بەلارێدا بردنی هەستی کوردایەتی و هەورەها کۆنترۆڵکردنی جووڵانەوەی کورد لە ئێراندا، لە وشەی پێشمەرگەی موسڵمان کەڵک وەردەگرێ، بە هاتنە سەر کاری حەسەن روحانی دەبینین جارێکی دیکە لە ژێر ناوی پێشمەرگەی موسڵمان هەندێک لە دەست و پێوەند و موچەخۆرانی لە ناوخۆی کوردستانی ئێران کۆ کردۆتەوەو سمینارو کۆنگرەیان بۆ دەگرێت. کە لە نێو واندا کەسانی نەفس نزم و خۆفرۆش و دژەگەلی و بەناو چالاکوان بەرچاو دەکەون، ئەوان بە درێژایی تەمەنی کۆماری ئیسلامی کاریان خزمەت کردن بەو رێژیمەو خەیانەت بە نەتەوەو نیشتمانی خۆیان بووە، بۆیە ئەوانە رسوای گەلەکەیانن و هیچ رێزێکیان لە ناو خەڵکدا نیە.

لە کوردستانی باشوور هەموو حیزبە کوردیەکان بە دێمۆکرات و چەپ و ئیسلامی، هێزی نیزامی‌یان بە پێشمەرگە ناو دەبەن، تەنانەت ئەو حیزبانەش کە باوەڕیان بە پرسی نەتەوەیی کورد نیەو هیچ رێزێک بۆ دروشم و ئالای کوردستان دانانێن، بەڵام وشەی پێشمەرگە بۆ چەکدارەکانیان بەکار دێنن، کە ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ناوی پیروزی پێشمەرگە تا چ رادەیەک لای خەڵکی کوردستان گەورەیە.

پێشمەرگەی کوردستان لە ناخ و دڵ و بیرو باوەڕی خەڵکی کورددا هەڵقوڵاوەو هەڵدەقوڵێت، خۆی بە نیسبەت خەڵک و خاکەکەی بەرپرس دەزانێ، بۆ رزگاری گەلەکەی لە چەوسانەوەو کۆیلایەتی پشت لە هەمو حەزو ئاواتە تاکەکەسیەکانی خۆی دەکات و بە گیان و خوێنی خۆی بەرگری لە ئامانج و ئاواتی خەڵکەکەی و پانتایی نیشتمانەکەی دەکات. بۆیە ئەرکەکانی پێشمەرگە گەلێک قورس و دژوارن کە تەنیا بە ورەی پۆڵایین و چەکی زانست و بیری تیژی پێشمەرگە و بڕواو خۆشەویستی پێشمەرگە جێ‌بەجێ‌دەبێت.

بە گشتی دەکرێ‌ئەرکەکانی پێشمەرگە بۆ دوو قۆناغی زەمەنی خەباتی ئەو هێزە دەستنیشان و باس بکەین: یەکەم: لە جەرگەی خەبات وەک پێشمەرگەی حیزبێکی شۆڕشگێڕ دژ بە دەسەڵاتی ناوەندی سەرەڕۆ. دووهەم: پاش سەرکەوتن، تێکۆشان لە ریزی هێزی پێشمەرگەی کوردستانی ئازاد کراو و دەسەڵاتی کوردی.

**١- پێشمەرگەی حیزبێکی شۆڕشگێڕ لە جەرگەی خەبات دژ بە دەسەڵاتی ناوەندی سەرەڕۆ:**

بۆ باس کردن لە سەر ئەم ئەرکە جارێکی دیکە ئاوڕێک لە سەردەمی دروست بوونی هێزی پێشمەرگەو بارودۆخی ئەوکاتی حیزبی دامەزرێنەری پێشمەرگە دەدەینەوە، حیزبی دێمۆکراتی کوردستان کە دامەزرێنەری کۆماری کوردستانە، حیزبێکی سیاسی و سەردەمیانە بوو، توانی لەو هەلومەرجە تایبەتە کە لەو سەردەمەدا بۆ ئەو بەشەی کوردستان هاتبووە پێشێ، کیانێکی سیاسی کوردی پێک بێنێت و بەڕێوەبەریەکی دێمۆکراتێک دروست بکات، بە هۆی بافتی کۆمەلایەتی ئەو سەردەمەی کوردستانی ئێران کە سەردەمی دەسەلاتداریەتی هۆزو عەشیرەکان بوو، هێزی پێشمەرگەی کۆماری کوردستان پێکهاتبوو لە زۆربەی ئەو هۆزو عەشیرەتانە و هەروەها بارزانیەکان کە بۆ پشتیوانی لە کۆمار هاتبوونە مەهاباد.

(جەنابی مستەفا بارزانی نەمر وەک یەکێک لە ژنراڵەکانی هێزی پێشمەرگەی کۆمار دیاری کرا)

ئەگەرچی لە سەردەمی کۆماردا هێزی پێشمەرگە بەو شێوە پێناسە کرابوو کە بەرگری لە مان و مەوجوودیەتی سیاسەت و کیانی کوردی و دەسەلاتی کوردی بکات، پاش هەرەسهێنانی کۆمار و لە سەردەمی بووژانەوەی حیزبی دێمۆکرات و رێکخستنەوەی شۆڕش، پێشمەرگە بوو بە سیاسەتمەدار، دیپلۆمات، شۆڕشگێڕو بەرگریکار لە ئامانج و ئاواتەکانی خەڵک و جێگای هیوا و ئۆمێد بۆ رزگاری گەلی کورد.

حیزبەکان بوون بە مەکۆی رۆڵە نیشتمانپەروەرەکانی کورد و هەمو ئەرکەکانی سەرکردایەتی و رێکخستن و بەڕێوەبەری شۆڕشەکەیان وەئەستۆ گرت، وشەی پێشمەرگە بوو بە پێناسەی هەمو پۆست و پایەکانی حیزب و هەموان یەکدەست کران بۆ یەک ئامانجی هاوبەش، ئەرکی هەموانیش وەک پێشمەرگە بوو بە هەوڵدان لە راستای مافویستی گەلەکەیان و پاراستنی حیزب و ئامانجە هاوبەشەکەیان.

لەو قۆناغەدا ئەگەرچی پێناسەی زۆرێک لە ئەندامان و چەکدارانی حیزبەکانی کوردی لە هەر چوار پارچە پێشمەرگەیە و لە ناسنامەدا بە حیزبەکەیانەوە دەناسرێنەوە، بەڵام لە ژێر ناوی هەر حیزب و رێکخراوێکدا بن هەر رزگاریدەری گەلی کوردن.

**٢- پاش سەرکەوتن و لە ریزی هێزی پێشمەرگەی کوردستانی ئازاد کراو و دەسەڵاتی کوردی:**

هەر وەک بۆ ئەرکی هێزی پێشمەرگەی کۆماری کوردستان کە ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی لە شاری مەهاباد پێک هات ئاماژەمان پێدا، ئەرک و بەرپرسایتی هێزی پێشمەرگە و سپای میللی کورد پاش سەرکەوتن و دروستکردنی کیانێکی کوردی لە هەر پارچەیەک لە کوردستان، دەبێتە پارێزەر لە حکومەت و کیانی سیاسی کورد و بەرگری لە تەواویەتی خاک و خەڵکی ئەو کیانە کوردییە.

هێزی پێشمەرگە دەبێت لەو قۆناغەدا یەکپارچە بێت و بچێتەوە ژێر بڕیاری وەزارەتی پێشمەرگەی کوردستان و ئەرکی میللی نەتەوەیی خۆی وەئەستۆ بگرێ و بە گشتی خۆی دوور بگرێ لە شەڕی حیزبایەتی، هێزی پێشمەرگە ببێتە سپای میللی گەلی کورد و دوور بێت لە سیاسەت کردن، ئەرکی ببێتە پاراستنی نەتەوەو نیشتمانەکەی (کورد و کوردستان).

بە داخەوە ئەوەی کە لە باشووری کوردستان پاش ساڵی ١٩٩١ی زایینی روویدا و هەنوکەش هەر درێژەی هەیە، ئەوە بوو کە حیزبە سیساسیەکانی ئەو هەرێمە پاش سەرکەوتنیان نەک تەنیا هێزی چەکداریان لە سیاسەت جیا نەکردەوە، بەڵکو هەر حیزبەو بۆ خۆی دەستی دایە وەرگرتن و ناونووسی هێزی چەکدار، ئاکامی وەها فیکریەت و کردارێک ئەمڕۆ لەوەدایە کە نە تەنیا هێزی پێشمەرگە لەیەک دابڕاوەو لە باتی ئەوەی کە ئەرکی راستەقینەی خۆی کە هەمانا پاراستنی حکومەتی کوردی و کیان و نیشتنان و خەڵکی کوردستانە، بەڕێوە بەرێ، کەوتۆتە رقەبەری و کێبەرکێی ناسالم. تا ئەو جێگایەی کە حیزبە سەرەکیەکانی باشووری کوردستان بە کەڵک وەرگرتن لە هێژمونی هێزی پێشمەرگەیان خاک و خەڵکی کوردستانیشیان لەیەک جیا کردۆتەوە.

ئەگەر سەردەمی کۆماری کوردستان هێزی پێشمەرگە لە چەکدارانی هۆزو عەشیرەتەکان دروست ببوو، بە داخەوە ئەمڕۆ دەبینین لە باشووری کوردستاندا هێزی پێشمەرگە ئەگەرچی یەک ناوی هەیە بەڵام هەر بەشێکی بەستراوەتەوە بە حیزبێکەوەو بە ناوی ئەو حیزبەوەو یان لەوە خراپتر بە ناوی کەسێکەوە ناوی دەبرێ و لە بەرژەوەندی ئەم یان ئەو حیزب و یان ئەم یان ئەو تاکی سیاسی کایەی پێ دەکرێت.

رەمزی سەرکەوتنی ئێمەی کورد لە یەکڕیزی و یەکپارچەیی، لێبوردن و یەکتر قەبووڵ کردندایە، حکومەتێک گەر نەتوانێت هێزێکی یەکپارچەو یەکرەنگ و یەکدەنگی هەبێت، ناتوانێت سەرکەوتنی مەزن مسۆگەر بکات، دەبێتە جێگای رمبازێنی نەیاران و ناحەزان، دوژمنان زۆر بە ئاسانی کایەی پێدەکەن و شەڕی پێدەفرۆشن.

لە ٦٩هەمین ساڵیادی داهێنانی وشەی پێشمەرگەو پێکهێنانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، جێی خۆیەتی کە سەری نەوازش

و ڕێز بنوێنین بۆ هەمو شۆڕشگێڕان و قارەمانانی گەلەکەمان کە لە قۆناغە جیایاکانی خەبات بۆ ڕزگاری گەلەکەیان، وەک پێشمەرگەی کوردستان بوێرانە بەگژ داگیرکەراندا چوونەوەو گیانیان بەختی نیشتمانەکەیان کرد. یادیان بەرزو پیروز بێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاژانسی کوردپا - ڕێکەوتی: ۱ی دێسەمبەری ۲۰۱٤

---------------------------------------------------

## قسەکانی کاک خالید عەزیزی سکرتێری گشتیی حیزب لە ڕێورەسمی ٣٦ی سەرماوەز ڕۆژی پێشمەرگەدا




هاوڕێیانی پێشمەرگە، ئەندامان و دۆستان ولایەنگرانی حیزبی دێموکرات!

بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدانی کوردستان!

بنەماڵەی پێشمەرگەکان! کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان!

بە بۆنەی ڕۆژی پێشمەرگە، ئەو ڕۆژەی کە یەکەمین جار لە شاری مەهاباد، شارەوانی حکوومەتی پاشایەتی گیراو کورد دەسەڵاتی خۆی لەوێ بە هەڵکردنی ئاڵا سابیت کردو جێخست، پیرۆزباییتان لێدەکەم. لە کۆمار بەولاوە بە تایبەت لە دوو پارچەی کوردستان، ڕۆژهەلاتی کوردستانو باشووری کوردستان کاتێک قسە لە خەباتو شۆڕشو فیداکاری کراوە، کاتێک قسە لە جێخستنی هەوڵدان بۆ مافە نەتەوایەتییەکانمان کراوە، هەمیشە نێوی پێشمەرگە هاتۆتە گۆڕێ. بە خۆشییەوە نێوی پێشمەرگە وەک کەسایەتی مێژوویی ئەو نەتەوەیە، بیروباوەڕی پێشمەرگە، هەوڵو تێکۆشانو خۆ قوربانیکردن لە پێناو جێخستنی مافەکانمان لانیکەم لەو دوو پارچەیەی کوردستان نەهادینە بووە. ئەوە یەکێک لە دەسکەوتەکانی

جووڵانەوەی ئێمەیە کە ئەو نێوەی کە لە کۆماری کوردستان، بە ئیفتخاراتی پێشەوا قازی محەممەدو دەمودەزگای حیزبی دێموکرات دامەزرا، ئێمە ئارەزوومان دەکرد ئەو نێوە کە بیرۆکەیەکی مێژووییە، مانادارە، کەسایەتیی تایبەتی خەباتکارێکی کوردی پێ پێناسە کراوە، لە باکووری کوردستانو لە ڕۆژئاوای کوردستانیش جێ کەوتبایە. ئێستاش هیوادارین کورد لەو دوو پارچەیە درەنگ نەبووە بۆ جێخستنی هەرچی باشتری کەسایەتی ڕابردووی خەباتو تێکۆشانی خۆمان، نێوی پێشمەرگە کە تایبەتی بە کوردە، تایبەتی بە خەباتکاری کوردە، بۆتە بەشێک لە هوییەت و کەسایەتی ئێمە، دیسان لەوێش هەر جێ بکەوێ.

ڕەنگە لە یەکەمین هەڵسەنگاندا ئێمە کە پێشمەرگە، بە ژنو بە پیاو لەو لیباسە خاکییەدا بینیومانە، چەک لە شان لە خەباتو تێکۆشانی نیزامیدا، لە دژی دوژمنانی نەتەوەی کورد خەباتی کردووە، پێناسە بکەین. لە مێژوودا زۆر نەتەوە هەبوون، لە پێناسەی زاهیری بۆ تێکۆشەرانی خۆیان لیباسی تایبەتییان بووەو ئەو لیباسەش بە خۆشییەوە ئەو پێناسەیە دەکا. بەڵام بۆ ئێمە گرنگتر ئەوەیە ئەوەی ئەو لیباسەی دەبەر کردووە، ئەوەی ئەو نێوەی هەیە بە نێوی پێشمەرگە، خاوەنی چیە؟ پێشمەرگەی کوردستان یان پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات، کە وارسی بنەماکانی کۆماری کوردستان و دەیان ساڵ خەبات و تێکۆشانە، پێشمەرگەی بیروباوەڕێکە. پێشمەرگەی خەبات و تێکۆشان لە پێناو جێخستنی مافەکانی نەتەوایەتی خۆمان دایە، پێشمەرگەی خەباتو تێکۆشان لە پێناو سابیت کردنی کەسایەتی کورد دایە، پێشمەرگەی خەبات و تێکۆشان لە پێناو ئەوە دایە بە دەسەڵاتداران لەنێوخۆی ئێران بە کۆماری ئیسلامی بڵێ تا کورد بە مافەکانی نەگەیشتووە، خەبات بەردەوامەو ئیدامەی هەیەو کوردستان پێشمەرگە لێنابڕێ. پێشمەرگەی ڕێبازێکە کە نایهەوێ میللەتەکەی لە ئێران لەلایەن دەمودەزگای کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە تەحقیر بکرێ. پێشمەرگەی ڕێبازێکە کە لە سەردەمێکدا ئەو خەباتی کردووە بۆ سەقامگیرکردنی دێموکراسیو مافەکانی خۆی و بە حەق بیروباوەڕی ئەو لە دونیادا ڕۆژبەڕۆژ لە گەشە دایە و ژمارەی دیکتاتۆر و ئیستبدادەکانی کەم دەبنەوە و ژمارەی دێموکراتەکان و حکوومەتەکانی وەلامەدەر زیاد دەبن، حەقیەتی بڵێ گەشبینم، خۆشبینم، بەرامبەر بە داهاتووی خۆم و خەباتەکەی خۆم. بۆیە جێگای خۆیەتی لەو ڕۆژەدا کە ئێمە یادی ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان دەکەینەوە، ڕۆژێک کە ٢٩ ساڵ پێش ئەمڕۆ، بە ئیحترامی شێست و هەشت ساڵ پێش ئێستا، حیزبی دێموکرات ئەو ڕۆژەی بە نێوی ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان ناساند.

هاوڕێیانی خۆشەویست! لە کاتێکدا ئێمە یادی ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان دەکەینەوە کە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە گشتی، لە ئاڵوگۆڕ دایە. بە خۆشییەوە ڕۆژ بە ڕۆژ دەسەڵاتی ئیسبدادو دیکتاتۆرەکان کەمتر دەبێتەوەو ئێمە دڵنیاین و هیوادارین لە ئێرانیش ئەو ئاڵوگۆڕە بە مروری زەمان بەرەو ئەوە بچێ کە دەسەڵاتی خەڵک بتوانێ کۆماری ئیسلامی بێنێتە سەر ئەو قەناعەتە کە ناتوانێ وەڵامی ویستو داخوازییەکانیان نەداتەوە یان لە ئیدامەی خۆیدا دەمودەزگای کۆماری ئیسلامی

هەڵپێچێ‌و ئەو ڕێژیمە لەناو بەرێ.

ئێمە لە کاتێکدا یادی ئەو ڕۆژە دەکەینەوە کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، حکومەتی کۆماری ئیسلامی بە شێوازی جۆراوجۆر تێدەکۆشێ جیاواز لە مەیدانی خەباتی ڕۆژانە لە دژی ئەو میللەتە دیسان تێبکۆشێ بە لەحازی ڕەوانی وەزعییەتێک دروست بکا بە هەموو جۆرێک بەرگری لە وەحدەتی نەتەوەیی ئێمە بکا، بەرگری لەوە بکات کە ئێمە وەک نەتەوەیەک لە کوردستانی ئێران ویستو داخوازییەکانی خۆمان کاریان لەسەر بکەن و بیانهێنینە گۆڕێ.

کۆماری ئیسلامی لەگەڵ چەند کێشە بەرەوڕوویەو پێمان وایە لە هەمووی ئەوانە گرنگتر کێشەی کۆمەڵانی خەڵکە لەگەڵ خۆی. تا ئەو جێیەی پێوەندی بە کێشەی ئەتۆمییەوە هەیە، لەو باوەڕەداین هەرچەند ئەو کێشەیە ڕاستەوخۆ پێوەندییەکی زۆری بە کۆمەڵانی خەڵکەوە نیە، ئەو کێشەیە لە دەستووری کاری خەباتی ڕۆژانەی خەڵک لە دژی کۆماری ئیسلامی زۆر جێنەکەوتووە. زۆرتر کێشەیەکە کۆماری ئیسلامی لەگەڵ دنیای دەرەوە بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆی سازی کردووە و دەیهێنێ و دەیبا و پاشەکشەی پێدەکا و بە مروری زەمان وەک کارتی گەمە بازی پێدەکا، بەڵام دیسانەکە فشارێکە لەسەر کۆماری ئیسلامی. هەر لەو پەیوەندییەدا فشاری تەحریمەکان لە سەر ئێران بۆتە هۆی ئەوە کە کۆماری ئیسلامی مەجبوور بە پاشەکشێیەک بێ. بەو شناختەی کە ئێمە لەو ڕێژیمە هەمانە، بەو دەلیلە کە لەگەڵ خەڵکەکەی خۆی ڕاست ناکا، بەو دەلیلە کە بە شێوازی جۆراوجۆر تێدەکۆشێ وەڵامی ویستو داخوازییەکانی خەڵک نەداتەوە، بە هەمان شێوەش لەوە دەگەڕێ لەو فورسەتانە کەڵک وەرگرێ لەگەڵ دنیای دەرەوەش هەر ئاوا تەعامول بکا. ئێمە لە حیزبی دێموکرات پێمان خۆشە ئەو کێشەیە چارەسەر بێ نەک لەبەر ئەوەی کە ئەسپابی نەجاتی جمهوری ئیسلامی دەبێ، بەڵکوو لەبەر ئەوەی کە مەوزوعاتی ڕۆژانەی خەڵک لە دێموکراسی، مافی مرۆڤ، ژیان، بێکاری، گیروگرفتی ڕۆژانەی خەڵک، ئەو نەهامەتییە سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووری کە خەڵکی ئێران هەیانە، ئەوانە زۆرتر بێنە پێشێ‌و لە دنیادا ببێ بە مەوزوع و کۆمەڵانی خەڵکی ئێران بەوە خۆ مەشغوڵ بکەن و کۆماری ئیسلامی چی دیکە دنیای دەرەوە و دەوروبەر و نێوەخۆی وەڵات بە کێشەی ئەتۆمی سەرگەرم و مەشغوڵ نەکا. بۆیە چارەسەربوونی ئەو کێشەیە بە هەر شێوەیەک بێ لە دەستووری کاری دنیای دەرەوە بێتەدەرێ‌و لە مەوزوعی میدیا و ڕەسانەهای گرووهی دنیای دەرەوە بێتەدەرێ، لەو ناحیەوە کۆمەک دەکا بە تەرحی مەسەلەکە. بۆیە ئێمە پێمان وایە چارەسەری ئەو کێشەیە بەینی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ دنیای دەرێ، دەنا چارەسەری کێشەی سەرەکی کە مەسەلەی مافە،

ئازادییە، دێموکراسییە، خەڵک ویست و داخوازییان هەیە ئەوە هەر لە جێگەی خۆی دەبێ.

تا ئەو جێیەی پێوەندیی بە هەڵبژاردنو حکومەتی زیاتر لە سەد ڕۆژی ڕوحانیەوە هەیە، ئێمە ناکەوینە نێو ئەو لێکدانەوەیە، ئایا رووحانی پیاوی چاکە یان خراپە، خاتەمی پیاوی چاکە یان خراپە، ئەو لە ئەحمەدی نژاد باشترە یان یەکی دیکە لەوی باشترە. مەعیار بۆ ئێمە ئەوەیە هەرکام لەوانە چەندە وەڵامدەرن بەرامبەر بە مافو داواکانی نەتەوەی کورد لە ئێران، ئێمە لەسەر ئەساسی ئەوە قەزاوەت دەکەین. پێمان وایە لە هەمووی ئەو فورسەتانەی دێتە گۆڕێ بە جۆرێک لە کۆمەڵگەی ئێران باسو کێشە و ڕاوێژ و لێکدانەوە و هەڵسەنگاندن و تەنانەت ڕەقابەت بەینی لایەنە جۆراوجۆرەکان دێتە پێشێ، ئێمەی کورد نابێ لێی بێتەفاوەت بین. بە گوێرەی بەرژەوەندییەکانی خۆمان دەبێ کەڵکی لێوەربگرین، حیزبی دێموکرات تەشویقی ئەو جۆرە سیاسەتەی کردووە.

ئێمە پێمان وایە خەباتی ئێمە بۆ جێخستنی مافەکانی خۆمان لەنێوخۆی وڵاتە. پێمان وایە لە هەموو ئەو ئاڵوگۆڕانەی لە تاران دێنە گۆڕێو لە ماوەی سی و چوار ساڵی ڕابردوودا، ڕەئیس جمهورو نخست وەزیرو کاربەدەستی جۆراوجۆر تاقی کراونەتەوە، هیچ شتێک لە هەوڵ و تێکۆشانو ئیدامەی خەباتی ئێمە بۆ جێخستنی مافەکانمان کەم ناکاتەوە. بۆیە ئەو سێناریۆیە ئەرک دەخاتە سەر ئێمە وەک حیزبی دێمەکرات، ئەرک دەخاتە سەر ئەندامان و پێشمەرگەکانی ئێمە لە هەمووی گرنگتر ئەرک دەخاتە سەر تاک تاکی ئەندامانی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە ئوستانەکانی کوردستان لە ئیلام و کرماشان و سنە و ورمێ، چۆن تەعامول لەگەڵ ئەو وەزعە بکەن. ئێمە پێمان وایە باشترین حاڵەت بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئەوەیە لەنێوخۆی خۆماندا پێناسەیەکی باشترو دەقیقترو ئەوڕۆیی لە کێشەکانی خۆمان بکەین. ئێمە پێمان وایە یەکێک لەو عامیلانەی کە کۆماری ئیسلامی توانیویەتی لە دژی ئێمە، پرۆژەی نیزامی، ئەمنییەتی خۆیو پرۆژەی تەحقیرکردنی ئێمە بەرێتە پێشێ. وە بە شێوازی جۆراوجۆر قەول بدەن و وەعدە بدەن و ئیمتیازات دروست بکەن، بەڵام وەڵامیان نەدەنەوە، ئەوەیە کە ئێمە لە نێوخۆی وڵات، نەمانتوانیوە بە یەکڕیزی، بە بەرنامە، بە یەکگرتوویی، بە هەڵسەنگاندنێکی زۆر و ئەوڕۆیی زۆرترینی کۆمەڵانی خەڵک بێنینە ئەو مەیدانە و کۆماری ئیسلامی ڕوبەڕووی ئەو خەڵکە بێتەوە. ئێمە دەبێ بەرەو ئەوە بڕۆین ئەو پێناسەیەی کە کۆماری ئیسلامی لە کێشەی کوردی دەکا، کێشەی کورد بە کێشەی حیزبی دێموکرات و چەند حیزبی دیکە پێناسە دەکا، لە بەین بەرین. نفووزی جەماوەریی حیزبی دێموکرات، مێژووی خەباتو قوربانی حیزبی دێموکرات، ئیفتخاراتی حیزبی دێموکرات هەمووی سەرمایەن بۆ ئەو میللەتە، بەڵام کێشەی کۆماری ئیسلامی کێشەیەکە لەگەڵ ئەو میللەتە، بە هەموو ئایین و ئایینزاکانو بە هەموو زاراوەکان کە هەیەتی. ئەوە بە چی دەکرێ، بەوە دەکرێ کە لەنێوخۆی وڵات هەر تاکێکی کورد بۆ خۆی ئەرک و وەزیفە بۆ خۆی دابنێ.

پێم خۆشە لێرەدا لەگەڵ نەسلی تازە کە تەمەنی لە دەوری بیست ساڵ کەمتر و زۆرترە، ڕەنگە لە نزیکەوە لەگەڵ پێشمەرگەی دێموکرات و پێشمەرگەکانی دیکەی کوردستان لە شارو گوندەکان کوردستان، کەمتر ئاشنا بن و ڕۆژانە لە

فەعالییەتی ڕۆژانەدا نەیانبینیبێ، قسە بکەم. قسەی من ڕوو بەو نەسلە ئەوەیە ئێوە نەسلێکن ڕەنگە خەباتو تێکۆشانو فەعالییەتی ئێمە لە ڕێبەران پێشەوا قازی محەممەدو دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندیو هەزاران پێشمەرگەی فیداکاری ئەو حیزبە بۆ ئێوە بەشێک لە بێ مێژوو، بەڵام مێژوویەکی دەوڵەمەند، مێژوویەکی پڕ ئیفتیخار. میللەتێک بە مێژووی خۆی ئیفتخار نەکا، بە کەسایەتییەکانی خۆی ئیفتیخار نەکا، بە ڕابردووی خۆی ئیفتخار نەکا، ناتوانێ لە موقابیل بەرامبەرەکەیدا بە ئیستقامەت و بە ئیقتدارەوە عەمەل بکا.

بۆیە ئەو نەسلە وەزیفەیەتی ئاورێک لە ڕابردوو بداتەوە، وەزیفەیەتی لە خۆی بپرسێ بۆ هەزاران پێشمەرگە لەو ڕێبازەدا شەهید بوون؟ بۆ دەیان کادری ڕێبەریی ئەو حیزبە لەو ڕێبازەدا شەهید بوون؟ ئەو نەسلەی کە شەهید بوو، خوێندەواری تێدابوو، کارگەری تێدابوو، ژنی تێدابوو، دەوڵەمەندی تێدابوو، فەقیری تێدابوو، خەڵکی پێگەیشتووی تێدا بوو. ئەو نەسلەی کە شەهید بوو، ئەو پێشمەرگانەی کە شەهید بوون، لەپێناو ڕزگارکردنی ئەو نەتەوەیە و جێخستنی مافەکانیاندا شەهید بوون. با ئێمە بەرەو ئەوە بڕۆین ئەرک بۆ خۆمان دابنێین لەنێوخۆی وڵات.

ڕەنگە لە سەردەمێکدا کە من باسی وەحدەت و یەکگرتوویی لەنێوخۆی وڵات دەکەم، ئەو گلەییە لە ئێمە و لە حیزبی دێموکرات بکرێ و ڕووبەڕوومان بێتەوە کە لەجێگەی خۆی دایە، باشە ئێمە چمان کردووە بۆ ئەوەی وەحدەتو یەکڕیزی لەنێو ڕیزەکانی کورددا لەگۆڕێ دابێ. زۆر بە ڕاشکاوی بە سەراحەتەوە ئێمە لە کۆمیتە مەرکەزی حیزبی دێموکراتو دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکرات لە تەواوی ئەو ماوەدا هەوڵو تێکۆشانمان ئەوە بووە کە کۆمەک بکەین یەکڕیزیو یەکگرتوویی لەنێو ئەحزابی کوردستانی ئێراندا بە هێز بێو پێمان وایە تا ڕۆژێک ئەوە نەبێ، ئەوە نەیەتە گۆڕێو عەمەلی نەبێ، ڕەنگە بەشێکی زۆر لە پرۆژە نەتەوەییەکانی خۆمان وا بە ڕاحەتی نەتوانین جێبەجێ بکەین. بۆیە ئەگەر ئێمە لێرە بە هەر دەلیلێک لەو مەیدانەدا زۆر نەچووینەتە پێشێ، ئێوە لەنێوخۆی وڵات لەگەل شتی ڕۆژانەی عەمەلی سەروکارتان هەیە، وەحدەتو یەکگرتوویی ئێوە زۆر کۆمەک دەکا. وجوودی ئایین و ئایینزای جۆراوجۆر، زاراوەی جۆراوجۆر، تنوعاتی جوغرافیایی بۆ نەتەوەیەک، لە هەمان کاتدا کە سەرچاوەی دەوڵەمەندی ئەو نەتەوەیە، نابێ ببێ بە مانیعی یەکگرتوویی. لە سەردەمی پاشایەتیدا لە هەمان کاتدا کە هەوڵیان دەدا ڕادیۆو تەلەویزیۆنو ڕەسانەهای گرووهی بە زمانێکی واحیدی فارسی لە ئێران جێ بخەنو هەموو کەس بەو زمانە پەروەردە بکەنو لەهجە جۆراوجۆرەکانی فارسی لەپێناو زمانە یەکگرتووە فارسییەکە لەبەین بەرن. تەوسیەی حکومەتی پاشایەتی ئەوە کە لە مەناتقی ئوستانەکانی کوردستان بە زاراوەی جۆراوجۆر ڕادیۆ بۆ کوردەکان دابنرێ. بە زاراوەی کرمانجی بگرە هەتا موکریانیو کەلهوڕو جاف و هەتا مەنتقەی کرماشان. ڕەنگە بە دوای خۆیدا زاراوەی هەورامیشیان هێنابا گۆڕێ. پرۆژەیەک بوو بە تەشویقو تەقوییەتی زاراوەی جۆراوجۆر لە کوردستانی ئێران لەسەر دەستورولعەمەلێک لەلایەن کاربەردەستانی ڕێژیمی پاشایەتی بۆئەوە بوو کە نەهێڵن

زمانێکی یەکگرتووی کوردی لەنێو تنوعاتی کوردی کە بەردی بناغەی دروستکردنی میللەتێکە، شکڵ بگرێ. لە حاڵێکدا بۆ خۆیان لە ئێراندا ئەوەیان دەکردو بە رادیۆو تەلەویزیۆنەکەیان زمانێکی واحیدی فارسییان دروست کرد. فارسەکان بە لەهجەی جۆراوجۆر کە لەوسەر ئەوسەری ئێران لێک حاڵی نەدەبوون، بەو زمانە بۆ خۆیان میللەتێکیان دروست کرد. بۆیە جێگای خۆیەتی ئێمە لانیکەم ئەوەی کاتی خۆی لە دژی ئێمە بەکار هێنراوە، بۆ ئەوەی خۆیانی پێبکەن بە میللەت، ئێستاش نەچووە، ئێمە دەتوانین بەسەر ئەو تنوعاتەدا زاڵ بینو ئەو تنوعاتە بکەین بە سەرمایەیەک بۆ ئەوەیکە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەک میللەتێکی واحید تەعامول بکەین لەگەڵ کۆماری ئیسلامی. با ئێمە مەجال نەدەین کۆماری ئیسلامی کێشەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە کێشەی ئوستانی ئیلام، ئوستانی کرماشان، ئوستانی سنە و ئوستانی ورمێ پێناسە بکا. با مەجالی پێنەدەین خوێندنەوەی کۆماری ئیسلامی لە چارەسەری کێشەی ئەقەلییەتەکان بەو جۆرەی کە بۆخۆیان دەڵێن بکەوێتە نێو خانەی بودجە بۆ ئەو ئوستانە و ئەو ئوستانە و شەش نوێنەری ئەم ئوستان یان لەگەڵ دە نوێنەری ئەو ئوستان بە شێوەی جیاوازو ئوستانی بچن کێشە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بکەن کە بە بەرنامە دەیهەوێ کێشەی نەتەوایەتی ئێمە دابەش بکا بەسەر کێشەی ئوستانەکان. هەوڵدان بۆ ئەوەیکە ئەندامانی مەجلیس، نوێنەرانی ئوستانەکان هەموو تێکۆشانێکیان ئەوە بێ بودجەی زۆرتر بێتە ئەو ئوستانانە، ئەو ئوستانانە بێ موشکیلەبن. ئەرکێکی ڕەوایەو وەزیفەی نوێنەرایەتیی خۆیان بەجێ دەگەیێنن. بەڵام ئەرکی گرنگتر ئەوەیە هەمووی ئەوانەو هەموو فەعالینی سیاسی و تێکۆشەرانی خەباتی مەدەنیو چالاکوانانی سیاسی لە بیری ئەوەدا بن کە بەسەر ئەو تنوعاتەدا زاڵ بن، بە کۆڕ و کۆبوونەوە و دانیشتن لەگەڵ یەکتر، بە کۆماری ئیسلامی لە تاران بڵێن لەگەڵ کێشەی یەک نەتەوە ڕووبەڕوویە نەک لەگەڵ کێشەی تنوعات. بە کۆماری ئیسلامی و ئەو کەسانەی نایانەوێ کورد لە ئێران وەک نەتەوەیەک عەمەل بکا، بڵێن کێشەی کوردستان بە ئوستانی کوردستان بەو جۆرەی کە ئەوان نێوی دێنن، پێناسە ناکرێ. هەمووی ئەوانە عەمەلییەو دەکرێ بە شەرتێک لە نێوخۆی وڵات یەکگرتوویی هەبێ. کۆماری ئیسلامی ستراتیژییەکەی ئەوەیە لە نێوخۆی وڵات وەحدەت و یەکڕیزی ئێوە بشێوێنێ، بە شێوازی جۆراوجۆر خەڵک لە گیانی یەکتر بەردا، تەفوییەت و تەشویقی ئەوە بکا لەسەر یەکتر شت بگوترێ.

بۆ جارێکی دیکەش ئێمە لە حیزبی دێموکرات بە دەرکی ئەو واقعییەتەو تەجروبەی سیو چوار ساڵە لە کۆماری ئیسلامی داوامان لە ئێوە فەعالینی سیاسیو خەباتکارەکانی مەیدانە جۆراوجۆرەکانی مەدەنی ئەوەیە تێبکۆشن بە بەرنامەوە لە دەوری یەک کۆبنەوە لە چوارچێوەی ئەو سیستەمەدا وەلەو کەمیش بێ، شتەکانی خۆتان بێننە گۆڕێ، کاری سازمانی بکەن، خۆتان ڕێک بخەن و پەیامێک بدەن بە کۆماری ئیسلامی لە هەر حاڵدا ئێمە وەک نەتەوەیەک کێشەمان لەگەڵی هەیە.


**هاوڕێیانی پێشمەرگە، ئەندامان و دۆستانی حیزبی دێموکرات! هەر تاکێکی تێکۆشەری کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان!**

پێم خۆشە هەر کوردێک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ئوستانی ئیلام، لە ئوستانی کرماشان، لە ئوستانی سنە، لە ئوستانی ورمێ، لە تاران لە دەرەوەی شارەکانی کوردستان ئەو پرسیارە لە خۆی بکا بڵێ: پێشەوا قازی محەممەد کەسێک جێکەوتوو، قابیلی ئیحترام لەنێو کۆمەڵانی خەڵک، دەوڵەمەند، خوێندەوار، تێگەیشتوو، هیچی کەم نەبوو بەڵام لە پێناو میللەتەکەی‌دا ئیعدامی قبووڵ کرد. دوکتۆر قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندەی‌و دەیان کادرو هەزاران پێشمەرگە لەو بوارەدا هیچیان کەم نەبوو. ژیان و خوێندن و مڵکو کارو دەوڵەمەندی بەجێیان هێشت تەنانەت لە ماڵو منداڵو ئازیزانی خۆیان مایە داناو خۆیان فیدا کرد. پێم خۆشە ئێوە لە خۆتان پرسیار بکەن تاکی کورد لەنێو خۆی وڵات لەگەڵ خۆتان قسە بکەن ئێوە بۆ میللەکەتان چ دەکەن. هەر کوردێک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە سەردەمێکدا کە هەرێمی کوردستان لە باشووری کوردستان بەرەو ئەوە دەچێ مافەکانی خۆی پتر جێبخا، لە باکووری کوردستان وتوێژەو مەزاکرە بەرەو ئەوە دەچێ کێشەکە چارەسەر بکا، لە ڕۆژئاوای کوردستان هەر بەرەو ئەوە دەچێ کە ڕێگا حەللێک جێ بکەوێ. ئێمە تاکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە کوردستانی ئێران لە خۆمان بپرسین ئاوا یەک دەقە لەگەڵ خۆمان دابنیشین بڵێین ئێمە بۆ میللەتەکەی خۆمان چمان کردووە؟ ئەگەر تاک تاکی ئێمە کە دادەنیشین ئەو پرسیارە لە خۆمان دەکەین ئەوە بخەینە نێو خەڵک، تەعەهوداتی میللی‌و نەتەوایەتی بە قووەت بکەین، دڵنیام میلیۆنان دەنگ خڕ دەبێتەوە وە دڵنیام کۆماری ئیسلامی ناتوانێ چیدیکە کێشەی کورد نادیدە بگرێ، بە کێشەیەکی ئەمنییەتی پێناسە بکا، لە پەراوێزی بخاو بەو میلیۆنها دەنگانە لە دەرەوەی کوردستانیش کۆمەڵگەی ئێران لە عەزمەتو گەورەیی‌و ویست و داخوازییەکانی ئێمە تێدەگاو ناتوانێ ئەئاوا نادیدەی بگرێ. داوایەکی زۆر نیە، داوای من ئەوە نیە بڵێم ئێوە هەستن وەرن لێرە ببن بە پێشمەرگەو لیباسی پێشمەرگایەتی دەبەر بکەن، ئەگەر ڕۆژێک ئەوە بێتە گۆڕێو بەدوای ئەوەدا بڕۆین، دەبێ هەموومان بیکەین‌و ئێوەش بیکەن. داوایەکی زۆر کەمە، بەڵام ئەو داوا کەمە کە هەر تاکێکی کورد لە نێوخۆی وڵات لەخۆی بپرسێ من چم بۆ میللەتەکەم کردووە، ئەوانە کە کردوویانە، دڵنیام ئەو دەنگانە زۆر بە قووەت دەین و ئێمە پێکەوە دەتوانن ئاستی قەزیەی خۆمان بەرینە سەتحێکی سەرەوە.

لە کۆتاییدا ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان بۆ جارێکی دیکەش لەهەموو ئێوە پیرۆزبایی دەکەم، وە دڵنیام و گەشبینم بە کاری هەموو لایەکمان بە وەحدەتو یەکڕیزی خۆمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ئێران ئێمە بە مافەکانی خۆمان دەگەین، بەڵام کاری دەوێ، حەوسەلەی دەوێ، زەمانی دەوێ. هەتا ئێمە هەبین و هەتا نەتەوەی کورد هەبێ، هەتا پێشمەرگە هەبێ خەباتو تێکۆشانی ئێمە بەردەوامە بۆ جێخستنی مافەکانی نەتەوایەتی خۆمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان‌و کۆماری ئیسلامی درەنگ یان زوو ناتوانێ ئەوە نادیدە بگرێ. هەموو لایەکمان سەرکەوتوو بین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی : ٢٢ی دێسامبری ٢٠١٣

## پێشمەرگە، ئەو چەمکەی پێویستە سەرلەنوێ پێناسە بکرێتەوە!



**قادر وریا**

چەمکەکانی نێو ئەدەبیاتی شۆڕشگێڕانە و خەباتگێڕانەی نەتەوەکەشمان وەک زۆر چەمکی سیاسی و کۆمەلایەتی، بە تێپەڕینی زەمان و ڕوودانی گۆڕانی جۆراوجۆر، ئالوگۆڕیان بە سەر دا دێت. بە تێپەڕینی زەمان، بیرکردنەوە و ڕوانینی مرۆڤەکان لە بواری جۆراوجۆر دا دەگۆڕێ. هەر بۆیە پێویستە زۆر چەمک، لە گەڵ گۆڕانی سەردەمەکان و نوێبوونەوەی بیرکردنەوەکان، سەرلەنوێ پێناسە بکرێنەوە. "پێشمەرگە"، یەک لەو چەمکانەیە.

بۆ ماوەی زیاتر لە نیو سەدە، پێشمەرگە، ناوێک بوو بۆ ئەو مرۆڤە خەباتکارە چەک لە شانانەی لە بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستان دا، شەڕکەری شۆڕش بوون. دیارە ئەو پێناسە فرەوانتریش ببۆوە و بە شێوەیەکی گشتی هەر کەس لە نێو بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان دا، چەکی پێ بوایە، با کارەکەشی شەڕکردن و چوون بۆ بەرەکانی شەڕ نەبایە، مادام بە شێوەیەکی تەواو وەخت لە خزمەتی دابینکردن و ڕاپەراندنی پێویستییەکان و کاروبارەکانی خەباتێکی چەکدارانە و بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانە دا بوایە، وەک پێشمەرگە ناوی دەبرا. بەم جۆرە، پێشمەرگە، واتایەکی تایبەتی و واتایەکی گشتیی هەبوو. بەڵام ئەو واتا گشتییە هەرگیز ئەوەندە فرەوان نەبۆوە کە ئەو کەسانە بگرێتەوە کە چەکیان پێ نییە و لەدەرەوەی حیزب و ڕێکخراوەکانی بەشداری بزووتنەوە، بۆ ئازادی و مافەکانی نەتەوەکەیان و خەڵکی کوردستان، بە شیوەی دڵخوازی خۆیان خەبات دەکەن و ژیان و گیانی خۆیان لەم پیوەندییە دا دەخەنە مەترسییەوە. تەنیا جاروبار و بە تەعاروف، ڕێبەران و راگەیەنەکانی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی بزووتنەوەی کوردستان، هێندێ کەسیان لە دەرەوەی ئەو پیناسانەی سەرەوە، وەک پێشمەرگە ناو دەبرد.بەڵام کاتی ئەوە هاتوە بۆ پێناسەیەکی بەرینتر لە پێناسەی

تەشکیلاتی و ڕێکخراوەیی و وەزیفی بۆ پێشمەرگە، بگەڕێین. پێناسەیەک کە لە گەڵ یەکەم واتا و واتای یەکەمینی پێشمەرگە بێتەوە. وەک دەزانین پێشمەرگە بە واتای مرۆڤی خۆبەختکەرە، بە تایبەتی خۆبەختکردنێک کە لە ڕێگای گەل و نەتەوە و نیشتمان بێت. ئەگەر ئەم واتایەمان قبووڵ بێت، ئەو کات بە لامانەوە گرنگ نابێ کە مرۆڤە خۆبەختکەرەکە لە چیا دەژی یا لە نێو شار؟ قەڵەمی پێیە یا چەک؟ تێکۆشەری سەر بە حیزب و ڕێکخراوێکی سیاسیی نیشتمانپەروەرە، یا چالاکێکی مەدەنیی داکۆکیکاری مافی مرۆڤ و پاریزەری ژینگە؟ کەسێک کە سەبارەت بە داواکردنی ماف و ئازادییەکانی هاونیشتمانانی بە شێوەیەکی ئاشتیخوازانە، لە وڵاتەکەی خۆی ڕاونراوە یا کەوتۆتە بەندیخانە، چ جیاوازییەکی هەیە لە گەڵ کەسێک کە سەبارەت بە هاوکاری لە گەڵ ئەم یا ئەو حیزب و ڕێکخراوی سیاسیی خەباتکار، تووشی بەندیخانە و دەربەدەری بووە؟ ئەگەر پێوەرەکانی خۆبەختکردن،

مایەدانانی ئاگایانە لە ماڵ و ژیان و گیان لە پێناوی خەلک ونیشتمان و بەرژەوەندی گشتی دا بێ، ئایا جۆری ئەو ئامرازانەی خەباتیان پێ دەکەین، ئەو شێوە خەباتانەی بە کاریان دێنین، جۆگرافیایەک کە دەیکەین بە شوێنی تێکۆشانمان، جیاوازی و جۆراوجۆریی ئەو بوارانەی دڵسۆزیی خۆمان بۆ نەتەوەکەمان و نیشتمانەکەمانی تێدا دەسەلمێنین،چ شتێک لە ئەسلی مەسەلەکە دەگۆڕن؟ یا یەکمان لە نێو زەبر و زەنگی دەسەڵاتی دوژمنی بە خاک و زمان و کولتوور و مێژوومان، خەریکی پاراستنی ئەم توخمانەی پیناسەی نەتەوەییمان بێت، یەکێکیش لە چیا و بن بەردان بەرەنگاری هێرشی سوپایی داگیرکەران بۆ سەر نیشتمانەکەمان بێتەوە و ئەویتر لە کۆڕ و کۆمەڵ و ناوەندە دیپلۆماسی و مرۆڤدۆستەکانی جیهان، هاواری زۆرلێکراویی نەتەوەکەمان بەرز بکاتەوە. کەسانێکیش بە نیازی وڵامدانەوە بە پێویستییەکانی داهاتوو و شارەزایی بەدەستهێنان بۆ دانانی بناغەکانی کوردستانی ڕزگاربووی سبەینێ، فیری زانست و خۆپێگەیاندن بن. ئایا لەم ڕوانینەوە، هەموویان شیاو و موستەحەقی ناوی خۆشەویست و پڕشانازیی پێشمەرگە نین؟

لە ژمارە ٦٢٢ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی : ٢٢ی دێسەمبەری ٢٠١٣

--------------------------------------------

# ژنانی پێشمەرگەو خەباتی نەتەوەیی و یەکسانیخوازانە



**کوێستان فتووحی**

**ئاماژە:**

پارێزگای وێست ئاگدەری نۆروێژ بە هاوکاریی سەنتەرو رێکخراوی کۆمەڵایەتیی ئەم پارێزگایە، بە بۆنەی ١٠٠ ساڵەی دابین بوونی مافی دەنگدان بۆ ژنانی نۆروێژ، زنجیرەیەک کۆنفرانسو چالاکیی کەلتووریی لە سەرەتای سێپتامبری ئەمساڵدا بەڕێوە برد.

کوێستان فتوحی، لە سەر پێشنیاری کۆمەڵێک لە ژنانی چالاکی کورد لە نۆروێژو ئورووپا بۆ بەشداری لەم کۆنفرانسەو چەندین بەرنامەو چالاکیی دیکەدا بانگهێشت کردبوو. بەڵام بەو هۆیەوە کە نەیتوانی ڕاستەوخۆ لەو کۆنفرانسەو بەرنامەکانی دیکەدا بەشدار بێ، لە رێگای وتارێکی ڤیدئۆیییەوە، باسێکی لە بارەی خەباتو تێکۆشانی ژنانی پێشمەرگەی کوردستان، پێشکەشی بەشدارنی ئەم کۆنفرانسە کرد. رێکخەرانی کۆنفرانسەکە، وێڕای بەداخبوون لە نەهاتنی ئەم میوانەیان لە کوردستانەوە، ئاماژە بە خەباتو تێکۆسانی چەندین ساڵەی ئەم ژنە پێشمەرگەیە لە مەیدانی خەباتی یەکسانیخوازانەدا، وێڕای بڵاوکردنەوەی کورتەیەک لە دەقی کوردیی وتارە ویدئۆییەکە بە دەنگی کوێستان فتوحی، وەرگێڕدراوی نۆروێژی وتارەکەی ناوبراویان بەهۆی خاتوو خونچە محەممەدی، پێشکەشی ئامادەبووان کرد.

**ئەمەی خوارەوە دەقی وتارەکەیە:**

**بەڕێزان سڵاو!**

لە کوردستانەوە لە گەڵتان دەدوێم و ژنێکی کوردم. کوردستان، وڵاتێکی پارچەپارچەکراوی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستەو کورد نەتەوەیەکی ٤٠ میلیۆنی‌یە کە وڵاتانی تورکیە، ئێران، عێراقو سووریە بە سەر خۆیاندا دابەشیان کردوە. دەتوانم بڵێم گەورەترین نەتەوەی بێدەوڵەتی ئەم ڕۆژگارەین. ئەم وڵاتدابەشکراوی‌و بندەستی‌یە نەتەوەیی‌یە، ستەمێکی دیکەشی خستۆتە سەر ئەو ستەمو هەڵاواردنانەی ژنان لە کۆمەڵگە پیاوسالارو دواکەوتووەکاندا لە گەڵی بەرەوڕوون، ئەویش ستەمی نەتەوەیی‌یە. دەمەوێ هەر لەم دەلاقەیەوە خۆتان پێبناسێنمو باس لە مەینەتی‌و بێبەشی‌یەکانو هەر لەو کاتەدا باس لە خەباتو تێکۆشانی ژنانی کوردستان بکەم.

ئەمن کوێستان فتووحیمو خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانم، ئەو پارچەیەی کوردستان، کە زۆر جار بە کوردستانی ئێران ناو دەبرێ. لە کوردستان حیزبو ڕێکخراوی سیاسیی جۆراوجۆر هەن. ژمارەیەک لەوان شانبەشانی خەبات بۆ بەدەستهێنانی مافە نەتەوەیی‌یەکان، گرنگی بە پرسە کۆمەڵایەتی‌یەکانو یەک لەوان پرسی ژنان دەدەن. حیزبی دیموکراتی کوردستان یەک لەو حیزبانەیە. ئەمنو خوشکێکم کە لە خۆم گەورەترە، لە سەرەتادا بە شێوەی نهێنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کاری خەباتگێڕانەمان دەکرد، بەڵام کاتێک هەستمان کرد لە ژێر چاوەدێری‌داینو مەترسیی گیرانمان لە لایەن دامودەزگای جاسووسی‌و سەرکوتی ڕێژیمی ئێرانەوە لە سەرە، چووینە ریزی پێشمەرگەکان. لە ساڵی ١٩٨٦ەوە کە تەمەنم ١٨ ساڵ بوو، هەتا ئێستا واتە ماوەی ٢٧ ساڵە، پێشمەرگایەتیم وەک ڕێگایەک بۆ خەباتو بەربەرەکانی لە گەڵ هەر دوو ستەمی نەتەوەیی‌و جینسی هەڵ بژاردوە.

حەز دەکەم واتای «پێشمەرگە» بۆ ئێوە باس بکەم. لە نێو نەتەوەی کورددا، ئەو کەسانەی ئامادەن ژیانو گیانی خۆیان فیدای ئازادی‌و بەختیاریی مرۆڤەکانی دیکە بکەن، پێیان دەگوترێ پێشمەرگە. ئەو ژنانەی لە بزووتنەوەی رزگاری‌خوازانەی کوردستاندا بوون بە پێشمەرگەو لە باری هاتنەنێوکاری سیاسی‌و خەباتگێڕانەو چالاکیی کۆمەڵایەتی‌و مرۆڤدۆستانەوە، پێشەنگن، بە مانای واقیعی پێشمەرگەن. چونکە مەسەلەکە بۆ ئەوان، هەر تەنیا، ڕووبەڕووبوون لە گەڵ مەترسیی شەڕو گیانلەدەستدان بە هۆی هێزە چەکدارەکانی ڕێژیمەکانی ئێران، عێراق، تورکیە و سووریە نیە، ڕووبەڕووبوون لە گەڵ بیرکردنەوەو ڕوانینی دواکەوتووانەی کۆمەڵگایەکی پیاوسالاریشە. ئەمنیش وەک ژنانی پێشمەرگەی دیکە، لە لایەکەوە دەبوا ئەرکی ڕۆتینی پێشمەرگانەی خۆم کە داکۆکی لە خەڵکی کوردستانو بەرگری لە خۆمو هاوڕێیانم لە کاتی هێرشی هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا بوو بەڕێوە ببەم، لە لایەکی دیکە لە ئەرکی پێشەنگانەی خۆم وەک ژنێکو وەک داواکارێکی یەکسانیی ژنو پیاو غافڵ نەبم.

ئەو کات کە بووم بە پێشمەرگە، شارەکان لە لایەن هێزە نیزامی‌یەکانی کۆماری ئیسلامی‌یەوە، کۆنترۆڵ دەکران. هەر بۆیە

هەڵسووڕانو چالاکیی هێزەکانی پێشمەرگە، بە زۆری لە دەرەوەی شارەکانو لە نێو خەڵکی گوندنشیندا بوو. ئێمە ژنانی پێشمەرگە لە نێو ژنانی لادێدا، زۆر ئەرک هەبوو کە دەبووا جێبەجێیان بکەین. بەو هۆیەوە کە کوردستان، لە لایەن ڕێژیمە زۆردارەکانەوە، بە ئەنقەست لە دواکەوتوویی ئابووریو کولتووریو کۆمەڵایەتیدا ڕاگیراوە، بە داخەوە ژنانو کچان بە تایبەتی لە گوندەکان هەتا ئێستاش لە هەلومەرجێکی زۆر خراپدا دەژین. هەر بۆیە ئێمە لە چەند بواردا دەبووا کار بکەین. لە باری لەشساغیو دەرمانییەوە، پێویست بوو بەو ئیمکاناتە کەمەی هەمانە، ڕێنوێنیو هاوکاریی ژنان بکەین. فێریان بکەین لە کاتی سووڕی مانگانەو لە کاتی دووگیانیدا، چۆن تەندروستیی خۆیان بپارێزن. بە داخەوە هەتا ئێستاش زۆر لە گوندەکانی کوردستان، بنکەو ناوەندی دەرمانیو لەشساغییان لە لایەن دەوڵەتەوە بۆ دابین نەکراوە. ژنان هەروا لە ئیمکاناتی وەک پێشگیری لە منداڵبوون بێبەشن. ٢٠ - ٣٠ ساڵ لەمەوبەر بارودۆخەکە زۆر خراپتریش بوو. ئێمە پێشتر لە بنکە دەرمانییەکانو نەخۆشخانەکانی شۆڕشدا، بۆ ئەم جۆرە هاوکاریو ڕێنوێنییانە، هێندێک ئامووزش درابووین. بەڵام ئەوەندە هاوکاریو ڕێنوێنییەی لە دەست ئێمە دەهات، زۆر کەم بوو و تەنیا ئەو گوندانەی دەگرتەوە کە هێزی پێشمەرگە هاتوچۆی دەکردن.

لە بواری کۆمەڵایەتیو کولتوورییشدا، پێویست بوو لە نێو ژنانو لە نێو بنەماڵەکاندا کار بکەین. ئەو کاتە زۆر دابو نەریتلە نیو خەڵکدا هەبوون کە بە زیانی ژنان بوون. دیارە ئێستاش، ئەگەرچی کەمتر بوون، بەداخەوە لە نێو کۆمەڵگای کوردستاندا هەر ماون. خەتەنەکردنی کچان، ئەویش بە شێوەیەکی زۆر بێبەزەییانەو بە ناتەندروستترین کەلوپەلو تیکنیکەکان، بەزۆر بەشوودان، هەڵاواردن بە دژی کچانو ژنان بە تایبەتی لە بواری خوێندندا، لەو دیاردانە بوون. ئێمە هاندەری دایکەکان بووین کە کچەکانیان خەتەنە نەکەنو لە مەترسییەکانی ئەو کردەوەیە ئاگادارمان دەکردنەوە. داوامان لە دایکو بابەکان دەکرد کە کچەکانیشیان بنێنە بەر خوێندن. لە بەشێک لە گوندەکاندا کە ئازاد بوونو هێزی پێشمەرگە دەیپاراستن، هیزە سیاسییەکانی کوردستان، قوتابخانەیان کردبۆوەو کتێبی خوێندنو مامۆستایان بۆ مندالانو تەنانەت گەورە ساڵان دابین کردبوو. ژمارەکی زۆر لە ژنانی پێشمەرگە، وەک مامۆستا لەو قوتابخانانەدا، دەرسیان دەگوتەوە. ئێمە ژنانی پێشمەرگە، هەروەها لەبارەی خراپییەکانی توندوتیژی بەرامبەر بە کچانو ژنان، لە گوندەکاندا کۆڕو کۆبوونەوەمان پێک دێنا. تەنانەت بەدواداچوونمان دەکردو ئەو کەسانەی تاوان یان کردەوەی زۆر توندوتیژ بەرامبەر بە هاوسەرو کچی خۆیان ئەنجام دەدا بە هێزی پێشمەرگەمان دەناساندن بۆ ئەوەی لە لایەن دامەزراوەکانی بزووتنەوەی کوردستانەوە، لێکۆڵینەوەیان لە گەڵ بکرێ. باسی ئاکامە خراپەکانی بە زۆربەشوودانی کچانمان بۆ خەڵک دەکرد. بەشێک لە کاتی خۆمان تەرخان کردبوو بۆ سکاڵای ئەو کچ و ژنانەی لە بنەماڵەدا لە گەڵ ستەمو بەدڕەفتاری بەرەورووو دەبوونو ڕێنوێنیمان دەکردن. لە ڕاستیدا ژنانو کچانی گوندەکان، کە هێزی پێشمەرگەو بە تایبەتی ژنانی پێشمەرگەیان دەدیت دەگەشانەوە. چونکە ئەوانیان بە پشتیوانی خۆیان دەزانی کە لە بەرامبەر ستەمو هەڵاواردندا داکۆکییان لێدەکەن.

لە پەنا ئەو کارانەشدا، پێویست بوو ژنان بە مافەکانی خۆیان ئاشنا بکەین‌و باس لە پێویستیی یەکسانیی ژن‌و پیاو لە خێزان‌و کۆمەڵگەیاندا بۆ بکەین. ئەگەر ئێمەی ژنانی پێشمەرگە لەو پرسە غافڵ بوایەین‌و گرنگیمان بە کێشەو گرفتەکانی ژنان لە کۆمەڵگەدا نەدابایە، هیچ جیاوازیەکمان لە گەڵ پیاوێکی پێشمەرگە نەدەبوو. لە راستیدا بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی‌و ڕزگاریخوازانە، ئەگەر پرسی ژنان‌و ماف و ئازادیەکانی ئەوان پشتگوێ بخاو تەنیا، لابردنی ستەم‌و زۆرداریی سیاسی لە سەر نەتەوەکەی خۆی، بکا بە ئامانج، تووشی کەموکوڕی‌و لاوازیەکی گەورە دەبێ. حیزبە سیاسیەکانی کوردستان، تا رادەیەک ئەم راستیە تێگەیشتوون‌و لە بەرنامەی خۆیاندا بایەخیان بە مەسەلەی ژنان داوە. بەڵام هەر گرنگیدان بە ژنان لە بەرنامەو پەسەندکراوەکاندا بۆ ئەوەی، ژنان ڕۆڵی چالاکانەیان لە خەباتی نەتەوەکەیاندا هەبێ بەس نیە. دەبێ کاری عەمەلی‌و رەوشەنگەرانە لە نێو کۆمەڵگە بەگشتی‌و بە تایبەتی لەنێو ژناندا بکرێ.

لە کوردستان ئەگەر لەو بارەیەوە، واتە کار لە نیو ژناندا، تا رادەیەک پیشکەوتن‌و بەرەوپێش‌چوون هەبووە، دەبێ سوپاسی دوو دەستە لە مرۆڤەکان بکەین. یەکەمیان پیاوانی سیاسیی دیموکرات‌و ڕووناکبیر لەنێو بزووتنەوەی کە بۆ خۆیان پێشەنگ بوون‌و بوون بە ئۆلگوو بۆ تێکۆشەرانی نەتەوەکەیان. پێشەوا قازی محەممەد، سەرکۆماری کوردستان لە دا ١٩٤٦ یەک لەو کەسایەتیانە بوو کە پێش هەموو کەس هاوسەرەکەی خۆی (مینا خانم)ی هاندا بێتە نێو چالاکیی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی. هەروەها، وەک سەرکۆمارێک پێشنیاری دامەزرانی رێکخراوی بۆ ژنانی کوردستان کرد. کەسایەتیەکی دیکە کە لەم بارەیەوە کاریگەریی زۆری لە سەر خەباتکارانی نەتەوەکەی هەبوو، د.عەبدولڕەحمانی قاسملوو بوو کە لە دەیەکانی ٧٠ و هەشتای زاییینیدا، بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستانی ڕیبەرایەتی دەکرد. د.قاسملوو، بایەخی زۆری بە پێویستیی بەشداریی ژنان لە تێکۆشانی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا دەدا.

دەستەی دووهەم لە مرۆڤەکان کە لەم بارەوەیە کاریگەریان هەبووە، ئەو ژنانە بوون کە لە ڕیزی پێشمەرگەو لە نێو ڕێکخراوەسیاسیەکانی کوردستاندا تێکۆشانیان هەیە. ئەوان لە نێو حیزب و ڕێکخراوە سیاسیەکاندا، هەمیشە وەک رەخنەگرو وەک هێزێکی گوشار، لە دژی کەمتەرخەمی بەرامبەر بە پرسی ژنان لە کۆمەڵگەو تەنانەت لە نێو حیزبەکانیاندا، دەنگی ڕەخنەو نارەزاەتیان بەرز کردوەتەوە. کاریگەریی ئەم دوو دەستەیە لە مرۆڤەکان‌و لە لایەکی دیکەوە، بەرزبوونەوەی وشیاریی ژنان لە نێو کۆمەڵگە و پێداگریان لە سەر مافەکانیان، بووە بە هۆی ئەوە ئێستا لە ڕێبەریی ژمارەیەک لە حیزبە سیاسیەکانی کوردستاندا، ڕێژەیەک لە ژنان دەبینرێن. ئەم ڕیژەیە ئەگەر چی زۆر کەمە، بەلاّم بە بەراورد لە گەڵ رابردوو، دەبێ وەک دەسکەوتێک سەیری بکرێ. ئەمن‌و کۆمەڵێک ژنی دیکە زیاتر لە پێنج ساڵە لە ڕێبەریی حیزبێکی سیاسیی گەورەی کوردستاندایین. جگە لەوەش بە هاوکاریو پشتیوانیی پیاوانی یەکسانیخواز، توانیومانە کۆمەڵێک پرەنسیپ بە قازانجی ژنان لە بەرنامەو تێکۆشانی حیزبەکەی خۆماندا جێگیر بکەین.

**بەڕێزانی بەشدار لەم کۆنفرانسەدا!**

دەمەوێ باسی بوارێکی دیکەی تێکۆشانی خۆمو ژنانی پێشمەرگەی وەک خۆمتان بۆ بکەم، بواری راگەیاندن. ئەو ژنانەی لە ڕیزەکانی پێشەوەی بزووتنەوەی نەتەوەییو ئازادیخوازانەی کوردستاندا، وەک پێشمەرگە بەشدارن، لە ڕاگەیاندنی حیزبو ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستاندا، نەخشیان هەیە. ئەوان هەوڵیان داوە ئەم بوارە هەر تەنیا بۆ گرنگیدان بە پرسی سیاسیو نەتەوەیی بە کار نەهێنرێو بۆ داکۆکیکردن لە مافو ئازادییەکانی ژنانو بردنەپێشی ئەو پرسە ڕەوایەش بە کار بهێنرێ. ئەمنو ژنانی هاوکارو هاوخەباتم توانیومانە بە وەڕێخستنی گۆڤارو بڵاوکراوەی تایبەت بە ژنان، بە پێکهێنانی بەرنامەی رادیۆییو تەلەڤیزیۆنی، بە دامەزراندنی وێبلۆگو ماڵپەڕی ژنان، ئیمکاناتی راگەیاندنی حیزبو ڕێکخراوە سیاسییەکانو بزووتنەوەی کوردستان، بۆ داکۆکی لە ژنان بە کار بێنین. ئەمن لەو بڕوایەدام، لە هەر کۆمەڵگەو ولاتێک کە خەباتێکی رەواو بزووتنەوەیەکی سیاسیو کۆمەڵایەتی لە گۆڕێدایەو ژنانیش تێیدا بەشدارن، ژنان دەبێ هەم لە ناوەندەکانی بڕیاردانو هەم لە راگەیاندنو تریبوونەکانی ئەو خەباتو بزووتنەوانەدا، پشکو ڕۆڵی دیاریان هەبێ بۆ ئەوەی لەو شوێنە گرنگانە، ژنان پشتگوێ نەخرێن. بە سەرنجدان بەو راستییەشە کە بۆ خۆم وێڕای بەشداریی چالاکانە لە کۆمەڵێک راگەیاندندا، ماوەی چەند ساڵە سەرنووسەریی، ڕۆژنامەی ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستانم گرتۆتە ئەستۆ، بۆ ئەوەی لەو سەنگەرەوە داکۆکی لە مافەکانی مرۆڤ بە گشتیو مافی ژنانی کوردستان بە تایبەتی بکەم.

دیارە لە کوردستان چەندین کۆمەڵەو ڕێکخراو و ناوەندی تایبەت بە ژنان هەن کە هێندێکیان سەربەخۆو هێندێکیان سەر بە حیزبو ڕێکخراوە سیاسییەکانن. دەبێ پێتان بڵێم کە چەند ساڵێکە ژنانی پێشەنگو پیاوانی یەکسانیخواز لە کوردستان، سەرەڕای جیاوازیی ڕێکخراوەییو بیرو بۆچوونی سیاسی، لە گەڵ یەکتر لە پێوەندیدان، کۆڕوکۆبوونەوەو کەمپەینو کۆنفرانسی تایبەت بە ژنان بەڕێوە دەبەن. بە هاودەنگی، رەخنەو نارەزایەتییەکانیان دژی ستەمو هەلاواردنو توندوتیژی دژی ژنان رادەگەیەنن. بە باوەڕی من، لە هەر کۆمەڵگایەکو تەنانەت لە ئاستی ناوچەییو جیهانیدا، ژنان سەرەڕای جیاوازیی نەتەوەو وڵاتو زمانو ئایینو رەنگی پێست،
پێویستە بۆ پرس و ئامانجە هاوبەشەکانیان، هاوخەبات و هاوکاری یەکتر بن. پێویستە ئەزموونەکانیان لە گەڵ یەکتر بگۆڕنەوە و کێشەی ژنانی کۆمەڵگە و وڵاتێکی دیکە و شکان و سەرکەوتنی ئەوان بە هی خۆیان بزانن.

**بەڕێزان!**

تا ئێرە باسی ئەو ژنانەم بۆ کردن کە لە چیاکانی کوردستانو لە ڕیزی حیزبو ڕێکخراوە سیاسییە خەباتکارەکانی

کوردستاندا وەک پێشمەرگە تێکۆشانیان هەیە. دەمەوێ ئەگەر بە کورتییش بووە، باسی ژنانێکی دیکەتان بۆ بکەم کە لە نیوخۆی کوردستان، لە ژێر دەسەڵاتی دیکتاتۆر و دژەژنی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا چالاکی دەکەن. ژنانێک کە خەباتی مەدەنی دەکەن بۆ ئەوەی دەنگی نارەزایەتی دژی قانوونەکانی کۆماری ئیسلامیی ئیران کە پڕن لە هەڵاواردن بەرامبەر ژنان، بەرز بکەنەوە. ئەوان لە ڕێگای خەباتی هێمنانەوە، داکۆکی لە مافەکانی مرۆڤ دەکەن، تیشک دەخەنە سەر هۆیەکانو چەندو چۆنی توندوتیژی دژی ژنان، پارێزگاری لە ژینگە دەکەن، یان یارمەتیی ئەو ژنانە دەدەن کە تووشی ماددە سڕکەرەکان بوون. ژنانێکیش هەن لە سەر دیاردەکانی وەک خۆکوشتنی ژنان، ڕاکردنی کچانو ژنان لە ماڵەوە، لەشفرۆشی، نەخۆشیی ئایدز، کار دەکەن. بە داخەوە ژمارەیەک لەو ژنانە، لە لایەن کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە لە سەر کارەکانیان وەلانراون، یان تووشی بەندیخانەو ئازارو ئەشکەنجە بوون. ئەمن پێمخۆشە ئەو جۆرە ژنانەش هەر وەک پێشمەرگە ناو بەرم. چونکە ئەوانیش ئامادە بوون، لە پێناوی ئازادی و بەختیاریی مرۆڤەکانی دیکەو لە پێناوی دادپەروەری، دیمۆکراسیو مافی مرۆڤدا قوربانی بدەن.

### ژنانی نورویژی و ژنانی میوان لە نەتەوەو وڵاتانی جۆراوجۆرەوە!

پیرۆزبایی ئەم کۆبوونەوە گەورەیەتان لێدەکەم کە بە بۆنەی ١٠٠ساڵەی بە دەستهێنانی مافی دەنگدان بۆ ژنانی نۆرویژ پێک هاتوە. سپاسی شارەوانیی پارێزگەی ئوستئاگدەرو سەنتەری یەکسانیخوازو ڕێکخراوی یوئێن دەکەم بۆ پێکهێنانی دەرفەتی کۆبوونەوەو پێکئاشنابوونی ژنانی چالاکو پێشەنگی نۆرویژو نەتەوەو وڵاتانی جیاواز. هەروەها سوپاس و پێزانینی زۆر بۆ هەموو ئەوانەی زەحمەتی زۆریان کێشا ئەمن لەو یادە خۆشو گرنگەدا بەشدار بم. هەرچەند بەداخەوە نەمتوانی لەنزیکەوە بەشداری بکەم.

هیوادارم وڵاتی نۆرویژ هەر وەک لە دابینکردنی مافەکانی ژناندا پێشەنگ بووە، لە بواری پشتیوانی لە خەباتی ژنان لە وڵاتانی دیکەشدا پێشەنگو بەردەوام بێ.

ئاواتم هاوپێوەندیی زیاتری ژنانی جیهانو بەرەوپێشچوونی خەباتی یەکسانیخوازانەی ئەوانە.

کوێستان فتووحی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە

لە ژمارە ٦١٥ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی سێپتەمبەری ٢٠١٣

## پێویستیی پێناسەکردنەوەی چەمکی پێشمەرگە و پێشمەرگایەتی



**وریا رەحمانی**

بە درێژایی تەمەن و لە قۆناغە جیاوازەکانی ژیانم دا هەمێشە دیدێکی ئۆستوورەیی و پیرۆزم بەرامبەر بە واتای پێشمەرگە و چەمکی پێشمەرگایەتی هەبووە. هەمیشە پێشمەرگە نمادی خۆراگری و بەرخۆدان و قارەمانەتیی بووە لە لام. تەنانەت زۆر جاران پێم وابوو کە هەموو کەس ناتوانێ و بۆی نیە پێشمەرگە بێ.

واتە ئەوە پێناسە و پێگەیەکی گشتیی لەم چەشنە نیە کە هەر کەسێک بۆی بلوێ لە تەقەللای دەستەبەر کردن و پێگەیشتنی دا بێ. بەڵکوو تەنیا کەسانێکی تایبەت بە کۆمەڵێک تایبەتمەندیی تایبەتەوە دەتوانن بەم ئاستە لە تێگەیشتن و خاوەنداریّتی و مەزنایەتی بگەن کە تەنانەت لە روویان بێ ئەم ناوە پیرۆز و ئەم دەورە ئەفسانەیی یە بە خۆیان بدەن یان لە سۆنگەیەکی دیکەوە کۆمەڵگا (عەقلانییەتی گشتی) پێیانی بدات.

کە منداڵ بووم یەکێک لە گەورەترین ئاواتەکانم ئەوە بوو تەنانەت بۆ جارێکیش بێ پێشمەرگە لە نزیکەوە ببینم و بیناسم. پێم وابوو پێشمەرگە شتێکی مێتافیزیکییە و لە خۆشبینانەترین حاڵەت دا تەنیا دەکرێ هەست پێ بکرێ کەچی پەیبردن بە قووڵایی زەرفییەتەکانی دەروونی کارێکی ناموکینە.هەمووی ئەوانە و بەدەیان روانگەی دیکە لەم چەشنانەش ئەو پارامێتر و داتایانە بوون کە لە کۆمەڵگای بەرینی کوردایەتییەوە وەرم گرتبوون.ئەوکاتە راگەیاندنێکی ئەوتۆ لە گۆڕێدا نەبوو، و هەموو زانیارییەکانمان زیاتر هەواڵی چالاکییەکانی پێشمەرگەکان لە رێی دەنگی رادیۆوە بوو کە زۆربەشی شانازیهێنەر و غروورخوڵقێنەرانە بوون. وردەوردە کە گەورەتر بووم بە هەڵکەوت چەند جارێک لە نزیکەوە پێشمەرگەم دیت

و پێوەندیم لەگەڵ گرتن. خودی ئەو ڕووداوانەش بە نۆرەی خۆیان ئەو بۆچوونە ئەستوورەیی یە و پیرۆزەمیان بەهێزتر کرد. پێشمەرگە؛ شۆڕشگێڕێکی چەکداری لەخۆبردوو کە حازرە لە پێناوی گەیشتن بە ئامانج و بەرژەوەندییە گشتییە نەتەوەییەکان دا لە گیانی خۆی مایە دانێ.

هەر بۆیەش دەور و واتایەکی پیرۆزتری لە هەر توێژ و ئاراستەیەکی دیکەی نێو کۆمەڵگا لە ئاستەکانی بەرینی نەتەوەیی و نیشتمانی دا بە خۆی بەخشیبوو.

بەرەبەرە لەگەڵ تەواو بوون یان کەمڕەنگ بوونەوەی بواری خەباتی چەکداری (بەهەر هۆیەکەوە)، و پێناسەکردنەوە (بازتعریف)ی چەمکەکانی شۆڕش و شۆڕشگێڕی لە ئەدەبیاتی سیاسیی جیهان و کوردستانیش دا بەتایبەت پاش ڕووخانی بلۆکی ڕۆژهەڵات و کەمڕەنگ بوونەوەی مێتودەکانی خەباتی چەکداریی کلاسیک، و گشتگیربوونی بیرۆکەی زاڵی لیبراڵیزم و ڕوانگەی تاک بۆ گشت (جزء بەکل)ی ئەم ئەندیشەیە و کاریگەریی بەسەر ڕەوشی سیاسی و کۆمەڵایەتیی کورستانیش لە چوارچێوەی گلۆبالیزەیشێنی ئەکتیڤی کرداری جیهانی دا، هەروەها لەگەڵ گەشەی بێ سنووری ڕاگەیەنە گشتی بە تایبەت تەسویرییەکان و ئامرازە جۆراوجۆرەکانی پێوەندی، و تێکەڵبوونی بەکردەوەی خۆشم بە ڕیزی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات و بزووتنەوەی ڕزگاریخواز و ئازادیخوازانەی نەتەوەیی کورد، گۆڕانکارییەکی بەرهەست لە هەمووی ئەم چەمک و پێناسانەدا کە پێشتر لە پێشمەرگەی کوردستان لە بیرم دا بوون پێک هات.

بەداخەوە زۆربەهەی هەرە زۆری خەڵکی ئێمە، وەک منی جاران، ئێستاش ئەو دیدە کلاسیک و نەگونجاوە کۆنەیان بۆ پێشمەرگە و بواری پێشمەرگایەتی هەر ماوە. ئێستاش دیدێکی پێغەمبەرانە و ڕزگاریدەرانەیەکی ئاسمانیانەیان بەرامبەر بە پێشمەرگە ماوە و پێیان وایە خۆیان کەمترین ئەرکیان لەسەر شانە و ئەوە »کوڕەکان»ن کە بە ڕیسالەتێکی ئاسمانییەوە ڕۆژێک لە ڕۆژان لە کێوەکانەوە دێنە خوارێ و لە هەرچی نەهامەتی و چارەڕەشییەکە ڕزگاریان دەکەن. بە داخەوە ئەو ڕوانگە نادروست و خیاڵاتییە تەنانەت بەشێکی زۆر لە توێژی ڕووناکبیر و خوێندەواری ئێمەشی هەر گرتۆتەوە و تا کاتێک کە بەم دید و تێبینیانەوە دەژین، لە چوارچێوەیەکی ئەفسانەیی دا دێفۆرمەی دەکەن و بارێکی ئۆستوورەیی پێ دەدەن. بەڵام هەر لەگەڵ ئەوەیدا بچووکترین خەوشێک بەسەر ئەم دیدەیان دابێ، لە جێدا لە دەورێکی ئانتی(دژبەر)انەی نابەجێ دەردەکەون و بەجێی ئەوەی هاوتەریبی بزووتنەوە گشتییەسیاسییەکەی نیشتمانەکەیان لە بەرەنگار بوونەوە لەگەڵ دیکتاتۆری و داگیرکەران دابن، بە پێچەوانەوە بە شێوەیەکی نادروست ڕووی لێ وەردەگێڕنەوە.

ڕەنگە هۆکاری بەشێکی زۆری ئەم ڕەوشە پێکهاتوویە نادروستەی ئێستا، خودی ئێمەی ئەحزاب و پێشەنگەکانی بزوتنەوەی

سیاسیی کوردستان بین. وێدەچی بە جێی ئەوەی بەخەڵک بڵێین ئێمە وڵاتتان بۆ رزگار دەکەین و ئازادیتان بۆ دێنین و ئێوەش یارمەتیدەرمان بن، دروستتر ئەوە بێ تەعبیرێکی راستەقینەترمان لە دەور و کاریگەرییەکانی خۆمان هەبێ و پێیان بڵێین ئێمە و ئێوە بە یەکەوە و هەر لایەنەی لە جێی خۆیدا و بە پێی ئەرک و کاریگەرییەکانی خۆیەوە هاوڕێ و هاوتەریب و هاوکار، بە رزگاری و ئازادی دەگەی†. ئەگەر هەرچی زیاتر ئەو تەعبیر و روانگە ئارمانخواز و بەڵێن پێدەرانەیەی کە لە ئەدەبیاتی سیاسیی دەیەی ٦٠ و ٧٠ی زایینی بەتایبەت هێزە چەپەکانەوە وەک میراتێکی لکێنراو بۆمان ماوەتەوە، خۆمان دەرباز کەین و لە هەوڵی بەرۆژبوونەوەی بەردەوام لەگەڵ رەوشی جیهانی و ناوچەیی و بارودۆخی خۆمان دابین، کەڵکێکی زیاتر وەردەگرین.پێناسەکردنی چەمکەکانی خەبات و پێشمەرگایەتی بە تێبینی و مێتۆدە کۆنەکانەوە خزمەتێکی ئەوتۆمان پێ ناکا و درێژەی خەبات و تێکۆشانی بەردەوام تا گەیشتن بە ئازادی و رزگاریی یەکجارەکیمان پێویستیی بە پێناسە کردنەوە (بازتعریف)ی دووبارە لە گشت بوارە پێوەندیدارەکان بەتایبەت خەبات و پێشمەرگایەتی دا هەیە. پێشمەرگە بە واتا سەردەمییەکەیەوە تەنیا شۆڕشگێڕێکی چەکداری کلاسیک نییە بەڵکوو تێکۆشەرێکە کە بە دیدێکی کراوەی بەرفراوان ونەبەستراوە بۆ گەیشتن بەو ئامانج و بایەخانەی کە ئەویان وەک مرۆڤێکی ئازاد و رزگاریخوازی کورد لە پێوەندی لەگەڵ هەموو توێژ و لایەنەکانی دیکەی کۆمەڵگا دا پێناسە کردوە، بە تێگەیشتن لە زەرفییەتەکانی کاری بە کۆمەڵ لە پێناوی رزگاریی نەتەوەیی و دەستەبەر کردنی ئازادی لە چوارچێوەی حیزبێکی سیاسی دا، خەبات دەکات. چەک بۆ پێشمەرگەی ئەمرۆ بە هیچ شێوەیەک واتایەکی پێناسە خوڵقێن و کەسایەتی بەخشانەی نییە، بەڵکوو رێک بە پێچەوانەوە مانایەکی ئینتزاعیی هەیە و لە پێناوی بەرگریکردن لە بوون و مانەوەی خۆیدا کەڵکی لێ وەردەگرێ.

پێشمەرگەی ئەمرۆ بوونی خۆی نەک لە تەقابول و رووبەڕووبوونەوە دا، بەڵکوو لە مودارا و هەڵکردن دا دەبینێتەوە. هەر بۆیەش دەرک و تێگەیشتنێکیی قووڵ و بەرفراوانی لە خەبات و حیزبایەتی و سیاسەت بە پانتایی هەموو مرۆڤایەتی هەیە و لەم پێناوەش دا تێدەکۆشێ و چەک دوایین شتێکە کە بیری لێدەکاتەوە. پێشمەرگەی ئەمرۆ هەرگیز خۆی لە سۆنگەی دژبەر و نەیارەکەیەوە لێک ناداتەوە بەڵکوو لە پێشدا هەوڵ دەدا بە ناسینی باش و گونجاوی بەرامبەرەکەی، بە دەرکێکی شایان و شایستەی دروستی لە خۆی بگەیەنێ.رەنگە لە گرینگترین لایەن و رەهەندەکانی کەسایەتیی پێشمەرگەیەکی ئەمرۆیی ئەو هەست بە تەعەهوود و بەرپرسایەتییە بەردەوامە بێ کە بەرامبەر بە خۆی و نەتەوە و نیشتمانەکەی و بایەخە پیرۆزە مرۆڤایەتییەکان دا هەیەتی و هەر ئەو شتەش وای لێدەکا بایەخ و ئامانجەکانی لەم چوارچێوانە دەرنەخا و لێیان لانەدات.خۆی لە بایەخەکانی دا و بایەخەکانیش لە خۆیدا لە هاوپێوەندییەکی بەردەوام دا پێناسە دەکاتەوە و پێشی وایە بۆ خۆشویستن و هەوڵدانی بێ وچانی لە! پێن و بایەخە گشتییەکانی ژیانی دا بەر لە هەموو شتێک پێویستە کە خۆی خۆش بوێ و رێز لە فەلسەفە و بنەما وجوودییەکانی خۆی بگرێ.

وێدەچێ کە حەقیقەتی بابەتەکە و راستەقینەی هەلومەرجی خەبات و بارودۆخی سیاسیی کوردستان و جیهان هەرچی زیاتر بەرەو ئەو راستییەمان بەرێ کە خوێندنەوەیەکی جیاواز و ئەمڕۆیی ترمان لە چەمکەکانی پێشمەرگە و حیزبایەتی و خەبات و سیاسەت هەبێ و لە سەرڕاوە پێناسەیان بکەینەوە.

ئێستا کاتی ئەوە هاتوە بە دوور لە هەر چەشنە دەمارگرژی و چەقبەستووییەکی نەخوازراوانەوە نەک هەر لە چوارچێوەی چەمکەکانی پێشمەرگایەتی و خەبات دا بەڵکوو لە گشت بوارێکەوە لە رووی تیۆری و کردارییەوە، بە خوێندنەوەیەکی دووبارە و پێناسەکردنەوە (بازتعریف)ێکی شایان لە خۆمان و رێباز و ئامانجەکانمان، بیبینەوە نێو مەیدانەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٢٣ی دێسەمبەری ٢٠١٢

---------------------------------------------------

## رێگەی سەختی بەردەم کچانی پێشمەرگە



**کوێستان فتوحی**

(بەبۆنەی ٣٦ی سەرماوەز رۆژی پێشمەرگە)

بیرم لە پچڕاندنی ئەو زنجیرە دەکردوە کە هەر لە منداڵییەوە وەکوو کچ لە دەست و لاقم ئاڵابوو. خەونی گەورەم ئازایەتی و سڕینەوەی ئەو ترسە بوو کە دایکم هەر لە منداڵییەوە فێری کردبووم.

دەمکوت پێشمەرگایەتی یانی بێترس هەنگاو هەڵێنانەوە. ترس لە شەڕو تۆپ و کاتیۆشاو بۆمباران! نا، بەڵکوو ترس لە

هەموو ئەو کۆت و بەندانە کە من و هەزاران و ملیۆنـان کچی وەک من لە مـاڵ و لەنێو کۆمەڵگەدا لە گەڵـی گەورە ببـووین. نەمدەزانی دیسان جارێکی تر لە گەڵ پاشماوە و شوێنەواری ئەو کولتوورە رووبەروو دەبمەوە.

بۆ من سەخت نەبوو کە دایکم یـان بـراکەم دەیگوت کچ بـۆ پێشمەرگایەتی نـابێ! بەڵام بـۆ من زۆر سەیر بـوو کە هـاوڕێ پێشمەرگە پیاوەکەم یان هاوسەری ئەو پێشمەرگانەی لە بنکە سابیتەکان دا شەوانی زستان من وپێشمەرگە کچەکانی هـاوڕێم دەبووینە میوانیـان! هەر ئەمجۆرە قسانەیان دووپـات دەکردەوە. ئەو کولتـوور و بیرکـردنەوە دواکەوتـووانەیە لە شـار و دێ باڵادەست بوون و من و کچانی هاوتەمەنم بەدەستییەوە دەمانناڵاند، جارێکی دیکە لە نێو خەبـات و ژیـانی پێشمەرگایەتیدا بەرەوروومـان دەبـووەوە. ناهاوسـەنگییەکان بە جـۆرێکی دیـکە خۆیـان نیشـان دەدام. لە دەروونـم دا لەگەڵ کێشـەیەکی زۆر رووبەروو دەبوومەوە.

ئەمە راستییەکی حاشـا لـێ نەکـراوە خەبـاتی شـاخ و پێشـمەرگایەتی بـۆ کـچ و کـوڕ سـەخت و نـاخۆشە. ئەو دۆخەی کچـانی پێشمەرگەی تێیدا بوون زۆر سەختتر بوو لە هی کوڕەکان. بە تـایبەتی لە دەیەکانی ٧٠ - ٦٠ی هەتـاوی دا، جگە لە بڕینـی رێگا سەختەکانی شاخ و برسییەتی و بێئاوی و نەبوونی ئیمکاناتی سادەی ژیان، پاشماوەی ئەو کلتووره دواکەوتوویەش کە لە نێـو بـنکە و هێـز و کەمپ و دەوروبەرمـان هەبـوو چەنـد بەرابەر رێگـاکەی لە کچـان سـەخت دەکـردەوە. ئەو کـاتە ئەو ئامادەییە لە حیزبیشدا نەبوو.

کچـانی پێشـمەرگە بە ئاسـانی وەربگیـرێن. بەڵام ئەوە بـاوەڕ و هیممەتـی ئەو کچـانە بـوو کە نەیدەهێشـت هەمـوو ئەو سەختییانە پێشی هەنگاوەکانیـان بگـرن. هەرچەنـد بەداخەوە ئێسـتاش کەم کەس ئەو دەرکەی لە ژیـانی کچـانی پێشـمەرگە هەیە کە لەگەڵ چ کەنـد و کۆسپێک بەرەورو بـوونەتەوە. ئینسـان دەبـێ چەنـد بەهێـز بـێ کە ئەو کەندوکۆسپانە نەتـوانن پێشی تێکۆشانی پێشمەرگایەتیی پێبگرن؟ بەڵام کێ بـڕوا بەم توانـاو هێـزە دەکـا کە کچـانی پێشمەرگە لە رەوتـی ژیـانی پێشمەرگایەتیدا لەخۆیان نیشانیان داوە و گەیشتوونەتە ئەمڕۆ. ئەمڕۆیەک کە ئەو حیزبەی زووتـر گرنگیی داوە بە رۆڵـی ژنـان لە خەبـاتی پێشـمەرگایەتیدا، بە یەکێـک لە شـانازییەکانی دەژمێـردرێ. ئەو حیـزبەش گرنگیـی پێـنەداوە یـان لەم بارەیەوە درەنگ وەخۆکەوتوە بە یەکێک لە کەموکوورییە گەورەکانی ژیانی سیاسیی ئەو بەحیساب دێ.

ئێستا بـۆ کۆمەڵگەی کوردستـان کەمتاکورتێک مەسـەلەی پێشمەرگایەتیی کچـان ئاساییە. رچەشکێنیی کۆمەڵە و یەکیەتیی لاوانی دیموکراتی کوردستـان و دواتـریش حیزبـی دیمـوکراتی کوردسـتان بـۆ پێشمەرگایەتیی کچـان لە شـارو دێـو ناوچەکـانی کوردسـتان ئەم رێگـایەی ئـاوەڵا کـرد. وردە وردە کچـان روویـان لە ریزەکـانی حیزبـی ئێمەش (حیزبـی دیمـوکرات) کـرد. کەم

نەبوون ئەو کچانەی بە عیشقی پێشمەرگایەتییەوە روویان لە ریزەکانی حیزب کرد. بەڵام هەرکات کە ئاور لە رێژەی ژنـانی پێشمەرگە لە نێو حیزبی دیموکراتدا دەدەینەوە، رێژە و ژمارەی کەمی ئەوانمان دێتە بەرچاو. هۆکـاری ئەمە دەگەڕێـتەوە بـۆ ئەم راستییە کە خودی ژنانی پێشمەرگە ئامادە نەبوون زۆرتـر هەوڵ بـدەن بمێنـنەوە و رچەشکێنی ئـاڵوگۆڕە نوێیەکـان بـن و هەنگاوی بوێرانەتر و ریشەییتر هەڵێننەوە. لە لایەکی دیکەشەوە بە هۆی هەلومەرجێکی تـایبەتی و کولتووری نێو ریزەکـانی حیزب، زۆریـان خێرا ژیـانی هاوبەشیان پێک دەهێنـا و ئەمەش یەکێک بـووە لە گرفتە سـەرەکییەکانی بەردەمی هەڵـدان و سـەرکەوتن و مانەوەیـان لە بەرگـی پێشـمەرگایەتیدا. پێکەوەنـانی ژیـانی هـاوبەش، کچـانی لەجێبەجێکردنـی ئەرکـی پێشمەرگانە سست دەکردەوە. ژیانی هاوبەش کۆمەڵێک ئەرک و بەرپرسایەتیی تێدایە و ئەگەر نەڵێم هەمووی، بەشی زۆری ئەو ئەرک و بەرپرسـایەتییانە لە ریزەکـانی پێشـمەرگەدا کەوتـۆونە سـەر شـانی ژن. ئەمەش وای کـردوە پێشـمەرگەی ژن نەتوانێ ئەرکی سیاسی و پێشمەرگایەتی بەو جۆرەی کە دەبێ، بەڕێوە بەرێ. لەگەڵ ئەمەش دا کەسـانێک هەبـوون بە هەوڵ و ماندوو بوونی زیـاتری خۆیـان دەرفەتەکانیـان لەدەست نەداوە و نەیانهێشتوە لەنێو تەمومژی پیاوسـالاریدا ون بـن. بەڵام هەر لەلایەن ئەم کلتووره زاڵەوە هێز و ئیرادە و کەسایەتییان کەوتۆتە ژێر سێبەری پیاوێک بە نـاوی هاوسەر یان باوک.

بێگومان بەشێکی زۆر لە ژنـانی پێشمەرگە بۆخۆیـان هەڵگری بەشێک لەم کولتـووره بـوون و بەرپرسیار بـوون بەرامبەر بەو دۆخەی تێی کەوتبوون. چونکە ئەوان تەسلیمی ئەو رۆڵ و نەخشـانە بـوون کە بۆیـان دانرابـوو. بەڵام بـا هەمـوو تـاوانەکەش نەخەینە سەرشانی خودی ژنان!

سەرچاوە: ماڵپەری رۆژهەڵات تـایمز - ڕێکەوتی: ١٦ی دێسەمبەری ٢٠١١

---------------------------------------------------

## پێشمەرگە کێیە؟



**سەڵاح شەشە**

پێشمەرگە کێیەو ئەرکی چیە؟ ئەم وشە پیرۆزەو ئەو پرسیارە گەورەیە زۆری لەسەر باس کراوە. دۆستو دوژمن هەر یەک بە نۆبەی خۆی تەفسیرو تەحلیلی خۆی راگەیاندوە.

دوژمن زیاتری باس کردوە چونکی پێشمەرگە وەک پارێزەری شەرەف و ئازادی بە ورەیەکی پۆلایین، بە دڵێکی ئازادو بە تەواوی وجوودی خۆی کە بە باڵای کوردستانە، شەڕی مان و نەمانی لەگەڵ کردوە، مەرگی خۆ وەپێش لە نێوچوونی ئازادی و شەرەف و کەرامەتی گەلەکەی خستووە. دەبووو دەکرا لەسەر پێشمەرگە زیاتر باس کراباو کۆنفرانسی لەسەر گیرابا.

کەمتر نەتەوەیەک ئەم مەنزەڵەتو پەلەیە بۆ رۆڵەکانی خۆی وەک شەرەفی نەتەوەیی بەخشیوە کە وەک باسێکی بەهێزی گەلەکەی ناودێر کردوە. ئەم ئازادیخوازانە، رۆڵە بە ئەمەگانە لە بوارە جیاجیاکان و قۆناغە دژوارەکان، تەواوی قورسایی خەباتو تێکۆشانی پڕ لە شانازیی گەلەکەیان لەسەر شان و پیلی خۆیان هەڵ گرتوە تاوەکو، کاروانی درێژی خەبات و پێش وەچوون بێ پسانەوە، بەرقەرارو بەرمەدارو ئاڵای ئازادی و خۆڕاگری شەکاوە رابگرێت. ئەم ئاڵایە کە وەک هێماو رەمزی نەتەوەی کورد لە بەرزترین لوتکەکان دەدرەوشێت، تەنیا و تەنیا مەچکو ورەی پێشمەرگە پاراستوویەتی. پێشمەرگایەتی شوغل نیەو مەنسەبی تایبەتی چین و توێژی دیاری کراو نەبووە، بەڵکوو ئەرکە، کە هەموو چین و توێژێک، بێ جیاوازیی جینسی و ئاینی و فکریی لە خۆی کۆ کردۆتەوە. پێشمەرگە ساز نابێت بەڵکوو لە دایک دەبێت ئەو دایکەی کە بە دایکی نیشتمانی دادەنێ. هەر بۆیە منداڵی کورد لە بێشکە دا مافخوازو، ئازادیخوازە.

پێشمەرگایەتی شەرەفە، رۆحە، مەعناو ئەخلاقە، فەلسەفەو کەرامەتە بۆیە بۆ هەر تاکێکی کورد پێشمەرگە هەموو کات لە

بوون دایە، تازەیەو کۆن نابێت، پێویست بە مێژوو نابێ و خوڵقێنەری مێژووو پێشڕەوی ڕەوتە، ڕووی لە داهاتووو دوارۆژە، تێدەکۆشێ بۆ دوا ڕۆژی ڕوون، کە خۆی تێدا ببێتە. خۆ دیتن، خۆ ناسینە، خۆ ناسین ئەقلانیەتە، خۆشەویستی، عیشق و جوانیە، ئازاد ژیان و بەختەوەر بوونە، مرۆڤ دۆستی، ئاشتی یە، دژی چەوسانەوەو تیشکی ڕزگارییە.

هیوادارم وشەی پیرۆزی پێشمەرگە لە ویترینی بوتیکی حیزبو ڕێکخراوەکان بێتەدەرو مەعناو مەفهومی شیاوی خۆی کە گەلەکەمان بە بیرو باوەڕو کولتوری خەبات و تێکۆشانی خوێناوی خۆی پێ بەخشیوە وەربگرێ، ببێ بە چەمو تێکەڵ بە دەریای خوێنی هەزاران ڕۆڵەی پێشمەرگە بێت کە بۆ دوێنێ، ئەوڕۆ، سبەی تێکۆشان بۆ گۆڕینی ژیان، بۆ ڕووناکی بەخشین بە هەموو قوژبنە تاریکەکانی ژیانی مرۆڤایەتی، ببێ بە ئەرکی پیرۆز بۆ دوارۆژی پڕ لە سەرفرازی و بەختەوەریی گەلەکەمان.

ئەمە شانازییەکی گەورەیە بۆ هەموو ئازایخوازان و خەباتگێران بەگشتی و بەتایبەتی گەلی کورد، پێشمەرگەیەک لەم قۆناغە تازەیە دا، سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆک کۆماری میللەتی وەئەستۆ گرتوە. ئەمڕۆ کورد لە بەشێکی وڵاتە داگیرکراوەکەی خۆی دا خاوەنی دەسەلات و حکومەتی خۆیەتی. لەم بەشە پێشمەرگە چالاکانە ئەرکی تازەی بە ئەستۆ گرتوە و لە خەباتی تازەتردا خەریکی تێپەڕ کردنی ئەرک و ئەزموونی تازەیە.

هیوادارم کە لەم مەیدانە دا بە سەرکەوتوویی تەواو بێنە دەر، چونکی چاوی دونیاو چاوەڕوانیی میلیونان کورد، لەم ئەزموونە مێژووییە.

لێم مەپرسن، بۆ وشەی پێشمەرگە هێندە گەورەو پیرۆزە، چونکی بە بیستنی ناوی پێشمەرگە شەرەف و کەرامەت، عیزەتو ئازادی لە مێشک دا زیندوو دەبێتەوە هێز دەخوڵقێت. خوێنی گەرمی پێشەوا قازیو قاسملوو، شەرەفکەندیو هەزاران ڕۆڵە وەجۆش دێنن و خروشی گەلەکەمان لە گەرووی پێشمەرگە، بۆ وەدەست هاتنی ئامانجەکان دەبێت بە بورکان. دوژمن دەلەرزێت و ئاسۆ ڕوون دەبێت، خۆری پڕتینی ئازادی ڕوخساری نیشتمان دەنەخشێنێ.

بیست و شەشی سەرماوەز ڕۆژی پێشمەرگە لە من، لە تۆ، لە و، لە کوڕ، لە کچ، لە هەموو ئێمەی پێشمەرگە پیرۆز بێت.

هەر بەم بۆنە پیرۆزە ئەم شێعرەی پێشمەرگەی هەموو کات زیندوو کاک عەلی حەسنیانی (هاوار) پێشکەش بە هەموو هاوڕێیانی پێشمەرگەی بەهەستی گەلەکەمان دەکەم.

## پێشمەرگە

ئەوەی وریا، بوێر، ئازاو بە جەرگە
ئەوەی دوژمن لە ئاستی ناگرێ بەرگە
ئەوەی ئاگای لە دەردی نیشتمانە
ئەوەی پارێزەری پاوانی مانە
ئەوە کێیە؟ هەڵۆی سەرماو زەردە
ئەوە پێشمەرگەیە، مەردی نەبەردە
کە گیانی خۆی لە رێی گەل دا دەبەخشێ
بە خوێنی ئاڵی کوردستان دەنەخشێ
بژی پێشمەرگە ئەی پرشنگی ئاوات
بژی پێشمەرگەکەی حیزبی دێموکرات
گەلی کوردی هەمووی چاوی لە تۆیە
لە تۆوە نیشتمانم سەربەخۆیە
ژیانت بێ شکان و بی بەدی بێ
بە ئاواتم کە ئاواتت وەدی بێ

سەرچاوە: ماڵپەری شەهید

---------------------------------------------------

## بە بۆنەی ٢٦ی سەرماوەز ڕۆژی پیرۆزی پێشمەرگەی کوردستان.



**ڕەحمان ئیبراهیم زادە**

ئەوانەی پێشمەرگە بووین و لە بیریانماوە دەزانن کە حیزبی دیمۆکراتی کوردستان کە بە دەستی پێشەوای گەلی کورد دا مەزراوە،لە ساڵی ١٣٦٤ی هەتاویدا بڕیاری دا کە ڕۆژێک بۆ پێشمەرگە دیاری بکرێ و هەموو ساڵێک خەڵکی کوردستان لەو ڕۆژەدا ڕێز لە ڕۆڵەکانی خۆیان بگرن کە ئامادەن گیانیان فیدای خاک و ئاوی نیشتمانەکەیان بکەن.

هەربۆیە ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەز وەک ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان دیاری کرا و گۆڤارێکیش بە ناوی ٢٦ی سەرماوەز دەرچوو. ئەوەش زۆر ڕوونە کە ئەم ڕۆژە بە بۆنەی ٢٦ی سەرماوەزی ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوییەوە دیاری کراوە کە دوایین بنکەی ڕێژیمی شا لە شاری مەهاباد بە دەستی بەهێزی ڕۆڵەکانی گەلەکەمان گیراوە و ئیتر دوای ئەوە ئاسەوارێک لەو ڕژیمە لەو ناوچەیە نەماوە. ئەو چەکدارانەش کە هێرشیان کردە سەر دوایین بنکەی ڕژیم، سەر بە حیزبی دیمۆکراتی کوردستان بوون و بە داخەوە یەکێکیان بە ناوی عەوڵای مینە خاڵند لەو هێرشەدا گیانی خۆی پێشکەشی بارگای ئازدی کرد کە دەبێتە یەکەم شەهیدی ئەم حیزبە و هەر بۆیەش بۆ ئێمە ئەندامان و پێشمەرگە و لایەنگرانی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان بە ڕۆژێکی پیرۆز دێتە ئەژمار و لە ساڵی ١٣٦٤ی هەتاوییەوە هەموو ساڵێک بە دڵێکی شادەوە بە بەرەو پیریەوە دەچین و جێژن دەگێڕین و شادی و هەڵپەڕین و ڕەشبەڵەک دەکەینە چقڵی چاوی دوژمنانی گەلەکەمان.

ئەو ناوە پیرۆزە لەسەردەمی کۆماری کوردستان دا بە بەژنی ئەو کەسانە بڕا کە لە ڕیزەکانی سپای کوردستاندا ئامادەی دیفاع لە خاک و نەتەوە و ئالای نیشتمانەکەیان بوون و لە ڕۆژی ١٥ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ (٣ی فێورییەی ١٩٤٦) بە

بڕیارێکی ڕەسمی ناوی پێشمەرگە لە جێی ناوی سەرباز دانرا و لەو ڕۆژەوە ناوی پێشمەرگە بە ڕەسمی هاتە نێو فەرهەنگی نەتەوەی کورد و لە پارچەکانی تری کوردستانیش کە خەبات و بەربەرەکانی بۆ وەدەستهێنانی ماف و ئازادییەکانی نەتەوەی کورد لە ئارادا بووە، هێزی چەکدار بە ناوی پێشمەرگە ناودێر کراوە و ئەو ناوە پیرۆزە بۆتە یەکێک لە هێماکانی ناسێنەری کورد.

لەم ڕۆژەدا یەکەم جەریقەی بەرخۆدان و یەکەم مەشخەلی خەبات بۆ بەدەست هێنانی ئازادی و مافی نەتەوەیی هەڵکرا وچرای هیوا و ئۆمێد بە دوارۆژ لە دڵ و دەروونی ڕۆڵەکانی کورددا گەشایەوە و پایتەختی داگیرکەران و زاڵمانی شوڤەنیستی هەژاند و داری بێ هیوایی لە نێو جەرگی دژە مرۆڤەکاندا چەقاند.

پێشمەرگەی کوردستان ڕۆڵەی بە ئەمەگی گەلی کوردە و تایبەت بە هیچ توێژێکی کۆمەڵگا نییە و ژن، پیاو، لاو، بەساڵاچوو، خوێندەوار و نەخوێندەوار ڕێزەکانی پێشمەرگایەتیان بۆ بەرەنگاری لەگەڵ ستەم و زۆرداری داگیرکەرانی کوردستان هەڵ بژاردووە و هەر کامەیان کاریگەریی تایبەتی خۆیان لە ڕەوت و پێشڤەچوونی خەباتی مافخوازانەی گەلەکەیان لە سەنگەری پێشمەرگاتیدا بووە.

ڕێبەرانی پێشمەرگە و پێشمەرگەکانی ڕێبەر کە بۆ چارەسەری ئاشتیانەی کێشەی کورد حازر بوونە خوێنی سووری خۆیان فیدای ئامانجەکانی نەتەوەی خۆیان بکەن و بەو خوێنە بە ناحەق ڕژاوەی خۆیان مرۆڤ دۆستی و باوەڕی قووڵی پێشمەرگەیان بە چارەسەری ئاشتیانەی کێشەی بەرحەقی کورد نیشان دەدا و لە هەمان کاتدا خوێنڕێژی دوژمنانەکانی کورد، ناحەقی ناڕاستی و ناپاکی ئەوانی لە هەر کاتێک زیاتر نیشان دەدا.

لەدوای ڕووخانی کۆماری کوردستان بەدەستی ڕێژیمی پاشایەتی ئەرکی درێژەی خەبات بۆ دیفاع لە مان و مەوجوودییەتی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کەوتە سەر شانی حیزبی دیمۆکرات و لە دوای ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی و هاتنە سەر کاری کۆماری ئیسلامییش ئەو خەباتە لە ئاستێکی بەرین و حەماسی دا درێژەی کێشا و لە گەرمەی ئەو خەبات و بەربەرەکانییە لەگەڵ هێزی پۆشتە و پەرداغی کۆماری ئیسلامی دا، ساڵی ١٣٦٣ی هەتاوی ڕێبەریی حیزب هەستی بەو پێویستییە کرد کە بۆ ڕێزلێنان و بایەخدان بە نەخش و ڕۆڵی پێشمەرگە لەو خەباتە ئازادیخوازانەیەدا، پێویستە ڕۆژێک بە ناوی پێشمەرگە ناودێر بکری . هەر بۆ ئەو مەبەستەش ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەزی وەک ڕۆژی پێشمەرگە دیاری کرد.

خوو و ڕەوشتی بەرزی پێشمەرگە لە کردار و ڕەفتار دا، لە نێو فەرهەنگ و ژیانی ڕۆژانەی هەموو کوردێکی نیشتمانپەروەر و

تینووی ئازادی دا ڕەنگی داوەتەوە و بە دەیان سروود و ئاهەنگ بۆ ڕێزگرتن لە پێشمەرگە ئامادە کراون و گوتراون و کەوتوونەتە سەر زار و زمانی گەورە و بچووکی ئەو نیشتیمانە. بە سەدان و هەزاران منداڵی کورد بە ناوی پێشمەرگە قارەمان و شەهیدە خۆشەویستەکان ناودێر کراون.

پێشمەرگە ڕۆڵەی گەلەو گەلیش ڕۆڵەی خۆی خۆش دەوێت و ئەمەگ ناسانە لە ماندووبوون و لەخۆبووردوویيە دەڕوانێ.

تەماشاکەن لە پاش تێپەڕبوونی ٦٧ ساڵ بەسەر کۆماری کوردستان داو تێپەڕکردنی دەیان قۆناغی پڕ لە کەندولەند و هەڵدێر گەلی کورد بەخۆبەخشییەوە نەک لە بەرامبەر دوژمنی داگیرکەر دا چۆکی دانەداوە بەڵکوو لەهەموو کات پتر ئامادەیە بەرپەرچی دوژمنان بداتەوەو بۆ گەیشتن بە مافە ڕەواکانی خەبات بکا. ناوی پیرۆزی پێشمەرگە یادگاری سەردەمی زێڕینی کۆماری کوردستانە کە لەسایەی هۆشیاری و ژیری ڕێبەرای کورد و کەسایەتی پێشەوا قازی محەممەد لەسەر گیان فیداترین ڕۆڵەکانی کورد نراوە. هێزی پێشمەرگە ئەو هێزەیە کە ئامانج داربوون و بە دیسپیلین بوون و باوەڕی بەرزی بە ئازادی کوردستان بەئاشکرا لە هەموو هێزەکانی دیکەی پێشووتری کوردی جیادەکاتەوە. بەختەوەرانە ئەمڕۆ پێشمەرگە هەر وەک جاران بۆتە قەڵای دوژمن بەزێن بەخۆشیەوە ئێستا ئاستی هۆشیاری نەتەوەی کورد ڕۆژ بە ڕۆژ لەگەشە ئەستاندن دایە و هەزاران تاکی کورد قۆڵی هیمەتیان هەڵماڵیووەو هەریەکەی لەبوارێک دا لە هەوڵی مسۆگەر کردن و چەسپاندنی مافەڕەواکانی گەلی کورد دان، ئیستاکەو لەو سەردەمەدا ڕۆڵی پێشمەرگە و ئەرکی سەرشانی پێشمەرگە پتر بووە و ئاستی چاوەڕوانیەکان زیاتر چوونەتە سەرێ. بەختەوەرانە لەگەڵ چوونە سەرێی ئاستی چاوەڕوانیەکان هێزی پێشمەرگەش هەردەم لە هەموو بوارەکان دا لەگەشە دایە و دوژمنانی کوردیش بە هەست کردن بەو ڕاستیە لە هەموو کات پتر لە هەوڵی پیلانگێڕی و ئاژاوە نانەوەدان. بەڵام پێشمەرگە قووتابی پێشەوایە و لە مامۆستاکەی فێری گیان فیدایی بۆ گەل بووە، پێشمەرگە قوتابیی قاسملوویە و باوەڕی بەنوێ بوونەوەی بەردەوام هەیە، پێشمەرگە قوتابیی شەڕەفکەندیە و پشتی بە ئەزموونی دەوڵەمەندی گەلەکەی ئەستوورە. ئەمڕۆ کوردستان بە هەلومەرجێکی هەستیار و ناسک دا تێدەپەڕێ و لەو بارودۆخەی ئێستاش دا هۆشیاری و قۆستنەوەی دەرفەتەکان و یەکیەتی و یەکگرتوویی هەموو هێزە کوردیەکان بنەماو بڕبڕەی پشتی سەرکەوتنمانە.

سەرچاوە: ماڵپەری گیارەنگ - ڕێکەوتی: ١٧ی دێسەمبەری ٢٠١٢

---------------------------------------------------

## خەباتی ژن و ناوی پێشمەرگە.



ئامادەکردنی: خونچێ ساڵەپور

دەمێکە، تەواوی ئەو نوسراوەو و پەخشان و لێدوانانە دەخوێنمەوە، کە سەبارەت بە پێشمەرگەو ڕۆژی پێشمەرگە، واتا ٢٦ی سەرماوەز نوسراوەن. لەو ڕۆژە دا کە ڕۆژی ژن و پیاوی پێشمەرگەیە، لە قوڵایی دڵمەوە پیرۆزبایی لە هەردووک لادەکەم و ئارەزوو دەکەم، جێژنی داهاتوومان لە کوردستانێکی ئازادوسەربەخۆ دابگرین و ڕێزی تەواویش لە خەباتی ژنی پێشمەرگە وەکوو پیاوی پێشمەرگە بگیرێ.



لەو نوسراوە دا، پێم خۆشە ئاورێک لە نابەرابەری خەباتی ژنی پێشمەرگەو پیاوی پێشمەرگە بدەمەوەو گلەیی لەوە بکەم، کە نەخشی ژنی پێشمەرگە لە خەباتی ڕزگاریخوازی ئێمە دا بۆچی ئەوەندە کەم ڕەنگ کراوەتەوە و لە ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەز

دا کە بە ڕۆژی پێسمەرگە دیاری کراوە ناحەقی لە ژن و پێشمەرگەی ژن دەکرێ. ئایا جیاوازی لە نێوان ژنی پێشمەرگەو پیاوی پێشمەرگە دا چیە؟

من کە خۆم هاوسەری پێشمەرگەیکی خاوەن ١٦ ساڵەی خەباتی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانم و لە تەمەنی جەوانیم دا بە خاتری ئازادی کوردستان و ئەو لاوە پێشمەرگەی دێمۆکرات، لە دوای ئەوەی کە چەندین جار لە لایەن دەزگای ئیتلاعاتی ئێران، باوکم و براکانم سەرەنجام خۆشم لە سەر مەسەلەی کوردایەتی راپێچی سیاچاڵەکانی کۆماری ئیسلامی کراین و بۆ ماوەی چەند ڕۆژ و مانگ لە زیندان دا بووین، کۆری گەرم و باوەشی دایک و باوکم بە جێ هێشت و رووم کردە شاخ و دۆڵی کوردستان و لە ناو سەنگەری پێشمەرگەکانی دێمۆکرات دا خۆم دیتەوە.

لەو ڕۆژەوە کە من دەستەملانی خەبات و بەر خۆدان بووم، ئێستا کە نیزیکەی ٢٣ ساڵ بەسەر ئەو ڕۆژە دا تێدەپەری من خۆم هەر بە پێشمەرگەو ئاشقی ئازادی کوردستان دەزانم.

یەکەم جار دوای برینی ڕێگاییێکی زۆر و چەندین جار کەوتن و هەستانەوە لە تاریکایی شەو دا و دوو جار کەوتنە کەمین و راکردن و خۆ شاردنەوە، لە گەڵ کازیوەی بەیان گەیشتینە گوندێکی سەر سنوور بەناوی باسکی ڕێوی، لەو گوندە لامان دا بۆ ماوەی دوو سەعات حەساینەوە، سەحەبماڵیش هەر وەکوو ئێمە سوتاوی ئازادی و رزگاری کوردستان بوو.

ئەو کات ئەو گوندە لە ژێر کۆنترۆڵی دەوڵەت دا نەبوو. سەحەبماڵ زۆر سەغاوەت بوو، وەڵاخێکیان لە ئیختیار ناین و دەگەڵ دوو هاورێی پێشمەرگە کە، یەکێکیان خۆشەویستم بوو، وەرێ کەوتین و دوای دوو کاتەژمێر ڕێگا برین، ڕووبەرووی هێندێک ماڵ بووین کە تەنها سوانەکانیان دیار بوون، رووم لە خۆشەویستەکەم کردوو گوتم ئەو گوندە کوێیە، ئەویش بە زەردە خەندەوە گووتی کۆمیتەی شارستانی سەردەشتە.

تا ئەو کات من لام وابوو کۆمیتەی شارستان بە قەت شارێک دەبێ و جادە و خیابانی قیلەتاو و برق و ئاوی لوولەکەشی هەیە.

هەر کە دووروو نیزیک بووین پۆلێک پێشمەرگەی جوان و ژنی باڵابەرز و خوێن شیرین بە پیرمانەوە هاتن و لە باوەشیان گرتین. لەو ڕۆژەوە من لە نیزیکەوە دەگەڵ ژیانی پێشمەرگایەتی و فیداکاری پێشمەرگە، بە ژن و پیاوەوە ئاشنا بووم، و هەزاران کارەسات و نەداری و نەدامەتیم چێشتووە، بە هۆی فشاری رووحی کە لە ئەسەر پێشاتەکانی ڕۆژانی

پێسمەرگایەتی، لە شەهید بوونی هاورێیانی حیزبی و برینداربوونی پۆل پۆل لە تێکۆشەرانی دیمۆکرات و تۆپ باران و هێرشی هەوایی و زەمینی دوژمن بۆ سەرمان، توشی نەخۆشی ڕەوانی بووم و بە هەزاران دەرمان و دوکتۆر چارەسەر ناکرێ.

دوای چەند مانگ مانەوە بە یەک جاری ژیانی هاوبەشم دەگەڵ خۆشەویستەکەم پێک هێنا و دوو بە دوو خەریکی خزمەت کردن بە حیزب و گەڵ بووین.

ئەو کات ژیانی پێشمەرگایەتی زۆر سەخت و دژوار بوو، بە مانگ و حەفتەو ڕۆژ پێشمەرگەکان دەرۆیشتن بۆ ناوچە و ژنەکان لە بنکەکان دەمانەوە، ئاخر شەرو بەربەرەکانی بەردەوام بوو، کەم ڕۆژ هەبوو کە هێزی پێشمەرگە بێ بریندارو شەهید بن، ژنەکان بە دایم چاوەڕوانی هەواڵی دڵتەزێن بوون، سەرەرای ئەوەش تۆپبارانی بنکەو بارەگاکانی حیزب بەردەوام بوو، خەتەر لە سەر ژنەکان هەر لە یەک بارەوە نەبوو، ڕۆژانە چاوەڕوانی ئەوەیان دەکرد کە کەنگی هەواڵی شەهید بوونی مێردەکانیان بۆ بێتەوە و لەو لاشەوە تۆپ باران و مین دانان لە سەر ڕێگاو بانەکان و شەوانەش هێرشی جاش و پاستار بۆ سەربنکەکان.

دەبێ چەندە غەم هێنەرو بەسۆ بێ کە تیمێک پێشمەرگە، ئێواری بە فەرماندەری کاک حەمەنارستی دەرۆن و چەند سەعات تێناپەری کە هەواڵی بریندار بوونی ۳ پێشمەرگە، حوسێن پەیرەوان، ڕەحمان ئیبراهیم زادە و خدری عەبدوڵای ماماغای بڵاو دەبێتەوە، یان تیمێک بە فەرماندەری حوسێن پەیرەوان ئێواری دەرۆن و بەیانی بە دوو شەهید، ڕەحیم قارنجی و عوسمانی ئەحمەدی دێنەوە، یان تیمێک بە فەرماندەری شەقازو مەحموود خاس دەرۆن و ئەحمەد چوکەڵ شەهید دەبێ، یان تیمێک بە فەرماندەری ڕەحمان شۆکە دەرۆن و بە دوو بریندار، سەلیم ئاغاو مەولود گاکەیی دێنەوە. یان تیمێک بە فەرماندەری ڕەسوڵی عەزیزی دەرۆن و بەیانی بە تەرمی خۆی و نیزیک ترین هاورێ کادری دەرمانی ڕەئوف شۆکە دەگەڕێنەوە. ئەوانەو زۆری تر.

گەڵۆ لەو هەموو ڕۆژە ڕەشانە دا دەبێ ژنی پێشمەرگە، نەخشی چ بووبێ، ئاخ خۆڵ پێوانی خێزانی شەهید ئەحمەد چوکەڵی وشین و ڕۆرۆی براژنە خەجیج هاوسەری دوو شەهیدی سەرکردە، حەمە عەزیز و ڕەسوڵ عەزیزی لە کاتی هەواڵی شەهید بوونی مێردەکانیان دا قەت لەبیرم ناچێتەوە. ئەوانە و هەزاری تر.

دەبێ باوەری پێشمەرگەی پیاو دەگەڵ خێزانەکەی واتا پێشمەرگەی ژن چ بووبێ، کە بە درێژای ساڵ پێکەوە کەوتوونە بەر هێرشی هەوایی و زەمینی و تۆپ باران و گەڵێک جار پێشمەرگەی ژن لە پەنا پێشمەرگەی پیاو شەهید بووە، کەسێک کە

رووحمی ئینسانی هەبێ، براژنە خانزادی عەبدوڵای مەحموودیان کە لە ئی سێوێ کەوتنە ژێر تۆپ باران دەگەڵ خێزانی کاک عوسمانە سوری چیان بە سەر هات.

گەڵۆ دەبێ نەخشی پیاوێک کە یەک وەزیفە بەرێوە دەبا لە نێو کۆمەڵ دا گەورەتروبەرچاو تر بێت لە نەخشی ژنێک کە هەم وەکوو ئەو دوو وەزیفە، بەرێوە دەبا، منداڵ بە سینگەوەو، تفنگ بە دەست دێتە مەیدان و شەر دەکات، لەو کاتەوە من هاتومە ریزی شۆرشگێرانی دێمۆکراتەوە، دەبینین ئەو منداڵانەی ئەو کات لە داوینی ژنی پێسمەرگە دا هاتوونە دوونیا و کێو بەکێو ، دۆڵ بە دۆڵ بە کۆڵی دایکیانەوە بوون و لە سەرماو گەرما پاراستوویانن، شەوانە تا بەیانی دەگەڵیان لە کوونە تەیارە دابوون و بە خواردنی زۆر سەرەتایی گەورەیان کردوون، ئەوانن کە ئێستا باسکی بە هێزی گەڵ پێشمەرگەن. ئاخ دوونیا چەند بێ وەفایە من لە داوێنم دا کەسێک گەورە دەکەم، کە رۆژی خۆی هەیە بەڵام ناوی من ونە و کەس باسی ناکات.

ئەی پیاوەکە کە من لە خۆشی و ناخۆشی دا شەریکت بووم. ئەی رۆڵەی کچ و کورم، کە بە شیری حەڵالی مەمکەم گەورەم کردی و لە گەرما و سەرما پاراستمی بۆچی لە رۆژی خۆتان لە ٢٦ی سەرماوەز دا ناوم ناهێنی.

ئەی پیاوی پێشمەرگە. تۆ خاوەنی دوو دایکی، یەکەم نیشتیمان و دووهەم ئەو دایکەی کە نۆ مانگ و نۆ شەو نۆ رۆژ و نۆ سەعات و نۆ دەقیقە و نۆ سانیە کە دە زگ و پشتی گێرای. منیش رۆژی خۆم واتا رۆژی دایکم هەیە و لەو رۆژە دا من ئێوە بەسەر دەکەمەوە و لە باوەشوو دەگرم ، رۆژی من رۆژی ئێوەشە، ئێوەش دەبێ ئاوا بیر بکەنەوە، رۆژی ئێوە تەنها بە فیداکاری ئێوە نەهاتۆتە دی، ئەگەر من نەبام نە تۆ نە ناوی تۆ نە دەبوو.

ئەی پێشمەرگە، من زۆر بەرلەوەی ناوی تۆ ببێتە بەشێک لە فەرهەنگی گەڵی کورد، لە دایک بووم، ناوی من سنوری هەموو قاڕەکانی تێپەرکردووە، سنووری داتاشراوی وەڵاتانی هەڵگرتووە، فەرهەنگی میرو ئاغا و دەرەبەگ و سەرمایەداری داگیر کردووە، ئەگەر من نەبام ئەوانە هیچیان نە دەبوون.

سۆزی من بە هەناوی گیاندارەکانیش دا چۆتە خوارێ و بۆنی باغ و بێستان و گوڵ و گیای داگیر کردووە، تۆش لە هەناوی دایکی گوڵ و باغ دا هاتوویە سەر دوونیا و بۆ ئازاد کردنی کوردستان ئامادەکراوی، بە بیری شۆرشگێری و ئازایخوازی و نەتەوەپەرستی فێرکراوی، هەر بۆیە گیانت لە سەر لە پی دەست داناوە و ئەوێشت بە دیاری بۆ دایکی یەکەم واتا کوردستان هێناوە.

هەر بۆیەش رۆژی ٢٦ی سەرماەز بۆ فیداکاری تۆ دیاری کراوە، بەلآم تۆ دەزانی لەمن زوڵم کراوە ناوی من، و فیداکاری من لەو رۆژە پیرۆزەدا زیندە بەگۆر کراوە.

ئەی پێشمەرگەی پیاو، ئەو کاتە کە تفنگەکەت لە شان دەکرد و بەرەو دەریای بێ پایانی خەڵک دەرۆیشتی، پاسەوانی منداڵەکانت کێ بوو، کە فرمێسکی بۆ دەرشتی و نان و خواردنی بۆ دروست دەکردی، ئەی منداڵە پێشمەرگەکەی ئەو سەردەمەو خەباتکاری ئیستا، بۆ چی خزمەتەکانی من ئاوا سادەو سووک لە بیر چونەوە.

منیش ئینسانم و پێشمەرگەی ژنم، لە ریزەکانی دێمۆکرات دا جودا لە هاوژیانی پێشمەرگەکان، زۆر شۆرەکچی جوان و رووح شیرین چەک بە دەست لە کوردستان پارێزگاری دەکەن، و وەکوو پیاو بیرو باوەر هەلی گرتوون و وەکوو هەڵۆ لە بەرزی دەنیشن و لە مەرگیش ناترسن، ئەدی پێم ناڵێن جیاوازی پێشمەرگەی پیاو،و پێشمەرگەی ژن لە کوێ دایە؟
من وەکوو هاوسەری یەک پێشمەرگە، کە هەموو ژیان و مالی خۆی لە رێگای رزگاری گەل دا داناوە. سەرەتا گلەیی لەو دەکەم و لەویش را گلەیی لە هەموو پێشمەرگە و پیاوەکانی ناو شۆرشی ئازادیخوازی نەتەوەی کورد دەکەم، کە نەخشی ژنی پێشمەرگەیان ئەوەندە کەم رەنگ کردۆتەوە و لە هیچ نوسراوەیەک دا باسی ناکەن.

ئێمەی پێشمەرگەی ژن، لە سەنگەری خەبات دا هیچمان لە پێشمەرگەی پیاو کەمتر نیە و خۆمان بە شەریکی رۆژی ٢٦ی سەماوەز دەزانین و پێم وایە، لەو نێوە دا حەق کوژی لە ناوی ژنی پێشمەرگە کراوە، خۆ لە کوردستان ئەو مافە بۆ پیاوی کاروانچی و ژنی کاروانچیش وەکیک لە بەر چاو گیراوە، دەڵین پیاوی کاروانچی و ژنی کاروانچی، چونکا هەر دووک یەک کاردەکەن.

لە خەبەرنیگارو رۆژنامە نوسی و خەلەبانی و دوکتۆریش دا ئەو مافە بە ژن دراوە کە هەر مووناسبەتێکی بەو ناوەبیت بەبێ لە بەر چاوگرتنی جنسی نێرو مێ حەق دراوە، بەلآم پێشمەرگەی پیاو پێی وایە، کە ٢٦ی سەرماوەز هەر بۆ ئەوی دیاری کراوە و مافی پێشمەرگەی ژن لەو نێوە دا فەوتاوە. دیتوتانە وێنەیەک لە ژن و پیاوی پێشمەرگە، لەو رۆژە دا.

ئارەزو دەکەم، کە رۆژێک بێت و خەباتی ژن و پیاو لە جوڵانەوەکانی کوردستان دا وەکوویەک رێزی لی بگیرێ و بە چاوی بەرابەری لە هەردووک لا بروانەرێ.

سەرچاوە: ماڵپەری یەکیەتی ژنانی دیموکراتی کوردستان - رێکەوتی: ٢٥ی مای ٢٠١٢

# لەدایکبوونی وشەی پێشمەرگەو دیاریکرانی رۆژی پێشمەرگە

(بە بۆنەی رۆژی پێشمەرگەوە)



مستەفا مەعرووفی

دیاریکرانی رۆژی پێشمەرگە بۆخۆی هەڵگری دوو رووداوە؛ یەکەم، دیاریکردنی ناوی پێشمەرگە، دووەم، دیاریکردنی رۆژی پێشمەرگە. وشەی پێشمەرگە یادگاری سەردەمی کۆماری کوردستان لە ساڵی ١٣٢٤دایە. شەهید د. عبدولرەحمانی قاسملوو لە کتێبی "چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادی"دا لە بارەی وشەی پێشمەگەوە نووسیوەتی:"پاش دامەزرانی کۆماری کوردستان کۆڕێکی ئەدەبی لە مەهاباد پێک هات بۆ ئەوە لە باتی وشەی فارسی و عەرەبی وشەی کوردیی رەسەن بۆ زاراوەکانی نێو سوپا بدۆزنەوە. یەکەم زاراوە کە پێویست بوو دابنرێ بەرامبەر بە وشەی سەربازی فارسی کە ئازەربایجانییەکان کردبوویان بە فیدایی. گۆیا ئەدیبەکان هیچیان بۆ نەدیترابۆوە تا پیاوێکی پیری دنیادیتوو کە چای بۆ دەهێنان پێی گوتن: کورد بە پیاوی لەخۆبردوویان دەگوت"پێشمەرگە"."."

لەو کاتەوە وشەی پێشمەرگە بۆ خەباتکاران و ئازادیخوازانی کورد بەکاردێ. لە راپۆرتێکدا کە لە بارەی مەراسیمی دامەزرانی کۆماری کوردستان لە ٢ی رێبەنداندا لە ژمارە ١٠ی رۆژنامەی کوردستانی سەردەمی کۆمار، تاریخی ١٥ی رێبەندانی ١٣٢٤دا بڵاو کراوەتەوە، بۆ یەکەمجار وشەی "پێشمەرگە" بەکار هاتوە. بەڵام بڕیار لەسەر ئەوەکە وشەی پێشمەرگە لە جیاتی سەرباز بەکار بێ، دەگەڕێتەوە بۆ بڕیارێک کە لە رۆژی ١٥ی رێبەندانی ١٣٢٤ (٤ی فیورییەی ١٩٤٦) لە کۆبوونەوەی ئەفسەرانی کۆماردا دراوە. ئەو بڕیارە بۆ رۆژنامەی کوردستان، ژمارە ١٢ی ٢٠ی رێبەندان نێردراوە و لە لاپەڕی ٣ دا بە ئیمزای (مرادی) چاپ بووە. لەو بڕیارەدا ٣٥ زاراوەی سوپا بە کوردی لە بەرامبەر زاراوە فارسییەکاندا

دانراون، یەکەم زاراوە وشەی "پێشمەرگە" یە کە لە بەرامبەر وشەی فارسیی "سرباز"دا دانراوە.

بنەمای دیاریکردنی رۆژێک بە ناوی پێشمەرگەوە دەگەڕێتەوە بۆ رووداوێکی مێژوویی پاش دامەزرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان، بەر لە دامەزرانی کۆماری کوردستان: لە رۆژی ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٢٤( ١٥ی دیسامبری ١٩٤٥)دا بۆ یەکەمجار خەونی کورد بۆ هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە شاری مەهاباد وەدی هات. لەو رۆژەدا ئاڵای کوردستان بەشکۆیەکی زۆرەوە هەڵدراوە و پاشان ئەو رێورەسمە لە شارو ناوچەکانی دیکەی ژێر دەسەڵاتی حیزبی دیموکراتی کوردستانیش بەڕێوە چووە.

٣٠ ساڵ لەوە پێش لە ساڵی ١٣٦٣ی هەتاوی (١٩٨٤)دا دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان لەسەر پێشنیاری مامۆستا عەبدوڵلا حەسەنزادە بۆ دیاریکردنی رۆژێک بە ناوی پێشمەرگەوە،رۆژی ۲۶ی سەرماوەزی وەک رۆژی پێشمەگەی کوردستان دیاری کرد.

ئەو رۆژە وەکوو رۆژێکی سەمبولیک بۆ رێزگرتن لە مەقامی بەرزی پێشمەرگە و فیداکاری و لە خۆبردوویی پێشمەرگە دیاری کراو و لەو کاتەوە هەموو ساڵێک لەو رۆژەدا رێوڕەسمی تایبەتی بۆ ناو و یادی پێشمەرگە پێک دێ.

### جوغرافیای وشەی پێشمەرگە

وشەی پێشمەرگە هەر لە سەردەمی کۆماری کوردستانەوە کەوتۆتە سەر زار و زمانان. جگە لە تێکۆشەران و خەباتکارانی ئەو کاتی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی ئەو بەشە لە سوپای کورد لە خزمەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان و کۆماری کوردستان دابوون، ئەم وشەیە بوو بە نازناوی ئەو تێکۆشەرە کوردانەی کە لە باشووری کوردستانەوە روویان کردبووە رۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی بارزانییەکان کە لە سوپای کۆماردا دەورێکی کاریگەریان هەبوو. هەر لەو سەردەمەوە وشەی پێشمەرگە رۆژهەڵات و باشووری کوردستانی گرتۆتەوە.

دوای ئەم قۆناغە کاتێک حیزب و رێکخراوی دیکەی کوردی لە رۆژهەڵات و باشووری کوردستان دامەزران وشەی پێشمەرگە بۆ تێکۆشەرانی ئەو حیزب و رێکخراوانەش بەکار هات. ئەگەر لە مێژووی نزیک بە ٧٠ ساڵەی لە دایکبوونی پێشمەرگەوە حیزب و رێکخراوە کوردییەکان بە داخەوە ناکۆکی و تەنانەت دوژمنایەتییەکانیان لە هاودەنگی و هاوکاریی نێوانیان زیاتر بووە، بە خۆشییەوە لە بەکار هێنانی نازناوی پێشمەرگەدا بۆ تێکۆشەرانیان هاودەنگ بوون.

تەنانەت دوژمنانی کوردیش بۆ لەبار بردنی پیرۆزیی پێشمەرگە کەڵکی خراپیان لەو ناوە وەرگرتوە. کۆماری ئیسلامی وشەی پێشمەرگە بە پاشگری مسوڵمانەوە بۆ ئەو کەسانە بەکار دێنێ کە بە کرێیان دەگرێ و لە دژی "پێشمەرگە" رایان دەگرێ. بەڵام زاراوەی "پێشمەرگەی مسوڵمان" هیچ کات جێگای وشەی "جاش"ی نەگرتەوە و نەکەوتە سەر زارو زمانان.

ئەمڕۆ لە کاتێکدا کە وشەی پێشمەرگە سنووری کوردستانی بڕیوە و چووەتە نێو فەرهەنگی وشەی بێگانانیش و تەنانەت لە سەرانسەری جیهاندا کوردی پێ دەناسرێتەوە، لە هەموو پارچەکانی کوردستان ئەو وشەیە بۆ خەباتکاری کورد بەکار نایە. لە باکووری کوردستان وشەی ئیتالیایی "گەریلا" بۆ تێکۆشەر و گیانبازی کورد بەکار دێ.

## پێشمەرگە لە فەرهەنگ و ئەدەبیاتدا

هەرکە وشەی پێشمەگە داکەوت، بوو بە مایەی شێعرە هەر بەپێزەکانی شاعیرانی ناوداری کورد،بە تایبەتی لەسەردەمی کۆماری کوردستان لە شێعرەکانی دوو شاعیری گەورەی کورد هێمن و هەژاردا.

ئیدی لەوکاتەوە پێشمەرگەو ئەدەبیاتی کوردی لە دوو بارەوە دەستلەملانی یەکتر بوون: یەکەم، پێشمەرگەی ئەدیب و دووەم، ئەدەبیاتی پێشمەرگانە.

ئەگەر چاوێک بە ژیانی شاعیران و هونەرمەندانی ناسراوی کورد لە رۆژهەڵات و باشووری کوردستاندا بخشێنی بە دەگمەن ئەدیب یان هونەرمەندێک شک دبەی کە ماوەیەک یان هەتا سەر پێشمەرگە نەبووبێ. لە نێو ئەواندا پێشمەرگەی شاعیرو هونەرمەند کە شەهید بوون بە داخەوە کەم نین.

ئەدەبیاتی پێشمەرگانە لە نێو ئەدەبیاتی کوردیدا یەکجار دەوڵەمەندە. پێشمەرگە لە هەموو ژانرە ئەدەبییەکانی کوردی دا: لە شێعر، رۆمان، چیرۆک، شانۆ، فیلم، وێنە کێشان، سروودو گۆرانی و...دا حوزووری پڕڕەنگی هەیە. تەنانەت پێشمەرگە بۆتە بەشێک لە ئەدەبیاتی فۆلکلۆریک، واتە هەڵقوڵاوی ناخی کۆمەڵایەتیی خەڵک کە روون نیە خاوەنەکی کێیە. جێی سەرنجە کە ئەدەبیاتی پێشمەرگانە تەنیا رەنگدانەوەی هەستی پیرۆزی ئازادیخوازی و نیشتمانیی ئەدیبانی کوردە کە قازانجی ئابووریی لە پشت نیە. تەنانەت ئەدیبانی کورد سەبارەت بە دەربڕینی بیری ئازادیخوازی و پێشمەرگانە، جگە لەوەی ماڵ و سامانیان لەدەست داوە، گیانیشیان کەوتۆتە مەترسییەوە، بە پێچەوانەی دەوڵەتە دیکتاتۆرەکان کە سەرەڕای خەرجکردنی پووڵ و بوودجەیەکی زۆر هونەر و ئەدەبیاتێکی قەڵب و بێنێوەڕۆک بەرهەم دێنن.

## رۆڵی پێشمەرگە لە بزووتنەوەی کوردستاندا

هەرچەند لە قۆناغی خەباتی ئازادیخوازانەی بزووتنەوەی کورددا بە تایبەتی لە رۆژهەڵاتی کوردستان هەر حیزبێک هێزی پێشمەرگەی خۆی هەیە، بەڵام بزووتنەوەی کورد لەسەر شانی پێشمەرگە و لە سایەی فیداکاریی پێشمەرگە درێژە بە ژیانی سیاسیی خۆی دەدا. لە راستیدا هێزی پێشمەرگە نەیهێشتوە خەونی لەنێوچوون و گیرانی تێکۆشەرانی کورد وەدی بێ. زامنی پاراستنی بزووتنەوەی کورد هێزی پێشمەرگە بووە. تێکۆشەری سیاسیی کورد لە کاتێکدا کە مەترسیی مەرگی لەسەرە، تەنیا زامنی پاراستنی ئەو، چەکی دەستیەتی، بۆیە هەرلەو کاتەدا کە تێکۆشەرێکی سیاسییە، پێشمەرگەشە. ئەگەر پێشمەرگە و پێشمەرگایەتی نەبوایە ئاسەوارێک لە بزووتنەوەی کورد نەدەما.

لەو کاتەوە پێشمەرگە لەدایک بووە، دوژمنە رەنگاورەگەکانی کورد کە بە چەکی وڵاتانی بێگانە تەیارن خۆیان لە هیچ چەشنە جینایەتێک لە دژی کورد و پێشمەرگە نەپاراستوە. لە کۆنەوە باو بووە کە دەڵێن تەنیا پشت و پەنای کورد چیاکانن، ئەم قسەیە لانی کەم هەتا ئێستا لە بارەی رۆژهەڵاتی کوردستانەوە راستە، لە چیاکانیش تەنیا شتێک کە بزووتنەوەی کورد و پێشمەرگە دەپارێزێ چەکەکانیانە.

## جیاوازیی پێشمەرگە لەگەڵ سەرباز

وشەی پێشمەرگە هیچکات بەرامبەر بە وشەی سەرباز نیە، چونکە سەربازی زۆرەملییە، ئەگەر کەسێک لە ئەرتەشدا بمێنێتەوە پلە و پایەو ئیمتازاتی ئابووریی زیاد دەبێ. بەڵام پێشمەرگایەتی لەسەردەمی خەبات بۆ ئازادیدا نە بە زۆرە ملییەو نە ئیمتیازاتی ئابووری لەپشتە، تەنیا بیری ئازادیخوازی و نیشتمانپەروەری هەوێنی پێشمەرگایەتییە.

پێشمەرگەی کورد بە پێچەوانەی سەربازانی وڵاتانی زاڵ بەسەر کوردستاندا کە باری رەگەزییان هەیە و لە جینسی نێر پێک هاتوون، پێشمەرگەی کورد جیاوازیی رەگەزی ناناسێ. ژنان و پیاوانی کورد، کوڕ و کچ شانبەشانی یەک لە هەموو مەیدانەکانی خەبات دا تێدەکۆشن. لە راستیدا پێشمەرگایەتیی ژنان پێناسەیەکی دیکەی بە ژن لە کۆمەڵی کوردەواری دا بەخشیوە. نەتەوەیەک وەک نەتەوەی کورد کە ژنانی شانبەشانی پیاوانی لە پێناو ئازادی و نیشتیمانەکەیاندا گیانی خۆیان دادەنێن، ئاسۆیەکی روون و دیاری لە دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و نەمانی ستەمی جینسی دا لە پێشە.

## ڕەسالەتی پێشمەرگە

دەبێ دان بەوە دابێنین هەتا ئێستا "پێشمەرگە" پڕ بە مانای خۆی پێناسە نەکراوە. کە ناوی پێشمەرگە دێ، ئەفرادی چەکداری حیزبە کوردییەکان بە بیرو زەینی خەڵکی دا دێ. لە کاتێکدا لە بەرنامەی زۆربەی حیزبە کوردییەکاندا هێزی پێشمەرگە ئاسایش و ئەمنییەتی کوردستان دەپارێزێ کە نابێ سەر بە حیزبێکی تایبەت بێ. پێشمەرگە، پێشمەرگەی کوردستان و حکوومەتی کوردییە نەک حیزبەکان. لە بەرنامەی حیزبەکاندا، حیزب کاری سیاسی دەکا نەک نیزامی، بەڵام هێزی پێشمەرگە کاری نیزامی دەکا و ئەرکی پاراستنی کوردستانە نەک پاراستنی ئەحزاب. لە باشووری کوردستان کە کورد چارەنووسی خۆی بەدەستە کار بۆ ئەوە دەکرێ کە هێزی پێشمەرگە سەر بە حکوومەتی کوردستان بێ و پێویستە حیزبەکان لە پێشبڕکێی سیاسی دابن تاکوو لە شەڕو کێشەی نیزامیدا. لە مێژووی کورد دا هەرکات حیزبەکان لە شەر و کێشە دابوون بە داخەوە پێشمەرگە لە بەرامبەر پێشمەرگەدا راوەستاوە و تەنانەت یەکتریان شەهید کردوە. بۆیە ئەرکی واقعیی پێشمەرگە بەر لە هەر شتێک دەبێ ئەرکێکی نیشتیمانی بێ تاکوو حیزبی.

لەسەردەمی کۆماری کوردستاندا هێزی پێشمەرگە مەرج نەبووە کە تەنیا لە ئەندامانی حیزبی دیموکرات پێک بێ، بارزانییەکان و تێکۆشەرانی کوردی باشوور کە لە ریزی هێزی پێشمەرگەی کوردستاندا بوون ئەندامی حیزبی دیموکراتی کوردستان نەبوون، تەنانەت هەر لەو کاتەدا کە ئەوان لە هێزی پێشمەگەی کوردستاندا بوون، بە سەرۆکایەتیی نەمر مەلا مستەفا ساڵێک دوای دامەزرانی حیزبی دیموکرات، پارتی دیموکراتی کوردستان دامەزرا. کەوابوو ئەو کات لانی کەم دوو حیزب، تەنانەت لە دوو پارچەی کوردستان بە یەک هێزی پێشمەرگەوە لە کۆمار دا هەبوون.

لە قۆناغی ئازادی و دەسەڵاتی کوردی دا کە بە داخەوە لە رۆژهەڵاتی کوردستان ماوەکەی کورت بووە، ڕەسالەتی پێشمەگە پاراستنی کۆمار لە مەترسییەکان و دابینکردنی نەزم و ئاسایشی کوردستانە.

لە قۆناغی خەبات بۆ ئازادی دا ئەرکی پێشمەرگە لە لایەک بەربەرەکانی لە دژی مەترسییەکانی رێژیمە دیکتاتۆرەکانە و لە لایەکی دیکەش پاراستنی بزووتنەوەی کورد و تێکۆشەرانی کوردە. لەم قۆناغەدا تێکۆشانی حیزبی و سیاسی لەگەڵ پێشمەرگایەتی لێک جیا ناکرێنەوە. ئازادیخوازی کورد هەمیشە مەترسیی دوژمنانی لەسەرە، بۆیە هاوکات لەگەڵ تێکۆشانی سیاسی دا ئەرکی پێشمەگایەتییشی دەکەوێتە سەر شان. بۆیە پێشمەرگە هەر لەو کاتەدا کە چەکی دیفاع و بەربەرەکانیی بە دەستە، دەکرێ ڕوونکبیرێکی سیاسی، نووسەر، شاعیر، هونەرمەند و خوێندەوارێکی شارەزاش بێ.

وێنایەکی گشتی لە پێشمەرگە: پێشمەرگە بریتییە لەو پیاو و ژنە کوردانەی کە توانا ئینسانییەکانی خۆیان خۆ بەخشانە لە پێناوی ئازادی و مافەکانی نەتەوەکەیاندا تەرخان دەکەن و لەو ڕێگایەدا ئامادەن گیانی خۆیان ببەخشن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٧ی دێسەمبەری ٢٠١٤

---------------------------------------

## ٢٦ی سەرماوەز ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان



**کاوە بەهرامی**

٢٦ی سەرماوەزی ١٣٢٤ ڕۆژێکی مێژوویی بە گشتی بۆ گەلی کورد و ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بە تایبەتی خەڵکی مەهاباد بوو. لەم ڕۆژەدا ئاخرین پاشماوەی پۆلیسی ڕێژیمی پاشایەتی لە شاری مەهاباد تێکەوە پێچرا.

خەڵکی مەهاباد بە شێوەیەکی خۆبەخشانە چۆنیەتیی پارێزگاری کردن لە سەر و ماڵی خۆیانیان بە دەستەوە گرت، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرۆکایەتی پێشەوا قازی محەممەد بە پێڕەو و پرۆگرامێکی سەردەمیانەی ئەو کات جێگای متمانەی خەڵکی کوردستان بە گشتی و مەهاباد بە تایبەتی بوو.

هەر بۆیە لەلایەن پێشەوا قازی محەممەد لەسەر پێشنیاری پێشمەرگەیەک، ناوی پڕ لە نێوەرۆک و هێزی ڕزگاریخواز و پارێزەری کورد و کوردستان، بە "پێشمەرگەی کوردستان" دیاری کرا و لەو کاتەوە تا هەنووکە پێشمەرگە وەک سەمبولی ئازادی، ڕەمزی ڕزگاریی گەلی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان وەک ئاوێنەیەکی بێگەرد ماوەتەوە و ڕیشەیەکی وەهای داکوتاوە کە پاش ٦٩ ساڵ لە نێو کۆڕ و کۆبوونەوە نێونەتەوەییەکانی وەک پارێزەری کەرامەتی مرۆڤ و هێزی دژە تیرۆر

دەناسرێت و لە هەمان کاتدا رژێمی سەدە ناوەڕاستی کۆماری دژی گەلی ئیسلامیی ئێرانیش بە ناو بۆتە پاڵپشتی پێشمەرگە و هاوشان لەگەڵ ئەوان بۆ مەبەستی تایبەتیی خۆی لەگەڵ تیرۆریستانی داعش دەجەنگێ، بەڵام گرینگ ئەوەیە ئەو ناوە پرشنگدارە هەنووکەش وەک ئاوڕێک بۆ جەستەی کۆماری ئیسلامی و دوژمنانی گەلی کورد جێگای مەترسییە و هێمای راستەقینەی پارێزەرانی کوردستانە.

پاش ٦٩ ساڵ بە داخەوە دۆخی پێشمەرگە لەو شوێنە کەلە دایک بووە لاوازە، هۆکاری ئەوش دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی یەکیەتی لە ناو ریزەکانی کورد لە رۆژهەلات بە گشتی و بە تایبەت حیزبی دێموکرات و دوژمنانی دێموکرات هەموو کاتێک لە جیابوونەوەکان بە قازانجی ئامانجەکانی خۆیان کەڵکیان وەرگرتووە. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە لە بەر چاوگرتنی بارودۆخی ئێران و رۆژهەلاتی کوردستان لە کۆنگرەی ١٥ی خۆیدا بڕیاری داوە هەوڵ بدرێ بۆ ئەوە هاوڕێیانی پێشوو کە لە کۆنگرەی ١٣دا جیابوونەوە جارێکی دیکە لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێکەوە درێژە بە خەبات بدەن.

هەر بۆیە بۆ هەرچی پتەوتر کردنی ریزەکانی پێشمەرگە و گەڕانەوەی شوناسی راستەقینەی شوێنی لە دایکبوونی پێشمەرگە، یەکیەتی ریزەکانی ئوپۆزسیۆنی رۆژهەلاتی کوردستان پێویستییەکی حاشا هەڵنەگرە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەک داهێنەری ناوی پێشمەرگە و دامەزرێنەری هێزی پێشمەرگە و دیاریکەری رۆژی پێشمەرگە، قەت ئامادە نەبووە بەرژەوەندی نەتەوەیی، فیدای بەرژەوەندیی حیزبی بکات.

بانگەوازی حیزبی دێموکرات لە سەرەتای شۆڕشی گەلانی ئێران بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی ئێرانی و هەروەها کوردستانی بەردەوام بووە. تەنانەت لە زۆر بواردا سینگ فراوانی لە خۆی نیشان داوە. هەنووکەش ئاڵا هەڵگری یەکیەتی و پێکەوە بوونی هێزە کوردستانیەکانە.

دۆستایەتیی ئەم حیزبە لەگەڵ دەروجیران هیچ کاتێک لەسەر زەربە لێدان و کەم کردنەوەی بەهای پارچەکانی دیکەی کوردستان نەبووە. بە داخەوە هەندێک حیزب و لایەن لە سۆنگەی کۆماری ئیسلامییەوە چاو لە حیزبەکانی رۆژهەلات دەکەن. ئەو بایەخەی کە لەلایەن حیزبەکانی رۆژهەلاتەوە بۆ پارچەکانی دیکە و بە تایبەتی هەرێمی کوردستان دانراوە بە حیسابی لاوازیی و بێ ئیرادەیی پێشمەرگەی رۆژهەلاتی سەیری دەکەن. سیاسەتڤانانی کورد دەبێ لە هەلومەرجی هەنووکەییدا بە چاوێکی ئاواڵا سەیری گۆڕانکارییەکان بکەن و نەکەونە ژێر کاریگەری و مودیریەتی کۆماری ئیسلامی کە بۆ

پەرە پێدانی سیاسەتەکانی خۆی لە ناوچە لە هەموو تەرفەندەکان بۆ لاوازکردنی کورد کەڵک وەردەگرێ.

لە وەها هەلومەرجێکدا بەرچاو گرتنی هاوسۆزی و هەستی نەتەوایەتیی ڕۆژهەڵات بە حیسابی کۆماری ئیسلامی و دڵسۆزی ئەوان نیشاندەرە.

خەڵکی کوردستانی ڕۆژهەڵات لە بۆنە و موناسیبەتەکان، یان پشتگیری لە پارچەکانی دیکە لە کاتی بەرزکردنەوەی دروشمەکان پێویستە بە چاوێکی کراوە سەیری هەر چەشنە گۆڕانکاریەک بکەن زۆر جار دەست و پێوەندیەکانی کۆماری ئیسلامی بە ئامانجی تایبەتیی خۆیان لە نێو خۆپیشاندانەکان دروشمی دیاریکراو ئەدەن، بەرز دەکەنەوە ڕێگەدان بۆ وتنەوەی ئەو دروشمانە دژی هەر لایەنێک لەلایەن کۆماری ئیسلامیەوە مەبەستی تایبەتیی خۆی هەیە، کاتێک بۆ پشتگیری لە کۆبانێ ڕێگا بە خۆپیشاندان دەدا و داوا دەکەن دژی تورکیە دروشم بەرز بکرێتەوە، دەبێ بیر لەوە بکەینەوە کە بەشار ئەسەد بە درێژایی چەندین ساڵ کوردی لە ڕۆژئاوا ژینۆساید کردووە و هەنووکەش دەست لە دەسەڵات هەڵناگرێ. دەبێ لە خۆمان پرسیار بکەین بۆ لەو خۆپیشاندانانە هیچ ئاماژەیەک بە بەشار ئەسەد نەکرا؟ پێویستە بیر لەوە بکەینەوە کە ئایا لەو هەل و دەرفەتانە کە دەستمان دەکەون، بێ دەنگ بین، یان دەبێ دروشمی ئێمە بە گشتی دژی داگیرکەرانی کوردستان بێ.

با هەموومان پێکەوە ساڵرۆژی لە دایک بوونی پێشمەرگە لە کوردستان بکەین بە دروشمی پراکتیکی بۆ یەکریزیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هەتا هاوسەنگی هێز لەم دەڤەرەی کورستان کاریگەریی لە سەر گۆڕانکارییەکان، کاریگەرتر بێ. ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی چیدیکە ژێستی کاراکتەرێکی ئاشتیخواز، کورددۆست نەگرێ و ئێرانیش وەک وڵاتێکی بێ کێشە و ئارام و سەقامگیر لە بیروڕای گشتی پیشان نەدا.

سەرچاوە : ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی : ٩ی دێسامبری ٢٠١٤

------------------------------------------

# سروشت و سیمای راستەقینەی پێشمەرگە



حوسێن نازدار

پێشمەرگە ئەو مرۆڤە راستەقینەیە کە لە پێناو رزگاری و ئازادی و بەختیاریی گەل و نیشتیمانەکەیدا، لە هەموو خۆشی و ئاسوودەییەکی ژیانی گوزەراوە و لەو رێبازەدا بە شێوازی رەوا و گونجاو، شێلگیرانە، ئازایانە و چالاکانە خەبات دەکات. پێشمەرگە ئەو مرۆڤە مافخوازەیە کە دژی چەوسانەوەی مرۆڤ بەدەستی مرۆڤە و لەپێناو بنبڕکردنی هەرچەشنە ستەمێکی چینایەتی، رەگەزی، ئایینی، نەژادی و نەتەوایەتیدا خەبات دەکات.پێشمەرگە ئەو مرۆڤە تێکۆشەرەیە کە لە پێناو چەسپاندن و سەرکەوتنی دێموکراسی، مافی مرۆڤ، مافی نەتەوایەتی، فرەچەشنی و پلۆرالیزمی سیاسیدا خەبات دەکات. پێشمەرگە ئەو مرۆڤە ژیر و بیر کراوەیە کە لە پێناو بەرزکردنەوەی هەستینیشتمانپەروەری، هۆشیاری نەتەوایەتی و بەهێزکردنی ئیرادەی سیاسیی گەلەکەیدا خەبات دەکات.پێشمەرگە ئەو مرۆڤە پێشکەوتنخوازەیە کە لە پێناو چاکسازی، نوێبوونەوە، گۆڕان و گەشەی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووریی نیشتمانەکەیدا خەبات دەکات.پێشمەرگە ئەو مرۆڤە خۆشناو و دەست و زمان و داوێنپاکەیە کە پارێزگاری لە حورمەت و کەرامەتی مرۆڤ، سەروەت و سامانی گشتی، مێژوو، زمان، کلتوور و کەلەپووری رەسەنی نەتەوەو نیشتیمانەکەی دەکات. پێشمەرگە ئەو مرۆڤە هۆشیارەیە کە بە زانین و تێگەیشتنەوە یاسا و رێسا و دیسیپلینی گەل و نیشتیمانەکەی پەسەند دەکات و لە پێناو سەلماندن و چەسپاندن و سەرکەوتنیدا خەبات دەکات. پێشمەرگە ئەو مرۆڤە ئاشتیخوازەیە کە لە مەیدانی "شەڕی رەوا و وتوویژی شەرافەتمەندانە و ئاشتیی سەربەرزانە و دادپەروەرانە"دا، لێهاتوو و ئازا و چاونەترسە.پێشمەرگە چرای رووناکیی رێگای خەباتە، سۆمای چاوە، چاوگەی هیوایە، قەڵای ورەیە، باسکی بەهێزی گەلە و پارێزەری راستەقینەی کورد و کوردستانە. سروشت و سیمای راستەقینەی پێشمەرگە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی رۆژهەڵات تایمز - رێکەوتی : ١٨ی دێسامبری ٢٠١٥

" بۆ ۲٦ی سەرماوەز؛ بەیادی ئەو دایکوخوشکانەی کە هەرگیز چاویان بە ئازا پیاوەکانیان نەکەوتەوە."



**سیامەند شێخ ئاغایی**

**گەڕانەوە**

ماوەیەکی دوورو درێژ بوو، ناوچەکەیان کەوتبووە ژێر دەسەڵاتی دوژمن. لەو ماوەیەدا 'ئاسۆ' لەبەر زەبرو زەنگی جاش و خۆفرۆشان نەیتوانیبوو بگەڕێتەوە ماڵ،

هەواڵێکی ڕوون و ئاشکرا لە چۆنییەتی ژیان و گوزەرانی دایکو خوشکی وەدەست بێنێ. ئاخر ئەو تەنیا نانهێنەرو بەڕێوەبەری بنەماڵەکەیان بوو، بەبێ یارمەتی ئەو گوزەران بۆ دایک و خوشکی دژوار بوو.

نیوە شەو بوو. خەم و خەیاڵ خەوی لە چاوان تاراند. خۆی گلۆڵە کردەوە بەتانییەکەی توند دەخۆی یەوە پێچا. بیری دایک و تاکە خوشکەکەی 'نازێ' تەنانەت بۆ ساتێک لە مێشکی نەدەچووەدەر، هەرجارە کە بەم فیکرە دەگەیشت کۆری خەبات بەجێ بێڵێ و بچێ لەلای دوژمن ئەماننامە وەرگرێ، مچوڕک بە تەواویی ئەندامی دا دەگەڕا. بەڵام لەلایەکی دیکەوە ویژدان ڕێگای پێ نەدەدا لە ئاست چارەڕەشی خۆشەویستەکانی بە بێدەنگی چاو بنوقێنێ! سەرەنجام پاش بەربەرەکانێکی زۆر لەگەڵ خۆی کازیوە بەیانی کە هێشتا خۆر سەری لە کەل وەدەر نەنابوو. بەبێ دڵی بڕیاریدا بەمەبەستی خۆ بە دەستەوەدان سەرهەڵگرێ و ریزی شۆڕش بەجێ بێڵێ. هەستایە سەرپێ، لە بنکەی شۆڕش وەدەرکەوت، بە زاری ویشک و تاڵ ڕێگای پڕ لە هەورازو نشێوی بەرەو چارەنووسی نادیار گرتە پێش.

ئەو ڕۆژە کەژو کێوو پێدەشت بەگشتی چووبوونە ژێر بەفرێکی قورس و لە هیچ لایەکەوە چووکترین ڕەشانگ نەدەبیندرا. ڕێگا بەستەڵۆک و لە زۆر شوێنان بەفر شەقڵی نەشکابوو. ئاسۆی بیر ئالۆزو هەژاو لەنێو پێچی ڕێگایەدا بڕیاری دا پێش خۆ بەدەستەوەدان بچێتەوە دێیەکەی خۆیان لە پێشدا سەرێک لە دایک و خوشکەکەی هەڵێنێ و جاپاشان.

ئێوارە بوو، گەیشتە ئاستی گردێک کە بەسەر گوندەکەیاندا دەیڕوانی. لە پەنای گابەردێک ڕاوەستاو چاوێکی حەسرەتباری بەدیمەنی ئاوایی داخشاند کە بە بەر لاپاڵی کێوێکەوە کۆم و لار لە ژێر بەفرو سەهۆڵبەندان مات ببوو. لەسەر گردی پشت ماڵان پێگەیەکی دوژمن جێگیر ببوو کە لەوێڕا بەسەر دەوران پشتدا چاوەدێری دەکرد.

ماوەی ڕاوەستانەکە نەزانرا چەندەی خایاند کە وەئاگا هاتەوە، دیتی بێدەنگی شەو بەسەر وڵات دا کشاوە. لە تاک تاکی ماڵان نەبێ ڕووناکاییەکی کزەڵۆکە دەهاتە بەرچاو، دەنا لەبەر هروژمی سەرماو تۆف بێجگە لە گاڵەی با و لوورەی سەگان تێکەڵ بە تەک تیری ترسەنۆکانەی بنکەی دوژمن سەدایەکی دیکە نەدەبیسترا!

ئاسۆ لە پەنا هاتەدەر گورج خۆی گەیاندە نێو پۆلە چناری بەرماڵان کە بەچەشنێک ئاودڕێک نێو دارستانەکەی بە دوو بەش شەق کردبوو، بە ئارامی بە سەر بەفرو سەهۆڵبەندانی لێواری ئاودڕەکەدا بازدی دایە ئەوبەرو بەپەلە لە پشت دارێکی ئەستوور پەنای گرت. پاش هەڵوەستەیەکی کورت خایەن ئەوسا توندوتۆڵ خۆی گەیاندە بن دیواری ماڵەکەی خۆیان و بە ئەسپایی خۆی خزاندە نێو حەوشەی ماڵێ. هەمدیسان پەنای گرتەوەو بۆ ماوەیەک چاوی لە دەرگای ماڵێ بڕی، دیتی:

ڕووناکایەک بەحاستەم لە دەرزی دەرگاوە دزەی کردۆتە دەر لەگەڵ گێژەڵووکە و بارن تێک دەئاڵقا. ئاسۆ بۆ ئەوەی کتوپڕ لە دایک و خوشکی وەژوور نەکەوێ زۆر بە پارێزەوە کەمێکی دیکە چوویە پێش بۆ جارێکی دیکە بە تێلایی چاوان لە دەرگای ماڵی وردبووە، هاوکات بەخۆی گوت:

- "بێتوو ئێستا کوتوپڕ لێیان وەژوور کەوم و پێیان بڵێم بە یەکجاری گەڕاومەوە! لەوانەیە هەردووکلا لەخۆشیان شاگەشکە بن و بلێن:

- "ئاسۆ چاکت کرد گەڕایەوەو لە تەنیایی و بێ کەسی ڕزگارت کردین!" دەزانم یەکەم وشە دایکم دەڵێ:

- "کوڕەکەم! کوا ئەوە شەرەف و ویژدانە؟ تۆ زیاتر لە دوو ساڵە، بێ ئەوەی بزانی ئێمە ماوین یان مردوو، من و تاقە

خوشکێکی جوان و جحێڵت لە کونجە خانوویەکی وێرانەدا بەجێهێشتووە؟ پیاویی خاوەن شەرەف! هەر کەمێک بیرت لەوە کردبایەوە زانیبات لە پاش مەرگی بابت من بەچ ڕەنج و مەینەتێک تۆم گەورە کرد؟ بەڵام هەرکە تەمەنت گەیشتە ئەوکاتە دەستی دایک و خوشکی خۆت بگری و نیازیان بەجێ بێنێ، پشتت تێکردین و لێتداو ڕۆیشتی!؟"

سەرما قوولەی دەکرد، بەڵام ئاسۆ لە حاستەخۆ تاسابوو، بێ ئاگا لە تەزووی سەرماو برسێتی لەگەڵ ئێش و ئازاری دەروون دەست لە ملان بوو نەیدەزانی بەچ ڕوویەک و بەچ لەونێک لە دایک و خوشکی وەژوور بکەوێ و لەکاتی ڕووبەڕوو بوونەوەدا چ بڵێ!؟

لەلایەکی دیکەوە بەهیچ لەونێک بۆی قووت نەدەدرا پاش ئەو هەموو گیانفدایی و ئازایەتییە لەنێو شۆڕشدا نواندبووی ئێستا یەکدابەدوو بچێتە ژوور بەپاڕانەوە داوای لێبوردن لە دایکی بکاو بڵێ:

- : ڕێگاکەم چەوت بوو! دەمەوێ لەسبەی ڕا بچم خۆم تەسلیمی دوژمن بکەمەوە!"

بەخۆی گوت:

-"نا نا! هیچ وەختانێک ئەوە ناسەلمێنم!... نا! بیرو باوەڕم پیرۆزە...! چۆن دێم لەڤە لە ڕابردووی پڕ لە شانازی خۆم دەدەم؟!... بەڵام سەرەڕای هەموو ئەوانە دەزانم دایکم گەڕانەوەکەمی پێ خۆش دەبێ! دەزانم 'نازێ' زیاتر لە دایکم... ئاخر خوشکە بێ نازەکەم لەبەر خاتری منە تاکوو ئێستا دەستی بە ڕووان گرتووەو شووی نەکردووە!... دەی بڕۆ پێش! دەی!... بۆچی وا لەبەر ئەم سەرماو تۆفە داماوی؟" بەڵام نا، جارێکی دیکە لەنێو تاریکایی شەودا زۆر خێرا چاوی بە دەرک و بانی ماڵەوێرانەکەی دا خشاندەوەو دیتی:

تەویلەو کادێنەکەیان بەسەر یەکدا تەپیون. ڕوون نەبوو ئەو چەند سەر پاتاڵەی هەیانبوو، لەبەر دەست تەنگی فرۆشراون و یان لەبەر نەبوونی ئالیک و تفاق قڕانیان تێکەوتووە!؟

ورده ورده دەهات تەزووی سەرما لە ئێسقانی کاری دەکرد. زیاتر خۆی بۆ ڕانەگیرا، کەسیرە بوو، دوودڵ لە دەرگای ژوورێ نزیک بووە بە دەرزی دەرگایەدا ڕوانییە دیوی ژوورێ:

چرا حەوت نمرەکەی جارانیان لەسەر کورسی دایسا. لەلایەکی کورسی دایکی بە سەرو ملی پێچراووە ڕاکشابوو، نازێش

لەلایەکی دیکە ڕوو بە دەرگا دانیشبوو، خەریکی چنین بوو...

ئاسۆ زۆر لەسەرەخۆ بە سەری قامکان لە دەرگای دا. نازێ ڕاچەنی، بە دەنگێکی نزم و لەرزۆکەوە پرسی:

- بەو شەوە کێیە!؟

ئاسۆ لە پشت دەرگاوە بە دەنگێکی کەمێک نزم گوتی:

- نازێ بیکەوە منم ئاسۆ، کاکت!

نازێ لەجێ دەرپەڕی و ئاڵقەی پشت دەرگاکەی ترازاند، بە دوای ئەودا ئاسۆ پاڵی بە دەرگاکەوە ناو بە جیڕەجیڕ دەرگا کراوە، لەگەڵ باقەیەک سەرما خۆی بە ژووردا کرد.

نازێ هەرکە چاوی بە کاکی کەوت ئامبازی بوو، دەستی دەمل کرد و گوتی:

- ئۆخەی کاکە گیان! دایە مزگێنی کاکم هاتەوە!... دایە مزگێنی...!

دایکە لە شایی گەڕانەوەی جگەرگۆشەکەی نەخۆشی لەبیر کرد، وەک دەریایەکی تۆفانی شەپۆلی دایەوەو سەرمەستانە بۆلای کوڕەکەی چوو، ئامێزی پڕ لە خۆشەویستی بۆ کردەوە، بەخۆییەوە گوشی، بۆنی پێوە کردو هەزار بار زیاتر خۆی بە سەدەقەو بەلاگێڕ کرد...

نازێ جارێکی دیکە دەستی لە ملی کاکی کردەوەو خۆی پێوە ئاوێزان کرد، بە تامەزرۆیی تێر بۆنی لەشی کاکی هەڵمژی و بەدوای هەناسەیەک ڕەنگی زەردی بەرەو سوور داگەڕاو گەشایەوە، بوژایەوە، چاوە ڕەشەکانی بوون بە دەریایەکی مەندو ئارام، وێنەی کاکی تێدا جوولایەوە.

دایک و کچ لە خۆشی گەڕانەوەی تەنیا پشتیوانەکەیان سەرمەست و شاد. بەدەم خەندەی سەر لێوانەوە هۆن هۆن فرمێسکی شادیان بە سەر روومەتدا هاتەخوار. لەوکاتە چاوەڕوان نەکراوەدا تاسەکان سەریان هەڵدایەوە و دڵەکان بەهێز بوونەوە و لێوان بەچەشنی گوڵی باغی بادام پشکووتن و کرانەوە! چرای ماڵێ پڕ نوورتر و نێوماڵ گەرمایی ڕێنیشتەوە. بەڵام دایک و کچ هەرکە بوونی مۆڵگەی پشت ماڵانیان وەبیر هاتەوە، شادی و خۆشی تاوێک پێشیان لەسەر ڕووخسار تارایەوە!...

ئاسۆ ماندوو کەسیرە بوو لە حاستەخۆی دانیشت، نازێ بەپەلە پێڵاوەکانی لە پێ دەرهێنا. ئەوساهەرسێکلا لە دەوری کورسییەکە کۆبوونەوە.

ئاسۆ لەبنەوە چاوێکی لە ئازیزانی کرد، دیتی دایکی لەبەر خەفەت و ڕەنجی ڕۆژگار گۆڕانێکی سەیر بەسەر سەروسیمایدا هاتووە و بێ ئەنوایی بەجارێک پشتی چەماندۆتەوە. مووی سەری تەواو سپی تەنانەت تاڵە موویەکی ڕەشی پێوە نەماوە! نەخۆش و کەلەلا، لاوازو ڕەنگ زەرد، چاوەکانی زەق و سپی هەر دەتگوت چاوی مەڕی سەر بڕاوە!

نازێ بە وێنەی سەرونازێک قەدی کێشابوو، بەڵام کزەڵۆکە، ژاکاوو لێوبەبار، جلەکانی کۆن و پینەکراو، بەڵام لەبەریدا خاوێن و جوان. تەواویی ئەو دیمەنە دڵهەژێن و تاڵە، ئەوەندەی دیکە ئاسۆیان وێکهێناو کزەیان لە هەناو بەرز کردەوە، لەم کاتەدا پێی خۆش بوو یەک بەخۆی لە بانگی گریان بدا، بەڵام خۆی ڕاگرت و تەنیا پیشی خواردەوە.

دایکە بێدەنگی شکاندو بە ترسەوە ڕوو بە ئاسۆو پرسی:
- کوڕە ئازیزەکەم! ئەوە چۆن وێراوتە بەم شەوە تووش و سەختە بگەڕێتەوە؟ مەگەر ئاگادار نی ماوەیەکە دوژمن لە پشت ماڵان بنکەیەکی دامەزراندووەو دێیەکەی خستۆتە ژێر چۆک؟

ئاسۆ متەقی نەبوو...

دایکە گوتی:
- مەگەر نەتدیت دوژمن ماڵی لێ وێران کردووین و ئەوەی هەشمانبوو بە تاڵانی برد!؟ هەرچەند ڕۆژو شەو بە درێژایی چاوم لە دەرگایە بڕیوە، بەڵکوو وەک ئەوشۆکە لێم وەژوور بکەوییەوە، بەڵام ڕۆڵە نازانم بۆ ئێستا وا لەپڕ دڵم کەوتۆتە جۆلانە!... دەترسم!... زمانم لاڵ! نەکا لە پێش چاوم بەڵایەکت بەسەر بێ!

نازێش بێ ئۆقرەو نائارام دروست بەچەشنی دایکی بەترسەوە چاوی دەکاکی بڕیبوو! کاکە بێدەنگ بوو، سەر داخستبوو گوێی لە دایکی ڕاگرتبوو!

دایکە لە ترسی بنکەی پشت ماڵان چۆقەی کەوتبووە دەروون و دڵی وەک جۆلانە ڕادەژا. تاقەتی بڕاو بە نابەدڵی و دوور لە حەزی خۆی گوتی:

- رۆڵە وەرە بیکە بەخاتری ئەم دایکەو خوشکە جوانەکەت! خێرا پارووە نانێک بخۆو ، چرای دەکوژێنەوە و پاش خۆ گەرم کردنەوە و کەمێک حەسانەوە. بەر لە ڕووناک بوونەوە، لێدە بڕۆوە! کوڕم دوژمن دڕەندەیە، بەزەیی بە کەس دانایە. دەترسم بە خۆم نیە!

ئاسۆ بەدوای قسەکانی دایکیدا کەوتە مینگەمینگ و بێ ئەوەی ڕاستەوخۆ بچێتە سەرباسی ئەو مەبەستەی بۆی گەڕابۆوە دیسان سەری داخستەوە. بەڵام دایکە دڵی خەبەری دابوو کە ئاسۆ بەدوای شتێکی نائاسایی دا گەڕاوەتەوە، هەربۆیە بەسەرسوڕمانەوە پرسی:

ناکا ئاسۆ!؟ ناکا!...

ئاسۆ زوو تێگەیشت کە دایکە پەی بەڕازی دەروونی بردووە. پێش ئەوەی وەڵامێک بداتەوە بۆ جارێکی دیکە چاوی بە نێو ماڵە وێران بووەکەو لای دایک و خوشکە ڕەنگ پەڕیوەکەیدا خشاندەوە، لە تاو بێ ئەنوایی دایک و خوشکی دەتگوت جەرگ و هەناوی بەنەشتەر کون کون دەکەن. دڵی دەگوشرا، پێش چاوی تاریک ببوو، دارو دیوارو پەردووی بن میچی ژوورەکە بە دەور سەرەیدا دەسوڕان. بەڵام لەسەر ئەو بڕیارەی دابووی پاشگەز نەبوو، بەڵکو سوور ڕاوەستا بوو! چونکە بەهیچ لەونێک نەیدەویست بۆ جارێکی دیکە دایک و خوشکەکەی بەبێ سەرپەرەست بەجێ بهێڵێتەوە. بە هێوری سەری هەڵێناو ڕوو بە دایکی گوتی:

- دایە من ناتوانم هیچی دیکە لە ئێوە دوور کەومەوە! چیتر ویژدان ڕێگام پێ نادا ئێوە بەم شێوازە لەم ماڵە وێرانەیەدا بەجێ بهێڵمەوە! ناتوانم...! لێم گەڕێن بۆ بەیانی زوو دەچم لە مۆڵگەی پشتماڵان خۆ بەدەستەوە دەدەم و ئەمانناەمە وەردەگرم، ئیدی چیتر

بەجێتان ناهێڵمەوە ...! بەجێتان ناهێڵمەوە!...

دایکە ڕەنگێکی هێناو برد، مات بردییەوە، چاوەکانی پڕ بوون لە ئاو. نازێ سەری داخستبوو، شایی و خۆشی تاوێک پێشی لێ بوو بە خەون و خەیاڵ. پەردەی ڕەشی ماتەم بەسەر ماڵەکەیاندا کشاوە. دایک و کچ بیریان لەوە دەکردەوە، تازە هەموو شتێک بۆ ئەوان تەواو بوو! لە سبەی ڕا قارەمانە ناودارە سەربەرزکەیان وەک 'حیزە'و 'دێزە' لەبەر چاوی خەڵک سووک و چاوشۆڕ دەبێ! دەبێ بەڕێوییەکی ترسنۆکی سەرشۆڕ، ئیدی کەس تازە حیسابی لە سەر ناکا...

پێکهاتنی ڕووداوێکی ئەوتۆ بۆ دایک و کچ زۆر ناخۆش بوو. چونکە ئەوان ژیانی بە ئازادیان دەویست. نەک سامان و جلوبەرگی جوان. دیار بوونی ئاسۆ لە نێو ریزی خەباتگێڕاندا بۆ ئەوان لە گشت شتی سەر ڕووی ئەم زەوییە بەنرختر بوو. ئامادە بوون هەژاری بە سەت قاتی ئێستایان قبووڵ بکەن، بەڵام هەرگیز نەبینن شێرەکەی چیایان لەنێو دۆست دوژمندا بە سەرشۆڕی پەنا بۆلای دوژمن ببا و داوای لێبۆردن بکا.

ئاخرسەر دایکە وەک سۆنامی و شەپۆلی بەهێزی زریاکان خرۆشاو گوتی:

- " ئاسۆ کوڕم! ئەتۆ بەهەڵە چووی ئێمە هیچ پێداویستێکمان بەتۆ نیە! لەنێو ئەو گەلە مەزنەدا ئێمە بەتەنیا نین و دڵنیابە هیچ وەختانێک چاو لە مستی نامردیشمان نابینی یەوە! کوڕم، دوور یان نزیک دۆژمنی دڵرەق لە بەرامبەر داواکانی ئەم گەلە چاو سوورەدا بەچۆک دادێ! پاشان سەربەرزی و شانازی بۆ ئێوە ڕۆڵە ئازاکانمان دەمێنێ تەوەو بەس!...

ئاسۆ قسەی دایکی بڕی و لەسەرەخۆ گوتی:

- دایە خزمەت هەر ئەوە نییە، تفەنگ لەشان بە کێوانەوە دۆژمن ڕاو بنێ و یان بەخاتری هێندێک بەرژەوەندی کەسێتی چاوپۆشی لە چارەنووسی بنەماڵەی خۆت بکەی. من ئێستا بە ئاشکرا دەبینم بنەماڵەکەم لە ئەوپەڕی هەژاری و دەستکورتی دا دەژی. هەرچی بێ من لەبەرامبەر ژیان گوزەرانی ئێوەدا بەرپرسم. دایە گیان! خزمەت لەماڵی خۆ دەست پێ کردن گەلێک پیاوانەترە لەوەی بەدوای خزمەتی خەڵکانی دیکەدا هەڵوەدا بی!...

دایکە وەدەنگ هات و گوتی:

- نا، نەکەی! کوڕم وا نەڵێی! هەرچی بێ تۆ ڕزگارکەری و لە پێش زۆرداران ڕاوەستاوی! ئەو سەربەرزییە بە هەموو کەس نابڕێ... ئاسۆ قسەی دایکی بڕی و کەمێک بە دەنگی بەرز گوتی:
- چۆن وا نەڵێم! کوا ئەوە دروستە پیاو بنەماڵەکەی لە ژێر باری هەژاریدا بەجێ بهێڵێ و بروا قوڵ بۆ ئاسایش و ڕزگاری

کەسانی دیکە هەڵماڵێ؟!

دایکە دەستی بەرەو ئاسۆ هەڵێناو گوتی:

- نا کورم، نا دەستم بە داوێنت نەکەی! ئەم ڕێگایییەی تۆ پێیدا دەڕۆیی، ڕێگای پارێزگاری لە شەرەف و کەرامەتی ئینسانە داماوەکانە و لە پێش هەمووانەوە دایک و خوشکەکەی خۆتە!!

ئاسۆ گوتی:

- دایە منیش نامەوێ شەپ لەڕابردوویی خۆم هەڵبدەم، بەڵام ئەوە بێدەرەتانی ئێوەیە ناچار بە سەرشۆڕیم دەکا!... دڵنیابە من بەرژەوندی خۆم باش هەڵدەسەنگێنم... زۆرم بیر لێکردۆتەوەو ناچارم! هەتاکو ژیان و گوزەرانی ئێوە ئاوا هەژارانە بچێتە پێش، من لەو شاخانە شێران بەگوێیان هەڵکێشم هێشتا هیچم نەکردوە. مەگەر نەت بیستوە "چرایەک کە بۆ ماڵ ڕەوایە لە مزگەوت حەرامە؟" ئێستاش گوێ بگرن! من بۆ دەرباز کردنی ئێوە لەم ژیانە خەفتبارە من بەو شەوە تووش و سەهۆڵبەندانە گەڕاومەتەوە! پاشگەز نیم، بەقسەتان ناکەم! سبەی زوو دەچم لە بنکەی پشت ماڵان خۆبەدەستەوە دەدەم ...؟!

دایکە بە تورەیی گوتی:

_ کورم بەهەڵە مەچوو! خەڵک ئەمکناسن، چاکەو خەراپەیان لەبیر ناچێ! دڵنیابە ئەم خەڵکە کەسک و سوورە ناهێڵن ئێمە قەت لەبرسان بمرین، هەتاکوو ئێستاش نانی خۆیان لەگەڵ لەت کردووین. ئێستاش هەتا زووە پاروە نانێک بخۆو سەرخەوێک بشکێنە. پاشانیش بێ ڕاوەستان بەو ڕێگایەی پێی دا هاتووییەوە ڕاست و ڕەوان بگەڕێوە شوێنکەی جارانت! دەی دەسەرت گەڕێم! ڕۆڵە نازدارەکەم! هەر تەنیا ناوی تۆمان بەسەر بەرزی بۆ بمێنێ، بۆ ئێمە بەسە و هیچ دیکەمان لە تۆ ناوێ!!...

ئاسۆ سەری دەباڵە خۆی نابوو... دایکە زۆر لێبڕاوانە لێی دووپاتە کردەوە:

- کورم بۆ سەر هەڵناهێنی؟ بە ئەو خودایەی ژوور سەری! بێتوو بە قسەم نەکەی، ئەو شیرەی پێمداوی لێت حەرام دەکەم! لەلای خودای خۆم شەرت و پەیمان دەبەستم بۆ هەتاهەتایە ناویشت لەبیر خۆم بەرمەوە...!

وتەکانی دایکە وەک برووسکەیەک لەنێو مێشکی ئاسۆدا خوولی خوارد. ڕاچڵەکی، دەروونی خرۆشا، چاوەکانی وەگرشەگرش کەوتنەوە، هێز بۆ ئەژنۆی گەڕایەوە، کەمێک بەرەودوا کشایەوە، مات و بێدەنگ بۆ جارێکی دیکە تەماشای خۆشەویستە

ژینتاڵەکانی کردەوە، بەدڵێکی پڕ لە ئەوینی کوردستانەوە بزەیەکی ڕەزامەندانەی کەوتەوە سەر لێوان، خوێنی سوورو گەش لەسەر ڕوومەتی کۆبووییەوە و هیوای ڕزگاری گەلە ژێر چەپۆکەکەی لەسەر نێوچاوانی دایک و نازیلێی خوشکی وەک گڕە مەشخەڵێکی گەورەو مەزن بە بەرزایی چیایی 'ئاگری'و بە پانایی کێوەکەی "بیستوون' بینی کە لەسەر تروپکی 'قەندیل'ی سەربەرز هەڵگیرساو بەتیشکی هەرچوار پارچەی کوردستانی ڕووناک کردەوە. پاش ماوەیەک وچان و سەرخەوێک شکاندن هەستایە سەرپێ دایک و خوشکی لە ئامێز گرت، بەخۆییەوە گوشین و تێرتێر ماچی کردن. کەمێک پارەی شڕی پاشکەوت کردبوو، لە بنی گیرفانی دەرهێناو لەسەر کورسییەکەی دانا، ئەوسا بە سەبرایەک گوتی:

- بەخاتری ئێوە بوو هەڵوێستێکی ئاوا شووم منی بەرەوماڵ ڕاپێچ دا، دەنا کوا ئەمن دێم پشت لە شۆڕش دەکەم و خۆم سەرشۆڕی لای گەل و ملکەجی دوژمن دەکەم!

دایکە ماوەی پێ نەداو گوتی:

- ئاسۆ کوڕەکەم! ئێمە لەمێژە تۆمان بەنیشتمانەکەمان بەخشیوە. مەگەر نابینی دوژمن کورد کوشتنی پێ خەزایەو تەنانەت ڕووحم بەپیرو لاو، منداڵ و دایکانی دووگیان و منداڵەبەریش ناکا. بۆخۆت دەبینی هەر ڕۆژە لەلایەک ماڵمان تالان دەکەن، شارو گوندو چیاو ڕەزو باغ و سروشتمان لێ دەسووتێن و خاپور دەکەن. سەرەڕای هەموو ئەوانە چۆن بە بۆمبی کیمیا پۆل پۆل وەکو مێش و مەگەس قڕانمان تێدەخەن!!... کوڕەکەم خێرابە! تاکوو ڕۆژ نەبۆتەوە وەڕێکەوە! ئەی ئاواتی ژیانم! ئەی شێرەکەی نێو زۆزانە بۆن خۆشەکەی کوردستانم. خێراکە!...


نازێ دەستی درێژ کردو گوتی:

- ها کاکە گیان ئەم گۆرەویانم بۆ تۆ چنیوە و دەپێیانکە سەرمایە! خێرابە زنگاڵەکانت هەڵکێشە، ئاسۆ ڕوونە... خێرابە کاکە گیان! وەختە ڕۆژ بەرەو ئاسۆیە وڵات ڕووناک دەکاتەوە... ئاسۆش بەتاسەی ئازادی کوردستانەوە بەرەو یارانی نێو سەنگەری هەنگاوی نایەوە!!...

سەرچاوە: ماڵپەڕی پێشمەرگەکان - ڕێکەوتی: ١٧ی دیسەمبەری ٢٠١٤

-------------------------------------------

# تەواوکردنی بابەتێک



**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**

ئەم ڕۆژانە بەبۆنەی ٢٦ی سەرماوەزەوە کە نیزیک بە ٣٠ ساڵە لەلایەن حیزبی دێموکڕاتەوە بە ڕۆژی پێشمەرگە ناسراوە، زۆرکەسو هەرکەسەی لە ڕوانگەیەکەوە بابەتی نووسیوەو بڵاو کردۆتەوە. لەونێوەدا هاوڕێی بەوەجو لەمێژینەم کاک هاشم ڕۆستەمی وتارێکی لە سایتی "ڕۆژهەلات تایمز"دا بڵاو کردۆتەوە کە چونکە لە بەشی زۆری بیرو بۆچوونەکانیدا دەگەڵی هاوڕام حەزم کرد دیسان بە نووسینی ئەم یادداشتە هێندێ بۆشایی نێو وتارەکەی پڕ بکەمەوەو لەڕاستیدا بابەتەکە تەواو بکەم:

بەتەواوی دەگەڵی هاودەنگم کە دەڵێ عەیب نیەو بەڵکوو پێویستیشە حیزب [ی دێموکڕات] پێ لە هەڵەی خۆی بنێو تەنانەت ڕاستیشی بکاتەوە، ئەوەش دروستە کە بۆماوەی دەیانساڵ بە هەڵە پێمان وابوو ٢٦ی سەرماوەز ڕۆژی گیرانی بنکەی "شهربانی"ی مەهابادەو تەنیا چوارپێنج ساڵێک لەمەوبەر مێژووی دروستی ئەو ڕووداوەمان بۆ دەرکەوت کە ڕۆژی ٢٦ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٢٣ی هەتاوییەو دەبێ وریابین جارێکی دیکە ئەو هەڵەیە لە نووسینو قسەکردنماندا دووپاتە نەکەینەوە. ڕۆژنامەی "کوهستان" ئەو ڕووداوەی لە یەکەم ژمارەی خۆیدا (١٧ی ڕەشەمەی ١٣٢٣) تۆمار کردوە. ئەو ڕۆژنامەیە کە خوالێخۆشبوو دوکتۆر ئیسماعیلی ئەردەڵان لە تاران دەریدەکرد لە ڕەشەمەی ١٣٢٣وە تا ڕەشەمەی ١٣٢٥ واتە بۆ ماوەی دوو ساڵ بڵاو بۆتەوەو ڕۆژنامەیەکی زۆر بەنرخە. "کوهستان" بەشی هەرەزۆری بە زمانی فارسی بوو بەڵام جاروبار وتارو شێعری کوردییشی بڵاو دەکردەوە. پێویستە ئاماژە بکرێ کە هەموو ژمارەکانی ئەم ڕۆژنامەیە بە هەوڵو تێکۆشانی بنکەی "ژین" لە سلێمانیو دووبرای پڕکارو دڵسۆزی کورد مامۆستایان ڕەفیق ساڵحو سدیق ساڵح - تەمەندرێژ بن- لە یەک بەرگی جواندا چاپ کراونەوە.

با ئەو ڕاستییەش ون نەبێ کە پێشنیاری ٢٦ی سەرماوەز بۆ ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان لە دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕاتدا پێشنیاری من بوو. ئەوکات پێموابوو گیرانی بنکەی پۆلیسی مەهاباد ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٢٤ بووە. بۆیە پێشنیارم کرد هەم لەبەر ئەو بۆنەیەو هەم لەبەر بیرەوەریی هەڵکردنی ئاڵا ئەو ڕۆژە وەک ڕۆژی پێشمەرگە دابنێین. هەر لەوێشدا پێشنیارم کرد کە بۆئەوەی لە هەلومەرجی ئەوەدەمدا هەڵلای لێ ساز نەبێ، لەو پێوەندییەدا زیاتر مەسەلەی گیرانی شارەبانی زەق بکەینەوە.

لەوەشدا دەگەڵ کاک هاشم هاوڕام کە ڕۆژی ١٥ی ڕێبەندان ئەگەر کۆدەنگیی زۆربەی حیزبە کوردستانییەکانی لەسەر بێ، یان پارلەمانی کوردستانی باشوور بڕیاری لەسەر بدا ڕۆژێکی گونجاوە بۆئەوەی ببێتە ڕۆژی پێشمەرگە، چونکە لەو ڕۆژەدا ساڵی ١٣٢٤ "ستادی مەرکەزیی دێموکڕاتی کوردستان" لەکۆبوونەوەی ئەفسەراندا بڕیاری داوە کە لەجیاتی هێندێ "ئەلقابی قەدیم" ئەلقابی کوردی بەکار ببرێنو یەکەم "لەقەب"یش لەو لیستەیەدا ناوی پێشمەرگەیە. ڕۆژنامەی "کوردستان"ی سەردەمی کۆمار ڕۆژی ٢٠ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ لە ژمارە ١٢ی خۆیدا ئەم بڕیارەی بڵاو کردۆتەوە.

ئەمن پێموایە هەتا ئەوکاتەی ڕۆژێکی دیکە دیاری دەکرێ کە هەموو بەشەکانی کوردستان پابەندی بن، نابێ حیزبی دێموکڕات ئەو ڕۆژە بگۆڕێ. چونکە هەڵکردنی ئاڵا ڕووداوێکە چەندین جار گرنگتر لە گرتنی بنکەی پۆلیس، نەک هەر لە مەهاباد بەڵکوو لە تارانیش. بۆیە بەباوەڕی من تا ئەوکاتەی کۆدەنگی لەسەر ڕۆژێکی دیکە دروست نەبووە ئەم ڕۆژە بۆ حیزبی دێموکڕات هەر دەبێ لەجێی خۆی بێ.

پێمخۆشە بەڕاشکاوی بڵێم تەنیا سەرچاوەی ئەو خەبەرە کە گۆیا لە کۆبوونەوەیەکی هەیئەتی وەزیرانی کۆماردا ناوی پێشمەرگە دۆزراوەتەوە وتارێکی کورتو جوانی ئەدەبییە کە ڕەحمەتی مامۆستا هێمنی شاعیر ساڵی ١٣٤٩ لە یەکەمین ژمارەی دەورەی ئێستای ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاوی کردەوە بەناوی "پێشمەرگە چۆن دۆزرایەوە؟". لەوێشدا هیچ باسێک لە کۆبوونەوەی کابینە نیەو دەڵێ پێشەوا هێندێ لە ئەدیبانی کۆ کردەوەو پرسوڕای پێکردن. دەشزانین کە وشەی پێشمەرگە پێش ئەو ڕێکەوتە بۆ ئەندامانی سوپای میلیی کوردستان بەکار براوە. گۆڤاری "کوردستان" کە پێش ڕۆژنامەی "کوردستان" دەردەچوو لە ڕاپۆرتی ڕێوڕەسمی هەڵکردنی ئاڵا لە مەهاباد لە ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەزدا باس لە ڕێژەڕۆیشتنی پێشمەرگەکان دەکا. ئەمە مانای ئەوەیە کە هەرنەبێ ٥٠ ڕۆژ پێش ئەوەی بەکارهێنانی ناوی پێشمەرگە بڕیاری لەسەر بدرێ ئەو ناوە بۆ تێکۆشەری چەکداری کورد بەکار هاتوە. بۆیە پێموایە ئەگەر واز لەو گێڕانەوە "ڕوایەت"ەش بێنینو پشت هەر بەو زانیارییانە ببەستین کە سەرچاوەیەکی ڕوونی مێژوویییان هەیە باشترو دروستترە.

سەرچاوە: فەیسبووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٢٨ی دێسەمبەری ٢٠١٣

## ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان، ٢٦ی سەرماوەز یا ١٥ی ڕێبەندان؟

**بۆ کاک ئاگری باڵەکی ی بەڕێز؛**

**وریا ڕەحمانی**

١- لە هیچ کوێی دنیا دا وا نییە کە لەو ڕۆژەدا کە ناوێک بۆ چەمکێک هەڵدەبژێرن ئەوا ئەو ڕۆژە بۆو چەمکە دیاری بکەن، بەڵکوو دەبێ هۆکارێکی بەهێزتری لە پشت بێ. بۆ وێنە سەبارەت بە دیاریکردنی ڕۆژێک بەناوی پێشمەرگەوە دەکرا ڕۆژی دامەزرانی هێزی پێشمەرگە یا سپای میللی کوردستان بوایە یا ئەو ڕۆژەی کە ئەم هێزە یەکەم شەهیدی خۆی پێشکەش بە نیشتمان دەکا.

٢- دیاری کردنی ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەز وەک ڕۆژی پێشمەرگە ئەگەر جارێک لەبەر ئەوە بووبێ کە شارەوانیی مەهابادی تێدا گیراوە، دە جار لەبەر ئەوەیە کە ئاڵای کوردستان لەم ڕۆژەدا لەسەر سەربانی ئەم شارەوانییە هەڵکراوە. ئینجا پێشمەرگە پێوەندیی ڕاستەوخۆی بە ئاڵای کوردستانەوە هەیە چون ئەوە ئەوە کە پارێزەری ئەم ئاڵایەیە و تەنانەت لە مەیدانەکانی شەڕیشدا یەکێک لە ئەرکە هەرە گرینگەکانی هێزی سەربازیی هەر وڵات یا هێزێک ئەوەیە کە نەهێڵێ ئاڵاکەی بکەوێ و پێویستە بە شەکاوەیی بیهێڵێتەوە. ئینجا مادام پێشمەرگە نمادی هێز و خەبات و ئیرادەی نەتەوەیی کوردە، کەوایە پێویستە ئەم ڕۆژەی کە کورد وەک نەتەوە و بەشێوەیەکی ڕێکخراو بۆ یەکەم جار توانیی لەئاکامی کردەوەیەکی شۆڕشگێرانەدا تەعبیر لە بوون و ئیرادەی نەتەوەیی خۆی بکا و لەدژی داگیرکەرانی کوردستان ڕاپەڕین بکات ئەوا ئەو ڕۆژە زۆر باشە کە ناوی ڕۆژی پێشمەرگەی لەسەر دابنرێ.

٣- دیاری کردنی ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەز وەک ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان چ کێشەیەکی تێدایە و چ کێشەیەکی دروست کردوە؟ کە ئێستا پێویست بێ بگۆڕێ!

٤- لە زۆربەی وڵاتانی دنیادا یا ڕۆژی هەڵکردنی ئاڵا یا ڕۆژی سەربەخۆیی یا ڕۆژی دامەزراندنی یەکەم حکومەتیان وەک ڕۆژی نەتەوەیی خۆیان دەناسێنن. ئێمە وەک کورد لە جۆری سێیەمین و ڕۆژی دامەزراندنی یەکەم حکومەتی ڕەسمیمان واتە ٢ی ڕێبەندان بە ڕۆژی نەتەوەیی خۆمان دەزانین. کەوایە ڕۆژی هەڵکردنی ئاڵای نەتەوەییمان وەک ڕۆژی پێشمەرگە ڕێک

لەجێی خۆی دایە کە لەم ڕۆژەدا تەنانەت کەسێکیش لەم پێناوەدا شەهید دەبێ. چون ئەوە پێشمەرگەیە کە زامنی بەشەکاوەیی مانەوەی ئەو ئاڵایەیە کە تەعبیر لە شوناس و مەوجوودییەتی نەتەوەییمان دەکا و تەنانەت لەم پێناوەدا گیانیشی دەبەخشێ.

٥- پێشمەرگە بۆ ڕزگاری و پاراستنی نەتەوەیی کورد تێدەکۆشێ و کوردستانیش کە ڕزگار بوو ئاڵای کوردستانی تێدا هەڵدەکرێ. کەوایە پێشمەرگە لەژێر سێبەری ئەم ئاڵایەدا بۆ چەقاندن و بەرز ڕاگرتن و بەشەکاوەیی مانەوەی هەر ئەم ئاڵایە خەبات دەکا. کەوایە پێشمەرگە بەرهەم و لەهەمان کاتدا خاوەن و پارێزەری سەرەکیی ئاڵای کوردستانە و ناکرێ لێی جیا بکرێتەوە.

٦- سەرەڕای هەمووی ئەوانە زۆر جاری وایە تۆ بۆ بەرز و پیرۆز ڕاگرتن و یادکردنەوەی چەمکێک کە مایەی سەرفرازیتە و شانازیی پێوە دەکەی تەنانەت ڕۆژێکی ڕەمزی دیاری دەکەی و ساڵانە دەینرخێنییەوە. لێرەدا ئەوەندەی نەفس و ناوەرۆکی کردەوە و بابەتەکە گرینگیی هەیە ئەوەندە زووم و پێداگری لەسەر ڕەهەندە ڕواڵەتی و شکلییەکەی ناکرێ. تازە کورد و حیزبی دێموکرات و هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەتایبەت لە ڕۆژهەڵات بەم ساڵڕۆژەوە ڕاهاتوون و زەرووڕەتێکی ئەوتۆش بۆ گۆڕینەکەی نابینم. هەرچەند هەر وەکچۆن باسیشم کرد هۆکارە حەقیقی و بنەماییەکانی دیاری کردنی ئەم ڕۆژە (٢٦ی سەرماوەز) وەک ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان نە کەم و نە بێ ئێستدلالن. با لەخۆوە دەستکاریی مێژوو نەکەین!

٧- ئینجا ئەگەر تەنانەت ئەوجۆرەی جەنابیشت دەیڵێی کە هۆکاری سەرەکیی گرتنی شارەوانیی مەهاباد لەلایەن خەڵکەوە لەبەر هەندێک کێشەی شەخسی بووبێ، بەڵام بەدڵنیاییەوە ئەو مەسەلەیە هەرگیز بەبێ ئاگاداریی سەرانی کۆمەڵەی (ژ ک) و حیزبی دێموکرات و شەخسی پێشەوا نەبووە و بەبێ زانیاری و تەئیدی ئەوانەوە نەکراوە. چون ڕووداوەکانی ئەم ڕۆژە وەرچەرخانێکی گرینگ و دەسپێکێکی مێژوویی لە بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتیی کورد لە کوردستاندا پێک هێنا و لە حەقیقەتدا محەکی ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان لە ٢ی ڕێبەنداندا بوو.

٭ با ئەوەش بڵێم کە باسکردن لەو بابەتە لەلایەن جەنابتەوە نیشاندەری ئەوپەڕی دڵسۆزی و هەست بە بەرپرسایەتی کردنتەوەیە و ئەوە دەگەیێنێ کە خەمخۆرێکی ڕاستەقینەی نەتەوە و نیشتمانەکەتی.

هەر بژی و سەرکەوتوو بی.

## پێشمەرگە، هەر دەبێ پێشمەرگە بمێنێتەوە!



**هەیاس کاردۆ**

٢٦ی سەرماوەز و ڕۆژی پێشمەرگەی ئەمساڵیش تێپەڕی و ساڵێکی دیکە بە تەمەنی خەباتی کوردی ڕۆژهەڵات زیاد بوو. لە دەوروبەری ڕۆژی پێشمەرگە دا زۆر لایەنی جۆراوجۆری ژیانو خەباتو مانای پێشمەرگە لێک درانەوەو هەرکەس لەڕوانگەی خۆیەوە پێشمەرگەو ئەرکەکانی پێناسە کرد. بە تەواو بوونی ڕۆژی پێشمەرگە ئەو باسانەش لەکوڵ کەوتنو ئیدی ڕەنگە هەتا ساڵێکی دیکە ئەو دەفتەرە نەکرێتەوە.

بەڵام ڕێگا بدەن باسی پێشمەرگە نەبرێتەوە چونکە باوەڕم وایە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ناچارە دیسان پەنا بۆ هێزی پێشمەرگە بەرێتەوە.

بۆ من پێشمەرگە ئەو ڕۆڵە کوردەیە - کچ یان کوڕ - کە سەنگەری لەدوژمن گرتوە و پارێزگاری لەخاکی وڵاتەکەی و کەرامەتی نەتەوەکەی دەکا. ڕەنگە پێشمەرگە بە زۆر هۆ نەتوانێ دوژمن بە چۆک دابێنێ و نەبێتە بەربەستی داگیرکارییەکانی، بەڵام هەموو هەوڵی خۆی لەو ڕێگایەدا دەدا و تەنانەت ئامادەیە گیانی بکاتە پردەبازی گەیشتنی کورد بە ئاواتەکانی. هەر لەسەرەتای دروست بوونی هێزی پێشمەرگەوە ئەوە مانای بووە و چەند نەسلی ڕابوردووش هەر بەو مانایە لێی حاڵی بوون و ئێستاش زۆری وەک من هەر وای لێ حاڵین. هەتا ئێستا هەزاران و دەیان هەزار کوڕ و کچی کورد بە حەماسەتەوە خۆیان گەیاندۆتە ڕیزی پێشمەرگە و چەکی شانازییان کردۆتە شان و بە هەزارانیش هەر لەو ڕیزەدا گیانیان فیدای ئامانجەکانیان کردوە. زۆر حەیف و غەدر و بێ ئینسافییە لەپێناو هەڵوێستی سیاسی دا یان بە هۆی ئاڵوگۆڕی زەمان و یان تێک چوونی پارسەنگی هێز مانای پێشمەرگە دەستی تێ وەردرێ و شتی دیکەی بۆ بدۆزرێتەوە.

ساڵانە لەچوار قوڕنەی دنیا سەدان ڕۆژنامە نووس و هەواڵنێر گیانیان دەکەوێتە مەترسییەوە و زۆریشیان دەکوژرێن و دەگیرێن و ئەشکەنجە دەدرێن، بەڵام کەس ناڵێ ئەوانە پێشمەرگە بوون و لەسەر پێشمەرگایەتی وایان لێ هات. ساڵانە زۆر خەباتکاری مەدەنی دەگیرێ، بێ حورمەتیی پێ دەکرێ، لەکار دەر دەکرێ، و تەنانەت دوکوژرێ بەڵام قەتم نەبیستوە بەوانە بڵێن پێشمەرگە. لەوەتا وەبیرم دێ توێژی قوتابی و مامۆستا و خوێندکار دایمە ناڕازی بوون و هەر جارە ناجارێک خۆنیشاندانیان وەڕێ خستوە و مانیان گرتوە. قەت نەگوتراوە ئەوانە پێشمەرگەن و ئەرکی پێشمەرگە بەجێ دێنن.

هەتا ئێستا هەزاران کرێکار بۆ گەیشتن بە مافەکانیان خەباتی نەپساوەیان کردوە و زۆریشیان بێکار کراون، گیراون و تەنانەت کوژراون، کەچی هەر بە ناوی کرێکار باسیان کراوە و قەت نەگوتراوە پێشمەرگە بوون. جا ئەوە بۆ باقیی چین و توێژەکانی دیکەش دووپات کەوە.


ئەمڕۆ بەداخەوە دەوری مەیدانی خەباتی پێشمەرگە لەڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تێل دروو گیراوە و هێزی پێشمەرگە "زەمینگیر" کراوە. ئەوە پێشمەرگە خۆی نیە مەیدانی چۆڵ کردبێ و وازی لە بەرەنگاری هێنابێ، بەڵکوو بڕیاری سیاسییە وای لێ کردوە. ئێستا هەر بڕیاری سیاسیشە خەریکە پێشمەرگە لەمانا دروستەکەی خۆی بەتاڵ بکا و بەرگێکی دیکەی بە بەردا بکا کە زۆر نامۆ و نەناسراوە. بۆ من ئەو مانایە هەزم ناکرێ چونکە هەر سیاسەت وای فێر کردووم پێشمەرگە بە مانا دروستەکەی خۆی بناسم. بۆ من پارلمانتار پارلمانتار، مامۆستا مامۆستایە، ڕۆژنامە نووس ڕۆژنامە نووسە و پێشمەرگەش پێشمەرگەیە. ڕەنگە کەسێک هەم پێشمەرگە بێ و هەم ڕۆژنامە نووس بەڵام هەر ڕۆژنامە نووسێک نابێتە پێشمەرگە.

ڕاستە لەنێو ڕیزی پێشمەرگەدا یەک فەرماندەیە، یەک کادرە و تەبلیغ دەکا، یەک ڕۆژنامە چاپ و بڵاو دەکاتەوە، یەک لەڕادیۆ کار دەکا، یەک لەنەخۆشخانەیە و هەتا دوایی. بەڵام لە بیرمان بێ هەموو ئەوانە دەپێشدا هاتوون ببنە پێشمەرگە و هەر لەڕیزی پێشمەرگەش دا ئەو ئەرکانە بەڕێوە دەبەن. ئەوانە فەرقیان زۆرە دەگەڵ خەباتی مامۆستایەکی شار یان ڕۆژنامە نووسێکی ئازاد. ڕاستە خەباتی ئەوانیش پیرۆزە و دەبێ ڕێزی لێ بگیرێ بەڵام ئیدی هەمووی بکرێنە پێشمەرگە بەڕاستی بێ ئینسافییە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات تایمز - ڕێکەوتی: ٢٥ی دێسەمبەری ٢٠١٣

---------------------------------------------------

# ٢٦ی سەرماوەز؛ ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان یا ڕۆژی هەڵکردنی ئاڵای کوردستان؟



**پۆلا نانەوازادە**

زۆر لەمێژ بوو لە وەڵامێک دەگەرام کە بۆچی حیزبی دێمۆکرات، ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەز، ڕۆژی هەڵکردنی ئاڵای کوردستانی گۆڕیوە وکردوویەتی بە ڕۆژی پێشمەرگە؟

دانانی ناوی پیرۆزی پێشمەرگە لەسەر ڕۆژێک، بۆ ئەوەی هەموو ساڵێ وەبیرهێنەرەوەی ناوی بەرزی پێشمەرگە بێت و ڕێز لە قارەمانەتیی و فیداکاری و حەماسەکانی پێشمەرگە بگیرێ، زۆر باشە و زۆریش پێویستە. بەڵام بۆ مەگەر ڕۆژ قات بووە کە سەرەڕای ٣٦٥ ڕۆژی ساڵ، ڕاست بەوە ڕۆژەوە بنووسێی کە ئاڵای کوردستانی تێدا هەڵکراوە؟ بۆ چیی حیزبی دێموکرات ڕۆژێکی دیکەی بۆ ڕۆژی پێشمەرگە دیاری نەدەکرد؟

ڕۆژی ئازادی و سەربەخۆیی و ئیستقلال، لە مێژووی میللەتاندا، گەورەترین و گرینگترین و پیرۆزترین ڕۆژن و وەک ڕۆژی نەتەوەیی لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا جەژنی بۆ دەگرن، شایی و هەڵپەرکێی بۆ ساز دەکەن، بە نیشانەی ئیحترام بۆ ئەو ڕۆژە فیشەک و تۆپی مەشقیی دەتەقێنن، سروودی نەتەوایەتی دەخوێنن، کۆڕی تایبەتی مووزیک و باڵەبان و دەستەی پیادە و سوارە دەهێننە سەر شەقامەکان و ڕێژە دەڕۆن و شادی دەکەن، شانازیی بە خوڵقێنەران و بەدیهێنەرانی ئیستقلال و سەربەخۆیی وڵاتەکەیانەوەدەکەن، لە ڕۆژژمێری وڵاتەکەیان دا سووری دەکەن، ناچنە کار، مەدرەسە و ئیدارات دادەخەن و وەبیر جیلی تازە و منداڵەکانیانی دەهێننەوە کە ئەو سەربەخۆیی و ئیستقلالەی ئێستا ئەوان هەیانە و لە سایەی دا حەساونەوە، هەروا بە هاسانی وەدەست نەهاتووە؛ بە شەڕ و قوربانیدانی باب و باپیران و پێشینیانی ئەوان پێک هاتووە و فیداکاری بۆ کراوە و خوێنی بۆ ڕژاوە ، بۆیە دەبێ قەدری بگرن، ڕێزی بۆ دانێن، شانازی پێوە بکەن، گەورەی بکەنەوە، سروود و گۆرانیی پێ هەڵبڵێن و وەک ڕۆژێکی پیرۆز بە خەڵکی غەیری خۆیانی بناسێنن.

زۆر میللەت هەن کە بە داگیر کردنی وڵات و خاکی نەتەوەی تر خۆیان پێگەیاندووە و بە درۆ مێژوویان بۆخۆیان ساز کردووە. بەڵام بەداخەوە کوردی بێچارە ئەوەی هەشێتی یا لێی شاردراوەتەوە و لێی زەوت کراوە یا بۆخۆی لەخۆی و لە خەڵکی تری دەشێوێنی و دەشارێتەوە.

ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەزی ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی(١٧ دیسامبری ١٩٤٥ زایینی)، دەوری دەهەزار نەفەر لە شاری مەهاباد کۆبوونەوە. لە ڕێوڕەسمێکی بەشکۆدا و بە بەشداریی نوێنەرانی کوردی هەر چوار پارچەی کوردستان، ڕاست لەو شوێنەی کە دوو ڕۆژ پێشتر ئاڵای دەوڵەتی داگیرکەری ئێرانیان هێنابووە خوار، ئاڵای کوردستانیان هەڵکرد. گۆڕینی ناوی ئەو ڕۆژە لەلایەن حیزبی دێمۆکڕاتەوە ئایا بە عەمد و بە ئانقەست کراوە یان نا، پرسیارێک بوو کە لەمێژ بوو لە مێشکم دا دەهات و دەچوو. هەتا ئاخرێکەی وەڵامی خۆم لە وتارێکی مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە دا وەرگرتەوەکە لە وەلامی هاوڕێیەکی حیزبی خۆیدا، ڕۆژی ٨ی ژانویەی ٢٠١٢ لە ژێر سەردێڕی" دوو ڕوانیین سەبارەت بە ٢٦ی سەرماوەز" لە ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات تایمزدا بڵاوی کرد بۆوە.مامۆستا حەسەنزادە لەم بارەیەوە دەنووسێ:

"خەڵک ماون کە دەزانن ساڵی ١٣٦٣ بە پێشنیاری من و پەسندی دەفتەری سیاسیی. حیزبی دێموکڕات ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەز بە ڕۆژی پێشمەرگە دانرا و دواتر لە کومیتەی ناوەندییشدا پەسند کرا... ئەو کات ئەمن نەمدەزانی کە شارەبانیی مەهاباد لەو ڕۆژەدا نەگیراوە... بەڵام لەوە غافڵ نەبووم کە ئەو ڕۆژە ڕۆژی هەڵکردنی ئاڵای کوردستانە... بۆ ئەوەی هەڵڵای حیزب و ڕێکخراوە ئێرانییەکانیشی لەسەر ساز نەبێ، لە دەرەوەی حیزب باسی هەڵکردنی ئاڵا ناکەین و وەک لە زاراوەی سیاسیدا دەڵێن "مشکی تێدا دەکوژین". ئەوە بوو کە دەفتەری سیاسی پەسندی کرد و دای بە کۆبوونەوەی کومیتەی ناوەندی و لەوێشدابەتێکڕای دەنگ پەسند کرا".

یانی لە ڕاستیدا لەسەر پێشنیاری مامۆستا و بە تێکڕای دەنگی کۆمیتەی ناوەندی و دەفتەری سیاسی ودیارە ڕەزامەندیی سکرتێری حیزب ، بڕیاری گۆڕینی ناوی ئەو ڕۆژە مێژوویی‌یەی میللەتەکامان دراوە بۆ ئەوەی لە حیزبە ئێرانییەکانی بشارنەوە و حیزبە ئێرانییەکان نەزانن کە کورد ئاڵای هەیە و ڕۆژێک لە ڕۆژان هەڵیکردووە!

ئەمن بەنۆرەی خۆم سپاسی مامۆستا دەکەم بۆ ئەو ڕوون کردنەوەیەی. ئەوەش دەقی نووسراوەکەی مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە:

"خەڵک ماون کە دەزانن ساڵی ١٣٦٣ بە پێشنیاری من و پەسندی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕات، ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەز

بە ڕۆژی پێشمەرگە دانرا و دواتر لە کومیتەی ناوەندییشدا پەسند کرا. بەڕاستی ئەو کات ئەمن نەمدەزانی کە شارەبانیی مەهاباد لەو ڕۆژەدا نەگیراوە. بەڵام لەوە غافڵ نەبووم کە ئەو ڕۆژە ڕۆژی هەڵکردنی ئاڵای کوردستانە. بۆیە دوای ئەوەی زۆر ڕۆژی سەرکەوتنی هێزی پێشمەرگە لە شەڕ دەگەڵ لەشکریانی کۆماری ئیسلامیدا پێشنیار کران و لەبەر ئەوەی ئەوەک هێزەکانی دیکەی پێشمەرگە بە غەدر لەخۆیانی بزانن پەسند نەکران، ئەمن گوتم ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٢٤ هەم ڕۆژی هەڵکردنی ئاڵای کوردستانەو هەم ڕۆژی یەکەمین عەمەلیاتی ئەو هێزەیە کە دواتر ناوی هێزی پێشمەرگەی لەسەر دانرا. کەوایە با ئەو ڕۆژە دابنێین چونکە پێشمەرگەی هیچ ناوچەیەک و هیچ هێزێک بە غەدر لە خۆیانی نازانن. هەر لەوێشدا گوتم بۆ ئەوەی هەڵلای حیزب و ڕێکخراوە ئێرانییەکانیشی لەسەر ساز نەبێ، لە دەرەوەی حیزب باسی هەڵکردنی ئاڵا ناکەین و وەک لە زاراوەی سیاسیدا دەڵێن "مشکی تێدا دەکوژین". ئەوە بوو کە دەفتەری سیاسی پەسندی کرد و دای بە کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی و لەوێشدا بەتێکڕای دەنگ پەسند کرا".

نزیکەی ٥٠ ساڵی خایاند کە جارێکی دیکە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئاڵای کوردستان هەڵکرایەوە. ئەو ئاڵایە ڕۆژی ٢٢ ڕێبەندانی ساڵی ١٣٧٢هەتاویی لە لایان پارتی ئازادیی کوردستانەوە هەڵکرایەوە و لە کاتەوە داگرتنی ئاڵای ئێران و هەڵکردنی ئاڵای کوردستان بۆتە نەریتێ لە چالاکییەکانی پارتی ئازادیی کوردستان.(بڕوانە:
http://www.youtube.com/watch?v=37UIHUVNx58&feature=youtu.be)

هەروەها ئەوە دوو ساڵە یاسای ئاڵای کوردستانی پەرلەمانی کوردستان کاری پێدەکرێ و ٢٦ی سەرماوەز وەک ڕۆژی ئاڵای کوردستان لە هەموو ئاستەکانی فەرمیی و جەماوەرییدا ڕێزی لێدەگیرێ. مامۆستا حەسەنزادە سکرتێری پێشووی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، پاش ٢٨ ساڵ، ڕاستیی گۆڕینی ڕۆژی ئاڵا بە ڕۆژێکی دیکەی ئاشکرا کرد و منیش وەڵامی خۆم وەرگرتەوە. بۆیە ئاواتەخوازم کە ئیتر هەموو کورد بە گشتی و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی هەموو ساڵێ ٢٦ی سەرماوەز وەک ڕۆژی ئاڵای کوردستان بە شکۆ و شانازییەوە ڕێز بگرن.

بەڵام بە جێی دەزانم کە بەم بۆنەیەوە شیعری "مزگێنی" بکەمە دیاریی ئەم بۆنەیە کە لە کۆپلەیەکی دا باس لە ڕۆژی هەڵکردنی ئاڵا واتە ٢٦ سەرماوەز دەکا. شێعری"مزگێنی" نووسینی خوالێخۆشبوو میرزا سەعیدی زەرگەیی کەبە نازناوی "هۆمێد" لە دەورانی حیزبی دێموکراتی سەردەمی پێشەوا و کۆماری کوردستان دا شێعری نووسیوە. ئەم شێعرە لە ژمارە چواری ڕۆژنامەی کوردستانی ساڵی ١٣٢٤ی هەتاویدا چاپ و بڵاو کراوەتەوە. لە بەر یەوەی لەم شێعرەدا باسی لە ڕۆژی هەڵکردنی ئاڵای کوردستان دەکا و بەڵگەیەکی دیکە دەخاتە سەر بەڵگەکانی سەلماندنی ئەوەی ٢٦ سەرماوەز ڕۆژی هەڵکردنی ئاڵای کوردستانە، شێعرەکە بایەخی مێژوویی هەیە. من کە منداڵ بووم لە مەهاباد لە پەنا ماڵی ئێمە لە چوارڕێی ئازادی میرزا

سەعید دۆکانێکی قەننادی هەبوو، ئەویشی هەر ناو نابوو قەنّنادی ئۆمێد. یادی بەخێر

"مزگێنی

مزگێنیم دەنێ گەورە ئاوردە
لەوەی بەولاوە ئازادی کوردە
ئیقباڵی کوردی لەلای دێمۆکرات
بە شەوی تاریک بوو بە ڕۆژهەڵات
لاوانی وڵات دەستە بەدەستە
بۆ ڕێگای میللەت گیان لەسەر دەستە
پاک ئامادە بوون بچنە ناو مەیدان
خوێنیان برێژن لە ڕێی نیشتمان
ڕۆژی دەعوایە وەک بەری بەیان
لە وێنەی پڵینگ وەک شێری ژیان
هەر چاوەڕوانن بە وێنەی ڕاوکەر
دوژمن وەک ڕێوی سەر بێنێتە دەر
هەڵمەتێ دەبەن وێکرا بۆ عەدوو
هیچ باکیان نییە بەقەد سەری موو
ورد و درشتیان چاوەڕێی جەنگە
سینگی دوژمن و گوللەی تفەنگە
یاخوا هەر بژی حیزبی دێمۆکرات
هەر دەکار دایە کورد بدا نەجات
بەگیان و بە ماڵ بە موڵک و سەروەت
سەر لە ڕێگا دان تا بین سەربەست
بۆ ڕێی ئازادی بەرزی کوردستان
زەحمەتیان کێشا بە ناو و نیشان
مانگی سەرماوەز ڕۆژی بیست و شەش

ئاڵا بەرز بوو وەک ئەستێرەی گەش
ئومێدم وایە لە خوای تەعالا
بەرز و بڵیند بێ ڕۆژ بە ڕۆژ ئاڵا
هەرئاوەدان بێ خاکی کوردستان
بێتە نموونەی جەننەتی عەدنان
هومێد ئەو جارە لەکەس باکێتی
لەوەی بەولاوە کاتی جەژنێتی"

٢٦ ی سەرماوەزی ١٣٩٢ی هەتاوی - ستۆکهۆڵم

سەرچاوە: ماڵپەڕی بەیان - ڕێکەوتی: ٢١ی دیسەمبەری ٢٠١٣

------------------------------------------

## چیتر ٣٦ی سەرماوەز رۆژی پێشمەرگە نەبێ!



هاشم رۆستەمی

ئەو ساڵیش وەک ساڵانی رابردوو بە دوو بۆنەی جیاوازوە لە دوو بەشی کوردستان، رۆژی ٢٦ی سەرماوەز کرا بە رێورەسمو جێژنو هەڵپەرکێ. لە بنکەی دەفتەری سیاسی دێموکراتەکان و زۆربەی ولاتانی ئوروپایی، هەردوو لای دێموکرات بە جۆش خرۆشێکی تایبەتی، رۆژی ٢٦ی سەرماوەزیان وەک رۆژی پێشمەرگەی کوردستان کردە جێژن و هەڵپەرکێ.

لە هەرێمی کوردستانی باشوریش ئەوە چەند ساڵێکە کە بە شیوەی جۆراو جۆر ئەو رۆژە وەک رۆژی ئالای کوردستان رێزی لێدەگیرێ و رێورەسمی تایبەتی بۆ وەرێدەخرێ. ئەمەش لەوەرا هاتووە کە لە رۆژی ٢٦ی سەرماوەزی ساڵی١٣٢٤ی هەتاوی بۆ یەکەمجار لە مێژووی ئەم سەردەمەدا، لە شاری مەهابادی رۆژهەلاتی کوردستان، لە رێورەسمێکی تایبەتیدا ئالای کوردستان هەڵدرا.

ساڵی رابردوو هەر لەم سەرو بەندەداو هەر لە پێوەندی لەگەڵ ٢٦ی سەرماوەزدا، وتارێکم نووسی بە ناوی "مەرگی کۆمارو هەڵپەرکێی دێموکراتەکان" ئەو وتارە لە سایتی رۆژهەلات تایمزدا بلاو بۆوەو وەلامێکی بەرێز مامۆستا حەسەنزادەی بەدوادا هات بەنێوی "دوو روانین."

ئەو کات باسەکەم ئەوە بوو، بە سەرنجدان بەوە کە ئەم رۆژە، واتە ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٢٤ی هەتاوی کە لە لایان حیزبی دێموکراتەوە وەک رۆژی پێشمەرگە دیاری کراوەو لە هەمانکاتدا لە ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٢٥ دا، واتە راست لە رۆژی ساڵوەگەری هەلدانی ئالای کوردستاندا، ئەرتەشی حکومەتی پاشایەتی شاری مەهابادی داگیر کردەوەو و کۆماری کوردستانی تێکدا، ناکرێ لە رۆژی تێکچوونی کۆماردا شاییو هەڵپەرکێ بکەین. پێموابوو وا باشترە کە شێوەی ئەو مەراسیمە ئاڵوگۆری بە سەردا بێت.

بەلام ئەمساڵ برێک وردتر دەچمە نێو ئەو باسەو داوا دەکەم کە چیتر ٢٦ی سەرماوەز رۆژی پێشمەرگە نەبێ.

**بەلام بۆ؟**

سەرەتا با بزانین بۆچی و لە کەنگێوە ئەو رۆژە بۆتە رۆژی پێشمەرگەی کوردستان (حیزبی دێموکرات). ساڵی ١٣٦٣ی هەتاوی لە پلینۆمی کومیتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتدا باس لە وە کراوە کە بۆ رێز گرتن لە خەبات و تێکۆشان و قارەمانەتی هێزی پێشمەرگە، رۆژێک دیاری بکەن. ئەو کات بە دوو دەلیل (هۆ) رۆژی ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٢٤ هەتاوییان وەک رۆژی پێشمەرگە دیاری کردوە. هۆی یەکەم ئەوە بووە کە بۆ یەکەم جار بە شیوەی رەسمی لەو رۆژەدا ئالای کوردستان لە شاری مەهاباد و چەند شوێنی دیکە هەڵدراوە. هۆی دووهەم ئەوەبوە کە ئەو کات پێیان وابووە (بەگوێرەی کتێبی کاروانی شەهیدان، نووسینی کەریمی حیسامی) کە هەر ئەو ساڵەو هەر لە رۆژی ٢٦ی سەرماوەزدا خەڵکی مەهاباد، بنکەی شارەبانی ئەو شارەیان وەک دوایین ئاسەواری حکوومەتی پاشایەتی لە ناوچەی موکریان پاک کردۆتەوە. جا بۆ زیندوو راگرتنی ئەو دوو رووداوە، لە لایان حیزبی دێموکراتەوە، ئەو رۆژە وەک رۆژی پێشمەرگەی کوردستان دیاریکراوە.

بەلام نە عەیبەو نە گوناهە کە حیزب پێ لە هەڵەی خۆی بنێ. نەک هەر پێ لە هەڵی خۆی بنێ بەڵکوو پێویستە ئەو هەڵەیە راست بکرێتەوە.

## هەڵەکە لە کوێدایە؟

بە گوێرەی بەڵگە مێژوویەکان ئەوەیان تەواو راستە کە لە رۆژی ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٢٤دا ئالای کوردستان بە رەسمی هەڵدراوە، بەلام ئەوە کە گۆیا هەر لەورۆژەدا خەڵکی مەهاباد یا وەک دەڵێن" سوپای میللی" شارەبانی ئەو شارەیان گرتووە، دوورە لە راستی. بەڵگە مێژوویەکان (رۆژنامەی کورستان چاپی ئەو سەردەم) باس لە وە دەکەن کە لە مانگی رێبەندانی ١٣٢٣ی هەتاویدا ئەو شارەبانیە دەستی بە سەردا گیراوە، نەک لە ٢٦ ی سەرماەزی ١٣٢٤دا. یەعنی نزیک ساڵێک پێشتر. کە وابوو یەکێک لە دوو پایەکانی دیاریکردنی ئەو رۆژە وەک رۆژی پێشمەرگە، ئێستا بێبناخەیە. تازە ئەگەر ئەوەش راست بێ، بۆ دەبێ گرتنی شارەبانی مەهاباد وەک دوایین ئاسەواری دەستەلاتی پاشایەتی لە کوردستان حیساب بکرێت، لە کاتێکدا بەشی هەرەزۆری خاکی کوردستان هەر لە دەست حکوومەتی پاشایەتیدا بوو!

پێشتر کە باسی رۆژی پێشمەرگەی کوردستانم کرد لە نێو کەوانەدا () نووسیم حیزبی دێموکرات. ئەوەم لە خۆرا نەنووسی. با سادقانە لەگەڵ خۆمان بدوێین. لەو کاتەوە کە ئەو رۆژە (با دروست یا نادروست بوونی رێکەوتەکەشی بەرچاو نەگرین) وەک رۆژی پێشمەرگەی کوردستان لە لایان حیزبی دێموکراتەوە دیاریکراوە، ئایا جگە لە حیزب، هیچ هێزیکی دیکەی کوردستانی ئەو رۆژەی وەک رۆژی پێشمەرگەی کوردستان قبووڵ کردوە؟ موعلومە کە وەلامی ئەم پرسیارە "نا" یە. بەلام بەخۆشیەوە لە دوو بەشی کوردستان، سەرجەم حیزبو رێکخراوەکان ناوی پێشمەرگەیان بۆ هێزی چەکداری خۆیان بەکار بردوە. کەوابوو با کارێک بکەین هەروەک چۆن ناوی پێشمەرگە بۆتە ناوی هاوبەشی چەکداری شۆرشگێری حیزب و رێکخراوی دوو پارچەی کوردستان، با رۆژێکیش بکەینە رۆژی پێشمەرگەی کوردستان کە جێگای پەسندی هەموو ئەو لایەنانە بێ کە ناوی پیرۆزی پێشمەرگەیان بۆ هێزی چەکداریان قبووڵ کردوە.

رەنگە ئێستا ئەو پرسیارە بێتە پێش، بڵێی چ رۆژێک هەبێ کە هەموو لایەنەکان قبوڵیان بێت! رۆژی سەرکەوتنی کام هێزی پێشمەرگە؟ سەرکەوتن بەسەر کام دوژمند؟ لەکام بەشەی کوردستان؟! من پێموایە ئەگەر بێدەمارگرژی رێکخراوەیی بمانهەوێ لە سەر رۆژێک بۆ رێزگرتن لە خەباتی پێشمەرگە ساخ بینەوە، هیچ رۆژێک لە رۆژی ٢٥ی رێبەندانی ١٣٢٤ی هەتاوی گونجاوتر نیە. راستە کە لە رۆژەدا هیچ هێزێکی چەکدار پەلاماری هێزی دوژمنی نەداوە. هیچ لشکرێکی داگیرکەر لە هیچ کام لە پارچەکانی کوردستان، لەو رۆژەدا تێک نەشکێندراوە. بەلام لەو رۆژەدا لە کابینەی کۆماری کوردستاندا بە

سەرۆکایەتی پێشەوای نەمر، سەرۆک کۆماری کوردستان قازی محەممەد، ناوی پیرۆزی پێشمەرگە بۆ هێزی چەکداری کورد دیاری کراوەو سوپای میللی بووە بە هێزی پێشمەرگە. ئەو رۆژە هەیئەتی وەزیرانی کۆماری کوردستان بە سەرپەرستی پێشەوا قازی محەممەد دەیانهەویست ناوێکی کوردی بۆ هێزی کۆماری کوردستان دیاری بکەین، ناوی جۆراوجۆر پێشنیار دەکران، لێکدانەوەو راوێژیان لە سەر دەکرا. تا ئەو کاتەی کە مام ئەسەد، ئەو پیاوە ئەمینەی کە چاپەزی ژۆری سەرۆک کۆماریی‌و کۆبوونەکانی هەیئەتی وەزیران بوو، لە کاتی چایی دانان دا سەرنجی چووە سەر باس‌و راوێژی هەیئەتی وەزیران سەبارەت بە دیاری کردنی ناوی هێزی نیزامی کۆمار، لەو کاتەدا ئیزنی لە پێشەوا خواست تا ئەویش بەو بۆنەوە قسەیەک بکات. پێشەوای نەمر زۆر بە روو خۆشی ئیزنی پێداوە. مام ئەسەد وتوویەتی قوربان! لە قەدیم‌و نەدیمە کورد بە "پیاوی ئازاو نەترسی گوتووە پێشمەرگە. واتە مەرگی خۆی وەپێش دەدات تا ئەوانیتر بە ئاسوودەیی بژین. بەو شێوەیە ئەو ناوە لە لایان سەرۆک کۆمارو هەیئەتی وەزیرانەوە پەسند کراوە. لەو رۆژە بە دواوە ناوی پێشمەرگە بۆ هێزی چەکدار کۆماری کوردستان دیاری کرا. ئێستا کۆماری کوردستان بۆتە رەمزێکی نەتەویی، دەکرێ دەستکەوتەکانیشی بکرێنە رەمزی نەتەوەیی، دیاریکردنی ناوی پێشمەرگە بۆ هێزی شۆرشگێرو چەکداری کورد یەکێک لە دەستکەوتە نەتەوییەکانی بزووتنەوەی کوردە، بۆیە جێی خۆیەتی کە هەموو لایەک رۆژی ٢٥ی رێبەندانی ١٣٢٤ هەتاوی بکەینە رۆژی پێشمەرگەی کوردستان‌و رۆژی ٢٦ی سەرماوەزیش وەک رۆژی هەڵکردنی ئاڵا بە پیرۆزی رێز بگرین.

سەرماوەزی ٢٠١٣ی زایینی

سەرچاوە: ماڵپەڕی رۆژهەڵات تایمز - رێکەوتی: ٢٣ی دێسەمبەری ٢٠١٣

------------------------------------

# مەرگی کۆمار و هەڵپەرکێی دێموکراتەکان



هاشم رۆستەمی

یەکێک لە دەستکەوتە هەرە بەرچاو و مەزنەکانی خەباتی رزگاری خوازانەی نەتەوی کورد، کۆماری کوردستانە. ئەو کۆمارەی کە لە ٢ی رێبەندانی ساڵی ١٣٢٤ هەتاوی بە هەوڵ و خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستان و، لە لە لایان پێشەوای مەزنیی کوردەوە لە مەیدانی چوار چرای شاری مهاباد راگەیەندرا. گەر تەمەن مەودا بدا لە وتارێکی دیکەدا باسی ئەوە دەکەم کە بە پێچەوانەی نەزەری ئەو کەسانە کە باسی ئەوە دەکەن، کۆمار خودموختار بووە نەک سەر بەخۆ، ئەمن بە ئاماژە بە کۆمەڵێک هۆکاری روون پێ لە سەر ئەوە دادەگرم کە کۆماری کوردستان سەر بەخۆ بووە نەک خودموختار. بەڵام لەم نووسراوەیەدا مەبەستم ئەوەیە کە باسێکی دیکە بهاروژێنم، تا خاوەن نەزەران و دڵسۆزانی حیزب و گەل هاو کار بن لە راست کردنەوەی هەڵە و کەم و کوڕیەکان.

مێژووی نەتەوەیەک یان مێژووی حیزب و جووڵانەوەیەک تەنیا بریتی نیە لە سەرکەوتن و شانازی خولقاندن. مێژوو ئەوەیە کە رووی داوە، بە چاک و خەراپییەوە، بە سەر کەوتن و شکستیەوە، بە رۆژی لە دایک بوون و رۆژی شەهید بوونەوە.

زۆر سروشتیە کە لە بیرەوەری رۆژە خۆش و پر دەسکەوتەکاندا شادی بکەین و جێژن بگرین. بەلام لە هەمان کاتدا نابێ رۆژە تاڵ و ناخۆشەکانیش فەرامۆش بکەین. هەر وەک چۆن لە ١٠ی خاکەلێوەدا مەراسیم دەگرین و یادی شەهیدەکانمان زیندوو رادەگرین. رێز لە خەبات و تێکۆشانیان دەگرین، پەیمانی وەفاداری و بەردەوام بوون لە سەر رێگەی خەباتیان دووبارە دەکەینەوە.

ئێستا لە مێژووی خەباتی نەتەوایەتی ئێمەدا ٢ی رێبەندان، رۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان، وەک بۆنەیەکی نەتەوەیی

جێگەو پێگەی خۆی گرتووە و هەمووساڵێک لە هەر جێگایەک کە کوردستانیان بۆیان لوا بێ ئەم یادەیان بەرز و پیرۆز را گرتووە.

ئەوانەی کە هەر کەمێک شارەزای مێژووی بزووتنەوەی گەلی کورد بن، دەزانن کە مخابن کۆماری کوردستان هەر ١١ مانگ دەوامی هێنا و، لە لایان دوژمنانی کوردەوە کۆتایی بە دەستەڵاتە دێموکراتیکەکەی هات. بەڵام کەی و چ رۆژێک؟ بۆ تا ئێستاش رۆژی ئەو تراژیدیایەی نەتەوەکەمان لە مێژووی ئێمەدا باسی لێوە ناکرێ؟

دامەزرانی کۆماری کوردستان ئاواتی سەدان ساڵەی خەڵکی کوردستان بوو، ئێستاش خەباتکارانی بزووتنەوەی نەتەوایەتی خەڵکی کوردستان بە هیوای زیندوو کردنەوەی ئامانجەکانی کۆماری کوردستان بە گژ دوژمنانی گەلدا دەچنەوە. کە وابوو بە بروای من هەم بێ دیققەتی و هەم نارەوایەکی گەورەیە دەرحەق بە کۆماری کوردستان کە لە رۆژی رووخانی کۆماردا ئێمە جێژن بگرین و شایی و هەڵپەرکێ بکەین. ئەوە زیاتر لە چارەگە سەدەیەکە هەموو ساڵێک ئێمەی دێموکرات، ئێمەی درێژەدەری ریگەی پر لە شانازی کۆمار، لە رۆژی مەرگی کۆماردا شایی و هەڵپەرکێ دەکەین. ساڵ بە ساڵیش بەزمەکە خەستتر دەکەین.

با روونتر بچمە نێو ئەو باسە. " ٢٦ی سەرماوەزی ساڵی ١٣٢٤ هەتاوی خەڵکی خرۆشاوی شاری مهاباد بە دەست بە سەر داگرتنی شارەبانیی ئەو شارە، ئاخرین نمادی حکومەتی پاشایەتیان لەو شارە پاک کردەوە\"، ( هێندێک سەرچاوەش باس لەوە دەکەن کە گرتنی شارەبانی مهاباد لە ٢٦ی رێبەندانی ١٣٢٣ دا بووە نەک ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٢٤) بەڵام ئەوە روونە کە هەر ئەو رۆژە، ٢٦ی سەرماوەزی١٣٢٤، بە شکۆیەکی تەواوەوە رێ و رەسمی هەڵکردنی ئالای کوردستان، لە مهاباد و هێندێک شوێنی دیکە بە رێوە چوو. بەم شێوەیە ٢٦ ی سەرماوەزی ١٣٢٤ هەتاوی، وەک رۆژێکی مێژوویی لە بزووتنەوەی رزگاری خوازی خەڵکی کوردستاندا، بوو بە رۆژی هەڵکردنی ئالای کوردستان.

لە ٢ی رێبەندانی هەر ئەو ساڵەدا کۆماری کوردستان راگەیاندرا، هەر وەک ئاماژەم پێ کرد مخابن کۆماری کوردستان تەنیا ١١ مانگ تەمەنی بوو کە لە لایان ئەرتەشی حکومەت پاشایەتی ئێرانەوە هێرشی کرایە سەر و بە پێی بەرنامەیەکی لە پێشدا دارێژراو، راست لە ٢٦ ی سەرماوەزی ١٣٢٥ی هەتاویدا، واتە لە سالوەگەری رۆژی هەڵکردنی ئالای کوردستاندا، ئەرتەشی ئێران شاری مهاباد، واتە پایتەختی کۆماری کوردستانی داگیر کردەوەو، بە کردوە کۆماری کوردستانیش کۆتایی بە تەمەنی ١١ مانگەی هات. کەوابوو ٢٦ی سەرماوەز هەم رۆژی هەڵکردنی ئالایە و هەم رۆژی تێکچوونی کۆماری کوردستان.

نزیک ٤٠ ساڵ دوای ئەو رێکەوتە، واتە ساڵی ١٣٦٣ی هەتاوی کومیتەی ناوەندی حیزبی دیموکرات دەی هەویست بۆ رێز گرتن لە خەباتی فیداکارانەی پێشمەرگە رۆژێک دیاری بکات، بۆ ئەو مەبەستە بە بێ ئەوەی ئەو کات مەسەلەی هەڵدانی ئالا زۆر زەق بکرێتەوە، راست رۆژی هەڵدانی ئالای کوردستان وەک رۆژی ریز گرتن لە خەباتی پێشمەرگە دیاری دەکرێت و لە کاتەوە هەموو ساڵێک ئەو رۆژە دەکرێ بە جێژن و، بە خۆشیەوە ئەوە چەند ساڵێکیشە هاوکات باس لە رۆژی هەڵدانی ئالاش دەکرێ. بەڵام مخابن ئەوەی جێگەی لێ ورد بوونەوەیە ئەوەیە کە تا ئێستاش لەو مەراسیمانەدا باسێک لە رۆژی تێکچوونی کۆمارە جوانە مەرگەکەمان نەکرێ.

لێرەدا روو دەکەمە رێبەرایەتی هەر دوولای دێموکرات تا لەو بوارە دا چاوخشاندنەوەیەک بە مناسبەتەدا بکەنەوە. ناکرێ و نابێ، لە رۆژی مەرگی کۆماردا، لە ژێر هیچ ناو و پاساوێکدا بیکەینە شایی و هەڵپەرکێ. ریز گرتن لە پێشمەرگە و خەباتی فیداکارانەشی تەنیا شایی و هەڵپەرکێ نیە. با لە رۆژی ٢٦ی سەرماوەز رۆژی پێشمەرگە و ئالا و تێکچوونی کۆماردا، رەنگ و روویەکی دیکە بدەینە ئەو مناسبەیە. ولاتانی تر و نەتەوەی تریش رێز لە خەباتی هێزی چەکداری خۆیان دەگرن، بەلام نەک بە هەڵپەرکێ.

سەرچاوە: ماڵپەری رۆژهەڵات تایمز - رێکەوتی: ٧ی جانێوێری ٢٠١٣

------------------------------------------

# دوو ڕوانین.



**عەبدوڵڵای حەسەنزادە**

ئەم ڕۆژانە لە سایتی ڕۆژهەڵات تایمز دا وتارێکم خوێندەوە بە قەڵەمی هاوڕێ و دۆستی خۆشەویستم کاک هاشمی ڕۆستەمی لەژێر سەردێڕی "مەرگی کۆمارو هەڵپەڕکێی دێموکراتەکان"دا. پوختەی وتارەکە ئەوەیە کە دێموکراتەکان وەک نەزانن کە ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەز هەروەک لە ساڵی ١٣٢٤دا ڕووداوی مێژوویی هەڵکردنی ئالای کوردستان لە مەهابادی تێدا بووە، ساڵی ١٣٢٥یش شاری مەهاباد پێتەختی کۆماری کوردستانی تێدا گیراوەتەوە، هەموو ساڵێ بە ناوی ڕۆژی پێشمەرگە یان ڕۆژی هەڵکردنی ئاڵا جێژن و شایی و هەڵپەڕکێ وەڕێ دەخەن.

ئەمن و کاک هاشم بێجگە لەوە کە هەردووکمان ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستانین، دۆستایەتی و تێکەڵاوی یەکی گەرمیشمان لەنێودا هەیەو لەوەش زیاتر لە بیروبۆچوونی سیاسی دا زۆر لێک نیزیکین. بەڵام هەروەک گوتوویانە هیچ دوو یەک ناتوانن لە هەموو شتێک دا وەک یەک بچن، ئەم دووانەشمان هەرنەبێ لێرە دا دوو بۆچوون و دوو ڕوانینی جیاوازمان هەیە. بۆ ئەوەی بچمە نێو باسەکەوە پێمخۆشە لەپێش دا هێندێ ڕاستیی مێژوویی وەبیر بێنمەوە، جا ئەوجار بیروبۆچوونی خۆم لەسەر بابەتەکە دەرببڕم:

١- هەروەک کاک هاشمیش بەجۆرێک ئاماژەی پێ داوە، شارەبانیی مەهاباد وەک دوا نوێنگەی دەسەڵاتی ڕێژیمی پەهلەوی لە موکوریانی ئەو سەردەمە دا مانگی ڕێبەندانی ١٣٢٣ لە لایەن خەڵکی مەهاباد یان بڵێین سوپای میلیی کوردستانەوە دەستی بەسەردا گیراوە، نەک لە سەرماوەزی ١٣٢٤دا. ئەوە کە هەتا ئێستاش جاروبار لە ئەدەبیاتی حیزبی دێموکرات دا ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٢٤ بە ڕۆژی دەست بەسەرداگرتنی شارەبانیی مەهاباد ناو دەبرێ بەرهەمی هەڵەیەکی خوالێخۆشبوو کاک

کەریمی حیسامی یە کە لەکتێبی "کاروانێک لە شەهیدانی کوردستانی ئێران"دا وای هێنابوو.

٢- بۆ ئەوەی هەقی کەس نەفەوتابێ، دەبێ ئەو ڕاستی یە بڵێم کە ئەم دوایی یانە هاوڕێی بەڕێزم کاک عومەری باڵەکی لە ڕۆژنامەی "کوردستان"ی سەردەمی کۆماردا دیتبوویەوە کە ١٥ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ بەڕەسمی لەلایەن کاربەدەستانی کۆماری کوردستانەوە ناوی جوان و پڕبەپێست و پیرۆزی"پێشمەرگە" لەسەر تێکۆشەری چەکداری کورد دانراوە. وەک لە دوایە باسی دەکەم ئەگەر ساڵی ١٣٦٣ یان ١٩٨٤ ئەو ڕاستی یە مێژوویی یە لەبیر بایە، ڕۆژی ١٥ی ڕێبەندان بۆئەوەی بکرێتە ڕۆژی پێشمەرگە زۆر گونجاوتر بوو. ئێستاش ئارەزوو دەکەم هەر ئەو ڕۆژە بکرێتە ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان - هەموو کوردستان-.

٣- ڕۆژی ٢١ی سەرماوەزی ١٣٢٥ ڕێکەوتی ١٢ی دیسامبری ١٩٤٦سوپای ڕێژیمی سەرەڕۆی حەمەڕەزاشا شاری تەورێز پێتەختی "حکوومەتی نیشتمانیی ئازەربایجان"ی گرتەوەو ئەو حکوومەتەی ڕووخاند. پێمان خۆش بێ یان ناخۆش بە ڕووخانی حکوومەتی ئازەربایجان هیچ کەس چووکترین هیوای بە مانەوەی کۆماری کوردستان کە لە هەموو بارێکەوە بەتەنیا مابۆوە نەمابوو. بەو پێیە دەتوانین بڵێین ڕۆژی ڕووخانی ئازەربایجان بەکردەوە ڕۆژی ڕووخای کوردستانیشە. خۆ ئەگەر ئەوەش بە بڕیاری ڕەسمیی ڕووخانی کۆمار دانەنێین دەزانین کە ڕۆژی ٢٣ی سەرماوەز لە کۆبوونەوەی مزگەوتی هەباس ئاغای مەهاباد دا ڕێبەرانی کۆمار قبووڵیان کرد کە ناتوانن بەرگری لە کۆمار بکەن و چارەی کار خۆبەدەستەوەدانە. بەو پێیە ئەگەر ڕۆژی ٢٣ی سەرماوەز بە ڕۆژی ڕووخانی کۆمار دابنرێ زۆر گونجاوترە تا ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٢٥. خۆ ئەگەر وەک دەڵێن لەباری "ئارمانی"یەوەش لە مەسەلەکە بڕوانین ئەوا ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوەی ١٣٢٦ ڕێکەوتی ٣٠ی مارسی ١٩٤٧ ڕۆژی ڕووخانی کۆماری کوردستانە. چونکە لەو ڕۆژە دا بوو کە دڵسۆزانی کورد کۆشکی هیوایان ڕووخاو تەمابڕاو بوون کە لە دواڕۆژێکی نیزیک دا هەڵاتنەوەی خۆری ئاوات بەچاو ببینن.

٤- خەڵک ماون کە دەزانن ساڵی ١٣٦٣ بە پێشنیاری من و پەسندی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕات ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەز بە ڕۆژی پێشمەرگە دانراو دواتر لە کومیتەی ناوەندییش دا پەسند کرا. بەڕاستی ئەو کات ئەمن نەم دەزانی کە شارەبانیی مەهاباد لەو ڕۆژە دا نەگیراوە. بەڵام لەوە غافڵ نەبووم کە ئەو ڕۆژە ڕۆژی هەڵکردنی ئاڵای کوردستانە. بۆیە دوای ئەوەی زۆر ڕۆژی سەرکەوتنی هێزی پێشمەرگە لە شەڕ دەگەڵ لەشکریانی کۆماری ئیسلامی دا پێشنیار کران و لەبەر ئەوەی نەوەک هێزەکانی دیکەی پێشمەرگە بە غەدر لەخۆیانی بزانن پەسند نەکران، ئەمن گوتم ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٢٤ هەم ڕۆژی هەڵکردنی ئاڵای کوردستانە و هەم ڕۆژی یەکەمین عەمەلیاتی ئەو هێزە یە کە دواتر ناوی هێزی پێشمەرگەی لەسەر دانرا. کەوایە با ئەو ڕۆژە دابنێین چونکە پێشمەرگەی هیچ ناوچەیەک و هیچ هێزێک بە غەدر لە خۆیانی نازانن. هەر لەوێش دا گوتم بۆ ئەوەی هەڵڵای حیزب و ڕێکخراوە ئێرانی یەکانیشی لەسەر ساز نەبێ، لە دەرەوەی حیزب باسی هەڵکردنی ئاڵا

ناکەین و وەک لە زاراوەی سیاسی دا دەڵێن "مشکی تێدا دەکوژین". ئەوە بوو کە دەفتەری سیاسی پەسندی کردو دای بە کۆبوونەوەی کومیتەی ناوەندی و لەوێشدا بەتێکڕای دەنگ پەسند کرا.

پاش هەمووی ئەمانە دێمە سەر ئەسڵی مەبەست. ئەمن لەمێژە و بە دەیان‌جار زۆر بە داخ و کەسەرەوە گوتوومە نەتەوەی ئێمە چونکە کەمتری خۆشی لە خۆی دیوە و کەمتر سەرکەوتنی تاقی کردۆتەوە ڕۆژە دەروشاوەکانی کەمتر دەبینێ و پتر یادی ڕۆژە تاڵەکانی دەکاتەوە و تەنانەت هێندێ جار ڕۆژە گەشەکانیشی بەناوی ڕۆژە ڕەشەکانەوە یاد دەکاتەوە. نموونەیەک دێنمەوە: ئێستا ئەگەر لە دەیان کوردی خوێندەواری دەرەوەی کوردستانی ئێران و تەنانەت کوردستانی ئێرانیش بپرسی "مەیدانی چوارچرا" کوێیە؟ لەسەدا هەشتاو بگرە زیاتریش ئەگەر بزانن چوارچرا لە کوێ هەڵ کەوتوە دەڵێن ئەو شوێنەیە کە ساڵی ١٣٢٦ - ١٩٤٧ پێشەواقازی محەممەدی لێ لەسێدارە دراو زۆر بە دەگمەن یەکێک پێت دەڵێ ئەو مەیدانەیە کە ساڵی ١٣٢٤،١٩٤٦ دامەزرانی کۆماری تێدا ڕاگەیەندرا. واتە ئەگبەتی یەکەمان لەبیرەو سەرکەوتنەکەمان نابینین.

بەڵام خەڵکی دیکە و بەتایبەتی دوژمنانی کورد وا نین. نموونە: ساڵی ١٣٢٤،١٩٤٥ لە ڕۆژی ٢١ی سەرماوەز ١٢ی دیسامبر دا حکوومەتی نیشتمانیی ئازەربایجان لە تەورێز دامەزرا. ساڵێک دواتر ڕاست لەو ڕۆژە دا سوپای کۆنەپەرستیی شاهەنشاهی تەورێزی داگیر کردەوەو حکوومەتی ئازەربایجانی ڕووخاند. کەچی ڕاگەیاندنی ڕێژیمی پاشایەتی قەت جارێک لە جاران لە دور و نیزیک ئاماژەی بە دامەزرانی حکوومەتی نیشتمانیی ئازەربایجان نەکردو بەپێچەوانە هەموو ساڵی بە ناوی "ڕۆژی نەجاتی ئازەربایجان" یادی دەکردەوەو دەیکردە جێژن.

کەوایە ئەمن دەڵێم ئەگەر واشی دابنێین کە ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەز هەروەک ڕۆژی هەڵکردنی ئالای کوردستانە، ڕۆژی ڕووخانی کۆماری کوردستانیشە، با ڕۆژەکانی سەرکەوتنمان زەق کەینەوەو تۆوی هیوا لە دڵی ڕۆڵەکانی بەرەی نوێماندا بچێنین بەتایبەتی کە ئەمڕۆ لە ئاسۆی خەباتی ڕزگاری خوازانەی نەتەوەکەمانەوە ڕۆژانی خۆشی و سەرکەوتن سەرەتاتکێمان بۆ دەکەن.

ئەمن دەڵێم دەست و دەم و قەڵەم و قەدەمی هەموو ئەوانە خۆش بێ کە هەتا ئەمڕۆ وتاریان بۆ ٢٦ی سەرماوەز وەک ڕۆژی خێرو خۆشیی کورد نوسیوە، گۆرانی یان بۆ چڕیوە، شێعریان بۆ داناوە یان زەماوەندیان بۆ گێڕاوە. با لەمەودواش هەموو ساڵێ ساڵ بە ساڵ بەجۆشتر، جەژنی ٢٦ی سەرماوەز بگرین وەک ڕۆژی پێشمەرگەی کوردەستان و ڕۆژی هەڵکردنی ئالای پیرۆزی کوردستان بەتایبەتی کە ئەمساڵ پارلمانە خۆشەویستەکەی کوردستان لە بڕیارێکی مێژوویی دا ڕۆژی ٢٦ی

**سەرماوەز، ١٧ی دیسامبری وەک ڕۆژی ئاڵا بەڕەسمی ناسی و بەم جۆرە کورد گوتەنی بۆت جەژنی دوو جەژن.**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٨ی جانیۆیری ٢٠١٣**

-----------------------------------------

## با هەموو هەڵەکانی حیزب ڕاست بکەینەوە، نەک تەنیا ٢٦ی سەرماوەز وەک ڕۆژی پێشمەرگە.



**ڕەشید قازی**

**لە پەراویز بۆوچونەکەی بەریزان هاشم رۆستەمی و بەرێز عەبدوللە حەسەنزادە.)**

**لەم ڕۆژانە دا بەریز کاک هاشمی رۆستەمی بە نووسینی بابەتێک لە ژێر ناووی "با چیتر ٢٦ی سەرماوەز رۆژی پێشمەرگە نەبێ" هەروەها بەرێز عەبدوللە حەسەنزادەش بە پشتگری لە بۆچوونەکەی بە نووسینی وتارێک لە ژێر ناوی "تەواوکردنی بابەتێکدا" پەنجەیان خستۆتە سەر ئەرکێکی گرینگ و کەموێنە کە پێموایە ڕێگا خۆشکەرێکە بۆ دەست نیشانکردنی کەم کۆریەکانی حیزبە خۆشەویستەکەمان. ئەگەر بە دڵێکی فراوانەوە بە دوور لە دەمارگرژی و هیژمۆنی حیزبی بەو ئەرگە پیرۆزە هەڵستین بەشێکی زۆر لە ناکۆکی و هۆکارەکانی قەیرانی نێوخۆیی حیزبی کۆتایان پێدێ. بەو کردەوەشمان جووڵانەوەی میللی دیمۆکراتێکی نەتەوەکەمان لە زیان و زەرەری زیاتر دەپاریزین. بۆیە هەروەک ئەو بەرێزانە دوبارەی دەکەمەوە کە "عەیب نیەو بەڵکوو پێویستیشە حیزب [ی دێموکرات] پێ لە هەڵەی خۆی بنێو تەنانەت ڕاستیشی بکاتەوە؟." کە ئەگەر!**

١- ئەگەر حیزبی دیمۆکرات خۆیی بە میراتگری کۆماری کوردستان دەزانی، دەبێ پێی عەیب نەبێ بە شانازێەوە ئاڵاهەڵگری هەموو هێما و درووشم و سونبولەکانی کۆماری کوردستان بە بێ پێچ و پەنا بێ. تەنانەت نابێ بە خاتری هێندێک سات و سەودای ماڵوێرانکەر یا دڵخۆشکردنی فارسە زڕ براکانمان!! خۆمان لەو دەسکەوتە مەزنە و مێژوویە بێ ساحەب بکەێن یا چوکێان بکەینەوە. هەروەک دەبینین چ ئەوکات پێشەوا قازی محمد کۆماری کوردستان ڕاگەیاند و خۆیی کردە قەڵخانی نەتەوەکەی و چ ئەوکات کە د قاسملوو بۆ خودموختاری و مافە سەرەتایەکان تیدەکۆشا و ویستی کیشەی کورد بە ڕێگایی دیالۆگەوە چارەسەر بکات لەلایان حاکمانی تاران و دۆستانی فارسمان!!

کردەوەکانێان وەک هەڕەشەیەک بۆ سەر تەواویەتی ئەرزیی ئیران سەیر کران. ئەو دەستانەی کە بۆ دۆستایەتی و ئاشتی درێژکرابوون و شکێندڕان و لە ئاکامدا هەردووکێان بەو پەڕی دڕندەیەوە شەهید کرڕان. بۆیە لازمە و هیچ عەیب نیّ نەک تەنیا ڕۆژی پێشمەرگە کات و ساتی ڕوودانەکەی ڕاست بکرێتەوە لازمە و پیویستە پاش نیزیک بە ٧٠ سال بوێرانە و ڕاشکاوانە دروشمەکانی کۆماری کوردستان بە بێ پشتگر و پاشگر بەرز و شکاوە ڕابگرین. ئیزن نەدەێن ئەو خوێنانەی هەروا سووک هاسان بەفیرۆ بڕۆن.

٢- ئەگەر پێشەوا بەر لە ٧٠ سال لەمەوبەر بە لێزانی خۆی توانی هەموو چین و توێژەکانی گەلی کورد بە گشتی و عەشایری بە هیز و دەسترۆیشتوویی ئەو سەردەمی وەک دێبۆکری و ئیلخانیزادە و مەنگورەکان لە پێناو خزمەت بە جوولانەوە کورد لە ژێر یەک دروشم و ئالا کۆبکاتەوە و هەوینی تەبایی و یەکیتی لە نیوانێاندا پێک بێنی ئێستاش هیچ عەیب نیەو بەڵکوو پێویستیشە حیزب [ی دێموکڕات] پێ لە هەڵەی خۆی بنیّ و تەنانەت تێبکۆشیبۆ جەماوەریکردنی زیاتر حیزب بە دوور لە دیاردە دەست و پێگرەکانی خودی و ناخودی و ناوچەگەرایی کارێک بکات هەموو بیر و باوەرە جیاوازەکان خۆیانلە حیزبدا ببیننەوە. لە وزە و تۆنایی هەمۆانیش لە پێناوو ئامانجێک بەرزتردا کەڵک وەربگرێ.

٣- لەم دۆایانەدا بەداخەوە هێندێک ئەدەبیاتی ناشیرین سەبارەت بە میژووی کۆماری کوردستان لە حیزبدا دەنوسری. هێندێک پێیان وایە کە چوون کۆمار سیاسەتی شەر و بەرگری رەچاوو نەکردۆە بە ئاشبەتالی ناوزەد دەکەن واتە "کۆماری ئاشبەتالی کرد" هیندیکیش ئامازە دەکەن و دەلێن "بەداخەوە سەرانی کۆمار سێاسەتی خۆ بەدەستەوەدانێان هەڵبژارد". هێندێکیش بۆ دڵخۆشکردنی نەیارانی کورد و گرینگی نەدان بە مێژوو و پێکهێنانی هێندێک سات و سەودا لە گەورەی کۆماری کوردستان کەم دەکەنەوە و بە "کۆماری مەهابادی" ناوزەد دەکەن. ئەگەر بەو عەقلیەتە بڕوانینە مێژوویی ڕووداوەکان، دەبێ چۆن سەیری کردەوەکانی خۆمان وەک کشانەوەی هێزی پێشمەرگە لە قووڵایی ناوچەکان بۆ ئەودیوی سنورەکان بکەین؟. دەبێ بیر بکەێنەوە چۆن پێشمەرگەمان فێری گەرمین و کۆێستان کرد. دەبێ بیر بکەینەوە چۆن خەباتمان کرد بە

خەباتی چەند وەرزێک لە ساڵدا بە بێ ئەوەی لە بیری ئالترناتیویەکی دیکە بکەینەوە. دەبێ بیر لەوەی بکەینەوە کە چۆن بەوانەش رانەوەستاین، قەندیلمان روو بە پێدەشتەکان لە قووڵایی سنووری ولاتێکی دیکەدا چۆڵ کرد و سیاسەتی کەمپنیشیتان هەلبژارد؟.مەگەر نەماندەکووت کە چیاکان تەنیا دۆستی کوردەکانن. بە واتەیەکی تر چیاکان نیشتمانی کوردانن. کەواتە بۆچی ئەم نیشتمانەمان بۆ دووژمن چۆل کرد؟. ئایا ئەم کردەوانە ئاشبەتال و خۆ بەدەستەوەدانێک ئابرومەندانەن یا هەلبژاردنی سیاسەتێکی ژیر و وریانەن؟. بۆ بۆ ئێمە رەوایە ویرانی بوونی تکنۆلۆژی سەردەم و مەجال و مەکانیزمەکانی دیکەی خەبات، وەها سیاسەتێکی سەقت رەچاوو بکەین و کەس مافیی رەخنەگرتنیشی نەبێ بەلام بە دڵفراوانیەوە دەبێ بە ئیزن بەخۆمان بدەین هەڵس و کەوتەکانی پێشەوا قازی بۆ بەرگری کردن لە قەلاچۆکردنی شاری مەهاباد هەرەک شاری تەورێز بە ئاشبەتال و سیاسەتی خۆ بەدەستەوەدانی بەرێزیان ناوزەد بکەین؟. بۆیە هیچ عەیب نیەو بەڵکوو پێویستیشە حیزب [ی دێموکرات] پێ لە هەڵەی خۆی بنێ و تەنانەت ڕاستیشی بکاتەوە ئەگەر گوولله بە رابردوە بنین بە بێشک داهاتوو تۆپمان پێوە دەنێ.

٤- حیزب لە مێژووی خۆیدا چوار جار واتە لە کۆنفرانس دوو، کۆنگرەی چوار، کۆنگرەی هەشت و کۆنگرەی دوازدە ئیزافە یەک بەهۆی قەیرانی نێوخۆیی توشی دارمان و لەت بوون هاتۆە. لازمە حیزب وێرای خەسارناسێک لەم رووداوانە هۆکارەکانی ئەم لەتبوونانە و لەهەمانکاتدا رۆلی ئەحمەد تۆفیق وەک سکرتیری گشتی لە میژوودا پێناسە بکات. بۆوەی بۆجارێکی دیکە حیزب بتوانی بە سەلامەتی خۆی لەم قەیرانانە دەرباز بکات و هێندەش حیزب هێز و توانکانی لەم هەڵبەز دابەزانەدا بە فیرۆ نەدات.

٥- هیچ عەیب نیەو بەڵکوو پێویستیشە حیزب [ی دێموکرات] پێ لە هەڵەی خۆی بنێو تەنانەت پیوسیتە خەسارناسیک بۆ هەر دوو شەری نیووخۆیی لە نێوان کۆمەلە و حدکا بە گشتی و لە نیوان حدکا - رش و حدکا بە تایبەتی بکات. هۆکارەکان و تاوانبارانی ئەم کردەوە دزیوە بناسرین و داووی لێبوردن لە خەلکی کورد بە گشتی و هەموو ئەو بنەمالانە بکەن رۆلەکانیان لەم پێناوەدا لە دەست داوە. بۆوەی ئەگەر خودای نەخۆاستە بەرەیەک یا هاوپەیمانێک!! لە نێوان هێزەکانی کوردیدا پێک بێ بەردی بناخەی پتەوە لە سەر بێ باوەری و بێ متمانەی سەبارەت بە یەکتر دانەمەزرێ. جگە لەوەش خەسارناسیەک لەم بارەوە دەتۆانی بۆ هەمیشە بەرگری لە دووپاتبوونەوەی ئەم تراژدیانەی بکات.

٦- هیچ عەیب نیەو بەڵکوو پێویستیشە حیزب [ی دێموکرات] پێ لە هەڵەی خۆی بنێو تەنانەت ڕاستیشی بکاتەوە کە ئەگەر تا دۆێنی شێوەی پرۆسەی تێکەل بوونەوەی حدکا و حدکا رێبەرایەتی شۆرشگێر کردەوەیەکی دروست بوو و هیچ مەبەستێکی لە پشت نەبوو یەستاش هەروەک ئەوکات بۆ پاراستنی بەرژەوەندیەکانی نیشتمان و ریکخستنی نێوومالی کورد و

پتەوترکردنی زیاتر جولانەوەی کورد بە بێ لەبەرچاووگرتنی پلە و کورسی دەستەلات هەنگاوەکانمان بۆ تێکەلبوونەوە توندتر بکەین و خەلک لەوەی زیاتر هیوابر نەکەن.

٧- ئەگەر باوەرمان بە دروشمەکانی وەک ریکخراو چەکی هەرە گرینگی ئێمەیە، چیاکان تەنیا پشت و پەنای ئێمە کوردن و سەربەخۆیی بریاردان لە سەربەخۆیی ئابوری دایە، بۆچی یەستا گرینگی بە ریکخراو نادری و تەشکیلاتەکانمان بەرە هەلوەرین و پەسیوبون دەچن. بۆ نەمانتۆانیوە لۆبیێکی کورد وێرای بوونی هەزاران کورد لە دەروە پێک بێنین کە دەرد و مەینەتێکانی گەلێک بە دام و دەزگا دەولەتێکان رابگەیەنێ. بۆ لە ووزە و تۆانایی ئەندامان هەر ئەوانە کە لە هێزەکانی دیکەدا دەبنە دینامیزم و رێبەری ئەم هیزانە بە جۆرەی تۆان کەلک وەرناگری؟. بۆ هەنگاوێکی ئەوتۆ بۆ سەربەخۆی مالی نەهاویشتراوە و یەستاش نیمە، نیمە هەر وەک هەمیشە دروشمی رۆژ حیزبەکەمانە؟. ئەگەر مانەوە لە چیاکان سەخت و دژاور بوو چۆنە پککە تۆانی بمێنێتەوە و بەمانەوەی خۆی کیشەی کوردی لە تورکیە بگەیەنێتە لووتکە؟.. بۆیە هیچ عەیب نیەو بەڵکوو پێویستیشە حیزب [ی دێموکرات] پێ لە هەڵەی خۆی بنێو تەنانەت راستیشی بکاتەوە کە نەیتۆانی لەو ئامرازانەی لەبەردەستی دابوون بە جۆرەی تۆانا کەلک وەربگری. لە هەمانکاتدا خۆی بۆ خەباتێکی دورودرێژ ئامادە بکات.

گەلۆ؟!!...

هەروەک دەزانین حیزبێکی شۆرشگێر و رەسەن حیزبێکە کە هەلە و کەم و کۆریەکانی خۆی دەست نیشان بکات و بۆ لەنێوبردنی ئەم دیاردانە هەنگاوو بنێ. یەکێک لە هۆکارەکانی خۆشەویستی حیزب لە نێو کۆمەلانی بەرین خەلک هەمان راستکردنەوە هەلەکانی لە رابردوودا بۆە. بۆیە پێویستە حیزب بۆ بەرگری لە دووبارە بوونەوەی قەیرانەکانی ریکخراوەیی و زیاتر بە جەماوەری بوونی و هەروەها بەرپرسایەتێکی کە سەبارەت بە جوولانەوەی گەلی کورددا هەیەتی، بە دڵفراوانی بەم هەڵە و دەیان کەم و کۆریەکانی دیکەی خۆییدا بچێتەوە تا بۆجارێکی تر حیزب بگەرێتەوە بۆ دۆخی جارانی و ببێتەوە حیزبی دیمۆکراتی کوردستان حیزبی خۆشەویستی گەلی کورد.

سەرچاوە: ماڵپەری گیارەنگ - رێکەوتی: ٩ی جانێوێری ٢٠١٤

---------------------------------------------

## ٣٦ی سەرماوەز، رۆژی پێشمەرگەی کوردستانە




ئەحمەد مەکلاوەیی

تاکاتی دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە لایەن حیزبی دێموکرتی کوردستان و،راگەیاندنی لە لایەن پێشەوای نەمرەوە، نێوێکی رەسمی کە شیاوو، شایستەی ئەو رۆڵە کورد انە بێت کە گیانیان بۆ رزگاری نیشتمان بەخت دەکرد، نەبوو.

بەڵام وەک دەگێرنەوە، لەو سەردەمدا کە قازی و یارانی لە دووی وشەیەک دەگەران و لە قاوەخانەیەک دادەنیشن و سەر گەرمی دیتنەوەی وشەیەک دەبن کە پڕ بە بەژنی ئەو کوڕو کچانە بێت کە بۆ رزگاری نیشتمانیان خەبات دەکەن و زۆریان گیان بەخت دەکەن، لە پڕدا کابرای چایچی کە لە باسەکەیان حاڵی دەبێت، روویان تێدەکات و دەڵێ، لە ساڵێیانێکی زۆر دوور دا خەڵکی کورد بە مرۆڤی ئازایان وتوە، پێشمەرگە، ناوی پێشمەرگە هاتە نێو ئەدەبیاتی کوردی و، لەوە بە دوا ناوی پیرۆزی پێشمەرگە لە سەر چەکداری شۆڕشگێری کورد داندرا. پێشمەرگەی کوردستان لە رێی رزگاری خاک و نیشتمانی زۆری خوێن داوە، زۆری قارەمانەتی نواندوە، هەربۆیەش لە ساڵی ١٣٦٣ دا حیزبی دێموکراتی کوردستان هاتە سەر ئەم رایە کە سەبارەت بەوهەموو لە خۆ بوردوویەیی و فیداکاری هێزی پێشمەرگەی کوردستان ، هەر چەند رۆژ نەبوە و، نیە کە کچ و کورانی کورد لە زیندان و شاخ و دەشت و دەر دا، قارەمانەتی بۆ نەتەوەکەیان نەخوڵقاندبێت و، نەخوڵقێنن و شەهید نەبوبن و شەهید نەبن،

رۆژێک بۆ رۆژی پێشمەگەی کوردستان دەست نیشان بکەن کە لەو حەول و تێکۆشانە دا، مامۆستا عەبدوولای حەسەن زادە پێشنیار دەکات کە رۆژی ٢٦ی سەرماوەز، ئەو رۆژەی کە دەست بە سەر شارەوانی مەهاباد دا گیرا و ئاڵای کوردستانی لێ هەڵدرا، بکرێتە رۆژی پێشمەرگەی کوردستان.

ئێستا کە ناوی پێشمەرگە، بۆ نەتەوەی کورد، رەوانترین وشەیە و، خۆشترین و شەیە و، بۆ دوژمن و نەیارنی کوردیش، بە سامترین وشەیە، پێویستە کە کۆمەڵگای کوردەواری، چۆن رێز لە یەکەمین کۆماری کوردستان دەگرن، ئاواش رێز لە رۆژی ٢٦ی سەرماوەز بگرن کە ئەویش رۆژێکی مێژوویی کوردە کە لەو رۆژە دا دەست بە سەر شارەوانی رێژیمی پاشایەتی لە مەهاباد دا گیرا و، ئاڵی کوردستانی لە سەر هەڵدرا.

من وەک خۆم، تەواوی ئەو کوڕ و کچانەی کە لە هەر چوار پارچە دابەشکراوەکەی کوردستان دا، چ لە ناوخۆ و چ لە شاخ و، چ لە زیندان و، چ لە ئەندەران، کە بە جۆرێک لە جۆرەکان بۆ رزگاری کوردستان خەبات دەکەن و تێدەکۆشن، بە پێشمەرگە دەزانم.

بەڵام بیزم لە هەموو ئەو جاش و مەجووشانە هەڵدەستی کە بۆ پووڵ و پارە و ئیدی هەستاون خۆیان فرۆشتوە و، بێ بەشن لە ناوی پیرۆژی پێشمەرگەی کوردستان. من لێرە دا، سلاو دەنێرم بۆ هەموو دایک و، خوشک و، براو، بوک و،کچ و کورانی ئەو تێکۆشەرانەی کە لە هەر چوار پارچەی کوردستان دا، بە دەستی دوژمنانمان شەهید کراون، یا وەک کێو لە مەیدانی خەبات دژی دوژمنانی نەتەوەکەیان وەستاون. ئازیزان، هاونیشتمانانی کورد، با کوردستان بە گشتی بە ملکی هەموو تاکەکانی کورد بزانین و، لە هیچ شوینیکی کوردستانی گەورە (هەر چوار پارچەی کوردستان) دا کورد بە میوان و بێگانە و ئاژاوەگێر نەزانین، چونکە ئەو خوینانەی لە کوردستان بە دەستی دوژمنان لەرۆڵەکانی کورد رژاوە و، دەرژێ، ئیی یەک دەمارن، یانی(( دەماری نەتەوەی کورد))ن.

بەڵام بە داخم لەمە کە لەم کاتە دا کە بەرەو رێز گرتن لە رۆژی پێشمەرگەی کوردستان دەرۆین، هەشت تێکۆشەری کورد، هەشت رێرەوی بیری قازی و کۆماری کوردستان و، قاسملووو شەرەفکەندی، لە خاکی ئەژدادیان دا، بە دەستی برای خۆیان، کەوتوونەتە بەندیخان و، پاش ئەو هەموو خەبات و تێکۆشانەیان، بە گێرەشێوێن ناو دەبرێن، با ئەوراستیەمان لە بیر نەچێ کە مێژوو دێت و دەڕوات و، وەک خۆی دەنوسرێتەوە و، شەرم لە ئەم و ئەو ناکات ولە دوا رۆژ دا چاک و خراپ دەکەوێتە بەر دیدی گشت وەچەکانی داهاتووی کورد و خوێندنەوەی خۆیان بۆ دەکرێت. سڵاو لە شەهیدانی هەر چوار پارچەی کوردستان، سڵاو لە گشت شاخ و داخی کوردستان، پیرۆز بێت ٢٦ی سەرماوەز رۆژی پێشمەرگەی کوردستان، بمرن دوژمنانی کورد و کوردستان لە هەر چوار پارچەی کوردستان.

سەرچاوە: ماڵپەری ئاڵەشکێنە - رێکەوتی: ٨ی دێسەمبەری ٢٠١٣

## ڕۆژی پێشمەرگە:!



**حامیدرەشیدی زەرزا**

هەر چەند دابەشکردنی خاکی کوردستانی مەزن، لە نێوان دوو ئەمپەڕاتووری ئیران و تورکییەی عوسمانی لە١٥١٤ی زایینی، سەر دەمی ' شاسمایلی سەفەوی' ڕویدا، بەڵام لە شەڕی یەکەمی جیهانی جارێکی دیکە بەشیکی ئەو خاکەی کوردستان، بە دەست تێوەردانی زلهێزەکان بە تایبەت بریتانیا، هاویشترا سەر خاکی وڵاتی ئیراق و سووریە. کەچی لە ماوە دوورو درێژەدا، دەیان ڕاپەڕینی لە لایان شۆڕشگێڕو خەباتخوازانی بە وەفای نەتەوەی کورد هاتە کایە، بەڵام بە داخەوە،نەتوانرا ئەو گرێپۆچکەیە بکاتەوە،و ئەو سەرکەوتنەیان لێنەکەوتووە، کە چاوەڕوان دەکراو سەرنجی مافخوازان گۆی زەوی بۆ لای خۆی ڕانەکێشا، هەتا لە چوار چێوەیەکی بەرتەسکیش ڕیشەی بۆ دانەکوترا کە ڕەنگی مافخوازی بە خۆوە بگرێ و وەکوو ڕاپەڕینی میللەتانی دیکەی ژێر دەستی سەر گۆی زەوی پەڕۆ پۆ باوێ چوزە برێتە بەن هەردو ریشە داکوتێ، بە کوردی و بە کورتی هێزەکانی ڕاپەڕینی عەشیرەیی، بە کوژران و یان بە دەستبەسەری ودوورخەراوەیی ڕێبەرانیان کوتایی پێدەهات و جارێکی دیکە شۆڕشگێڕان دەکەوتنەوە ژێر چەپۆکی داگیرکەران و بازنە و ئاڵقەی ژێر چاوەدێری و بۆ سەردەمێکی دوروو درێژ بوخچەی شۆڕش دەپێچڕاوە.

بەڵام بەجودهاتنی هێزی پێشمەرگە لە ١٩٤٥ بوو بە ئاڵاهەڵگری خەباتی کوردایەتی و مافی ڕەوای میللەتی کوردی، دەتوانین بڵێن لەو ماوەیەدا میللەتی کوردی بە هەموو دونیا ناساند، چونکە ناوی پیرۆزی پێشمەرگە لە هەموو بەشە کوردستانەکان لە بن گوێچکەی هەموو کوردێک بە یەکدەنگ دەزرێنگێتەوەو، هەروا کوڵنەدەرو خەبات وماندوونەناسی پێشمەرگە دەرەکیشی هێنا سەر ئەو بڕیارە کە بە بوونی نەتەوەی کورد دەم داهێنن و باشتر کوردستان و نەتەوەی کورد بناسن. دەجا پێشمەرگە ئەو ناوەیە کە دوژمن دەتۆقێنێ و نەترەو زراوی داگیرکەرانی کوردستان دەبات و، ورەیان لاوازو کزو لەرزۆک دەکات. پێشمەرگە ئەو ناوەیە کە هێزو پشوو وەبەر شۆڕشگێڕان و ڕۆشنبیران و خەباتخوازان دەنێ، و بۆ تاکە

تاکی میللەتی کورد لە هەر چوار پارچە، بۆتە ڕەمزی حەیات و ژینەوەی نەتەوەی کوردو دەنگی لە سەرانسەری گۆی زەوی داوەتەوە. کەوابوو هەموو سەرکەوتنێکی میللەتی کورد دەینداری خەبات و گیان بەختکردن و قارەمانەتی و لە خۆ بردوویی و وەفای پێشمەرگەیە.

وەک دەزانن هەموو هێزی دەوڵەتانی دونیا و شۆڕشگێران زۆربەی لە پێناو پایەو پلەو پارە دەجەنگن، تەنیا پێشمەرگەی کوردستانن کە بە سەخاوەتەوە بۆ ڕزگاری گەلەکەیان و نەجاتی ڕەچەڵەک و نیژادەکەیان، بۆ بەرگری لە توانەوە ڕزگاربوونی کورد لە ژێر کۆت و زەنجیری داگیرکارانی بێ بەزە، گیان بەخت دەکەن. ئەو پێشمەرگەیەی کە ساڵانی ساڵ بە مڵ دۆڵوو بەستوو هەورازو نشیوی چیاکان، تفەنگ لە شان و گیان لە سەردەست بە برسی و تێنوو پارێزوان و پارێزگاردی خاکی کوردستانن، ئەو هەموو دەشت و ترۆپ و گەوەو باوشەو دۆڵوودەرو بە خوێنی وان سووربووە، ئەو هەموو گوڵی هەڵاڵەو بەیبوون و پەڕو شلێر، لە خوێنی ئاڵی واڵی وان سەری لە بەرزو نەوی خاکی کوردستان وەدەر ناوە، کە وابوو پێشمەرگە موقەدەسە، دەبێ خۆڵی بەر پێی بکرێتە سوورمەی چاوان، پێشمەرگە شەریفە دەبێ لە سەر گومبەزی رازو نیاز بخوازرێ، پێشمەرگە شەرەف و ئابڕوو کەرامەتی نەتەوەکەیەتی، بۆیە هەر تەوهین و ئاهانەت و سووکایەتیەک بە پێشمەرگە، سووکایەتی بە تەواوی میللەت و نەتەوەی کوردە، پێشمەرگە ڕەمزی سەر بەرزی گەلەکەیەتی و لە هەموو شوێنێک شانازی پێ دەکرێ، کەوا بوو پێشمەرگە لە هەموو بەشەکانی کورستان، بی تەوفیر لە هەموو سازمان و حیزبێک هەر پێشمەرگەیە، چونکە مەبەستی پێشمەرگە تەنیا لە پاراگرافێک داکۆ دەبیتەو ئەویش( ڕزگاری خاکی کوردستان و نەتەوەکەی لە ژێر چەپۆکی داگیرکەران و وە دەست هێنانی سەروەری و سەر بەخۆیی و هەڵدانی ئالاّوی حکوومەتی کوردی لە خاکی مووقەدەسی کوردستانە، بژی پێشمەرگە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی خاکەلێوە - ڕێکەوتی: ١٨ی دێسەمبەری ٢٠١٣

---------------------------------------------

# کڕنۆشێک بۆ پێشمەرگە.!



مەجید حەقی

ئەمرۆ کوردستان بە سروودی "وا هاتن پێشمەرگێن" رێز لە پێشمەرگە و پێشمەرگایەتی دەگرن. "پێشمەرگە" ئەو وشە سێحراوییەی کە گەورە و بچووکی کوردستان بە بیستنی هەست بە سەربڵندی و شانازی دەکات و بروا بەخۆ بوون لە ناو تاک تاکی گەلی کورد بەو ناوەوە واتا دەگرێت. پێشمەرگە ئەو ناوە رەمزاویەیە کە دوژمن بە بیستنی ئەژنۆی شل دەبێ و دەزانێ بە بوونی هێزی هۆلاکۆ بەزێنی پێشمەرگە و هەڵۆی بەرزە فڕێ چیا سەربەرزەکانی کوردستان، ناتوانێت دەسەڵاتی ملهورانەی خۆی هەتا سەر بەسەر کوردستان درێژە پێ بدات.

لە ٢٦ی سەرماوەزی ساڵی ١٩٤٥دا، رۆڵەکانی گەلی کورد لەشاری مهاباد، کە مانگێک دواتر بوو بە پایتەختی یەکەم کۆماری مێژووی کوردستان، دەستیان بە سەر دوای ناوەندی نیزامی حکوومەتی دیکتاتۆری پەهلەوی داگرت و ئاڵای کوردستانیان بە جیاتی ئاڵای داگیرکەری پەهلەوی داچەکاند و دوای ئەو هێزی پێشمەرگەیان دامەزراند. لەو رۆژەوە تا ئەمرۆ پێشمەرگە بووتە رەمزی خۆراگری، خەبات لە پێناوی پاراستنی کەرامەتی مرۆڤی گەلی کورد و سەمبۆلی بەرگری نەتەوایەتی و نرخێکی پیرۆزی شۆرش و شۆرشگێری. پێشمەرگە لەو سەردەمەوە تا ئەمرۆ رەنگی سووری ئاڵای کوردستانی خەملاندووە و بە بوونی خۆی لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا وەک بۆتە برِبڕەی پشتی خەبات لە پێناو بەدەست هێنانی ناسنامەی نەتەوایەتی.

لە سەردەمی خەباتی چەکداری و بەرخودانی گەلی کورد لە بەرامبەر هێرشی داگیرکەرانەی دوژمناندا ئەوە پێشمەرگە بوو کە بە قارەمانی خۆی، بە فیداکاری و گیان لە بردووی خۆی مان و نەمانی گەلی کوردی پاراست و کورد و کوردستانی لە توانەوەی هەتاهەتایی و لەدەست دانی کەرامەتی ئینسانی خۆی پاراست.

ئەمڕۆ پەیڤی پێشمەرگە، بەرینتر لە خەباتی چەکداری و قووڵتر لە ئەندام بوون لە ریزی حیزب و رێکخراوێکی سیاسیە. پێشمەرگایەتی نرخ و بەهایەکی نەتەوایەتیە کە، دەتوانین بەو کەسە بڵێین کە لە خۆبوردوانە لە پێناو رزگاری، بەختەوەری و دامەزراندنی سیستەمێکی دادپەروەرانە و مافی دیاری کردنی چارەنووس خەبات دەکات.

٢٦ی سەرماوەز لە کوردستانی ئێران،و لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە، وەکوو رۆژی "پێشمەرگە" ناوزەد کراوە. پێشمەرگە لە گوتاری ئازادیخوازیی نەتەوەی کورددا، چەمکێکی پیرۆزو خاوەن تایبەتمەندیگەلێکە کە هەڵگرانی ئەم چەمکە پیرۆزە لە خەڵکی ئاسایی جیا دەکاتەوە.

ئێمە لە کاتێکدا یادی ٢٦ی سەرماوەز دەکەینەوە، کە پێنج سەد ساڵ لە سەر یەکەم دابەشبوونی کوردستان تێپەر دەبێت. لەو ماوەیەدا جۆلانەوە گەلێکی زۆر هەوڵیان داوە دایکی نیشتیمان لە ژێر چەپۆکی داگیرکەری رزگار بکەن و گەلی کورد بە ئاواتی ئازادی و سەربەرزی بگەیەنن. لە درێژەی ئەو سەردەمەدا، پێشمەرگە تەنیا رەمزێکە کە نزیک بە ٧٠ ساڵ بووتە سەمبۆلێکی یەکگرتوو، رەمزی بەرخودان و نەسرەوتوانانە بووتە بنیاتنەری خەباتی مۆدێرن و سازماندراوی نەتەوایەتی گەلی کورد. بۆیە لەو رۆژەدا جێی خۆیەتی رێز لە هەموو شەهیدانی پێشمەرگە، بنەماڵەی شەهیدان و زیندانیانی سیاسی بکەین و رێز لە پێشمەرگە کەم ئەندامان بگرین و پێشمەرگە دێرینەکان وەک قارەمانانی گەیاندنی خەباتی نەتەوایەتی لە قۆناغی خەباتی چەکداری و بەرخودانەوە بۆ قۆناغی خەباتی مەدەنی و سازیە دێموکراتیەکان ببینین.

سڵاو لە پێشمەرگە باسکی بەهێزی گەل

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - رێکەوتی: ١٧ی دێسەمبەری ٢٠١٣

------------------------------------------------

## پێشمەرگە هیوای ئەویندارانو هانای بێنەوایانە



ئامانج کردستانی

پێشمەرگە باسکی بە هێزی گەلە پێشمەرگەی ئاڵا بەقەد ئاڵا هەر زیندووە کە لە بەرزترین لووتکەکان و بەتینترین مەشخەڵێک لە ئیمان و ورە راوەستاوە، لاپەڕەی پڕ لە شانازی حەقانیەتی میللەتی کوردە.

ئەوان سەر بە دژمنی رەق لە دڵ دژی کوردان شۆڕ دەکەن. پێشمەرگە رۆڵەی پڕ بایی و مەشخەڵدار و پێشڕەوی شۆڕش و پێشاهەنگ و رێنوێنی رێگای ئازادی و سەرهەڵدانە دژی داگیرکەر و لەخۆبردووانی رێگا ی ئارمانی میللین. پێشمەرگە ئەو کەسەیە کە چیرۆک و بەسەرهاتی نێو داستانەکانی لە دونیا واقێعدا لە دەشتە پان و بەرینەکانی کوردستان و لە سەر لووتەکە بەرزەکانی زاگرۆس کردووە بە حماسەی راستی و بە زانیاریی و هەست بە بەرپرسایەتی کردن رێگایەکیان هەڵبژاردووە و بۆ سەرکەوتن تا ئازادی و رزگار کردنی میللەتی چارە رەش بە بێ وچان تێدەکۆشن و بە خوڵقاندنی ئەو قارەمانەتیانەی کە ئەنجامیان داوە سەلماندوویانە کە ئازایەتی و قارەمانەتی و توانایی ئینسانی هیچ سنووریک ناناسێ، ئەوان مایەی شانازی کورد و کوردستان و نەوەی داهاتوون و بە قارەمانەتی و لە خۆ بردووی وەک هەتاوێکی تیشکدار بە سینگی ئاسمانەوە دەدروشێنەوە و بوومەتە ئلگۆی مانەوە و نەمری، پڕنرخ.

پێشمەرگە ئاڵا بەدەستانی ئازادی و رووناکایی و دوژمنانیش نوێنەرانی تاریکی و زڵم و زۆرن. پێشمەرگە وەک دارەپیرەی شەکاوە لە نێو میللەتەکەیدا ریشووی داکوتاوە و رۆژ لە دوای رۆژ پەل و پۆی زیاتر دەڕازێتەوە و هەر چوار پارچەی کوردستان لە بن سێبەری ئەم دارە گەورە و پڕ بەرەدا بە هیوای رزگاری لە دەستی زڵم و زۆر و وەدەست هێنانی مافی چارەی خۆ نووسین و پێک هێنانی وڵاتێکی دیمۆکرات و ئازاد، دەژین.

بە ئازایەتی و دەست و بردی پێشمەرگە رۆژێک دادێ کە تەم و مژ و هەوری رەشی دەسەڵاتدارە کۆنەپەرستەکان لە ئاسمانی شینی وڵاتەکەماندا بڕەوێتەوە و ئەو کات بە نەمانی دیکتاتۆر و ملهوڕەکان میللەتی کورد بتوانن پەیکەری پێشمەگەر دروست بکەن و لە مەیدان و چوارڕێگانی شارەکانی وڵاتە ئازادەکەماندا بۆ وەفاداری و گیانبازی پێشمەگەرکانیان وەک سەمبوڵی سەرکەوتن بیانهێڵنەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی خاکەلێوە - ڕێکەوتی: ١٧ی دێسەمبەری ٢٠١٣

-----------------------------------------------

## ٢٦ی سەرماوەزمان پیرۆز بێ.!



**مەلا برایمی مەجیدپور**

بەبۆنەی ساڵوەگەڕی رۆژی دامەزراندنی هێزی پێشمەرگە پیرۆزبایی گەرمی خۆم پێش کێش بەسەرجەم هاوڕێیانی پێشمەرگەو بنەماڵەکانیانو بنەماڵەی شەهیدانو بەندیە کانمانو سەرجەم گەلەکەمان دەکەم و ئاواتەخوازم بگەینە ئەو ئامانجە بەرزەی کە هەمومان هەوڵمان بۆ داوەو دەیدەین و قوربانی زۆرو بەنرخیشمان بۆ داوە.

لە مانگی سەرماوەزدا دوو ڕووداوی گرینگو مێژویی ڕوویانداوە.(١) لە ٢٦ی ئەو مانگەدا هێزی ڕزگاریدەرو پارێزەری کوردستان دامەزراوە. (٢) لە ئاخرین چرکە ساتەکانی شەوی ئەو مانگەدا ڕۆڵەیەکی بە بەفرانباردا بۆ کورد ناردەو کە وەک بەفری کویستانەکانی کوردستان هەمو بەهارێک دەتوێتەوەو لە سەرچاوەو کانیاوەکانی نیشتمان هەڵدەتۆقێتەوەو زێدەکەی بەڕنگی ئاڵاو واڵا دەڕازێنێتەوەو خەبات بۆژیان دەسپێدەکاتەوە. ئەوڕۆڵە بلیمەتە ڕێبەرایەتی حیزبی بە دەستەوە گرتوەو

پرۆسەی ئازادیو دیمۆکراسی بەشێوەی زانستی بۆ گەلەکەی دارشتوەو هەر لەو رێبازەشدا سەری داناوە.

٢٦ی سەرماوەز رۆژی پێشمەرگەی کوردستانە، گرینگترینو بایخدارترین بەرهەمی خەباتی رەواو پیرۆزی گەلەکەمانە. بۆیە گرینگە چونکە گەلێکی ژێردەستەی زاڵم ترین دەسەڵاتەکانی ئەو سەرزەویە، لە بەشێکی بچوکی ئەو نیشتمانە دا لەنێو ئەو هەموو گورگو چەقەڵەی کە سەریان لێدەسوێیە ناوەو بریاری خواردنیان داوە، پرۆسەی بەرەنگاربونەوەی ئەو گشتە مەترسیانەی لە بەردەستدایە و هێزێک دادەمەزرێنێ کە بتوانێ بەرەنگاری ئەو هەموو مەترسیانە ببێتەوەو دەگەڵ هەموو هێزەکانیتری دنیاش جیاوازی هەبێ. هەرناوەکەی دوژمن تۆقێنە. هێزێکە بەئیمان بەرەوابونی مافی نەتەوایەتیو سووربوون لە سەر داواکانی بۆ مەرگیش خۆی وەپێش گەلەکەی دەخا، رێبازەکەی بەدڵخوازی خۆی هەڵبژاردوە، چاوەروانی هیچ پارەو هەقدەستێک ناکا، بۆ رزگاری گەلو نیشتمانەکەی دەستی لەهەمو کارو کاسپیو تەنانەت لە دایکو بابو ژنو منداڵیش هەڵگرتوە ، گیانی بەقوربانی گەل دەکاو پارەو دارایی و خۆشگوزەرانی وەلاخستوە، شەوو شەونخونی دەکێشێ و خۆبەخش خەبات دەکا، دەگەڵ هەموو گرفتو تەنگو چەڵەمەیەک بەرەو رووو دەبێو دەگەڵ درندە ترین هێز ململانە دەکا. لە شەوانی ئەگوستەچاودا کە هەموو گیانلەبەرێک لە خانەو لانەی خۆیدا خەریکی حەسانەوەو پشوودانن، پێشمەرگە لە شوێنی حەسانەوە دێتەدەروو هێرش دەکاتە سەر دوژمن، وچانی لێدەشێوێنێ، لە خەوی غەفڵەت رای دەپەرێنێ، پێیدەڵێ: ئێرە کوردستانە داگیرت کردوە،وادەزانی کورد مردوە؟ هەستە راکە کورد زیندوە. دڵنیابە ناتوانی لەم کوردستانەدا بحەسێیەوە.

پێشمەرەگە، لەحاڵی سەرماو کرێوەدا ئاگری شۆرش لەدەرونیدا کڵپە دەستێنێ هەست بەسەرماو گەرماناکاو گەردەلول بەچۆکی داناهێنێ، ساردیو گەرمی رێگری نینو بۆ رزگاری گەلەکەی ماندویی ناناسێو بەقورسترین پێشهاتیش ناتاسێ. هێزێکە بایخدارترین سەرمایەی ژیانی کە گیانە بەسەخاوەتەوە بەگەلەکەی دەبەخشێو بەغیرەتەوە خۆی بۆ قوربانی داناوە. خۆراگرە بەمانای وشە، هیچ هێزێک بە چۆکی داناهێنێ. لەسەرکەوتندا لەخۆ بایی نیە و لە تێشکاندا ورەی بەرنەداوەو ناهومێد نابێ، تێشکانەکە دەکاتە دەرسو بۆ داهاتوو دەکاری دێنێ. بەکورتی هێزێکە بەئامانجەوە هاتۆتە گۆرەپانی خەباتو کار بۆکەسی تایبەت ناکاو موچەخۆرو چاو لە دەستی کەس نیە، دەسکەوتی هەرەمەزنی ئەو رێزوو خۆشەویستیەی گەلەکەیەتی کە بۆی دادەنێن.

داخەکەم لەملاو ئەولا بەناڕەواو بەهەڵە، بگرە بەئانقەستو بەخەتاش، نەک نەزانانە بەڵکو زانای هەڵخلیسکاو، بەناو پێشکەوتنخوازی دۆڕاو، بەجۆرێک لە جۆرەکان هەوڵ دەدەن پلەو پێگەی پێشمەرگە دابەزێنن، لە بایخی کەم کەنەوە، ئەوانە هەر دەڵێی بەژەکی بێگانە فرچک دراون، بەشیری نەیاران گەورەکراون، کە لەناوی کوردیش بێزارنو ناوی بێگانانیان پێی باشترە! ئەوە بەنیشانەی پێشکەوتنی دەزانن، ئەوەندە خۆیان بەلاوە چوکە کە دەیانەوێی بەلاسا کردنەوەی

ناشیانە خۆیان گەورە کەنەوە. بۆوێنە: یەکێک دەڵێی: میلیشیا، ئەویتر دەڵێی: گیانباز و.... دەگەڵ ڕێزم بۆ هەموو ئەوحیزبو سازمانانە کە ئەو ناوانەیان لە چەکدارەکانیان ناوەو بۆوان پیرۆزەو بۆمنیش جێگای ڕێزە، بەڵام پێشمەرگە ناوی سوپای کوردستانە.

پرسیارم ئەوەیە: گوناحو عەیبەکە لە کوێدایە کەهێزی پارێزەری کوردستان ناوی پێشمەرگە بێی؟! بۆچی تاوانە هێزی کوردستان ناوی کوردی لێبندرێی؟! ئەویش ئەوناوە جوانو پڕماناو لەسەر دڵانە؟! داخوا ئەوە ناگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئێمە ئەوەندە بەستراوەو خۆ بەکەمزانین کە ناولێنانی کوردیش بە نیشانەی دواکەوتویی دەزانین.؟ واڕاهێندراوین خۆنەویستو دژبەیەک بین، خۆمان پێی چوکو خەڵکمان بەلاوە گەورەتربێی! بۆچی پێمانوایە جلوبەرگو لاساکردنەوەی بێگانان نیشانەی پێشکەوتویی و تێگەیشتنە؟! نا کاکی (خۆم بەرێش نیەو بە ئیشە.)

بۆچی کەسری شانە کەناوی هێزی پارێزەری کوردستان پیاوێکی زەحمەتکێشی کورد دیاری بکا، کە شارەزایانی بواری نیزامی گەلانی پێشکەوتوی دنیاش نەیان توانیوە ناوێکی ئاوا پڕناوەرۆک بۆ گەلێکی ئاوا ژێردەستە بدۆزنەوە!

پێشمەرگە ئەو هێزە بەهێزو لە بڕان نەهاتویەیە، کە داگیر کەرانی کوردستان هەموو جۆرە چەکێکی قورسو سوکو ژاراویان لە سەر بەکار هێناوە بەڵام خۆڕاگرو سەربەرزانە ڕاوەستاوەو کۆڵی نەداوەو نەفەوتاوە، نەبەزیوە، قورسو قایم لەسەر داواڕەواکانی سورەو پاشگەز نەبۆتەوە، زەختو زۆری داگیرکەران بۆ سەر بنەماڵەو زۆر جاران گرتنو ئێعدام کردنیان دڵی نەلە رزاندوەو بەچۆکی دانەهێناوە توشی کزیو ورەو ناهومێدی نەکردوە. ئەوەندە وەفادار بوە بەهاوسەنگەرانی کە جاری وابوە بۆ دەربازکردنی تەرمی هاورێیەکی لە چەنگی دوژمن گیانی خۆی داناوە. بەدڵنیایەوە هەتا کوردستان هەبێ پێشمەرگەش هەیەو ماوە، لە قۆناغی داگیر کاریدا خەبات بۆرزاگاری دەکاو دوای ڕزگاریش هێزی پارێزەری کوردستانە.

بەداخەوە ئاسەواری خۆ بەچوک زانین هێشتا داوێنی بەرنەداوین، شۆڕشگێری گەلانیتر لە ئێخۆمان بەگەورەتر دەزانینو ڕێزی زیاتریان بۆ دادەنێین. ئەو خۆ بەکەم زانینە وای لێکردوین قارەمانانی خۆمان بەکەم بگرینو وتارو کتێب لە سەر کەسانیتر بنوسین. من زۆر جار کتومەو دەیڵێمەوە : ئەگەر ئیبراهیم و هاجەرەو ئیسماعیل لە مێژوی ئیسلام دا بەرێزەوە باسیان لێکراوە، ئێمەی کوردیش بۆ ڕزگاری گەلو نیشتمانو بەرەنگاری زاڵمانو داگیرکەران دەیان برایمو هاجەرو سمایلمان هەیەو ناویشمان نەهێناوە! ئەگەر چێگوارا وەک شۆڕشگێری ناودار ناسراوە، ئێمە دەیان چێگوارامان هەیە و بێناوە! ئێمە وەک کورد ڕێزمان بۆ هەموو ئەوانە هەیەو دامانناوە، بەڵام دەبێ برایمەکان و، هاجەرەکان و، سمایلەکان و، چێگواراکانی خۆشمان خۆشتر بوێو لەبیریان نەکەین. من سەری ڕێزو حورمەت بۆ هەموو ئەوانە دادەنەوێنم کە لە بەرانبەر زاڵمانو داگیر

کەراندا ڕاوەستاونو گیانیان کردۆتە قوربانی و دەیکەن، بەڵام چێم پێدەڵێن بڵێن، شۆڕشگێڕانی گەلەکەی خۆم بەلامەوە لە پێشەوەی هەمویانە. بێی تەعاروف خۆشەویستو جێگەی ڕێزوو تاجی سەری هەمومانە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی خاکەلێوە - ڕێکەوتی: ١٦ی دیسەمبەری ٢٠١٣

----------------------------------------

## با ٢٦ی سەرماوەز بکەینە ڕۆژی یەک ڕیزی وخەبات.



فەوزیە مام ئاقایی

با ٢٦ی سەرماوەز بکەینە ڕۆژی یەک ڕیزی وخەبات و ڕزگاری نەتەوەی کورد و بۆ هەمیشە نەفرەت لە شەڕی براکوژی پێشمەرگە ئەو وشە جوان وئە و نێوە موقدەسەیە کە ئەمرۆ لە هەمو بەشەکانی کوردستان وەک سومبولی بەرخۆدان وئازایەتی بۆ ڕزگاری کورد وکوردستان لەسەر زاری هەمو ڕۆلەیەکی کورد بەشانازی وە باسی دەکرێت، زۆر شاعیر ونوسەر وئەدیب ، هونەرمەندی کورد لە وەسفی پێشمەرگە دا قەلەمە جوان و ڕازاوەکەیان بەکار هێناوە وباسیان کردوە، لە ٢٦ی شەشی سەرماوەزی سالی ١٣٢٤ بو کەیەکم جار ئەو وشەیە هاتە سەر زاران ڕەنگە قەڵەمی کولی من نەتوانێت باس لە هەمو تایبەتمەندیەکانی پێشمەرگە بکات، بەڵام بەئەرکی خۆمی دەزانم کە ڕۆژێک خۆم لەتەمەنی لاویم دا هەستم بەوە کرد کەنەتەوەکەم پێویستی بە خەبات وبەرخۆدان هەیە بەشانازیەوە ڕێگای پێشمەرگایەتیم. لەڕێزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان هەڵ بژارد.

باش لە فەلسفەی کار وئەرکی پێشمەرگە تێ گەیشبوم کە تەنیا وەزیفەی پێشمەرگە پاراستنی خاکی پاکی کوردستانە و دەبێ هەمو حەول و کۆششی بۆ ڕزگاری گەلەکەی بێت، کەم نین ئەو کەسانەی کە لەم پێناوەدا ماڵ و حال وبنەماڵەکەشیان

کردە قوربانی ئەم ئاو وخاکە و لە ریزی هەمو حیزبەکان وتەنانەت بە شێوەی تاکەکەسی لە نێو خۆدا بونە قوربانی و ئێعدام کران، وزیندانی وشکەنجەیان تەحەمول کرد، ئەوە نیشتمانە و خاکە کە پێشمەرگە دروست دەکات، ئەگەر ئەمرۆ کەس یان کەسانێک هەن کە بۆ بەرژوەندی گروپی و بەرژوەندی تاکە کەسی فەتوای شەری برا کوژی،و رۆلەی کورد بەدەستی کورد بەکوشت دان بۆ داهاتووی کورد دەدەن، ئەوە دور لەفەلسەی دێموکراسی ودور لە بەرژوەندی نیشتمانی خۆشەویستمان دایە و بەتایبەت لە ولآتانی پێشکەوتوو ودێموکرات دا مەحکومە ولە چاوچێوەی خانەی ئەمنیەتی و هەرشە وتۆقان ودلّە راوکێ ساز کردن بۆ داهاتوی ولآتێک دا لێ پرسینەوەی قەزایی هەیە، من باش دەزانم بەخۆشیەوە کریاری ئەم جۆرە فکرە لە نێو هەمو رێکخراوە سیاسی‌یەکان وبەتایبەت لە نێو کۆمەلانی خەلّکی پێشکەوتوو دا کە خوازیاری تەبایی و پێکەوە ژیانن زۆر کەمە و یان هەر جێگەیان نیە، بۆیە دەبێ هەمو لایەکمان حەول بدەین، رێگا نەدەین ئەم جۆرە فکرانە ببنە هەوێنی تێکدان و شێواندنی ئاشتی وتەبایی کە بێشک لەم بۆوارە دا مێژوی ئێمەی کورد پرە لە روداوی ناخۆش وشەری برا کوژی بۆ هەمو لایەکمان ولەنێو هەمو لایەنەکانی نێو خەبات د وەک خەتی سور بێت.

جارێکی دیکە سلآو لەپێشمەرگە و وزیندانیانی سیاسی و بنەمالّەی سەر بەرزی شەهیدان و قارەمانانی مەیدانی کوردایەتی.

سەرچاوە: مالّپەری گیارەنگ - رێکەوتی: ١٧ی دێسەمبەری ٢٠١١

----------------------------------------------

## ئەو دیمەنانەی پێشمەرگە کە ئاوێتەی هەستم بووە



**حەکیم حسین زادە**

پیشمەرگە ئەو ناوە پیرۆز و موقەدەسەیە کە تاکی کورد شانازی پێوە دەکا و دەمێک سالّە رازێنەرەوەی ئەدەبیات و کۆلتوری

گەلەکەمانە. بۆ مەدح و سەنای ئەو مرۆڤە هەڵکەوتوو و شورشگێرە زۆر شاعیر، نوسەر، هونەرمەند و... هەستی سەرکەش و لە هەمانکاتدا خۆشەویستی‌یان بەرامبەر بە پێشمەرگە بە شێوەیەکی شیاو و لایق دەربڕیوە. تاکی کورد ئەرکی سەر شانێتی وەفا و ئەمەگناسی خۆیان پتر لە جاران دەرحەق بە فریاکەوە و نێردراوی مەعنەوی هەستە بەرز و نهینی نامەرئیکانی خۆدایانی کورد نیشان بدەن وەک هەمیشە پاڵپشتێکی پتەو و لەشکان نەهاتوو بن.

بە بڕوای من بە چاوی زۆربەی هەرە زۆری تاکی کورد پیشمەرگە هەر هەموویان بە رادەیەک خۆشەویست، رێزدار و لە بواری مادی و مەعنەوی لە کرین نەهاتوو و بەنرخن و هەر بویەش هەر کەس بە گوێرەی سەلیقەو هەڵسەنگاندن و پێوانەکانی خۆی پیشمەرگە یان پۆلێک پیشمەرگەی وەک سمبۆل و ئۆلگوی خۆی دیاری کردووە. هەر بەو پێیەش بە شانازیەوە وەک تاکێکی کورد کە فەخر بە کوردبوونمەوە دەکەم، بۆ ریزگرتن لە ناو و یادی پیشمەرگە، یەکەم دەستە لە پیشمەرگەکان کە وەک مێرمنداڵیکی نۆ ساڵان ئەو سەردەمەو ئێستاش ئەوانم وەک قارەمان و پاڵەوانی داستان و چیروکەکانی میشک و خەیاڵم تەجەسوم دەکرد، یادیان دەکەم، ناویان دێنم و کرنوش دەبەم بۆ شەهیدانی مەزار ون و دیاری پیشمەرگە.

مێرمندالیکی نۆ ساڵانەی تۆزیک بزۆز و شەرانی بووم کە شۆرشی گەلانی ئیران بە ئاکام گەیشت و بەداخەوە لە لایەن ئاخۆندە شیعە جەردە و راو و روتکەرەکان و بەتایبەت خومەینی گور بە گور بە تاڵان چوو و سەد داخ و مخابن خەڵک رەنج بە خەساربوون. ماڵمان لە تەنیشت چۆمی یەرغو هەلکەوو بەرامبەر بە ماڵی شەهیدی نەمر کاک هەژار(سەروان ئەحمەدی جاویدفەر) بوو. شەهیدی فەرماندە بۆ ساز کردنی خانووبەرە، هەڵکەوتوو لە نیزیک تیرمینالی ئەوکاتی مەهاباد بە قونترات لە گەڵ بابم کە بەننا بوو پێکهاتن. منیش وێڕای "ئەبوو خوسرەوی"ی ئامۆزام جار جار لە گەڵ بابم بە ئیستلاح بۆ کار دەچووین بەڵام هەر دەردەسەر و موشکل خوڵقین بووین تا کریکار و رەنجدەر. ئاخر دو میرمنداڵی بەدفەر و قۆشمە و فەعلەیەتی؟! بەتایبەت بۆ سەرودڵی گرتنی ئەو مامە پیرەی کە بەداخەوە ناوم لە بیر نەماوە و بە دڵنیایەوە ئیستا لە ژیاندا نەماوە و سەد رەحمەت لە گورەکەی.

بەڵێ یەکەم پیشمەرگە کە دیتم و لە نیزیکەوە شانازی لە خزمەتدابوونیم هەبوو نەمر کاک هەژار بوو. ئەو مرۆڤە مەزنە جار جار سەردانی کارەکەی دەکرد و هەر چەند وەک باسم کرد قونتراتی بابم بوو بەڵام پەرۆشی کریکارەکانی بوو و رۆژانە بە تەداروکات بە کارگەرەکان رادەگەیشت و رۆژانی هەینی هەموویانی بۆ نانخواردن داوەتی ماڵی خۆی دەکرد و بە قەولی ئەوکاتی کریکارەکان ئەورۆژە :چەور" بوو کە بەداخە من جومعەیەکیان نەچووم و ئیستاش حەسرەتی لە دلمدایە.

رێکەوتەکەم لە بیر نییە بەڵام شار لە لایەن کورد کوژانی کۆیردڵ گیرابۆوە. سی رۆڵەی چاونەترسی شار کە یەکیان

فەرماندەی شەهید کاک هەژار بوو بەرامبەری مالمان واتە ئەوبەری چۆمی یەرغوو و بەری ماڵی بابی کاک هەژاری نەمر لە بلوای شەهید شاریکەندی بە وریایی و قورس و قایم بەرەو مەجبوراو و پاشان سەیداوا و لاچێن و قەلای سارم بەگ وەک هەڵو لە هەڵکشان دابوون.

شار بەدەست پیشمەرگەوە بوو، منیش وەک زوربەی هەر زۆری لاو و مندالانی شار لە یەکیک لە مەفرەزەکانی شار ناو نوسیم کرد، مەفرەزەی شاهۆ بوو لە باخی سیسە کە پیم وابی کاک حەسەن حاتەمی سەپەرەستی دەکرد. هەلبەت کاک عەولا شیرێژی ئاموزاشم هەر لەوێ بوو. باشم لە بیرە پەرتووکخانەیەکی بچوک رازێنەرەوەی مەقەر بوو. چەند ئوردویەکیان ریک خست کە من لە گەل ئەو دەستەیە بووم بۆ لای "شیخەپۆتە" رویشتین. لە گەرانەوەدا کاک حەسەن بە ماشێنێکی جیب کە تۆپێکی ۱۰۶ی لەسەر دابەسترابوو، بەرەو پیرمان هات.

لە دەست بەسەرداگرتن و خاوەنکردنی شرکەتی نەوتی مەهاباد کە لە نیزیک ماڵمان بوو، باشم لە بیرە بۆ دابەش کردنی عادلانەی سوتەمەنی ناو شیرکەتی نەوت، کاک سەلاح شەشە کە بە سەلاحی حەمەدەمین شەشە بە ناوبانگ بوو لە گەڵ دەستەیەک لە پیشمەرگە لەوێ جیگیر ببوون. قەلافەتی مێرانەی کاک سەلاحم لە سەربانی شیرکەت پاش تەقریبەن سی ساڵ ئیستاش لە بەر چاوە.

کاک عوسمان ئەفشین کە هاوسا و جیرانمان بوو، زۆر جاران لە ناو کۆری مندالاندا بە شانازیەوە باسمان دەکرد، هاوینی ٦٣ کە بۆ یەکەمجار هەستی کوردایەتی هانیدام بە رەسمی ببمە پێشمەرگە، ویرای ئەبوو خوسرەوی و هاورێی شەهید و ئازیزم عەلی سۆهرابی لە گوندی قۆزلوێی چوک خومان گەیاندە پیشمەرگەکان. کاک عوسمان لە گەڵ چەند پێشمەرگە لەوبەری مالآن لە بن پۆلەدارێک دانیشتبوون، چوینە لایان، یەکەم جار نەیناسینەوە، بەداخەوە من و شەهید عەلی هەر هیچ نەماینەوە و زوو بردیانینەوە.

ئەوانە و گەلێک دیمەنی دیکە لە پێشمەرگە، هەموو کات و مەگەر مەرگ و گڵ و گۆر لە ناو مێشک و دڵمدا لە ناویان بەرێ.

نازانم باسی شەهیدان چرچەی بارام میرزا و کاک شوانی مامۆستا بکەم یان قادر لوتفیانی موعەلیمم، لاپەرەکانی ژیانی برایانی سازواری، گوشوارە و کیسەکان هەڵدەمەوە یان ئاورێک لە ژیانی ساکاری ئەبوو ئارەزم، ئەبوو جەهانگیری، یوسف نەوایی، مەحمود بەربەری، ئەحمەد پەژمان، سولەیمان قوڵینگ، بایز لاچینی و... بدەمەوە.

با بزانیین لە داهاتوو دا، ئەو رۆژەی وڵات رزگار و هەوای ئازادی و سەربەستیمان لە سێبەری خوێنی شەهیدانی گەل هەڵمژی، هونەرمەندانی بوارە جۆراوجۆرەکانی هونەر وەک شانۆ و سینەما، پەیکەرتاش و نەقاش، شاعیر و نوسەر چلۆن شاکار دەخوڵقینن و وەفا و پیزانیینی خۆیان کە کەمترین پاداشە بە سەروەرانی هەمووکات سەروەر، دەدەنەوە.

دەبا نەمرانی پیشمەرگە، خدرە سور، کەریمی عەلی فەرامەز، بازید نەبەردی، عوسمان ئوستاد ئیبراهیمی، عوسمان ئەمجەدی و سەدان و هەزارانی دیکە لە پانتایی هەموو کوردستانی پیرۆز لە شومالیترین خاڵی کوردستان تا دەگاتە جنوبیترین نوقتەی کوردستانی خوشەویستی کوردان، بە خاترجەمی و ئاسودە بخەون کە گەلی کورد وەفادار بە رێباز و ئامانجیانە و ناو و یادیان ئاوێتەی مێشک و دڵمانە.

سەرچاوە: ماڵپەری شەهید - رێکەوتی: ١١ی دێسەمبەری ٢٠١٠

------------------------------------------

## سەرماوەز، ئەو مانگەی کە تێیدا رێز لە رۆژی پێشمەرگەی کوردستان دەگرین



**حەتەم جەهانگیری**

رۆژی ٢٦ی سەرماوەزی هەموو ساڵێ وەک رۆژی رێزگرتن لە پێشمەرگەی کوردستان ناودێر کراوە.

پێشمەرگە ئەو رۆڵە بە جەرگو بە هەیبەتەی نەتەوەی کوردە کە لە ناخی بزووتنەوەی رزگاری خوازی کوردستان دەورو رۆڵێکی گەورەو بەرچاوی هەیە.

ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەزی ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی خەڵکی خەباتگێر و ڕزگاریخوازی کوردستان بە گشتیو بە تایبەتی خەڵکی خەباتگێری شاری مهابادی پایتەختی مێژوویی کۆماری کوردستان لە هەنگاوێکی شۆڕشگێرانەدا دەزگا سەرکوتکەرەکانی ڕژیمی پەهلەویان تێک پێچاو شارەوانی ئەو شارەیان کە وەک دوایین بنکەی نەیارانی کورد بوو چەک کرد و ئاڵای پیرۆزی ئاشتیان لە سەر بەرزایی بینای شارەوانی هەڵکرد و پەیامو ڕەوتێکی شۆڕشگێر و ئاشتی خوازییان سەردا کە تا ئەمڕۆش بەردەوامە.

لە ساڵی ١٣٦٣ی هەتاویدا، حیزبی دایک، حیزبی داهێنەری ناوی پێشمەرگە، واتە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دیسان لاپەڕەیەکی زێڕینی دیکەی بە لاپەرە زێڕینەکانی خۆی زیاد کردو وەک حیزبی هەموو چینوتوێژەکانی کۆمەڵگای کوردستان و بۆ بەرز ڕاگرتنی خەباتو بەرخۆدانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، لە بڕیارێکی مێژوویی دا ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەزی ساڵی ١٣٦٣ی وەکو ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان دیاری کرد.

کۆمەلانی خەڵکی کوردستان و لایەنگرانی ئاشتیو دێموکراسی لەو کاتەوە تا ئێستا لە هەموو باردۆخێکی سەختو گراندا ڕێز لە ناو و ڕۆژی پێشمەرگە دەگرن. ڕێز لە خەباتو خۆبەخت کردنی ڕۆڵەیەکی خۆیان دەگرن کە بەبێ هیچ چاوڕوانیەک حازرە هەموو ژیانی خۆی و تەنانەت گیانی خۆشی فیدای ئامانجەکانی نەتەوەکەی بکات.

بەلام پێشمەرگە کێیە کە کۆمەلانی خەڵکی کوردستان لە چوار دەوری ئەم نیشتیمانە لەت لەتکراوەدا و بگرە لە سەتحی جیهاندا ڕێزی لێدەگرن؟!

پێشمەرگەی کوردستان ئەو چەکدارە شۆڕشگێڕەی کوردە کە لە شاخەکانی زاگرۆسی مەڵبەندی مێژوویی نەتەوەی کورد سەری هەڵداوەو لە داوێنەکانی زاگرۆس دا سروودی ژیانو دێموکراسی سەرداوە. پێشمەرگە ئەو کەسەیە کە گەورەترین سەرمایەی ژیانی خۆی لە پێناو ڕزگاری و ئازادی نەتەوەکەی دا بەخت دەکاتو بەبێ هیچ ستارگەهەک بە شەوو ڕۆژ لە پێناوی دۆزە ڕەواکەی خەبات دەکات.

ئەگەر بمانهەوێت بە کورتی لە سەر جیاوازی پێشمەرگە لە گەڵ چەکدارانی دیکە بدوێنو تایبەتمەندیە بەرزەکانی پێشمەرگە باس بکەین ئەوا لاپەڕەکانی مێژوویی خەباتی خۆێناوی گەلی کورد کە بە دەیان ساڵە پێشمەرگە خۆی بەخت دەکات دێنە قسەو پێشمەرگە وەک شۆڕشگێڕێک کە لە پێناو ڕزگاریو سەربەستی نەتەوەکەی لە ژێر چەپۆکی داگیرکەرانو خوێنڕێژان خەبات دەکات دەناسێنن. پێشمەرگە ئینسانێکی کوردی خاوەن هەڵوێستە کە بۆ بەرابەری ئینسانەکانو جێگر کردنی یاسا دێموکراتیکەکان و سڕینەوەی زوڵمو زۆری سەر نەتەوەی کورد خەبات دەکات.ئەو تایبەتمەندی شۆڕشگێڕانەی

هێزی پێشمەرگەنە کە پێشمەرگەی وەک ئینسانێکی جێی متمانە کە بۆ ئـاڵوگۆڕی قـوڵی سیاسـیو کۆمەڵایـەتی لـە نیشتماندا پێشان دەداتو پێشمەرگەی بەو رادەیە خۆشەویست کردووە.

خەباتو ڕۆڵی پێشمەرگە هیچ کاتێک کەم نەبووە و ئەگەر لە رابردوودا بـە هـۆی ئـەو شـەڕە کە کۆماری ئیسلامی ئێران بـە سەر نەتەوەی کورد دا سەپاندو بە ناچاریو تەنیا بۆ بەرگری پێشمەرگە دەستی بـۆ چـەک بـردو دیفـاعی لـە مـانو هـەبوونی نەتەوەی کورد کرد، ئەمڕۆ پێشمەرگە خەباتێکی دیکەی سەردەمیانەی دەست پێکردووە کە زۆر لـە خـەباتی شـاخ کـەمتر نیە! ئـەمڕۆ پێشـمەرگەکانی کوردسـتان لـە مەیدانـە جۆراجۆرەکـانی خـەباتی سیاسـیو کۆمەلایـەتی لـە جەرگـەی خـەبات دانو لـە سـەنگەرەکانی زانسـتو خـۆ پێگەیانـدن، ئـەو ئەرکـە مێژووویـیە کـە لـە سـەر شـانیانە بـەرێوە دەبـەن.ئـەمڕۆ پێشمەرگە لـە مەیدانەکانی دیپلۆماسیدا و لە نێو جەرگەی زانستگاکانی ئێراندا خەبات دەکەن. هەر ئەو تـرسو خۆفـە لـە نێـو پێشمەرگەو خـەباتی نـوێو سـەردەمیانەی پێشمەرگەیە کە رژیمی چاوترسێن کردووە و رژیمی لـە هەمبـەر ئیـرادەی پـۆڵاینی خۆیـدا بـە چۆکدا هێناوە.

لە هەمبەردا خەباتە رەواکەی پێشمەرگە و ئاراستەی درۆستو بەرحـەقی ئـەم خەباتـە و خـۆ دوورگـرتن لـە هـەر کردەوەیـەک نارەوا لە هەمبەر داگیرکەرانی دڵرەقو خوێن رێژ، بۆنەتـە هـۆی ئـەوە کە خـەباتی هێـزی پێشمەرگە لـە جیهـانی مۆدێرنی ئەمرۆدا بە خەباتێکی ئازادیخوازانە و سەردەمیانە کە تەنیا بەختیاری ئینسانەکان ئامانجیـەتی قـەبوول بکرێـتو پشـتیوانی لە داخوازە رەواکانی ئەو شۆرگێرە بکرێت. ئەگەر بە وردی چاو لە قوربـانی دانو خـەباتی هێـزی پێشمەرگە بکـەین، دەبیـنن کە ئەو هێزەی کورد تـەنیا لە رۆڵەکانی ئەو نەتەوەیە پێکهاتوون کە بە ویستی خۆیـان بـۆ خـەبات لـە هەمبـەر داگیرکـەران چەکی شەرەفیان لە شان کردووە و بە بێ هیچ ئیدعایەک ئەو ئەرکەیان وەئەستوو گرتـووەو خـەباتی هێزی پێشمەرگەش هیچ کاتێک دوایـی پێنـاییێتو لـە دوا رۆژی ئـازادی کوردسـتاندا دەورو و ڕۆڵێکی گـەورەی لـە پاراسـتنی دەسـتکەوتەکانی خـەباتی خوێنـاوی نەتـەوەی کوردو پـارێزگاری لە بەهـا ئینسانیەکان لە ئەستوو دەگرێت.

لە کۆتـایی دا سڵاو دەنێرم بۆ هەموو پێشمەرگەکانی کوردستان و بە تایبـەتی پێشـمەرگەکانی حیزبـی دێمـوکراتی کوردسـتانی ئێران

پیرۆز بێ ٢٦ی سەرماوەز رۆژی پێشمەرگەی کوردستان

سەرچاوە: ماڵپەری یەکیەتی لاوانی دیموکراتی کوردستانی ئێران - رێکەوتی: ١٥ی دێسامبری ٢٠١٢

## ڕۆژی پێشمەرگە




**ماڵپەڕی ئیندرقاش**

پێشکێشە بە گیانی پاکی هەموو شەهیدانی ڕێبازی ڕزگاری کورد و کوردستان و بە بەژن و قەڵافەتی هەموو پێشمەرگە ڕاستەقینەکانی کوردستان.

لە درێژەی خەباتی ڕەوای نەتەوەی کوردمان لە کوردستانی ئێران لە لایەن حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران و لە سەر پێشنیاری ڕێبەری مەزنی کورد دوکتور قاسملوی نەمر لە ساڵی ١٣٦٣ی هەتاویدا ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەزی هەر ساڵ وەک ڕۆژی پێشمەگەی کوردستان دیاری کرا و لە لایان هەموو گەلی کوردستانەوە پێشوازی و پشتیوانی لێکرا.

زۆربەی ئەو نەتەوانەی کە بۆ ئازادی ورزگاری خەباتیان کردوە گەڕاون و باشترین و گونجاوترین ناویان بۆ پاڵەوانانی بەرگری و ڕزگاری نەتەوە و نیشتمانی خۆ هەڵبژاردوە.

کە بە بروای من واژەی( پێشمەرگە) جوانترین وپر ماناترین واژەیە بۆ خەباتکاری ڕێگای ڕزگاری نەتەوەیی و نیشتمانی.

بۆ من ناسراوترینی ئەم واژانە، واژەکانی( گریلا، گریلە، سۆلدات، عەسکەر، سەرباز، چریک، پاسدار ...)ن. واژەی (گریلا، گریلە) واژەیەکی ئیتالیاییە بە مانای شەرکەری چکۆلە، وردەشەڕکەر، یا شەڕی تاک وتاقمی بچکۆلە. واژەی(سۆڵدار، سۆلجر) کە وەک واژەیەک بۆ سەربازی دەوڵەتی لە ئوروپا برەوی هەیە، لە ئەسڵدا بە مانای بەکرێگیراو و فرۆشراوە و مزدوورە.

واژەی(عەسکەر)کە لە وڵاتانی عەرەبیدا بۆ هێزی نیزامی دەوڵەتی دەکار دێت لە واژەی(سیکوریتی)وەرگیراوە بە مانای ئەمنیەت و ئاسایش و پاراستن.

بە تایبەتی پاراستنی پاشایان و خەڵیفە و سوڵتان و دەرباری قودرەت.

واژەی(سەرباز) کە لە ئێران بۆ هێزی ئەرتەشی دەکار دێت بە مانای ئەو کەسەیە کە یاری بە سەری دەکات و دەیدۆڕێنێت، بەڵام دیار نیە لە پێناوی چێدا.

واژەی(چریک)کە وەک واژەیەکی ترکی ناسراوە و لە ئێراندا بۆ شەڕکەری گرۆپی دەولەتی و هێزەکانی چەک بە دەستی ئۆپۆزیسیۆن دەکار هاتوە و دێت.

کە بۆی دەچم هەر لە واژەی کوردی(چەڵیک و چالاک)وەرگیرابێت.

واژەی پاسدار کە ئێستا لە نیزامی کۆماری ئیسلامی ئێران دا دەکار دێت و هێزی باوەر پێکراو و پشت و پەنای رژیمە و کۆپاڵی کوێری سەرکوتی ژوورەوە و تەخریبی دەرەوەیە.

یانی ئەوەی نیگابانی دەکا و دوژمنی هەر چەشنە ئاڵگۆڕێکە و لەسەر ڕاگرتن و پاراستنی نیزامی کۆماری ئیسلامی ئێران پێ چەقێنە.

بەڵام واژەی پێشمەرگە! پێشمەرگە:

واژەیەکی پڕ مانا بە پانایی جیهانی ئازادیخوازی و بە توانا بە قەرای هەموو توانا و هێزی ئازادیخوازانی جیهان، بە ورە بەرزتر لە نەڕڕەی شێر و ورشەی باڵی هەڵۆ و گرمەی هەوری بەهاری، بەگوڕ لە گوین بروسکەی هەور و گەڕشەی شەهاوێژ و تینی خۆرەتاوی تاوزی، لە زاران خۆش وەک ناوی دایک و باوک و نەتەوە و نیشتمان، بەهەشت و مەلەکوت، کتێب و قەڵەم، شەکر و هەنگوین، خۆشتر لە نانی گەرم.

حەسێنەوە وەک باوەشێ دایک و پشتی لانک و سێبەری دار بەڕووی کوردستان، بە سام وەک هەرەس و تۆفان و سۆنامیا.

قەلافەتی قەندیل و ئاراراتە.

هەناسە و پشووی بای شەماڵ و زەریانە.

هەنگاوی لە هەنگاوی میرووله وردتر و شەقاوی بە مەودای ئەوسەرەسەری کوردستانە.

باسکێکی دەجلە و ئەوەیدیکەی رووباری فوڕاتە.

چاوێکی گەلاوێژ و ئەویدی کاروانگۆژەیە.

تەختی ناوچاوانی خۆرە و سینگی مانگی بەدەری چاردەیە.

بە پێیەکانی هەموو کوردستان دەگەڕێت و بە چاوەکانی هەموو کوردستان دەبینێت و بە گوێیەکانی هەموو دەنگێکی دەبیسێت.

لە هیچ کوێ نیە و لە هەموو جێیەک هەیە.

لە گەڵ جووتیار زەوی ڕەقەنی دەکێڵێت.

لە گەڵ شوان مێگەل شەوێن دەدات.

لە گەڵ باخەوانە ئاوی گوڵان دەدێرێت.

لە گەڵ بەزاز کوتاڵ گەز دەکات.

لە گەڵ خوێندکار دەرسی ئازادی وئیسانییەتی دەخوێنێت، لە مزگەوت و کەنیسە و کنێشت و جەمخانە پەرستشی ڕاستی دەکات.

لە گەڵ منالان یاری هەلووکێن و لە گەڵ یاریکاران تۆپێن دەکات و تۆپی کورەی زەوی وەخەبەر دێنێت.

لە گەڵ دایکی شەهیدان شێن دەکات.

لە شاییان سەرچۆپی وگاوانی دەگرێت و لە گوڕستان گوڵالە و شەشپەڕ و شلێران ئاو دەدات. پێشمەرگە!

هێزی نووکی قەڵەمی خوێندکار و توندی هەنگاوی ڕێبوار و تیژی نووکی گاسنی جووتیارە.

هیوای زەماوەندی بووک و زاوایە، ورەی دەڵی هەژار و گەدایە.

چاوسووری گەڵ و ڕووسووری نەتەوە و پارێزەری نیشتمان و هۆی بوون و مانە.

پێشمەرگە!

نە مرۆڤێکی ئاسایی و نە چەکدارێکی لاسابییە.

لە هەموو سروشتی ناسراودا ئەو تەنیا بونەوەرێکی فامدارە کە بۆ ژیانی خۆی حەول نادات و گیان لەسەر دەست بۆ پاکترین مەبەست خۆی فیدا دەکات.

خۆر و پێسمەرگە و شەم لە یەک سەرچاوەن.

دەسووتێن و دەسوتێن بۆ ئەوەی هێزی تاریکی و سایە و ڕەشایی بڕەوێنن و ڕووناکایی سەقامگیر بکەن و ژیان و بوون بەردەوام بێت.

ئەی ئەو کەسەی لە هەموو کەسێک هەژارتر و لە هەموو کەسێک دەوڵەمەندتری، لە هەموو کەس شاد و لە هەموو کەس خەمبارتری، هەموو دەمرن، تۆ نەمری، قەت نامری.

ناوت، خەباتت، بەرهەمەت هەتا هەتایە لە دەفتەری بیرەوەری مرۆڤایەتی دا هەر دەمێنێ و لە گەڵ هەموو گزینگی خۆرەتاوان و تریفەی مانگە شەوان و زریوەی ئەستێران زیندوو دەبنەوە و وەبیر دێنەوە.

ئەێ ئەو کەسەی منالەکان بەسرووت دەخەون و لە تەقەی تفەنگت ناترسین و بە هەستی پێ و هەناسەت وەخەبەر نایەین و گوڵەکان و شیناوەردی کوردستان لە ژێر پێتدا ناشەمزێن.ئەی ئەو کەسەی هەموو شتێک دەتناسی و ڕەنگ و بۆنی هەموو شتێک دەدەی.

ئەی ئەو کەسەی هەر لە جەولەی دای و قەت ناسرەوی وناخەوی و هەدا نادەی.

مەگەر تۆ بوونەوەری سەر زەوی نی!

ئەدی بۆ قەت ماندوو نابی، برسی و تینوو نابی. سەرما و گەرما کارت لی ناکات.

ئەدی بۆ لە هیچ ناترسێی ، نە شەختەی سەهۆڵبەندانی چلەی ڕێبەندان کاکۆڵ و سمێڵت دەبەستێت و دەتتەزێنێت.

نە تیشکی هەتاوی گەلاوێژ ئارەقەت پێدەکات و دەتبەزێنێت.

ئەرێ سروشتێش بە تۆ ناوێرێت، یان ئەوەی خۆشەویستترین کەسی سروشتی، لە مەلەکوت و خوا نزیکی و پەپوولەی بەهەشتی.

دەستەبرا و دەستە خوشکی تاریکی شەو و دوژمنی تاریکی بیر و بڕوای. ئەتۆ نووری وەک خۆرەتاو لەسەر کار وئەرک و بروات سووری.

ئەدی بۆ قەت نەخۆش نابی و قەت نا مری، هەزار خۆزگە بە خۆت کات.

هەزار خۆسکە بە خۆت کات. سەرت بۆنی گڵی لێدێت و سینگت بۆنی گوڵ و پێڵاوەکانت بۆنی تۆز و خۆڵ.

زڵکاو لەژێر پێت دا بەردی ڕەقە و بەردی ڕەق و زوورک لە ژێر پێت دا مێرگ و چیمەنە.

جاری وایە لە هەڵۆ بەرزەفڕتری و لە دوندی بەرزی شاخ و گوندی، جاری واشە لە ماسی مەلەوانتری و لە قوڵایی دەریا و دۆڵی نزم

و بنی گۆمی بێ بنی.

جاری وایە لە خۆرەتاو ئاشکراتری، جاری وایە لە فریشتەی یەزدانی غەیبتر. تۆ زۆر سەیر و پیرۆزی، جاری وایە گریان و پێکەنینیت تێکەڵە و جاری وایە بە تەنیا بە دنیا پێدەکەنی.

واش هەیە بۆی دەگریت.

گریان و پێکەنینی تۆ خۆدایی و یەزدانین. هەموو کەس تێیان دەگات و کەس تێیان ناگات. ئەرێ بە ڕاستی ئەتۆ بۆ هەنگاوەکانت قەت شل نابن، بۆ قەت خەوت نایەت و هەمیشە بێداری. بۆ نازانی خۆشەویستی چیە و بۆ ئاشق و ئەویندارترین زیندەوەری فامداری.

تۆ وەک گەزیزە ئازیزی و موژدە هێنەری بەهاری.

وەک پەپوولە پایزە زیزی و ئۆقرەی ناگری.

بەڵام بە بای زمانەوە بەرەو ئاسمانی هەر بەرزاییی، هەر بەرزایی دەفڕێ و باڵت گرتوە.

تۆ بازی بەڵام قەت نابەزی.

تۆ شێری و کەس پێت ناوێرێ.

هێندە دڵناسکی دڵناسکتر لە باڵی پەپوولە و پەلکی وەنەوشە.

لە سەرووەی بەیانی نەرمتر و بە هەستتر و لەسەرەخۆتری.

لە پۆڵاڕەقتر و لە سەهۆڵ ساردتر و لە باهۆز بە هێزتری.

ئەی ئەو کەسەی کە هیچ چاوەڕوانیەکەت لە کەس نیّە و چاوەڕوانی هەموو کەسی.

ئەی ئەو کەسەی منەتباری هیچ کەس نیت و هەموو کەس منەتبارتن.

تەنانەت بیر لە گەزەجاوی کفن و بستە کێلە بەردی گۆڕیشت ناکەیەوە.

ئەگەر لە بەر لۆمە دەعەبدان و خۆفی خوا وێرابام ، دەمگوت تۆ بەشێک لە یەزدان و باسکی بەهێز و بینایی تیژ و بیر و فامی قوڵی ئاهورامەزدای. یا مرۆڤ نیت و یا لە باشترین جسنی مرڤی. . . . .

بەڵام مخابن.

بەڵام مخابن.

پێشمەرگە!

ئەمرۆکە بە هەزاران پێشمەرگەی شەهید بێ سەر و شوێنن، بێ گۆڕ و کێلن ، نەکەس گۆڕیان پێدەزانیت و نە کەس قەت ڕۆژانی هەفتە و مانگ و ساڵ و جێژنان شەمێکی کزیان لە سەر هەڵدەکات و نە گۆڵە سیسەکانی سەرگۆڕیان ئاو دەدات.

تەنانەت پێگەیشتوو و پێداکەوتوانی میراتگری نابەحەق و نارەواش لە سەر ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆنەکانیان یا یادیان ناکەنەوە، یا بە دەیان هەڵە و پەڵەوە باسیان دەکەن، کە ڕەنگە هەر نەناسرێنەوە و باس نەکردنیان شایانترە.

پێشمەرگە وەک واژە و وەک هێزی لە بڕان و لە شکان نەهاتووی گەل ونەتەوە سەرمایەی نیشتمانی و شانازی نەتەوەیین و ملک وماڵ تاقمێک و حیزبێکی تایبەتی نیین.

کەس ناتوانێت لەتی بکات و دابەشی بکات.

هەر وەک حەوڵا و عومەر و خالیدی کوڕی وەلیدی عارەب و ئوزن حەسەنی تورکە ڕەشان و موستەفا کەماڵی ئارنەئوتئ نەیاتوانی یەکێتی کورد و کوردستان دابەش بکەن، هیچ کەس و هێزێک نەحەقی دابەشکردنی هەیە و نە مافی خاوەنایەتی.

پێشمەرگە هی هەموو شوێنێکی کوردستان و ملکی هەموو خەڵکی کوردستانە.

بەڵام ناوت، تەنیا ناوت بۆتە کالای بازرگانی ڕاگەیاندن.

ئاخر خۆ دەوران، وەک دەورانی تۆ نەماوە.

تەنیا دەنگت دەنگی تفەنگ و ڕەنگت دیداری قەلافەتت بێت.

ئێستا هەر تاقم و کەسە ساتەلیتی فەلەکی(ببوورە تەلەفزیۆن)ی هەیە.

بە کەیفی خۆی سمێڵی لێ گیف دەکات و ڕووی گرژی ڕەنگ و بۆیە و مووی چەرمووگی سەری خەنەبەندان دەکات و دێتە سەر شاشە(ببورە پەنجەرە)ی تەلەفیزیۆن و ئەوەی دەیلێێت، نایلێێتەوە.

پالەوانی زەمان و زانای دەورانە.

ئای شەهیدەکەی گەل و نیشتمان، چ دەورانێکی ڕەش و تاریکە. هەزار خۆزگە بە خۆت و گۆرە تاریکەکەت، هەزار. . . .

ئێستا هاوڕێی بە ناو هاوڕێ، سەرکردەی، بە ناو سەرکردە هەر بە پێوە هاوسەنگەرەکانت نەک بە گوڵە بە واژەی چەپەڵ

تێرۆر دەکەن و هەزار جار شەهیدی دەکەن.

بێ ئەوە دڵۆپە خوێنێکی لێ بتلێت.

بەڵام بە دەریا حەسرەت، بە قورسی کێوان خەفەت، بە پانایی ئاسمان پەشیمانی.

غەدر دەکەن غەدر. وەک پاشا.

وەک سوڵتان.

وەک خەلیفە.

وەک ئاخوند و وەک خوسرەۆکە وەک . . .

بێدەنگە گۆڕ گومەکەی نەتەوە و نیشتمان!

ئەمڕۆ خۆ پێشمەرگە و چەکدار وا لێکدراوە، کەس بە کەس نەماوە.

یا هەر پێشمەرگە نەماوە.

یا ڕێبەر و سەرکردە پێشمەرگە و خەبات گۆڕاوە.

شانازییەکانت هەراج دەکرێن.

خەبات و قارەمانییەکانی سەر ڕاستەشەقامی گەورەشارەکان و کوچە و کۆڵانی گوندان و دەشت و شێناوەرد و لێڕەوارەکانی کوردستانت لەبیر دەکرێن و دێن حاشایان لێ بکرێت.

ناوی نراوە(خەباتی شاخ).

دەمڕاستانی تۆ و مێراتگرانی لاپرەسەنیش لۆغەلە زار کەوتوە و بۆیان لە مل دەدەن.

دەک ڕووی زەمان ڕەش بێت، ڕەش، ڕەش.

ئیتر کەس بڕوا بە کەس ناکات .

ئیدی چیدی پوورە مێر و پوورە شەم و مام پیروت و لالە حەمە لە شەوەزەنگی بێدەنگی دا لە پشت دەرگا دەنگی بە زیپکی شەوانە و هەژار و حەکەکوێرەکان ناناسنەوە و دەرگایان لێ ناکەنەوە.

ئیدی ئێستا بازاڕی و دوکاندار یارمەتی بە کەس ناکەن.

چونکە ئیمزا و رەمز و ناوی... ناناسنەوە.

ئیتر نە شوان و نە جووتێر نیوەی نان و پەنیری خۆی لە گەڵ چەکداری دابەش کراو بەش ناکات، نایانناسێتەوە و بڕوایان پێ ناکات.

دەزانی بۆ؟ئەنە ڕەنگیان، نە دەنگیان، نە بەرگیان، نە قسە و گفت و لفت و گاڵتە و جەفەنگیان وەک تۆ ناچێت.

وەک شوناس و خۆیی ناچێت...

ئەگەر دوێنێ هەموو کەس چاوی لە دەستی پێشمەرگە بوو، ئەمرۆکە پێشمەرگە چاوی لە دەستی هەموو کەسە و ناکەسە...

پێکێش بە گیانی پاکی هەموو ئە پێشمەگە قارەمانانە دوێنێ و ئەمڕۆ و داهاتووی کوەدستان کە بە نرخترین سەمایەی ژیانیان واتا گیانیان کردە بەردە بازی ڕێگای ئازادی و سەرفرازی کـوردو کـــــوردســـتـــان.

سەرچاوە: ماڵپەری ئیندرقاش - ڕێکەوتی: ١٩ی دێسەمبەری ٢٠١٠

---------------------------------------

## لە بەرەبەری ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستاندا



ئایەت مرادی فەر

بۆ یەکەمجار لە مێژووی نەتەوەکەمان لە ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەزی ساڵی ١٣٢٤، بە دەست بەسەر داگرتنی شارەبانی مەهاباد لە لایەن خەڵکی تێکۆشەری ئەم شارە و لابردنی دوایین ئاسەواری ڕژیمی پەهلەوی، خەڵک توانی ببێتە خاوەنی دیاری کردنی مافی چارەنووسی و دروست کردنی هێزێک بە نێوی پێشمەرگە و دواتر ئەو ڕۆژە بە نێوی ڕۆژی پێشمەرگە دیاری کرا.

بۆ ڕزگاری نەتەوەیەکی بندەست تێکۆشان و فیداکاری هەموو چین و توێژەکانی ئەو نەتەوەیە پێویستە، بەو مانایەی کە هەر کام لە ڕۆڵەکانی ئەم گەلە بە گوێرەی هەلومەرج، ئەرکی سەرشانیانە بۆ ڕزگاری نەتەوەکەیان، کە لە ڕاستیدا ڕزگاری خۆیانە تێ بکۆشن.

پێشمەرگە کێیە و ئەرکی پێشمەرگە چییە؟ پێشمەرگە ئەو ئینسانە بە ورەیە کە لە پێناوی ئامانجێکی ڕەوادا هەموو گیانی خۆی کە خۆشەویسترین سەرمایەی هەر ئینسانێکە قوربانی دەکا، لە لایەکی دیکەوە پێشمەرگە هێمای ئازایەتی و، پارێزەری شەرەف و لە خۆبوردووییە، پێشمەرگە خاوەن ئیرادەیەکی تایبەتە کە خەڵکی کوردستان بە ڕەمزی سەرمایەی

وڵاتەکەیانی دەزانن. ئەرکی سەر شانی پێشمەرگە ئەوەیە کە بۆ پاراستنی خاک و سەروەری وڵاتەکەی ئامادەی هەر جۆرە فیداکارییەک بێت.

گەلەکەمان بە درێژایی مێژوو لە سەدەکانی پێشوودا بە هۆی ژێر دەستەیی و نەبوونی ئەزموونی سیاسی و حکومەت داری لە ناوچە، نەیتوانیوە بە ئامانجە پیرۆزکانی بگات. ئەگەر چی لە ئاستێکی یەکجار زۆریشدا تێکۆشانی هەبووە بەڵام بەو هۆکارانەی کە باس کران بە مەرامی خۆی واتە رزگاری کوردستان نەگەیشتووە.

شەڕەنگێزی کۆماری ئیسلامی لە سەرەتای ئینقلاب و خەباتی چەکداری پێشمەرگە.

هەر لە سەرەتای شۆڕشی ٥٧ و هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی گەلی کورد هەر زوو بە ماهییەتی ئەم رژیمەی زانی و هەوڵی دا کە لە بەرامبەر هەر هێرشێکی ئەم رژیمەدا بۆ سەر کوردستان بێ هەڵوێست و بێ وەڵام نەمێنێتەوە. بۆیە رژیم وا بە پەلە هێزە سەرکوتکەرەکانی بۆ کوردستان نارد و رێبەری ئەم رێژیمە فتوای جیهادی بۆ سەر نەتەوەکەمان دەرکرد، بزووتنەوەی کورد و هێزی

پێشمەرگە ناچار بوو لەو بەشەی کوردستان بۆ بەرگری کردن لە خاکی کوردستان لە بەرامبەر هەر جۆرە هێرشێکی داگیرکەر بێ وەڵام نەمێنێتەوە.

دوای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی کۆمەڵێک نەیاری گەلەکەمان پێیان وابوو کە شەڕی پێشمەرگەی کوردستان لە گەل هێزی کۆماری ئیسلامیدا بۆتە هۆی دواکەوتووی وڵات و ئەگەر پێشمەرگە نەبوایە کوردستان لە حاڵی گەشە کردن دا دەبوو، بەڵام دەبێ ئەوەمان لە بیرمان نەچێ کە دەسەڵاتداریی کۆماری ئیسلامی بە مەبەستی لە نێو بردنی بزاڤی کورد کۆمەڵێک جاش و خائینی لەم بارەیەوە ساز کرد و نێوی پێشمەرگە موسوڵمانەکانی لە سەر دانا، کە چی هەر ئەم پێشمەرگە موسوڵمانانە بوون کە لە پێناو سیاسەتە چەوتەکانی رژیمدا وڵاتیان فرۆشت و و رۆڵەی کوردیان بە دەستی کورد کوشت. بەڵام لە راستی دا ئەوان بوون بە رووڕەشی مێژوو و پێشمەرگەش هەر سەربەرز و رووسووری مێژووی نەتەوەکەیانن و رەمزی مانەوەی گەلی کورد.

### باشووری کوردستان و پێشمەرگە

بە خۆشحاڵییەوە دوای چەند دەیە لە خەباتی بێ وچانی پێشمەرگە قارەمانەکان لە باشووری کوردستان گەلەکەمان توانی

لەم بەشەی کوردستان بە مافەکانی شاد بێت و لە ژێر دەستەیی رزگاری بێت و ئومێدێکی زیاتر بە پارچەکانی تر بدا، بەو هیوایەی کە لە داهاتوویەکی نزیکدا هەر کام لە پارچەکانی کوردستان بە ئامانجە رەواکانیان بگەن و دەستی رەشی داگیرکەر لە سەر کوردستان نەمێنێ و هێزی پێشمەرگەی کوردستانیش بە ئاستێکی وا بگات کە رۆژێ خۆی لە ریزی یەکێک لە ئەرتەشە گەورەکانی دنیا ببینێتەوە.

هەر پیرۆز بێ رۆژی پێشمەرگە، لە هەموو خەڵکی کوردستان.

سەرچاوە: ماڵپەڕی بەیان - ڕێکەوتی: ١٤ی دێسەمبەری ٢٠٠٩

---------------------------------------

## ٢٦ی سەرماوەز رۆژی پێشمەرگەی کورستان،



**رەشید ئەحمەدی**

٢٦ی سەرماوەز ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان ڕۆژێکی مێژوویە لە مێژوی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. ئەم ڕۆژە مەزنە لە پێشمەرگەکانی کوردستان بە گشتی و لە پێشمەرگەی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە تایبەتی پیرۆزبایی دەکەم.

پێم خۆشە بەر لە قسەکانم پێناسەیەک لە سەر پێشمەرگە بێنمە بەر باس، بە باوەڕی من پێشمەرگە روناک بیرو ئازاو لە خۆبوردوترین توێژی کۆمەڵگای نەتەوەی خۆیەتی، بە ڕای من روناکبیر تەنها ئەو مرۆڤە نیە کە خوێندکارە و پلەی بەرزی دانشگایی هەیە، چونکە دەبینین لە ناو ئێمە و گەلانی دیکەشدا زۆر لەو مرۆڤانە هەن کە زۆر بێ هەست و بێ ئاگان لە بەرامبەر ژیانی کۆمەڵگایان، بۆیە من پێم وایە روناکبیری راستەقینە بەو کەسانە دەگوترێت کە بە گیان و دڵ فیداکاری

دەکەن لە پێناوی سەربەستی و ئازادی و خۆشگوزەرانی نەتەوەی خۆیان، ئێمە ئەگەر ئەم پێناسە قبوڵ کەین کەوابوو پێشمەرگە ڕۆڵەی بەئەمەگ و بە ئاگاترین توێژی نەتەوەی خۆیەتی کە ئامادەیە بە خوێنی خۆی فیداکاری و خەبات بکات لە پێناو ئازادی و سەربەستی نەتەوەکەی.

بۆیە پێوستە لە سەر کۆمەڵگا ڕێز بۆ خەباتی پێشمەرگە دانێ و ئەم ڕۆژە واتە ڕۆژی ٢٦ی سەرماەز بە ڕۆژێکی بەرز و پیرۆز بی نرخێنێ و سەردانی بنەماڵەی شەهیدان بکات، لە لایەکیش ئاهەنگ و جێژنی بۆ بگێرێت.

بەڕێزان لە گەڵ بڕوام بە خەباتی مەدەنی بوونی هێزی چەکدار وەکوو پێشمەرگە بۆ پالپشتی ئەو خەباتە بە شتێکی ڕاست و پێویست ئەزانم لە شەرایەتی ئەوڕۆی وڵاتانی داگیرکراوی کوردستاندا، چونکە بە گوێرەی ئەو ئەزموونانەی ڕابوردومان دەرکەوتووە دوژمن تەنها لە کاتی لاوازیدا قەول و بەڵێنی پێداوین و لە کاتی دەسەڵاتدا پەشیمان بۆتەوە، یان زۆر جاران لە سەر مێزی وتووێژ سەرکردەکانیان شەهید کردوین، یان سەدان جار لە ڕێگای هێمنانە و مەدنی لە کاتی بەرز کردنەوەی داوا ڕەواکانمان هیچ کە گوییان لێنەگرتوین تەنانەت خڵتانی خوێنیشیان کردوین.

بە بڕوای من ئەوەی بۆ ئێستاو دواڕۆژ بۆ ئازادی و سەربەستی خاکی کوردستان جێگای هیوایە، هێزی پێشمەرگەی کوردستانە، نەک بە تەنها خەباتی مەدەنی، بەڵگەش بۆ ئەم بۆچوونە نمونەیەک لە باشوری کوردستان باس دەکەم، بە خۆشیەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە حاڵی حازردا وەک خۆیان دەڵێن خاوەنی دوو سەد هەزار پێشمەرگەیە، لە ڕاستیدا هەر ئەوەشە کە حیسابی بۆ کراوە دەنا دەمێک بوو حکومەتی تازە پێگەیشتوی عێراق ئەوەی بە سەر دەهێنان کە ڕابوردوەکان بە سەریان هێنان، هەر وەک ئەزانن لەو ماوەی پێشودا ویستیان پارێزگای کەرکوک هەڵبژاردنی بۆ پارلەمانی عێراق لە گەڵ پارێزگاکانی دیکە دواخرێت، ئەوەبوو دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان بەم دواکەوتنەی کەرکۆک ڕازی نەبونوو ئەوەشیان بە فێڵێک ئەزانی لە فێڵەکانی حکومەتی بەغدا بۆیە بەغدایان ئاگادار کردەوە ئەگەر کەرکوک لەگەڵ پارێزگاکانی دیکەی عێراق نەچێتە هەڵبژاردن ئەوا ئێمە هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستان تەحریم ئەکەین. ناچار پاڵەمانی بەغدا ئەو بریارەی هەڵوەشاندەوە، دیارە ئەوە نە لە بەر چاوی جوانی کوردو لە بەر دێموکراتی بوونی حکومەتی بەغدا بوو بەڵکوو مەترسی دواڕۆژیان لە بوونی ئەو هێزە پێشمەرگە بوو کە ناچاری کردن بۆ ڕازی بوون بە داواکەی هەرێمی کوردستان، ئێستاش ئەگەر بوونی هێزی پێشمەرگە لە قەزاو ناحیەکانی موسڵ و کەرکوک و خانەقین نە بووایە هەر وەک زەمانی سەدام دەستیان ئەکرد بە دەرکردن و بە عەرەب کردنیان،

نمونەیەکی دیکە لە حکومەتی داگیرکەری تورکیە، هەموو ئەزانن کە پارتی (د ت پ) پارتێکی مەدەنیە و ئیجازەی ڕەسمی

کارکردنی لە لایەن حکومەتی تورکیەوە پێدراوە، بەڵام لە بەر ئەوەی ئەو پارتە پشتگیری لە ئامانجەکانی نەتەوەی کورد لەو بەشەی کوردستان دەکا لە لایەن دادگای تورکیەوە هەڵوشاوە ڕاگەینرا، هەموو ئەزانن ئەو پارتە نە چەکدارە و نە شەری چەکداری لە گەڵ ئەو حکومەتەدا کردووە لە گەل ئەوەشدا کە ئەو پارتە خاوەنی ٢١ پارلەمانتارە لە پارلەمانی تورکیە و نزیک بە سەد شارەوانی رەئیان بە ئەندامانی ئەو پارتە داوە پارتێکی جەماوەریە و خۆشەویستی گەلی خۆیەتی، لە کاتێکدا کە ئوردوغان سەرۆک وەزیرانی تورکیە ئیدعا دەکات و دەڵی یاساکان بەڕوی کورداندا هەموار ئەکەموو ئازادی بە کوردان ئەدەم، لە هەمان کاتدا بە بەهانەی ئەوەی کە گۆیا ئەم پارتە هاوکاری پارتی کرێکاران ئەکات و پارتی کرێکارنیش لە ڕوانگەی تورکیەوە ترۆریستە و بەو بەهانەوە هەڵوەشاوە ڕای ئەگەیەنن و سەرکردەکانیشی لە دوو تا پێنج ساڵ بێبەش دەکرین لە چالاکی سیاسی. هەر چەندە من سیاسەتی پارتی کرێکاران نسبەت بە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە هەڵە ئەزانم، بەڵام لە راستیدا بە هێزێکی رەسەنی پێشمەرگەی کوردستانی تورکیەی ئەناسم، بەڵام چە لە بێ دەسەلاتیەکەی کە دەسەڵاتدارانی جیهان بە کەیف و بەرژەوەندی خۆیان خەڵاتی ئاشتی نۆبل بەمەو بەو ئەبەخشن و هەربزوتنەوەیەکی چەکداریش هەر چەند بۆ ئازدای و رزگاری نەتەوەکانی خۆیان بێت مۆرکی تروریستی لێ ئەدەن، بە داخەوە زۆر لایەن و کەسانیش هەن لە ناو خۆی کورداندا بە دژی هێزی پێیشمەرگە وتار ئەدەن و ئەڵێن ئێتر جولانەوەی چەکداری باوی نەماوەو ئەو هێزە رەسەنە دوژمن تۆقینەیان خستۆتە ژێر پرسیارەوە بە کەمی چاو لێدەکەن. بەڵام لە راستیدا ئەو روانگەیە راست لە بەرژەوەندی دوژمن دایە.

هاوڕێیان، هەروەک پێشتر عەرزم کردن خەبات و چالاکی مەدەنی شتێکی پیرۆزە بەڵام بۆ وڵاتێک کە خاوەنی یاسا بێت و گویت لێبگیرێت، بەڵام بۆ وڵاتانی وەکوو ئێران، عێراق، تورکیە و سوریە هەرگیز ئەو خەباتە بە بێ پاڵپشتی هێزی چەکدار جێگای هێوا نیە، ئەوا گریمان یەکێک لەو وڵاتانە ئاڵوگۆری بە سەردا هاتووە بە زاهیر خۆی ناونا وڵاتێکی دێمۆکراسی، بە بروای من ئەو کاتەش ڕۆحی شوفینزم لەو وڵاتانەدا خاشەبر نابیت و پێمان دەڵێن فەرموون با هەڵبژاردن بکەین بۆ نمونە بۆ فیدرالیزم، ئەو کاتە ئەبینی ئەوان زۆر و ئێمە کەم دیارە بەو حیسابە دیموکراسیە ئێمە ئەدۆڕێنین، ئێتر ئیجازەت پێنادەن تۆ لە ناو کوردستاندا ئەو هەڵبژاردنە بکەیت ئاخۆ گەلی کورد چی ئەوێت، دووبارە ئەڵێم ئەگەر تۆ پشتیوانیەکت نەبێت وەکوو هێزی پێشمەرگە هەزار فێل وپیلانت لێ ئەدۆزنەوە بۆ ئەوەی سەر نەکەویت.

بۆ نمونە چاو لە شاری کەرکوکی کوردستانی باشور کەین کوردان دەڵێن کاکە وەرن ریفراندوم کەین زۆرایەتی خەڵکی ئەو شارە چۆنیان پێخۆشبوو باوا بێت، بەڵام ئەوە چەند ساڵە ئەم ساڵ ئەو ساڵی پێکراوە و هێشتا چارەنوسی نارۆنە، من پێم وایە ئێمە وەکوو گەلی کورد ئەوەندەی کە بە هیوای خەباتی مەدەنی بین پێویستە بە سەدان جار زیاتر پشت بە خەباتی چەکداری بستین، بە تایبەت ئێمەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە زیاتر لە سی ساڵە بە دەست زاڵمترین حکومەتی ئەم

سەر زەویەوە ئەناڵێنین هەمووش ئاگامان لێیە هەر جوڵانەوەیەکی مەدنی لە کوردستان کرابێت بە مەرجێک ناوێک لە مافی گەلی کورد هاتبێ بە کوتک و ئاسن وەڵامی دراوەتەوە، لە ئاکامی ئەم فاکتانە کە عەرزم کردن تاکە ڕێگای چارە پێکهێنانی ڕێکخراوەیکی چالاکوو بە هێزە لە وڵات لە شارو گوندەکان بۆ خەباتی مەدەنی لەگەل پشتبستن بە هێزی پێشمەرگە ئەودەمە ئەتوانین هێزی دوژمن بە چۆکدا بێنین، هەروەها لە درێژەی ئەو خەباتەدایە کە چاوەروانی ئەوەی لێدەکرێت کە دوژمن ناچاری وتوویژ بێتوو، بیرورای جیهانیش بە قازانجی کورد گۆڕانی بە سەردا بێت.

سەرچاوە: ماڵپەری خاکەلێوە - ڕێکەوتی: ١٩ی نۆڤەمبەری ٢٠٠٩

---------------------------------------------------

## هۆکارەکانی ناودێرکردنی ٢٦ی سەرماوەز وەکوو ڕۆژی پێشمەرگە.!



**کەیهان یووسفی**

دەسەڵاتەکانی زاڵ بەسەر ئێراندا، بەردەوام لە هەوڵی تواندنەوەو سڕینەوەی شوناسی نەتەوەییو ئیتنیکی نەتەوە کەمینەکانی ئێراندا بوونو هەمیشە بە سەرکوتکردنو کپ کردنەوەی دەنگی ئازادیخوازانو جووڵانەوە دێموکراتیکەکان، مافی ئەم گەلانەی پشت گوێ خستووە. بەلام لە رەوتی مێژوودا، لە شوێنە جۆراوجۆرەکانی ئەم وڵاتەو بە تایبەت کوردستان، سەرهەڵدانو ڕاپەڕین گەلێک لە نێو دڵی کۆمەڵگاوە سەری هەڵداوە کە بووەتە هۆی بووژانەوەی کولتوورو شوناسی ئیتنیکی ئەم نەتەوە ژێردەستو بەشخوراوانە.

ئەستێرەی دیرۆکی خەباتی ئازادیخوازانەی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران، کۆماری جوانەمەرگی کوردستان بوو. کۆمارێک کە لە ماوەیەکی کورتدا هەوڵی چەندین ساڵەی سڕینەوەو تواندنەوەی داگیرکەرانی بێکاریگەر کردو توخمی سەرهەڵدان و

خەبات و بووژانەوەی لە کوردستانی ژێردەسەلاّتی ئێران و بەشەکانی دیکەی کوردستاندا چاند.

لە دایکبوونی چەمکی "پێشمەرگە" لەو سەردەمەداو ناودێرکردنی خەباتگێڕانی کورد بەم ناوە، بووە هۆی وەرچەرخانێکی بنەڕەتی لە خەباتی گەلی کوردو دروستبوونی هێزێکی شۆڕشگێڕو نەبەز لە کوردستاندا. ٢٦ی سەرماوەز لە کوردستانی ئێران‌و لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە، وەکوو ڕۆژی "پێشمەرگە" ناوزەد کراوە. پێشمەرگە لە گوتاری ئازادیخوازیی نەتەوەی کورددا، چەمکێکی پیرۆزو خاوەن تایبەتمەندیگەلێکە کە هەڵگرانی ئەم چەمکە پیرۆزە لە خەڵکی ئاسایی جیا دەکاتەوە.

"پێشمەرگە" پێناسەی خەباتی ڕەوای گەلی کوردو دڕکی چاوی داگیرکەرانی کوردستانە، کە لە کوردستانی داگیرکراوی ژێردەسەلاّتی ئەواندا، تەنانەت بە سەر زار هاوردنی ئەم چەمکە، تاک تووشی سزادانێکی گەورە دەکا. گەلی کورد دەیان ساڵە، بەدیهاتنی ئاوات‌و هیواکانیان بە ئەم چەمکەوە گرێ دەدەن‌و دایکانی دیلی کورد ڕۆڵەکانیان پەروەردەو بۆ نێو ریزەکانی "پێشمەرگە" بەڕێ دەکەن.

٢٦ی سەرماوەز لە دیرۆکی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران، کۆماری کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا وەبیرهێنەری، ڕووداوێکی گرینگە، کە خولقێنەری یەکێکیان ڕۆڵە تێکۆشەرو ئازادیخوازەکان و قوتابیەکانی مەکتەبی پێشەوای هەمیشە نەمر بوون، واتە دەستبەسەر داگرتنی شارەوانیی مەهابادو هەڵکردنی سەمبۆلیکی ئالاّی کوردستان بۆ یەکەمین جار لە ٢٦ی سەرماوەزی ساڵی ١٣٢٤ی هەتاویدا.

قازی محەممەد، پێشەوا و سەرکۆماری کوردستان، لە ڕەوتی دادگایی کردن و پەسەندکردنی حوکمی لە سێدارەدانی دا، بە کاربەدەستانی داگیرکەر دەڵێت:"ئێوە قازی موحەمەدێک لە سێدارە دەدەن، بەلاّم لە هەر دڵۆپێکی خوێنی من، قازی موحەمەدێکی دیکە لە دایک دەبێت".

٢٦ی سەرماوەز، بە ڕۆژی "پێشمەرگەی کوردستان" ناودێر کراوە. ڕەنگە بۆ زۆر کەس ئەم پرسیارە بێتە ئاراوەکە بۆچی ئەم ڕۆژە؟ ئەم ڕۆژە کە بۆ گەلی کورد کۆسپێکی گەورە بوو (ڕووخانی کۆمار لە ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٢٥ی هەتاوی)؟ بەلاّم بە ڕوانینێکی قووڵ و خوێندنەوە و تێگەیشتنێکی چاک لە هزری شوونیستی داگیرکەران، دەتوانین بە ئەم دەرنجامە بگەین:

**یەکەمیان**؛ هەڵکردنی ئالاّی کوردستان‌و پەلاماری شارەوانی مەهاباد، لە لایەن ڕۆڵەکانی کوردستانەوە، کە وەکوو یەکەمین

چالاکی نیزامیی لە مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا تۆمار کراوە. پێشەوا قازی موحەممەد لە ٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤، ڕۆژی دامەزراندنی کۆماردا، بە سێ شت سوێند دەخوات. قورئانی پیرۆز، ئاڵای کوردستانو نەخشەی کوردستان، کە گرینگی ئاڵاو هەڵکردنەکەی دەگەیێنێت.

هەروەها هەر میلەتێک بۆ ڕاگەیاندنی هەبوونی خۆی، یەکێک لە سەمبولەکانی ئاڵایە، بۆیە ئەم ڕۆژە، واتا ٢٦ی سەرماوەز لە ئەم ڕوانگەیەوە خاوەن گرینگی یەکی زۆرە.

**دووهەم**؛ یەکێک لە مەبەستەکانی داگیرکەران، هەروەک ئاماژەمان پێکرد، هەوڵی سڕینەوەو تواندنەوەی گەلانی ژێردەستی ئێرانە، بۆیە ئێمە دەبینین لە ٢١ی سەرماوەزی ١٣٢٥دا، یەک ساڵ دوای دامەزراندنی حکوومەتی میللی ئازەربایجان، هەر لەو ڕۆژەدا هێرش دەکاتە سەر تەورێزو ٥ ڕۆژ دواتر ٢٦ی سەرماوەز ١٣٢٥، یەک ساڵ دوای هەڵکردنی ئاڵای کوردستان کۆمار دەڕوخێنێ.

داگیرکەرانی کوردستان، ڕۆژی هێرش دوا دەخەن تاکوو ئەم ڕۆژە، بۆچی؟ بۆ ئەوەی بۆ گەلانی ئازادیخوازی ئێران بۆ نموونە ئازەریو کورد، ئەو ڕۆژانەی کە بۆیان وەدیهێنەری ئازادی و ڕزگاری بووە، بە ڕۆژی کۆسپ و خەمو پەژارە بگوازنەوە. هەر وەها ڕۆژانی پڕ لە شانازی و پڕ لە ڕووناکیی ئەم گەلانە، بکاتە ڕۆژی ماتەمیان، تا کوو هیچ یادێک لەو ڕۆژانە و ئاواتەکانی ئەو ڕۆژانە نەکەنەوە. هەروەها ڕۆژە نەتەوەییەکانی ئەو گەلانە ڕەشپۆش بکاو جووڵانەوەی ئازادیخوازییان لە ناو ببا.

بۆیە دیاریکردنی ئەم ڕۆژە "٢٦ی سەرماوەز" وەک ڕۆژی "پێشمەرگەی کوردستان" نە لەبیر بردنەوەی کارەساتو کۆسپەکان، نە ئەزموون وەرنەگرتن لە مێژوو، بەڵکوو پووچەڵکردنەوەی ئاواتەکانی داگیرکەرانی کوردستان و درێژەدان و بەدیهێنانی ڕێگاو خۆزگە و ئاواتەکانی ڕێبەرانی بزووتنەوەی ئازادیخوازی گەلی کوردو لە وانە پێشەوای کوردستانە.

ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەز ڕۆژی ڕێزگرتن لە کەسانێکە کە بەهاری ژینیان لە بنبەردو کوێستان و کرێوەی ڕۆژانی خەباتدا بە سەر بردووە، ڕۆژی بوون و هەبوونە، هەبوونی پێشمەرگە وەک "سەمبولی خەبات"و دڕکی نێوچاوانی داگیرکەران. هەر وەک پێشەوا قازی موحەممەد بە بەرپرسانی دادگای داگیرکەرانی وت و بە پێچەوانەی ئاوات و خۆزگەی داگیرکەران، دوای ڕووخانی کۆمارو لە سێدارەدانی پێشەوا، نەک گەلی کورد و بزووتنەوەی ئازادیخوازی ئەم نەتەوە لە ناو نەچوو، بەڵکوو هەزاران قازی چەکی شەرەفیان لە شان کردو بەردەوام بوون لە درێژەپێدانی ڕێبازی پێشەوادا. ئەمڕۆکە بە دڵنیاییەوە

کولتوور و زمان و ویستی ئازادیخوازیی گەلی کورد، بە هۆی خەباتی بەردەوام و کۆڵ نەدەرانەی "پێشمەرگەکانی نیشتمان و گەل" لە ئاستێکی بەرز دایەو رۆژ بە رۆژ بەرەو ئامانجەکانی نزیک دەبێتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەری خاکەلێوە - رێکەوتی: ۲۳ی دێسەمبەری ۲۰۰۹

-----------------------------------------------

## ۲۶ی سەرماوەز ڕۆژی نێودێرکردنی پێشمەرگە!



سەعید کوێستانی

زۆر لەمێژ نییە ٢٦ی سەرماوەز بە نێوی پێشمەرگە نێودێرکراوە. واتە ساڵی ١٣٢٤ ی هەتاوی بەرانبەری ١٩٤٥ی زایینی لەشارە جوانەکەی مەهاباد؛ بەدامەزرانی کۆماری جوانەمەرگی کوردستان ( کۆماری میللی دێموکڕاتی کوردستان ) کە دەبوایە لەشکرێکی ڕێکوپێکو مونەزم بۆکۆمار پێک بێت و لەحاڵەتی خێڵەکی بێتەدەرو کۆمار دەسەڵاتی بە سەریدا هەبێ و ئیترهەر سەرەک حەشیرەیەک نەبێتە حاکمی ناوچەی خۆی و وڵاتی فرە دەسەڵات پێک بێ و پێش بەچەوسانەوەی هەژاران نەگیرێ.

بەڕێبەری پێشەوای مەزنو گەورەپیاوانی سەردم بەپێویست زانرا کە حکومەتێک دابمەزرێ وەڵام دەرەوەی هەلوو مەرجی ئەوکاتی کۆماری کوردستان بێ . دیارە بۆچەسپانو بەدەسەڵات گەیشتنی حکومەتێکی ئەو تۆش، هێزێکی نیزامی پێویست بوو کە ببێتە پشتیوانو پاڵپشتی ئەو یاساو بڕیارانەی کە لەلایەن کۆشکی کۆماریو وەزارەتخانەکان دەردەچن.

بەمەبەستی پێکهێنانی لەشکری کوردستان دەست کرا بەنێو نووسیو ڕاکێشانی لاوانی کورد بۆ ئەوەی بتوانن جێگای لەشکرو چەکدارانی عەشیرەتی پڕپکەنەوەو ئەرتەشێکی موڕەتەب و مونەزەم پێک بهێنن.

بۆ و گەنج و لاوانەی کەدەهاتنە ریزی لەشکری کوردستان و نێو نووسیان دەکرد، دەبوایە بەجێگای سەربازو عەسکەرو ژاندار نێوێکی کوردی بۆ بدۆزێتەوە کە شایانی ئەوپلەو مەقامەبێت کەدەبێتە پشتیوانی کۆمارو دواڕۆژی نەتەوەی کورد. پرسیارپرسیار لەنووسەرانو ڕووناکبیرانو مرۆڤی بە ئەزموونی بە ساڵداچوو، بۆ دۆزینەوەی نێوێکی کوردی کە جێگای نێوی فارسیو تورکیو عەرەبی بگرێتەوە. هەرکەسێک بە بیرو بۆچوون و لێکدانەوەیخۆی نێوێکی پێشنیار دەکرد. لە کۆبوونەوەیەکی ڕاوێژکاریدا لەنێو ئاپووڕەی بەشداراندا پیرەپیاوێکی بەساڵدا چوو هەڵدەستی و دەڵێ: لە قەدیمەوە بۆ کاری خێرو لەخۆ بووردوویی و فیداکاری، لاوانی چووست و چالاک هەڵدەبژێردران و بەنێوی پێشمەرگە نێودێر دەکران. بە پێشنیار کردنی ئەو نێوە خۆشە چەپڵە بۆ مامەیپیر لێدەدرێ و دەستخۆشی لێدەکرێو هەرئەو کات نێوی پێشمەرگەی کوردستان بەڕەسمی ڕادەگەیەندرێ.

پێشەرگەین بەهەڵمەتین پاڵەوانی میللەتین، دەکەوێتە سەرزاران و دەستە دەستە لاوانو گەنجان بە نێوی پێشمەرگە نێوی خۆیان دەنووسن بۆ ئەوەی لەشکری کوردستانیان لێ پێک بێت.

لەو ڕۆژەوە پێشمەرگە وەک چاوسووری نەتەوەی کورد لە نێو کۆمەڵدا ناسراوەو ڕێزی لێدەگیرێت و خەڵک بە کورو کچی خۆیانیان دەزانن و ئەو پەڕی ڕێزیان لێدەگرن، تەنانەت لە زۆر شوێنی جۆراو جۆرو کوردستان دیتراوە کە لەکاتی مەترسی دوژمندا کچان و کوڕانی نیشتمانپەروەر ئێشکیان لە پێشمەرگە کێشاوەو لە جەوجۆڵ و مەترسی دوژمنیان ئاگادارکردون بۆ ئەوەی لە بەلاو ڕووداوی نەخوازراو پارێزراو بن.

فەلسەفەی پێشمەرگایەتی لەوەدایە: وەک سەربازو عەسکەر بە زۆر بانگ ناکرێ چەکیان لەملی بکەنو بکرێ چەکداری و خزمەتیان پێ بکەن، بەڵکوو ئەوەی دەچێت چەکی پێشمەرگایەتی هەڵدەگرێ، لەڕووی بیرو باوەڕەوە دەبێتە پێشمەرگەو بۆ پێشگیری لەزوڵم و زۆری و سەرکوتی داگیرکەرانی کوردستان وەک مرۆڤێکی نیشتمان پەروە چەکی پێشمەرگایەتی لەشانی دەکاتو فیداکارانە لەگیانبازی ناسڵەمێتەوە.

پێشمەرگە لە کۆمەڵگادا ئەوەندە خۆشەویستە لەلایەن لەگۆرانی بێژانی ژنو پیاو سرودیان بۆ داناونو پێیان هەڵگوتوون. بێجگە لەوەی پارتو ڕێکخراوە سیاسیەکان پێشمەرگە بەهێزی بەرگری خۆیان دەزانن، خەڵکانی تری غەیرە حیزبیش بە

هێزو بازووی گەلیان نێو دێرکردون و شانازیان پێوە دەکەنو بەیارو یاوەرو هێزی ڕۆژی تەنگانەیان دەژمێرن.

هەربۆیە بۆ زیاتر ڕێز لێنان لە پێشمەرگە پێویستە هەمووساڵێێ لە ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەز دا جێژنو شادی بۆبگیرێو بیرەوەی ئەو ڕۆژەو ئەو بۆنەیە لەدڵماندا بپارێزین، بەتایبەتی لە باری مێژووییەوە نێوی پێشمەرگە لە سەردەمی دامەزرانی کۆمارە تاقانەکەی کوردستاندا نێو دێرکراوەو دامەزراوە.

لە نێو هەموو نەتەوەیەکدا ڕۆژی دامەزرانی ئەرتەشو پێکهێنانی لەشکری دەوڵەتی وەک بۆنەیەک بەفەرمی هەمووساڵێ یادی لێوە دەکرێ، ٢٦ی سەرماوەز بێجگە لەوەی ڕۆژی پێشمەرگە یە، نێودێر کردنیشی لە کاتێدا کراوە کە شانازی پێوەدەکەین، واتە: لە ڕۆژی پێک هێنانی لەشکری کوردستان لە کۆماری میللی دێموکڕاتی کوردستان لە شاری مەهاباد بە ڕێبەرایەتی پێشەوای نەمر قازی محەمەد سەرکۆماری کوردستان.

بژی پێشمەرگە و بیرەوەری ڕۆژی نێودێری پێشمەرگە.

منیش وەک کۆنە پێشمەرگەیەک بۆ و ڕۆژە دیاریەکی بچووکم هەیە پێشکەشی پێشمەرگەی کوردستانی دەکەم.


پێشمەرگە!

ئەو ڕۆ ڕۆژی پێشمەرگەیە، ئەو ڕۆ ڕۆژی پێشمەرگەیە
بڕواو بۆچوونی پۆڵایین، یەکی گرتووە و هێزی هەیە
سەرتاپای ئەو کوردستانە، ئەو دەشت و دۆڵ و کێوانە
ئەو ڕۆ دەیبینی بێدەنگە، ڕۆژی تەنگانە بورکانە
ئەو ڕۆ ڕۆژی پێشمەرگەیە، ئەو ڕۆ ڕۆژی پێشمەرگەیە
بڕواو بۆچوونی پۆڵایین، یەکی گرتووە و هێزی هەیە
لە ڕووی دوژمن ڕاوەستاون، پاک سووتاوی خاک و ئاون
دەست هەڵگرنین لەمافیخۆ، تێ دەکۆشن هەتا ماون
ئەو ڕۆ ڕۆژی پێشمەرگەیە، ئەو ڕۆ ڕۆژی پێشمەرگەیە
بڕواو بۆچوونی پۆڵایین، یەکی گرتووە و هێزی هەیە

پێشمەرگە بەزینی نییە، ماندوو یان سەکنینی نییە
ڕۆڵەی شۆڕشگێڕی گەلە، تا ماوە حەجمینی نییە
ئەو ڕۆ ڕۆژی پێشمەرگەیە، ئەو ڕۆ ڕۆژی پێشمەرگەیە
بڕواو بۆچوونی پۆڵایین، یەکی گرتووە و هێزی هەیە

سەرچاوە: ماڵپەری خاکەلێوە - ڕێکەوتی: ٧ی دێسەمبەری ٢٠٠٧

## ٢٦ی سەرماوەز، ساڵرۆژی پێشمەرگەی ستان پیرۆز بێت,



مەجید کاکەوەیسی

- پێشمەرگە و خەباتی لە بڕان نەهاتووی گەلەکەی لە مێژ ساڵە لە پێناوی ڕزگاریدا خەبات ئەکەن، کە بە سەدان و هەزاران ڕۆلەی قارەمانی ئەو گەلە خۆڕاگرە بە دەستی دوژمنانی ئازادی کوژ، شەهید و بریندار و کەم ئەندام، وە یان بە پیلانو لە ژێر زەبری هێزی نا بەرابەری دوژمن، گیراون و ڕاپێچی چاڵە ڕەشەکانی ڕژیمە دیکتاتۆرەکانی ناوچە کراون و لە ژێر ئەشکەنجەو لێدان شەهید بوون یان ئیعدام کراون، وە هەر ئیسایش دەیانو بگرە سەدان لەو قارەمانانە لە نێو زیندانەکاندا قایم وەک پۆڵا ڕاوێسیاگن و ئامادەنین بە هیچ نرخێک خۆ بدۆڕێنن و لە بەرامبەر دوژمنانا لاواز بن.

پێشمەرگە؛ پارێزەرانی مان و مەوجودیەتی گەلی بوون و تا سەرکەوتنی یەکجاری لەو خەباتە کول نابن.

زۆرجار دوژمنان ویستویانە ناوی پێشمەرگە نەهێڵنو بە هەر جۆرێک بۆیان بکرێت لەکەداری بکەنو بیشارنەوە، بەلام بە هەوڵی گەلی بەهیمەتی و باوەڕی پۆڵاینی تاک و کۆ نەک هەر پێچەوانەی بیری دوژمن بوون، بەڵکو ژیرانەو بە پێ ڕەوتی مێژوو بۆ هەموو دونیایان سەلماندووە کە نەتەوەیەکی خوڵقاوی دەستی سروشتەو وەک باقی نەتەوە خاوەن مێژووەکان،

مێژوویەکی دوورو درێژی هەیەو لە گەڵ بوونی سروشتا بووەو تەنیا کاتێک ون دەبێت کە سروشت سەرنخون بێت.

• پێشمەرگە؛ ئەو وشە جوانو بەرزەیە کە و ستان شانازی پێوە دەکەن، کە زۆر جیاواز لە وشەی؛ سەرباز، سوپا، چەکدار... ە. چونکی پێشمەرگە تەنیا پارێزگاری کردووە، پارێزەر بووەو دیفاعی لە نێو چونی خۆی کردووە، و قەت داگیرکەر، ڕوخێنەرو زاڵم نەبووەو، بە ناهەق پەلاماری نەداوە. هەر بۆیە تا هەتایە لە دڵی میللەتا زیندووەو دەچێتە نێو فەرهەنگی دونیاو بە پارێزەری کەرامەت و شەرەف دەناسرێت.

ئەمساڵ لە کاتێکدا یادی ٢٦ی سەرماوەز ڕۆژی پێشمەرگەی ستان دەکەینەوە کە ڕەوتو خەباتی لە قۆناخێکی زۆر گرنگو هەستیار دایەو بە خۆشیەوە ئاسۆی گەشاوەتر، میلەتی بە ئاگا و بە ئەزمونتر، خۆ دەنوێنێ....

ناوی پێشمەرگە.

پێش لە ئێستا ساڵانی زوو
٢٦ی سەرماوەزی ٢٤ بوو
خەڵکی شاری مهابادەکەی"پێشەوا:
پەلاماریان بردە سەری نۆکەرانی"حەمەرەزا"
هەڵیانواسی ئاڵای ڕزگاری لە سەر بان
ڕوخسا نەما باوی خوێنمژو ملهوڕان،
هەر ئەو ڕۆژەش چەکداری، سوپای میللی
بە بڕیاری پێشەواو هاوڕێکانی
لە سەر پێشنیاری یکی بە ساڵا چوو
ناوی پیرۆزی "پێشمەرگە" لە دایک بوو.

سەرچاوە: ماڵپەری پێشمەرگەکان - ڕێکەوتی: ٨ی دێسامبری ٢٠٠٧

---------------------------------------------

## ٢٦ی سەرماوەز ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان..



سلێمان کەڵەشی

پێشمەرگە ئەو مرۆڤە بە بیرو باوەڕەیە کە بۆ ڕزگای گەلەکەی لە هەموو شێوە خەباتەکان بە پێی هەل و مەرج کەلک وەردەگرێ، پێشمەرگە ئەو کەسە فیداکارەیە کە بۆ بە جێ هێنانی ئارمانجەکانی نەتەوەکەی، کە ئازادی و سەربەستییە ئامادەیە دەست لە هەموو خۆشییەکانی ژیان هەڵگرێ، و تەنانەت ئامادەیە گیانی شیرینی خۆیی لەو پیناوەدا قوربانی بکات. پێشمەرگە ئەو نەترس و قارەمانە فیداکارەیە کە گەلەکەی لەو هەموو هێرش و قەتل وعامانەی کە دوژمن و داگیرکەران دژی کوردو کوردستان دەیکەن وره بەرناداو گەلەکەی زیندو و خەبات کار ڕادەگرێ. زۆر گەل و نەتەوە لەو جیهانەدا هەبوون کە نەیان توانین خۆیان لە بەر چەرخی زەمانەو باو باهۆزی هێرشی داگیرکەران ڕابگرن و لە ناوچوون، بەلام گەلی کوردو پێشمەرگەکانی کوردستان وەک چیاکانی ئاگری و زاگرۆس و گشت شاخە سەکەشەکانی وڵات، سنگێ خۆیان کردە قەڵغان بۆ پاراستنی کوردو کوردستان لە دەستی دژمن و داگیرکەران، هەر ڤسا نەیانهشت زمان و کۆلتورو هزرو بیری کوردایەتی و گەلێک تشتێ دنێ لە دەست کوردا بچن.

ناوی پیرۆزی پێشمەرگە لە کاتی دامەزراندنی کۆماری کوردستان بە ڕێبەرایەتی حێزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە دایک بووە. ئەو ناوە پیرۆز و خۆشەویستە زوو جێی خۆی لە ناو دلی کۆمەلانی خەلکی کوردستان دا کردەوە و هەروەها سنووری کوردستانی ئێرانی بڕی و بوو بە ڕەمزی بەرخوەدان و خەبات بۆ وەدەست هێنانی مافی گەلی کورد لە سەر تا سەری کوردستان. ئێستا وشەی پێشمەرگە بوتە وشەیەکی جیهانی . هەر چەند ناوی پێشمەرگە بۆ گەلی کورد خوشەویست و مقەدەسە و گران قیمەتە. سەرەرای ئەوە دژمنانی گەلی کورد گەلک جاران خاستنە ئەو ناوە پیرۆزە بدزن و سەر هێزەکانی خۆیان دا بێنن هەتا لە خۆشەویستی ئەو ناوەیە کەلکی خراپ وەربگرن، بەلام گەلی ئێمە زۆر لەوە وریا و هوشیارترە کە دژمن بۆ خۆی حساب دەکا، خەلکی ئێمە پر باش دەزانێ کێ پێشمەرگەیە و دیفاع لە ناو و خاک، ناموس و شەرەف و

کرامت، نیشتیمان و گەلەکەی دەکا.

حێزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ ڕێز و قەدر گرتن لەو هەموو فیداکاری و جان گوری کردنی پێشمەرگەی کوردستان ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەز وەک ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان ناو دێری کردوە، هەتا کۆمەلانی خەلکی کوردستان بتوانن لەو ڕۆژە تایبەتی یەدا رێز و سلاو ئەمەکناسی خۆیان پێشکەشی ئەو مێرخاسانە بکەن.

دیاری کردنی ٢٦ی سەرماوەزیش هەر وا هەلکەوت نەبووە، بەلکە لەو ڕۆژەدا ئاخرین پێگەی و ئاسەواری زۆرداری حکومەتی پاشایی لە باژێری سەر بلندە مهاباد بە دەستی خەلکی ئەو شارە دەستی بە سەردا گیرا.

ئەگەر تا ئێستا گەلەکەمان بە ئازادی و سەربەستی خۆیی نەگەهیشتوە، ئەوا هەموو گوناحی خەلکی ئێمە نیە، خەلک ئێمە

خەڵکێکی خەباتگێر بووە و هەیە هەرچەند کەم و کۆریمان هەبوو، چەند جارەک فرسەتی مناسب وە دەست هاتووە بۆ گەهیشتن بە ئارمانجەکانی خۆمان بەلام مخابن بە هۆی ناپختە بوونی رێبەرایەتی کورد لە زۆر بارەوە و هەر وەها زیرکی و بە هێزبوونی دژمنەکانمان ناکام بووین، دەبی ئەو راستی یانەش ببین دژمنەکانی ئێمە کێن و چەندە بە هێزن، هەروەها چەندە بە باندوورن لە ناوچە و جهان دا.

مەبەستی من لە نوسینی ئەو چەند دێرە ئەوە نیە کە زۆر باسی ڕابردوو بکەم، مەبەستی من تەنیا ئەوەیە کە بە بیری دوست و دوژمن و ئەو کەسانە بێنم کە دەلێن و دەیانگوت لە رۆژهەلاتی کوردستان دا بزاوێکی وا لە گورێدا نیە، پێیان بلێم کە چەندە لە هەڵدا بوون، هەرڤسا ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەز ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان لە هەموو خەلکی کوردستان بە گشتی و لە پێشمەرگە نەترسەکانی کوردستان و بنەماڵەی بەرێزی شەهیدان بەتایبەتی پیرۆزبکەم، هەروەها پربە دڵ سلاوێکی گەرم و پێشمەرگانە لە وان دانشجوێن قەهرمانە کورد لە تهرانێ بکەم کوو ئیرو بە دەنگێ شێرانە خۆیان لە کوچە و بازارێ قەلای زۆرداریدا سرودی ئەی ڕەقیب یان، خوێند و دەنگێ خۆیا تێکەل بە دەنگی پیشمەرگەی کوردستان کرد، ئەو دەنگانە دەنگی حەق بێژو ماف خوازی گەلی کوردە.

ئەگەر هەتا ئێستا خەبات گەلی کورد دژی حکومەتی زۆردارو غیر ئینسانی و کۆنە پەرەستی کۆماری نا ئیسلامی تەنیا لە شاخ و گوندو باژێرن کوردستان هەبوو، ئەمما ئەمرو ئەو خەباتە گەیشتوە بن گوێی ئەوان، ئەوان دەتوانن ڕاحت دەنگی ئەی رەقیبی کوردان لە پایتەخت و قەلای زوڵم و زۆرداری خۆیان ببیسن؛ هەر وەها هێوامان ئەوایە کە کاربەدەستە سەر

وشکەکانی کۆماری جهل و نەزانین بێنە سەر عقل و منطق، چی دیکە دەست بۆ ترۆر و کوشت و کوشتار، شکنجە و زیندان، ویرانی و چۆل کردن و قەتل و عام نەبەن، بەڵکو بە شێوەیەکی ئاشتی و هێمنانە گیرو گرفتەکانی ئیران بە گشتی و مەسەلەی کوردستان بە تایبەتی چارەسەر بکرێ.

ئەمرو من کە لە هەواڵەکانی رادیوو و تلوزیونەکان دا دەنگی شێرانەی خوێندکارانێ کوردم بیست کە بە خوێندنی سرودی نەتەوەیی ئەی رەقیب دەنگی نارزایەتی خۆیان دژی حکومەت و کۆماری ئائیسلامی ئیران بەرز کردەوە، بە دەنگی رەسا و زەلال لە تەهران گوتیان؛ "ئەی رەقیب هەر ماوە قەومی کورد زمان.." ، دەبێ دوست و دژمن بزانن کە خەباتی نەتەوەی کورد لە ئیران دا دەربازی قوناخەکی تازە بووە، دیوارو پەردەی زەنجیری زۆرداریی کاربەدەستانی کۆماری ئائیسلامی ئێران چی دیکە ناتوانن دەنگی حەق خوازانەی گەلانی ئێران بە گشتی و گەلی کورد بە تایبەتی خەفە بکەن، چونکە هەل و مەرجە کانی جیهان و ناوچە زۆر ئاڵ وگۆڕی بە سەردا هاتووە، ئەو ئال و گۆڕانەش هەموو بە قازانجی گەلانی ئیرانن، ئەوەش روونە هەر گۆڕانێک کە بە قازانجی گەلان بێ زۆر سروشتییە بە زەرەری حکومەتی کۆماری ئائیسلامی دەبێ.

ئیدی کاتی ئەوە نەماوە کە حاکمانی کورت بین و نەفامەکانی ئێران بە کەیف و ئارەزووی خۆیان هەر جارێ بە بەهانەیەک گەلی کوردو گەلانی دیکەی ئێران بە بیانووی جۆراوجۆر سەرکوت و قتل عام بکەن و حوکمی جیهاد دژی گەلی مسلمانی کورد بدەن. خەلکی جیهان و ئێران بە گشتی و گەلێ کورد بە تایبەتی زۆر باش لە سیاستەکانی ئەوان تێگەیشتوون و دەزانن ئەوانە کێن و چی یان دەوێ.؛

سەرچاوە: ماڵپەری حدکا دانمارک - ڕێکەوتی: ١٤ی دێسەمبەری ٢٠٠٧

---------------------------------------------------------

## چەند قسەیەک لە سەر رۆژی پێشمەرگەی کورستان,



**کاووس عزیزی**

وشەی پیرۆزی پێشمەرگە کە یادگارێکی کۆماری ستان ، دوای ئەوەی کە کۆمەلەی ژ - کاف ناوی خۆی دەگۆرێ بە حیزبی دێمۆکراتی ستان، یەکەمین کۆنگرەی حیزب لە خەزەلوەری سالی ١٩٤٥ لە شاری مەهاباد پێک دێت، هەوڵ دان بۆ کەلک وەرگرتن لە بارووودۆخی ئەوکاتی بەشێکی رۆژهەلاتی ستان، و دامەزرانی کۆماری ستان وەک یەکێک لە بەرهەمە کانی ئەو کۆنگرەیە و بە خاسما بیری رێبەری بلیمەت، پێشەوا قازی محمد بوو.هەر بۆیە هەنگاوەکان لە پێناو ئەو مەبەستە دا خێراتر دەکران، تا سەرەنجام رۆژی ٢٦ی سەرماوەزی هەمان ساڵ، ئەندامانی حیزب و کۆمەڵانی خەلکی وەزاڵە هاتووی مەهاباد ، هێرشیان کردە سەر دوا مۆڵگەی بنەمالەی پەهلەوی، کە شارەوانی مەهاباد بوو.لە ئاکامی ئەو هەکەتە دا شارەوانیەکە تەسلیم کرایەوە لە باتی ئالای شاهەنشاهی ئاڵای ستانیان لە سەر شارەونیەکە هەلدرایەوە، و بە داخەوە لەو رۆژە دا کەسێک بە ناوی عبدلله منە خاڵەندی شەهید دەبێ، کە بە یەکەمین شەهیدی حیزب دەناسرێ.

لە دوای پاک کردنی شاری مەهاباد لە ئاسەوارەکانی دەسەلاتی شوومی پاشایەتی، دامەزرانی کۆمار حەتمیتر بوو و ئەو ئاواتە لە مێژینەیەی نەتەوەکەمان خەریک بوو شکڵی دەگرت. تا سەرەنجام لە رۆژی ٢ی رەبەندانی ١٩٤٦، کۆمار بە رەسمی راگەیەندرایەوە.

هەرووەک گوترا، پێشەوا وەک رێبەرێکی بلیمەت ،دەیەویست لە سیستمی خێلەکی و بەستراوە بە کە سیک و ناسرانی شۆرش بە کەسێکەوە، کۆتایی پێ بێنێ و شۆرشی بە رێگایەکی مۆدێرن، و نوێ دا حەرەکەت بکات،یەکێک لەو دابە کۆنە سیاسیانە ئەوە بوو کە باسکی چەکداری شۆرش بە بێ ناو و بە ناوی سەرۆک یان سەرکردەی شۆرش دەناسرا، دەبوایە هێزی چەکداری کۆمار خاوەن ناوێک بێت. هەر بۆیە پێشەوای نەمر چەند کەس لە نووسەران و رۆشنبیرانی ئەو کات کۆ دەکاتەوە تا لە

کۆبوونەوەیەک دا ناوێکی شیاو بۆ خەباتگێری چەکداری، دیاری بکەن.

بە پێی سەرچاوەکانی ئەدەبیاتی حیزب، لەو کۆبوونەوەیە دا پاش باس وخواسێکی زۆر ناگەنە ئەنجامێک، لەو کاتە دا پیاوێکی ی بە تەجرەبە کە خەریکی هێنانی چای بۆ کۆبوونەوەکە دەبێ، دەبینێ کە بەشداران ماندوو دیارن ،وادیارە بە دوای شتێک دا دەگەڕێن. ئەو راست دەپرسێ، من دەتوانم بپرسم کە ئێوە بە دوای چی دا دەگەڕێن؟ دیارە رێبەرێکی دێمۆکراتی وەک پێشەوا، رێزی لە بیرو رای ئینسانەکان گرتووە، بۆی باس دەکا کە مەبەست لەو کۆبوونەوەیە چیە، و نایشارێتەوە کە ناوێکیان بۆ نەبیندراوە. مام ئەسەدی بە تەجرەبە، بێ یەک و دوو لێ کردن، دەڵێ: بە پیاوی ئازا ولە خۆ بۆردوو دەڵێن: پێشمەرگە، بەشدارانی کۆبوونەوەکە ش بە بیستنی ئەو ناوە خۆشحال دەبن و بە دڵگەرمی یەوە دەبێتە بریار کۆبوونەوەکە.

هەر لەو رۆژەوە تا ئیمرۆ ناوی پیرۆزی پێشمەرگە بۆتە هێمای سەرهەڵدان و مێرخاسی، بە جۆرێک کە لە دوو بەشی،رۆژهەلات و باشووری ستان دا لە نەتوەی یەوە بگرە تا چەپ و ئیسلامی سیاسی بۆ هێزی چەکداریان ئەو ناوە یان بە فەخرەوە دیاری کردوە،تەنانەت جار و بارە دوژمنانیش بۆ کرێ گرتەکانیان ئەو ناوەیان داناوە.

بەڵام لە سەر دیاری کردنی ئەو رۆژە بە رۆژی پێشمەرگەی کوردستان.

حیزبی دێمۆکراتی ستانی ئێران ،هەرتم داهێنەری بیر و چەمکی نوێ لە بزاڤی سیاسی دا بووە و هەیە، بۆ دیاری کردنی رۆژێک بە ناوی رۆژی پێشمەرگەی کوردستان، بە دوای رۆژێکی مۆناسیب دابوو تا دیاری بکرێ بۆ رۆژی پێشمەرگەی ستان. سەرەنجام لە پلنوومی ١٥ی کۆمیتەی ناوەندی، لە گەلاوێژی ١٣٦٣ [ئاگۆستی ١٩٨٤] دا پاش باس و لێکدانەوەی ئەو رۆژە، بەو ئاکامە گەیشتن کە ٢٦ی سەرماوەز مۆناسیب ترین رۆژە. هەر بۆیە کە یەکەم جار ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٦٣ لە بنکە و بارەگاکانی حیزب ،کە ئەوکات هیزی پێشمەرگە لە حالی خەباتێکی سەختی پارتیزانی دا بوو، بە شکۆیەکی تەواوە وە بەرێوە چوو.

لە کۆتایی دا هیوام وایە کە رۆژێک بێت ئەو رۆژە ببێتەوە رۆژی سوپای نەتەوەیمان و ئەو هیز و لایەنانەی کە بۆ هێزی چەکداری خۆیان، لەباتی دیاری کردنی ئە و ناوە پیرۆزە، ناوی واریداتی و غەریب بە ستان دیاری نەکەن، مادام خۆیان بە درێژەدەری رێبازی کۆماری ستان دەزانن. چوونکە هەر وەک لە پێشدا گوتمان، ناوی پیرۆزی پێسمەرگە یەکێک لە دەسکەوتەکانی کۆماری ستانە. و هەر لایەنێکیش وەفادار بە کۆمار بێت، هەڵبەت پێویستە ناوی پێشمەرگەشی قەبوول بێت.

جارێکی تر وەک کۆنە پێشمەرگەیەک، پڕ بە دڵ پیرۆزبایی لە پێشمەرگەکانی کوردستان دەکەم و دەڵێم :ئەگەر جارێکی تر لاو ببمەوە هەر دەبمەوە بە پێشمەرگە.

سەرچاوە: ماڵپەری پێشمەرگەکان - ڕێکەوتی: ١٦ی دێسەمبەری ٢٠٠٧

----------------------------------------

# هونراوە و سروود بۆ پێشمەرگە

## پێشمەرگە



**ڕەسووڵ سوڵتانی**

نازانم چۆن ناوت بێنم
بڵێ بە چیت بشوبهێنم
بە هەڵۆمان کە شوبهاندووی
لە گەورەییمان شکاندووی
هەڵۆ بەرسێرەی کەس نییە
بەرهێرشی تەرەس نییە

هاوخوێنی لێ دوژمن نییە
دەردی وەک دەردی من نییە
ناحەزی ناکەونە شوێنی
تینوو نییە کەس بە خوێنی
لە ماڵی خۆی دەرنەکراوە
هێلانەی لێ نەڕووخاوە
داگیر نەکرا زێد و ماڵی
نەشکێنراوە پەڕ و باڵی
لەسەر بانگی مرۆڤانە
نەخراوەتە بەندیخانە
بێچووی بە دیل نەگیراوە
سێدارەی بۆ هەڵنەخراوە
هاوزمانی بندەست نییە
ناشزانێ ماف و هەق چییە
کە دەشچێتە ڕاوی مەلان
لە پێدەشت و چیا و تەلان
هیچ مەترسیی لەسەر نییە
پێویستی بە سەنگەر نییە
هاوخوێنی بۆ نان و بژیو
بۆ ئێسقان و گۆشتی ڕزیو
ناچێتە نێو ریزی قەلان
نابێتە ڕووڕەشی مەلان
کەچی لە نیشتمانی تۆ
لەنێو ڕەز و بێستانی تۆ
لێرە و لەوێی هەیە پەڵە
تێی کەوتوە زیوان و کەڵە

هێندێ دەبن بە گورگەمێش
خۆ دەفرۆشن لە پاش، لە پێش
دەکەونە پێش گورگی برسی
ژیانت دەخەنە مەترسی
هەر لەو خەڵکەی لە پێناوی
دەکەی خەباتی خوێناوی
هەوڵ دەدەی ئازاد بژین
سەربەستانە و دڵشاد بژین
ناتەوێ دیل و کۆیلە بن
دوژمن نەیانهێنێ لە بن
دەبنە جاش و دێنە شوێنت
بۆ دوژمن دەیرێژن خوێنت
لەولاشەوە نیشتمانت
زێدی باب و باپیرانت
لە پێش چاوت خاپوور ئەکرێ
بە خوێنی لاوان سوور ئەکرێ
بۆیە تۆ دەستت دایە چەک
هەڵت ماڵی قۆڵ و مەچەک
تا نیشتمان بپارێزی
بپارێزی پێگە و رێزی
بەرگی خەباتت کردە بەر
ورەت دایە شاخ و سەنگەر
بووی بە باسکی بەهێزی گەل
ژینت هەموو کردوە بە هەل
ژینی کورت و سەربەرزانە
ئەگەر هەبێ، لە تۆ جوانە

ژیانت وەک مۆمی دەم بایە
لەنێو دڵی خەتەر دایە
بەڵام چرکەی کوژانەوەت
دەسپێکە بۆ بووژانەوەت
مردن ناوێرێتە ناوت
چاو نابڕێتە نێو چاوت
لەبەر ناوی تۆ بەزیوە
لای تۆ سەری دانەویوە
تۆ مەرگیشت چرای ڕێیە
لەدایکبوونەوەی نوێیە
تۆ ڕەمزی ژینی هەرمانی
تۆ غیرەتی نیشتمانی
ناوت شنەی هەر چوار وەرزە
نیشتمان سەری پێت بەرزە
پێشمەرگە ناوی هەرمانە
پڕ بە باڵای مێژوومانە
سواڵت لێ دەکا گۆی زەوی
بۆ سامانی وا مەعنەوی
هەر بنازە بە خۆتەوە
ئەو گرەوەت بردۆتەوە
تۆ بە ڕاستی خواپێداوی
پێشەوای کورد ناوی ناوی

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی دێسەمبەری ٢٠١٩

------------------------------

## هەی هاتن، هاتن ، هاتن.




**سیامەند خوسرەوی**

هەی هاتن هاتن هاتن
پێشمەرگەی دێموکراتن
دڵیان پڕ تین و ژینە
دەستیان بۆنی ئەوینە
چەک وڕەختیان لە شانە
شانازی نشتیمانە
هەی هاتن هاتن هاتن
پێشمەرگەی ڕۆژهەلاتن
ئازاو بووێر و ژیرن
لە مەیداندا وەک شێرن
هەرچی جاش و پاسدارن
بە پێشمەرگە ی نا وێرن
هەی هاتن هاتن هاتن
پارتیزانی وڵاتن
ناویان گەلێک پیرۆزە
وەک ئاگری نەورۆزە

مزگێنی بەهاردێنن
زستانی تێکدەشکێنن
هەی هاتن هاتن هاتن
پێشمەرگە ی دیمۆکراتن
لە ئیلام و کرمانشان
سنەی خوێناوی کوردان
لە سەقزی کۆڵ نەدان
تا مەریوانی سواران
هاتن لە شنۆ و دێوڵان
تا ورمێ و شاری بۆکان
هاتن لە شاری پیران
تا سلماس و هەورامان
لە سەردەشتی دێموکرات
تا جوانڕوی خوێن وخەبات
لە بانەی مەردایەتی
تا ماکۆی کوردایەتی
لە مەهابادی پێشەوا
سەنگەر مافی ڕەروا
هەی هاتن هاتن هاتن
پێشمەرگەی دێموکراتن

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٢٢ی دێسەمبەری ٢٠١٩

----------------------------------------------

## ئەستێرەی سەربەستی

پەسنبێژیم پێ شتێکی پەسند نیە و هەمیشە خۆم لێپاراستوە، بەڵام ئەگەر تا دوایین ساتەکانی ژیانم پەسنبێژی پێشمەرگەی کوردستان"بە شەهید وزیندووەکانییەوە" بم، پێم شانازییە و پێشموایە هەر کەمم گوتوە.

بۆ هەموو پێشمەرگەکانی کوردستان. بە بۆنەی ٢٦ی سەرماوەز، ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستانەوە.

من کوردێکی ڕاپەڕیوم
تێکۆشەری ڕێی ڕزگاریم
هەڵۆی چالاک و تیژباڵی
چیای بەرزی کوردەواریم
*******
چەک لە شان گیان لە سەر دەستم
لاوی بە زیپک و دلێرم
ڕۆڵەی وەفاداری گەلم
نەترسم، ئازام بوێرم
*******
لە بەر گوڕەی دلێرانەم
خوێنمژ سەری نەوی دەبێ
لە حاست هەڵمەتی شێرانەم
دوژمن نوقمی زەوی دەبێ
*******
شاهیدی گیانبازیی منە
بستبستی خاکی وڵاتم
سوورە بە خوێنی گەشی من
پەرتووکی مێژووی خەباتم
من پێشمەرگەم کوڕی گەلم

بـیروبـڕوام ڕێنوێنه
خـەبات، خەباتی بێ وچان
تـا سـەرکەوتنم بەڵێنه

*******

ڕێـگام دژوار و درێـژە
مەترسیی زۆرم لە بـەرە
بـەڵام دەڕۆم و نـاوەستم
لادەبەم کۆسپ و تەگەرە

*******

ژینی خۆم فیدا کردوە
من خۆشـڕابواردنم نـاوێ
سـەرشـۆڕ لە بن سێبەر ناژیم
سەربـەرزم لە بەر هەتـاوێ

*******

پشـتم ڕەنجبەری وڵاتـە
چەوسـاوەکان پەنـای منن
دوژمـنمن ئەو خوێنمژانەی
بـە زەحـمەتکێـشان دوژمـنن

*******

تیشکی خوێنی هاوڕێی شەهید
مەشـخـەڵی ڕوونـاکی ڕێمە
خەبـاتی ڕابـردووی گەلم
ئەزموونی ئێسـتـامە، پـێمە

*******

شـەبەقی مانـگی ئاواتم
لە نـێو شەوی ڕەش دەدرەوشـم
ئەستێرەی سووری سەربەستیم

بەرەو ئاسۆی ژیان دەخوشم

******

ناسرەوم تا ئەو سەردەمەی

وڵات لە خۆشی پڕ دەکەم

زنجیری قورسی کۆیلەتی

لە پێی گەلم بڕبڕ دەکەم

* ئەم شێعرە ساڵی ١٣٨٤ی زایینی بۆ سروود گوتراوە. شەهید حەسەنی پوورخزریی هونەرمەند کە ئەوکات لە کۆڕی هونەریی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستانی ئێران دا بوو، ئاهەنگێکی سروودی لە سەر دروست کردبوو.

سەرچاوە: ویبلاگی هاوارگەی ئاشق - ڕێکەوتی: ١٧ی دێسامبری ٢٠٠٥

------------------------------------------

## چۆن دەتوانم وێنات بکەم بتکێشمەوە؟

**ئەحمەد شیربەگی**

چۆن دەتوانم وێنات بکەم بتکێشمەوە؟

چۆن دەتوانم بتناسێنم

چۆن دەتوانم لە جوامێریت بنووسمەوە

کاتێ لووتکە بۆ گەورەییت دادێتەوە

زمان چۆن لە حاندت دا بگەڕێ، بتلێتەوە؟

بمببورە گەورەم

پێنووسم شەرمەزارە

زمانم بەرامبەرت کۆڵەوارە

تۆ ناوی خۆت بە خۆتەوە
تۆ پێشمـەرگەی
تۆ سـروودی ...
نەوە لە دوا نەوە دەتڵێنەوە
پێشمەرگە بیت
ڕەمزێكمانە بۆ مانەوە
بژی پێشمەرگەی ژنی كورد !
بژی پێشمەرگەی پیاو ی كورد!
بژی ڕەمزی مانەوەی كورد!

١٦ی دێسامبری ٢٠١٣

---

## هۆ كاكی پێشمەرگە

**بە دەنگی محەممەد جەزا**

هۆ كاكی پێشمەرگە شۆڕشگێری قارەمان
ناوی پیرۆزی تۆیە بۆتە وێردی سەر زوبان
تۆ لە گیان و دەروونی چەوساوەكان دا دەژی
هەمیشە هاوڕێی چەک بڕوا و سەنگەر و كەژی
هۆ كاكی پێشمەرگە شۆڕشگێری قارەمان
ناوی پیرۆزی تۆیە بۆتە وێردی سەر زوبان
برسیەتی و ڕەنج كێشانت بۆتە پیشەی چەند ساڵە
ئەبێ هەڵ كەی خەبات كەی دژی ئەم ژینە تاڵە
هۆ كاكی پێشمەرگە شۆڕشگێری قارەمان

ناوی پیرۆزی تۆیە بۆتە وێردی سەر زوبان
بیرو بڕوا و تفەنگت، مایەی خۆ ڕاگرتنە
بەر دەوامیت لە خەبات، نیشانەی سەرکەوتنە
هۆ کاکی پێشمەرگە شۆڕشگێری قارەمان
ناوی پیرۆزی تۆیە بۆتە وێردی سەر زوبان
ژینی کۆشک و تەلارت بن بەرد و ناو چیایە
هەرچی ناوی سامانە شک نابەی لەم دونیایە
هۆ کاکی پێشمەرگە شۆڕشگێری قارەمان
ناوی پیرۆزی تۆیە بۆتە وێردی سەر زوبان

سەرەوە.

---------------------------------

## مەڕێژن بۆم فرمێسکی غەم

### بە دەنگی محەممەد حەریری

مەڕێژن بۆم فرمێسکی غەم کە سوور بووە لە خوێن جەستەم
شەهیدی دەستی زۆردارم بەڵام ئۆخەی کە پێشمەرگەم
ئەو ڕێگای کە من بۆی کوژرام، لە ناو گۆڕیش دا دڵنیام
کە ئێوەی شۆڕشگێری کورد، وونی ناکەن خوێن و هیوام
مەڕێژن بۆم فرمێسکی غەم کە سوور بووە لە خوێن جەستەم
شەهیدی دەستی زۆردارم بەڵام ئۆخەی کە پێشمەرگەم
خەباتم کرد لە ژیانم، هەر بۆ گەل و نیشتمانم
دەبا لاوان لە یادتان بم، کە قوربانی کوردستانم
مەڕێژن بۆم فرمێسکی غەم کە سوور بووە لە خوێن جەستەم
شەهیدی دەستی زۆردارم بەڵام ئۆخەی کە پێشمەرگەم

سەرەوە.

---

## بژی بژی ئەی پێشمەرگە

**بە دەنگی کۆڕی هونەری حیزبی دێمۆکرات**

**ئاسمان بە تاڵ، وڵات پڕ خەم، ئاسۆ تاریک هیوا دەرکە**
**لە پڕ لە ناو دڵی هەورا، تیشکی شیرین هیوا بیرە**
**گەشا هەر چی کێو و مێرگە بەناوی بەرزی پێشمەرگە**
**بژی بژی ئەی پێشمەرگە، بژی بژی ئەی پێشمەرگە**
**هەوای داگرت مەلی ئاوات سوور هەڵگەرا ئاسۆی خەبات**
**گەرم بۆوە لەشی زەوی، گەلێ نەیما ورەی ناوی**
**گەشا هەر چی کێو و مێرگە بە ناوی بەرزی پێشمەرگە**
**بژی بژی ئەی پێشمەرگە، بژی بژی ئەی پێشمەرگە**
**ئاسمان بە تاڵ، وڵات پڕ خەم، ئاسۆ تاریک هیوا دەرکە**
**لە پڕ لە ناو دڵی هەورا، تیشکی شیرین هیوا بیرە**
**گەشا هەر چی کێو و مێرگە بەناوی بەرزی پێشمەرگە**
**بژی بژی ئەی پێشمەرگە، بژی بژی ئەی پێشمەرگە**

**سەرەوە.**

---

## من پێشمەرگەی کوردستانم

**بە دەنگی ناسر ڕەزازی**

من پێشمەرگەی کوردستانم ئامادەی جەرگەی مەیدانم
بە سەر و ماڵ و ژیانم ئەی پارێزم نیشتمانم
دەست لە چەکم هەڵ ناگرم یا سەر ئەکەوم یا ئەمرم
ئەم کوردستانە ڕەنگینە کە بەهەشتی سەر زەوینە
ئەم کوردەی بەشی لەم ژینە دیلی و کوشتن و برینە
دەست لە چەکم هەڵ ناگرم یا سەر ئەکەوم یا ئەمرم
من پێشمەرگەی کوردستانم ئامادەی جەرگەی مەیدانم
بە سەر و ماڵ و ژیانم ئەی پارێزم نیشتمانم
دەست لە چەکم هەڵ ناگرم یا سەر ئەکەوم یا ئەمرم
نامهەوێ ژینی ژێر دەستی پڕە لە شوورەیی و پەستی
تا خاک وگەل ڕزگار ئەکەم سەر ئەدەم نرخی سەربەستی
دەست لە چەکم هەڵ ناگرم یا سەر ئەکەوم یا ئەمرم
من پێشمەرگەی کوردستانم ئامادەی جەرگەی مەیدانم
بە سەر و ماڵ و ژیانم ئەی پارێزم نیشتمانم
دەست لە چەکم هەڵ ناگرم یا سەر ئەکەوم یا ئەمرم

سەرەوە.

-----------------------------------------

**سروودی پێشمەرگە**

## شێعری ئاکۆ ئەلیاسی

من پێشمەرگەم سەرم بەرزە وەکو چیا
سەر شۆڕ ناکەم لە ئاست گرمەی تۆپ و بۆمبا
هەنگاو دەنێم بەرەو دوورگەی هیوای بەرزم
گەر لەشیشم دابێژ بکەن قەت نابەزم
باسکی گەلم هێزی ئەژنۆی کوردستانم
چقڵی چاوی داگیرکەر و زۆردارانم
خوێنی شەهید بەڵگەی بوونی وڵاتمە
مەشخەڵی ڕێی تێکۆشان و خەباتمە
پشت ئەستوورم بە هێزی کۆمە ڵی هەژار
ڕاپەریوم دژ بە چەوسێنەر و زۆردار
چاو نەترس و گورج و گۆڵ و تێکۆشەرم
ئاشقی تیشکی خۆری گەل و جەور لا بەرم
دەڕۆم دەڕۆم هەدا نادەم ڕاناوەستم
هەتا نەگەم بە ئامانج و بە مەبەستم
دوژمنی گەل وەدەر دەنێم لە نیشتمان
بە زەبری چەک بە هەڵمەت و بە نەوەستان

سەرەوە.

---------------------------------------

## پێشمەرگە

## شێعری ئەحمەد قادری

هەڵۆی سەر شاخی هەڵگورد و گوڵی داوێنە پێشمەرگە
چریکەی نێو گوڵ و لالە و چڕ و بستێنە پێشمەرگە
سەری قەڵغانە بۆ مافی ڕەوای گەل گیان لە پێناوە
نەوەی کاوەی فیدا کار و قەڵا ڕووخێنە پێشمەرگە
شەمی سەر چاکی هیوایە و چرای ڕێبازی ڕزگاری
نمونەی هەڵمەت و هێرش، حەماسە و خوێنە پێشمەرگە
لە پێناوی گەلی کورد دا دژی بێدادی هەستاوە
بە گوللەی گەرم و کرداری بەلا سووتێنە پێشمەرگە
لە سەر داوا ڕەواکەی سوورە گیانی خۆی لە پێناوە
هیوای دوا ڕۆژ و پشتیوان و تۆڵەستێنە پێشمەرگە
دەسەلمێنێ حەقانیەت بە داگیرکەر لە کوردستان
فریشتەی ڕۆژی ڕزگاری، زوڵم تارێنە پێشمەرگە
گوڕ و تینی بە هێز و باسکی چەکداری گەل و هۆزە
بە ئیمانە و نەمامی ئاودراو بە خوێنە پێشمەرگە
دەروون خاوێن و پارتیزان و جەنگاوەر، ئەمەگ ناسە
عەداڵەت ویست و خاوەن عەقڵ و هەست بزوێنە پێشمەرگە
بە سام و هەیبەتە ساحەب ئیرادە و سەمبولی شۆڕش
لە ڕۆژی ترس و تەنگانە ڕەقیب تۆقێنە پێشمەرگە
لە کاتی هێرشی دوژمن قەڵای بەرز و نەگیراوە
وەکوو شێری ژیان هەستاوە تێک قرمێنە پێشمەرگە
بە زۆری بازوو قەڵت و بڕ دەکا زنجیری بێدادی
دەبا هەستین لە ئامێزی گرین کوردینە پێشمەرگە
وەکوو پرشنگی خۆری ڕۆژی ڕزگاریی سەیر کەن چۆن
گەڕینی ڕەوڕەوەی مێژوو حەماسە نوێنە پێشمەرگە
دە هەستن ریز گرن لەم ڕۆژە پیرۆزە کە پێویستە

لە رێی قوربانی دانێن چونکە کێو لەرزێنە پێشمەرگە
لە مێژووی شۆڕشا وەک تاقە ئەستێرەی تەماشا کەن
بزانن رێکخەری شۆڕش، ڕەوت بزوێنە پێشمەرگە
ئەتۆش هاودەنگ لە گەڵیا " قادری" بڕوانە سەیری کە
لە چاوی دوژمنا دڕکە و چیا خەملێنە پێشمەرگە

----------------------------------------------------

## سروودی پێشمەرگە

### شێعری ئاکۆ ئەلیاسی

ئەی پێشمەرگە لێت پیرۆز بێ بیست و شەشت
ڕۆژی پڕ لە هیوای گەل و ڕوون و گەشت
کوردستانمان شاگەشکەیە بە بوونی تۆ
دوژمن قڕ کە بۆ سەر کەوتن بڕۆ بڕۆ
ترپەی دڵی خاکی، پاکی داگیر کراو
ئەی سمبولی خۆ بەختکەری ڕێگەی هەتاو
دەیان ساڵە لە پێناوی دێمۆکراسی
خوێن دەدەی و تاڵ و سوێری قەت ناناسی
تۆ پەیمانی، خۆڕاگری، بە ئیمانی
لە شەوی تار، گڕی سووری مەشخەڵانی
لە ئاست دوژمن، دەنگی نەعرەی بەرخۆدانی
قرمە و گرمەی گوللەی چەکت بە خوڕ داکە
هێزی بۆری داگیرکەران وا وەیلا کە
بە خوێنی سوور ئازادی کورد بنەخشێنە
بەهاری ژین بۆ کوردستان بخەملێنە

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ

------------------------------

## پێشمەرگە شورشگێری مەیدانی خەبات،

**سمکۆ بێ کەس**

پێشمەرگە رۆڵەی شۆرشگێری گەلە،هەڵگری ئالای خەبات و پێشەنگی کاروانی تێکۆشانە
پێشمەرگە گیان لە سەردەست وبێ وچان بۆ ئازادی هەوڵ دەدات لەژیانا
پێشمەرگە شورشگێری قارەمانی مەیدانی نەبەردی وبەرخودانە
پێشمەرگە رۆڵەی شاخ و دەشت و کێوی نیشتمانی کوردانە
پێشمەرگە کوری ئازای لادێ و شاری هەموو خاکی کوردستانە
پێشمەرگە سیاسەت وانی بە توانای زانای رێ نیشان دەری ژیانە
پێشمەرگە پێنوس بە دەستێکە کە قەڵەمەکەی هەر هەموو کات بۆ ئازادی خاک و وڵات وا لە هەوڵ و تێکۆشانا
پێشمەرگە رێبەری خەڵکە کە دژی چەوسانەوە و دیکتاتوری بە بێ وچان تێ دەکوشێ لە رێی رزگاری نیشتمانا
پێشمەرگە دیپلوماتکاری کوردە سەفیری ئاشتی ویستی رێگەی گەیشتن بە ئاواتەکانی کوردانە
پێشمەرگە خەبات کارێکی بە ئیمانە کە دروشمی نەسرەوتن تا سەرکەوتنی لە ناو دەستە لە کاروانی تێکۆشانا
پێشمەرگە شورەسواری مەیدانی بەر خودان و نەبەردی رۆژانی شەرلە گەڵ داگیر کەرانی خاکی نیشتمانا
پێشمەرگە رۆڵەی ماف ویستی بە بیر و باوەری گەلە کە هەر دەم خەبات کەری بێ وچانە
پێشمەرگە کادرێکی بە وەجی لێهاتووی رێگەی کوردایەتی بە ویژدانە
پێشمەرگە ئەو کەسەیە کە هەموو تەمەنی کردە فیدایی رزگاری خاک و وڵات لە ژیانا
پێشمەرگە ئەو رۆلە کوردەیە کە ئیمانی پۆڵایینە و بروایی بە ئازادی گەڵە هەر هەموو کات لە مەیدانا
پێشمەرگە کوری گەڵە رۆڵەی بە بیرو باوەری نیشتمانە دڵسوزی خاک و ماف ویستی داوارەواکەی کوردانە
کە واتە ئەی پێشمەرگە
ئەی خاوەن وەری پۆڵایین

ئەی ئەو کەسە ی بۆ ئازادی ژیانی خۆتت کردە فیدا
ئەی ورەبەرزی بیرو باوەڕێکی ئاوا کە بووی بە پێشەنگی خەباتێکی رەوا
ئەی قارەمانی مەیدانی تێکۆشان
ئەی پێشمەرگە
ئەی شورشگێری قارەمان
ئەی رۆڵەی گەڵی کوردستان
ئەی خەباتگێری مێژووی کوردایەتی
ئەی شۆرشگێری نەبەزی دیموکرات
بێ گۆمان بە سەرکەوتنمان مسۆگەرە
بێگومان بە بە تێک شکان و نەمانی دوژمنانت
جارێکی تر بە دەستی تو لە ئاسمانی کوردستانی داگیر کراوم ئاڵای کوردستان هەڵ دەکرێ
جارێکی دوژمنانی گەلی کوردمان دەسەڵاتیان لە گۆر دەنرێ
ئەو کاتەیە ئاواتی گشت شەهیدەکانمان وەدی دێ
ئازادی بۆ گەڵی کوردمان دەستەبەر بێ

سەرچاوە: ماڵپەری خاکەلێوە - رێکەوتی: ١٧ی دیسەمبەری ٢٠١٠

---------------------------------------

## پەیکەرەی پێشمەرگە

خاڵە قازی

کاتێ کە ڕوانیم لە کتێب و داستان
هاتە بەر چاوم یۆنانی باستان
پەیکەری شەڕو سوڵحیان دانابو
ناوی خودایی خۆیان لێنابو

بۆ وێنە وێنوس خوای جوانی بو
زێئوسیش خوای نافەرمانی بو
کوتم با ئێمەی کوردی بێ سنور
ئێمەی لە کتێب و لە داستانیش دور
پەیکەرەیەکی جودامان هەبێ
بۆ فیداکاری خودامان هەبێ
دەستم کرد بە قوڕ شێلان ئەو شەوە
مایەی پەیکەرەم وا کۆ کردەوە
لە فیداکاری،هەم لە گیانبازی
لە سەر بڵێندی و لە سەرفەرازی
لە بەردی چیا و تەپ و تۆزی خاک
لە ئاوی کانی، لە ڕوباری پاک
لە گۆمی مەند ولە چۆمی خوڕێن
لە سێڵاوێکی سینگی بەرد دڕێن
لە هەڵمەتی شێر، لە چاوی هەڵۆ
لە هەورازی توند، هەرد و کەژ و کۆ
لە ئازایەتی و نەترسی بەور
لە سەختی ژیان، جەفا و جەور
لە خانوی کاول، لە گوندی سوتاو
لە هەناسە و لە فرمێسکی چاو
لە گەرمی هەتاو، لە سێبەری دار
لە بارانەیی شەوانی قەرار
لە لورەی گورگ، لە پەنجەی پڵەنگ
لە گرمەی تۆپ و تەقەی کاتی جەنگ
لە بۆنی باڕوت، لە خوێنی ڕژاو
لە زامی قوڵ و لە ئێسکی شکاو
لە ورەی بەرز،لە خۆڕاگری

سووربون لە ڕێی حەق،لە پێداگری
لە قەتیس مانی فرمێسکی دایە
لەو ئاواتانەی لە دڵمان دایە
لە ڕەنگی سەوز و سپی و زەرد و سوور
لەو چوار بنارەی کرانە سنوور
لە بەرد بە بەردی چیاکانی کورد
لە هەموو هیوا بەرزەکانی کورد
گشتیم تێکەڵ کرد، کردمە پەیکەرە
کردمە پەیکەرەی خوایەک لەو سەرە
کردمە پەیکەرەی مەزهەری نەجات
کردمە پێشمەرگەی ڕزگاری وڵات

١٣٦٢ کۆنەدێ

سەرچاوە: فیس بووک چوارچرای قازی - ڕێکەوتی : ١٥ی ئەپریلی ٢٠١٢

-----------------------------------------------

# گوڵبژێک لە هەزاران چالاکی بێ وێنەی هێزی پێشمەرگە

**١٩٤٦ - ٢٠٠٨**

---

**کۆکردنەوە و ئامادە کردنی: رەحمان نەقشی**

**١- بانە: ١٨ی مای ١٩٤٦ = ٢٨ی بانەمەڕی ١٣٢٥**

**هێرشی هێزەکانی ئێران لە شاری بانە بۆ سەر ناوچەی سەردەشت،لە گەڵ بەرەنگار بوونەوەی هێزەکانی پێشمەرگە بە فەرماندەری حەسەن ئاغای هەناره و زیرۆ بەگ روو بە روو دەبن،لە شەریکی توند دا هێزەکانی دوژمنان تێک شکاند و ٣٠ کەسیان بەدیڵ گیران و دوو کەسیان لێ کوژرا و چەندین چەک و کەل وپەلی دیکە دەستی پێشمەرگە کەوت.**

**٢- سەقز: ٢٤ی ئەپریلی ١٩٤٦ = ١٧ی بانەمەڕی ١٣٢٥**

**وەرێ کەوتنی ستوونێکی ئەرتەشی ئێران بۆ گەیاندنی چەک و تەقەمەنی و خواردن بۆ دوو پادگانی بانەو سەردەشت کە لە گوندی قاراوا لە گەڵ هێزەکانی بارزانی تووشی شەر بوون.**

**٣- سەقز: ٢٩ ئەپریلی ١٩٤٦ = ٩ی بانەمەری ١٣٢٥**

**هێرشی هێزی زەمینی و هەوای هێزەکانی ئێرانی کە پێک هاتبوو لە ٧٠٠ کەس بە توپ و رەشاش بە پشتیوانی ٢ فرۆکە لە چەند لاوە بۆ سەر بنکەکانی هێزی پێشمەرگەی دێموکرات لە شاخی بیژنگ بەسەر، کەلی سەرا، کیوی بالومان. لەئاکامی شەڕێکی ٧ کات ژمێری دا کە بوو بە هۆی تێک شکانی هێزەکانی داگیرکەر، لەو شەڕە دا ١٠٠ کوژران، ٣٩ کەس بەدێل**

گیران و هێندیک چەک و تەقەمەنی دەستکەوتی پیشمەرگە بوو.

**٤- سەردەشت: ٢٧ی مای ١٩٤٦ = ٦ی جوزەدانی ١٣٢٥**

هێرش و پەلاماری دۆژمن بۆ سەر پیشمەگەر لە نیزیک سەردەشت کە لە گەڵ بەرەنگا بوونەوە پێشمەرگە روو بە روو دەبن، لە ئاکامدا ٤٤ کەس لە دوژمن دەکوژرن ونیزیک ٤٠ کەسیش بریندار دەبن هیزەکانی هیرشکەر تیک دەشکین. لەم شەرەدا پیشمەرگە یەک بریندار و یەکیش شەهید دەبن.

**٥- مەهاباد: ١١ی جوونی ١٩٤٦ = ٢١ی جوزەردانی ١٣٢٥**

هێرشی هێزەکانی ئێران کە پێک هاتبوو لە ٣٠٠٠ سەرباز و ٨ تۆپ، ٢ تانگ و ٢ فرۆکە پشتوانی لێ دەکرا بۆ سەر بەرزایەکانی مامەش، پێشمەرگەکان لە شەرێکی قارەمانانە دا تێک یاندەشکێنن و لە ئاکام دا هێزەکان رێژیم ٥٠٠ کەسیان لێ دەکوژری و ٢٥٠ کەسیش بریندار و ٢ تانگ تیکدەشکێندرێ و فرۆکە یەکێش دەخرێتە خوارەوە.

**٦- سەقز: ١٥ی جوونی ١٩٤٦ = ٢٥ی جوزەردان ١٣٢٥**

هێرشی هێزەکانی ئێران بەسەرکردەیی سەرلەشکر حاجی عەلی رەزم ئارا بۆ سەر پێشمەرگەکانی کوردستان لە سەر رێگای سەقز و بانە. دوایی ١٢ کات ژمێر شەڕ هێزی دوژمن تێک شکاو لە ئاکام دا ٥٠٠ کەس کوژرا و ٢٥٠ کەسیش لە هیزە داگیرگەرکانی دوژمن بەدیل گیران. لەم شەردا ١١ پێشمەرگەی بارزانی بریندار بوون.

**٧- مەهاباد: ١٧ی دێسەمبەری ١٩٤٦ = ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٢٥**

لەشکری دەوڵەتی ناوەندی ئێران بەهاوکاری بەشێک لە عەشایر شاری مەهابادیان داگیر کرد، واتە راست پاش ساڵێک کە بە چەک کردنی شارەوانی مەهاباد خەڵک خۆی دەسەلاتی سیاسی بە دەستەوە گرتبوو.

**٨- پیرانشار: هاوینی ساڵی ١٩٦٧ = هاوینی ساڵی ١٣٤٦**

سلێمان موعینی بە ناوی نهێنی (فایق) و هاورێیانی لە سپی سەنگ تووشی شەڕێکی نەخوازراو دەبن، هێزێکی زۆر و هێلی کۆپتەریان دێتە سەر، لەو شەڕە دا عەبدوڵا موعینی بریندار، و ئەندامێکی حیزب بە ناوی سلێمان شەهید دەبێ.

**٩- سەڵماس: ساڵی ١٩٦٧ = ساڵی ١٣٤٦**

دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی حیزب لە ناوچەی سەڵماس کە کاتی پشوو داندا دەکەونە بەر پەلاماری تاقمێکی زۆر ژاندارم و گەمارۆ دەدەرێن. دوای شەڕێکی قارەمانانە و کوشتنی تاقمێکی زۆر لە بەکرێگیراوان، رێژیم بۆ یارمەتی هێزەکانی لە ورمێ را هێزی تازە نەفەس و هیلی کۆپتەر دەنێرەن. بەداخەوە لە شەڕە دا بابیر شکاک (نحۆ)و ٤ پێشمەرگەی دیکەی حیزب شەهید دەبن.

**١٠- مەهاباد: لە مانگی ئەپریلی ١٩٦٨ = مانگی خاکەلێوەی ١٣٤٧**

لەناوچەی گەورگایەتیی مەهاباد لە نزیک گوندی قالوێ هێزێکی زۆری ریژیم هەڵدەکوتنە سەر دەستەیەک لەپێشمەرگەکان حیزب بە فەرماندەری عەبدوڵا موعینی لە شەرێکی یەک رۆژە دا ئەفسەرێک و چەند ژاندارم و جاشێک دەکوژرێ بەداخەوە عەبدوڵا موعینی و عەوبدوڵا مینە شەم شەهید دەبن.

**١١- سەردەشت: مانگی ئاوریلی ١٩٦٨ = خاکەلێوەی ١٣٤٧**

هێزێکی زۆر لە گوندی سەرشیوی سەردەشت کە بە شوێن پێشمەرگە دا دەگەرێن دەکەونە بەر پەلاماری هێزی پێشمەرگەکانی حیزب بە فەرماندەری قادر شەریف لە ئاکام دا جگە لە کوشتنی جاشێک بە ناوی هەلمەت بێتوشی پازدە ژاندارم و چەکداری هێزەکانی رێژیمی پاشایەتی ئێران دەکوژرین..

**١٢- بانە: ٢ی مای ١٩٦٨ = ١٢ بانەمەڕی ١٣٤٧**

سمایل شەریف زادە بە ناوی نهێنی (مەلا عەزیز) و هاورێیانی کە لە ناوچەی بانە خەرێکی تێکۆشانی حیزبی دەبن.

نیزیکەی ٤٠٠ کەس لە دارێنە هەڵدەکوتنە سەریان و داوای خۆبەدەست دانەوەیان لێ دەکەن بەڵام بە خۆڕاگرێی قارەمانانە لە شەڕیکی ٦ کات ژمێری دا داکوکی لە خۆیان دەکەن بەداخەوە لەم تێک هەڵچوونەدا سمایل شەریف زادە و سێ هاوڕێی دیکە شەهید دەبن. ڕێژیمی دژی گەلی پاشایەتی ئێران بۆ چاو ترسێنێ خەڵک تەرمەکانیان لە شارەکانی بانە، سەقز و سنە دەگێرن.

## ١٣- سەردەشت: مانگی جوونی ١٩٦٨ = مانگی جۆزەردانی ١٣٤٧

پۆلێک لە پێشمەرگەکانی حیزب تووشی شەریکی قورس لە گەڵ تاقمێکی زۆری دوژمن دەبن و تا ئاخرین گۆڵلە بۆ داکوکی لە خۆیان بەشەر دێن کە بەداخەوە هەموویان شەهید دەبن. ڕێژیم بۆ چاوترسێنی خەڵک تەرمەکانیان لە گوندەکان دا دەگێرن و بۆ ماوەیە لە شاری سەردەشت هەڵیان دەواسن.

## ١٤- سەردەشت: ١٦ی ئاگۆستی ١٩٦٨ = ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٤٧

لە چیای زمزیران تەقە و پێکدانان لە نێوان پێشمەرەگەکان و هێزەکانی دوژمن روو دەدا فەرماندەری هێزەکانی ڕێژیم دەکووژری و دوو سەربازیش بە دێل دەگیرێن کە دواتر پێشمەرگەکان ئازادیان دەکەن، بەڵام دوای بە دەستووری ئەویسی هەر دووکیان گوللە باران دەکرێن.

## ١٥- پیرانشار: ئاخری وەرزی هاوین ١٩٦٨ = ئاخری وەرزی هاوین ١٣٤٧

هێرشی زۆری ژاندارم و سەرباز و جاش بۆ سەر پۆلێک پێشمەرگە بە فەرماندەری مراد شیرێژ لە کوێستانەکانی بەری مێرگان شەرێکی توندیان لە نێوان دا روو دەدا چەند کەسیک لە دوژمن دەکوژن، بەداخەوە لەم شەڕە نابەرامبەر دا مراد شیرێژ و هاورێیانی شەهید دەبن.

## ١٦- مەهاباد: ٢٠ی ئۆکتۆبەری ١٩٨٠ = ٢٨ی رەزبەری ١٣٥٩

پێشمەرگەکانی هیزی پێشەوا لە جادەی مەهاباد ورمێ دا پەلاماری ستوونێکی هێزەکانی دۆژمن دەدن. لەو پەلامارە قارەمانانە دا ١٥٠ کەس لە هێزەکانی ریژیم دەکوژرێن و بریندار دەبن، هەروەها ٥ دەزگا تانگ و ٥ دەزگا ماشین لە

بەریەک بڵاو دەکرێن.

**١٧- مەهاباد: ٢٠ی ئۆکتۆبەری ١٩٨٠ = ٢٨ی ڕەزبەری ١٣٥٩**

دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی هێزی پێشەوا لەسەر جادە مەهاباد - ورمێ لە نیزیک گوندی کۆسەکەرێز ستوونێکی هێزی چەکداری ڕێژیم دەخەنە نێو داوی خۆیان، لەم چالاکییە دا ٧٠ کەس لە هێزە سەرکوت کەرکانی ڕێژیم دەکوژرێن یان بریندار دەبن هەروەها یەک دەزگا تانگ و یەک ماشین تێک دەشکێندرێن. بەداخەوە لەم چالاکییە دا ٧ پێشمەرگە شەهید و دەچنە نێو ریزی کاروانی شەهیدانەوە.

**١٨- ورمێ: ٥ی جوولای ١٩٨٠ = ١٤ی پووشپەری ١٣٥٩**

پێشمەرگەگان هێزی شەهید نحۆ پەلاماری پادگانی ورمێ، ناوەندی سپای پاسداران و شارەوانیی ئەو شارە دەدەن لەم پەلامارە دا ٩ کەس لە هێزەکانی ڕێژیم دەکوژرین و ٣٢ کەس بریندار دەکرێن، هەروەها ٥ دەزگا تانک و ٧ دەزگا ماشین و هێلیکوپتەر لە بەریەک بڵاو دەکرێن.

**١٩- سەقز: ٢٨ی ئۆکتۆبەری ١٩٨٠ = ٢٨ی ڕەزبەری ١٣٥٩**

پێشمەرگەکانی هێزی شەهید عەزیز یووسفی دەچنە نێو شاری سەقز و لە گەڵ هێزەکانی ڕێژێم دەرگیر دەبن. لەم چالاکییە دا ٥٣ کەس لە هێزەکانی دوژمن دەکوژرێن و زیاتر لە ١٠٠ کەسیش بریندار دەبن و ٦ کەسێش بە دێل دەگیرێن، هەروەها چەندین ماشین خەراپ دەکرێن و چەک و تەقەمەنێکی زۆرێش دەسکەوتی هێزی پێشمەرگە دەبێ.

**٢٠- سەردەشت: لە مانگی سێپتەمبەری ١٩٨٠ = مانگی خەرمانانی ١٣٥٩**

پێشمەرگەکانی هێزی شەهید مۆعینی و هێزی شەهیدانی وێردی بۆ ماوەی ٢٠ ڕۆژ پێش بە هێزێکی زۆری دوژمن دەگرن کە لە بانەوە دێهەوێ بچێتە سەردەشت لە ماوەی ئەو ٢٠ ڕۆژە دا زیاتر لە ٤٠٠ کەس لە هێزەکانی دوژمن دەکوژرێن و ژمارەیەکی زۆریش بریندار دەکرێن. هەروەها دەیان دەزگا تانگ و ماشین و نەفەربەر و دەیان قەبزە چەکی گەورە لەبەریەک بڵاو دەکرێن.

**٢١- هەوشار: ٢ی نۆڤەمبەری ١٩٨١ = ١١ی خەزەڵوەری ١٣٦٠**

پێشمەرگەکانی هێزی شەهیدانی هەوشار تەقەیان لە هێلیکوپتەرێکی دوژمن کرد و خستیانە خوارەوە لە ئاکامدا ٦ کەس لەسەرنیشێنەکانی کوژران. هەر لەم رۆژە دا دەستەیەک دیکە لە پێشمەرگەکانی هیزی شەهیدانی هەوشار دەچنە نێو شاری شاهیندژ و پەلاماری ناوەندی سپای پاسداران لەو شارەیان دا.کە لە ئاکامدا دوو دەزگا ماشینی تێک شکێندران و ٢٢ بەکرێگیراویش کوژران.

**٢٢- کرماشان: ١٨ی ئۆکتۆبەری ١٩٨١ = ٢٦ی رەزبەری ١٣٦٠**

پێشمەرگەکانی هیزی بیستوون و هێزی زرێوار موڵگەکانی دۆژمن یان لە گوندی لۆن،دەوروبەری دایە بەر پلاماری خۆیان لە ئاکامدا ٤٠ کەس لە هێزەکانی داگیرکەری کۆماری ئیسلامیی کوژران و ژمارەیەکێش بریندار بوون.

**٢٣- بۆکان: ٢٥ی ئۆکتۆبەری ١٩٨١ = ٣ی خەزەڵوەری ١٣٦٠**

لەبەزراییەکانی گوندی حوسێن مامەدایە دایە بەر پەلامانی خۆیان دوای شەرێکی قارەمانانە دەستیان بەسەر ئەو موڵگەیە داگرت.لە ئاکامدا ٢٧ کەس لە ئەفرادی موڵگەکە کوژران و هەموو کەل وپەلی موڵگەکەش کەوتە دەست پێشمەرگەکان ٦ سەربازیش بەدێل گیران. بەداخەوە لەو پەلامارەدا ٥ پێشمەرگە حیزب شەهید بوون.

**٢٤- مەریوان: ٣ی نۆڤەمبەری ١٩٨١ = ١٢ی خەزەڵوەری ١٣٦٠**

پێشمەرگەکانی هێزەکانی زرێوار و شەهید شەرێف زادە و شاهۆ لە چالاکییەکی هاوئاهەنگ دا ٢ موڵگەی ریژیمیان لە مارانی و دەرگاکا دەست بەسەر داگرت. لەو چالاکییە دا ٣٥ کەس لە هێزەکانی داگیرکەری دۆژمن کوژران و نەفەرێکیش بە دێل گیرا.

**٢٥- سنە: ٧ی نۆڤەمبەری ١٩٨١ = ١٦ی خەزەڵوەری ١٣٦٠**

پێشمەرگەکانی هێزی شەهید شەریف زادە لە عەمەلیاتێکی دلیرانە دا لە گەرەکی کەڵکە چاری نێو شاری سنە بە کوشتنی

دوو نیگابانی موڵگەی ئەو شوێنە،توانیان دەست بەسەر موڵگوکە دابگرن و ١٣ کەس بەدیل بگرن و هەموو چەک و کەل وپەلی موڵگەکە کەوتە دەست پێشمەرگەکان.

## ٢٦- پیرانشار: ٤ی نۆڤەمبەری ١٩٨٢ = ١٣ی خەزەڵوەری ١٣٦١

پێشمەرگەکانی حیزب بە هاوکاری هێزی پشتیوان پەلاماری موڵگەی ڕێژیمیان لە قەبری حوسێن یان دا و لە شەڕێکی قورس لە نێوان پێشمەرگە و هێزەکانی ڕێژیم دەستی پێی کرد لە ئاکام دا زیاتر لە ٢٠٠ کەس لە هێزی دوژمن کوژران و بریندار بوون و هەروەها یەک تانگ و ١٣ دەزگا ماشین لەبەریەک هەڵوەشان وچەک و چوڵێکی بەرچاویش کەوتە دەست پێشمەرگەکان. بەداخەوە لەو شەڕە دا ٢ پێشمەرگە شەهید بوون.

## ٢٧- کرماشان: ٢٥ی ئۆکتۆبەری ١٩٨٢ = ٣ی خەزەڵوەری ١٣٦١

پێشمەرگەکانی هێزی بیستوون بۆ ڕاونانی هێزی دوژمن لە بەرزاییەکانی شیرین سوار دوای ١٨ کاتژمێر شەڕی قارەمانانە دا ئەو بەرزاییانە لە هێزەکانی ڕێژیم دەستێننەوە. لەو شەڕەدا ٧٠ کەس دەکوژرێن و ١٥٠ کەسیش بریندار دەبن. بەداخەوە لە شەڕە دا دوو پێشمەرگە شەهید دەبن.

## ٢٨- بۆکان: ٢٥ی جانێویری ١٩٨٣ = ٥ی ڕێبەندانی ١٣٦١

پێشمەرگەکانی حیزب لە چالاکییەکی کەم وێنەدا لە ژێر ناوی(تۆڵەی گەورە) لەسەر جادەی میاندواو - بۆکان گوردانی ٨٠١ شیراز کە ٥٣ دەزگا ماشین بوو وەبەر پەلاماری خۆیان دەدەن لە ماوەی ٣ی کات ژمێرو نێو دا ئەو ستوونە لیک بڵاو دەکەن لە ئاکام دا ٤٢ دەزگا ماشین لەبەریەک هەڵوەشان و زیاتر لە ١٠٠ کەس کوژران کەلاکی ٤٧ کەس کەوتە دەست پێشمەرگە و ٦ کەسیش بە دیل گیران و ٦ دەزگا ماشینی مینی بووسیش کەوتنە دەست پێشمەرگەکانی کە لە گەڵ دیلەکان ئازاد کران.

## ٢٩- سەردەشت: ١٨ی جوونی ١٩٨٣ = ٢٨ی جوزەردانی ١٣٦٢

هێرشی بەربڵاوی ڕیژیم بە بەشداری هەزاران کەس و لە ژێر ئاگری تووندی توپخانە و هەلیکۆپتەر دا بۆ سەر گوندەکانی بێوران، قەڵەڕەشێ، زوران و کونەمشکێ و هەروەها بەرزایەکانی بوڵفەت و شاخە خوارە، گردی ئاغایان، تۆپە سوتاوێ لە

پشتی نێشکۆڵان و مەلازادان و دەوروبەری دەست پێکرد و لە کات ژمێر چواری بەرەبەیانی دا شەڕێکی توونـد لـە نێوان پارێزەرانی کوردستان و هێزی زۆرو بۆری ریژیم دەستی پێکرد .لەم شەڕە قورسەدا زیاتر لە ١٠ دەزگا ماشێن، ٢ بولـدزێر و ٣ موتـور سیکل بـە دەستی قارەمانـەکانی دەستەی زەرپـەت و پێشـمەرگەکانیتر سوتێندران و لـە بـەرێک هەڵوەشێندران و کەلاکێکی زۆر لە داگیرکەران لە مەیدانی شەرەکە کەوتبوون و زەرپەیەکی قورس وە پەیکەری لـەرزۆکی دوژمن کەوت. بـەڵام بەداخێکی یەکجار گرانەوە لەم شەڕە سەخت و نابەرابەرەدا، رۆڵەی تێکۆشەر و فەرماندەی بەوەج حەمەدەمین مەلا عـەزیزی بە پریشکی تۆپ دەپێکرێت و زۆر بە سەختی بریندار دەبێ، پاش چەند کاتژمێر بەربەرەکانی لەگەڵ مەرگ شەهید دەبێ. هەروەها لەم شەرەدا ٧ کەس لـە هاورێیـانی پێشمەرگەش برینـدار بـوون و کەسێکی بـێ دیفـاع بـە نـاوی حەسـەن هـەمزەیی شەهید بوو.

**٣٠- رەبەت: ٢٧ی ئاگۆستی ١٩٨٣ = ٥ی خەرمانانی ١٣٦٢**

سێ قافڵە لە هێزەکانی رێژیم لە کاتی گەرانەوەیان لـە گوندەکانی سێسرو نستان، لـەنێزیک گەردەنـەی زمزیـران دەکەونـە نێو کەمینی هێزی پێشمەرگەی حیزب و دوای ٧ کاتژمێر شەڕی سەخت نێزیک ١٥٠ کەس لە هێزەکانی دوژمن دەکوژرێن، یـان بریندار دەبن. کەلاکی ٥٠ کەسیان لە مەیدانی شەڕ بە جێ دەمێنـێ لـەو چالاکییە دا چەک و چۆڵ و کەل و پـەلێکی زۆری نێزامیی دەکەوێتە دەست پێشمەرگەکانی حیزب.

**٣١- بانە: ٢٢ی سێپتەمبەری ١٩٨٣ = ٣١ی خەرمانانی ١٣٦٢**

هێزەێکی رێژیم لە نێزێک موڵگەی گاکر دەکەوێتە نێو کـەمینی پێسمەرگەکانی هێزی شەهیدانی وێردی و لە ئاکـام دا ئـەو هێزە لێک بڵاو دەکرێ. زیاتر لە ٧٠ کەس دەکوژرێن کە کەلاکی ٣٠ کەسیان لە مەیـدانی شەر بـەجێ دەمێنـی و ١٤ کەسیش بەدێل دەگیرێن و چەک وتەقەمەنی لە گەڵ چەند دەزگا ماشین دەکەوێتە دەست پێشمەرگەکان.

**٣٢- دیواندەر: ٣٠ی ئاگۆستی ١٩٨٣ = ٨ی خەرمانانی ١٣٦٢**

هێزەکـانی رێـژیم لـە شـاری بیجـار و شـارۆچکەی تکـالوو جـەرا ناوچـە رزگـار کراوەکـانی دەوروبـەر دەدەنـە پـەلاماری خۆیان، پێشمەرگەکانی حیزب بەرپەرچی پەلامارەکە دەدەنەوە دوای شەڕێکی توند نێزێک بە ١٠٠ کەس لـە هێزەکـانی رێـژیم دەکوژرێ وچەندین دەزگا ماشین لەبەریەک بڵاو دەکرێن. بەداخەوە لەو شەڕە دا ٤ پێشمەرگە حیزب شەهید دەبن.

### ٣٣- **سەردەشت**: ٢٧ی ئۆکتۆبەری ١٩٨٣ = ٥ی خەزەڵوەری ١٣٦٢

پێشمەرگەکانی هێزی شەهید مۆعینی و هێزی شەهید هەژار لە ناوچە ئالانی سەردەشت لە پەلامارێکی قارەمانانە دا توانیان بەشێکی زۆر لە موڵگەی نۆڕێ دەست بەسەر دابگرن و عەمباری تەقەمەنیی ئەو موڵگەیەش ئاگرتێبەر دەدەن لەو شەڕەدا لانی کەم ١٥٠ کەس دەکوژرێن و چەک و چۆڵێکی بەرچاویش دەکەوێتە دەستی پێشمەرگەکان، بەداخەوە لەو چالاکییە دا ٥ پێشمەرگە شەهید دەبن.

### ٣٤- **هەورامان**: ٣ی مارچی ١٩٨٤ = ١٣ی ڕەشەمەی ١٣٦٢

هێزێکی زۆری رێژێم پەلاماری شاری نەوسوود دەدا کە لە گەڵ بەرنگاریی پێشمەرگەکانی هێزی شاهۆ رووبەروو دەبن لەم شەڕە دا هێرشی هێزەکانی دوژمن دوای ئەوەی لانی کەم ٥٠ کەسی لێ دەکوژرێ ناچار بە پاشەکشە دەکرێن. لەو شەڕدا هێزی پێشمەرگە دەستکەوتی بەرچاوی هەبوو

### ٣٥- **شنۆ**: ٢٩ی سێپتەمبەری ١٩٨٣ = ٧ی رەزبەری ١٣٦٢

دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی هێزی شەهید سمکۆ لە پەلامارێکی دلێرانەدا موڵگەی دوژمن لە گوندی شاوەلێ، دەست بەسەر دادەگرن. لەو پەلامارە دا هەموو ئەفرادی رێژیم لەم موڵگەیە دا یان کوژران یان بریندار بوون.کەلاکی ٢٥ کەس لە مەیدانی شەڕ دا دەکەوێ و ١٤ کەسیش بە دیل دەگیرێن،تەواو کەل وپەلی ئەو موڵگەیە دەکەوێتە دەست پێشمەرگە.

### ٣٦- **ورمێ**: ٢١ی ژوونەنی ١٩٨٤ = ٣١ی جۆزەردانی ١٣٦٣

هێزەکانی رێژیم هێرشێکی بەربڵاویان کردە سەر ناوچەی گەلی بەردەرەش، پێشمەرگەکانی هێزی شەهید نحۆ، حاتەم و شەهید
سەرگورد عەبباسی و هیزی بەرگری میللی بەرەنگاری هێزی دوژمن دەبنەوە، لەشەڕیکی ١٩ کات ژمێری دا زیاتر لە ١٥٠ کەس کوژران و ژمارەیەکی زۆریش بریندار بوون لەو شەڕەدا چەک و چۆڵێکی بەرچاو کەوتە دەست پێشمەرگەی حیزب.بەداخەوە لەو شەرە دا ٧ پێشمەرگەی هیزی شەهید نحۆ و پێشمەرگەیەکی هێزی بەرگری میللی شەهید بوون.

**٣٧- مەهاباد: ١٣ی جانێوێری ١٩٨٥ = ٢٣ی بەفرانباری ١٣٦٣**

هێزەکانی ڕێژیم هێرشێکی بەربلاویان کردە سەر ناوچەکانی شامات، پێشمەرگەکانی هێز ی شەهید پێشەوا لە نێزیک گوندەکانی گەوج ئاوا و گەزەڵین هێرشکەرانییان خستە نێو کەمینی خۆیان و زەبرێکی باشیان لێدان لەو شەڕەدا کە ٦ کات ژمێری خایاند لانی کەم ١٢٠ کەس لە ئەفرادی دوژمن کوژران کە کەلاکی ٣٥ کەسیان لە مەیدانی شەڕ دا لێ بەجێ مابوو. لەو شەڕە دا هێندیک کەلوپەلی نیزامی کەوتە دەست پێشمەرگە. بەداخەوە لە و چالاکییە دا ٥ پێشمەرگەی حیزب شەهید بوون.

**٣٨- نەغەدە: ٩ی ئاگۆستی ١٩٨٤ = ١٨ی گەلاوێژی ١٣٦٣**

پێشمەرگەکانی هێزی شەهید ئەفشین ٢ مۆڵگەی هومام و قەڵاتەسوور دەدەنە بەر دەستڕێژی خۆیان و بەرەنگاری هیزی یاریدەدەری دوژمن دەبن و ناچار بە پاشەکشەیان دەکەن، لەو شەڕە دا زیاتر لە ٢٠ کەس لە ئەفرادی ڕێژیم کوژران و ژمارەیەکی زۆریش بریندار بوون.

**٣٩- سەقز: ٢٥ی جوونی ١٩٨٤ = ٤ی پووشپەری ١٣٦٣**

هێزەکانی دوژمن هێرشێکی بەربلاویان کردە سەر گوندەکانی قامیشەڵە،قەرەبوغرە و سونجاخ، پێشمەرگەکان بەرەنگای هێزی ڕێژیم بوون لەو شەڕیکی سەخت و نابەرامبەر دا زیاتر لە ٢٥ کەس کوژراو ژمارەیەکێش لە هێزەکانی ریژیم بریندار بوون.

**٤٠- ڕەبەت،مەهاباد،پیرانشار: ٢٤ی جوولای ١٩٨٤ = ٢ی گەلاوێژی ١٣٦٣**

هێرشی بەربلاوی ڕێژێم لە چوار جەبهەوە بۆ سەر پێشمەرگەکانی حیزب دەستی پێی کرد، لە شەڕیکی کەم وێنەدا کە ۴ڕۆژی خایاند لەسەر یەک لانی کەم ٥٠٠ کەس لە هێزەکانی داگیرکەری کۆماری ئیسلامیی کوژران و بەدەیان قەبزە تفەنگ کەوتە دەست پێشمەرگەکان. بەداخەوە لەو شەڕە دا ٦ تێکۆشەری حیزب شەهید بوون. شەهید ڕەحمانی سوفی زادە بەرپرسی کۆمیتەی ڕەبەت سەرقافڵەی ئەو پۆڵە شەهیدە بوو.

**٤١- بانە: ١٠ی جوونی ١٩٨٥ = ٢٠ی جۆزەردانی ١٣٦٤**

هێزەکانی ڕێژیم بە مەبەستی دانانەوەی موڵگەی خۆیان دەگەیەننە کۆنە موڵگەی تاژەبان، بەڵام پێشمەرگەکانی هێزەکانی شەهیدانی وێردی و شاهۆ لە گەڵ ژمارەیەک پێشمەرگەی (راه کارگر) و(ارتش رهائێبخش) بەرەنگاری هێزەکانی دۆژمن بوون و لە سێ لاوە پەلاماریان دان.لە ئاکامی ٣ی کات ژمێرو نێو شەڕی قارەمانانە موڵگەی تاژەبان کەوتتە دەست هێزی پێشمەرگە.لەو چالاکییە دا زیاتر لە ١٣٠ کەس کوژران و کەلاکی ٨١ کەس لە مەیدانی شەڕ بەجێ ماو و ٢ کەسیش بە دێل گیران و هەروەها کەلوپەلی و چەک و چوڵێکی زۆر کەوتە دەست هێزی پێشمەرگە.

**٤٢- سنە: ٣٠ی جوونی ١٩٨٥ = ٩ی پووشپەری ١٣٦٤**

کەمێنی هێزەکانی بێستوون و شەهید شەریف زادە ی حیزب بۆ هێزەکانی ڕێژیم لە بەرزاییەکانی کوڕەمیانە لەسەر جادەی سنە - مەریوان لەشەڕێکی سەختی ١٥ کات ژمێری دا لای کەم ٨٠ کەس لە هێزەکانی ڕێژیم دەکوژرێن و ژمارەیەکێش بریندار دەبن کەلاکی ٥٠ کەس لە مەیدانی شەر بەجێ دەمێنێ ٣ کەس بەدێل دەگیرێن و هەروەها چەک و تەقەمەنی زۆر دەستکەوتی پێشمەرگە بوون.

**٤٣- ورمێ: ٢٢ی ئۆکتۆبەری ١٩٨٥ = ٣٠ی ڕەزبەری ١٣٦٤**

پێشمەرگەکانی هێزی شەهید نحۆ موڵگەی دۆژمن یان لە گردەشین، سیلان و کەلی خان دایە بەرهێرشی خۆیان، هەروەها هێزی فریاکەوتنی ڕێژیمیش کەوتە نێو کەمینی پێشمەرگەکان و ئەویش تێک شکێندرا. لەو شەڕە دا موڵگەی گردەشین کەوتە دەست هێزی پێشمەرگە،لەو شەڕە ٤ کات ژمێری یە دا لانی کەم ٤٠ کەس لە هێزەکانی دوژمن کوژران و ٩ کەسیش بە دێل گیران و کەلاکی ٣٢ کەس لە مەیدانی شەڕەک بەجێ مان.

**٤٤- پیرانشار: ١٧ی جوونی ١٩٨٦ = ٢٧ی جۆرەزدانی ١٣٦٥**

پێشمەرگەکانی هێزی شەهید ئاوارە بە پێی بەرنامەیەکی ڕێک و پێک پەلاماریان بردەسەر ٢ موڵگەی دۆژمن لە چاکی لاسان و پشتی بندڕێ لە ماوەیەکی زۆر کورت دا توانیان هەر ٢ موڵگەکە بگرن و تەواوی ئەفرادی ئەو ٢ موڵگەیەیان کوژران یان بەدێل گیران لەو شەڕە قارەمانە دا ٨٠ کەس لە دۆژمن کوژران و ژمارەیەکی زۆریش بریندار بوون و ١٣ کەس

بەدیل گیران کە هەر لەوی ئازاد کران.لەو شەڕەدا پێشمەرگەکان دەستکەوتی بەرچاویان هەبوو.

**٤٥- شنۆ: ١٤ی جوولای ١٩٨٦ = ٢٣ی پووشپەری ١٣٦٥**

پێشمەرگەکانی هێزی کێلەشین لە بەرنامەیەکی رێک و پێک و لە پێشدا دارێژراو و هەوئاهەنگ لە کات ژمێری ٥/١٠ خولەکی بەیانی ٧ موڵگەی ڕێژیمیان لە بەرزاییەکانی گردەسوور لە ناوچەی گەلی گادەران دایە بەرهێرشی خۆیان لە شەڕێکی حەماسی و کەم وێنەدا کە یەک کات ژمێری خایاند دەستیان بەسەر هەر ٧ موڵگەکە دا گرت،و تەواوی نەفەراتی ئەو موڵگەیە یان کوژران و یان بریندار بوون هێزی فریاکەوتنی دوژمنیش کەوتە کەمینی پێشمەرگە، لەو شەڕە دا زیاتر لە ٦٠ کەس کوژران کە کەلاکی ٥٥ کەس لەبەر دەستی هیزی پێشمەرگە دا بوو،چەک و چۆڵێکی زۆر دەست پێشمەرگەکان کەوت. بەداخەوە ٢پێشمەرگەش شەهید بوون.

**٤٦- سەردەشت: ٢٦ی سێپتەمبەری ١٩٨٦ = ٤ی رەزبەری ١٣٦٥**

پێشمەرگەکانی هێزی گیارەنگ بە پێی بەرنامەیەکی رێک و پێک لەسەر جادەی پیرانشار - سەردەشت لە نێوان گوندەکانی گرژاڵ و عەلی ئاوا دا لە زنجیرە شەڕیک دا لە کات ژمێر ١ی نێوەرۆ تا ئێواری خایاند زیاتر لە ٦٠ کەس لە هێزەکانی رێژیم کوژران کە کەلاکی ٣١ نەفەریان بۆ پێشمەرگە ناسرا،٣٠ کەس بە دیل گیران.لەو شەڕە دا چەک و چۆڵێکی بەرچاو کەوتە دەست پێشمەرگەکان، هەروەها کەلوپەلی زۆریش لە مەیدانی شەڕەکە ئاگر تی بەردرا.

**٤٧- هەورامان: ٨ی جوونی ١٩٨٧ = ١٨ی جۆزەردانی ١٣٦٦**

پێشمەرگەکانی هێزی شاهۆ بۆ بەرێوەبردنی چالاکی چوونە قوڵایی ناوچەی هەورامان و بەرزاییەکانی روو بە رووی پاوە جێگیر بوون، پێشمەرگەکان بۆ لە داو خستنی دوژمن لە ٥ لاوە بەرەنگاری هێزەکانی دژی گەلی بوون لەو شەڕە حەماسیەدا کە ١٩ کات ژمێری خایاند لانی کەم ٧٠ کەسیان لێ کوژرا و ژمارەیەکی زۆریش بریندار بوون،کەلاکی ٥٠ کەس لەبەر دەستی پێشمەرگە دابوو.چەک و چۆڵ و کەل وپەلێکی زۆری نیزامیش کەوتە دەست پێشمەرگە، ٨ ماشین ئاگریان تێبەردرا و هێلیکوپتەریکێش پێکیندرا.بە داخەوە لەو شەڕەدا ٢ پێشمەرگە بریندار بوون.

### ٤٨- بۆکان: ١٨ی جوولای ١٩٨٧ = ٢٧ی پووشپەری ١٣٦٦

بەتۆڵەی شەهید بوونی جێگری فەرماندەری هێزی زاکرۆس سالار ئیبراهیمی لەشەڕێکی توند لەنێوان گوندەکانی دەژن و سێویە لەگەڵ هێزەکانی ڕیژیم کات ژمێر ٤ی بەیانی مولگەکانی دوژمن یان لە بەرزاییەکانی کوچک چەرموو. پشتکاستر، سەرکو، پشت سێویە،میترکەسار دایە بەر پەلاماری خۆیان لەو شەڕەدا کە ٧ کات ژمێری خایاند ٧٠ کەس لە هێزەکانی ڕیژیم کوژران و کەلاکی ٣٠ کەس لە مەیدانی شەڕ دا بوون، هەروەها پیشمەرگە دەستکەوتی باشیان هەبوو.

### ٤٩- سەردەشت: ١٢ی ئاگۆستی ١٩٨٧ = ٢١ی گەلاوێژی ١٣٦٦

پێشمەرگەکانی هێزی گیارەنگ بە پێی بەرنامەیەکی ڕێک و پێک جادەی پیرانشار - سەردەشت لە نێوان گوندەکانی میراوێ و گرژالیان کۆنترۆڵ کرد لە ٥ لاوە شەڕیان لە گەڵ هێزەکانی ڕیژیم دەست پێی کرد،لەو شەڕە حەماسییە دا لەسەر یەک زیاتر لە ١٠٠ کەس کوژران و ١٠٠ کەسیش بریندار بوون. هەروەها ٢٩ دەزگا ماشینی جۆراوجۆر لەبەریەک هەڵتەکێندران و ئاگریان تێبەر درا.

### ٥٠- سەردەشت - ڕەبەت: ١٣ی ئاگۆستی ٢٠٠٨ = ٢٣ی گەلاوێژی ١٣٨٧

هێزە سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەی سەردەشت و ڕەبەت نزیک گوندی گردێنە بە پشتیوانی چەندین هەلیکۆپتێر و تۆپخانەی قورس کاتژمێر ٦ی ئێوارە هێرش دەکەنە سەر ئەو دەستە لە پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە لە ناوچەدا خەریکی کاری سیاسی و تەبلیغاتی بوون، لەم شەر و تێکهەڵچوونە دا کە چەند کاتژمێرێکی خایاند بە داخەوە فەرماندەی لێوەشاوە و کادری بە ئەزموونی حدک هەمزە عەبدوڵلاهی (ناسراو بە هەمزە سارتکەیی) و ٢ تێکۆشەری دیکەی دێموکرات بە ناوەکانی قادر نەزمی و قادر قادری شەهید بوونو تەرمەکانیان کەوتوونە دەستی هێزکانی ڕێژیم. لەم شەرە دا ژمارەیەک پاسدارو جاش کوژران و بریندار بوون ڕێژیم تەنیا ناوی جاشێکی بە ناوی قادر ئیبراهیم پوور خەڵکی باساوێ درکاندوە.

سەرچاوەکان:

٥٠ ساڵ خەبات نووسینی ڕێزدار جەلیل گادانی،
حکوومەتی کوردستان نووسینی بەڕێز نوشیروان مستەفا ئەمین، بەشی شەهیدانی حیزب و هاوڕێ کوێستان فتوحی.




**کۆکردنەوەو ئامادەکردنی: رەحمان نەقشی**

**سەرماوەزی ٢٧٢٠ی کوردی - دێسەمبەری ٢٠٢٠ زایینی**